**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٦

**١٩٩٣ - بەرگی شەشەم**

---

چاپی یەکەم ١٩٩٧

له بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پرۆتۆکۆڵەکانی
١٩٩٣- بەرگی شەشەم

چاپی یەکەم: ١٩٩٧

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ٢٠٧

# پێرست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) یەک شەممە ڕێکەوتی ٣/١/١٩٩٣ ـــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩/١/١٩٩٣ ـــــ ل٤٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠/١/١٩٩٣ ـــــ ل٥٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١/١٩٩٣ ـــــ ل٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) ـــــ ل٩٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٦/١/١٩٩٣ ـــــ ل٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٧/١/١٩٩٣ ـــــ ل١٣٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) شەممە ڕێکەوتی ٣٠/١/١٩٩٣ ـــــ ل١٤٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) یەک شەممە ڕێکەوتی ٣١/١/١٩٩٣ ـــــ ل١٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) سێ شەممە ڕێکەوتی ٢/٢/١٩٩٣ ـــــ ل٢١٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) چوارشەممە ڕێکەوتی ٣/٢/١٩٩٣ ـــــ ل٢٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٤/٢/١٩٩٣ ـــــ ل٣٠١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٦/٢/١٩٩٣ ـــــ ل٣١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧/٢/١٩٩٣ ـــــ ل٣٣٣


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) یەک شەممە ڕێکەوتی ٢١/٢/١٩٩٣ ـــــ ل٤٠١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) دووشەممە ڕێکەوتی ٢٢/٢/١٩٩٣ ـــــ ل٤٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣/٢/١٩٩٣ ـــــ ل٤٨٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨) چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٤/٢/١٩٩٣ ـــــ ل٥٢٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩) یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٨/٢/١٩٩٣ ـــــ ل٥٣٧



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٣/١/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١)

## کۆبوونەوەی یەکەم ـ یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتیری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانشتنی ژمارە (١)ی خولی یەکەمی ئاسایی،ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین.

**خوشک و برایانی خۆشەویست.**

ئەم کۆبوونەوەیە دانیشتنێکی تایبەتییە، بۆ پڕکردنەوەی دانیشتنەکە وەکو هەموو جار، لەدوای نیوەڕۆ دەستی پێ دەکەین بەناوی پەرلەمانی کوردستان بە خێرهاتنێکی گەرمی برایانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی دەکەین کە تەشریفیان هێنا بۆ ئەم دانیشتنە کە دانیشتنێکی تایبەتییە بە بۆنەی نزیک بوونەوەی ئێمە لە کۆتایی خولی یەکەمی ئەنجوومەن.

پێشەکی حەزمان کرد بەم بۆنەیەوە تیشک بخەینە سەر دوو خاڵی سەرەکی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، پێش ماوەیەک بڕیاردرا کە وەفدێکی پەرلەمانمان بڕواتە دەرەوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە چەند دەعوەتێکمان بۆ هاتبوو لە چەند پەرلەمانێکی ئەورووپی یەوە. وەفدەکەمان بەرەسمی لە (٢٠) ی مانگ گەیشتە ئەڵمانیا لە(هانۆڤەر) لە هەرێمی (نیدەرساکسون) یەکەم گفتوگۆی رەسمی یاخود یەکەم هەنگاوی رەسمی دەستی پێ کرد، واتە لە ١٠/٢٠ تاکو ١٢/١٩، وەفدەکەمان بە شێوەێکی رەسمی لەو وڵاتانەی کە سەردانمان کرد، دەعەوەت کرابوو. لە ئەڵمانیا جگە لە هەرێمی (نیدەرساکسون)لە پەرلەمان بانگهێشت کراین و لە هەرێمی(نوردراین ڤیست ڤالن) دەعوەت کراین، وهەروەها لە مەرکەز لە پەرلەمانی فیدرالیش لەبەرلین پاشان لەلایەن پەرلەمانی سویسرا دەعوەت کراین، دوای ئەوە (سوید نەرویج و دانیمارک) پاشان چووینە (نەمسا)و لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی(ماوراء البحار)ی بەریتانیاوەش دەعوەت کراین و لەوێش هەشت ڕۆژ ماینەوە، پاش

ئەوەش ڕۆیشتینە فەرەنسا و لەوێش نزیکەی هەشت ڕۆژێک ماینەوە.
جگە لەم چەند وڵاتانەی باسمان کردن نیاز بوو بڕۆین بۆ چەند وڵاتێکی تریش، وەک (ئیتالیا و یۆنان) و، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە نزیکی سەری ساڵ بوو، دوای بیستی مانگ لەو جێگایانە بوار نامێنێ شتی رەسمیات بکرێت، بڕیارماندا کە دوا بخرێ بۆ ساڵی تازە واتە ئەمساڵ، بە کورتی هەوڵماندا ناوەڕۆکی ئەو گفتوگۆیانە پەیتا پەیتا بنێردرێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و، هەموو لایەنەکانی تیادا ئاگادار بکەینەوە. لێرەشدا زۆر بە پێویستی نازانم بچمە ناو درێژە پێدانییەوە بۆیە هەڵی دەگرین بۆ پاش نیوەڕۆ، بەڵام ئەوەی بەم بۆنەیەوە حەز دەکەم بیڵێم ئەوەیە کە ئێمە باسی خاڵە سەرەکی یەکان دەکەین و بۆچوونی خۆمان نیشان دەدەین، ئەو وڵاتانەی کەسەردانمان کردن هەوڵماندا وەک یەکەم وەفدی یەکەم پەرلەمانی کوردستان تەرکیز لەسەر سێ بابەتی سەرەکی بکەین، یەک لەوانە خستنەڕووی ئەم ئەزموونە دیموکراتیەی کە دەستی پێ کردووە وەک پرۆژەیەک لە کوردستانی عێراقدا بەتایبەتی پاش بڕیاری مێژوویی بەرەی کوردستانی وەکو هەموو لایەک ئاگادارە ئەو بڕیارە لە هەلومەرجێکی وەها بوو کە پاش ساڵە های ساڵی خەباتی درێژ خایەن، پاش چەندەها کارەساتی گەورە پاش ڕاپەڕینێکی مێژوویی و پاش ئەوەی حکومەتی عێراق یەک لایەنەو لەلای خۆیەوە ئەو دانووستانانەی پچڕاند، نەک بەس ئەوە، بەڵکو هەرچی ئیداراتی خۆی هەبوو لە کوردستان کێشایەوە، ئابلۆقەیەکی ئابووری بەسەرماندا سەپاند، ئەوەش پێشەکیەکی بێ وێنەیە کە دەوڵەتێکی مرکزی لەلایەن خۆیەوە پەیوەندی لەگەڵ پارچەیەک لە وڵاتی خۆی ببڕێت، هەروەها ئابلۆقەیەکی ئابووری بسەپێنێ بەسەر هاوولاتیانی خۆیدا. ئەو بۆشایی یەی کە دروست بوو لەڕووی یاساییەوەو لە ڕووی کارگێڕییەوە دەبوو پڕبکرێتەوە لە بارودۆخێکی یەکجار ناسک، ئەگەر ئێمە تەماشای بارودۆخی کوردستان بکەین، دەوروبەرمان ئەو ڕژێمانەن کە دۆستی دیموکراتی نین، لە بارودۆخێکی وابووین کە میللەتەکەمان پڕچەک و فرە میلیشیات بوو هەتا لە مەسەلەی دروشمی سەرەکیمان دوورو نزیک یەکگرتوو نەبووین، ئەمە جگە لە باری ئابووری خەڵکی کوردستان بە هۆی ئەو دوو ئابلوۆقەیەی بەسەرماندا سەپێنراو بوو، بە هۆی ئەو بۆشایی یە ئیداری و ئەو پڕچەکیەوە ئەو بڕیارە مێژوویی یە درا کە لەلایەن زۆر کەسی یاساناسەوە بە بڕیارێکی یەکجار ئازایانەو ژیرانە لەقەڵەم دەدرێ، چونکە لە هەڵ ومەرجێکی وەهادا بەو شێوەیە بۆشایی هەبێ بۆیە هەستاین لە کوردستانی عێراق ئەو بڕیارەماندا، خەڵک چاوەڕێی شتی تری دەکرد، لەجیاتی ئەوەی کەبوو بەگژیەکدا بچین، چونکە لە تاقی کردنەوەی تر ڕووی داوە، کەچی ئێمە زۆر یەکترمان گرت نەوەک شەڕێکی ناوخۆ پەیدا ببێ، هێزەکانمان زیاتر لەیەکتر نزیک کردەوە، ئەو ئەزموونە دیموکراتیەی کە بە هەڵبژاردنی ٥/١٩ جێگیر بوو، لەلایەن دەرەوە بە چاوێکی ڕێزەوە سەیر دەکرێ، بەتایبەتی دەیخەینە ئەم

شێـوەیە کە مـن بە کورتی باسم کرد، خۆیان لەرێگەی زیاتر لە (٢٠٠) چاودێر تیایدا بەشدار بوون و راپۆرتی رێک و پێک لەو بارەیەوە دەرچووە. بەدرێژی باسی پەرلەمانی خۆمان بۆ کردن، لە چۆنیـەتی دروست بوونی، لە چۆنیـەتی ئیـشـی لیـژنەکـانی لە رووی پسـپـۆڕی یەوە. زۆر لەو پەرلەمـانانەی ئەو باسـەمـان بۆ دەکـردن باسی ئەو تاقی کـردنەو دیموکـراتیـەمـان دەکـردو، تەرکـیـز دەکرایە سەر ئەوەی ئەمرۆ لە کـوردستـانی عێراقدا فرە حزبی باوە بیروباوەڕ ئازادە، رۆژنامەگەری ئازادە، هەتا رۆژنامـەکـانی حکوومـەتی عـێـراق ئەمـرۆ بە ئازادی لە شەقـامـەکـانی کـوردسـتـان دەفرۆشرێن. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەگەر پارچە رۆژنامەیەکی کوردستان لە بازگەیەکی حکوومەتی عێراق بگیرێ نازانرێ چارەنووسی ئەو کەسەی پێی دەبێ چی دەبێ؟..

خاڵی دووەم: کە تەرکیزمان لەسەری دەکرد ئەوە بوو باسی باری ئابووری کوردستانمان بۆ دەکردن، باسی باری گوزەرانـی خەڵـکی کـوردسـتـانمـان دەکـردو، ئەمـرۆ لە چ بارێکدا دەژیـن و هەوڵمـاندا بارودۆخەکە بەتەواوی بە تایبەتی بۆ ئەم زستانە بخەینە پێش چاوی ئەوان، مەترسی یەکانیان بۆ ئاشکرا بکەین. جەخـتـمـان لەسـەر ئەو گـۆڕانکاریە کـرد کـە لەلایەن (UN)ەوە کـــــراوە ئـەو رێکەوتنەی لە نێـوان (ئەلیاسـون)و حکومـەتی عـێـراق. بـۆ مەسـەلەی ئەو «٩٠» ملیـۆن دۆلارە وەکـو یارمـەتیـەکی بەپەلە بۆ ئەم زسـتـانە، هەوڵمـاندا ناوەڕۆکی ئەم رێکەوتنە روون بکـەینەوە لە تۆی چوار خاڵی سەرەکیدا رەخنەی خۆمـان جێگیـر کـرد، چ لە کـاتی گـفـتـوگـۆکـان بەرەسمی و دیسـان بە نووسینی رەسمی لە نێوان پێچراوەیەکدا بوو کە پاش چەند گفت وگۆیەک بەجێمان هێشت بۆ ئەم لایەنە جەختمان لەسەر جیاوازی گۆڕینەوەی پارە کرد، ئێمە چەندە زەرەر دەکەین تیـایدا، چەند دەچێـتە خەزینەی رژێمی بەغـداوە، تەرکیـزمـان کرد لەسەر ئەو گـۆڕانکـاریەی کە لـەلایـەن (UN)ەوە لە رێگەی ئەو دەسەڵاتەی کە بەرژێم درا بۆ کۆنتـرۆڵ کردن و ناردنی کـۆمەک لـە رێـگـەی (UN)ەوە، هەروەها جەخـتـمان کرد لەسەر ئەو بڕگەیەی کە دانراوەو تاچوار مـانگ تەواو ئەبێ، ئەو پارەی کـە دەمێنێتەوە دەچێتە کیسەی بەغداوە، جەختمـان لەسەر ئەوە کرد کە رژێمێک دوومانگ زیاتر دانووستان بکات لەگەڵ (UN) بۆ ئەوەی ئەم رێکەوتنە ئیمزا بکات و، پاش ئیـمـزا کردنی لە (٢٢)ی ئۆکـتـۆبەر دوای نزیکی چل (٤٠) رۆژ یەکـەم وەجـبـەی خـۆراک گـەیشـتـە کـوردسـتـان لەگـەڵ سووتەمـەنی لەو رێگایەوە ئەم خۆراک و سـووتەمـەنیـە بەم شـێـوەیە گـەیشت چ بەتەقـینەوە، چ بە تێکەڵ کـردنی ئاو لەگـەڵ ئەو نەوتەی کـە دەنێـردرێ کـەمـی جـێـگـای مـتـمـانەیە، هەوڵمـان دا پاش ئەو روونکردنەوانە جەخت بکـەین لەوەی کـە ئەو کـۆمـەکی (UN)ە کـەدێت بۆ کـوردسـتـان لە رێگەی بەغـداوە نەیەت، یان بـە رێکەوتنێکی لەو چەشنە نەبێ کـە ئیـمزایان کردووە، خاڵی سێ یەم، کـە تەرکیـزمـان لەسـەر کرد لەنێوان ئەو گـفـتـوگـۆیانە، دیسـان پەیوەندی بەباری ئابوۆری هەبوو، ئەویش ئەوەیە ئەمرۆ لە ئەورووپا کۆمەڵێک رێکخراو هەنە هەوڵ

دەدەن پارەو کۆمـەک کۆبکەنەوە بە ناوی کـوردەوە بۆ کوردسـتـان، بەڕاستی لێرە بۆچوونێکی وا هەبوو، کە ئەو ڕێکخراوانە قەبوول ناکـەن یان بەپێی ئەو پەیڕەوەی کـە لەسەری دەڕۆن ناکـرێ لە بەڕێوەبردنەکانی کوردسـتـان پەیوەندی وایان هەبێ بەهیچ جۆرێکیش تێکەڵی کـاریان بن، ئەبێ سەربەخۆ بن، ئـێـمە زۆربەی زۆری ئەورێکخراوانـەمـان بینی، وا دەرنەچوو بە پێـچەوانەوە ئامـادە بوون لەگـەڵ بەڕێوەبردنەکـانی ئێـمـەدا ڕێک بکەون، ئەو ڕێکخـراوە مـرۆیـیـانە ئامـادە بوون کـە لەمـەودوا لەگەڵ بەڕێوەبردەنەکانی ئێـمە ڕێک بکەون، وا نەبێ کـە ئێـسـتـاکـە زەلامـێک دێت کۆمەڵێک پارەی هێناوە و کەس نازانێ سەرچاوەکەی چەندو چۆنە، لێرە دێت بە ئارەزووی خۆی پەیوەندی دەکـات بە ڕێکخـراوێکەوە لە ڕێگەی ئەوەوە هەندێ شت دەکـات، پاشـان کـە مـرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکەی زۆر کێشـە هەیە یـان هەندێ ڕێکخراو، پارەیەکی زۆریان ماوەتەوە لەسەر ئەو حسابەی کە گوایە بکرێ بە کۆمەکێک بۆ ئێمە، هەندێکی خەرج دەکەن وباقی تر دوا دەخەن گوایە بۆ ساڵی داهاتوو، لەکاتێکدا میللەتی ئێمە پێویـستی بە هەمووجۆرە کۆمەکێک هەیە، هەر ئێستا. ساڵیش زۆری مابوو تەواو بێت. لە رووی ئابووری یەوە جەختمان لەسەر ئەوە کرد کە کوردستان تەنها بەیارمەتی ناتوانێت باری ئابووری خۆی راست بکاتەوە و میللەتەکەمان لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێتەوە، پێویستیمان بەچەند جۆرە پرۆژەیەک هەیە، پرۆژەی ئاوەدان کردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان، چ لە ڕێگای ڕاستەوخۆی دەوڵەتانێ، یان جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارەی کـە پەرلەمـانی ئەورووپی داویەتی بۆ کـۆمـەک کـردنی ئابووری لە کـوردسـتـان هەوڵ بدرێت پرۆژەیەکی هەمـەجۆر ئامـادە بکرێت، وە ئەو پرۆژەیە بۆ ئاوەدان کـردنەوەو گـەشـەپێـدانی کـوردسـتـان بێت، بۆ ئەوەی زیاتر نزیکی کـەینەوە لە بیـری ئەوان جەختـمـان دەکرد لە پرۆژەیەکی بچووک وەکو کاتی خۆی لە کـاتی شەڕی جیهـانی دووەم بۆ ئەورووپا تەرخان کرا، بەناوی پرۆژەی (مـارشـاڵ)، با پرۆژیەکی ئەورووپی هەبێ بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی کـوردسـتـان، بێگومـان ئەم شـتـانەی بـاش دراسـەت بکرێت لـەوەزارەتی کـاروباری مـرۆڤـایەتی کـە زیاتر پەیوەندی هەیە، بەبایەخ دانەوە گـوێـیـان دەگرت. بە ئیجابییەوە سەیری پێشـنیـارەکـانیـان دەکرد، وەبەڵێنیـان دا کە دیراسـەی ئەم بابەتانە بکەن و کـۆمـەک بنێـرن بۆ کـوردسـتـان، بە شـێـوەیەکی واش کـە لەگـەڵ بارودۆخی ئێمەدا بگونجێ. لەسەر حکومەتە، لیژنەکانی پەرلەمان، ئەندامان لەدوای ئەم کێشەیە بن.

خاڵی دوایی لەم گەشتەماندا ئەوە بوو کە جەختمان کرد لەسەر پێداویستی ئیدارەکانمان، وتمان کە کـوردستانی عێراق نزیکەی «٣/٢»ی گۆڕەپانی کـوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەیە ، نزیکی «٣ر٥» ملیـۆن مرۆڤی تیادا دەژی، نیـو ملیـۆن ئاوارەیە و لەو شارانە هەڵاتوون کە هێشتا لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقن، ونەیان توانیـووە لە کاتی ڕاپەڕینەکە بگەڕێنەوە سەر جێگاو ماڵی

خۆیان.. ئەمانە پێویستیان بە هەموو جۆرە کۆمەکێک هەیە، وەباسی ئەومان دەکرد چۆن حکومەتی عێراق بە شێوەیەک لەو ڕێکەوتنەی کە لەگەڵ هێزی هاوپەیمان پاش ڕاپەڕین، کەبۆ پارێزگاکانی کوردستان وەکو پارێزگاکانی تری عێراق بەردەوام بن لە ناردنی بابەتی خۆراکی و سووتەمەنی کەچی ئەوە دەبینین چۆن لادەدات لەڕێک کەوتن وبڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بە تایبەتی (٦٨٨) و بڕیارەکانی تر کە پەیوەندی هەیە بەو بابەتەوە، لەم ڕووەوە جەختمان دەکرد لەسەر ئەوەی ئەمڕۆ ئەم بەڕێوەبردنانە (ئیدارانە) هیچ داهاتێکی ئابووریان نییە ئەوەی هەشە کە هەندێ (رسومە) زۆر کەمە.. دەست نیشانی ئەوەمان دەکرد کە ئەمڕۆ لە بارێکی وا دەژین پاش نزیکی زیاتر لە «٣٠» ساڵ کە لەولاتی ئێمە شەڕ هەبووە و پاش وێران کردنی کوردستان بە هەموو بنەما ئابووری یەکانیەوە، بۆیە بەراستی ئەم بەڕێوەبردنانە پێویستی یان بە کۆمەک و هاوکاری هەیە. ئێمە چەند پرۆژەیەکمان لەگەڵ خۆمان بردوو کە لە وەزارەتەکانی خۆمان وەرمان گرتبوو، هەوڵماندا دابەشی کەین بەسەر ئەو ولاتانەی کە دەیگەینێ و هەریەک بەشێکی پێ بدەین، بەڵێنیان دا کە دیراسەتی بکەن و هەوڵ بدەن ئەو پێداویستی یانە بە گوێرەی توانای خۆیان ئەنجامی بدەن. پرۆژەکانیش زیاتر، ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان بوو، هەڵگرتنی مین بوو، کێشەی ئیدارات بوو، نەخۆشخانەکان، دانیشگاکان..هتد.

لەم گەشتەی ئێمەدا ئەتوانم بڵێم سێ خاڵی سەرەکی مەڵبەندی دانووستانی ئێمە بوو لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە بینیوومانن کەبێگومان ئەمە دەبێتە بەشێک، درێژە پێدانەکەشی دەبێتە بەشێکی تر لەو ڕاپۆرتەی کە پاشان بلاودەکرێتەوە بەسەر ئەندامانی پەرلەمان و لایەنە سیاسی یەکاندا.

لەم گەشتەدا بەراستی ئێمە برێک بێ بەخت «چانس»بووین، چونکە زۆر ڕووداوی گەورە ڕوویدا، هەروەها وەکو زۆر لە برایان دەزانن کۆتایی ساڵ بوو، کۆتایی ساڵیش لە ئەوروپا وەکو خۆیان دەڵێن زۆر گیرفان خاڵی یە، لە ئەوروپاش کە بڕیارێک وەربگرن پێویستی بە گفتوگۆ هەیە یاخود تەماشای بوودجەی خۆیان بکەن، سەرەڕای ئەوەش ئێمە چەند گیروگرفتێک کە لە کوردستان هەبوو ناچار بووین لەوێ بەشێک لەو چاوپێ کەوتنانەی خۆمان بدەین بەو خەڵکە و وەلامیان بدەینەوە، و وەلامی ئەو ڕۆژنامانە بدەینەوە کە هەوڵیان دەدا پرسیاری ڕەوشەکەمان لێ بکەن، بە تایبەتی ئەو تاوانەی کە P.K.K بەسەر حکومەتی ساوای کوردستاندا سەپاندوویەتی دژ بە میللەتەکەمان کە بەراستی ئەتوانم جەخت لەسەر دوو شت بکەم:

یەک: لەلایەن ئەوانەی کە پسپۆڕو زانان و پەیوەندی یەکی باشیان لەگەڵ بارودۆخەکەدا هەیە، پاش تێگەیشتنی باردۆخی ئێمە، خەڵکێک هەبوو لێی تێک چووبوو، نەک لەبەر شتێک، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئەیانگوت ئێوە تاقی کردنەوەکی زۆر ڕێکوپێک و دیموکراتی و جوانتان ئەنجام داوە و جێگای ڕێزو ستایشی ئێمەیە، بۆ ئێستا شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن؟ وەزعیان لێ

تێک چوو بوو، کە هەوڵمان دەدا رەوشەکەیان بۆ باس بکەین، کەوا گۆڕەپانی خەباتی پارتی کرێکاران جێگایەکی ترە، گۆڕەپانی خەباتی ئێمەش دیارە، رەوشەکەمان بۆ شی کردنەوە، کە چۆن ئەو شەڕە بەسەرماندا سەپێندراوە زۆر بە ئاسانی لێیان قەبووڵ کردین.

خاڵی دووەم: لەو وەزعەی کە پەیوەندی بە رووداوەکانەوە هەیە کە یەکێکمان نەبینی، چ راست چ چەپ لە پەرلەمانەکانی ئەوروپی، فرمێسکێک بۆ P.K.K بڕێژن، لەبەر ئەوەی لە بەرامبەر ئەم ئەزموونە دیموکراتیە راوەستاون، ئەوەی بەسەر P.K.K هات لەم شەڕەدا کاری لەسەر ئەو خەڵکە نەکرد بووکەچاومان پیان کەوت بەتایبەتی پاش روونکردنەوەی رەوشەکە، لە کاتێکدا کە رێز و حورمەتیان بۆ میللەتی ئێمە هەیەو لەگەڵ مافە دیموکراتیەکانی میللەتی ئێمەن لە کوردستانی تورکیا بێگومان دوو شت لەیەک جیا دەکەنەوە، مافی کورد لەتورکیا کەڕەوایە پ.ک.ک رێکخراوێکی توندڕەو وتۆقێنەرە. بە کورتی ئەنجامی ئەم گەشتە دەتوانم تەرکیز لەسەر چەند خاڵێک بکەم.

١- لەرووی سیاسی یەوە: وای بۆ دەچین ئەو پێشوازیەی کە لە میللەتەکەمان کراو ئەو پێشوازیەی کە لە پەرلەمانی کوردستان کرا، شتێکی بێ نموونە بووە و ئەو دەعوەتانە بەرەسمی بوو لە چاوپێکەوتنەکانی کە کرا زۆربەی زۆری چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانەکان و لیژنە سەرەکی یەکان و بەتایبەتی لیژنەی پەیوەندی و یارمەتی مەسەلەکانی کاروباری مرۆڤایەتی و بابەتەکانی کاروباری دیموکراتی بوو، هەروەها لەگەڵ وەزاراتی دەرەوە و لەگەڵ وەزاراتێ کە پەیوەندی بە کاروباری مرۆڤایەتی یەوە هەیە، لەمانە هەمووی بە دڵنیاییەوە هاتووینەوە کە پشتگیری یەکی باشی ئەم تاقی کردنەوە دیموکراتیە دەکەن و بە ئەزموونێکی بێ نموونە و بێ هاوتا لەقەڵەم دەدرێ لە ناوچەکەیش بێ نموونەیە بەتایبەتی پاش ئەو گۆڕانکاریە تازەیەی کە ئێستا لە جیهان دەستی پێ کردووە کە بناغەکەی «دیموکراتیەت و ئازادی و رێزگرتنی مافی مرۆڤ»ە. لەڕاستیدا ئەم ئەزموونەی ئێمە نموونەیەک بوو بۆ پیادە کردنی ئەم سیاسەتە بەتایبەتی لە جیهانی سێ یەمدا، ئەمە بە دڵنیاێکەوە لەلایەن ئەو لایەنانەی کە ئێمە بینیمانن ئەو بۆچوونە هەیە، نەک بەس ئەوە کە بارودۆخی کوردستانی عێراق بەرچاو دەخەن، ئێمە هەوڵماندا ئەو بابەتانەیان زیاتر بۆ روون بکەینەوە، بۆیە بینیمان بە ئێمەیان دەگوت: ئێوە نموونەن لە واقعیەت و پێ گەیشتن لە حکمەتدا، وە ئێمە بەراستی سەرمان سوڕماوە کە چۆن توانیوتانە ئەم بارودۆخە رابگرن و ئەو ئەزموونە بچەسپێنن کە بارودۆخی سیاسی ئێوە بە تایبەتی ئابووری بەو شێوە یە ئاڵۆزە من لێرە حەز دەکەم سوپاسێکی گەرم بەناوی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بنێرم کە ئەو هەلەیان رەخساند بۆ میللەتەکەمان و بەتایبەتی برایانی یەکێتی نیشتمانیی و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەو هاوکاریەی کە کردیان چ لەناو

پەرلەمـان و چ لەدەرەوەیدا، لەسەرووی هەمـوویانەوە بە بەرێزان کـاک مـەسـعـود و مـام جـەلال، چونکە ئەو نزیـک بوونەوە و تەبایی یەی لە نێوان هەردوولاو لە نێوان بەرەی کـوردسـتـانیـدا هەیە وای کردووە ئێـمـە لە دەرەوە شانازی بکـەین و سـەربەرز بین کە کـوردین، لە زۆر جێگە بێـگـومـان هەمـوو لایەک دەزانن ئێمە دەماری رەگەزپەرستیمان لە جوولانەوەی رزگاریخوازی کوردیدا هیچ وەختـێک بە هێـز نەبووە، بەلام باوەر بکـەن کـە مـرۆ بەو شـێـوە تەمـاشـای وەزعی خـۆی دەکـات تەمـاشـای ئەو رێزگـرتنە دەکـاکـە لەو ئەزمـوونە دەگـیـرێ دەزانێ ئەمـە ئەنجـامی ئەم هەولانەیە و ئەنجـامی ئەو خـەباتەیە، خـەباتی دوورو درێژی مـیـللەتەکـەمـانە و خـوێنی شـەهیـدانمانە، هی خۆراگری و فیداکاری گەلی کوردستانە.
ئەوەی پەیوەندی هەیە بە کـۆمـەک کـردن و پشـتگیریمان هیچ لایەکمان نەبینی کە لە وەزعی ئێمە نەگـات، بە پێچەوانەوە زۆر زۆر رێزی وەزعی ئێمەیان دەگرت و هیچ لایەکمان نەبینی کە ئامادە نەبێ پشـتگیـریمان بکات و کۆمەکمان پێ نەکات، تەنها موناقـەشەکە ئەوە بوو چۆن بکرێ و لە چ رێگەیەکەوەو بەچی شێوازێک ئەو کۆمەکە بگەیەنن بە ئێمە؟ وە چ پێش بخرێ؟ ئێمە هەولماندا بەش بە حـالی خـۆمـان ئەو سـەرپشـکیـیـە (اولیـات)ە دەربخـەین لەو بابەتە لەسـەر دوو خـالی سـەرەکی پێمـان دادەگرت پاش ئەوەی ئەوەلیاتمـان خسـتـەروو، یەکێ لەوانە «فـشـار خسـتنە سـەر حکوومەتی عـێراق بوو بۆ لابردنی ئەو ئابلۆقە نارەوایەی بەسەریدا سەپاندوین» دوو ئەو ئابلۆقەی کە ئەمرۆ لەسەر عـێراقە لەلایەن UNەوە کوردستانی لێ هەلاوێردرێ (ستثناء) بکرێ، چونکە هیچ پرۆژەیەکی گەشەپێدان و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان ئەنجام نادرێ، ئەگەر چارەسـەری ئەو لایەنە نەکرێت، بۆ ئەم زستـانەش زۆر جەختـمان دەکرد کە زوو کۆمـەکمان پێ بگات پێش ئەوەی بەفر ببارێت، بە تایبـەتی کێشـەی سووتەمـەنی و ئەو برەی کە تەرخـان کراوە بۆکوردسـتـان زۆر کەمە، بۆ ئەمـەش چەند پێشنیـارێکی کۆنکریتیـمان هەبوو، ئەوانیش لە ئێمەیان قـەبوول کرد کە وەک پێشنیـار دراسە بکرێ گفتیـاندا کە هەولْ بدەن چارەسەرێکی میللەتەکەمـان بکەن و پاش تەقینەوەی لۆریەکـانی کۆمەکی بۆ کـوردستـان لە لایەن رژێمـەوە، هەللایەکی زۆر گەورە لە دەرەوە پەیدا بـوو وە زۆر لەلایەنەکـــان هەولیـــان دەدا شـــتـــێکی وا بـکـەن کـــە سنوورێـک دابنرێ، و رێگەیەکی وا دابنرێ کە کونترۆلْ بکرێ و رێگەیەک دابنرێ چ زەرەر نەگەیەنێ بەو کۆمەکەی کە بە ئێـمــە دەگـات، لەو مـیـانەشـەوە ئێـمــە چەند کـۆنگرەیەکی رۆژنامـەگـەریمان گـرت و چەند بانگەوازێکی رۆژنامـەگەریمان بلاوکـردەوە بۆ روون کـردنەوەی ئەو رووداوانەی کـە رووی دەدا وە دوایی لە پاریس بەرەسمی داوامـان لە بەرێز سەرۆک کۆمـاری فەرەنسا کرد کـەوا شـەخسی خۆی یا ولاتەکەی خۆی داوا بکەن کە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لە ئەنجوومەنی ئاسایش تەرخان بکرێ تەنها بۆ مەسەلەی کۆمەک کردن و هاوکاری کردن و چارەسەری ئەو بابەتە کە ئەمرۆ تیایدا دەژین بە تایبەتی پاش ئەوەی کە حکوومەتی عـێراق بەو شێوە رەفتار دەکات لەگەلْ مـیللەتەکەمان لەم

زستانە سەختەدا. بۆ پەرلەمانی کوردستانیش بێگومان خاڵێکی سەرەکی بوو وەزعی خۆمانمان بۆ باس کردن ناتەواوی خۆمان خستە پێش چاوی ئەوان چ لە رووی تەکنیکیەوە و چ لە بێ توانابییەوە، بەڵێنیاندا کە دراسەتی وەزعەکەمان بکەن وە ئومێدیان هەیە کە لەم ساڵەدا شتێکی وا بکەن لە پەرلەمانی ئێمە لە بابەتەکانی تەکنیکی و ئیداری، هەروەها لە رووی هەندێ تواناى ماددی یەوە چاریەکمان لێ بکەن.

وەکو لەسەرەتادا گوتم ئێمە بەدرێژی هەوڵ دەدەین ئەوەی کە پەیوەندی بەو گەشتەی ئێمە هەبوو بیخەینە سەر کاغەز و لەرۆژنامەکاندا بلاوبکرێتەوە بۆیە ماوەکەمان ئەوەندە نییە کە بچینە ناو هەموو خاڵە وردەکانی بابەتەکەوە بەڵام ئەوەی کە لێی دڵنیاین ئەوەیە کە ئەو پشتگیری یە سیاسیەی کە هەوڵماندا بۆی و جەختمان لەسەر دەکردو پێویستیمان پێی هەیە گەیشتینە ئەنجامێکی باش، یەکەم ئەوەبوو کە جەختمان دەکرد لە مەسەلەی هێزی چەکوش (والحمد لله) هێزی چەکوش جارێکی تر بریاریاندا کە «٦» مانگی تر بمێنێتەوە، و جەختیان کردەوە کە جارێکی تر میللەتی ئێمە بە تەنها نامێنێتەوە لەم وەزعەدا گەڕاینەوە بەو قەناعەتەی کە ئەو خەڵکەی لەدەرەوە پشتگیری لە دیموکراتیەت دەکەن، پشتیگیری لە ئازادی و مافی مرۆڤ دەکەن، بەردەوام چاودێری کێشەکەمان دەکەن و لەم پرۆژەی کە ئێستا هەمانە درێغی ناکەن.

خاڵی دووەم، پەیوەندی بە ئیشوکارمانەوە هەیە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا، وەکو پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێک ئیشوکارمان کردووە وای بۆ دەچین کە پێویست بووە دیسان ئەوەش (توثیق) دەکرێ و دەخرێتە پێش چاوی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و میللەتەکەمان، ئەوەی کە کراوە جگە لە دەست نیشانکردنی حکوومەتی کوردستان و بەڕێوەبردنەکانی کوردستان و بەدواداچوونی ئیشوکاری پێڕەوی پەرلەمان و نیزامی یاسای ئەنجوومەنی وەزیران، تا ئێستا زیاتر لە (١٤) یاسامان ئەنجام داوەو زیاتریش لە «٣٥» بریار، کە حوکمی یاسایان هەیە و تاکو ئێستا «٧٥» دانیشتنی رەسمی کراوە و لەم ماوەیەشدا چەندەها دانیشتنی تریش کراوە و لەوانە کە لە١٢/ ١٠ بوو لایەنە سیاسی یەکانی پارچەکانی تری کوردستان ئامادەی بوون بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەندێک گیروگرفتی ئەو وەختەی کە تیایدا دەژیاین.

چەند یاداشتێکمان داوە بە (ئەنجوومەنی ئاسایش)و بە پەرلەمانەکانی ئەوروپی و هەروها چەند نامەیەکی تریش لەو بابەتەوە نووسراوە جگە لە کاروباری ناوخۆ و خۆمان کە چەندەها لیژنەی تریش دروست کراوە بۆ راپەراندنی هەندێ گیروگرفت کە هاتۆتە پێشەوە و سەرەرای هەمووشی ئەو بریارە مێژوویییەی کە پەرلەمانی کوردستان لە ٤/ ١٠ دای، بە راگەیاندنی فیدرالیەت و سنوور دانانی شێوەی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی مەرکەزی، کەش وهەوای دیموکراتیەت و ئەو ئەمن و ئاسایشەی ئێستا لە کوردستان هەیە شتێکی بێ هاوتایە وە ئەمرۆ کوردستانی عێراق بۆتە بنکەی ئۆپۆزۆسیونی عێراقیش، وە ئەم چەند کۆنگرە سەرکەوتووانەی کە لە کوردستانی عێراق کرا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیموکراتیەت و ئازادی یەو بۆ ئەم هێمنی و

ئاسایشەی کە ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا هەیە.
ببورن پێویستە لێرە رابوەستم چونکە وەک جەختمان کرد ئەمانە هەمووی بەنووسین دەیکەین بە بەڵگەنامەیەک و بڵاوی دەکەینەوە، بۆ ئەوەی رێگە بدەین بە برایانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بەم بۆنەیەوە بەشداریمان لەگەڵدا بکەن و پێمان خۆشە ئەگەر بفەرموون لەسەر سەکۆوە (منبەر)ەوە گوێمان لەوتەکانتان بێت، من بەش بەحاڵی خۆم بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانیەوە و بەناوی ئەندامانی پەرلەمانەوە جارێکی تریش سوپاسێکی گەرمی برایانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەکەین و هیوادارین گیانی تەبایی و برایەتیمان بە هێز تر بێت و ئەم کاروانە بەیەکەوە بگەیەنینە قۆناغی دوایی.

# بەڕێز کاک مەسعود بارزانی:

زۆر سوپاستان دەکەین بۆ ئەم بانگهێشتنەو بەگەرمی بەخێر هاتنەوەی وەفدی پەرلەمان دەکەین و پیرۆزباییتان لێ دەکەین بەبۆنەی ساڵی تازەوە پیرۆز بایی لە هەموو خێزانی شەهیدان وگەلی کوردستان دەکەین ئەگەر چاوێک بەساڵی رابردوودا بگێڕینەوە دەبینین دەستکەوتی یەکجار گەورەمان بەدەست هێناوە (هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و دامەزراندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان- دوا هەنگاوی پیرۆز کە لە رۆژی یەکەمی ساڵی تازە دانرا بڕیاری کۆتایی یەکخستنی پێشمەرگەی کوردستانە کە ئەمەش هیواو ئاواتی هەموو کوردێکی دڵسۆز و بەشەرف بووە ئومێدەوارین کە هەنگاوی وا پیرۆزی تر یەک لە دوای یەک بهاوێژرێ بۆ ئەوەی پیشانی هەموو دۆست و ناحەزانی گەلەکەمانی بدەین کە ئێمە گەلێکین دەتوانین ئیدارەی خۆمان بکەین شیاوی ژیانێکی سەربەست و ئازادین، ئەو دەست کەوتانە نەدەبوون ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لە ئاستی مسؤولیەت نەبوایە، بە تایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەو پەڕی شانازی یەوە دەتوانین بڵێین گەورەترین خزمەتیان بە میللەتی کورد کرد وە لە حزبایەتی تەسک دەرچوون بۆ چوارچێوەی کوردایەتی کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیان بۆ خزمەتی کورد و کوردستان بووە، نەک بۆ حزبایەتی تەسک، بێ گومان هەر کەسێک کە پێشتر سەفەری دەرەوەی کردبێ و ئێستاش بیکات هەست بەو جیاوازی یە گەورەیە دەکات کە لە پێشان چۆن تەماشای میللەتەکەمان دەکرا.
زۆر لەو برایانە کە شارەزاییان لە کاروباری جیهانی سێ یەم هەیە، ئەمڕۆ ئەزموونی دیموکراتی ئێمە یان هەڵبژاردنی ئێمە بە ئەزموونێک دەزانن کە سوودی لێ وەرگرن بۆ زۆر شوێنی تریش، سەرەڕای هەموو ئەو گیروگرفتانەی لە پێشمان بوو سەرەرای هەموو ئەو ناخۆشییەی کە

میللەتەکەمان تیایدابوو بەڵام بەراستی سەلماندی بۆ هەموو جیهان کە میللەتێکی شارستانی یە میللەتێکی پیاو کوژو ڕێگر نییە وەک دوژمنانی ئێمە، ئیمەیان وەسف دەکرد لەبەر ئەوە ئەو پەرلەمان و ئەو حکوومەتە بەشتێکی پیرۆز دەزانین و بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، بەرهەمی رەنجی ئەم گەلەیە بۆیە دەبێ بیپارێزین، ئەگەر کەموکورتیش هەیە، ئەزموونێکی تازەیە بێ گومان ئێمە ئابلۆقە دراوین، بەو شێوەیە یارمەتیمان نەدراوە کە بتوانین زاڵ بین بەسەر گیروگرفتەکانی ژیانماندا، هەروەها وڵاتێکی وێران کراومان وەرگرتووە، لە کۆی «٥»هەزارگوند «٤٥٠٠» گوند وێران کراون، هەر لە بونیادەوە هیچ بناغەیەکی پیشەسازی نەبووە لە کوردستان و میللەتەکەمان، ژیانیان لەسەر کشتوکاڵ بووە، ئەویش لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابووردوودا بەپێی سیاسەتی بەعارەب کردن و کۆچ پێ کردن نزیکەی «١٠٠٪»یان وێران کردووە، لەبەر ئەوە ئەم گیروگرفتانەی کە ئیمڕۆ دەیبینین دەبێ زۆر بە سروشتی وەریگرین، چونکە دوژمنان، بە تایبەتی بەعس، هەر لە ڕۆژی یەکەمیەوە مەبەستی ئەوەبوو کە بمانتاوێنێتەوە و سەرچاوەکانی ژیانی ئێمە نەهێڵێ نەک هەر بە کیمیایی و بە ئەنفال.. تا ئێستا رەنگە زۆر لە گیروگرفتەکان ماون حکوومەت نەیتوانیوە چارەسەریان بکات پەرلەمان نەی توانی بێ وەکو پێویست چارەسەری هەموو گیروگرفتەکان بکات، بەڵام شتی زۆر گەورەش بووە، هەر دامەزراندنی پەرلەمان بەتەنها دامەزراندنی حکوومەت، ئەمە خۆی دەستکەوتێکی یەکجار گەورەیە و ئیمڕۆ وەک و کورد دەبێ شانازی پێوە بکەین و لەچاوی خۆمان زیاتر بیپارێزین، ئەگەر کەم و کورتیش هەیە، دیسان بەدەستی خۆتان دەتوانن ئەم کەم کوریانە باش بکەن، هەر گۆڕانکاریەک یان قانونێک دەردەکەن ئەمە بەدەست خۆتانە، ئێوە نوێنەری میللەتن و ئومێدەوارین کە سوود لە ئەزموونی خەڵکی تریش وەریگرین کە چۆن ئێمە پەرە بەم ئەزموونە بدەین نەک بکەوینە بۆڵەبۆڵ و لە جێگەی خۆماندا بوەستین، هەر گلەیی لە خۆمان بکەین وە دەبی ڕووبەڕووی تەنگوچەڵەمەکانیش ببینەوە و هەوڵ بدەین چارەسەریان بکەین ئەوەی چارەسەریش نەکرێ میللەتەکە تێ بگات کە هەموو هەوڵێک دراوە بەسێ دەسەڵات، ئەوەندەیە یاخود وەختی زاڵ بین بەسەر هەندێ گیرگرفت و هەندێ کۆسپ کە لەسەر ڕێگەمانە، ئینجا نۆبەتی ئەوە دێ کە گیروگرفتەکانی تریش چارەسەر بکرێن چونکە دڵنیاین کوردستان ئەوەندە دەوڵەمەندە، ئەوەندە بە خێرو بەرەکەتە ئەگەر تۆزێک بوار هەبێت حکوومەت بتوانی پرۆژەی ڕێکوپێک جێ بەجێ بکات خەڵکەکەش پێویستی بە یارمەتی دەرەوە نابێت، وەتا ئێمە ئەگەر بێینەوە سەرخۆ، خۆمان بژێنین ، کۆمەکی دەرەوە زۆر زەحمەتە، ڕۆژێک هەردێ ئەو کۆمەکانە دەوەستن و کەسیش ناتوانێ بۆ چوار ملیۆن هەموو مانگێک ئاردو ڕۆن و برنجمان بۆ بێنێ، هەموو شتێک لە کوردستان هەیەتەنها پێویستە هەندێک پرۆژە دروست بکرێ کە خۆمان خۆمان بژێنین، رەنگە ئێستاش لە دەسەڵاتی حکوومەتدا نەبێ، وە بێگومان لە دەسەڵاتی حکوومەت دا نییە بەڵکو پێویستیمان بە یارمەتی هێشتا زۆرە، وە زۆریش هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی هەندێ پرۆژە دروست بکرێ، ئومێدەوارین لە جەماوەریش

ڕێزی ئەو وەزعە بگرێت، هیواداریشین حکوومەت ئەوەی پێی دەکرێ بۆ خزمەتی ئەم جەماوەرە درێغی نەکات، دڵنیاشین کە درێغی نەکردووە، بێ گومان هەوڵێکی باش دەدرێ تا ئەم ئەزموونە سەرنەگرێ، ڕەنگە ئەو ڕژێمە ناحەزانە نەتوانن ڕاستەوخۆ دەست تێوەردان بۆ تێک دانی ئەزموونەکە بکەن بەڵام بەهۆی خەڵکانێکی تر لەناو خۆماندا دەیکەن، بەداخەوە تا ئێستا تێ نەگەیشتوون کوردایەتی یانی چی؟ تا ئێستاش بەهای ئازادی نازانن، هەوڵ ئەدەن بە هۆی ئەوانەوە ئەم ئەزموونە تێک بدەن بەڵام بە هەر بەهایەک لەسەر ئێمە بکەوێت دەبێ ئەم پەرلەمانە و ئەم حکوومەتە بمێنن و سەریش بکەون، وە نابێ هیچ هێزێک ببێتە کۆسپ لە ڕێگەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەی وا بیردەکاتەوە کە دەتوانێ ببێتە کۆسپ ڕەنگە سەری خۆی لەبەرد بدا، سەری خۆی لە شاخەکانی کوردستان بدات، چونکە ئەم حکوومەتە بە خوێنی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە دامەزراوە ودەسەڵاتی ئەم میللەتەیە و بەویستی ئەو میللەتە هاتۆتە کایەوە، حکوومەتێک نییە خۆی سەپاند بێ یان بەشێوەی دکتاتۆری هاتبێتە سەر حوکم لەبەر ئەوە ئێمە بە شتێکی پیرۆزی دەزانین و هەر قوربانیەک پێویست بێ بۆ چەسپاندنی زیاتری ڕۆژ بە ڕۆژی دەسەڵاتی دەبێ هیچ لایەک درێغی نەکات، بە تایبەتی پارتی و یەکێتی، وەبەو بۆنەیەوە بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی بێ پایانی برای بەڕێزم مام جلال بکەم کە درێغی نەکرد بۆ ئەوەی کە ئەم وەزعە دروست بێ ئەم تەبایی یەی نێوان یەکێتی و پارتی یان یەکێتی یان هێزەکانی تری بەرەی کوردستانی کە توانی بێتی بە دەورێکی بچووکیش هەستا بێ بۆ دامەزراندنی ئەم پەرلەمانەو ئەم حکوومەتە.

ڕاستی ئێمە نەک هەر تەنها بەوە سەربەرزین کە ئەم وەزعە لە کوردستان دروست بوو، بەڵکو بۆتە جێگەی هیوای هەموو گەلی عێراق، لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش بەتەمای ئەوەن کە ئەم ئەزموونەی ئێوە دیسان ئەوانیش بگرێتەوە بۆ نموونە یەکەم جار لە مێژووی عێراق کورد توانی هەموو ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی کۆبکاتەوە لە کوردستانی ئازاد وەبەوپەڕی ئازادی و سەربەستی هەموو برایانی تری عێراقیمان، ئاڵوگۆڕی بیروڕای خۆیان بکەن و بە ئازادی بتوانن باسی چارەنووسی خۆیان بکەن، زۆر لە دوژمنانی کورد هەوڵ دەدەن وا پیشان بدەن کە ئەم ئەزموونەی ئێمە دەست پێکەری جیابوونەوەیە لە عێراق، ئێمە زۆر چاک هەل و مەرجی جیهانی دەزانین و دەسەڵاتی خۆشمان دەزانین ئێمە وەک نەتەوەیەک زۆر جار گوتوومانە نەتەوەیەکین هیچ کەمتر نین لە نەتەوەکانی تر، ئەو مافەی بۆ نەتەوەکانی تر ڕەوایە بۆ ئێمەش ڕەوایە، بەڵام ئیمرۆ واقعێک هەیە نە لە دەسەڵاتی ئێمەیە کە لەو واقعە لابدەین و نەهێزێکی واش هەیە لەدەرەوەی ئەم چوارچێوەیە یارمەتی ئێمە بدات. بۆیە دەبێ ئێمەش واقعی بین ئێمە داوای جیابوونەوەمان نەکردووە لە عێراق، داوای مافی ڕەوای خۆمان کردووە لە ساڵی ١٩٦١ کە شۆڕش دەستی پێ کرد، دروشمەکە ئۆتۆنۆمی بوو. دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، لە ساڵی ١٩٧٠ ڕژێم ناچار دانی پێداهێنا بەڵام پاش دوو سێ ساڵ هەر لە ژێر پەردەی ئۆتۆنۆمی هەموو

کوردستانی وێران کرد، پاش ئەو هەموو قوربانیە، ئەمڕۆ دەرفەت هاتۆتە پێش میللەت حەقی خۆیەتی کە پەرە بە شێوازی مافی خۆی بدات.

بەپێی هەل و مەرجی ئیمڕۆی جیهان شێوازی فیدرالی بە شێوازێکی ماقوڵ زانراوە، پەرلەمان بڕیاری لەسەرداوە، ئەمە مافێکی ١٠٠٪ سروشتی یە و بە هیچ شێوەیەک جیابوونەوە نییە لە عێراق.. حەز دەکەن با لەسەر بونیادی دوو ناوچە بێ، حەز دەکەن با لەسەر بنەڕەتی نەتەوایەتی بێ، کوردی - عەرەبی یا جوگرافی بی (سەروو- خواروو- ناوەراستی عێراق) ئەمە جێ دەهێڵین بۆ میللەتی عێراق بەڵام ئێمە وەکو کوردستان و کورد دەبێ یەک هەرێم بێ و فیدرالی هەرەشە لە یەکێتی عێراق ناکات.. ئەنفال و کیمایی و بەعارەب وبەعس کردن ودوورخستنەوەو ڕەوپێ کردن و پێشێل کردنی مافی گەلی کورد.. ئەمانەن هەرەشە لە یەکێتی عێراق دەکەن، ئەگینا ئەگەر ئیعترافێکی تەواو بە مافی میللەتی کورد بکرێ، هەرگیز ئەمە هەرەشە نییە بۆ یەک پارچەیی، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ عێراق و یەکێتی خاکی عێراق بە هێز تردەکات، پاشان ئەمە مافێکی سروشتی میللەتی عێراقە، چ وەکو کورد چ برا عەرەبەکان و برا تورکمانەکان و برا ئاشووریەکان.. ئێمە هەموو ئەو میللەتانەین کەپێکەوە لە عێراق دەژین حەقی ئێمەیە بڕیار بدەین، چ جۆرە رژێمێک دەبێ حوکممان بکات، نەوەک لەدەرەوە بێن لەسەر ئێمەی فەرز بکەن. حەقی ئێمەیە بڵێین فیدرالی یان هەر جۆرە حوکمێک، ئێمە وەکو عێراقی دەتوانین عێراق بپارێزین.. وەختی ئێمە باسی جیابوونەوە لەعێراق ناکەین مانای ئەوەیە نەمان ویستووە جیابینەوە، ئینجا ئەوانەی دژی دیموکراتین دێن بۆ ئەوەی مەسەلەی کوردی لاواز نیشان بدەن، مەسەلەی جیابوونەوە وکەرت بوونی عێراق دەکەنە بیانوو بۆ ئەوەی لە دژی ئەزموونەکە راوەستن، ئێمەو رکابەرەکانی عێراق لە ڤیینا لە پاش کۆنگرەی کوردستان لەمەر فیدرالی هەمووی بڕیارریاندا وجەخت لەسەر فیدرالی لە چوار چێوەی عێراقدا کرا بە شێوەیەک لە عێراق جیانەبینەوە، ئەمە هەمووی تەئکیدە، ئێستا ئێمەش جەخت دەکەینەوە مەسەلە بە هێچ شێوەیەک جیابوونەوە نییە لە عێراق، بەڵام ئەو ستەمەی کە میللەتی کورد تووشی بووە، ئەو تاقی کردنەوەی بەسەر ئێمەدا هاتووە جارێکی تر کورد تووشی ئەنفال نەبێتەوە، تووشی کیمیاوی نەبێتەوە، دەبێ میللەتی کوردیش مافەکانی ئاشکرا بێ، ئەو کاتە ئەرکەکانیش ئاشکرا دەبن نەوەک ئەرکەکانی ئاشکرا بێ و مافەکانی هیچ، دیارە کەس ئەوە قبول ناکات. ئیتر من بەراستی خۆشم حازر نەکردبوو، بەڵام جارێکی تریش پیرۆز بایبیتان لێ دەکەین بەبۆنەی ساڵی تازەوە ئومێدەوارین ساڵی ١٩٩٣ ساڵی سەرکەوتنی مەزنتر و دەست کەوتی زیاترو بەختەوەری زیاتر بێ بۆ گەلی کوردو بۆ هەموو گەلانی عێراق و بۆ هەموو ئەو گەلانەی پێویستیان بە ئاشتی و ئازادی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز کاک مەسعود دەکەین، بەڕێز مام جەلال فەرموو.

# بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی:

لە پێشەوە سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەین کە ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندین، بۆ ئەوەی جارێکی تر، خوشک و برایانی خۆشەویست بە دیداری ئێوە شادببینەوە.
برای خۆشەویستمان کاک مسعود وەک بەقسە وتی، خۆشم دەزانم نەک هەر لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ بە شانازی یەوە بڵێم نێوانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتۆتە ڕادەیەک کە دەتوانین وەکو یەک حزب تەماشایان بکەین، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە هەموو قسەکانی ڕاست و ڕەواو بەجێ بوون وەکو عەرەب دەڵێ (کبد الحقیقه). ڕەنگە هەندێ شتی زیادم هەبێ، چونکە ئەو خۆی حازر نەکردبوو منیش کەڵک لەوە وەردەگرم کە لە دوای ئەو قسە دەکەم و دەمەوێ بیخەمە سەر قسەکانی، پێم وایە درێژدانە بە قسەکانی برای خۆشەویستمان کاک مسعود.
یەک: دیارە سەرکەوتنەکانی ساڵی ڕابردوو هەرە گرنگە وەکو کاک مسعود بۆی باس کردن دوایی یە کەیان ( وختامها مسک) یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەوە بەڕاستی خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە و نموونەیەکی حەزاری(ژیاری) گەورەیە لە دەوەرەو لە ناوەوەی وڵاتدا، بەڵام من بەم بۆنەیەوە دەمەوێ بەڕاستی هێما بۆ دوو شت بکەم، ڕێز بگرم و حورمەت دەربڕم بەرامبەر پێشمەرگە دێرینەکان، بەڕاستی ئەو قارەمانانەی شایستەی هەموو جۆرە ڕیزلێنانێکن کە ڕەنگە لەناو قەڵەباڵغی و گێژاوی ڕووداوەکاندا هەندێ جار بەلاوە نرابن، یان مافی خۆیان نەدرابێتێ، بەڵام لە ڕۆژانی تەنگانەدا هەر ئەوان ڕۆڵەی گەلەکەمانن، قارەمان و فیداکارن، بۆیە بەناوی هەمووتانەوە مۆڵەتتان لێ دەخوازم، ڕێگام بدەن لێرەوە سەلاوێکی گەرم بۆ هەموو پێشمەرگە درێرینەکانی کوردستان بنێرین و بۆیان دووپات بکەینەوە کە لە بیریان ناکەین چاکەو تێکۆشانیان لە چاوماندایە، لە دڵماندایە، ئەوانیش وەکو ڕۆڵەی دلێرو نەبەزی گەلەکەمان دەچنە مێژووی میللەتەکەمانەوە، هیوادارم ڕێزی پێشمەرگە کە دەرس لە قارەمانی ئەوان لە ڕۆژانی سەخت و دژواردا وەربگیرێ. ئەوانیش ببنە هێزی یەکگرتووی خاکی کوردستان نەک ئی هیچ حزب و تاقمێک بەڵکو هی هەموو خەڵکی کوردستان.
خاڵی دووەمی کەدەمەوێ داکۆکی لێ بکەم ئەوەیە کە ساڵی نوێ دەبێ بەڕاستی بیکەینە ساڵێ بۆ مافی مرۆڤ، مافی مرۆڤ نەک هەر دروشمێکی پیرۆزە، بەڵکو پێویستی یەکە لە پێویستی یەکانی ژیان و گوزەرانی ئەو سەردەمەی خەڵک، مافی مرۆڤ پێویستە هەر لە پەرلەمانەوە، لە حکوومەتەوە زیاتر بایەخی پێ بدرێت، وە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن کە یەکێک لە هۆیەکانی پشتیوانی گەلان لە ئێمە ئەوەیە کە کوردستان، ناوچەیەکی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بێت و، ببێتە نموونەیەک بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی چەند بتوانین مافی مرۆڤ بپارێزین گەشەی پێ بدەین هێشتان هەر کەمە. وادیارە وا پێویست دەکا هەم پەرلەمان و هەم

ئەنجوومەنی وزیرانی هەرێمی کوردستان بایەخێکی تایبەتی بدەن بە مەسەلەی مرۆڤ بە هەموو لایەنەکانی پێویستە، ئەوشتان لە بیر نەچێت کە ئێمە لەژێر چاودێریەکی راستەوخۆی چەندین رێکخراوی جیهانین کە هەمیشە بچوکترین شتمان لێ دەکەن بە داوا، وە حەز دەکەم ئەوە بزانن ئەو کارەیان لەبەر ئەوە نییە کە دژی ئێمەن، ئەوانە دۆستی گەلی ئێمەن، بەڵام پەرۆشی ئێمەیانە پێیان خۆشە تاقی کردنەوەکەمان ئەوەندە باش بێت ئەوەندە دیموکرات و ماف پەروەربێ، کە لەسەر بچوکترین هەڵە لێمان دەکەن بە هەڵلا، تەنیا هەندێ جاریش شتی ناراستیمان لێ دەکەن بە داوا دوایی کە دێن بە چاوی خۆیان دەیبینن دەردەکەوێ کە وانیە، نموونە وەک ئەو درۆیەی بەناوی (میدل إیست أۆچە)ەوە بلاو ببۆوە لەسەر مەسەلەی بادینان، کەچی دوایی خۆشیان کە هاتنە ئێرە بۆیان دەرکەوت، کە لێمان پرسین پەرۆشیان بوو بۆ ئەوەی کە ناوبانگی کورد هەر بەپاکی بمێنێتەوە، چونکە بەراستی ئێمە لە مێژووی دوورو درێژی خەباتمان دا لە شۆرشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١وە تا ئەمرۆ لە کوردستان هیچ یەکێک لەو کارە خراپانەی نەکردووە، کەپێی دەگوترێت کاری تۆقێنەر (ئیرهابی) و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان رووی نەداوە، ئەگەر هەندێ کەموکورتیش کە بووبێ لە ئەنجامی ناتەواوی و کەموکورتی یەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری بووە، بەڵام ئەمساڵ گرنگێکی زۆر دەبێ بدەین بە مافی مرۆڤ لەسەرتاسەری کوردستاندا، خاڵێکی تر کە دەمەوێ باسی بکەم، یەکەم لەم رووەوە کە هەر لە دوابەدوای دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ئەمساڵ دەبێ مافی هەردوو نەتەوەی ئاشووری و تورکمان چەسپ بکەین، لە قانون دا جێ بەجێ ی بکەین، هەروەها دەزگاکانی، پێویستیان بۆ دابنێین، (مصداقیەتی) جووڵانەوەی کوردستان لەوەدا دەردەکەوێ کە هەڵوێستی چی یە بەرامبەر تورکمان و ئاشووری یەکان لە کوردستان دا؟ ئایا هەمان هەڵوێستی نەتەوە باڵا دەستەکانی رۆژهەڵاتی هەیە بەرامبەر بە کورد؟، بەکردەوە نەک بەقسە، بەکار بەدیهێنان، بە پیادەکردنی مافی ئەو دوو قەومە، دۆست یو برایەتی خۆمان دەپارێزێت، بەڵام دەبێ ئەوانیش هاوکاریمان بکەن بۆیە دەبێ مافەکانیان جێ بەجێ بکرێت، پێم وایە ئەوە نەک هەر حەقێکی رەوای ئەوانە سەربەرزیەکیشە بۆ گەلی کوردو، نموونەیەکیش دەدەین بەدەرو دراوسێکانمان کە چۆن رەفتار بکەن لەگەڵ نەتەوە بچووکەکانی ژێر دەستی خۆیان.

خاڵێکی تر کە دەمەوێ داکۆکی لەسەر بکەم ئەوەیە کەدەبێت حکوومەتی کوردستان دەزگای راگەیاندنی خۆی گەشە پێ بدات و هەروەها پەرلەمانی کوردستانیش هەوڵی خۆی بدات بۆ ئەوەی زیاتر ئەو پیرۆزی وگرنگیەی کە برای خۆشەویستمان کاک مسعود باسی کرد دەربارەی ئەم دەورو دەسکەوتە گەورە هەر وەک خۆی فەرمووی هەردووکیان هەر خۆیان لە خۆیاندا دوو دەستکەوتی ئەوەندە گەورەو پیرۆزن، شایستەی هەموو جۆرە پشتوانی یەکن، ئەم راستی یە لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگەیەنرێ و بڵاوبکرێتەوە، ئەوە بێ گومان مانای ئەوە نییە رەخنە نەگرین و بێ دەنگ بین و ئەنجوومەنی کوردستان بکرێت بە ئەنجوومەنی هەر بەڵێ و سەرچاوان و

وایە و راستە و، نا، بە پێچەوانەوە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەبێ ئەنجوومەنێکی زیندوو بێ، گەشەکردوو بێ، رەخنەی تیادابێ، سەرنجدانی تێدا بێ، نیاز چی یە لەمانە؟ نیاز ئاشکرایە بۆ چاککردنی ئیشەکان و گەشەپێدان و پێش خستنە، دیارە دوژمنان کەڵک وەردەگرن لەو ناکۆکی و ناتەواویە کە هەندێ جار لەنێوان دەوڵەت و خەڵکدا هەیە لە هەموو دنیادا یان لەبەر ئەو ناتەواوی یانەی کە هەیە، نەبوونی سووتەمەنی کۆمەڵێک ناتەواوی کە خۆشی لە ئەنجامی رەفتاری دوژمنە، بەڵام دێن و باسی ئەمە دەکەن وای باس دەکەن کە نارەزایی یەکە روو بکاتە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یاخود هەندێ جار لە بیرمان دەچێتەوە کە هەرێمی کوردستان وەک و کاک مسعود فەرمووی وەڵاتێکی کاوڵ کراوی ئەوتۆمان بەدەست کەوتووە کە بەشی زۆری دیهات تێک چووە، کارگەکانی کار ناکەن، کشت وکاڵ وبازرگانییش ئیش ناکات، لەچەند لاوە ئابڵوقە دراوین، جگە لەچەندین جۆر گەمارۆی نێونەتەوەیی و ناوچەیی، لەبەر ئەوە دەبێ بزانین حکوومەتی کوردستان دەتوانێ بەپێی بەرەی خۆی قاچی راکێشێ. لەگەڵ ئەوەشدا چەندی پێمان بکرێ داوای لێ بکەین بۆ ئەوەی چاکتر بکەوێتە گەڕ و ئیش بکات، هەر کەمە. بۆیە من پێم وایە شان بەشان لەگەڵ بایەخدان بەو گرنگییە مێژوویی یەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، رێ دان بەتەشەنەکردن بە سەربەستی ئەمە نموونەیەکی زیندووە و رەنگە ئەمە بۆ گەشەکردنی هەردووکیان باش بێ.. یەکێ لە دۆستەکانی نزیکی کورد سەرنجێکی پی گوتم کە دیموکراسی کوردستان زۆر باشە و کەم وێنەیە لە رۆژهەڵاتدا بەڵام هێشتا لایەنی رەخنە گرتنی باش گەشەی نەکردووە، جائێمە جارێ باش فێری رەخنە نەبووینە، لامان وایە رەخنە یانی جوێن دان و کوتانە سەرو خراپەوتن و لەبیرچوونی لایەنی ئیجابی ولایەنی سلبی، نەخێر رەخنە وانییە، رەخنە یەعنی نیشان دانی هەردوو لایەنەکە و چارەی مەسەلەکە، وەکو چۆن دکتۆرێک نەخۆشێک فەحس دەکات، نەخۆشی یەکانی دیاری دەکات، بەڵام عیلاجەکەشی بۆ دیاری دەکات و دەرمانەکەشی بۆ دادەنێ بۆ ئەوەی چاکی بکاتەوە، ئەوهاش دەبێ رەخنە بگیرێ، جگە لەوە بەراستی ئێمە دەسکەوتێکی گری گەورەی نەتەوەکەمان کە کاک مسعودیش باسی کرد، یەکێتی ناو ڕیزەکانی گەلەکەمان و یەکێتی بەرەی کوردستانییە و ئەو گرنگییە تایبەتیەشی هەیە بۆ تەبایی نێوان پارتی و یەکێتی بەبێ ئەوەی هیچ لە گرنگی و تێکۆشان و فیداکاری خەباتی لایەنە براو دۆستەکانی تری بەرەی کوردستانی کەم بکەینەوە کە فیداکاریان کردووە، شەهیدیان داوە لە رۆژە سەختەکانی خەباتدا ماندووبوونە بەڵام خۆتان دەزانن سەبارەت بە هەل و مەرجی تایبەتی کوردستان ئەوا گرنگییەکی تایبەتی هەیە کەشتێکی سروشتییە، واتا خۆ بە زل زانی نییە بەڵکو گوتنی راستی یەکە. جا من بەراستی سەربەرزم بەوەی ئەو راستیەتان بۆ دووپات بکەمەوە کە لەپێک هێنانی ئەوەدا هەروەک کاک مسعود باسی کرد دەوری برای بەرێز کاک مسعود زۆر بووە، لەوەدا هیوادارم زیاتر بێ لە دوا رۆژدا، من بە شانازی یەوە دەتوانم بڵێم کە گوتمان وەختی خۆی دوژمن ئەو هەلە دەباتە گوڕ کە جارێکی تر نێوانی یەکێتی نیشتمانیی

کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان تێک بچێتەوە، دەتوانم بۆتان تەئکید بکەم کە نەک هەر تێک ناچنەوە، بەڵکو هەتا دێ پتر یەک دەگرن و پێک دێن و تەبا دەبن، تاوای لێ دێ ئینشا ءالله کەسی جیاوازی ناکا لە نێوانیاندا. دەمەوێ ئەوە بڵێم کەوا دەسکەوتێکی تایبەتی یە بۆ میللەتی کورد و نموونەیەکە رەنگە کاک مسعود لە بیری بێ یەکێک لەو خاڵانەی سەرۆکی فەرەنسی (میسۆ فرانسوا میتران) دۆستی گەلی کورد پێی گوتین ( من زۆر لام سەیرە ئێوە چۆن دەتوانن ئەوەوەندە تەبابن وچۆن توانیوتانە کاروباری پەرلەمان و حکوومەت بەم جۆرە بەڕێوە بەرن، زۆر کەیفی هات کەزانی ئەوە تاسەر دەبێ وە گوتی ئەوە یەکێکە لە نیشانەو مەرجەکانی سەرکەوتنتان، دوژمنانی ئێمە بە تەمای ئەوە بوون دوای هەڵبژادن بەگژ یەکدا بچین و شەڕی ناوخۆ ببێت، پاشان نەتوانین هیچ بکەین و هەموو خەونی دوژمنانمان زیندە بەچاڵ کرد. بەراستی رۆژ لە دوای رۆژ نێوانمان باشترو خۆشتر دەبێ و هیوادارم هاوپەیمانەکان حەسوودیمان پێ نەبەن بەڵکو ئەوانیش هەوڵ بدەن و ئێمەش لەگەڵ ئەوان هەوڵ ئەدەین لە ئەوانیش نزیک دەبینەوە کە ئەو هاوپەیمانیە دوو قولیە ببێتە سێ قولی و چوار قۆلی و پێنج قولی و هەموو قولی کە هەموو ڕێزەکانی گەلی کوردستان پەرەدەستێنێت. خاڵێکی تر کە دەمەوێ باسی بکەم ئەوەیە، ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی کوردستان دەبێ یەک بخرێن، ئەمساڵیش نەک هەر ڕێکخستنی پێشمەرگە بەڵکو هی (ژنان- ئافرەتان) چی یان پێ خۆشە ناوی لێ بنێن (خوێندکاران- قوتابییان) ماموستایان یەکیان گرتووە، ئەوەکانی تریش هەموو یەک بگرن، پشت بە خوا یەک تاقە ڕێکخراومان دەبێ، یەک ڕێکخراوی یەکگرتوو کە ئەویش نموونەیەک دەبێ لەیەکگرتنی گەلەکەمان و هەروەها ئەو بەشە زیندووە لە کۆمەڵگەی کوردستان بخرێتە گەڕ بە تایبەتی وەکو خۆتان دەزانن نیوەی کۆمەڵن هەندێکیان هۆشیار و زیندوو چالاک و خوێن گەرمی خاکەکەمانن، هیوادارین ئەم ساڵ ئەم مژدەمان بدەنێ، کە ئەم ڕێکخراوانە یەک دەگرن و پێکەوە خەبات دەکەن، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە یارمەتییەکی زۆر دەدرێین و پشتوانیمان دەکرێ.

دەربارەی سەفەری وەفدی پەرلەمان بەسەرۆکایەتی برای خۆشەویستمان کاک جوهر، من دەمەوێ بڵێم بەراستی شایستەی سوپاسن، بەراستی سەفەرێکی سەرکەوتووانە و سەفەرێک بوو کەسەری خۆمانی بەرز کردەوە.. یەکەم جار ەخەڵکی هەڵبژێردراوی کوردستان دەچنە دەرەوە.. هەموو ئەو شوێنانەی کە بۆی چوون بەراستی بەشێوەیەکی باش کاریان کردوە، ئەوان ڕەنگە خۆیان دەستیان لەناو هەویرەکەدا بوبێ، خۆیان چاک نەدیبێ، بەڵام ئێمە کە لە دەرەوە بەدوور بوین هەندێ جار بەزەڕەبینیش چاودێریمان دەکردن، بەراستی کاری باشیان کردو شایستەی ڕێزلێنانن، هیوادارم ئەمساڵ سەفەرەکەیان بەکەڵک تربێ وەلەو وڵاتانە کە بۆیان دەچن بەدەستی بەتاڵ نەیەنەوە، نەک هەر بەڵێن بێ، بەڵکو بەڵێنەکانیش خوردکرابێتەوە ئەمساڵ سەفەرەکەیان فراوانتر و گەرم تربێ، بۆ ئێوەش خوشک و برایانی خۆشەویست هەموو ئاواتی سەرکەوتن،

سالّی نوێتان پیرۆز بێت و لە ژیانی خۆشتان ان شاء الله سەرکەوتوو دەبن، هەر بژین و هەرشادو سەرکەوتووبن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز مام جەلال دەکەین فەرموو بەڕێز کاک سامی...

**بەڕێز سامی عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خوشک و برایانی هێژا:**

بەراستی من قسەم نییە پاش پەیڤی هێژایان کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی، چونکە ئەوە یەکەم دەرفەتە کە لە پەرلەمانی کوردستان ئامادە دەبم، حەز دەکەم بەم بۆنەیەوە پیرۆز بایی لە میللەتی کورد بکەم، پێک هاتنی ئەم پەرلەمانە، بە دروست بوونی حکوومەتی هەرێم، بە راگەیاندنی فیدرآلی و بەیەکخستنی ریزی پێشمەرگە، ئەم پیرۆزەبایی یە بەناوی خۆم و مستەزعەفەکانەوە دەکەم، بەراستی جێی شانازی یە کە ئەم هەموو شتانە بەرێکوپێکی بەرێوە دەچن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کەماڵی کورد و خانووی کورد بەباشی رێکخراوە و بەباشی رێک دەخرێ و تەسەروفی سەرکردایەتی کوردستان، هەڵسوکەوتێکی شارستانییە، تەسەرفێکی گونجاوە لەگەڵ زەماندا، زۆر سوپاستان دەکەم و پیرۆزبایی تان لێ دەکەم، من ناڵێم رەخنە هەیە یان رەخنە نییە، رەخنە هەبێ باشە، بەس لە رەخنە گرینگتر، پرۆسەی سیاسی یە، پرۆسەی سیاسی لەوەلآتێ دکتاتۆری نییە، بەڵکو لە وەلآتێ دیموکراسیەت هەیە، پەرلەمان رادەردەبڕێ و لە تەلەفزیۆن و رادیۆ قسە دەکەن، رۆژنامە هەیەو، خەڵک ئازاد رای تیادا دەنووسێ، ئینجا پاش ئەوە لەو باوەڕەدام پرۆسەی سیاسی و بڕیارەکانی تەواوی پەرلەمانی ئێمە و ئیشوکاری حکوومەتی ئێمە زۆر باشتر دەبێ و رێک و پێک تر دەبێ، چونکە هەموو بیروڕایەک دەخرێتە بەرچاو ئینجا بڕیار وەردەگیرێ، پیرۆزباییتان لێ دەکەم هەر سەرکەوتوو بن بۆ کوردستان. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێر هاتنی گەرمی بەڕێزان کاک مسعود بارزانی و مام جەلال و کاک سامی دەکەین و برادەرانی تریش کە لە ریزی خۆمان لە ئەنجوومەنی وەزیرانن کە سیفەتی حزبیشیان هەیە وە هەروەها بەخێر هاتنەوەیەکی گەرمی دەستەی پەرلەمان دەکەین بەسەرۆکایەتی جەنابی کاک جوهر کە بەراستی ئەو خاڵانەی باسی کرد هەمووی ئەوانە بوو کە خەڵکی کوردستان بیری لێ دەکەنەوە موعاناتی هەیە بەرامبەریان وەکو کابرای عەرێزە نووس گوتەنی: خەریک بوو گریانمان بێ بۆ حاڵی خۆمان!. ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم و ئیزن بخوازم چەند خاڵێکە:

یەکەم: پەیوەندی لە بەینی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی یەکی پتەو و

زۆر سروشتی یە، لەوانەیە هەندێ جار موناقەشە دەبێ، ئەوە مانای ئەوە نییە، هەڵویستێکی نارازی بونە، یاخود هەڵویستێکە دژ بەیەکترە چ لەلایەنی حکوومەت یان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، چونکە ئەو رۆژەی ئەو موناقەشەو رەخنەکاری یە لەنێوان ئەندمان نەمێنێ مانای ئەوەیە جموجولی نییە، مانای ئەوەیە هیچ لایەک نایەوێ ئیشەکانی خۆی بەرەو پێشەوە ببات، بۆیە بە دڵ فراوانی یەوە هەموو لایەکمان ئەو رەخنانە یاخود ئەو مناقەشانە وەردەگرین، چونکە لەلایەکەوە هەروەک دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران چاودێری تایبەتی خۆی هەبێ ئەوە شتێکی زۆر سروشتی یە کە پەرلەمانیش خۆی سانسۆری تەواوی هەبێ لەسەر هەموو ئیشوکارەکانی حکوومەت، جگە لەمە خۆشحاڵین کە بەرەی کوردستانی بتوانێ چاودێرییەکی جەماوەری هەبێ، دیسان لەسەر کاروباری حکوومەت، چونکە ئەو زەمانە بۆ ئەوەی ئیشوکارەکانی بەرەو پێشەوە بروا بەلام یەک شت هەیە، ئەوەی کە بەرێزان ئاماژەیان بۆ کرد (لا یکلف اللە نفساً الا وسعها) بۆ نموونە گەلێ جار هەندێ شت داوا دەکرێ لە حکوومەتی کوردستان بەراستی لە توانادا نییە، ئێمە هێشتا لە قۆناغی خەباتداین، بەلام جۆری خەباتەکەمان جیاوازە، جاران لە سەنگەری شەرکردنی بەچەک بووین لە شاخەکاندا، ئێستا سەنگەرەکە لە شێوەی تردایە، هەر قۆناغێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە هەندێ جار کە رەخنەمان لێ دەگیرێ لەسەر هەندێ شت بەراستی رەخنەکان رەنگە بلێین زۆر بابەتیانە نییە، مەبەستم ئەو رەخنانە نیە کە لە پەرلەمان و دەرەوەدا باسی دەکرێ، وەک ئەوەی سووتەمەنی لە دەست ئێمەیەو ئێمە نامانەوێ بیدەینە خەڵک و یان بەنرخێکی هەرزان بلاوبێتەوە، بەراستی ئەمرۆش رژێمی عێراقی بەشێوەی ئابووری شەرمان لەگەڵدا دەکات، چەکەکەی بەکاری دێنێ چەکی ئابووریە جا بۆیە ئێمە دەبێ بتوانین لەم رووەوە بەرگری لە خۆمان بکەین خەباتی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا کۆتایی پێ نەهاتووە، بەردەوامە هێشتا ئێمە لەگەرمەی خەبات داین، با حیسابمان لێ تێک نەچێ کەوا بزانین خەباتەکەمان کۆتایی پێ هاتووە، چونکە پەرلەمان بووو حکومەت دامەزراوە، جگە لەوە شتێکی تر هەیە، ئەو چەند ساڵەی بەعس حوکمی کوردستانی کردووە، بەراستی لە ئەنجامی حوکمەکەی ئەزمەیەکی رەوشتی دروست بووە، کە ئەو ئەزمە ئەخلاقییەش هەر بە تەنیا بە بریار جێ بەجێ ناکرێت، دەبێ پەرلەمان لەلای خۆیەوە و حکوومەت لەلای خۆیەوە و حزبەکان لەلای خۆیانەوە، هەوڵی ئەوە بدەن کە رەوشت بگۆردرێ، رەوشت گۆرینیش تەنیا بە بریارێکی رووت نابێ، بەڵکو دەبێ ئیشی زۆری بۆ بکرێ، چونکە ئەوەندە ساڵەی ئەو حوکمی کردووە، ئەنجامی زۆر سەلبی و خەراپی بەجێ هێشتووە، یەکێ لەو خاڵانەی کە دەمەوێ عەرزتانی بکەم، ئێمە چەند قۆناغێکمان بریوە، ئەم قۆناغانەش دیسان تایبەتمەندی خۆیان هەیە کێشە و گیرگرفت و کۆسپی خۆی هەیە، و ئەو کۆسپانەش مەرج نییە هەمووی کۆسپی ماددی بن، بەڵکو هەندێ جار شتی سایکلۆجیش دێتە سەر ئەو قۆناغەی ئێستە ئێمە پێیدا دەرۆین، قۆناغێکی زۆر زۆر ناسکە زۆر ترسناکە، دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین هەموو لایەک هاوکاری یەک بکەین بۆ ئەوەی پێیدا تێپەر

ببین بۆ قۆناغی ئایینده‌مان که‌ ئێستا ده‌توانم بڵێم وا خه‌ریکه‌ بگه‌ینه‌ قۆناغی ئاینده‌مان، وه‌به‌نیسبه‌ت حکومه‌تی کوردستانه‌وه‌ ئێستا گه‌یشتۆته‌ ئه‌و قۆناغه‌ی بڵێین سکه‌ی خۆی گرتووه‌، که‌ ئه‌ویش دیسان قۆناغێکی نوێ یه‌ له‌ ئیشوکاره‌کانمان، ئه‌و قۆناغه‌ش پێویستی به‌جۆره‌ خۆ ئاماده‌کردنێکی تازه‌ هه‌یه‌ که‌ ئومێده‌وارین بتوانین جێ به‌جێ ببێ به‌ هاوکاری هه‌مووان.

خاڵێکی تریش هه‌ر به‌کورتی ده‌مه‌وێ باسی بکه‌م ئه‌ویش مه‌سه‌له‌ی دراوسێکانمانه‌ زۆر جار کێشه‌مان دێته‌ پێش که‌ گوایه‌ ئێمه‌ به‌ره‌و جیابونه‌وه‌ ده‌ڕۆین وه‌کو به‌ڕێز جه‌نابی کاک مسعود باسی کرد، فیدراڵی مه‌ترسی جیابوونه‌وه‌ی تیادا نییه‌، به‌ڵام ئه‌نفال مه‌ترسی جیابوونه‌وه‌ی تیادایه‌، که‌ ئه‌وه‌ له‌لایه‌نی حکومه‌تی عێراقه‌وه‌ ده‌کرێ، سه‌یر له‌وه‌ دایه‌ وه‌زعی ئێمه‌ له‌گه‌ڵ حکومه‌تی عێراق هه‌مووی به‌ پێچه‌وانه‌یه‌، به‌شێک له‌ وه‌ڵاتێک که‌ له‌ حکومه‌ت ده‌پچڕێ پێی ده‌ڵێن خاکی ئازاد کراو. حکومه‌ت خۆی لێ دابراندوین، هێزێکی سیاسی ئه‌ودێ به‌شێوه‌یه‌ک ئیش ده‌کات. ده‌جولێته‌وه‌ که‌ مۆکینه‌ لایه‌که‌ی تر پێی بڵێ ئیرهاب، کاروباری تیرۆریستی – ئێستا حکومه‌ت به‌وکاره‌ هه‌ڵده‌ستێ نه‌ک ئێمه‌، ئێمه‌ ئه‌مڕۆ لایه‌نه‌ ئازادی خوازه‌که‌ین، لایه‌نه‌ دیموکراتیه‌که‌ین، به‌ڵام حکومه‌تی عێراق لایه‌که‌ی تری گرتووه‌، که‌ پێویسته‌ تاوانبار بکرێ له‌ هه‌موو دنیادا، جا بۆیه‌ به‌ هیچ شێوه‌یه‌ک ئه‌وه‌ی هه‌مانه‌ هیچ مه‌ترسیه‌کی نییه‌، نه‌ له‌سه‌ر ئێران نه‌ له‌ سوریا نه‌ له‌ تورکیا، چونکه‌ نامانه‌وێ ده‌ست له‌ کاروباری ئه‌وان وه‌رده‌ین و ئومێده‌وارین که‌ ئه‌وانیش ته‌قدیری بارودۆخی ئێمه‌ بکه‌ن و هاوکاری و پشتگیریمان بکه‌ن، چونکه‌ ئه‌و پشتگیرییه‌ی ده‌یکه‌ن بۆ ئێمه‌ ئه‌مڕۆ نه‌ک هه‌ر ته‌نیا بۆ کورده‌، به‌ڵکو بۆ گه‌لی عێراقیشه‌، سبه‌ینێ دوای ئه‌وه‌ی که‌ ئه‌و رژێمه‌ ده‌گۆڕێ، بێگومان ئه‌و هاوکاریه‌مان له‌ چاودا ده‌بێ، وخزمه‌تی به‌رژه‌وه‌ندی عێراقیش و هی ئه‌وانیش ده‌کات، وه‌ ئومێده‌وارین که‌ ساڵی نوێمان، ساڵێ بێ که‌ ئه‌نجامی زۆر باشی تیادا بێ، گۆڕانی سیاسی کۆتایی هاتن بێ به‌رژێمی ئێستای عێراق هه‌موو گۆرانکاریه‌ک له‌ سه‌رجه‌م بواره‌کانی ئابووری و فه‌رهه‌نگی وهتد.. که‌له‌و بروایه‌شداین که‌به‌و هیمه‌ت و توانایه‌ی که‌ ئیستا ئیشه‌کانی پێ راپه‌رێنین ده‌توانین ده‌وری چالاک ببینین و به‌ته‌واوی هه‌ست بکه‌ین ئازادین و له‌ژیانێکی ئاسووده‌ داین. ساڵی هه‌موو لایه‌کتان ساڵێکی خۆش و پیرۆز بێت. زۆر سوپاس.

**به‌ڕێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانیی کوردستان:**

جارێکی تریش سوپاسی برایانی به‌ڕێز ده‌که‌ین، به‌ڕێزان کاک مسعودو مام جه‌لال و کاک سامی، هه‌روه‌ها سوپاسی جه‌نابی سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران ده‌که‌ین بۆ ئه‌و وته‌ به‌نرخانه‌ی بێ گومان ساڵێکمان گوزه‌راند، له‌م ساڵه‌دا ئه‌و ده‌سکه‌وتانه‌ی که‌ جه‌ختیان له‌سه‌ر کرا، بۆته‌ مایه‌ی ئومێدو هیوای گه‌له‌که‌مان، وه‌ک و جه‌نابی سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران گوتی، هێشتا خه‌باتمان له‌به‌رامبه‌ر حکومه‌تی عێراقدا به‌رده‌وامه‌، ئه‌و هێشتاکه‌ شه‌رمان له‌گه‌ڵ ده‌کات، راسته‌ ئه‌مڕۆ ناتوانێ به‌شێوه‌ی هێزو عه‌سکه‌ری هێرشمان به‌سه‌ردا بکات، چونکه‌ هێزێکی چه‌کوشی هه‌یه‌و

وەزع گۆڕاوە، بەڵام بێگومان لە ڕێگەی ئابڵووقەی ئابووری و بە ڕێگەی ناردنی کۆمەڵی خەڵکەوە بۆ تۆقاندن و تەقینەوەکان، یان بەڕێگەی ئەو گیروگرفتانەی کە خستوویەتی یە ڕێگەی ئەو کۆمەکەی کە بۆ ئێمە دێت، چ بە دواخستنی، چ بەدانانی پیلان و تەقینەوەی ئەو لۆریانەی کە دێن، هەر بەردەوامە و هەوڵ دەدا کە ئەم ئەزموونە سەرنەکەوێت، بەڵام بەرامبەری ئەوەش، پێویستە ئێمەش قۆڵی لێ هەڵماڵین، ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراق تاقیکردنەوەیەکی دیموکراتیمان چەسپاندووە، کە لە ناوچەکەدا کەم وێنەیە، هەروەها گیانی تەبایی و برایەتیمان ڕۆژ بە ڕۆژ بە هێز تر دەبێت پێشمەرگەمان کە جێگای ڕێزو ستایشە دەبن بەیەک، دروشممان ئەمڕۆ لە بزاڤی ئازادیخوازی کوردستانی عێراق دیاری کراوەو لەسەری رازین، هەروەها لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش چەندەها بناغە دانراوە بۆ ئایندەی عێراقێکی-پەرلەمانی- فرە حزبی یەکگرتوو چەسپاو، ئەمانە دەسکەوتی ساڵی ١٩٩٢ بوون، وە ئێستە ئێمە لە ساڵی ١٩٩٣دایین، بۆیە پێویستە خۆمان کۆبکەینەوە، ئەمەی ئێستا دەست نیشان کراوەو چەسپ کراوە، پتەوتری بکەین، قۆڵی لێ هەڵماڵین و ئەو توانایایەی هەمانە، لە ئاوەدان کردنەوە و گەشەپێدانی وڵاتەکەمان زیاتر پەلەی لێ بکەین، چونکە ئەو توانایایەی کە هەیە و ئەوەشی کە دێت، دەبێ بە شێوەیەکی وەها ڕەفتاری لەگەڵدا بکەین کە بەجێگیر کردنی ئەم ئەزموونە ببێتە کۆمەکێک بۆ ئەوەی میللەتەکەمان لەم باردوخە ناخۆشە ڕزگاری ببێ، زۆر شت هەیە بیکەین بێ ئەوەی چاوەڕوان بین کۆمەکمان بۆ بێ، ئەمڕۆ خەستەخانەکانمان لەوانەیە وەک پێویست دەرمانی تێدا نەبێ، داوام وایە بەرزەفت بکرێن، ئیدارەکان ئەو توانایایەی کە هەیە دەبێ وەکو پێویست بقۆزرێتەوە پاک و خاوێنی شارەکان. بەرزەفت کردنی ڕێگاو بانەکان دەبێ زیاتر بایەخی پێ بدرێت. کە تا ئێستا جێ بەجێ ناکرێت، بەرای ئێمە ئەوە ئەرکی سەرەکی ئێمەیە بەتایبەتی ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیدارن بەم ئەرکانەوە.

هیواداریـن ساڵی ١٩٩٣ ساڵی پەرەپێدان و پتەوکردن و جێگیرکردنی ئەم ئەزموونە بێت، و جارێکی تریش زۆر سوپاستان دەکەین و ئێمە پاش ئەم دانیشتنە حەزدەکەین بۆ دوای نیوەڕۆش هەر لێرەین و لەگەڵ برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان لەکات ژمێر «٣» دانیشتنی ڕەسمی خۆمان هەیە، تکایە ئاگاداربن. زۆر سوپاستان دەکەین. کۆبوونەوەی سەر لەبەیانی تەواو بوو، کە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بوو.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

## کۆبوونەوەی دووەم ـ یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٣

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەم کۆبوونەوەیەشمان بەردەوامییە لەسەر بەرنامەی کۆبوونەوەی یەکەمی ئەم دانیشتنەمان، کە ئەمڕۆ سبەی دەستمان پێکرد. وەکو بەڵێماندا بە برادەران کەوا هەندێ لە وردەکاری و درێژەی سەفەرەکەیان بۆ باس بکەین، ئێمە بەرنامەی ئەمڕۆمان، خاڵی سێ یەم تەواو بوو، ئێستا تەنها هەوڵ دەدەم هەندێ شت دەربارەی ئەو سەفەرە باس بکەم بۆ ئێوەی بەڕێز، چونکە بە بۆچوونی من هەندێ شت لەوانەیە پێویست بێت پێش ئەوەی بیخەینە سەر کاغەز و بڵاوی بکەینەوە لە نێوان ئەو چالاکی یانەی هەردوو خولدا تاکو ئێستا بەردەوامە.

وەکو باسم کرد ئەو وڵاتانەی کە تیایانا گەڕاین سەفەرێکی مێژوویی بوو، چونکە پەرلەمان پێشینیەیەکی تری نییەو، یەکەم سەفەری ڕەسمی دەزگایەکی هەڵبژاردەی کوردستانە، کە ئەمڕۆ پێمان دەڵێن، یان خۆمان جەختمان لەسەر کردووە، (ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان).

ئێمە لەو جێگایانە تەرکیزمان لەسەر ئەو خاڵانە کرد کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ خستنمە ڕوو، جا چەند ڕاستییەک لەم گەشتەماندا هەیە، یەک لەوانە ئەوەیە کە کێشەی کورد (الحمد لله) گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە هیچ پێویست ناکات پێ ناسی بکەین، وەکو پێشان، ئێستا کێشەکە لەلایەن خەڵکی ئازادی خوازو دیموکرات خوازی حکوومەتەکانی جیهان جێگاو ڕێگای تەواوی خۆی گرتۆوە، ئەم ئەزموونە دیموکراتیەی ئێمە لە دەرەوە بایەخێکی یەکجار زۆری پێ دەدەن، ئەم تاقی کردنەوەی ئێمە نموونەیەکە بۆ ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ چەند جێگایەک، ئەوەی کە پالێودراون (ڕۆمانیاو یمن)ن، وە ئەگەر هەڵبژاردنی بکرێ، (کەشێکی واهەیە) ئەم ئەزموونەی ئێمە یەکێک لە تاقیکردنەوانەیە کە زۆر زۆر بە برەوەو تا ئێستا دراسەتی لەسەر دەکرێ، وەلەچەند جێگایەک ئەم تەئکیدەیان لە ئێمە کرد، ئەو خەڵکانەی کە ڕاسپاردراون بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەی دیموکراتی، زۆرن، ئیتر چ لە ئاستی پەیمانگاکان و چ لە ئاستی خەڵکێکی پسپۆر، لە زۆر جێگا ڕێزو ستایشمان لێ ئەنرا لە پەیمانگای ستراتیژی (دیراساتی مەلەکی) بەریتانی سوپاسی ئێمەیان کرد بۆ ئەو ئەزموونەی کە لەکوردستانی عێراق بەرپابووە کە دەرگایەکی بیرکردنەوەی نوێی کردۆتەوە بۆیان، ئەوسا ئومێدێکیان هەبوو بەو گۆڕانکاریەی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و سۆڤیێتی کۆن ڕووی ئەدا کە ئێستا ئەو پرۆژانە بەو شێوەیە دەڕوا کە ئێوەش هەموو لایەک چاودێری دەکەن، ئەمەی ئێمە شتێکی تازەیە و گرنگی وتایبەتمەندی خۆی هەیە، بەمە ناچارتان کردین کە ئێمە بڕۆین دەست بە گەڕان ولێکۆڵینەوە بکەین، چونکە بارێکی وا ڕەخساوە کە دەگونجێ لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریەی کە ئێستا لە جیهان ڕوودەدات، چونکە

ئەزمـــوونێکی بەرچاوە بەتایبـەتی لە جـیـهـانی سێ یەمـدا، چونکە لە وەڵاتانی تر کـەتووشی ڕەوشێکی وادەبن، مرۆڤ یەکەم شت بیردەکاتەوە کەشەڕێکی ئەهلیە، ئەو حزبانە یەکتر دەکوژن، ئەگەر لەسەرتاوەش نەیکەن ئەوا لە کاتی هەڵبژاردن بێ گومان دەبێتە ڕکەبەرێکی وەها لەسەر کـــورسی یەک یان دوو کـــورسی یان لەســـەر ناوچەیەک یان دوو نـاوچە. نموونەش زۆرە وەک (سـۆمـاڵ- ئەفـغـانسـتـان) وە هەندێک وەڵات هەتا ئێـسـتـا نـاتوانێ هەڵـبـژاردنێکی دیموکـراتی بکەن، هەرچەند دەوڵەتە گەورەکان حەز دەکەن UNیش بۆ خۆی سەرپەرشتی وەزعەکە دەکا، بۆ نموونە کمبودیا مـاوەیەکی دوورەو درێژە کە هەوڵ دەدەن هەڵبژاردن بکەن UNخۆی سەرپەرشتی بارودۆخەکە دەکـا، کـەچی بۆیان ناکرێت، ئێمـە لە ئوتێلی رەسـمی سـەر بە وەزارەتی دەرەوەی بەریتـانیـا بووین، لەکـاتی نان خـواردندا لەوێ واباوە مـرۆڤ رادەوسـتێ تاکـو جـێگاکـان دیاری دەکرێـن لەو راوەسـتـانە خەڵکی تریش راوەستابوون، وەفدەکانی تریش هەبوون لە نێـوان ئەوان هەندێکی خەڵکی رەسمی کـەمبـودیا هاتبوونە ئەوێ، ئیـتر لە جێگای وەها قـسـە لەگەڵ یەکـتر دەکەن، ئەوەبوو د.حەمە نەجم جاف پرسی: ئێـوە خەڵکی کـوێن؟ وتیـان: کـەمبـۆدیا، ئەوانیش پرسـیـان : ئەی ئێـوە؟ گـوتمان خـەڵکی کـوردسـتـانی عـێـراقین، یەکـسـەر کـابرا بوژایەوە، وتی کوردستـانی عـێـراق ئەزمـوونێکی هەڵـبژاردنی دیموکـراتیـتان کـرد کە ئێـسـتـا تاقـیکردنەوەیەکی تازەتان هەیە لە هەڵبژاردن، یەکـسـەر داوای کرد: ناوت چییە لە کوێ دابەزیت حەزدەکەین بتان بینین، چونکە ئێمـە مـاوەیەکی دوورو درێژە بە تەمـاین هەڵـبـژاردنێکی دیموکـراتی بکـەین، بەڵام نـاتـوانـین، هـەرچـەنـدە UNیارمـەتیـمـان دەدات، حەز دەکـەین لەگـەڵتان دانیـشین ئێـوە چۆن توانیـوتانە ئەو ئەزمـوونە دیموکـراتییە ئەنجام بدەن، و ئەو وەزعە سەرخەن، لە کاتێکدا وەک ئێمە بیستوومانە ئێوە فرە حزبین، ئینسان کە شتی وادەبستێ سەربەرز دەبێ و شانازی دەکا بە کورد، لە چەند جـێگای تر چ سـەرۆک پەرلەمـانەکـان و چ لیـژنە بنەڕەتیـەکـانی پەرلەمـان وەکـو لیـژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو لیژنەی کاروباری مرۆڤایەتی و دیموکراتی، ئەم سەرسامییەمان ئەبینی لە رووی زۆربەی سـەرۆک پەرلەمـانەکان بێگـومـان هەر (مـوجامـەلە) نەبوو، بەڵکو بەرێزەوە بوو بە ئێمەیان دەگوت بەراستی ئێمە نازانین چۆن هەستی خۆمان دەربڕین، یاخود زۆر جەختیـان لەسەر ئەوە دەکـرد کـە ئایا ئێـوە چۆن توانیـوتانە ئەو وەزعـە بخـولقـێـنن و ئیـدارەی ئەم وەزعـە بکـەن، بەتایبـەتی کە ئێمە باسی باری ئابووری خەڵکمـان دەکرد و نەبوونی و گرانی و ئەو گـەمارۆیانەی کە ئێستـا لەسەرمانە، هەروەها باسی ئەو وەزعە سیاسی و میلیشیـایەمان دەکرد زۆر بەچاوێکی رێزەوە تەمـاشـای ڕەوشـەکـەو ئەزمـوونەکـەمـانیـان دەکـرد، چەند جـار دووپاتیـان کـردەوە (خـوا هاوکـارتـان بێ، چۆن دەتوانن ئەو وەزعـە راگرن). هەندێکیـان بە ئێمـەیان دەگوت: لە کـاتێکدا لێـرە ئەگـەر لەسەر تاکسی یەک. باجێک، یان کـووکـەیەک (فضـیـحـەیەک) لە وەزیرێک، یان ئەنداميـێکی پەرلەمـان رووبدا، دەبێـتـە هەڵلایەکی وەهـا حکومـەتێک دەڕوخێ، ئێـوە لە ژێر وەزعێکی وا ناخۆشی ئابووری و سـیـاسی، لەجـیـاتی ئەوەی بکەونە وێزەی حکوومەتی هەرێمی

خۆتان، یەکترتان گرتووە و بەو شێوەیە ئێستا خۆتان بەڕێوەدەبەن، زۆر گوێ بیست بووین لە پەرلەمانەکان لە خەڵکانی سیاسی و لە دەزگا رەسمییەکان کە بەوجۆرە سەیری ئەم ئەزموونە دیموکراتیەی ئێمە دەکەن و هەمووشیان تاکیدیان لەسەر پشتگیری دەکردەوەو بە ئەرکی سەرشانی هەموو ئینسانێکی دیموکرات خوازیان دائەنا. چونکە ئێمە بەتەواوی جەختمان دەکرد کە ئێمە بەو هەموو نارەحەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیداری.. هتدە... و لەشوێنێکی داخراوی جیهان ئەم پرۆسە دیموکراتیە بەڕێوەدەبەین، بۆیە بەتەنها پیادەکردنی ئەمە زۆر گران لەسەرمان دەوەستێ، بۆیە بەبۆچوونی ئێمە ئەمە ئەرکی هەموو مرۆڤێکی دیموکرات خوازو دەزگایەکی دیموکراتی یە لە دنیادا، لە هەموو ئەوانەی خەباتی بێ وچان دەکەن بۆ مەسەلەی مافی مرۆڤ، چونکە ناوەرۆکی خەباتی ئێمەش بریتی یە لەو سێ شتە (دیموکراتیەت و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ- ئازادی)، کەس لەوە رەخنەی نەبوو و بەگەرمی لایەنگری و دڵنیا یان دەکردین، بەڵێ، ئێمە لەو وڵاتانەی سەردانمان کردوون گلەیی خۆمان دەکردوو وڵات بەوڵات باسمان دەکرد، هەمیشە جەختمان لەسەر کاولکاری و ئەو کارەساتانە دەکرد کە بەسەرماندا هاتوون لە ئەنجامی ئەو پشتیگیری یەی کە لەو رژێمە دڕندەیە دەکرێ تاکو ئەمڕۆش، جەختمان لەسەر مەسەلەی یارمەتی دانمان دەکردەوە لە ڕێگەی UNەوە لە ڕێگەی ڕێکخراوە مرۆیی یەکانەوە ئێمە پێچراوەیەکمان (مەلەفێکمان) هەبوو، ئەو مەلەفە لە هەموو جێگایەک جەختمان دەکردەوە و رەخنەیەکی یەکجار زۆرمان ئەکرد لەو ڕێکەوتنەی نێوان (ئیلیاسون و حکومەتی عێراق)وە بەبەڵگە هەوڵمان ئەدا ئەو راستی یە روون بکەینەوە، بۆیە کاریگەریەکی باشیشی هەبوو، تا ئەو رادەیەی بۆ نموونە لە پەرلەمانی سویدی دوای ئێمە بەرۆژێک دوو رۆژ، هەموو حزبەکانی ناو پەرلەمانی سویدی یادداشتێکی توندوتیژیان راستەوخۆ بۆ ئیلیاسۆن لە نیویۆرک نارد، ئەو شتانەی کە ئێمە لەیەکێک لەو لیژنانە جەختمان لێ کردوو باسمان کرد و ئەو خاڵانەی جێگای رەخنە بوون باسمان کرد (هەرچەندە هەمو ڕێکەوتنەکە جێگای رەخنەیە) ئەوان چەسپیان کرد، لەدوا بڕگە دەپرسن لە ئەلیاسۆن، نەدەبوو تۆ پێش ئەوەی ئیمزای بکەی، پرسیارێکی نوێنەرانی هەڵبژاردەی خەڵکی کوردستان بکەی کە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستانە؟ رایەکیان وەربگیرێ پێش ئیمزاکردن؟ ئەوە دوا پرسیاربوو، پێش ئەوەش هەموو ئەو خاڵانەی کە پەیوەندی بەنرخی گۆڕینەوەی پارە هەیە، کە رەزامەندیمان لەسەر کردووە، لە چۆنیەتی گەیاندنی ئەو کۆمەکە بۆ کوردستان، یان ئەو بڕگەی کە پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەگەر لەم چوار مانگە ئەو پارە تەواو نەبێ، هەرچی پارە دەمێنێتەوە دەگەڕێتەوە گەنجینەی دەوڵەتی عێراقی، ئەوانە هەموو جێگەی رەخنەیان بوو، دوا شتیش ئەو پرسیارانەیان لێ کردون و، لە بەریتانیا لەلای (لیندا جۆکەر) کە وەزیری کاروباری هاوکاری و مرۆڤایەتی یە، لە دوا رۆژەکانی زیارەتەکەمان بینیمان و ئەویش جەختی کردوو وتی پێش سێ چوار رۆژ لێرە لەم ژوورەدا، ئێمە رەخنەیەکی توندمان لە ئیلیاسۆن گرت لەسەر ئەو ڕێکەوتنە، پاشان لە کاتی خوا حافیزی گوتی: ئێمە جارێکی تریش

بانگی دەکەین و هەموو رەخنەکانی لێ دەگرین و ئێمەش لەگەڵ ئێوەین، ئەو رێکەوتنە لە بەرژەوەندی میللەتی ئێوە نییە، بێ گومان لەگەڵ ئەو سیاسەتەی UNو ئەنجوومەنی ئاسایشیش ناگونجێ. بەرامبەر بە حکوومەتی عێراق.

ئێمە لە کرۆکی مەسەلەی هاوکاری و کۆمەک، جەختێکی زۆرمان دەکرد کە دەبێ پەلە لەو کۆمەکە بکرێ، بەتایبەتی بۆ ئەم زستانە ئەوەی تەرخان کراوە کەمە و دەبێ زیاتر کرێ، هەروەها جەختمان لەسەر مەسەلەی سووتەمەنی دەکرد و رەخنەمان لە شێوەی ناردنی سووتەمەنی و خۆراک دەگرت، داوامان دەکرد کە لە رێگەی بەغداوە نەبێ، پاش ئەو تەقینەوانەی کە رووياندا، دیسانەوە سووربووین کە پێویستە UN ئەو کۆمەکانەلە رێگای زەمینی یەوە بیگەیەنێ یاخود بە رێگای ئاسمانی یا هەر شێوازێکی تری گونجاو، بۆ ئەمەش ئێمە چەند پێشنیارێکی کۆنکریتیمان هەبوو.. ئەوە بوو کە هێڵی «٣٦» بگوردێ بۆ هێلی «٣٤» ئەگەر ئەوەش پێویستی بە بریاری دوورو درێژە ئەوا لای کەم پاڵ بە چەند کیلۆمەترێکەوە بنێن، بەتایبەتی ئەو رووبەرەی پەیوەندی هەیە بە رۆژاوای کوردستان و رۆژهەڵاتیەوە. واتە ئەو ٥و٦ کیلۆمەترەی لە فایدەی لای موسڵەوە، کە ئەگەر هاتوو هێزەکانی عێراق ناچار بکرێ، حەقی خۆشیانە ناچاریان بکەن چونکە ئەو ناوچەیە دەکەوێتە نێوان هێلی «٣٦» موسڵیش دەکەوێتە نێوان ٣٦ لەبەر ئەوە داوامان دەکرد لای کەم هەوڵ بدەن وەک قۆناغی یەکەم پاڵی پێوە بنێن و ئەو هێڵە ئازاد بکەن لە کۆنترۆڵی رژێمی عێراق، کە جەختمان لەسەر ئەمە کرد، بەڵگەمان بەدەستەوە هەبوو کەوا عێراق گرفتمان بۆ دەخوڵقێنێ، هەر لە جنێڤ دەستمان پێ کرد، یادداشتی نێوان ئەلیاسۆن و نزار حمدون، ئەوەی ئیمزا کراوە لە لایەن UN و حکوومەتی عێراقەوە دەستمان کەوتووە و هەر لەوێ تەماشامان کردووە بەند بەندی، دوایی هێرشمان کردە سەر ناوەرۆکی یاددشتەکە هەر لە(نەتەوە یەکگرتووەکان)و (یونیسیف) لەگەڵ خاچی سوور و رێکخراوی مافی مرۆڤ هەموو لیژنەکان کە سەرپەرشتی مەسەلەکانی کۆمەک و هاریکاری دەکەن بۆ عێراق، کە مەکتەبی ئەلیاسۆنیش دەگرێتەوە، ئێمە لای ئەوان هەموو رەخنەمان چەسپاند و هەر لەوێ دەستمان بەرەخنەی ئەوان کرد، بەڵگەشمان جگە لە ناوەرۆکی ئەو ئیتفاقە ئەوە بوو، کە ماقوڵ نییە، UNکۆمەکمان لە رێگای رژێمەوە بۆ بنێری کە ساڵەهایە لە دژمان شەری کردووەو پێشێلی هەموو مافەکانی مرۆڤی کردووەو وڵاتەکەمانی وێران کردووەو چەکی کیمیایی و بایلۆجی و بەکۆمەڵ کوشتن و خاپوورکردنی بەکاربردووە لە ٩٠٪ ی لادێی ئیمەو هەروەها زیاتر لە «٢» میلۆن کوردی لە ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان توند کردووە، بە ئیرادە و ویستی خۆی هەرچی پەیوەندی هەیە بریوبەتی، ئیدارەکانی خۆی کشاندۆتەوە و ئابڵووقەی سەپاندووە بە سەرماندا، بەچوار شێوە شەرمان لەگەڵ دەکا، ئەگەرپێنجیش نەبێ لەو رۆژەی هێزەکانی دەوڵەتان پارێزگاری ئێمە دەکا، ئەوان شەڕی ئابووریمان لەگەڵ دەکەن، خەڵکی تۆقێنەرمان بۆ دەنێرن و لە کوردستان خراپەکاری دەکەن ئێستا نزیکەی نیو ملیۆن ئاوارەمان

هەیە، بە تایبەتی خەڵکانی کەرکووک ودوزو خانەقین و هەندێ شوێنی تر کە وەختی خۆی لە خوارەوە ناچار کراون کەشوێنی خۆیان بەجێ بهێڵن و ئێستا ناتوانن بگەرێنەوە شوێنی خۆیان.. یاخود ئەو رێکەوتنەی کە ئێستا ئێوە داوای دەکەن. رژێم قۆستویەتیەوە (استغلالی) کردووە و وا خەریکە کۆمەڵێک گرفتمان بۆ دروست دەکات، چونکە ماقوڵ نییە دوو مانگ و نیودانوستانیان لەگەڵ بکا، تەنها رێکەوتن مۆر بکات، پاش ئەوەی لە ٢٢ی ئۆکتۆبەر ئیمزایان کردووە دوای زیاتر لە «٤٠» رۆژ پاشان بواری داوە وەجبەیەک بە ئێمە بگات، چۆن مرۆ متمانە دەکات رژێمێکی وەها کۆمەک و ئاسانکاری بۆ ئێمە بکات، ئێمە بە شتێکی مەنتقی نابینین، بە پێچەوانەوە بۆنی گوژمەیەکی (سەفقەیەکی) لێ دێت و «٥» بیانومان هەبوو بۆ (ئەلیاسۆن) کە ئەمە بۆنی گوژمەیەکی (صفقەیەکی) لێ دێت چونکە ئەلیاسۆن دبلۆماسێکی سویدیە و لە هەموو کەس باشترە لە دبلوماسیەتی ئەم چاخە، سەدام دەناسێ، لە ساڵی ١٩٨٠وە یاریدەدەری (ئلوف پالمە) بوو بۆ ناوبژی کردنی نێوان عێراق و ئێران، لە شەڕەکە بڕیارێکی UNئەوە بوو وەکو یاریدەدەری ئەو، سەردانەکان بکات، و بچێتە عێراق و ئێران، لەبەرئەوە رژێمی سەدام باش دەناسی و، دیبلوماسی سویدیش لە پاش راپەڕینی ٩١ بەم لاوە بۆ بابەتەکانی UN دەورێکی بالاَیان هەبووە، هەمیشە نوێنەرێکی ئەوان هەبووە، پێش ئەو سوویدێکی تر بوو، ئێستا (ئەلیاسۆنە) کەوا ساڵێکە لەو کێشەیە بەشدارە و باش دەزانی حکوومەتی عێراق ئەو ماوەیە چی کردووە و چی نەکردووە دژ بە رێکخراوەکانی UNیان دژ بەوکۆمەکانە، دەمانگوت ئەمانە هەمووی دەزانی و کابرایەکی ساویلکە نییە تاکو گۆلێکی وای لێ بکرێ.. دیسان ئەو، لیژنەیەکی یاسایی لەگەڵ نەبووە کە زانیاری هەبێ لەسەر بابەتەکانی یاسایی نێو دەوڵەتان یان ئەو زانیاریە یاساییانەی هەبێ کە بڕیارەکانی ٦٨٨و ٦٨٧ و ئەوانی تریش کە عێراق دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر یەکێکی زانا لە یاسای نێودەوڵەتان بیزانیبایە، بێ گومان رێککەوتنێکی وەهایان مۆر نەدەکرد، سەرەڕای ئەوە، «٣» کەسی سویدی لەلایەن رژێمەوە گیراون کە حکوومەتی عێراق لەو کاتەدا ٧ ساڵ حکومی دان، لە هەمان کاتدا ئەو گفتوگۆی هەبوو لە لە نێوان ئەلیاسۆن. واتا UN وعێراق بۆ ئەو رێککەوتننە حکوومەتی عێراق هێمایەکی کرد کە ئامادەیە دانووستان، لەگەڵ حکوومەتی سویددا بکات، بۆ چارەنووسی ئەم ٣ کەسە، بیان بەخشێ پاشان شتێکیان بۆ بکات، لەو کاتەوە رای دەکێشی تاکو ئێستا، ئێمە کە چووین بۆ سوید لەگەڵ ئەو هێمایانەی کە بۆمان هات لە سەرۆکی پەرلەمانی ئەوان گوتیان لەوانەیە سەرۆکی پەرلەمان نەتوانێ خۆی بتان بینێ، چونکە ئەو ئێستاسەرۆکایەتی گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی (مجلسی وطنی) عێراقدا دەکات بۆ چارەنووسی ئەو سێ کەسە، گوتمان سێ چوار مانگە ئەم وتووێژە هەر بەردەوامە. گوتیان: ئەوە لەبەر ئەوەی لەوێ یە. عێراق ئەگەر ببینێ کە لەگەڵ وەفدی پەرلەمانی کوردستان دادەنیشێ، دەیکا بە بیانوو، تاکو چارەنووسی ئەوانە بخاتە مەترسیەوە ئێمەش خەبەرمان بۆ ناردنەوە وتمان ئەگەر دەزانن زیارەتی

ئێمە دەبێتە مەترسی لەسەر ئەو سێ هاوولاتیە سویدیە، ئێمە دەتوانین زیارەتەکەمان دوا بخەین، چونکە دەزانین کە ئەم رژێمە چ دڕندەیەکە ئەمەی کە ئێوەش لەگەڵی دەیکەن تا ئەو رادەی بە پێویستی دائەنێن ئێمە دوای دەخەین و ئێمە پەلەمان نییە و باروددۆخی ئێوە لەبەرچاو دەگرین ئەوەیان لێ قەبوڵ نەکردین، گوتیان نەخێر پەیوەندی نییە، بەوەوە، بەخێر بێن، تەنها ئەم گرفتە هەیە، ئەمەش بەراستی یەکێکە لەم خاڵانەی کە (ئەلیاسون) ئەفەندی ئەوەند سەرشۆر بووە بەرامبەر حکوومەتی عێراق ئەو پێک هاتەی کردووە، ئەو هەلە گەورەیەی لەدەستی میللەتی ئێمە داوە، چونکە ئەو پارەیە «٩٠» میلۆن دۆلارە، لە هاوینەوە ئامادەیە، پاش ئەو هەڵڵایەی کە دروست کرا، وەزعی ئێمە بەو شێوەیە عێراق ئابلووقەی داناوە نەیهێشتووە نەوت و شت بێت، ئەوان ئەو برە پارەیان لەسەرەتای زستانەوە ئامادە کردووە کە «٢٠» ملیۆن لیتری سووتەمەنی بگاتە کوردستان لەگەڵ خۆراکدا، ئەگەر بەپێی اصول بروات دەبێ ئەو نەوتە لە عێراق بە نرخی خۆجێی بگاتە دەستی ئێمە بەڵام بە پێی ئەو رێکەوتنە دەبی بە دۆلار بێ، دۆلاریش بە نرخی رەسمی کۆن نزیکەی دینارێک بە ٣٫٥ سێ دۆلارو نیو حسابیان کردووە کە وردمان دەکردەوە بە پێنجی و دەیی وەکو ناویان لێناوە ئەسلی، ئەوکاتە حسابمان دەکرد، لە حدودی (٢٠-٢٥) واتە لە (٧٠) دینار، دینارێکی بۆ ئێمەیە، «٦٩»ی بۆ گەنجینەی عێراقە ئەگەر بکرێتە پارەی چاپکراو، لە دەوروبەری چل دەبێ، یەک دینار بۆ ئێمە و «٣٩»ش دەچێتە گەنجینەی رژێمەوە، ئەمە چ رەوای حەقە؟ عێراق لە رەوشێکی وەها بەو شێوە لەبەشی ئێمە ئەوەندە سوودمەند بێ، ئەی کەی ئەمرۆ دینار بە ٣٫٥ یان ٢٫٥ یان (١٫٥)یشە ئەو خەڵکە کە بە تێکرا دیتمان پشتگیری لە راو بۆچوونی ئێمە دەکەن، بۆیە زۆربەی لایەنەکان زیزن لەو پێک هاتە و بەئاشکرا رەخنەی لێ دەگرن، لەبەرئەوەی سەرشۆڕی ئەلیاسۆن حاشا هەڵنەگرە، ئەوە ئیتر بەڵگەیەکی رەوایە بەدەستی ئێمەوە کە جەخت بکەین کە چیتر ئەو وەزعە تەحەمول ناکرێ و ئەو کۆمەک و یارمەتیەی کە بۆ ئێمە دێت لە رێگای رژێمێکی ئاوادا بێت بۆچوونی ترمان خستۆتە پێش چاویان. لەسەر مەسەلەی تەقینەوەی لۆریەکانی خۆراک هەڵگر و شتی تر کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریمان بەست کە خەڵکێکی زۆر هاتبوون تەلەفزیۆن و راگەیاندنەکان لەوێ بوون، ئێمە پێشنیارێکمان کردو داوامان کرد لە شخصی میتران کە وەکو بەیانی باسم کرد کە بابەتەکە خودان بکات و کۆبوونەوەیەک داوا بکەن لە ئەنجوومەنی ئاسایش وئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، کە گەیشتینە تورکیا بۆ رۆژی دوایی سەفەرمان کرد، لەوێ قسەمان لەگەڵ برادەران کرد دوو رۆژ گوتیان کۆبوونەوەی حکوومەتی فەرەنسایە ئەو رۆژەی کە تەلەفۆنیان بۆ ئێمە کرد یەکێک لەو خاڵانە ئەوەیە کە ئێستاکە دەگەڕێن کە رێگایەکی تر بدۆزنەوە و شێوەیەکی تر دانێن بۆ ناردنی کۆمەک بۆ میللەتی ئێمە، لە زۆر لەو وڵاتانەی کە ئێمە ئەو پرۆژانەمان خستە بەرچاویان کە پەیوەندی بە بەرێوەبردنەکانی کوردستانەوە بوو ئەوە بوو دابەشمان کردە سەر ئەو دائیرانەی کەسەردانمان دەکرد، بۆ نموونە دامان بە شارەوانی (هانۆڤەر)، وابزانم هەندێکیشیان بە

شارەوانی (لۆزاندا) و ئەوانەی بەڵێنیان داینێ کە دیراسەتی ئەو پێداوێستیانە بکەن، هەروەها ئێمە هی ناوخۆو گەشەپێدان و دادمان پێ بوو، ئەو پرۆژانەی دابەشمان کردبو، وڵات بە وڵات بەڵێنیاندا کە تاوتووی بکەن بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ زانکۆکانیش ئێمە پرۆژەکانمان دابەش کردە سەر چەند دامودەزگایەک، بەڵام لە فەرەنسا بۆ نموونە پێداویستی پەرلەمانی کوردستان لە رووی تەکنیکی یەوە بەرنامەیەکمان هەبوو و پرۆژیەکمان پێک هێنا کە بەکۆمەکی چەند پسپۆرێکی کوردی لەوێ بۆ سستەمێکی کۆمپیوتەرکاری بۆ پەرلەمانی خۆمان بکەن ئەویش بە ٣ قۆناغ هەر کامیان هەڵبژێرن گرفت نییە بۆ ئێمە، چونکە یەک تەواوکەری ئەوی ترە ئەویش دەمێنێتەوە سەر توانا بە پێی پارەکەی تەرخان کرابوو، ئەگەر ئەوەندە تەرخان بکەن ئەم سیستەمە دەگرێتەوە، ئێمە پرۆژەکەمان لایە، پاش ئەوەی کە سەردانی «برنارد کۆشەر»مان کرد. وەزیری تەندروستی و کاروباری مرۆڤایەتییە لە فەرەنسا ئەو داوایەی کرد کە لیژنەیەکی هاوبەش دروست بکەین، بۆ ئەوەی کە زۆر پێویستە، چونکە وەک و دەرکەوت، ئەوان بایەخ دەدەن بە یارمەتیدانی زانکۆکان و پەرلەمانی کوردستان و مەسەلەی دیموکراتیەت نزیکەی سەعاتێک لەگەڵ یەک دانیشتین، تەنها بۆ ئەوە داوامان لێ کردن دەبێ رۆژی پاشتر پرۆژەکە ئامادە بێ و لیژنەی هەردوولا پێکەوە دابنیشن، شەو پرۆژەیەکمان ئامادە کرد کە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە لە بابەت پرۆژەی کۆمپیوتەر و هەروەها پێداویستی یەکانی پەرلەمان خۆی لە بابەتەکانی تری رۆژانە کە پێویستیمان پێی هەیە وە هەندێ توانای ماددی، بۆ دانیشگای سەلاحەدین پرۆژەیەکمان ئامادەکرد بۆ دانیشتگای سلێمانی و دهۆکیش، پرۆژەیەکی تریش ئامادەکراو بەڵێنیان دا بە زووترین کات لە وەجبەی یەکەم یارمەتی بگاتە دەستمان، ئێمەش وا چاوەڕوان دەبین، لە فەرەنسا رێکخراوی کاثۆلیک دژی برسێتی هەندێ پارەی کۆکردبۆوە کە نزیکەی ١٤ هەزار دۆلار بوو بۆ دانیشگای سەلاحەدین برادەران وەریان گرت و لێرە دەبێ بریارێکی لەسەر بدەین بۆ ئەوەی بینێرین بۆ دانیشگای سەلاحەدین. لە نەمسا بەڵێنیان دا کە کۆمەکێکی باشمان بکەن، وەکو دەزانن ئێمە میوانی «هانس فیشەر» بووین سەرۆکی پەرلەمانی نەمسا کە بانگهێشتی ئێمەی کرد، ئێمەش لای خۆمانەوە سوپاسێکی گەرممان کرد، چونکە رێگەی بۆ خەڵکی تریش کردەوە، بۆ نموونە با هەندێ لەو وێنانەتان پێ نیشاندەین کە چۆن پێشوازیان لێ کردین ولە زۆربەی پەرلەمانەکان بەرەسمی پێشوازی و بانگهێشت دەکراین دانیشتنەکانی پەرلەمان، لەوێ جێگای دانیشتنی تایبەتیان هەیە بۆ میوانان «لوج»، بۆ نموونە ئێمە لە ئەڵمانیا چووینە «لوجی» برایانی سۆسیالست- دیموکراتی وەبەرەسمی سەرۆک پەرلەمانی فیدرال بە خێرهاتنی وەفدەکەمانی کرد، لەنەمساش هەمان شت لە «لوجی» سۆسیالست دیموکراتەکان دانیشتین کە سەرۆکی پەرلەمان لە کاتی دانیشتنی پەرلەماندا «هانس فیشەر» بەخێرهاتنی رەسمی کردین، بە چەپڵە پێشوازیمان لێ کرا. پاشان سەرۆکی پەرلەمان «فیشەر» سەکۆی «منبەر»ی سەرۆکایەتی بەجێهێشت و لە کاتێکدا کۆبوونەوەکە بەردەوام بوو، هاتە دەرەوە

بەخێرهاتنی گەرمی کردین و چەند دەقیقەیەک لەگەڵمان ڕاوەستا و پرسیاری بەرنامەکەی کرد، کە ئایا بەدڵمانە یاخود نا؟ دوای نیوەڕۆ دیدەنی ڕەسمیمان لەگەڵیدا هەبوو، بۆ ماوەی دوو سەعات کۆبووینەوە.
هەندێ لە پەرلەمانەکان ڕێورەسمی خۆیان هەیە، سەرۆک پەرلەمانی وڵاتێکی مەرکەز. دەبێ سەرۆک پەرلەمانی وڵاتێکی مەرکەز ببینێ، ئێوە دەزانن پەرلەمانی ئێمە ناسراوە بە پەرلەمانی فیدرالی حکومەتی ناوچەیەکە ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ هەرێمییە، بەڵام بۆ ئەوەی تەنها پشتگیری خۆیان پیشان بدەن و دۆستایەتی خۆیان و بایەخدان بە ئەزموونی دیموکراتیمان پیشان بدەن، هەوڵیاندەدا هەندێ شتمان بۆ بکەن، بۆ نموونە لە بەرنامەی دانیمارک ئێمە دەبوایە بەرەسمی جێگری سەرۆکی پەرلەمان ببینین کە ئافرەتێک بوو. دانیمارک گرفتێکیان لە مەسەلەی ڕێورەسمدا (تەقالید) هەیە، چونکە ئەوانیش یەک دوو دوورگەیان هەیە، شێوە فیدرالیەکیان هەیە کە لەگەڵ ئەڵمانەکان تۆزێک گرفتیان هەیە، لەوە زۆر توندوتیژن لەوەی کە کێ کێ ببینێ. سەرۆکی پەرلەمان دەبێ سەرۆکی پەرلەمان ببینێ، نابێت سەرۆک پەرلەمانێکی فیدرال، سەرۆک پەرلەمانێکی مەرکەز ببینێ، ئەوە شتێکی کۆنە لەناویانا، بەڵام کە چووینە پەرلەمانی دانیمارک پاش دیتنی ڕەسمی لەگەڵ جێگری سەرۆک پەرلەمان و چەند بەرپرسیارێکی تر وەپاش وەسف کردنی وەزعی خۆیان، یەکێک لە ئەرکەکانی ئێمە پرسیار بوو، ئەو پەرلەمانە چۆن ئیش دەکات و، بۆ ئەوەی هەندێک تاقیکردنەوەو شت وەربگرین، ئەوەبوو جەولەیەکی ناو پەرلەمانی یان پێ کردین و ژوورو هۆڵەکانیان نیشاندایین، لیژنەکان لە کوێ دادەنیشن و چی دەکەن، پاشان بە ڕێکەوت لە ڕێڕەوێکی «کلیدۆرێکی» پەرلەمان بوو سەرۆک پەرلەمانی دانیمارک بەرەو ڕوومان هاتوو پاش هەندێک گفتوگۆ، وێنەمان لەگەڵ یەکدی گرت، پرسیاری گەشتەکەی ئێمەی کرد، کە چۆنە؟ گوتی من خۆم چاودێری سەفەری ئێوە دەکەم و ئەوانەی باستان کردووە، ئاگاداریم هەیە لەسەری و پاش چەند دەقیقەیەک، دەبوایە بە ڕێگەی خۆی بڕۆشتبایە، نەخێر جارێکی تر کە ئێمە خوا حافیزیمان کرد، پشتاوپشت، دیسان گەڕایەوە بۆ هۆڵەکەی خۆی کە هۆڵی کۆبوونەوەکان بوو، چونکە هێشتا پەرلەمان لە کۆبوونەوەدا بوو، یەکێک لەگەڵمان دلمان (دەلیل) بوو بەزمانی دانیمارکی نزیک لەزاراوەیەکی سویدی گوتی باش بوو سەرۆک پەرلەمانیشتان بینی، لەبەرنامەدا نییە بۆ ئەوەی تۆزێک جەخت بکەم لەوەی کە لە مێشکی مندا بوو، گوتم ڕێک کەوتێکی باش بوو، گوتی نەخێر ئەوە ڕێک کەوت نەبوو، وا تا ئەمڕۆ هەست دەکا ئەو خەڵکە هەتا ئەگەر ڕێ ورەسمی خۆشی ڕێگا نەدا، بەڵام پێیان واجب بوو کە پێشوازی لە پەرلەمانی کوردستان و پشتگیری لە ئەزموونە ساوایەکەی بکەن، چونکە وەکو بەڕێزانیش باسیان کرد هیوای میللەتەکەمانە، بەڵکو جێگای دڵخۆشی هەموو کوردێکی دڵسۆزە و ئومێدی هەموو دیموکرات خوازو ئازادی خوازێکە، باوەڕ بکەن بە پەرۆشەوە چاودێری ئەم ئەزموونە دەکەن، بۆیە لێرە جەنابی مام جەلال بەیانی گوتی: ئێوە دەستتان لە هەویرەکەدا بووەو

نازانن خەڵک لەوێ چۆن تەماشای ئەو ئەزموونە دەکەن، لەڕاستیدا وایە نازانین خەڵکانێکی تر چۆن تەماشای ئەو ئەزموونە دیموکراتیە دەکەن و چۆن ڕێزی دەگرن و چۆن بەدواداچوونی دەکەن لەو چاوپێکەوتنانەنە چەند پرسیاری گرنگیان لە ئێمە دەکرد بۆ ئەوەی بەوردی لە چۆنیەتی ئیشکردنی ئێمە بزانن، چونکە ئێمە باسی میکانیزمی ئیشی پەرلەمانی خۆمان بۆ دەرکردن، زۆریان بە سەرسوڕمانەوە دەیناگوت: ئێوە چۆن دەزانن، نە پەرلەمانتان هەبووە و نە ئەزموونی دیموکراتی!، زۆر جار لە ئێمەیان دەپرسی ئێمەش وا دەکەین و وا دەکەین، ئیتر ئەو ووشە وادەکەین، وای دەکرد کە دڵنیا بین.. جارێکیان گاڵتەم لەگەڵ یەکیان کرد گوتم ئێمە دەمێکە لەقۆناغی (مەشاعی)مان ڕەت کردووە، لەبەر ئەوە بایەخێکی یەکجار گرنگیان بەم وەزعەی ئێمە دەدا، کە ئێمە باسی پسپۆریەکانی ناو پەرلەمانمان دەکرد دەمانگوت لە ٢٣٪ی پەرلەمانتارەکانی ئێمە لە تواناداره پەروەردەییەکانن و پاساویشمان دەهێنایەوە بۆ ئەوەی کەدەبێ توانای پێویست لە پەرلەماندا هەبێ، چونکە ئەوەندە ساڵە میللەتی ئێمە لە ژێر زوڵم و زۆری بەغدایە، هەرچی سەرخانی کۆمەڵایەتی ئێمە هەیە تێک دراوە جگە لەوە بنخانی ئابووری خاپوور کردووە، بۆیە پێویستە بۆ کۆمەڵگای ئێمە پەرلەمان بە بنیادی پەروەردەیی کوردستاندا بچێتەوە، چونکە شتێکی یەکجار گرنگ و بنەڕەتییە، جەختمان دەکرد لە ١٧٪ی پەرلەمانی ئێمە یاساناسن و چاو کراوەن هەستیان دەکرد کە لە وڵاتی ئێمە قانون ناسی هەیە، پاساومان دەهێنایەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە عێراق پێش «٧٠» ساڵ دروست کراوە و ئێمەش پارچەیەکین لەم وڵاتە، لەم ماوەیە یان شەڕ بووە لە کوردستان یان یاسای نائاسایی پیادەکراوە بەتایبەتی لەم بیست سی ساڵەی دوایی یە ئەوەی ڕێزگرتنە لە لە یاساو مافی مرۆڤ لەوڵاتی ئێمە نەبووە، سەدام هەرچی یاسای ڕەگەزپەرستی هەیە و هەرچی تەشقەڵە هەیە بە میللەتەکەمان کردویەتی، باوەڕمان ئەوەیە کە دیموکراتیەت بەبێ دەوڵەتی یاسا دروست نابێ ڕێزگرتن لە یاسا یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ئەمڕۆی ئێمە. جەختمان دەکرد لە ١١٪ی پەرلەمانی ئێمە لە ئەندازیارانە، ودەستنیشانی وێران کردنی کوردستانمان دەکرد وەچەند پێویستیمان بەو پسپۆڕانە هەیە ،هتد..

بەڕێزو سەرسوڕمانەوە تەماشای تواناکانی ناو پەرلەمان دەکەن، باوەربکەن لە زۆر جێگە لە پەرلەمانەکان گوێتان لێبووە گوتوویانە ئێمە ساڵەهای ساڵە پەرلەمانتارین، کەچی ئەوەندە خاوەن توانامان تیا کۆنەبووەتەوە. ئەو خەڵکە ئومێدێکی زۆری بە ئێمە هەیە و ڕێزێکی بێ پایان لەم ئەزموونە دەگرن بۆیە پێویستە ئێمە ئەو وێنەیە زۆر بە وردی تەماشا بکەین و باش بیری لێ بکەینەوە و پیاچوونەوەیەک بە کاروباری خۆماندا بکەین بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەو گرنگی پێدانە بین، لە هەموو پەرلەمانەکان هەوڵماندەدا بانگهێشتی دەستەی سەرۆکایەتیان بکەین و کەس بە ئێمەی نەگوت نایەین، بە پێچەوانەوە هەندێکیان خۆیان بە ئێمەیان دەگوت بانگهێشتمان (دەعوەتمان) بکەن، بۆ نموونە بۆ کاتی خوا حافیزی لەسەرۆک پەرلەمانی فەرەنسی گوتی من

حەزدەکەم بێم بۆ کوردستان، گوتمان بەخێر بێی بەسەرچاو، بەڵام من بە دواداچوونێکم کرد گوتم هیوادارم کە تا ئەوسا هێشتا سەرۆک پەرلەمان بیت. چونکە ئەوان نزیکی هەڵبژاردن بوونەتەوەو وەزعیان تۆزێک باش نییە ئەم ساڵ، (وفودێکی) پەرلەمانی زۆر سەردانمان دەکەن، چونکە هەر شوێنی کە ئێمە ڕۆیشتووینە یان خۆیان هێمایان داوە یان ئێمە دەست پێشخەر بووینە بە بەرژەوەندمان زانیوە دەعوەتمان کردوون وەک و گوتم کەس نەیگوتووە نایەین وەهەندێکی داوا دەکات بەرەسمی بانگهێشت نامەی بۆ بنێرین و هەندێکی تریش بەزارەکی.

کاروبارەکانی ئێمە لە دەرەوە تووشی چەند تەنگوچەڵەمەیەک بوو. یەک لەوانە ئەو گیروگرفتانەی لە کوردستان ڕوویاندا وەختێکی زۆری ئێمەی کوشت کە دەبوایە تەرخان بکرابایە بۆ ئیشی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وای بۆ دەچین هەبوونی ئێمە لەو ماوەیەدا لە دەرەوە زۆر سوود بەخش بوو، بۆ ڕوون کردنەوەی وەزعەکە، ڕووداوێکی زۆر هەبوو، ناچاربووین ئێمە بیکەین بە هاوار بۆ پشتگیری ئەو قسانەی کە برایانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بە تایبەتی کاک مسعود و مام جەلال چەند جار دوانیان لەو بارەیەوە داوە یان حکوومەتی کوردستان ئێمەش لە نێوان ئەوە هەوڵماندا ئەو بابەتە وەک پێویست لە هەموو دانیشتنێکدا تیشکی بخەینە سەر، یەکێک لەوانە، ئێمە لەگەڵ دەرەوەی (خارجیە)ی ئەڵمانیای فیدراڵ بووین کە وەزعەکە زۆر گەرم بوو کاتی ترسی خۆمان نیشاندا بەرامبەر ئەو دەست تێوەردان و ئەو بارودۆخەی کە ڕوویداوە. ئەوان گوتیان وەزیری بەرگریمان لەو ڕۆژانە سەفەر دەکا بۆ ئەنقەرە، هەر لەبەرچاوی ئێمە هەڵسا تەلەفۆنی بۆ وەزیری ناوبراو کرد و ئەوەی ئێمەی تێگەیاند، ئەویش نەیکردە نامەردی ڕۆژی یەکەم تا ڕۆژی دووەم کە گەیشتە ئەوێ تەئکیدی لە چەند خاڵێک کرد کە لەوێ باسکرابوو، وابزانم برا تورکەکانیش تۆزێ بەوە قەڵس بوون کە داوامان لە ئەڵمانیا کردووە بۆ فشار خستنەسەریان.

هەڵبژاردنی ئەمەریکی لەانی ڕاگەیاندنەوە وەک پێویست کاری کردە سەر بزاڤی ئێمە لە دەرەوە. بەتایبەتی ئێزگە عەرەبییەکان کە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەخش دەکەن، مونتیکارلۆ و (بی.بی. سی) فارسی هەوڵیاندا لە پەرلەمانی ئینگلیزی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەریمان بۆ تەرتیب کرا، بۆ ئەوان و ڕۆژنامەکانی لەندەن، بەڵام بۆ نەگبەتی ئێمە ئەو ماوەی کە لە بەریتانیا بووین نزیکی سەری ساڵ بوو، سوپای نهێنی ئێرلەندی دەستی بە هەڵمەتێکی تەقینەوەی نارنجۆک وشتی وا کردبوو، زۆر لە شەقامەکان هاتووچۆیان پێدا نەدەکرا، ئەو ڕۆژە زۆر لەو لایەنانە پێیان نەکرا ئامادەبن، بەڵام ڕۆژنامەکانی (الحیاة) و (الشرق الاوسط) و (الوسط) ئەوەی کە پێویست بوو لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆ بڵاویان کردەوە و ئەوەی ئێمەش بە بەرژەوەندی جیهانی عەرەبیمان زانی بڵاوکرایەوە، ئینجا لەهەر وڵاتێکیش کۆنفراسێکی ڕۆژنامەگەریمان دەگرت و زۆر شتی لێ بڵاودەبۆوە، لە نەمسا (هانس فیشەر) خۆی لە کۆنفراسەکە ئامادەبوو خۆشی پێشکەشی کردین و لە تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ لە هۆڵی ڕۆژنامەگەری کۆنگرەیەکیان بۆ دابین کردین، لە پاریسیش و لە وڵاتانی تریش کەم تا زۆر هەوڵماندا شتێکی

وا بکەین، هەر چەندە کۆنگرە رۆژنامەگەریەکەش وەکو پێویست بەدڵی ئێمە نەبوو، ئێمە حەزمان دەکرد شتی گەورەتر بڵاوبێتەوە، بەڵام بێگومان بەدواداچوونێک هەبوو لەسەر سەفەرەکەی ئێمەو نووسینمان لەسەر بڵاودەبۆوە لەو وڵاتانەدا بۆ کۆمەکە ماددییەکەی ئەوان ئێستا جەخت لە بوارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن کە لە نێوانی ئەو رێکخراوانەی لە وەڵاتماندا کۆمەک دەکەن هەروەها هەوڵ دەدەن لەمەودوا لێکۆڵینەوەی ئەوە بکەن کە ئەو پێشنیارانەی کە کردمان لە بارەی پرۆژەی گەشەپێدان و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان من لەو سەفەرە زۆر جەختم لە پرۆژەی (مینی-مارشال) دەکردوە، وە زۆریش بەدڵیان بوو، وەریشگیرا، ئیتر بەبێ هیچ موناقەشەیەک ئەو بیرۆکەیان وەرگرت و ماوەتەوە ئیشی بۆ بکرێت، هەروەها لە نێوان ئەوانەشدا پێشنیارمان کرد کۆنفراسێکی نێودەوڵەتی بگێردرێ لەسەر کێشەی کورد، ئەویش دوو لایەن لەیەک کاتدا داوایان کردبوو کە شتێکی وا بکرێ، بەتایبەتی پاش کارەساتەکەی ساڵی پار (گیشنەر) وەزیری پێشتری دەرەوەی ئەڵمانیا پێشنیارێکی وای کردبوو، هەروەها پەرلەمانی ئەورووپیش لە یەکێ لە دانیشتنەکانیدا پێشنیارێکی وای کردووە لەمەڕ مەسەلەی کورد. ئێمە هەوڵماندا لە پەرلەمانەکان، لە لیژنەی پەیوەندییەکان لە نێوان گفتۆگۆکاندا جەخت بکەینە سەر ئەم مەسەلە و بڵێین کە وەختی هاتووە، دیسان هەر بۆ ئەم مەسەلە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەو لە دیتنە رەسمیەکاندا پرس وڕامان کردووە بە حزبەکان و پەرلەمانی ئەورووپیشمان راسپاردووە کە ئەو بابەتە خودان بکەن، بۆیە ئەوانیش لای خۆیانەوە گفتیاندا، یەکەم بۆ ئەو بابەتەو دووەمیش بۆ بابەتی پرۆژەی (مینی-مارشال) کۆمەکی ئەورووپی بۆ کوردستان، وەعدیاندا ئیشی لەسەر بکەن، دیسانەوە دەمێنێتەوە سەر جدیەتی ئیش کردنی ئێمە بۆ لەبارنەبردنی ئەوە. ئەمەو جگە لە بەڵێن و گفتەکانی لایەنە پەرلەمانیەکانی تر، بۆ چەند لایەنێک پێشنیاری کۆنکریتیمان خستە روو، ئەوەبوو لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و هەروەها نەمساو سویسراش شتێکی وەهامان کرد، جێگای سەرسوڕمان بوو بەتایبەتی لە هەرێمی (نیدەر ساکسۆن) دا کە یەکەم هەرێم بو سەردانمان کرد. ئەو چەند رۆژەی لەوێ بووین پاش گفتوگۆ هەریەکە لە پەرلەمان و حکوومەت و پاش رێزو حورمەتێکی زۆر ویستمان کە چاوپێکەوتن و دیدەنیمان بۆ دابین بکەن و پاشتر زیارەتی پەیمانکەی فیدرالیزمان کرد(معهدێکیان هەیە تەنیا دیراسەتی فیدرالیزم دەکات) لەوێ کابرایەکی ناودار کە یەکێکە لەوانەی دەستووری نامیبیای داناوە، خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر ئەزموونەکە دەربڕی و چەند ئامۆژگاریەکی کردین لەم مەیدانەدا کە هەمووی سوودبەخش بوون لەوانە: کە ئێمە لەسەر رێگایەکی راستین و ئەوەی کەخستمانەروو زۆر دروستە، بەرێزان هیچ پەرلەمانێک و هیچ لیژنەیێکی پەرلەمانی و هیچ دەزگایەکی رەسمی، کەم و زۆر مەسەلەی فیدرالی ئێمەی رەت نەکردۆتەوە، بە پێچەوانەوە بەشتێکی زۆر بەسروشتییان زانیووە، پشتیگیریان پیشان داوە و ئێمەیان بەو شێوەیە لەقەڵەم داوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئێمە خەڵکێکی واقعین و بەحیکمەت بزاو دەکەین و خاوەن حەقین لە سیاسەتی خۆماڵی کوردی و

سیاسەتی عێراقی و هەرێمایەتی و سیاسەتی نێو دەوڵەتی باش تێگەیشتووین و بەگوێرەی ئەو ڕێبازە دەجوڵێینەوە.. ئەوانیش جەختیان دەکردەوە کەوا بەردەوام بین لەسەر ئەو ڕێبازە و هەروەها زۆر زۆر پێیان خۆش بوو بەو تەبایی یەی لە نێو ئێمەدا هەیە زیاتر هانیان دەداین بۆ بەهێزکردنی ئەمە بە کورتی ئەمە بوو وەسفی ئەم لایەنانە بۆ ئەم تاقی کردنەوەی ئێمە. هەرێمی نیدەر ساکسۆن، ولایەتێکی زۆر دەوڵەمەندن و حزبی زۆرینەشی تێدایە (سوسیال-دیموکراتیەکان) ئەوە بوو ئێمە سێ شتمان پێشنیار کرد و ئەوانیش پێشوازیان لە هەرسێی کردو بەڵێنی جێبەجێ کردنیاندا.. سەوزەکان لە ئەوروپا لە مێژە کۆمەکی کوردیان کردووە، ئەم ماوەیەش خەڵکێکی زۆری ئەوان هاتۆنەتە کوردستان وەکۆمەکیان بۆ ئێمە هێناوە، پێشنیارمان بۆ کردن کە ئێوە لە مێژە دۆستی ئێمەن و هەوڵتان داوە کۆمەکی ئێمە بکەن..

ولاتی ئێمە داغان کراوە، حکوومەتی عێراق هەرچی سەوزی هەیە لە ولاتی ئێمە نەیهێشتووە ئێمەش ئێستا خەریکی ئەو درەختانەین کە لە چنگی چەکی کیمیایی ڕزگاری بووەو بەدەستی خۆمان دەیبڕین لەبەر نەبوونی سووتەمەنی هەتا لە شارەکان خەڵک لە بەرامبەر پەرلەمان و وەزارەتەکان داری وا هەیە تەمەنی ٢٠-٣٠ ساڵ ئەبێ، دەیبڕن، ئەمە مەسەلەیەکی ڕەوشتییە ناتوانین بڵێین مەیبڕە، چونکە لەوانەیە ئەو کەسە حەفتەیەک زیاتر بێ گەرمایی لە ماڵەکەی نەبینێبێ، ئەمە کارەساتێکی مرۆیی وژینگەیە، بۆیە حەزدەکەین چارەیەکمان بۆ بکەن، پێشنیارێکمان هەیە ئەویش ئەوەیە کوردستانمان بە هەڵمەتێک بۆ سەوز بکەنەوە و ئێمە بەڵێننیان پێ دەدەین کە هاوکاریتان لەناوەوە دەکەین، وە ئێمەش پێشنیارێک دەکەین کە هەرماڵە شەهیدێک دارێک بچێنێت و ناوی شەهیدەکەیانی لێ بنێت، هەر خێزانێک کە منالێکی دەبێ ناوی دارەکەی لێ بنێت، هەر یەکێک ئەنفال کراوەو یاخود بزربووە، خێزانەکەی کە ماوەتەوە دارێکی بۆ بچێنێت ناوی ئەوەی کە بزربووە لێ بنێت ئیتر بەم شێوەیە بە بابەتەکەماندا هاتینە خوارەوە کە لە ڕاستیدا زۆر زۆریان پێ باش و خۆش بوو گفتیاندا کە هەرچی توانای خۆیانە لە هەڵمەتێکی وایدا سەرف بکەن... خۆش بەختانە لەم ڕۆژانە لە بەریتانیاش بەدەنگەوە هاتنێکی وا هەبووەو خوشکە هێرۆ ئەمرۆ ئاگاداری کردم لەوێ نوێنەرێکی بەریتانی لە پەرلەمانی بەریتانیا گوتوویەتی ئەوانیش ئامادەن کە لیژنەیەکی پەرلەمانی دروست بکەن بۆ سەوزکردنەوەی کوردستان ئەمە پرۆژەیەکە دەبێ پەلەی لێ بکەین چونکە بەهار نزیک بۆتەوە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و لەگەڵ حکوومەت ئێمە لیژنەیەک لە پسپۆڕان دروست بکەین و دەستنیشانی پێداویستی یەکان بکەین و بەزووترین کات بینێرین بۆ ئەوەی ئەوان هەڵمەتەکەی خۆیان دەست پێ بکەن، بۆیە دەبێ لە ناوەوەش شتێکی وابکەین ئەم پێشنیارانە جێبەجێ بکەین چونکە بێگومان دەنگ دانەوەیەکی گەورەی دەبێ و خۆی لە خۆیدا دەبێتە بزاوێکی یەکجار گەورە و خەڵکانێک هەن گرنگی بەو بابەتە دەدەن بەتایبەتی سەوزەکان چونکە یەکێکە لە بیروباوەڕیان، لەسەر ئەو بنەمایەیە، گوتمان ئەگەر ئێوە هەوڵ بدەن بۆ نموونە

گەنجەکانتان یان هەندێ کەرتی پسپۆڕی ڕێک بخەن و سەردانمان بکەن لە بۆ کوردستان، بۆ نموونە بە وجبەیەک ۲۰-۳۰ گەنج بنێرن بۆ ناوچەیەکی ئێمە، لێرە لەگەڵ ڕیکخراوێکی گەنجانی ئێرە یاخود لەگەڵ ڕێکخراوێکی ڕەسمی، ئێمە هەوڵ دەدەین کە دێیەک ئاوەدان بکەینەوە ئەوان بێن بەشداری بکەن، هەندێک کۆمەک لەگەڵ خۆیان بۆ ئێمە دابین بکەن، هەم بیێتە بابەتێکی ناسین و دۆستـایەتی هەم بەرێگایەک بۆ کـۆمـەک و هاوکـاری، شـایانی وتنە ئەوان لەسـەر ئەو بابەتە ئەزمـوونێکی باشـیـان هەیەو بردوویانە بۆ زۆر وەلآت بە تایبـەتی ئەمـریکای لاتینی و بەسەرکەوتوانە ئەنجام دراوە، ئەمە جگە لە زۆر وەلآتی تر، ئەوان زۆریان پێ خۆش بوو دڵنیایان کردین کە تاووتوی دەکەن و پێویستە ئێمەش کۆمەکیان بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەرنامەیەکی هاوبەش پێک بێنین.

لەفەرنسا لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پەروەردە خودان کراو ئێمەش پشنیارمان کـرد کـە ئەگـەر حکوومـەتی فـەرەنسا ڕێ نومـاییـەک یاخـود بانگەوازێک دەرکـا بۆ هەمـوو قوتابخانەکانی فەرەنسا کە هەر قوتابییەک قەڵەمێک یا دەفتەرێک، مساحەیەک ببەخشێ بۆ منداڵی کوردستان ،ئەمەیان زۆر لا پەسند بوو، هەروەکو نموونە بۆ سۆماڵ، هەر منداڵەو نیوکیلۆ برنجی هێناو چەند هەزار تەن برنجـیـان کـۆکردبۆوە.. ئەگـەر ئەم پێشنیـازەی ئێـمـە سـەربگرێ، انشـاءالله سـەردەگـرێ، چونکە زۆر گـەرم بوون و پێـشـوازیان لێکرد. لەو بڕوایەشـدام نەک بۆ ساڵێک بەڵکو بۆ چەند ساڵێک هەرچی پێویستی قرطاسیە هەیە بۆ کوردستان دابینی دەکەن، چونکە بە ملیۆنەها قوتابی و منالیان هەیە، بۆ پشتگیری و کۆمەک بە میللەتەکەمان ڕایەکی گشتی ڕێک و پێک هەیە..

داوامـان لـە هەندێ پەرلەمـانەکـان و ڕێکخـراوی ئافـرەتانی ئەوان کـرد کـە هەوڵ بدەن سـەردانی کـوردسـتـان بکەن چەند (کۆرسـات) و شتمان بۆ بکەن لەگەڵ یەکێتی ئەوروپی، سەندیکاکان (نقابات)کە بەڵێنیاندا لەم ڕۆژانە بێن، پێویستە برێک پرۆژەمان هەبێ بۆ ئەوانیش.

ئەمانەی کە باسیان دەکەم وەکو پێشنیار هەموویان قەبووڵ کردووە و خەڵکێکی بۆ دەنێرن، دەبێ ئێـمەش ئامادەبین بۆ ئەوەی پرۆژەی تایبـەتیمـان هەبێ ئەوانیش بتـوانن کەم یا زۆر کۆمـەکمـان بکەن.

ئێـستـا دێمەوە سەر ئافرەتان و ژنان، کـاتێ کە باسی بەشکردنەکـانی پەرلەمـانی خۆمـان دەکرد دەمـانگوت لە ۷٪ی ئافـرەتە. زۆر سـەریـان سـوڕمـا، هەندێ ئافـرەت ئەیانگوت کـەمـە، ئێـمـەش دەمانگوت قەیدی نییە کەمە، بەڵام ئێوە چەند ساڵە پەرلەمانتان هەیە، لەیەکەم پەرلەمان یەکەم هەڵبـژاردن ئێـوە حەقتـان هەبووە وەک ژن دەنگ بدەن؟ کە ئەوەمـان دەگوت، دەیانگوت ڕاسـتـە. زۆر سەرمـان سوڕما بەو ڕێژەیە، ئێمەش جەختمـان دەکردەوە و دڵنیامـان دەکردن کەلە خولی تردا ئەو ڕێژەیە زیاتر دەبێ، چونکە مەیلێکی سیاسی لای هەردوو فراکسیۆن هەیە لەسەر ئەو بابەتە، هیچ گـیـروگـفـتـێک لەو ڕووەوە نـیـیـە، بۆی هەیە لە ئاییندە هەندێ گـرووپ بێن بۆ کـردنەوەی

خولەکانی ئەوروپی پەرلەمان و شتی تر.
هەروەها داوامان کرد کە سەردانی ئاڵوگۆڕ کراو هەبێ، چ پەرلەمان دەعوەتی ئێمە بکات چ گروپی پەرلەمانی بۆ زانیاری گۆڕینەوە، هەموو بەڵێنیاندا کە لەسەری ئیش بکەن.. وەکو وتم سەردانی ئێمەش هەندێک کاتەکەی لەبار نەبوو چونکە کۆتایی ساڵ بوو پشووی ئەوان دەستی پێ کردبوو و گیرفانیان بەتاڵ بوو، وەک باوە کۆتایی ساڵ بێ دەرامەتن لە هەندێ جێگە دەیانگوت گیرفانەکانمان بەتاڵە، منیش دەمکرد بە گاڵتەو دەمگوت لە کوردستان هەندێ پارەتان بۆ کۆدەکەینەوە ئەگەر ئێوە بێ توانان.
جگە لە ئارەزووی سیاسی بۆ پشتگیری و کۆمەک کردنی ئێمە بە دڵنیاییەوە ئارەزوێکی تریش هەیە بۆ کۆمەک کردنی ئەم تاقی کردنەوە دیموکراتیەو پشتگیری لە ئیدارە کردنمان.. ئەگەر هەر بەردەوام بم درێژەپێدانی وردتریش دێتە پێشەوە و بە بەرنامەکەی ئەمڕۆ تەواو نابێ، بەڵام من حەزدەکەم دڵنیابن کە دەبێ سەربەزبین لە پێش هەموو شتێ کە کوردین، ئەبێ سەربەرز بین کە ئێمە وەک بزاڤی ئازادیخوازی کورد لە کوردستانی عێراق ئەم ئەزموونەمان هەیە و دەبێ سەربەرز بین کە ئەم ئیدارەمان هەیەو خەڵک بەچاوی ڕێزەوە تەماشای ئێوە دەکا و چاوەڕوانی زۆر شتمان لێ دەکەن بۆیە من داواکارم کە بتوانین ئەم راستییە بگەیەنینە دونیا، کە بەفیداکاری میللەتەکەمان توانیمان بیسەلمێنین کە هەین. حەزئەکەم بزانین کە خەڵک هەتا هەتایە لەگەڵ ئێمە نابێ، حەز دەکەم ئەوە روون کەمەوە کە خەڵکی ئەوروپا زیاتر (پراگماتین)، هەتا هەتایە لای ئەوان مەسەلەی ئایدیال و بیروباوەڕ ناخوا ئەبی ئەم راستیە بزانین، ئەم راستییەی ئێستا لە کوردستانی ئێمە هەیە کە بۆتە جێگای ئومێدی هەموو دڵسۆزانی میللەت و هەموو دیموکرات خواز و ئازادیخوازێکی ناوچەکەو جیهان و عێراقیش پەرەی پێ بدەین دەبی ئەم ئەزموونە بەرەو پێش بەرین چەسپاو وسەقامیگیری بکەین و پیشانی خەڵکی بدەین کە پێش هەموو شت ئێمە خۆمان دەتوانین وەڵاتی خۆمان ئاوەدان بکەینەوە و دەبێ لەو ڕێگایەوە هەوڵێکی زۆر جیددی بدەین بۆ خەڵکی خۆمان، ئەو توانایەی ئێستا لە ژێر دەستی ئێمەیە بەڵێ کەمە، هیچ نییە، بەڵام با وابیر بکەینەوە کە ئێمە پچڕاوین لەگەڵ هەموو دنیا، دەبێ ئێمە خۆمان هەوڵ بدەین هەڵمەتێکی ئاوەدانکردنەوە لە کوردستان بکەین، ئەو توانایەی کە ئێستا لە بەڕێوەبردنەکانی ئێمە هەیە دەبێ هەوڵ بدەین بە باشترین شێوە دەستەبەری بکەین، چونکە دەوام نەکردنی ئیدارەکانمان وەکو پێویست پەیوەندی نییە بە کۆمەکی UN، نەبوونی هەندێ شت لە دامودەزگاکان پەیوەندی بە UN نییە کە هاوکاریمان دەکا یا نا. چاککردنەوەی ئەو وەزعەی ئێستای کوردستان زۆر پابەندە بە ئێمە خۆمانەوە هەیە، وەکو ئەزانن ئێمە بڕیارێکمان هەیە لێرە کە نابی شت بڕواتە دەرەوە، ئێستاش جەخت دەکرێ کە لە بازگەکان لەسەر سنوور بە ١٠- ١٢- ٢٠، کەس رادەوەستن و خەرجی و شرینی لە خەڵک وەردەگرن ودەرباز دەبێ، ئێمە بڕیارێکمان لەم بارەوە هەیە ئەبێ جێبەجێ بکرێ، لەبیری مەکەن لۆریەکی خۆراک کە دێت، سەد فەردە ئارد

لەگەڵ خۆی دێنێ، لە دە بازگە شیرینی لێ وەردەگرن، ئەوە هاووڵاتیەکی بەدبەخت ئەو پارەیە دەدات، ئەوەی کە دەیهێنێ پارە نادات، فەردەیەکی ئارد لە جیاتی بیدات بە ١٠٠ دینار دەیدات بە ٢٠٠-٣٠٠-٤٠٠ دینار، ئێمە تاکەی چاوەڕوان بین UNبێ ئەوەشمان بۆ جێبەجێ بکات.

ئاوەدانکردنەوەی کوردستان زۆربەی زۆری دەبێت لەسەر خۆمان بێت دەبێ هەوڵ بدەین ئەو خەڵکە بگەڕێننەوە بۆ سەر گوندەکانی خۆیان، ئەگەر بتوانین تەکانێکی ئاوەدانکردنەوە بخەینە کوردستان، بەڵام ئێمە چاوەڕوان بکەین لێرە دانیشین و خەڵک هەر نانمان بخاتە قورگ و ئەرزاقمان بۆ بنێرێ، نابێ، حەزدەکەم لەم رەوشە رزگار بین بۆ قۆناغی ئیشکردن ئامادەباشی بکەین ئەو کۆمەکەش لە دەرەوە دێ دەبێ لەو ئاستەدا بین پەرەی پێ بدەین و خۆشمان ماندوو بکەین بەڵێ بەڵێن دراوە، بەڵێ هاوکاری دەکەن، بەڵام دیسان بونیادەکەخۆمانین، بۆیە من داواتان لێ دەکەم لە دانیشتنەکانی ئایندە دەبێ لیژنەکانی ئێمە خۆیان زیاتر ماندوو بکەن بۆ ئەوەی بتوانین باشترین رێگا بدۆزینەوە بۆ هەڵمەتێکی وشیارکردنەوەی خەڵک، بەداخەوە ئێستا بۆشایی یەک لە نێوان سێ شت هەیە، لەبەینی ئێمەو ئەو خەڵکە کە ئێمە چی دەکەین لە پەرلەمان، بەراستی وەکو پێویست ئەندامانی پەرلەمان لە ناو خەڵک نین، وا تێ ئەگەین لە پەرلەمان تەنها دێین دادەنیشین گوێ دەگرین، یا چەند پرسیارێک دەکەین، لە راستیدا ئەمە ئیشوکاری پەرلەمانی نییە، ئەندامی پەرلەمان دەبێ لەناو خەڵک بێ و ئازارەکانی خەڵک بچێژێ، هەوڵ بدات کۆمەکی بکاو خەڵک هۆشیار بکاتەوەو لە بەڕێوەبردنەکانی کوردستان هەر گیروگرفتێکی هەبێ هەوڵ بدا هاوکاری بکا، نەک ئەگەر کەم وکووڕیەک ببینێ بیکا بە هاوار، بەو جۆرە گرفتەکە چارە ناکرێ، لێرە یاسا دروست دەکەین، لەدەرەوەی ئەوەش ئەگەر هاووڵاتیەک کەمتەرخەمە یا حەق خوراوە دەتوانێ کێشەکەی لەگەڵ فەرمانگەکەی باس بکات، کە بابەتەکە گەیشتە ئەو رادەیەی چارەی تری نەبوو، پێویستی بە یاسایەک یان بڕیارێک یان روونکردنەوەیە بوو لە حکومەت ئەویش بە بەڵگە نامەی وەها کە باوەر پێکراو بێ، بۆیە ئەم قۆناغە کە دێت قۆناغی ئەوەیە کە ئێمە ئیدارەی حکوومەتی کوردستان پەرەپێبدەین و ئەو بۆشاییەی ئێستا هەیە پڕی بکەینەوە.

بۆشایی دووەمیش ئەوەیە کە لەو قۆناغەداین هێشتا ئەم ئەزموونە دیموکراتیە نەگەیشتۆتە ئەو پلەی کە هەموو کارە گەورەکان کە ئەنجام ئەدرێن بگاتە خەڵک و جەماوەرو تێ بگا چ شتێکی مەزنی کردووە. دەبێ ئێمە لە پەرلەمان و بەڕێوەبردنەکانی کوردستان و بەتایبەتی هەردوو حزبە سەرەکیەکە و بەرەی کوردستانی و رێکخراوەکانی ئێمە شێوازی ئیشکردنمان بگۆڕین، هەر یەک لە کەناڵی حزبی خۆیەوە هیمەت بکات بۆ زیاتر تێر کردنی مەسەلەکە. وا بکەین کە میللەت لەو کارە مەزنەی کردوویەتی و جیهان بەو شێوە تەماشای دەکات تێبگات. ئەو کات کە مرۆڤ زانی کە چی کردووە، بەدڵنیاییەوە بەپەرۆش دەبێ لەسەر پاراستنی و پێشخستنی، بەبۆچوونی من

پشت بەخوا ساڵی ١٩٩٣ دەبێ بەو قۆناغەی کە ئێمە زیاتر ئەم بابەتە دیراسە بکەین و خەباتی بۆ بکەین وتێی بگەین. هەروەها ئەم کۆمەک و یارمەتی و بۆ شایی یەی کە ئێستا کە هەیە، ڕێکخراوێکی زۆر لە دەرەوە پارەکە کۆدەکەنەوە، بژێوێکی زۆر دەدرێ بە ڕێکخراوە مرۆییبیەکان بەناوی ئێمە لە دەرەوە پارە کۆدەکاتەوە، هەروەها لە ناوەوەش هەندێ ڕێکخراوی لەو بابەتەمان هەیە، ئەو شێوە هەڵسوکەوتە زیانێکی زۆر لە ئێمە دەدات، بۆ نموونە ڕێکخراوێک لە سویسرا هەشت ملیۆن مارکی (مدوری) هەیە لە ساڵی ١٩٩٢بۆ ١٩٩٣ سێ ملیۆنی هی خۆیەتی، لەسەر ئەو بناغەیەی کە بۆ سووتەمەنی ئەم زستانەی ئێمەی تەرخان بکا، ٢ ملیۆنیشی بۆ خۆراک لە نمساو ئەڵمانیا قەرار دراوە وەکو باروبوو، کەچی تا ئێستا ئەو ڕێکخراوە پەتاتەیەک- لیترە نەوتێکی بۆ ئێمە نەناردووە، ئەمە جگە لە زۆر یارمەتی تری حکوومەتەکانی ئەورووپا بۆ ئێمە لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوەو چەند ڕێکخراوێکی تر کە هەمووی دەستی بەسەردا گیراوە. لە ناوەوەش ئێمە کۆمەڵێک ڕێکخراومان هەیە ئەبێ چارەسەرێکی لێ بکەین و لەگەڵ حکوومەتی کوردستانیش قسە بکەین وەدەبێ لیژنەکانمان پەیوەندی بەو ڕێکخراوانە بکەن و خۆیان ماندوو بکەن و بەزووترین کات دەبێ شێوازێکمان بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی چارەیەک لەو ڕێکخراوانە بکەین، دەبێ ڕێکخراوی مانگی سووری کوردستانی دروست ببێ، چونکە ئێمە لە ژنیڤ و وڵاتانی تر باسمان کردووە پێشوازی لێ دەکرێ و مامڵەتی لەگەڵدا دەکرێ بەشێوەیەک لەو شێوازانە، ئێمە ئەمڕۆ (٦-٧) ڕێکخراومان هەیە بەرەسمی لەوانەیە زیاتریش بێ من نازانم، ئەمانە سەریان لە خۆیان شێواندووە، هەموویان نزیکەی یەک ئیش دەکەن و بۆتە مەیدانی ململانێیەکی ناڕەوا، لە ناوەوەو لە دەرەوەدا ڕێکخراوێک دێت مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوێکی ئێمە ناکا بەشێوەیەک چاو دەپۆشی لە زۆر شت بۆ ئەوەی ئەو بەڵێننامەیەی لەگەڵدا گرێ بدا، خەڵکێکی پێناو (دەلاڵ) لە ئەورووپی یەکان پەیدابوون ئەو بارودۆخە دەقۆزنەوە. بە کۆمەکی ئێمە دەوڵەمەند دەبن، کابرایەک دێت ئەوەندە هەزار یا ئەوەندە میلۆنەی لەگەڵ خۆی هێناوە، چەند شتێک دەکات نازانین سەرچاوەکەی چییە؟ چەندە؟ و ئەم دەلاڵانە بڵاویان کردۆتەوە کە ئەم ڕێکخراوانە مامەڵەت لەگەڵ بەڕێوەبەربە رەسمیەکانی ئێمە ناکەن، چونکە قانوونەکانی پێڕەوی ناوخۆی ئەوان ڕێگایان نادات، ئەم قسانە ڕاست نین، ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوەکان لە زۆر وڵاتان کۆبوونەوەمان کردووە، هەموومان کۆکردۆتەوە، جاری وا هەبوو ٢٠ ڕێکخراو ١٥ ڕێکخراو کۆبووتەوە ئەو پرسیارەمان لێکردوون ڕەتیان کردۆتەوە، گوتویانە بەپێچەوانەوە دەبێ هاوئاهەنگی هەبێ لەگەڵ بەڕێوەبردنەکانی ئێوەدا ئێمە حساباتمان هێناوە کە ئەو ڕێکخراوانە چەند پارەیان کۆکردۆتەوە چی دەکەن و دەیدەین بە حکوومەتی کوردستان و دەیدەین بە لیژنەی پەرلەمانیش بۆ ئەوەی ئەوانیش ئاگاداری بن و موتابەعەی بکەن و بڕۆن بزانن ڕاستە ئەوەندە ئیشیان کردووە؟ ئەو بەڵێننامانە ڕاستە ئەوندەیە؟ دەبی لیژنەی تایبەتی ناو پەرلەمان کە پەیوەندی بەو مەسەلانەوە هەیە، لەمەودوا دەبێ زیاتر بەدواداچوونی ئەو ڕەوشەمان بۆ بکات و لە

دوای بێت، ئەو ڕێکخراوەی کە مامەڵەتان لەگەڵدا ناکا دەبێ ئێمەش مامەڵەی لەگەڵدا نەکەین، هیوادارم قۆڵی هیمەتی لێ هەڵکەین کەم وکوڕیمان لەم پرۆژە دیموکراتیەدا هەیە لە ڕاستیدا وەکو گوتم ئەوەی ئێمە لەسەری دەڕۆین وەک پێڕەو ڕێبازێکی دروستە و دەبێ هەندێک گۆڕانکاری تیادا بکەین، هەندێ ڕێ و ڕەسمی دیموکراتی ئیشوکاری خۆمانی تیادا دەربخەین و، ئێمە ئینشائەڵڵا لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆنەکانیش دادەنیشین بۆ ئەوەی بتوانین بزێوی و دینامیکیەت بخەینە ئیشوکاری خۆمانەوە لە ئاستی ئەو ڕەوشە بین کە ئێستا تیایداین.... .

ببورن زۆرمان لەسەر ئەم بابەتە گوت و زۆر شتیش ماوەو. دەیهێڵینەوە بۆ بۆنەکانی تر، چونکە واهەست دەکەم بەرنامەکەمان تەواو نابێ.. دێمەوە سەر بەرنامەی ئەمڕۆ کە دوو خاڵی ماوەتەوە:

خاڵی یەکەم: پێشنیارێک هەیە کە لیژنەیەکی تایبەت لە پارێزەرانی هەرێمی کوردستان لە شوێنی سەندیکای پارێزەران دەست بەکار بن تا ئەو کاتەی نیقابەی پارێزەرانی هەرێمی کوردستان پێک دێت.. برادەرانی لیژنە هیچ ڕوونکردنەوەیەک هەیە ؟!

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئەوەی سەندیکای (نەقابە)ی پارێزەرانی بەغدا پەیوەندی خۆی بڕی لەگەڵ پارێزەرانی هەولێر، پارێزەرانی ئێمە نەیانتوانیوە پێناسەکانیان نوێ بکەنەوە ئەو پارێزەرە نوێیانەی دەچنە ڕێزی پارێزەرایەتی نەیانتوانیوە پێناس وەربگرن، ئینجا لەبەر ئەوە هەموویان لە ناوەخۆمان پێکهاتین لیژنەیەک دروست بکەین و ئەو لیژنەیە بە کاروباری ئەو سەندیکایە هەڵدەستێ هەتا دەتوانن کۆنگرەی خۆیان ببەستن و سەندیکای پارێزەرانی کورستانی عێراق دادەنێین، ئینجا ئەو لیژنەیەش پێویستی بە هەندێ دەسەڵات هەبوو کە بیدرێتێ، ئەو دەسەڵاتەش دەبێ لە پەرلەمان دەربچێ، ئەوەش وەکو خاڵێک تۆمار کراوە ولەبەردەمی جەنابتاندایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس. ئێستا بڕیارێک هەیە لەسەر ئەو بابەتە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان با بیخوێنێتەوە. فەرموو.

**بەڕێز سکرتێری ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تاريخ القرار

« قرار »

استنادا الى احكام الفقرة « ١ » من المادة « ٥٦ » من القانون رقم ١ لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس

الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٩٣/١/٣ إصدار ما يلي :-

١- يخول المجلس المؤقت المشكل من قبل محامي اقليم كوردستان العراق الصلاحيات الواردة في قانون المحاماة رقم ١٧٣ لسنة ١٩٦٥ المعدل وقانون صندوق تقاعد المحامين رقم (٥٦) لسنة ١٩٨١ النافذين لعين تشريع القوانين الخاصة بالنقابة.

٢- على الوزير المختص تنفيذ احكام هذا القرار.

٣- تنفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ صدوره ونشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چی تێبینییەک نییە لەسەر ئەم دەقە؟ بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدرێ، دوو کەس مافی قسەیان هەیە.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵڵا دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پێشەکی هەر بڕیارێک کە دەخوێنرێتەوە، المجلس الوطنی لکوردستان العراق وەکو ئێمە دەزانین (اقلیم کوردستان العراق) لە بڕیاردا هاتووە، بۆچی ئەم بڕیارە کاری پێ ناکرێ؟ بۆچی ناڵێین اقلیم کوردستان؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ یاسای هەڵبژاردن و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنیش بەو شێوە جێگیر کراوە کە لێرەدا هەیە، بەڵێ مامۆستا ئەگەر تەماشای ئەوانە بکەی بەو شێوە هاتووە، لەبەرئەوە ناتوانین، ئەمە بڕیارێکە وەختی خۆی داومانەو لەسەری رێک کەوتووین. سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە پێشکەش کراوە یان ئەو پرۆژەی کە بڕیاری لەسەردراوە هەرچەندە راستەو رێکوپێکە ئەگەر بێتوو نەختێک زیادەی بخرێتە سەر یانی بەم شێوە: (یخول المجلس المؤقت من قبل محاميي كوردستان العراق، الصلاحيات الواردة في قانون المحاماة رقم ٧٣ لسنة ١٩٦٥ المعدل وقانون صندوق تقاعد المحامين رقم كذا لسنة ١٩٥٦ النافذين وذلك فيما يتعلق بأمور محاميي اقليم كوردستان) ئەم زیادییە بکرێ «ولحين تشكيل نقابة محاميي كوردستان وتشريع القانون الخاص به» بۆ ئەوەی شتەکە رونتر و گشتگیر تر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بەختیار زۆر سوپاس. بەڵام رێ بە محامیەکان بدەن بزانن رایان چییە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کاک بەختیار کردی هیچ پێویست نەبوو، چونکە خۆ یاساکە روونە، ئەسڵەن

قانوونەکە کاروباری پارێزەرەکان دەڕوێنی، هێزی ساندیکای پارێزەران لەو قانوونەدایە، ئێمەش دەڵێین بە حکومی ئەو قانونە (لتمشية امور المحامیین)، وەکو نووسراوە رەسمیەکانی لێ بێت، شێوازی (صیغە)ی یاسایی نەختێک بەلاغەو دارشتنی تیادا بێ، لەبەرئەوە هەرگیز پێویست ناکات، وە لە خوارەوەش گوتراوە (لحین تشریع قانون النقابة) کە قانونەکە تەشریع کرا مانای ئەوەیە حوکمی قەرارەکە بەتاڵ دەبێ، چونکە سەندیکا نقابە خۆی پێک دێ. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. پێشنیارێک هەیە تا رستەیەک زیاد بێ (لحین تشریع قانون محامیي کوردستان العراق) جارێکی تر نەیەتەوە ئێرەو گفتوگۆی لەسەر بکەین ئەم بڕیارە هەڵبوەشێتەوەو بکەینەوە هەر یەکسەر لێرە دەینووسن (لحین تأسیس نقابة محامیین کوردستان) کە نقابە دروست بوو ئەو کاتە ئەو بڕیارە سەربەخۆ هەڵدەوەشێتەوە تەنها ئەوەی بخەنە سەر ئەگەر لاریتان نەبێ، مادام وایە ئەم رستەیەی دەخەینە سەر ئەگەر هیچ سەرنجێکی تر نییە و دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی جەنابتان فەرمووتان بکەوێتە کۆتایی رستەکە (لحین تشریع قانون خاص للنقابة)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا با ئەوە وەک جاران لیژنەی دارشتن (صیاغ)ە بیخاتە سەر.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وتأسیس النقابة، چونکە پێشتر یاساکە دادەنرێ، ئینجا نقابەکە دادەمەزرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ بەرهەڵستێک نییە لەسەر ئەو خستنە سەرە؟ نییە؟ کێ لەگەڵ ئەو زیادکردنەوە کە باسکرا؟ کێ لەگەڵی نییە؟ بەتێکڕای دەنگ قەبوول کرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خاڵی دووایی ئەوەیە کە بە پێی پێڕەوەی ناوخۆی هەرێمی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، پشووی دوو مانگمان هەیە، وەکو دەزانن هاوین دیسان بە پێی پەیرەوی ناوخۆ بڕیارێکماندا بەردەوام بین لە کۆبوونەوەکانمان و پەرلەمانمان هەلاوێرد (استثناء) لە حوکمەکانی ئەم برگەیە لە مادده «٧» ئێستاش دیسان ئێمە دەبێ بیرلەوە بکەینەوە و هەمووتان ئاگادارن کە ئەمڕۆ وڵاتەکەمان پێویستی بە هیمەتی هەموو لایەک هەیە و ئێوەش نوێنەری ئەو خەڵکەن وا دەزانم ئەو پێشنیارەی ئێستا لەبەردەستدایە ئەوەیە کە داوا دەکات چۆن لەم هاوینە پەرلەمانمان هەلاوێرد (استثناء) لە مادده ٧ی پەیرەوەی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان،

ئێستاش هەمان پێشنیار لە پێشمانە بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە کۆبوونەوەکانمان چونکە پێویستە بریارێکی لەسەر بدەین، وابزانم ٢/٣ی دەنگی لەسەر پێویستە، الحمد لله ئەمڕۆ هەموو برادەران ئامادەن، جگە لەوانەی مۆڵەتیان هەیە رادەی رەسمی یاسایی (نصاب) تەواو، ماوەتەوە بریارێکی لەسەر بدەین، کە پێشنیارەکەش بەو شێوەیە بریاربدەین وەکو هاوین بەردەوام بین لەسەر ئیشوکاری خۆمان یان ماوەیەک دابنێین تا ئەو ماوە بەردەوام دەبین، دوای ئەوە ئێمە بریارێکی تر دەدەین و دەیکەین بە پشودانێک بۆ پەرلەمان، ئەم پێشنیارە هەیە، بۆ نموونە دیاری دەکەین بۆ مانگێک ٤٠ رۆژ پاشان دەبێ بریارێکی تری لەسەر بدرێ کە ئێمە پشوو بدەین یان نا، جا ئێوە لە هەر کوتلەیەکن حەزئەکەم یەک ڕا پەیدا بێ بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بابەتە ببرێنینەوە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من پێشنیار دەکەم ئێستا ماوەیەک دابنێین بۆ پشودان دوای ئەوە ئێمە بریارێک بدەین سەرۆکایەتی ئەنجوومەن راسپێرین (تەخویل) بکەین، هەر وەختێک ویستی داوای ئەنجوومەن بکات ئێمە بێین کۆبوونەوەکانی خۆمان بکەین، واتا سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بەدەستی بێ هەر کاتێک کە قانوونی وەزارەت یان ئیشێک هاتە پێش داوامان بکات بێین ئیشوکاری خۆمان بکەین. سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

بەدواداچوونێکی بچووکم هەیە، ئێستا زۆر ئیش هەیە دەبێ ئێمە لێی بەردەوام بین، وابزانم دەبێ جارێ بریارێک بدەین بەردەوام بین، چونکە ئەو شتانە پێویستیان بە بریاری ئێوە هەیە، هەندێکیان هەروا ماونەتەوە زۆرشت لەیاسا (تشریع)دا هەیە، ئینجا با بریار بدەین بەردەوام بین.

**بەڕێز حـــــەســـــەن عـــــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەپێی ئەوەی کە ئێستا شتێکی وامان نییە کە کۆبوونەوەی لەسەر بکەین، منیش هەمان پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ دەکەم ئێستا ماوەیەک ئەندامان بچنەوە. ئەو دەسەڵاتەش بدرێتە دەستەی سەرۆکایەتی هەر کاتێ پێویست بوو داوا بکرێت و لە کۆبوونەوەی خۆیان بەردەوام بن. سوپاس.

**بەڕێز حـــــەســـــەن حـــــەمـــــیـــــد رەحـــــیم:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئەواندام و ناویش نەنرێ پشوو، چونکە بەراستی لەم کاتەدا جەماوەر چاوی لەدەستی پەرلەمان و قانوونە بۆ ئەوەی ئاسایش لەوڵاتەکە جێگیر بێ« ، خەڵک رووی

کردۆته پەرلەمان و ئێمەش لەو کاتە ناسکەدا بەجێی بهێڵین. ئەو ١٢-٢٠ رۆژە چی دەکەن؟، هەر کاتێک قانوونێک شتێک هاتە پێش ئێوە خۆتان سەرپشک بن، ئەمر بکەن ئێمە حازرین. سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە نامەوێ قسەکانی کاک فەرەنسۆ دووبارە بکەمەوە، هەر تەنها ئەوەیە ئێوەش داوا بکەن لە حکوومەت ئەو وەزارەتانەی کە پێویستە قانوونەکانیان بخەنەڕوو بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتەکانی تر، چونکە مامەڵەی رۆژانەی لەگەڵ خەڵک هەیەو هەر کاتێک پێویست بوو بۆ تەشریع و راستاندن (تصدیق) یان بۆهەموار کردنێک لە حکوومەت، ئێمە ئامادەین ناوی پشووی لێ نەنرێ. سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رایەم ناوی پشووی لێ نەنرێ، ئێمە ئەگەر ناوی پشووی لێ بنێین جێگەی رەخنەی هەموو خەڵکی خۆمان دەبین، بۆچوونێک هەیە ئێستا پەرلەمانەکانی ولاتان ئەی سەپێنن بەسەر ئێمەدا کە ئەوان پشوویان هەیە ئێمەش دەبێ هەمان بێ، بارودۆخی ئێمە زۆر جیاوازە لەگەڵ پشووی پەرلەمانی ئەوان، بەراستی وەک و کاک شوکت ئیشارەتی پیدا گرفتی وەزارەتی ناوخۆمان هەیە، ئێستا دووکێشەی گەورە وەک و لیژنەی ناوخۆ رووبەرووی ئێمە بۆتەوە، یەکەم ئاسایش و پۆلیس ئەگەر ئەو قانونەمان لەبەردەست نەبێ لە راستیدا هیچ شتێکمان بۆ ناکرێ.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدڵنیاییەوە ئێمەش لەگەڵ رای برادەرانین بەناوی پشوو، راستە ئێستا باری ئەمڕۆی کوردستان وای ئەوێت، بەلام بەراستی وەکو جەنابیشتان ئاگادارن ئێمە هەرئەوە نییە ئەندامی پەرلەمان لەناو پەرلەماندا بین، بەڵکو پێویست دەکا لەناو جەماوەریشدا بین، لە راستیدا دوو مانگیشە کە جەنابتان لێرە نینە لە دانیشتنەکە هەر بەردەوام بووین، هەر بەو ناوەشەوە یا برادەران سەرێکی ناوچەکە بدەن و خەڵک ببینن تەئکید بکرێتەوە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران کە هەرچی زووتر ئەم یاسایانە ئامادە بکرێ هەروەک و برادەران پێشنیاریان کرد سەرۆکایەتی سەرپشکبێ هەرکاتێ داوای برادەران بکات ئامادەبن. سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئێمە ئەوانەی کەدوورین زۆر دیژوارە، حەز دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان هەوڵبدا خانووەکانی پەرلەمان زوو پەیدا بکات بۆ ئەوەی لەو دژوارییە رزگار بین. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاکاتی ئەو بابەتە نییە، ئێستا بابەتی هەڵاویردراو (استثنائی) هەیە مادده «٧» لە یاسادا.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئێستا لەم دانیشتنەدا بڕیاری ئەوە بدەین کە دانیشتنەکانمان بەردەوام بێ بەڵام لە هەمان کاتدا ماوەی دانیشتنی داهاتوو دیاری دەکەین و بۆ سەرۆکایەتی بەجێی دەهێڵین. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاکە رایەکانمان ئاشکرانە. مۆڵەتم بدەن ئێمەتەنها یەک شتمان پێویستە ئەویش مەسەلەیەکی نیزامی یە، هەڵاویردرێ (استثناء) بکرێ لەمادده ٧ بەندی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیار بدرێ کە ئەم خولە بەردەوام دەبێ، وەک پێشنیارتان کرد، هەرکاتێ حکومەت یاساکانی ئامادەبوو ئەو کاتە سەرۆکایەتی هەقی خۆیەتی داوا بکا کە دانیشتنەکان دەست پێ بکەنەوە، یاخود دانیشتنێک یان چەند دانیشتنێک بکرێت، ئێستا گفتوگۆکردن تەواو دەنگی لەسەر دەدەین.

دووەمیش وەک پێشنیارمان کرد کاتی پێویست داوا بکەین کۆبوونەوە بکەین ئەگەر هاتوو دەستەی سەرۆکایەتی بە بەرژەوەندی زانی، یاخود پێویستە دانیشتنێک بکرێ، چونکە وەکو گوتمان ئەوشتەی کە لە ڕێگایە دەبێ ئەنجام درێ، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین دەبێ پەلە بکرێ لە هەندێ شت بۆ استثناء کردنی لە مادده (٧) بەندی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کێ لەگەڵ ئەو رایەیە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ تەنها دوو کەس لەگەڵ نییە، بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

خاڵێکی تر دەمێنێتەوە ئەو پێشنیارەی کە کرا لەکاتی پێویست دەستەی سەرۆکایەتی بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتەی کە پێویست دەبێ کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟

کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسندکرا. ئەوە دەستەی داڕشتن (صیاغە) بیکەن بە بڕیارێک. کۆبوونەوەی ئەمڕۆ تەواو بوو، دەستەی سەرۆکایەتی بۆ کۆبوونەوەی ئایندە ئاگادارتان دەکاتەوە، سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **ئەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/١٩

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/١/١٩

***كاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/١/١٩ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی ئاسایی یەكەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو. ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- گفتوگۆ كردن لەبارەی هەلومەرجی باری سیاسی كوردستان.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

لەبارەی هەلوومەرجی ئەمڕۆی باری سیاسی ئەم گۆڕانكاریەی لەم چەند ڕۆژەدا ڕووی دا بەڕێز جەنابی سەرۆك ئەنجوومەنی وەزیران لێرەیە، پێمان خۆشە كە دەربارەی ئەم گۆڕانكارییە شتێكمان بۆ باس بكات.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆك وەزیران:**

**بەریز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان لەوچەند ڕۆژەی دوایی یەدا كەشەكە واپێدەچوو كە جارێكی تر شەرێك دروست ببێتەوە ئینجا ئەو شەرە هەندێ جار گەورە دەبێت یاخود شەرێكی دیاری كراو دەبێ لەئەنجامی ئەوەی كەوا حكوومەتی عێراق دەیوویست دەرفەت لەو ماوەیە وەربگرێ كەئیدارەی خۆی هێشتا ئیش و كارەكانی خۆی وەرنەگرتووە وخەریكە پێچەوانەی ئەوراقی خۆیەتی لێرەدا هەست دەكەین بۆشایی یەک پەیدا دەبێت ویستی سوود لەو بۆشای یە وەربگرێت شتێكی وا بكات سەرنجی ناوەوە بۆ خۆی رابكێشێت و زانیاری پەیدا بكات هەروەها هەرەشەی وەزارەتی سەرۆكی كۆماری عیراق و خۆی و وەزیری بەرگریەكەی كە دەیانەوێ جارێكی تر دەسەلاتی خۆیان بۆسەر وەزعی عێراق بگەڕێننەوە و پەلپ گرتنەكە دیار بوو لە عێراق دەستی پێ كرد ئەوە بوو سەرەتا فرۆكەیەكی خرایە خوارەوە لەخوارووی عێراق ورۆكێتەكانی خۆی ئامادە كردبوو، دیاربوو دەیویست كەشەكە (جو)كە بەو لایەنە ببات هاوپەیمانەكان بەتایبەتی ئەمریكا كەكاردانەوەكەی بەدەست بوو ئەوە بوو تەیارەكەیان خستە خوارەوە بەراستی لێرەدا شتێكمان دێتەوە بیر كەكاتی

گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق یەکێک لەسەرانی حکومەت گووتوویەتی کە زانیمان ئەمریکا بریاری داوە رژێمی عێراق بگۆرێ گوتمان کەواتە بابچینە خانەی (مبادئ و شعارات) بەو عقلیەتەوە بوو کە لەرێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کوێت بووئەوە بوو کەعێراق نەکشایەوە واپێ دەچێ هەمان سیاسەتیان گرتبێ سیاسەتی شیعارات و مبادئ ئەمەیە هەمووی ئێستا هەیە هەموو لێدانەکە دیاری کراوە ئەو جۆرە لێدانەش راستە لەوانەیە لەلایەکەوە حکومەتی عیراقی بەتایبەتی بلێین صدام لاواز دەکات بەڵام لە لایەکی تریشەوە وا دەکات رای گشتی عەرەبی بەتایبەتی لەگەڵیدا بێت کە ئەو رای گشتییەش بێ گومان وولاتانی تەحالف رەنگە حسابێکی بۆ بکەن، بەڵام ئەوەی جێ ی سەر سورمانە تائێستا مەسەلەی ئێمە نە هاویشتراوەتە ناو ئەو مەرجانەی یان ئەو بریارانەی لەسەر عێراق دەیانەوێ فەرزی بکەن هەر باسی چەکەکان دەکەن ئەو چەکانە بکێشنەوە راستە ئەوە بەنیسبەت خۆیانەوە زیاتر تا ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن رژێمی عێراق هەرەشە نەکات بۆسەر کەنداو و بۆسەر ئیسرائیل بەڵام تا ئێستا مەسەلەی ئێمە نەهاتۆتەکایەوە کە ئەویش ناو بەناو بلێین دەبێ ئەو ئابلوقەیە لەسەر کوردستان هەڵگرن دەبێ دیموکراتیەت بەرپابێ لەعێراق مافی مرۆڤ بپارێزرێت ئەو جا ئەوەش ناکرێت لەوانەیە هەندێ هۆکاری خۆی هەبێت باس ناکرێت کەرەوشی کوردستانە، حکوومەتی عێراق تائێستا وازی لە لەشکرکێشی خۆی نەهێناوە بۆ سەر کوردستان لەشکرکێشیەکانی بە پێی زانیاری رۆژانە راستە هەندێکی بەرگریەو هەندێکی بۆ هێرشە جا لەمرۆوە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە کە خۆش بەختانە یەکخستنی پێشمەرگە رادەگەیەندرێ ئیتر ئەو ژمارە پێشمەرگەی کە تەرخان کراوە بۆ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بەتەواوی دەکەوێتە ژێر ئەو بازنەیەی کە بۆی دانراوە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە توانیویەتی سەرپەرشتی بەرەکان بکات وەئەگەر لە رووی هەندێ تواناوە بارودۆخی ئێمە وای خواستووە کە ئەو جۆرانەمان نەبێ، بەڵام دەمانەوێ دڵنیاتان بکەین کە چەککانمان باشن من خۆم سەردانی هەندێ لەبەرەکانم کرد لەسەرەتا هەندێ گلەیی هەبوو کەپێشمەرگە ئازووقەی نییە ژیانی خراپە ئەوە هەموو رازی بوون بەوە کەوەزعی بەرەکانمان باشە کەترسی ئەوەی نی یە کە بلێین سوپای عێراق پێش رەوی دەکا نەخێر پێشمەرگەی باش و هەڵبژاردە دانراوە دووەم بەردەوام بن لەسەر پەیوەندی کردن بەدەرەوە بۆئەوەی لەرووی دبلۆماسیەوە بتوانین کێشەکەمان بجوولێنین و بەردەوام بین لەسەری کە بێگوومان لەو بوارەوە بەرێزان کاک مسعودو مام جلال دەورێکی سەرەکیان هەیە بە حووکمی شوێنەکەیان وەهەروەها بەحووکمی ناسینی زۆر لەو کاربەدەستانەی وولاتانی دەرەوە کەقسەکانی ئەوان حسابیان بۆ دەکرێ دوای ئەوە مەسەلەی ئازووقەو سووتەمەنی بەراستی ئەویش بەرەو باشی دەروا ئەوەش گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆبارودۆخی ئەمرۆمان وەلەئەنجامی پەیوەندی لەگەڵیان ئەوە خەریکن پەلەی لێ دەکەن وەجارانیش گرفتی رێگامان هەبوو ئەویش تەواو بوو وانییە ئەگەر بارودۆخی موصل تێک چوو چ بواری تر نەبێت رێگای تر نەبێت نەخێر ئەوا رێگای تر هەیە ئەوجا بەراستی

ئێمە لەو رۆژانەی داهاتوو دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین مەسەلەکەی خۆمان بجوڵێنین بەشێوەیەکی وەها ئەویش ببێت بەیەکێک لەو خاڵانەی کەبهاویشترێتە سەر ئەو مەرجانەی کەدەبێت بسەپێندرێت بەسەر حکوومەتی عێراق چونکە ئەگەر بابەتەکە هەر بەتەنیا لەسنوری چەک و رۆکێت و ئەو شتانە بکۆڵێتەوە رەوشەکەی ئێمە هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە ئەوجا لەو رۆژەوە بەراستی پێویستی بەهاوکاری تەواو هەیە لەنێوان حکومەت و پەرلەمان بەهاوکارێکی تەواوی برایانی بەڕێز کاک مسعود و مام جلال کەبەهیچ شێوەیەک کەم تەرخەمیان لەم مەسەلە نەکردووە وهەروەها پێویستە ئەوشتانەی کە هەیە بۆخەڵکی رۆن بکەیتەوە واتا ئەوە نەبێت کە خەڵک هەندێ جار لەشتی بچووک بترسێت دەست بکەن بە شار چۆڵ کردن ئێمە چاوەڕێی ئەوە ناکەین هیچ هێرشێکی پیادە یان (آلیات) بێنە سەر شارەکانمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بەم بۆنەیەوە هیوادارم حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەئاستی ئەم قۆناغەدا بێت کەجەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران باسی کرد چونکە دڵخۆشکەری هەموولامانە بێگومان ئەندامانی پەرلەمان دەربارەی ئەوەی کە جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران باسی کرد دەست گرۆیی بکەن کەپێویست بوو بۆ ئەو قۆناغە، وابزانم کەم تەرخەمی نەکراوە باوەڕ ناکەم لەم لایەنە درێغی بکەن وئێمەش پێویستە بەرەی ناوەوەی خۆمان بە هێز بکەین.

**بەڕێز سەید حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاسی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە ئەو هیوایەی بە پەرلەمانی کوردستان هەیە، بێگومان ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان نەک لەناوخەڵک بلاوو ببینەوە بۆئەوەی خەڵک هێور بکەینەوە بەڵکوو ئامادەین لەبەرەکانی پێشەوە دابنیشین و بەرگری لەمافی میللەتەکەمان بکەین بەلای منەوە دووخاڵ دێنە پێش، یەکێکیان بۆ پەرلەمان و ئەوی تریان بۆ ئەنجوومەنی ووەزیران پێویستە پەرلەمانی ئێمە یاداشتێک بۆ هەموو پەرلەمانەکانی دەرەوە بنێرێت و، باری ئێستای کوردستان لەبرسێتی و لەسەرماو هێرشێکی حکوومەتی عێراقی بۆ سەرمان وەئەو چەکانەی کەهێناویەتی وەک رۆکێت و شتی تر کەدەیەوێ ئەو مافەی کەبە خوێنی خۆمان وەدەستمان هێناوە لێمان بسێنێ و بۆ پەرلەمانەکانی جیهانی روون بکەینەوە یان لایەنگیرمان بن وئەو ناوچانەی کە تائێستا رزگار نەکراون و ئەو ئاوارانەی کە دروستی کردوون بگەرێنەوە شوێنی خۆیان رزگار بکرێن و بۆ هەمان مەبەست داوا لەحکوومەتی کوردستان بکەین یاداشتێک بنێرێ بۆ حکومەتانی جیهان بۆ هەمان مەبەست وە خاڵی دووەم داوا لەحکوومەتی کوردستان دەکەین راپۆرتێکی تێروتەسەلمان بخاتە بەردەست دەربارەی ئاسایشی ناوەخۆو ئاسایشی سەر سنوور تا دڵنیا بین و پەرلەمان بزانێت لەناوەخۆ چی کراوە بۆپارێزگاری ئەم خەڵکە وهەروەها لەسەر سنورەکانیش، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەحاڵەتێکی هێرشی عێراقی بۆسەر کوردستان کە بەڵێن دووپات کراوەتەوە لەئەمریکاو لەهاوپەیمانەکانەوە کەرێگە نادرێت کورد لێی بدرێت هەرهێرشێک بۆ سەر کوردستان بێت خۆیان تێکەڵ دەکەن، هەروها تورکیاش ئەوەی نوێ کردۆتەوە بەڵام کە دەمانەوێ مەسەلەکەمان ببێت بە شتێک لەو مەسەلەی کە لەنێوان نەتەوەیەکگرتووەکان و عێراقدا هەیە بۆ ئەوەی کێشەکەمان چارە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس، بابێینەوە بۆسەر بەرنامەی ئەمرۆمان کەخاڵی دووەمە بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسایی بەموڵک کردن(استملاک)ە، ئەگەر لیژنەی یاسا بفەرموون بۆدەست پێکردنی ئەم بابەتە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

دەقی بریارەکەی خوێندەوە کە ئەمەیە:

استنادا الي أحكام الفقرة/١من المادة/٥٦ من القانون رقم/١لسنة ١٩٩٢أصدر المجلس الوطني لكردستان العراق بجلستةالمنعقدة بتأريخ ١٩/ ١/١٩٩٢ القرار ألاتي:ـ

١)ايقاف كافة معاملات(الاستملاك والاستبدال)في كاقة أنحاء اقليم كردستان العراق وحتى إشعار آخر،عدا(المعاملات والدعاوي) التي إكتسبت قراراتها الدرجة القطعية.

٢)على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

٣)ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطني**
**لكوردستان العراق**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

جا کێ تێبینی هەیە لەسەر مادەی(١)ی ئەم بریارە؟.. کەس نییە؟.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی مادەی یەکەم زۆر رێک و پێکە بەڵام (عدا معاملات والدعاوي التي إكتسبت قراراتها الدرجة القطعية.)پێویست بە معاملات ناکات. ئێستا ئەوە بکرێتە برگەیەکی سەربەخۆ بەو شێوەیە(بأحكام هذا القرار الدعاوي التي اكتسبت قراراتها الدرجة القطعية)زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە وشەی (معاملات) شتێکی زیادە بەس لەجێگای (باب إحتیاط)مان دانا ووتمان هەندێ داوا و معامەلە دەستی پێکراوە وەگەڕاوەتەوە بۆ سەرەتاکان (ئەوەلیات) وەشتی وەها ئەگەر نەشبێ زەرەر نییە. بەنسبەت خاڵی دووەمیش بڕگەیەکی سەربەخۆ بێت، یان سەربەخۆ نەبێت هەمان ئەنجامی هەیە لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سکرتێری ئەنجومەن.**

کاک فەرسەت بەشدارییەکی یاسایی هەیە حەز دەکەم ڕوونی بکاتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی زەوی کشتوکاڵیەوە بەموڵک کردن (ارض زراعی إستملاک) نییە (استبدال وإطفاء). شتێکی وەک استملاکە بەرای من ئەگەر زێدە بکرێ (استملاک واستبدال وإطفاء) شتێکی باشە ،سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها معامەلەکانی بەموڵک کردنمان وەرگرت ماوەیەک دەبێت لە وەزارەتی شارەوانی دەست پێ کرابوو بە معامەلەکانی بەموڵک کردن (إستملاک) و بەموڵک کردنەکەش بەشێوەیەکی عەینی بوو ووشەی (استبدالی) بۆیە بەکارهێناوە بۆ ئەوەی نەک وامەزەندە بکرێ کە (استملاک) هەر لایەنی پارەو شتی وا دەگرێتەوە. نەخێر زەوێکی زۆر لەدەست شارەوانی دەرچوو بۆ ئەنجامدانی تەصویری ئەساسی (٢٥) ساڵی پێ دەوێ بۆیە بڕیارمان داو پەیوەندی بە زەوی کشتوکاڵیەوە نییە ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جائێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە م/(١) وەکو ئەوەی لەبڕیارەکە هاتووە؟ وەکوو خۆی بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده /٢ی خوێندەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ؟ کێ لەگەڵ نییە ؟....بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی هەموو بڕیارێک کەدەردەچێ شیاوی راپەڕاندنەلەڕۆژی پەخش کردنیەوە (من تأريخ نشره) لێرە نووسیوویەتی (ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في جريدة الرسمية) بەرای من بنووسرێ (ينفذ هذا القرارمن تأريخ نشره في الجريدة الرسمية) لەگەڵ سوپاس دا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ کاک بورهان وایە بەس ئێمە لێرە مەبەستمان هەبوو، بەراستی وەختێکی زۆری پێ دەچێ تاپەخش دەکرێ ئێمەش دەمانەوێ بەزووترین کات معامەلەکانی بەمولک کردن (إستملاک) رابگرێت نامانەوێ دەست لەبابەتەکە وەردەین ودەستەواژەیەکە ئێمە نامانەوێ بچینە ناو درێژدادریەوە وابزانم وەزیری شارەوانی هاتە ئێرە ئەو بابەتە باس کرا.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکوخۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەدژیەتی؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، من خۆم تێبینی یەکم هەیە لەژێرەوە نووسراوە(نژاد احمد عزيز أغا)رئيس المجلس وكالة وە مادام کاک جوهر نامق لێرەیە پێویستە ئەمە بگۆرێت بەرئيس المجلس جوهر نامق، ئەمە بۆ لیژنەی یاسا وەختێ کە ئەم بڕیارە دەبێت بە بڕیار ئەو گۆڕانە دیاری بکەن جا لەبەر ئەوەی دواکەوتنی کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان لەم ماددەیە دوا دەخەین زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠/١/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠/١/١٩٩٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠/١/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٣٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١-گفتوگۆکردن لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ولەسەر چەند پرۆژەیەک لەگەڵ وەزارەتی هاوکاری ومرۆڤایەتی.***

***٢-گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ دەربارەی چەند پرۆژەیەک بۆ ساڵی ١٩٩٣ ـ ١٩٩٤.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مۆڵەتمان بدەنێ پەیامنێرانی تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندن، هۆڵەکە بەجێ بهێڵن چونکە ئەم دانیشتنە داخراوە، داوای لێبوردن دەکەین تۆزێ دواکەوتین بەڵێنمان هەبوو لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی کە لەسەر ئەو پرۆژانەی کە کردومانن بۆ وەزارەتی کاروباری هاوکاری ومرۆڤایەتی چەند بابەتێک، چەند پرسیارێکیان هەبوو دەربارەی پرۆژەکان ئەوانیش وەکو ئێمە گلەیەکی زۆریان هەیە لە یارمەتیەکانی تایبەتی ومرۆڤایەتی کە نەگەیشتووە هەوڵ دەدەن چارەیەکی ئەم بابەتە بکەن کۆمەکێکی زۆر بەڕێگاوەیە، خاڵی دووەم بەرنامەیەکیان بەدەسەوەیە بۆ ١٩٩٣-١٩٩٤ جەختمان لەسەر ئەوە کرد کە ئەم ساڵ ئەم بەهارو هاوینە زۆر پێ دادەگرن لە مەسەلەی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی ئێمە ئێستا خەریکی ئەو پرۆژەیەین لەگەڵ حکومەتی کوردستانیشدا دائەنیشین ناوەڕۆکی ئەو پرۆژانە ئەوەیە کە ئێمە بتوانین لە سەر پێ ڕاوەستین چونکە باوەڕیان پەیدا کردووە کە تواناێکی باشمان هەیە خەڵکانی بەتواناشمان هەنە بۆ ئەوەی لەرووی چاککردنی ئابووری خۆمانەوە لەکاردابین وکۆمەکی مرۆڤایەتی کێشەی ئێمە چارەسەر ناکات وبە پرۆژەیەکی ئاوەدان کردنەوەی گەشەپێدانی کوردستان کێشەی ئێمە چارە سەر دەکرێ. ئێمەش خۆشحاڵین چونکە لەمێژە هەموو لایەک هەوڵ دەدات کە کێشەی ئێمە تەنیا لەوکۆمەکە مرۆڤایەتی یە بە ئەنجام ناگا وەکو ئەو پرۆژەش گەلالە کراوە بۆ ئەم بەهارو هاوینە هەوڵ دەدرێ کە

بەتایبەتی لە مەسەلەی کشتوکاڵدا بکرێ. هەروەها بۆ سووتەمەنیش شتیان پێ یە پرۆژەیان بۆ داناوە ئەم بابەتە لە بونیادەوە چارەسەر دەکرێ. هەروەها پارێزگاری کردنی ئێمە زۆر بە جدی بەردەوام دەبێ گوتویانە صدامیش بمێنێ دڵنیابن پاراستنتان هەر دەکەین. خاڵی دووەم ئەوەبوو کە حەزم کرد بەسەر ساردی باسی بکەین مەسەلەی گواستنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمانە بەتەلەفزیۆن وراگەیاندن ئەمە دوو رۆژ لەگەڵ هەردوو (کتلە)دا باس کرا، هەروەها لەگەڵ حکومەت و لەگەڵ کاک د. فوئاد و مام جەلال وکاک مەسعود باس کرا کە بە بەرنامەیەکی رەها (مطلق) نەبێ. خزمەت بگەیەنێ بە جەماوەرمان وهەیبەتی پەرلەمان بپارێزن لە بەرنامەی خۆیان لە دانیشتنەکانی ئێمە بکۆڵنەوە. ئێمە لە سەرۆکایەتی چەند بریارێکمان وەرگرتووە لەوانە رۆژێکمان داناوە سێ شەموان بۆ ئامادە بوونی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران یان ئەو وەزیرانەی کە پێویستە ئامادەبن بۆ وەڵامی پرسیاری ئێوە روون بکەنەوە یا لەوێ ئێمە ئەگەر رێک کەوتین لەسەری دانیشتنەکە بلاو بکرێتەوە حەز ناکەم هیچ برادەرێک لە ئێوە واتێ بگات لە سەرۆکایەتی ئێمە دژی ئاشکرایین حەز ناکەین تەنیا راگەیاندنی ئێمە بەدواماندا بچێ (متابعە)مان بکا دەمانەوێ شتەکە بەرێکی بکرێت هەموو تەلەفزیۆنەکان لە (ئەلف) تاوەکو (یێ) ی دانیشتنەکەی ئێمە تۆمار بکات. هەموو وەختێک برادەری تەلەفزیۆن لێرە بن. ئێمە پیلانێکمان بەدەستەوەیە کە ئەو ئاشکراییە (علنیەتە) کە ئێمە بریاری دەدەین رێکی بکەین بە شێوەیەکی وا لە خزمەت ئەم تاقیکردنەوە دیموکراتیە بێت ولە ئاستی ئەو قۆناغە بێت وبە هیچ شێوەیەک بوار نەدرێت کە شتێکی وابێت کە دوژمنانی ئێمە سوودی لێ ببینن یا هەیبەتی پەرلەمانی ئێمەی پێ بشکێ پاش ماوەیەک وای لێ بێت کە لەبەر چاوی خەڵک بە بارێکی تر تەماشا بکرێت.

**بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز/جێگری سەرۆک:**

ئومێدم وایە کە برای بەرێزم کاک جوهر ئەو بەرهەمەی خۆی نیشانمان داوە من لەو بروایەم کە کاک جوهر لە بواری بیرو باوەرەوە دژی دیموکراتیەت نییە بەڵام ئەو تاقی کردنەوە کە ئەرکەکەی خستە سەر شانی من ئەو ئەزموونەی کە لە سەر شانمە بەرگری لێ دەکەم چونکە خۆم بروام پێ ی هەیە بەرێزتان داواتان بکردایە ئەو تاقی کردنەوە داهێنان (ئیبداع) نەبوو ئەو ئەزموونە لەسەر بناغەی یاسای ژمارە «١»ی پەیرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانییە کە ئەڵێ دانیشتنەکان ئاشکرانییە تەنها ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەن مافی بەقەدەر چوار یەکی ئەندامانە کەبڵێ دانیشتنەکە نهێنێ بێت لەبەر ئەو هۆیانە کە بەرێزی باسی کرد ئەگەر سەرۆک یاخود چواریەکی ئەندامان رەزامەندییان لەسەر نەدا ئەو وەختە دانیشتنەکە بە ئاشکرا دەبێت. راگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنێم ئەگەر دەزگای راگەیاندنی دنیا نەبوایە ئێمە تا ئێستا ئەم پەرلەمانەمان نەدەبوو چونکە هەمووتان ئاگادارن لەکاتی ئاوارەبوون ماوەیەکی زۆر بەتایبەتی ئەمریکا ئامادە نەبوو هیچ باسی ناوچەی ئارام (آمنة)بکات بەردەوام بوونی راگەیاندن(بوش)ی

ناچار کرد پەنایەکی هێمن بۆ هەرێم دابنێ. لایەنێکی تر هەیە من دەمەوێ ئەگەر سەرۆکی ئەنجوومەن ماوەم بدات لەم ماوەیە ئێمە هەستمان نەکرد چ پەیوەندی هەبێ لەگەڵ سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنەکان یاخود ئەندامانی. چونکە تاقیکردنەوەیەکی تازەیە ئایا رای سەرۆکەکانی حزبەکان چییە؟ بەتایبەتی ئەو حزبە سەرەکییەی کە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەوان پێک هاتووە واتا رای بەرێز کاک مسعودو ئەو ئەندامانەی کە مەکتەبی سیاسی دەیان ناسن وبەرێز مام جەلال وئەندامانی مەکتەبی سیاسی چۆن دەیان ناسن بەراستی لە دوو سێ بواردا باسمان کردووە بە تێکرا ئەوانە لەگەڵ ئەوەبوونە سەرەرای ئەوەش سلبیاتەکانمان لەبەرچاو بووە ئەو شتە لابەلایانە پەیوەندی نییە بە ئاشکراو ئاشکرا نەبوون پەیوەندیدارە بە هۆی راگەیاندنەوە ئەگەر تەلەفزیۆن بیەوێ وەک کاک جوهر ووتی وەختی خۆی بەوە سەرف بکا هەموو دانیشتنەکان بلاوبکاتەوە ئەوە ئیشی راگەیاندنەکەیەو ئیشی ئەو حزبەیە کە لێپرساوە لەو دەزگای راگەیاندنە وادەبێ بەراستی خەڵک تووشی فشل بێ من خۆم کە شتی وام بینی پەیوەندیم کردیە بە پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەلەفزیۆنی یەکێتی یەوە بە تەلەفزیۆنی زەحمەت کێشانەوە پێم ووتن ئێوەش شتێکی گرنگ بە تایبەتی دانیشتنی رۆژی سێ شەممە بەتەواوی دەربخەن کە لەگەڵ سەرۆک وەزیران دانیشتنی تر کە باسی پێداویستیە سەرەکیەکانی جەماوەر دەگات هی سووتەمەنی هی مافی مرۆڤ هی چۆن دابەش کردنی ئازووقە ئەوانە پێویستە بەراستی بلاوی بکەینەوە حزبەکان دەتوانن ئەو رێنومایییە بدەن بە دەزگاکانی راگەیاندن دەبێ ئەوشتە بلاوبکاتەوە لە لایەکی ترەوە مافێکی رەوای هەموو جەماوەرە راستە ئێمەیان لەسەر بنەمای زەردو سەوز هەڵبژارد بەلام بەرێزتان خستووەتە ئەم لیستانەوە ئەمە ئەم ناوانە دەنگیان بۆ دەدەین هەموو مرۆڤی بەرێزوتێکۆشەرن وجەماوەر مافی خۆیانە بزانن چیان بۆ دەکەن هەر ئەوەیە دادەنیشن یاخود بەراستی گرنگی دەدەن بەکێشەی جەماوەر وەلەوە بەردەوام بن کە مافێکی رەوای دەزگای راگەیاندن بێت لە پەرلەماندا، من لەگەڵ برای بەرێزم کاک جوهرم کە ئەگەر شتێکی گرنگ هەبوو پەیوەندی هەبوو بەکاروباری ئاسایش دەبێ ئاگاداری بین هەرچەند کاک فرەنسۆ بەئاسانی ووتی هەتا ئاسایش دەبێ باسی بکرێ ئێمە کە سەرۆکایەتی مل کە چین بۆ ئیرادەی ئێوە ئەگەر بابەتێکی وا کە سەرۆکایەتی وروژاندی وەیاخود برادەرانی تر وروژاندیان ئەبێ بخرێتە دەنگدانەوە کە ئەو دانیشتنە دانیشتنێکی نهێنی بێت ئیتر ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە ئەم بۆچوونەم جیاوازی بۆچوونە لەگەڵ برای خۆشەویستم کاک جوهر ئەمە جیاوازی نییە لە لانی مەبدەئی یەوە ئێمە وەکو بەیەکەوە کاردەکەین هەتاکو جیاوازی بۆچوون دیاردەیێکی تەندروستی یەو دەبێ لە هەموو جێگایەکدا هەبێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەم دوو بۆچوونە هیچ جیاوازێکی جەوهەری نییە لەسەر بنەمای دیموکراتیەت تەنها بۆی هەیە جیاوازی لەسەر شێوەکەی بێ. کە کاک نەژاد فەرمووی ئێمە پێشنیارمان کردووە کە دانیشتنی

سێ شەمان بڵاوبێتەوە بە تەواوی یا ئەو دانیشتنە کە پەیوەندی هەیە بە ژیانی خەڵکەوە.

لەلانی دیموکراتیەتەوە رای جیاوازمان نییە تەنها گۆشە نیگای من وئەویش ئەوەیە لەم بارودۆخەی ئێمەدا کە هەردوولامان معاناتێکمان هەیە لەگەڵ راگەیاندنی خۆمان. ئەوە یەکەم تاقی کردنەوەیەو لەزروفێکی ناسکدا دەژین. دانیشتنەکانی پەرلەمان هەڵسەنگێنین چی باشە ئێمە ئەوە دەربخەین. تەلەفزیۆنێک دێ لێرە هەموو مناقەشەی یاسایی ونا یاسایی لە ئەلفەوە تا بێ وەردەگری بۆی هەیە ووشەی تریش زیاد بکات وای لێبێت کە خەڵکان گرنگی نەدەن بەو ووشانە. ئەگەر باسی یاسای چاپەمەنیمان کردبێ ئەم تەجروبە جوانەو ناسکە تۆمار بکەین و نیشان بدرێ شتێکی باشە پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە. کە باسی خانوەکانی پەرلەمان ئەکەین بۆی هەیە زۆر لەبرادەران زەختی بەرز بێتەوە حەز ناکەم هیچ برادەرێک وا تێ بگات کە دیموکراتیەت سنووری نییە ئاشکرایش (علنیەتیش) سنووری نییە دوێنێ نموونەم بۆ هەردوو کتلە هێناوە ووتم دادگاکانیش بەئاشکران زۆر لە برادەران لێرە یاسازناس ودادوەرن تا حاکم دەتوانێ هەموو دانیشتنێک دوا بخات ئەمە علنیەت نییە من(٩) پەرلەمان گەڕام هیچ پەرلەمانێکمان نەدی وەکو ئەو علنیەتەی خۆمانی هەبێ، تەلەفزیون بەرنامەی فلیمی شەونخونان ناکاتە نیشاندانی دانیشتنەکانی پەرلەمان حەز دەکەم هەفتەی رۆژێک دانیشتنێکی گرنک نیشان بدرێ. ئێمە با واقعی تر بین بەراوردی کوردستانی عێراق بکەین بە ئیتالیا، فرنساو المانیا لە رووی کۆمەلایەتی یەوە لە رووی سیاسی یەوە لە رووی هەرەشەو مەترسی دەرەکییەوە لە رووی باری ئابووری خەڵکەوە و قۆزتنەوەی (استغلال) کردنی هەر ووشەیەکی نادروست ئەگەر هاتوو ئێمە پەرەمان پێدا ئەو ساکە رێی بدرێ بۆ بڵاو کردنەوە. حەز دەکەم ئەم بارە لەپێش چاو بگرن تەقدیری جەماوەر هەڵسەنگێنن، حەز ناکەم خەڵک بڵێ ئەمە پەرلەمانە؟ لەسەر ووشەیەک ٤ سەعات خەریکن ئەوە پەرلەمانە لەسەر ووشەیەک لەسەر رستەیەک لەسەر بابەتێک هاوار هاوارە خەڵکانیش برسینە دەبێ شێوەی نیشاندان رێک بخرێ وبە بەرنامە بێ بگونجێت لەگەڵ ئەو قۆناغەی کە ئێمە تێدادەژین بگونجێت بە پێچەوانەوە خەڵکی وا هەیە دەتوانێ بیقۆزێتەوە دژی ئێمە، من دڵنیام کە زۆر شت قۆزراوەتەوە (ئیستغلال) کراوە نە لەبەر ئەوەی بیرورایەکە هەڵەیە من دەڵێم شێوەی نیشاندانی ئەم ئەزموونە دیموکراتیە خراپ دەخرێتە روو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ راو وبۆچوونی هەر دوو جەنابتان لە بیری کوردایەتی بۆ خزمەتی جەماوەرمان گومان لەوەدا نییە بەڵام ئەگەر بیرو بۆچوونێک جیاوازی تێدا هەبوو پێم وایە ئەوە بناغەی پێشکەوتنە کە ئەمە بنەرەتی پێ راگەیاندنەکەیە ئاشکرایی (عەلەنی) سوودەکانی کاک نژاد باسی کرد لایەنە خراپەکانیش جەنابت باست کرد راستە لایەنی خراپی (سلبی) هەیە بەڵام بەلای ئێمەوە سوودەکانی گەلێک زۆرترە لە لایەنە خراپەکانی ورێک وپێکی بکەین بەرێ پێ نەدان

نابێ. ئێـمـه لەگەڵ بەئاشکراین (عـەلەنین). عـەلەنی دەبێت لەبەرژەوەندی کـورد بێ ڕێک بخرێ بەڵام ڕێکخـسـتنیش مـانای ڕێ پێ نەدان م(مـەنع) کردن نـییـه یەک ناتەبایم لەگەڵ بەڕێز کـاک جـوهر هەیە ئەسلـەکـه ئاشکراییـه (عـەلەنی)یە هەڵاوێردراوە کـه (اسـتـثنا)یەکـه نهێنـی یە. بارەخنەمـان لێ بگرن بۆ له ڕەخنه بتـرسین؟ پەرلەمـانی ئێـمـه به هەڵبـژاردن کـراوە پەرلەمـان حکومـەت دایناوە، حکومـەتی کـام دەوڵەتی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست واهاتووە ئینجـا ئەو دیموکراتیەتەی ئێمه هەر بەردەوام دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئێمەش دەمانەوێت بەراستی میللەت بزانێ چی دەکەین وبەدواداچوونی ئیش وکاری حکومەتی خۆیان بکەن ولەوە هیچ ناتەباییەکمان نییە دیسان جەخت لەسەر خاڵی سەرەکی دەکەم من حەز ناکەم وشەی قەدەغـه ئەسلـەن بەکـار بێنم چونکه من لەگەڵ مـەنع نیم بەم شـەش مـانگه هەموو دەزگاکانمان تەواوە کەس لەرەخنەی کەس ناترسێ ئێمه له هەفتەی ڕۆژێکمان داوە به پەرلەمان و به حکومەتی خۆمان بەڵام دەبێت ڕێکخراو بێ. ئێمه تەنها ئەوەمان دەوێ دانیشتنەکانمان ڕێک بخەین به شێوەیەکی شارستانی گفتوگۆیەکانی پەرلەمان بکرێ ئەندامی پەرلەمان سونبلێکه بۆ میللەتی کـورد ئەوەیان لێ دەوەشێـتەوە، هەر پەرلەمـانێک ڕێ ورەسـمی خـۆی هەیە ئێـمـەش قـۆناغی یەکـەممانە هەندێ شت بکەین بەتقلیـد تاکـو قـۆناغ به قـۆناغ چاوی پێـداخشـێنین هەر وەختێک گەیشـتینە ئەو بڕوایەی کە بارودۆخ له بارە با هەنگاوێکی تر بنێین، بەڵام بەم شێوەیە واهەست دەکەم بێ سنوور دانان شتێکی نەگونجاوە.

**بەڕێز ئەحـمـەد ئەبوبەکـر حـسـەن بامـەڕنی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەو بڕیارەی سەرۆکی ئەنجومەن دایناوە دژی مادەی(٩) یەمه له پەیرەوی ناوخۆ، من حەز دەکەم ئەوە بڵـێم هەر شـتێک سنووری خـۆی هەیە واته ئەم سنوورەش ئێـمـه تێبـینیـمـان کردووە لەگەڵ پەیرەوی ناوخۆ. ئەو شتەی که ئێمه بزانین دوژمن سوودی لێوەردەگرێ با نهێنی بێ، من پێم وایه ئێـمه ئەم ئەزموونه که دوو سێ مـانگه دەستمان پێ کردووە لەدەستی نەدەین ئەوە پێشێل کردنی مـافی مرۆڤـه ئێـمه هەوڵ بدەین له ڕێگەی حزبەکانەوە چارەسـەر بکرێ دەبێ ڕێکی خـەین کـامه بەرنامه باشه، کامەی پێمان باش نییه چاودێری بخەینه سەر، سوپاس.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێشـەکی سـوپاسی دەسـتـەی سەرۆکـایەتی دەکـەین دەربارەی سووربوونی لەسـەر مـافی مـرۆڤ ودیموکراتی. هەموو میللەت مافی ڕەوای خۆیەتی بزانێ ئێمه چ دەکەین وله پەرلەمـان چی باس دەکرێ من لەگەڵ دەسـتـەی سەرۆکـایەتیم که ڕێک بخرێت وراسـتـه ئازادیش سنووری خۆی هەیە وئازادی لپرسراویەتیه، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من ئەو مەسەلەیە بە چەند خاڵێک باس دەکەم:-

١- ڕێکخستنی ئاشکرایی (عەلەنی) ونهێنی هەر وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن باسی کرد پێویستە سنووری بۆ دابنێن.

٢- مەسەلەی قسە کردن ئەگەر دانیشتنەکە نهێنی بێ پێویست ناکات تەلەفزیۆن ئاگادار بێ.

٣- بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەراوردێکی لەنێوان دادگاو پەرلەمان کرد لەناو دادگا ئەگەر دانیشتنەکە نهێنی بوو ناتوانێ من وەکو هاولاتیێک دەر بکاو بڵێ لێرە دامەنیشە.

٤- بەنسبەت مەسەلەی وەزیرەکان هەر وەزیرێک لە حکومەتی کوردستان بەندە بە بەرنامەی وەزارەتەکەی ئەگەر لایدا لە سنووری بەرنامەی وەزارەت پێویستە تۆژینەوەی لەگەڵ بکرێ.

سوپاس.

**بەڕێز بارزان خـــالـیـــد عـــەزیز:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

هەموو لایەکمان لەگەڵ بەئاشکرایین (علنیەتین )بەش بە حاڵی خۆم من وای دەبینم وەکو پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا بالا دەست نین ناتوانین لەڕادەی بلاوکردنەوەی بڕیارەکان بین کە ئێمە ئازایانە باسی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ دەکەین یا باس دیموکراتیەت دەکەین بایەخی هەر دوو بەڕێزان کاک مسعود ومام جەلال بگرین بلێین بۆ لە پشت پەرلەمانی کوردستان ئەم هەموو هەنگاوە دەنێن کە ئێمە ئاگامان لە هیچ نییە لە کاتێکدا خۆیان هەندێکیان دەڵێن ئێمە پولیسی پەرلەمانین یەکێ ئەڵێ سەربازی پەرلەمانین؟ مام جەلال وکاک مسعود سەرکردەی ئێمەن وهیچ کەسمان ناتوانین بێ ئەم دوانە شتێک بکەین ئەو چەکدارانەی هی پ.د.ک وی. ن. ک شتی وادەکەن بەراستی من ئێستا شەرم دەکەم، چونکە خەڵکی وا بوونەتە پێشمەرگە شەرم دەکەم کە ٢٨ ساڵە پێشمەرگەمە، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن حـــمـــیـــد ڕەحـــیم:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من لەگەڵ بەئاشکرایم (عەلەنیم) بەلام واش نا، یانی چاوەدێرێکمان (سانسور)یەکمان هەبێت کە لەمەرکەزێکی ڕێک وپێکەوە بێ دانیشتنی بەئاشکرا بۆ نموونە باسی ئابووری و شتی وا ڕێک وپێک لە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان بپرسن بەئاشکراییەکە (علنیە)تەکە بخەینە خزمەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان. سوپاس.

**بەڕێز جـــەمـــیـــل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ڕاستە بەئاشکرایی (علنیەت) دیموکراتیەتە نەک علنیەتی ڕەها (مطلەق) بائازادی سنووری

هەبێ ئازادی بەرەڵلایی نییە، هەر شتێک سنووری خۆی هەیە راگەیاندن دەبێ زۆر رێک وپێک بێ. سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

مـەسـەلەی رێکخـستن ئەگـەر مـەکـتـەبێکی رێک وپێکمـان هەبێت لەناو پەرلەمـان وەکـو دامـەزراوەکـان هەوڵـبـدات هاوئاهەنگی بکا بۆ نموونە لەگـەڵ دەزگـای راگـەیاندنی دەسـتـەی سەرۆکایەتی لەسەر راگەیاندنەکانە لەسەر حزبەکانە ئەوەی دێتە ئێرە تەزکیە بکرێ لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان یا مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردسـتـان و هەموو حزبەکان ئێمـەش کە ئەندامین لە حزبەکاندا باوا بکەین هاوئاهەنگی لەحزبەکان دروست بکەین بۆ ئەم مەسەلەی رێکخستنە، سوپاس.

**بـەڕێز ئـازاد عـــــەبدولـقـــــادر قـــــەرەداغی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من خۆم لەگەڵ بەئاشکرایم (عەلینەت) چونکە کارێکی باش ودیموکراتیانەیە بەو جۆرە خەڵکی گوێیـان لەو شتـانە ئەبێ کە لە پەرلەمان باسی ئەکرێ بەڵام ئاشکرایی (علنیەت) وانەبێ کەوا لایەنی خراپی هەبێ کە ئێمـە زیانی لێ بکەین ئەگەر برادەران ئیشـارەتیان دا کە لیژنەیەکی راگەیاندن دروست بکرێ ورێک بخرێ بە ئاشکرا نەک بە بەرەڵلایی، سوپاس.

**بـەڕێز فـــەلەکـــەدین ســـایبـــر کـــاکـــەیی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە دانیشتنی ئاشکرا پەیوەندی بە مەسـەلەی ئازادی هەیە کە ئەو ئازادیە پەرلەمانی دروست کرد زۆر جار کە ناوی کاک مسعود ومام جەلال دێ حەز دەکەم شتێک بڵێم ئەوان هەمـوو شتێکیـان بە ئێمـە داوە، خۆمـان نایکەین. کـەم وکوری ئەبێ، ئەگـەر ئەو کەم وکوریانە لای میللەت ئاشکرا نەبێ ئێستا ئەندامانی پەرلەمان ناتوانن لەسەر رێگەی باشتر برۆن رێکخستن ئەبێ بۆ دیاری کردنی کەسان وقسە کردن وکاتی قسەیان دابندرێ پێش وەخت ئەندام خۆی بۆ ئامادە کردبێ، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئێمـە ئەرکی خۆمـان پشت گوێ خـستووە دەبێ میللەت ئاگای لێبێت وەبزانین چی دەڵێین وچ دەکەین هیچ شتێک لە ئیسلام شاراوە نییە لە ئەسلێ (شورای ئیسلامی) لە کاتێکدا راوێژ (مشاوەرە) دەکرا قەدەغە دەکرا کەس بچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی هیچ کەسێک مشاوەرەی شوراکەو راوێژەکان نەکات، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی ڕاگەیاندن هەموومان لەسەری کۆکین بەڵام من لەگەڵ ئەوەم کە پێویستە نوسینگەیەکی تایبەتی لێرە دروست بکرێ ئەو شتانە ڕێک بخات، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم لەگەڵ مەسەلەی ئاشکراییم (علنیەتم) وبرادەران باسیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێکخستن نیشانەی پێش کەوتنە ودەبێ لە بەرنامەکەمان ڕێکخستن هەبێ وەکو ڕێکخستنی بەرنامەی کار کە ئەمەش ئێستا پەیوەندی بە یاساوە هەیە نابێ لە تەلەفزیۆن هەموو دانیشتنێک نیشان بدرێ بەڵکو ناوەناو بڵاوی دەکەنەوە بەحەقیقەت نابێ لە میللەت بشاردرێتەوە دوای ئەوەی هەر وەزیرێک دێت بزانن چی ووتووە لە بارەی چی قسە کراوە دەمەوێ ئەمە ئیش کردنی بێت نەک تەنها قسە وەکو دەڵێن(الاعمال ولیس الاقوال)، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

علنیەت واتا دەبێ ئاشکرایەکی ڕێکخراو بێت بۆ ئەوەی ئیش وکاری خەڵکی برەخسێنێ وڕێک بخات وئەو ئاشکراییە دەبێ دیموکراتیانە بێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو کێشانەی کە هەیە چارەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایی دەبێت ئاشکراییەکی دیموکراتیانە بێت بەڵام ئەم دیموکراتیەتە دەبێت سنووری هەبێ، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دانیشتنەکان دەکەینە نهێنی ئەویش بە چەند خاڵێک دیاری دەخەم:-

١- هەر دوو فراکسیۆنەکان کۆبونەوەکانیان بەردەوام بکەن وئامادەبن.

٢- دیموکراتیانە بێت ئەو ڕاگەیاندنە.

٣- ئەو خاڵانەی پێویستە ئاشکرا نەبێ با بەپێی یاسا بێ .

٤- هەموو ئەندامانی پەرلەمان پابەندبن بە پەیڕەوی پەرلەمان ویاسای پەرلەمان.

٥- لە ڕەخنەی جەماوەر نابێت سوود وەر بگرین وکاری پێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

ئەوەی سەرۆکی ئەنجوومەن کردی رەفتارێکی باش نەبوو دەبێ سەرۆک لە قسەکردندا مۆڵەتیان پێ بدات دووەمیان من لەگەڵ ئاشکرایم ئەوەش مانای ئەوە نییە کە تەلەفزیۆن هەموو شتێک تۆمار بکات وبلاوی بکاتەوە رۆژنامەنوس بێتە ژوورەوە دابنیشێ لەسەرەتاوە هەمووی تۆمار بکەن. دەبێ رێکخستن هەبێ لێرە هەر ئەندامێک ئەتوانێ لە دەرەوە کاتێ دەچێتە دەرەوە باسی بکات کەچی باس کراوە وچیمان کردووە وچیمان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

ئێستا هیچ ناتەباییەک نییە لە سەر بیروڕای مەبدەئی ئاشکرایی هەموو ئەندامان یاخود با بڵێین زۆربەی لە سەر ئەو رایەن وەکو کاک فرەنسۆ کورتی کردەوە وهەر وەها کاک سەید حسن کە کۆمەلێک پێشنیاری پێشکەش کرد ئەم پێشنارانە بۆ تەلەفزیۆن رەچاو بکرێ مادام گفتوگۆی لە سەر کراوە دەبێ بڕیارێکی لە سەر بدەین ئەو ئاشکراییە دەبێ رێک بخرێ ئەوانە بکەینە بونیادێ چونکە ئەوەش ناگونجێ هەموو دانیشتنێک بخەینە دەنگدانەوە وسوپاسی کاک فرنسۆ ئەکەم کەوا ئیشارەتی بۆ ئەو مادەیە کرد وسوپاسی برادەران ئەکەم کە ئیشارەتمان کرد کەوا دژی پەیرەوی ناوخۆین و مافێکی سروشتی دەستەی سەرۆکایەتی نییە ئەوانە ئەو برادەرانە مۆڵەتیان لە دەستەی سەرۆکایەتی وەرنەگرتووە بۆیە پێشنیارەکانیان وەرنەگیراوە ئێستا با بزانین کێ لەگەڵ ئاشکراییە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا لەگەڵ ئەوەن کە ئەو ئاشکراییە رێک بخەن دڵنیا بن دڵسۆزی ئێمەش لەگەڵ دڵسۆزی ئەو برادەرانەیە، ئێستا با برادەرانی لیژنەی یاسا بفەرموونە شوێنی خۆیان بۆ خویندنەوە وگفتوگۆکردنی بڕیاری چۆڵ کردنی خانوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی.

**بەڕێز حـــوســـێن عـــارف عـــەبدولڕەحـــمـــان:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

بڕگە «١» لە ماددەی چۆڵ کردنی خانوەکان، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

کێ تێبینی هەیە لە سەر بڕگە«١».

**بەڕێـز جـــــــەمـــــــیـل عـــــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

چوار خانوو هی پەرلەمانە گرفت ئەوەیە ئەو خانوەی بۆ ئەنجوومەنی راپەڕاندنە (مجلسی تەنفیذی) لە بەر ئەوە ئەنجوومەنی یاسادانانی (مجلس تەشریعی) باس نەکردووە بەس بڵێین مولکیەتی دەوڵەت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکەی کاک جەمیل ڕەوایە لە بەر ئەوە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران داوا کراوە ووتیان سووتاوە. ئێمە حەزمان کرد بیخەینە پێش ئایا هەمووی بدەین بەوەزارەتی دارایی؟ سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محەمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمووی بۆ وەزارەتی دارایی تەرخان بکرێ، بەلام بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەمەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لە دژە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

على المحاكم عدم سماع الدعاوي الناشئة عن تنفيذ احكام هذا القرار وتسرى احكامه على كافة الدعاوي المقامة المتعلقة بتلك الدور في جميع مراحلها، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر کەس قسە ناکات من تێبینییەکی بچووکم هەیە ئەم دەقە «على المحاكم عدم سماع الدعاوي الناشئة عن تنفيذ احكام هذا القرار وتسرى الاحكام على كافة الدعاوي المتعلقة بتلك الدورفي جميع مراحلها» خۆی ماددەیەکی یاسایی نییە تادژی ئەم ڕابوەستێ.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بڕیارە خۆی شتێکی هەلاویردراوە (ئیستثنائیە) زۆر جەختمان کردووە. ئەگەر بێینە سەرلانی یاسایی لەوانەیە کابرا بلێ بەلگە نامەم هەیە ئەگەر بە یاسا بوایە پێویستی ئەو بڕیارەی دەکرد، لە ڕووی یاسایی یەوە هەموو یاسایەکمان لێ برا بوو تەنها ئەو بڕیارە مابوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە وەکو خۆی.. کێ لەگەڵی نییە.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٤- تغلق دور المذكوره من فقره(١) اعلاه من قبل شاغليها الى مده ١٥ يوما من تاريخ اصدار هذا القرار، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

تێبینییەک هەیە هەندێک برادەر واهەست دەکەن ئەندامانی پەرلەمان یا وەزیرەکان لەو خانوانە دەرەدەکەین باوەر ناکەم چونکە برگەیەکی تر هەیە دەڵێ تەرخان کردنی خانوو (تخصیص دور) بۆ ئەندامانی پەرلەمان وئەندامانی حکومەت.

**بەڕێز ســـەعـــیـــد عـــەلی خـــان عـــەبدی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوەی لێ ی دەربچێ وەکو لەو یاسایە دەڵێ (١٥) رۆژ وابزانم ئەو (١٥) رۆژە زەحمەتە بەوەندە هیچ جێبەجێ ناکرێ وابزانم حزبەکانی تێدایە ئەو خانوانە بۆیە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لەو بەڵێن نامانە (عقدانە) برگە هەیە دەڵێ هەر کاتێک شتی وا بوو داوا بکەن خانوەکان چۆڵ بکەن لیژنەی یاسا بزانن چی دەڵێن.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو (١٥) رۆژە لەگەڵ ئەو ماوەی بلاوبوونەوەکە لە رۆژنامە رەسمیـەکاندا ماوەیەکی تەواوە بۆ ئەوەی بتوانن خانوەکە چۆڵ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز عـــەبدوڵلا ئـیـــبـــراهیم عـــەبدوڵلا:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بە رای من ماوەی (١٥) رۆژ کەمە لە بەر ئەوەی زستانە سەرمایە خانوو پەیدا کردنیش ئاسان نییە من پێشنیار دەکەم کەمتر ین ماوە تا نەورۆز بێت تا ئەو خانوانە چۆڵ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێــز بـارزان خـــــالـیـــــد عـــــــەزیـز:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو خانوانە هەموو شتێکیان تێدابووە بەتایبەتی کارمەندان ئێستاکە دەڵێی فلان برۆ کابرا هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا دەبات، پێم وایە ئەگەر لیژنەی یاسایی کارێکی وای بکردایە بۆ نەبردنی شمەکەکان، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بۆ ئەم بابەتە ئێمە دەپرسین لەو لایەنەی کە لێپرسراوە لەو خانوانە کە بزانێ چی تیایە چی تیاماوە ئەیدەینە لیژنەی پەرلەمان.

**بەڕێز گـــەلاوێژ عـــەبدولجـــەبار مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

منیش هەر لەگەڵ ئەوەم باخەڵک زیاد بکرێ ئەو کەسانەی کە لێپرسراون بەرامبەر بە چۆڵ کردنی

ئەو خانوانە پارەیەکی زۆری دەوێت دەبێ بۆیان دابین بکرێ لە بەر ئەوە خاڵێکی بۆ زیاد بکرێ خانوەکان بەرێک وپێکی تەسلیم بکەن، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای منیش ئەوەیە کە ماوەکەی زیاد بکەن چونکە دەزانین زستانی ئێمە مانگی یەک ودووە بەرای من ماوەکە بکرێ بە«٤٥» رۆژ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەکە کەمە بکرێ بە «٣٠» رۆژ، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١٥ رۆژ بۆ چۆڵ کردنی ئەم خانوانە کەمە بکرێ بە «٣٠» رۆژ زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی مەسەلەی ئەو خانووانە لە شاری هەولێر زۆر برادەران پێوەی ماندون بەبۆچوونی من بەو شێوەیە چۆڵ ناکرێ بەو جۆرەی کە ئێمە دەمانەوێ لە ئەنجوومەن بریاری لەسەر بدەین لە ماوەی ١٥ رۆژ تا ٢٠ رۆژ یا مانگێک بەرای من واباشترە ئەو برادەرانە ئەوەی لێی دەوەشێتەوە ئەوەی کادری لایەنە سیاسیەکانە جێگایەکیان بۆ دابین بکرێ یامەکتەبی سیاسی خۆی بۆیان دابین بکات یا بەهۆی حکومەتی کوردستان بۆیان دابین بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا جێگری وەزیر دەگرێتەوە کە دەربکرێ؟ یا ئەچێتە ناویەوە یان حەقی هەیە ئەو خانووە وەربگرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم خاڵێک زیاد بکرێ بۆ ئەوە وەکو بریار هەر چی کەلوپەلی خانووەکە هەیە تێیدا بمێنێتەوە هەر کەسێک لە رابردووش بردوویەتی وابکەن بیانگەڕێنێتەوە بەنسبەت ئەوەی ئەو کادرانەی کە دەڵێن پارتی یا یەکێتی بەپێچەوانەوە ئەوانە هیچیان تێدا نەماون تەنها ئەوانی ترماون، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژ بەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ئامارەیٔ ئێمە کردمان وەکو کاک شوکت ووتی ئەو کەلوپەلانەی کە لەناو خانوەکاندا هەیە باس

نەکراوە ئێمە ووتمان کەم وکوری خانوەکە جێگیر کراوە بۆی هەیە ئەنجوومەنی وەزیران بزانن لە رووی چی کرابێ چ نەکرابێ ئەگەر ئیش بکەن شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەڵێم وەکو برگە«٨» دەڵێ (ینفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ تصديقه وينشر في الجريدة الرسمية) لەوانەیە ئەبێتە «٤٥» رۆژ خەڵک سوودی لێ وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبۆچوونی من ئەو خانوانە کە شتێکی کەم بێ، خاوەنی خانووەکە بەرپرسیار دەبێت بەڵام یاسایەک دابنرێ بڵێ ئەم کابرایە بەرپرسیارە ناتواندرێ، ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بڕیارەی ناردووە پرۆژەیەکمان رێک خستووە بەو شێوەیە رای پەڕێنین. دواجاریش جێ بەجێ بوو، ئەنجوومەنی وەزیران بەرپرسیارە ئەم کارە راپەڕێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مەسەلەی ئەو برادەرانەی پێشنیاریان کرد ئەبێ بەوشێوەیە بێت لیژنەی یاسا« ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ تصديقه وينشر في الجريدة الرسمية » بەم پێشنیارەی کاک نەژاد گرفتەکە چارە دەکرێ دەبێ « ٣٠» رۆژ پاشان لە برگەی «٨» ئەنوسین « ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ تصديقه » ئەم رستە زیاد بکرێ « وينشر في الجريدة الرسمية » نەک ا« عتباراً من تاريخ نشره ».

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک نەژاد ووتی لە لانی تیوریەوە شتێکی باشە لایەنی ئیستثنائیشی تیایە وەک باوە لە یاسایەک ئەڵێن «من تاريخ نشره» وابزانم بڵێی «من تاريخ اصداره» ئێمە لەڕاستیدا وەکو یاسا هەر هەڵاویردنێک (ئیستثنایەک) قیاسی لە سەر ناکرێ بەڵکو بە (قاعدە) بنەما وەردەگرێ لە بەر ئەوە ئەو رێگەمان گرت وەکو عەرزم کرد (١٥) رۆژەکە لەگەڵ ئەو ماوەی کە بڵاودەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵێک هەیە کە دەبێ ئەو یاسایە جێ بەجێ ببێ وەماوەکەشی تیابێ لە (١٥) رۆژ نەبێ بە دوو مانگ ئەگەر بوترێ مانگێک بوترێ « من تاريخ اقراره يا تصديقية ونشره في الجريدة الرسمية » هەردوو ئامانجەکە دێنێتە دی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم دەقە بەو شێوەیە بیکەین بە ٣٠ رۆژ بەڵام مەرج دارە بە برگە٨ « ينفذ هذا القرار اعتباراً من

تاريخ تصديقه وينشر في الجريدة الرسمية » كێ لەگەڵ ئەم هەموار كردنەیە (تەعدیلە)یە؟... كێ لەگەڵی نییە؟... بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

٥/ تخصص الدور المذكورة لاعضاء المجلس الوطني واعضاء مجلس وزراء أقليم كوردستان العراق فقط، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بریكاری وەزیر دەگرێتەوە؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

لەم برگەیەدا نەخێر، كەی زیاد بوو لە هەردوو ئەنجوومەن ئەوجا دەدرێت بە بریكاری وەزیر ئەگەر بڕیار لەسەر بدرێ.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەو خانوانە تەنها بۆ ئەنجوومەنی وەزیران وئەندامانی پەرلەمانە نادرێت بە كەسی تر. پێشنیاری زیاد كردنی ماددەیەک دەكەم لە برایانی لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە « تحقيق لشاغلين الحاليين المالكين والمشمولين باحكام هذا القرار طلب تخلية دور العائدة لهم ومؤجر للغير وينفذ شروطة الواردة في هذا القرار وذلك استثناء لاحكام قانون ايجار رقم ٨٧-١٩٧٩ »، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من مەبەستم ئەو بریكاری وەزیرانەن كە بە زۆری ئێمە ناردوومانن، دیارە پێیان خۆش نەبوو دەست لەكاربكشێنەوە (ئیستقالە) بدەن لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئێمە سەپاندومانە بەسەریاندا كە ببن بەجێگری وەزیر من پێم وایە ئەم برگەیەی تیا نەبێ باشە بۆ خەڵكی تر بەتایبەتی بۆ ئەو برادەرانەی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوانەی دەستیان لەكار نەكێشاوەتەوە (ئیستقالەیان) نەداوە لە پەرلەمان ئەوان بەئارەزووی خۆیان هەڵیان بژاردووە كردیە. بەرای من چ پەیوەندیەكیان بە پەرلەمانەوە نامێنێ بەڵام ئەگەر لە ئەندامان زیاد بوو ئەوە سەرپشكی (ئەفضلیەت) دەدرێ بە ئەوان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەو تێبینی یەی كاک بەختیار كە دەڵێ خانوەكانی خۆیان چۆڵ بكەن پێویست بەو دەقە ناكات، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەوەی کاک شێروان ووتی ئێمە لەگەڵیدا این ئەندامی پەرلەمان کە خەڵکی هەولێر بن کە خانویان پێویست نییە ئەو خانوەی کە ماوە بدرێ بەو کەسانەی کە پێویستی زۆری بەم خانوانە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
یەک تێبینی گچکە هەیە تەنیا ووشەی «فقط» کە جەنابی سکرتێری پەرلەمان دەڵێ ئەگەر بنوسرێ «حصراً».

**بەڕێز حازم ئەحمەد محەمەد یوسفی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
هەر ئەگەر تێیدا نەبێت باشترە، سوپاس

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئێمە لەمادەی قانونی ئەوەی «حصر» شتەکە دیاری دەکەین بواری جووڵەکردنمان نی یە، تەنها بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن جەختی کرد کە دەبێ (فقط)ی لەگەڵدا بێ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
لە سەر داوای لیژنە وئەوانەی لێقەوماون بەراستی مرۆڤ نیگەرانە بەرانبەریان سوپاسی سەبرو پشوودرێژیان دەکەم. بەڵام بەداخەوە ئێمە توشی کۆمەڵە خەڵکێک بووین کە ناچارمان دەکەن بەو جۆرە هەڵوێست وەرگرین. بەڕێزان مام جەلال وکاک مسعود هەوڵیاندا لەماوەیەکی کورتدا ئەو خانوانەی کە سەربە کادرەکانیانن چۆڵیان کرد بەداخەوە هەندێ خەڵکی تر هەنە هەست بە لێپرسراویەتی ناکەن دەبێ ئەم وەزعە وای لێبێت پشتگیری ئەو لیژنەیە بکەم. ئەگەر یاسا ڕێگە نادات لادرێ لیژنەی یاسایی لای ببا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
«فقط» ئاشکرایە کە فرمانە (فعل امر)ە ئەوەی تەرخان کراوە ناوی هاتووە مانای وایە ناگۆرێ کە لە پەرلەمان ولە وەزیرەکان زیاد بوو ئیتر بریکاری وەزیر وەریدەگرێ بەڕێوەبەری گشتی یەکان وەری دەگرن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
من رام وایە بەراستی کە تەرخان کرا بۆ ئەندامانی پەرلەمان وئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران هەتا ئەگەر هەر ١٠٥ خانووەکە بەتاڵ بێت کەس هەقی ئەوەی نییە بچێتە ناوی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
منیش رام لەگەڵ رایەکەی کاک (ئەیاد)ە (١٠٥) خانوو تەرخان کراوە بۆ دام ودەزگایەک ئەم دام ودەزگایە مافی خۆیانە چۆنی بەکاربهێنن (تصرف)ی بکەن بۆ ئەندامانی ئەو دەزگایە.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەگەر بمانەوێت (حەصری) ئەم بابەتە بکەین دەتوانین شتێکی لێ زیاد بکەین «موظفي جهات خاصة»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
هەڵگرتنی (فقط) زەرەری نییە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و سەرپشک (ئەولەویەت) ئەندامانی پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیران وبریکاری وەزیرەکانن کە هەمووتان کۆکن لەسەر ئەوە.
**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بریکاری وەزیر مافی ئەوەی نییەکە خانوی پێبدرێ دەبێ سەرپشکی(ئەفضەلیەت) بدرێ بە ئەندامان ولێرەوە دەبێ چارە بکرێ وبیدەینە ئەندامانی پەرلەمان ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران ئەفضەلیەتیان بدەینێ ئەگەر زیاد بوو ئەوجا بۆ بریکاری وەزیر یا بۆ بەڕێوەبەری گشتی یا بۆ کارمەندو پلە تایبەتەکان (درجه خاصه)بێ، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەوە پێشنیارەی کە کردم «تكون افضلية التخصيص لاعضاء مجلس الوطني ومجلس الوزراء لاقليم كوردستان» ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ ئەوانی تر تەرخان دەکرێ، سوپاس.
**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
تەنها جەخت لەسەر ئەندامی پەرلەمان دەکرێ کەسێکی تر نابێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەولاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان عەبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وائەزانم ئەگەر «إعضاء »ە کە لابدرێت (اعضاء مجلس الوطني، اعضاء مجلس الوزراء او کلاهم)، گرفتەکە نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک بەختیار فەرمووی ئەمە بنەڕتە لە پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیراندا هاتووە لە بەر ئەوە ئەو مافەمان نییە دەستی لێ بدەین (صیاغەی قانونی لغوی تخصیصاً) لە بۆ ئەوە هاتووە، ئەوەی کاک رجب فەرمووی لانی تەوکیدی راستە (فقط) وەکو پشتگیریەکە، ئەوەی کاک حازم ووتی جەخت لەسەر گۆشە نیگای ئێمە دەکات بەلاّم دەبێ واقعی بێن لە لانی یاسایییەوە تەرخان دەکرێ بەناوی خانوی مامۆستایان زۆر جار هەبووە مامۆستا نەبووە بەلاّم ئیشی هەبووە مامۆستا یا بەڕێوەبەر بۆی کردووە هەرچەند لەوەزارەتی ناوخۆ ئەم خانوە کێ کردوویەتی؟ بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیەتی (ئیدارەی محلی) بەیارمەتی وەزارەتی ناوخۆ (تخصیص للمعلمین) کەچی خانوەکە دراوە بە معاونی پۆلیس یان قۆمیسەر یان بەڕێوەبەری ناوچە یا قائمقامێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ ئەوە نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٦/ لایعمل بأي نص سیتعارض احکام هذا القرار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە؟.. کێ لە دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٨/ ینفذ هذا القرار اعتباراً من تأریخ تصدیقه وینشر في الجریدة الرسمیة، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو باوە یاساکە دەردەچێ سێ لایەنی هەیە لایەنی یەکەم دەرچواندن«اصدار» هەیە لایەنی راستاندن (تصدیق) بالاترین دەسەلاّت لایەنی دەرچواندنەکەیەتی (اصدار) بە بۆچوونی من

راستاندن(تصديق)راستره چونکه ئێمه راستاندن (تصديق) له سەر یاساکە دەکەین (اصداری) ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەڵێم راستاندنەکە (تصديقه)کە باشترە چونکە هەرچی راگەیاندنەکان هەنە نزیکن لەوە کە لە پەرلەمان دەرچێ هەر لە بەر خاتری ئەوە بوار بدەین کە (تصديقه)کە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵی نییە؟... کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. شەممەش سەعات (٩٫٣٠)ی دانیشتنی داهاتوومان دەبەستین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پروتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٤)

## شەممە ڕێکەوتی٢٣/١/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٤)

## شەممە ڕێکەوتی٢٣/١/١٩٩٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٤)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- بەر چاوخستنی پرۆژەی ڕەسمی پوول(رسم الطابع)***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

کۆبوونەوەکەمان دەست پێ دەکات.. برایانی خۆشەویست، وەکو پێشنیارێک لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە لەگەڵ برایانی هەر دوو فراکسیۆن قسەکرا، بەرنامەی ئەمڕۆمان دوابخەین، بەبۆنەی ئەو ڕوو داوەی ناو شاری هەولێر نزیکی پارێزگای هەولێر لەلایەن دەستێکی چەپەڵ لەلایەن دوژمنەوە ئۆتۆمبێلێک کەبە ماددەی (T.N.T) چێنرا بوو تەقیەوە، تا ئێستا (١١) هاوڵاتی عەزیزی کوردمان شەهید بوون و ژمارە یەکیش بریندار بوون....

بەم بۆنەوە داواتان لێ دەکەین دەقیقەیەک ڕاوە ستن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی دوێنێ ی شاری هەولێری دێرین و خۆشەویستمان بۆ گیانی پاکی هەمووشەهیدانی کوردوکوردستان. وەکو ئاگادارن ماوەیەکە دوژمنەکانمان قۆناغ بەقۆناغ هەوڵ دەدەن هێرشی خۆیان توندو تیژ بکەن بەسەر ئەم ئەزموونە دیموکراتییەدا، دوژمنەکەمان بە چەند شێوەیەک شەری ئێمە دەکات. ڕاستە ئەمڕۆ هێزی چەکوش لە ئاسمانەوە، دەمان پارێزێ. ئەنجوومەنی ئاسایش بریاری هەیە گەلەکەمان بپارێزێ، بەڵام بە داخەوەئەنجوومەنی ئاسایش لەچەند ناوچەیەکی ئارام کۆدەبێتەوە کەچی بریار وەردەگرێ و ئەنجام دەدرێ بۆ ساروخێک بۆ ئەوەی تەیارەیەکی (UN) چەند فەرمانبەرێکی (UN) بە ئازادی لە وڵاتێکی ترەوە بێن بۆ عێراق و ئەنجوومەنی ئاسایش کۆ دەبێتەوە دەست بەکاردەبێ بەڵام بۆ هێرشی چەپەڵی بەعس بە سەرماندا، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەوئەبلوقە ئابوورییەی کەبەسەریدا سەپاندووین توندتر کردووە بۆ ئەو تاوانانەی کە میللە تەکەمان ڕۆژانە تووشی دەبێ. هەتاکۆ ئێستا هیچ بریاری ڕاستەوخۆ وەرناگرن ڕاستە وەکو لەسەرەتاوە ووتم دوژمن هێرشمان

بەسەردا دەکات، راستە هێزی چەکوش پارێزگاریمان لە ئاسمانەوە دەکات.. تەماشای کەن کەچۆن ئەم دوژمنە بەچەند شێوەیەک شەرمان لەگەڵدا دەکات لەلانی ئابووری یەوە ئەبلوقەی ئابووری بەسەرماندا دەسەپێنێ لەخواردەمەنی و سووتەمەنی زستان دژ بەبڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش دژ بەبڕیارەکـــانی (U.N) دژ بەو رێککەوتنانەی کە حکومەتی عێراق ئیمزای کردووە لە (١٩٩١). هەروەها لەهێڵی وێک کەوتندا (خطی تەماس)دا بەدرێژایی لە سنوورێک کە زیاترە لە (٤٠٠) کم رۆژانە لەشکرکێشی زیاد دەکات و پەڵپمان پێ دەگرێ و دەست درێژی دەکاتە سەر شارەکانمان یاگوندەکانمان ئەدەنە بەر تۆپ رۆژ نی یە رووداوێکی وا نەبێ ئەوە لەساڵێک زیاترە خەڵکی شاری کرکوک و دووزو خانەقین و دەوروو بەری موصل و ناو موصل و هەتا بەغدا ئەو کوردانە ئاوارە دەکات بەرووت و قوتی بەبیانووی ئەوەی کەسووکاریان (پ.م) ن یانزیکی (پ.م)ن لەدەوروبەری نیوملیون ئاوارە هەیە خۆتان دەزانن بەڕێوەبردنەکانی ئێمە لە چ وەزعێک دانە، شارەکانی سلێمانی چەمچەماڵ، کفری، کەلار، لە چ وەزعێکی ناخۆش دان جگە لە هەولێر ودهۆک رۆژانە کاوڵکاریان تێدا دەکرێ. رۆژانە خەڵکمان بۆ دەنێرن قنبلەی (tnt) لە هەر جێگایەک فرسەت بێنن دەست دەوەشێنن هەوڵ دەدەن تۆقاندن لەولاتەکەمان دروست بکەن، دەست درێژی کراوەتە سەر میوانیش وەک ئەوەی لەزیارەتی «مدام میتران» رووی داوە دوای ئەوەش چەند کار بەدەستێکی رێکخراوەکان بەری کەوتن و ئەوەی ئێستاش تاوانێکی تری لە دڵ تەزێنە دژ بەخەڵکی ئاشتی خوازو مرۆڤ دۆستی شاری هەولێری ئازیزمان رووی دا ئەم دانیشتنەی ئەمرۆمان تەنها تەرخان دەکرێ بۆ ئەم رووداوە هیواداریین دام و دەزگای کوردستان وحکومەت دەست بەکاربن بۆ ئەوەی جارێکی تر رووداوی وا ناخۆش توشی میللەتەکەمان نەبێ ئەوانەی ئەم تاوانانە ئەنجام دەدەن بەسزای خۆیان بگەن هەر لەسەر پێشنیاری برایان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکانی فراکسیۆنەکان یادداشت نامەیەک ئامادە بکەن دەربارەی تاوانەکانی دوژمن کە بەردەوامە لەسەری پاشان بەدرێژی باسی ئەکەین چەند ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی بریندارەکان بکەین سوپاسێکی بێ پایانی دکتۆرەکان و. هەموکار بەدەستانی خەستەخانە دەکەین ئیمرۆ بەگیانێکی شۆرشگێری و خۆراگری هاتوونەتە پێش، سوپاسی خەڵکی شاری هولێری تێکۆشەر دەکەین بۆ ئەو هەڵمەتەکە دوێنێ نواندیان بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کە بەئوتۆمبێل و هەوڵی خۆیان لەگەڵ برایانی پۆلیس و ئاسایش و کار بەدەستانی تری حکومەتی کوردستان توانیان ئەرکی نیشتمانیی ومرۆڤایەتی خۆیان جێ بەجێ بکەن بەناوی ئێوەوە سوپاسێکی بێ پایانیان دەکەین خوا هەرنموونەیان زیاد بکات رورەشی و سەرشۆری بۆ درژمن ئەو دوژمنەی لەسەر لێواری گۆڕە. بەم بۆنەوە پێمان خۆش بوو ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران شتێکمان بۆ روون بکاتەوە، چونکە برایانی ئەندامانی پەرلەمان لە دوێنێوە بەپەرۆشەوە چاودێری ئەم بارودۆخە دەکەن. برایانی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر مۆڵەتمان بدەن قسە دەدەین بە جەنابی سەرۆک.

ئێستاش ڕێگە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دەدەین لەم بارەیەوە قسە بۆ ئێمەو هاوڵاتیان بکات دەربارەی ڕووداوەکە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەوەی دوێنێ ڕووی دا، لە ئەنجامی ئەو پیلان گێڕانەی ڕژێمی عێراق، لوتکەی کارەسات بوو بەو شێوەیە بەو جۆرە ترومبێلێک لەشوێنێکی قەرە باڵغ ڕابگرن حیساب بۆ هیچ نەکرێت ئەوە لە ڕژێم دەوەشایەوە، بەڵام لەکورد زمانێک چاوەڕوان نەدەکرا بەم کارە هەڵ سێت، تەقینەوەکە بەڕادەیەک بوو سەری بیناکە بەتەواوی تێک چوو وە پارچەی ئۆتۆمبێلەکە گەیشت بووە قەڵاتێ، واتا هێزی تەقینەوەکە بەو شێوەیە بوو لە خەستەخانەکان دەرکەوت کە ڕژێمەکە هیچ بەهایەکی مرۆیی ورەوشتی نییە، ئەو ڕژێمە پەنا بۆ کیمیاوی و ئەنفال ببات، بەڵام چاوەڕوان نەدەکرا کوردێک بەم کارە هەڵسێ و بەو شێوەیە خزمەتی ڕژێم بکا.

ئەوەی پێویستە دەزانن لەسەر ئاستی ناوخۆ دەبێ، بەزۆر شت دا بچینەوە، پێداچوونەوە، بەرامبەر بەهێزکردنی دەزگاکان و دادگاکان. ئێستا پابەندی دادگاین جۆرەها تاوان ئەنجام دەدرێ ئەوتاوانانە هەندێکیان لێیان تۆژراوەتەوە، هەندێ کەس کە دەگیرێ بە ساکارانە بەر دەدرێن، وە لەڕۆژانی یەکەمی دامەزراندنی پەرلەمان بڕیار دراوە کە دەبێ دەسەڵاتەکان لێک جیابکرێنەوە دەست لە ئیش وکاری وەزارەتی داد وەرنەدرێ، لەکاتی خۆی ویستمان پرۆژەیەک بەناوی یاسای ئاسایشی هەرێم دابنێین، بەڵام لەبەر هەندێ هۆ کە دژ بە مافی مرۆڤە. ڕێک نەکەوت. ئومێدەوارین دادگاکانمان تۆزێ خۆیان گورج بکەن و تۆزێ توندو تۆڵ تربن. ئەوەی دوێنێ ڕووی دا بۆی هەیە کە جاری تریش ڕوویدات، چونکە ئەو ڕژێمە لە هیچ شتێک ناگەڕێتەوە، هیچ بەهایەکی ڕەوشتی نییە.

ئەگەر چی ئەمرۆ توانای ئەوە مان نییە بەرامبەر بەرژێم ئەو کارانە ئەنجام بدەین، بەڵام ئەو جارە ئێمە دەبێت وەکو حکومەت هەوڵ بدەین هەندێ ئیش هەیە دەبێت بیکەین وە ئومێدەوارین کە پەرلەمانی بەڕێزیش پشتگیریمان بکات وە ئەو یاداشتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەی بۆ کرد وە ئێمەش پێمان شتێکی باشە وە ئەنجوومەنی وەزیرانیش لە لای خۆیەوە هەوڵ دەدات وەئەنجامی تۆژینەوە هەرچی دەستمان کەوت دەیخەینە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان وە دەبێت ئەویش لەبەرپرسیاریەتی خۆ دوانەکەوێت.

**بەڕێز محەمەد مەلا قادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی سەرە خۆشی لە هەموو لایەکمان دەکەین بەبۆنەی ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنەی کە لەشاری هەولێر ڕووی دا ئێمە وەکو وەزارەتمان وە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئاگادارە ماوەیەک لەمەوبەر زانیاری زۆر هەبوو بەتایبەتی لەپاش ئەوەی کە هاوپەیمانەکان دەستیان

دەوەشاند لە رژێم تێمان رادەبینی کە تۆڵەی ژەهراوی خۆی لەکوردستان بکاتەوە لەبەر ئەوە پیلانێکی بەپەلەمان دانا، لیژنەیەکمان دانا تاروداوەکان لەکورتی بدەن و بەڕێزتان رەنگە هەستتان کردبێ لەو مانگانەی دوای رووداوەکان کەم بووە بەڵام بەداخەوە ئەوەی دوێنێ لە لای هەموومان دا نەبووە، بە ئاسایشی هەولێرم گوت بەدانیشتنیش و بەتەلەفۆنیش ووتیان ئێمە احتیاتمان وەرگرتووە. کە ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەو شوێنانە رادەوەستن ولەوێ حمایە رادەوەستێ و ناوی کەسان و ژمارەی ئۆتۆمبیل و ئەوانە هەموو وەردەگرین، لەراستیدا ئەوەی دوێنێ دیارە پشت گوێ خراوە وەئێمە (٤) کەسمان لە (مکافحە) گیراوە لەوانەی کە بەرپرسیاری ئەو ناوچەیە بوون، لەئاسایش و پۆلیس پێک هاتوون ئێستا خەریکی تۆژینەوەی ئەو رووداوەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەک دوو پرسیار هەیە بۆ وەزارەتی ناوخۆ ئێستا ئێوە لیژنەتان دروست کردووە بۆ لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە لە رووداوەکە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەو شتەی کەپێویست بوو ووترا بەڵام من تێهەڵچوونێکم هەیە لەسەر قسەی بەڕێز سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران،دادگایەکی تایبەتی ئاسایش دابنرێ بۆ ئەوەی کەخێرا دەست بەکاربن، پێم وایە دەبێت ئەنجوومەنی وەزیران لەپەرلەمان داوا بکات هەندێ دەسەڵاتی خێرایی هەبێ پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بێ مانایە بە پێ ی یاسا بەخێرایی سزای ئەوانە بدرێ لەمحکمەی تمیزیش کارێکی وابکرێ بەخێرایی لەو بوارە دەست بەکاربن تا ئێستا ئەو هەموو شتانە ی کەکراوە بەراستی بە رێگەی دادگاکان لەم بارودۆخەی ئێستا کە رەنگە شتێکی بەس نەبێ لەبەر ئەوە هەموو جۆرێک دادگایەکی ئاسایش دابنرێ، بروا ناکەم پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بێ بەڵکو مافێکی زۆر رەوایە بۆ پاراستنی گەلەکەمان، سوپاس

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی پرسەو سەرە خۆشی لە خۆمان و کە سوکاری بنەماڵە شەهیدەکان دەکەم ئەوەندە شەهیدە کارێکی ئاسایی یە، دوژمن هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ترساندنی میللەتەکەمان بەڵام میللەتی ئێمە قارەمانە میللەتی ئێمە کۆڵ نادات من باسی (u.n) و رژێم دەکەم هەردووکیان (بانێکە و دوو هەوا) کار دەکەن، رژێمێک کە ئامادە بێت سەر شۆڕ بکات بۆ سوێند خۆرەکان (حلفاء) هەموو رۆژێک بە فرۆکە لێ ی بدەن ئەوە لەیەک لاوە ئاگر بەست رادەگەیێنێ کەچی خەریکی ئازاردانی میللەتی خۆی بێت ئەمە ترسنۆکی وبێ دەسەڵاتییە (u.n) بۆ مەبەستی خۆی لەسەر لێدانی فرۆکە یەک ئامادەیە بەغدا وێران بکات، بەڵام تا ئێستا ئامادە نییە چەند دەزگایەکی

ئەوتۆمان بداتێ لە بازگەکاندا بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی هەونەری بزانین ئەو ئۆتۆمبیلانەی هاتوو چوو دەکەن شتێکی تەقینەوەی تێدایە یان نا. (u.n) (ئیلیا سۆنیان) ناردووە بۆ ئەوەی سووتەمەنی بۆ کوردستان دابین بکات هەتا زستان تەواو نەبووە، ڕێک کەوتنەکەی مۆر نەکردووە لەگەڵماندا ئیلیا سۆنیک کە عقلیەتەکەی نوێنەری سکرتێری امم المتحدە بۆ ڕاگرتنی شەڕ لەنێوان عێراق و ئێران بە هەمان عقلیەتی جاران هاتووە بۆ قازانجی ڕژێم کاری کردووە. من لەبەر ئەوەی خەڵکی تر قسەیان هەیە درێژە بەقسەکانی خۆم نادەم بەڵام ڕەخنەیەکی زۆر توند لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەگرم. کە وەکو پێویست هەر لە ڕاگەیاندنی حکومەتی کوردستان لە هەرێم و ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی ڕاگەیاندنی هەموو لایەنەکانی تر ئەم ڕوو داوە وەکو پێویستە بە خەڵکی ڕابگەێنن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێ شک ڕوو داوە دڵ تەزێنەکەی دوێنی کەکاری لەهەمووان کردووە و سۆزی جوڵاندین و پەرلەمان نابێت سۆزی هەبێت داوا دەکەم بە ناوی قانونی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بەناوی دیموکراتیەت و پەرلەمانی کوردستان وەکو خۆی بڕیاری داوە، یادداشت نامەیەک پێش کەش هەموو پەرلەمانی جیهان بکا بە تایبەتی پەرلەمانی بازاڕی ئەورووپی هاوبەش و کۆنگریسی ئەمریکی و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم بارەو داوا لە حکومەتی کوردستان دەکەین. داوا لە (محکمەی عدلی دەولی) بکات کە هەموو دکتاتۆرێک بداتە دادگا هەموو لایەنەکانی تاوانەکەی لەبەر دەستایە. ئێمە لە ناوخۆمان تا ئەو خەڵکە نا پاکانە، ئەو خەڵکە بەرەڵلایانە هەبن چۆن ئەو بۆمبایە ئاشکرا چار دەکرێ تەنیا لێی دەتوێژینەوە وپرسەو تازییە نامەی فراکسیۆنی سەوز پێشکەش بە خانەوادەی شەهیدان دەکەین داوای چاک بوونەوەی زوو بە زوو بۆ بریندارە براکانمان دەکەین و بابەس بێ پێشێل کردنی دیموکراتیەت یا قانون و دەوڵەتی قانونی بچەسپێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا ڕەسول عەلی/**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو بۆ نەیەوە پرسەو سەرەخۆشی لە کەس و کاری شەهیدە نەمرەکان دەکەین و داوای چاک بوونەوەی زووبۆ بریندارەکان دەخوازین. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کە گلەیی و گازندەی لە (u.n) و دام و دەزگاکانی (u.n) هەبوو، بەراستی حەقی خۆیەتی گازندە بکات چونکە لە دوو ساڵی ڕابردوو دەتوانم بڵێم دام و دەزگاکانی (u.n) لە کوردستاندا خاسیەتی خەڵکی ئەو ناوچانە یان وەرگرتووە لەباتی ئەوەی خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن خۆیان بە

ئۆتۆمبیلی چاک و خانووی باشەوە خەریک کردووە.
لەسەفەرەکەماندا بۆ ئەمریکا لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە، لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی بەهاناوە چوون (إغاثە) لە دەرەوەی ئەمریکا کۆ بووینەوە ئەومەسەلەیەم بە دوورو درێژی باس کردو بەڵام ئێستا وەختی ئەوە نی یە باسی ئەو بابەتە بکەین، تێبینی یەکانم لەسەر قسەکانی بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەوە بوو، دەبێ گلە یی و گازندە لە خۆمانیش بکەین، چونکە بە درێژایی مێژووی خەباتی گەلی کوردستان پیشتوانی ئاسمانیمان نەبووە، ناوچەی ئاسایشمان نەبووە هیچ سنورێک بۆ پێ درێژییەکانی رژێم دانە نراوە کە چی ئێستا هەمووی هەیە و هەرەشەش لە رژێم کراوە کە بە هیچ شێوەیەک نابێ هێرش بۆ سەر کوردستان بهێنێ.
خۆ گلەییش لە رژێمی عێراق ناکرێ چونکە ئەو رژێمە هەموو شتێکی لەگەڵ گەلی کوردستان کردووە، چەکی کیمیاوی بەکارهێنا، ئەنفالی کرد. وەکو بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ووتی ئەو خەڵکانەی کە ئەو کارانە ئەنجام دەدەن، هەر ئەو خەڵکانەن کەلە کاول کردنی کوردستان بەشدارییان کردووە گازندە لەوانە ناکرێ بەڵکو دەبێ خۆمان واتەپەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و دام و دەزگاکانیان وەکو پێویست رێک بخرێ لەماوەی ئەم دوو ساڵە زۆر کەس دەوڵەمەند بووە لە سەر حیسابی خەڵکی رەش و رووت کەچی خەڵکی وا هەیە ئێستا لە برسێتی و لەسەرماندا خەریکە دەمرێ، حەقە چاوێک بەوەزعی خۆماندا بگێرینەوە، باری خۆمان رێک بخەین، یەک مانگ دوو مانگ بەسە وا خەریکە خەڵک گلەیی مان لێ دەکات.
مادام مافی چارەی خۆ نوسینمان هەڵبژاردووە کە خۆی لە فیدرالی دەنوێنێ لەم قۆناغەدا فیدرال دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێ چارەی وەزعی خۆمان بکەین، پێم وایە کوردستان زۆر دەوڵەمەندە وەکو ئەو وڵاتانە نی یە کە هیچی نەبێ بەڵام وولاتەکەی ئێمە وولاتێکی کشتوکاڵی یە هەروەها پیشە سازیمان هەیە، شتی ترمان هەیە کەچی وولات هەیە تەنها پشت بەکشتوکاڵ دەبەستێ هەروەها پێویستە باج وەربگرین خۆ ئەو باجانەی لەسەر دەمی رژێمی عێراقی وەردەگیرا ئێستا وەرناگیرێ.
پێشوو گلەیی و گازندەمان لەبەرەی کوردستانی دەکرد کە حزبەکان هەر یەکە بۆ خۆی رای دەکێشێ. بەڵام ئێستا ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەیە کە لەئەنجامی هەڵبژاردنێکی سەربەست و ئازاد و دیموکراتی هاتۆتەکایەوە ئەنجوومەنی وەزیرانیش هەڵقوڵاوی ئەم ئەنجوومەنەیە کە گەلی کوردستان هەڵی بژاردووە، کەچی ئێستا لەوانەیە هەندێ سەرپێچی هەیە رەنگە لەسەردەمی بەرەی کوردستانی رووی نەداوە. لەبەر ئەوە ناکرێ وەزیرێک گلەیی و گازەندە لەخوارەوەی خۆی بکا کە چۆنە و چی دەکا. لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم.
١- لەبەر دەمی پارێزگاوە تا ئاستی بانک پێویستە نەهێڵدرێ ئۆتۆمبیلی لێ راگیرێ، چونکە لەهەموو دنیا نەک لەوولاتەکەی ئێمە کە رژێمی بەعس (٨) کم لە ئێمەوە دوورە. طابوری

پێنج هەیە، ناتوانین بڵێین لە (٠٠/١٠٠) خەڵکی کوردستان پشگیری لەحکومەتی کوردستان دەکا، لەکۆنەوە هەروابووە نەک هەر ئێستا بەڵام زۆربەی خەڵکی کوردستان باشن. تەنها ئۆتۆمبێل لە گەراجەکان رابگیرێ پێویست ناکا ئۆتۆمبێل لە پێش چێشتخانەو شوێنە قەلەبالغەکان رابگیرێ.

٢. ئەو لێپرسراوانەی کە بەر پرسن لەژیانی خەڵکی و ئەم بەرپرسیاریەتیەیان پێ سپێردراوە هەموویان بگۆردرێن ولێیان بکۆڵنەوە لەبەر پرسیاری یەکەمەوەتا دەگاتە دواترین کەس جا سەر بە هەر لایەک بێ.

٣. لەمەو لا پاکسازی لەدام و دەزگاکان بکرێ کە ئەرکی قورسیان لەسەر شانە. زیاتر خەڵکی لەووڵاتان دەپارێزرێ کەیەکێک شەهید دەبێ یان بریندار دەبێ زۆر بە گرنگی وەری دەگرن بەڵام لە وڵاتە کەی ئێمەکە یەکێک شەهید دەبێ زۆر بە ئاسایی وەری دەگرن چونکە کارەساتی گەورەترمان دیوە، کارەساتی هەڵەبجەو (١٨٢) هەزار ئەنفال و شێخ وەسانان و بادینان و شوێنی ترمان دیوە کە بە کۆمەڵ کوشتاریان تیاکراوە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرە خۆشی لە کەس و کاری شەهیدان دەکەین بەنسبەت کورد دوژمنی زۆری هەیە ئەم شتانە هەر دەبێ بەڵام پێویستە ئێمە خۆمان ئەم بابەتە بەجدی باس بکەین من نوسراوێکم بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن نووسی کە دەزگای ئاسایش لەهەولێر تەنها بەناو هەیە زۆر سستە لەنزیکەوەش بۆم باس کردن کە ئێمە بە گوێرەی ئەم زانیاریانەی هەمانە ئەم شارە خوا دەیپارێزێ لەبەر ئەوەی نازانم سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران چیان کردووە سەروکاریان چی بوو لەگەڵ دەزگای پۆلیس ئەو کارەساتە دوو بارە نەبێتەوە ئێستاش بەراستی دەربارەی ئەم بابەتە پیلانێکی وا دابنرێ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانە وە بۆ دۆزینەوەی ئەگەر بشێ ئامادە کردنێکی وامان هەبێ هەوڵ بدرێ بدۆزرێتەوە چونکە ئەو تاوانانە لەکوردستان بووە لەشارەکان شتێکی وا نیشان نەدراوە بەراستی رەنگە خەڵکێکی زۆر لەو بارەیەوە زۆرگلەییان لێ بکەن جاهیوا دارین کارێکی وا بکەین لیژنەی ئاسایشی شارەکان دروست بکرێ بەهەمووڵایەکمان بۆ ئەوەی بتوانین پیلانەکانی دوژمن پوچەڵ بکەین و خەڵکی کەش قەناعەتی پێ بێنین و گلەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێ لە ئێمە دەکرێ لەهەمووومان کە بەرپرسیارن بۆ ئەوەی ئەو پلانانە بدۆزینەوە، دەربارەی پۆلیس وئاسایش لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا باسمان کرد پێویست بوو شتێکی وا بکرێ کە بانگ بکرێن و لە گەڵیان باس بکرێ چونکە ئەو تواناییانەی کە دراوە بە ئاسایش و پۆلیس پێویست وابوو لە بەرامبەردا ئیشی پێ بکەین بۆ خزمەتی ئەو میللەتە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا کوێستانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوای ڕاگەیاندنی پرسەو سەر خۆشیمان لە کەسو کاری شەهیدە نەمرەکان بارێکی وا لە کوردستاندا هەیە بە ڕدەوام بوونی ڕژێمی فاشی لە سەرکرداره درندەکانی پێویستی بە وەڵام دانەوەی تایبەتی هەیە، دیارە بەکۆ کردنەوەی هێز نابێ بە پەلاماردانی ڕاستەو خۆ نابێت بۆ ئەوەی کە کاتتان لێ نە کوژێت چەند پێشنیارێکی تایبە تیم هەیە.

١- بەو بۆنەیەوە هەوڵ بدرێت لە هەموو پارێزگاکاندا لە ڕۆژێکی دیاری کراوا خۆپێشان دان ساز بدرێت بۆ وەڵام دانەوەی دەوڵەتی عێراق هەم وەڵام دانەوە بۆ یادی خۆمان، وەڵام دانەوە بۆ دەرەوەی وڵات.

٢- هەوڵ و تەقەلا بدرێت کە بەندینخانەکانمان تاوانباری زۆری تیایە بنچینەی لێکۆڵینەوەکانیان تەواو بووە تەنانەت ماوە سەرچاوەیەک کە لە سەری ئیمزا بکاوکارێکی بە پەلەو خێرا بکرێ بۆ ئەو تاوانبارانەی کە خەڵکیان بە کوشتن داوە.

٣- پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە لە زۆربەی دەزگاکان وەڵام دانەوە هەبێ و بەرگری بکرێ ئاسایش دەستکاری بکرێ وپاکسازی تیا بکرێ، بتوانین هەوڵ و تەقەلا بدەین بۆ پتەوکردنی هێزەکانی شار وپەلە بکەین بۆ ئەوەی بواری دەستکاری ئیش نەمێنێ وهەروەها چاوێک بەوە بخشێنینەوەو شتێک بڵاو بکەینەوە دەربارەی لێ بوردنی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پرسەو سەرە خۆشی خۆم ئاراستەی کەس وکاری شەهیدان دەکەم داوای چاک بوونەوە بۆ بریندارەکان دەکەم، بەراستی ئێمە لەگەڵ ئەو وەزعەین کە برادەران باسیان کرد لێرە دا هەروەکو جێگری وەزیری ناوخۆ باسی کرد سەبارەت بەوەسفی دەزگای ئاسایش و پۆلیس کە گوایە (احتیاتی) تەواو وەرگیراوە بۆ مەسەلەکە ئەو گومانی وابوو دەزگای ئاسایش یان گوایە پۆلیس تەنها خۆی بەس نییە بۆ بەرەنگاری بەرامبەری دوژمن، ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی نیشتمانیی و دەزگاکانی ئەنجوومەنی کوردستان هەڵبژاردەی ئەو میللەتەن چونکە چەند کەسێک لە ئاسایش ناتوانێت وەکو پێویست چارەسەری توانای دوژمن بکات بەڵکو دەبێت هێزی میللەت یارمەتی بدات یارمەتی دەزگاکانی بدات هەروەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ووتی بەدواداچونێکمان هەبێت بەرامبەر بە تاوانبارەکان بەرامبەر بەو کەسانەی کە گومانیان لێ دەکرێ بەرامبەر بە دەزگاکانمان کە هەیە ئەوە شتێکی ڕۆر پێویستە بۆ پاک سازی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوکارە ساتەی دوێنێ هەر تەواوکەری کارەساتەکانی پێشووە من لەگەڵ کاک فەرەنسۆ دانیم کە

تاوانەکە ئاساییە کە دەڵێ دادگای ئاسایشی نێو دەوڵەت هەبێ بڕیاری (٦٨٨) ی (u.n) ئەم حاڵەتەش دەگرێتەوە بەدوا چوونەوەی تەواوی بکرێت زەحمەتە لە هێرشی ڕاگەیاندندا بکرێت بۆ ئەوانەی زەرەرو زیانیان لێ کەوتووە پاداشیان بدرێتەوە (مبدأ التعویض) شەهید / بریندار/ معوق/خاوەن ماڵ و موڵکەکان پاداشتی چاکەیان بدەینەوە متابعەی بڕیاری (٦٨٨) بکەین کە ئەم حاڵەتانە دەگرێتەوە.

١ـ مبدأ التعویض.

٢ـ محکمة أمن الدولة: لەژێر چاودێری.

٣ـ متابعە کردنی بڕیاری ژمارە (٦٨٨) مجلس أمن، سوپاس

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارانەم هەنە..:

١ـ ئەوانەی لەناو ڕژێمن و کەس وکاریان لێرەیە بە شێوەیەکی ڕێک وپێک دەچنە بەغدا وموصل لەوێ ( t.n.t) دەهێنن، داوا لەوەزارەتی ناوخۆ دەکەین ئەوانەی بۆ بەغدا و شارەکانی تر هاتوو چۆ دەکەن وریایان بن و داوا لە حکومەتی کوردستان بکرێ ئەوانەی لەبازگەکان دا دەنرێن باخەڵکی شارەزابن.

٢ـ ناو نوسی ئەوکەسانە بکرێت کە دەچن بۆ بەغدا و شارەکانی تر.

٣ـ کۆنترۆڵی ئەو تەوەرانە (میحوەرانە) بکرێت.. واتا ئەو کەسانەی لەوێ ئامادە دەبن سادە نەبن و لە (علم النفس) شارەزابن، گۆڕینی ئەو خەڵکە ئاسان نییە لەبەر ئەوە دەبێت اجراءات بکرێ و چاودێری ئۆتۆمبیلەکان بکرێ چونکە ئەمە تاوانی تری بە دوادا دێت.

٤ـ دەبوایە نیسبەتی حکومەتی هەرێم پرسەی نەتەوەیی(حدادی قەومی) ڕابگەیاندبایە.

وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبوایە بەڕێپێوانێکی گەورەو بەکامیرا جەنازەکانی بەرێ کردبان کە ئەوە دەکرا سبەینێ پشووی ڕەسمی بێ لەبەر دەرگای سەرا هەتا بەر دەرگای (u.n). ڕەسمی پاکەت فرۆش و بۆیاغ چییەکان گەورە بکرێن، چونکە ئەوەی دوێنێ لادان بوو لە بەندەکانی (٦٨٨) وە پێویستە ئەوە لەرژێمی فاشی بقۆزینەوە من پێشنیارێکم هەیە، ڕەنگە تۆزێک توند بێت بەرامبەر بە هەردوو فراکسیۆن من داوا دەکەم و ئەوانەی کە بە لێپرسراو دادەنرێن هەروا زوو نەچنەوە بۆ أوروپا چونکە بەڕێوەبەری ئاسایش هێشتا تەواو دام و دەزگاکانی خۆی ڕێک نەخستوە و بە وەزیرەکانیش دەڵێم، وەکو پەرلەمان چۆن پشووی (عطلە)ی خۆمان پۆچەڵ کرد ئێمە حەقمان هەبوو بەمادوونی (اجازە ) بۆ ناوماڵ و منداڵی خۆمان بچینەوە بەڵام درێژەمان بەکۆبوونەوەکانماندا، سوپاس

**بەڕێز ئەکـــــرەم عـــــاشـــــوور عـــــەودیش:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

داوا لە ڕاگەیاندن دەکەم هەر تاوانێک کە دەکرێ، هەرجێگایەک کە کاول بکرێت بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ لە تەلەفزیۆن و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تر پرسە (حیداد) دابندرێت وەگوێم لێ یە یەکێک دەڵێ ژمارەی شەهیدەکان (١١) یە یەکێکی تر گوتی (١٠) شەهیدە هیوادارم کە مترین لە (١٠) شەهید چونکە یەکێک لەو شەهیدانە ناوی (جبار انطوان)ە کە برایەکی ئاشووریە و مامۆستای زانکۆیە، سوپاس

**بەڕێز حـــــەســـــەن حـــــەمـــــیـــــد ڕەحـــــیم:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشەکی پرسەو سەرخۆشی بەرامبەر بە بنەماڵەی شەهیدەکانمان پێشکەش دەکەم من نامەوێ بچمە ناو درێژەپێدانەوە ئاسایش دڵسۆزنین لە بەر ئەوەی پارەکەی زۆرە بۆیە دەچنە ناو ئەو دەزگایەوە ئەگەر یەکێکیش بەدڵسۆزی بۆ مەسەلەکان، نەچێت ئەوە بەشمانە هەموو ڕۆژێک تەقینەوەیەک ڕوو دەدات دوای ئەوەش ئێمە هەر یەک دوژمنمان نییە ئەو ڕۆژە میری کوێت گوتی بۆ صدام ڕوکێت لە سعودیە دەدات بۆ لە کوردستانی نادات واتا تەنیا حزبی بەعس دوژمنمان نییە. لەبەر ئەوە خەڵکی باش دەبینن ئەگەر فلان ئەفسەری ئاسایش لە بازار بگەڕێن ئۆتۆمبێل دەبینن بابزانن ئەو سیارانە بۆ ڕاگیراوە، باسی مافی مرۆڤ دەکەن ئەی نابێ ئەو مرۆڤە بپارێزن؟ وە هەندێ (خط مائل) هەن بەناوی پارتی و یەکێتی لە ژێر هەر پەردەیەک بە ئاشکرا دەڕۆن سوور دەزانین کە خوێن مژە لە خراپە زیاتر هیچ سوودێکی نییە بۆ گەلی کورد ئەوانە بۆ منع نەکەین جا لە ژێر هەر پەردەیەکدا بێت، یا هەر ناوونیشانێک بێت سنوورێک بۆ خەڵک دابنێین، بەراستی لە دامودەزگای ئاسایش کەسانی زۆر خراپمان هەیە باشترە خۆمان بە مەلامحمد بڵێین کە محاسەبەیان بکات ئەو هەموو پارەیە ئەو هەموو امتیازا نەیان دەدرێتێ ئەوانیش لەگوێی گادا نوستون لەبەر ئەوە من داوا دەکەم کە تۆژینەوەیان لەگەڵدا بکرێت وەکو لیژنەیەک پێک بێ لەم مەسەلەیە بکۆڵدرێتەوە هەروەها لیژنەیەکی تۆژینەوە لە هەمان ئەو کەسانە پێک بێت کە ئەو زانیاریانەیان پێگەیشتووە. دەربارەی مافی مرۆڤ من حەزدەکەم بڵێم لە عێراقدا نەک مافی مرۆڤ ڕێکخراوی بۆ دروست بووە بەڵکولای ئێمە مرۆڤ کە خۆی پێشێل دەکرێ یانی مرۆڤ پێشێل دەکرێ نەک مافەکەی واتادەبێ تاوانبارێک جەسارەت بکاتە سەر ئەوەی وڵاتێک وێران بکات میللەتێک وێران بکات ئەگەر بۆی بکرێ. وە لە کۆتاییدا تکام وایە ڕیزەکانی ئاسایش پاک بکرێتەوە. ودادگایەک دابنرێ بۆ سزادانی ئەو تاوانبارانەی کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن وەکو باسم کرد ڕیزەکانی ڕێکخەینەوە کە خەڵکی خاوەن بڕوانامە نەبێت نەخرێتە ئەو شوێنانەوە واتا ئاسایشەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم:**
**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەناوی خەڵکی دهۆک سەرخۆشی لەکەس و کاری شەهیدان دەکەم لەکارەساتی دوێنێ و داوای چاک بوونەوە بۆ بریندارە کان دەکەین هەرچەندە بەڕێز وەزیری ناو خۆ بەوەکالەت ووتی هێشتا لێکۆڵینەوە تەواو نەبووە تاوانباران دیاری نەکراون، ڕژێمی چەپەڵی بەغدا ئەم تاوانەی ئەنجام داوە کە دوورە لەکاری مرۆڤ دۆستی چونکە کوشتنی منداڵی بچوک و ئافرەت کە دەچوون بۆ ئەوەی کاسبی بۆ منداڵیان بکەن ئەوە تەنیا لە ڕژێمی بەغدا دەوە شێتەوە، بەراستی هەرچەندە جەنابتان باسی کورد پەروەری شاری هەولێر تان کرد ئەوە شمان لەیادە کە لە ساڵی ١٩٨٨ چۆن ئەو خەڵکە یارمەتی خێزانەکانی بەحرکەیان دا لەبەر ئەوە میللەتی ئێمە لە سەرخاکی کوردستان بژین بەرگری لەخاکی خۆمان بکات. دوێنێ لەتەلەفزیۆن هاولاتیەکی بریندارم بینی پڕ بەدڵ هاواری دەکرد بژی کوردستان لەڕاستیدا ئەمە پاڵ پشتێکە بۆ کوردستان حەق نییە لەکاری ڕژێم بترسێین وەکو نەترساوین و ناشترسێین، بەردەوام دەبین لەسەر خەباتی خۆمان چەند کوردێکی خۆ فرۆش کاری چەپەڵ ئەنجام دەدەن بەلاّم حەق وایە لەسەر ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ ئاگاداری ئەو مەسەلانەبن. سوپاس

**بەڕێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**
**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پرسەو سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدان دەکەم و داوای چاک بوونەوە بۆ بریندارانن دەکەم. دووخاڵم هەیە بەراستی.

١- من وەکو یەکێکی شاری هەولێر بە پێویستی دەزانم سوپاسی دانیشتوانی ئەم شارە بکەم، بۆ ئەو ئەرکانەی کە جێ بە جێ ی دەکەن لەبەر ئەوە شتێکی ئاساییە وئەرکی سار شانی خۆیانە.

٢- ڕاستە ئێمە ڕێز لە دیموکراتیەت دەگرین نەک ئەو بەرەڵلایەی ئێستا هەیە، ئەمە بە رەڵلاییە دیموکراتی نی یە.. دوای ئەوە ئێمە هەموومان کەرێز لەمافی مرۆڤ دەگرین تا بەو شێوەیە مافی مرۆڤ پێشێل نەکرێت. سوپاس

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**
**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

«ولاتحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون» بەراستی کارە دڵتەزێنەکەی دوێنێی شاری هەولێر نیگەرانی کردین، داوا کارین کە خوای گەورە بەرەحمەتی خۆی پاداشتی خاوەن شەهیدەکان بداتەوە ودوا موسیبەت بێ، من ئاماژە بۆ یەک شت دەکەم ئەوەی لە دەنگ وباسی ئەو ماوەیە ئاگاداربێت هەندێ تەسریح درابوو لە ڕۆژنامەگەری دەرەوەدا

کە سەدام حوسێن ئەوجارە دەیەوێ زەرەرێک بدات لە دوای ئەوەی کە لێی در، بەڵام ئەم کارە یەکێکە لەوانەی کە صدام حسین تۆڵەی لە کورد دەسێنێ. تێبینێکم هەیە لەسەر فەرمووودەکەی بەرێز وەزیری ناوخۆ پێش ئەوە ئاگادار کراینەوە ئاسایشمان ئاگادار کردەوە بۆی هەیە کارەکە هەندێکی نەگرێتەوە، ئاسایش ئەوە نییە کە نە رۆژو نەشەو بزانن و بەڵکو ئەوکاتانە گرنگ ترن کەخۆی بۆ ئامادە بکرێ دەبێ لێکۆڵێنەوە لەو کەسانە بکرێ کە ئاگاداربوون.. وەکو وەزیری ناوخۆ گوتی پێویستە ئاسایش بەهێز بکرێ، هاریکاری حکومەتی کوردستان بکرێ پێویستە لە سەر هەمووحزبەکان چ لەدەرەوەو چ لە ناوەوە هاوکاری حکومەتی کوردستان بکەن بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆ و دەزگاکان من پێشنیار دەکەم با پەیکەرێک لەو شوێنە دروست بکرێ بە ناوی شەهیدانی ئەو رووداوە. سوپاس

**بەرێز د. کەمال شاکر/وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی پرسەو سەرەخۆشیم بۆکەس و کاری شەهیدانەو حەزم کرد ئەو راپۆرتە تەندروستی یەکە هی بەرێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی (طواریء)ە پێشکەش بکەم ئەویش گەیشتە (١٢٨) بریندار (٣) لەشوێنی رووداوەکە شەهید بوون. (٨)یش لە نەخۆشخانە.

ئێستاش (٣٠) بریندار لەنەخۆشخانە ماون وەزعیان باشترە، بەرەو باشی دەچن، دوای چەند رۆژێ ئەوانیش نەخۆشخانە جێ دێڵن، ئەو چەند رۆژەی کەوا لەوەزعێکی تایبەتی بووین ئێشکچی (طواریء)مان دانا، بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ورێنماییەکانیمان جێ بە جێ کرد وەزارەتی تەندروستی وکارو باری کۆمەڵایەتی لە هەر نەخۆشخانەیەک لیژنەیەکی (طوارئ)ی دروست کرد، سوپاس.

**بەرێز وەزیری ناوخۆ:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆزگە کاک کۆسرەت لێرە بوایە تا بزانێ ئاسایش وەزارەتی ناوخۆ دای نەناوە، حەز دەکەم ئەوە بزانن ئاسایشی هەر دوو حزب پارتی و یەکێتی دایان ناون، وەزارەتی ناوخۆ گوناحی چی بوو ئەوان خەڵکیان دامەزرا ندووەو داوامان لە هەموو حزبەکان کرد کە یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی ئاسایش پاک بکرێتەوە رەخنەکەی کاک کۆسرەت لە جێی خۆی نییە، راستە ئاسایش زۆر سستە، چونکە (٦) مانگە دانراوە، دەورەیان نەدیووە، هەمووومان دەزانین کە لەوڵاتان خولی تایبەتی دەبینن ئەوە بریطانیا بۆمبی وا لە شوێنی وا دەتەقێنێتەوە کە خوا دەزانێ چەند ساڵە دروست کراوە ئاسایشی ئێمە (٦) مانگە دروست بووە، کە خۆشمان دانی پیا دەنێین کەسانی خراپی تێدایە، جیهازی پۆلیس هەمووی پاشماوەی رژێمە، هەندێک لەو خەڵکانەی تازە گەڕاونەتەوە

ریزی پۆلیس خەڵکی گومان لێ کراوی تیایە، وەئەوانەی گەڕاونەتەوە ئەویش بە شێوەیەکی ڕێک و پێک نەگەڕاونەتەوە، منیش لێرە لەگەڵ کاک کۆسرەتم ئەگەر زۆر لە بەرپرسەکان بگۆڕن خەڵکی باشتر هەبێ ڕێک و پێک بکرێ ئەمە کارێکی باشە یەک خاڵی تریش هەیە کە زانیاری هاتووە لێکۆڵینەوە دەکەین لەسەرم نووسیوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش و پۆلیس و پێیان گەیشتووە بەڵام ئایا بۆیان چووە یانە چووە، من ئەوە ندە بەرپرسیارم وەکو وەزیر بیدەم بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان وە بروسکەکانیش ماون ئێستا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست دەکەین ئاسایش دەرماڵەی ئینزار وەر دەگرن، زانیاریەک هەبووە کە وەکو پێویست گرنگی پێ نەدرابوو ئاسایش هیچ پێنج شەممەو جومعەیەک پشووی نییە، سوپاس

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پرسەو سەرەخۆشی لەکەسوکاری شەهیدان دەکەم و داوای چاک بوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازم، ڕووداوەکە وەکو هەندێ برادەران باسیان کرد کە سادەو ئاساییە و سادەو دڵ تەزێنە نەخێر ڕووداوێکی سادە و ئاسایی نییە ڕووداوێکی دڵ تەزێنە لە ئەزموونی سیاسەتی دووژمن کاری فاشی بەغدا لە ئەنجامی پشت کوێ خستنی خۆمان ڕوو دەدات ئەمە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە چەند کەسانێک هەن خزمەتی دوژمن دەکەن و پلانی دوژمن جێ بە جێ دەکەن گوێ نادەنە هیچ بەهایێکی ڕەوشتی. ئەمە بەچی چارە سەر دەکرێ:

١- بەپاکسازی چارەسەر دەکرێ.

٢- بەگورج کردنەوەی خۆمان بەراستی ئەو کارانەی خراوەتە ئەستۆی ئێمە جێ بە جێ ی بکەین. پاکسازی چۆن دەست پێ بکات لە ڕاستیدا ئەو گیرو گرفتەی کە ئێستا ئێمە هاتووەتە پێش ئەوتاوانانەی کە دەکرێ هەموو دەزگاکانی حکومەتی کوردستان هەموو لێپرسراوەکان بەرپسیارن بەرامبەر بەم ڕووداوە بەپلەی یەکەم وەزارەتی ناوخۆ، بەپۆلیس و ئاسایشەوە.

بەڵام دێینە سەر ئەوەی چۆن ئەم دام و دەزگایە پاک بکرێتەوەکێ ئەوانەی هەڵبژاردووە؟ وەکو ئەنجوومەنی وەزیران باسمان کرد یا لە ڕێگەی حزبەکانەوە هەڵبژاردراون و ئاسایش و پۆلیس بە ڕای ئێمە وە وەکو لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و گەیاندنی هەر دوو فراکسیۆنی زەردو سەوز بێن بۆ مەکتەبی سیاسی، پێویستە پیاچوونە وەیەک بکرێ کە تازە دامەزراون لەئاسایش، خەڵکێکی زۆر دەیەوێ بچێتە ئاسایش یان بچێتە دەزگای پۆلیس لەبەر ئەوەی مووچەکەی زیاترەو دووەم هەڵبەتە دەسەڵاتی هەیە سەبارەت بە پاکسازی لەدام و دەزگاکانی تری حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بکرێ یان زۆر لەدام و دەزگاکانی تری حکومەتی هەرێمی

کوردستان، پێویستە پیاوانی پێشومان (ڕەفیق حزبیەکان) ماون، پێویستە دەستکاریان بکرێ، بەڵام من لێرە تەنها یەک تێبینیم هەیە لەسەر ئەوەی پاکسازی وەکو دروشم بەرز نەکرێتەوە، بەداخەوە من چەند نموونە یەکتان بۆ دەهێنم کە چەند ڕۆژێک لەمەو پێش یەکێتی مامۆستایانی کوردستان چەند ناوی مامۆستایەکیان هێنا کە لابدرێن، داوام کرد کە تدقیق بکرێ ئایا ئەوانەی کە لابدرێن بەراستی شایستەی ئەوەن کە لابدرێن و ئەو جێ گرەوانەی کەوا لەجێیان دادەنرێ بەراستی دەتوانن جێگای ئەمانە بگرنەوە، دوای ئەوەش دەرچوو کە دوو سێ مامۆستا لە جیاتی بەرێوەبەرە کانی تر دابندرێن لە ساڵی (١٩٧٦) بەعسی بووە، لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی تازەمان بەعسی بووە و ئێستا بە ناوی لایەنێکەوە دانراوە کە گوایا سەر بە فلان لایەنو هەروەها یەکێکی تریان لە (١٩٧٨)ەوە بەعسی بووە. من لەگەڵ پاکسازیم، ئەوانەی دەستیان لەگەڵ ڕژێم هەیە، ئەوانەی نۆکەرایەتی ڕژێمیان کردووە، دەربکرێن، بەڵام چۆن ئایا بەعسی یەک بە بەعسی یەکی تر بگۆرینەوە یان دەبێ مرۆڤێکی خاوێن دانێین لەجیاتی ئەوانەی لایان دەبەین؟.

هەڵبەتە پەروەردە وەکو نموونە هێنامەوە، بەڵام کێشەی ئێمە تەنیا پەروەردەنی یە کێشەی ئێمە بناغەی یە بۆ ڕاگرتنی ئەو بارەی کە ئێمە خو لقاندومانە بۆ ڕاگرتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش هەموو شتێک لە وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمانەش خۆمان دیاریان دەکەین کەتازە دایان دەمەزرێنین، ئینجا ئەو کەسانە هەڵدە بژێرین کە پاکن و نەک ئی وا ڕابردوو یەکی خراپیان هەیە ئێستا باسی چەند کەسانێک دەکەین کە لە وەزارەتی ناوخۆ بە ناحەق ئەو جێگایەیان پێ دراوە، بەڵام چیان لێ بکەین کە چەند کەسانێک هەن کەپەرێزیان پاک نییە، ئەوانە هیچ چارەسەریشمان بۆ یان نەکردووە، پێویستە چارەسەریان بۆ بکرێ سەبارەت بە دەزگای ڕاگەیاندن، دەزگای ڕاگەیاندن حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو پێویست دەوری خۆیان نەبینیوە بەڵکو دەزگای ڕاگەیاندنی حزبەکانیش دەوری خۆیان نەبینیوە، هەندێکیان لەدەزگاکان ناویان ناهێنێ لە دەزگای ڕاگەیاندن لە ناوەراستی بەرنامەکەیاندا نیمچە پرسەیەکیان حدادیان پێشان دا قورئانیان خوێند و هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەنها وەکوخەبەر شتەکەیان بڵاو کردەوە، وەکو هاوئاهەنگیەک لە نێوان دام و دەزگاکان و ڕاگەیاندندا نییە، یەکێک لەوانە وەکو پرسەی گێرا دوایی دەستی کردەوە بە بڵاو کردنەوەی بەرنامەو گۆرانیەکان، ئایا کێ بەرپرسە بەرامبەر بەوانە پێویستە ئەوانەی لێ پرسراون بەرامبەر بە ڕاگەیاندنی حزبەکان و لایەنەکان تۆزێک ورد بن کە تۆ پرسەت ڕاگەیاند پێویست ناکات کە دەست بە گۆرانی وتنەوە بکەی مەبەستم (حدادی ڕەسمی) نەبوو بەڵام تۆزێک پرسەکە ڕێک و

پێک بوایه..

سەبارەت بە ئەوەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پیشکەشی کرد رای ئێمەش وایە، بەڵام پێشنیار کرا کە دەوام نەکرێ، بیکەنە خۆپیشاندان ئێمە بە پەسەندی دەزانین کە پەرلەمان وئەندامانی خۆپیشاندانێ بکەن وپێویستە بەردەوام بین لەکارەکانمان چونکە ئەمە وەڵام دانەوەیەکی باشە بۆ رژێم، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حکومەتی پەرلەمانی ئێمە تازە دامەزراوە. دەبێ دان بەوە دابنێین کە لەزۆر شت بێ خەبەرین، دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران هەنگاوەکانی خۆی باوێت پێش چەند رۆژێک کۆبوونەوەیەکی بچووکی ئەنجوومەنی وەزیرانمان هەبوو لەگەڵ ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیدارن ئەو بابەتە باس کرا، کەئەویش ئەو هێرشە بوو کە کرا سەرکوردستان، بەراستی ئەنجامی ئەوکۆبوونەوە بوو کەدوێنێ خەستەخانەکان بە ئیش و کاری خۆیان هەڵسان، ترسم هەبوو کە لەوێ دەرمان نەبێ گوتیان هەموو شتێکیان جێ بەجێ کردووە، دڵ خۆش بووم کە ئەوان چ سستەرەکان چ کارمەند ودکتۆرەکانی کە ئیجازە بوون یەکسەر مۆڵەتەکەیان کەیان پچراندو پەیوەندیان بە شوینەکانی خۆیانەوە کرد، دەبێ ئێمە سوود لەو تاقیکردنەوانە وەربگرین..

گۆڕانکاری کەباس کرا دوو مەسەلەیە، با تێکەڵاو نەبن. کە ئەمەش بەشێکە لە بەرەو پێش چوون، هەندێ دایەرە هەیە دەبێ گرینگی تایبەتی پێ بدرێ هەندێ کەس هەنە دەبێ بەزوویی ئەمانە لابیرین جا ئومێدەوارین

بتوانین لەماوەیەکی کەمدا لەو هەنگاوانەش دا سەرکەوین، ئەو قۆناغەش ببڕین، دەربارەی ئەوەی بیکەینە پشوو منیش لەگەڵ ئەوە نیم وەکو د.ناصح باسی کرد، ئێشی خەڵک نابێ دوابکەوێ، دەبێ هیمەتمان زیاتر بێ خۆمان زیاتر ماندو بکەین، ئەو پێشنیارانەی کاک بارزان کردی چەند رەخنەیەکی هەبوو پێم معقول بوو ئەو خۆپیشاندانەی دەکرێ شتێکی باشە، دەبێ وەزارەتی ناوخۆ خۆی بۆ ئامادە بکاو دەست نیشانی رێگاکان بکرێ. سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بە ووتەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆتایی پێ دەهێنین، تابواری ئەو برایانە بدەین کەسەر لە خەستەخانە دەدەن و سەردانی بریندارەکان دەکەن و لەئیش وکاری خۆیان بەردەوام بن سوپاستان دەکەین، سوپاسی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین سوپاسی هەر دوو

فـراكسـيۆن دەكـەین، بەتـایبـەتی دوێنێ چ لەكـاتی روو داوەكـە چ لە دوای رووداوەكـە دەوری شۆڕشگێڕی و نەتەوایەتی خۆیان بینی سوپاسی خەستەخانەی (طواریٔ) و خەستەخانەكانی تر دەكەین كە دەوری خۆیـان بەباشی بینی، سوپاسی ئەو كار بەدەستانە دەكەین كە ئەركی مێژوویی خـۆیان بینی، هیـوادارین نموونـەیان زۆربێ، هیـوادارین ئـەمـەش دوا رووداوی دڵـتـەزێن بێ لە كوردستانی خۆشەویستماندا. لێرەشدا كۆتایی بە دانشتنی ئەمڕۆمان دێنین، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سكرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٥)

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥)

## یەک شەممە رێکەوتی ٢٤/١/١٩٩٣

بڕیار وابوو کـه دانیـشـتنی ژمـاره (٥)ی خـولی ئاسـایی یەکـەمی، سـاڵی (١٩٩٣)ی ئەنجوومەنی نیشـتمـانیی کـوردسـتـان رۆژی یەک شەممەی رێکەوتی ٢٤/١/١٩٩٣ ببەسترێت، بەڵام لەبەر پڕنەبوونەوەی رادەی یاسایی پێویست، بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن دانیشتنەکە نەبەسترا.

| | | |
|---|---|---|
| فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا<br>سکرتێری ئەنجوومەن | نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا<br>جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن | جوهر نامق سالم<br>سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٦)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٦/١/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٢٦

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٢٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- ئاگادار بوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری ئەندامە بەڕێزەکان.***

***٢-بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسای پوول«رسم الطابع»***

***٣-تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمڕۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەوانەیە بۆ ماوەی نیو سەعاتێک دوابکەوێ چونکە کاتمان دەست نیشان نەکردبوو کەی بێت، ئەمە یەکەم دانیشتنە کە لەوە دەچێ تیایدا ئامادە نەبێت ئەگەر تازە بابەت شتێک هەیە با بفەرموون هەر دوو فراکسیۆن ئاگادارمان بکەنەوە..

**بەڕێزعەبدوڵلا ڕەسوڵ عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی کتلەی سەوزەوە پێشنیار دەکەین کە لەئەنجامی ئەو کارەساتە حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتیان بدات ئەگەر هەتاکو ڕەمزیش بێت بۆ ئەوەی بزانن کە بەسەر دەکرێنەوە لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە.. سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش پشگیری لە پێشنیارەکە دەکەین دووەم ئەگەر بکرێت خاڵێکمان بۆ لەناو بەرنامەی کار بسازێنن کە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥بکەین بەرۆژی دەست پێ کردنی ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان کەلە ڕانیەوە دەستی پێ کرد یادی ئەو ڕۆژە بکەینە ڕۆژێکی پشوودانی ڕەسمی، ئینجا ئەگەر

بەپەسەندتان زانی پاشان قسەی لەسەر دەکەین.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە تووشی زەرەر بوون لە رووداوەکەی شاری هەولێر لە(٢٢)ی مانگ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر کۆمەکێکیان بکات هەردوو فراکسیۆن پشتگیری لێ دەکەن ئەو رۆژەش لە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ فراکسیۆنەکان ئەم بابەتە باس کرا بەپەسەند زانرا کەبیر لە شتێکی وابکەینەوە جاکێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟.. کێ لەگەڵ نییە.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا..

پێشنیاری دووەم باسی رۆژی ١٩٩١/٣/٥بکەین کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە؟..

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە وای بەباش دەزانین دیارە راپەڕین شتێکی زۆر گەورەیە لەمێژووی خەباتی گەلی کوردستاندا بەلام هەر شارە رۆژێکی هەیە بۆ رزگار کردنی واپێشنیار دەکەین کەلە رۆژی(٥)ی مانگ کە دەروازەی راپەڕین لەشاری رانیەوە لەحەوزی پشدەر دەستی پێکرد ئەو رۆژە ببێتە رۆژی رزگار بوونی ئەو ناوچەیە شارەکانی تریش یەک بەدوای یەک مەسەلەی ئازاریش یان کە مانگی راپەڕین ورزگاری بۆ رۆژێک دابنرێت کە ببێتە پشووی رەسمی ئەوەش ئێمە پێمان باشە وپاڵپشتی ئەو پێشنیارە وکتلەی زەرد دەکەین.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر ماوە بدەن بەڕێزان وەکو پشوو، باوەکو پێشنیارەکە کراوە بکرێتەوە بەرنامەو پاشان گفتوگۆی لەسەر دەکەین جارێ ئەم بەرنامەیە بکرێتە بەرنامەی ئەمرۆمان کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو خاڵە باس بکرێت وبخرێتە بەرنامەوە؟.. کێ لەگەڵی نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. پاشان کە هاتینە سەر ئەو خاڵە بەدوورو درێژی باسی هەموو پێشنیارەکان دەکەین، جا ئەگەر پێتان خۆشی بێت ئێمە هەتاکو جەنابی سەرۆک باسی هەردوو پێشنیارەکە دەکا کە ئێستا خراوەتە بەرنامەی کارەوە و بەوانە دەست پێ دەکەین ودانیشتنەکەمان تۆزێ پاش وپێشی دەخەین هەتاکو جەنابی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پەیوەندیدار ئامادە دەبن وپاشان دەکەوینە ناو بەرنامەی خۆمانەوە ئێستاکە باسی دەکەین، خاڵی یەکەم پشتگیری کردن لەکۆمەک کردن لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە وەکو پێشنیارێک کە ئێستا کراوە لەبەرنامەکە مناقشەی بکەین تکایە ئەوانەی کە دەیانەوێت قسە بکەن لەسەر ئەم بابەتە باناو نووسیان بکەین ئەگەر بکرێت لەهەر فراکسیۆنێک چەند برادەرێک قسە بکەن لەسەر ئەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز جەلال جەوهەر، د.رزگار، مەلاتەحە، کاک جەمیل، کاک بارزان، کاک بەختیار، کاک

ئازاد قەرەداغی، ئەو ناوانەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە برادەران ئاگاداربن وئەوپەری(حدی اقصی) هەر برادەرێک قسەکانی لە سێ دەقیقە زیاتر نەبن لەبەر کەمی کات تا سەرۆک کتلەکان بەدواچوونەکانیان نیشانبدەن جارێک سەرۆک کتلەکان بۆیان هەیە لەکاتی پێویست بەدوایدا بچنەوە جا ئەگەر کاک کۆسرەت پێشنیارێکی پێشکەش کرد وکاک فرەنسۆش پشتگیری لێ کرد مانای ئەوەیە پێشنیاری هەردوو کتلەیە جا ئەگەر بەکورتی بە دوو دەقیقەیەک کاک کۆسرەت وکاک فرنسۆ کامیان حەز دەکەن ئەم وەزعەمان بۆ باس بکەن.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من لیژنەیەک لەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیدارن هەندێ فەرمانگەی تایبەتی دروست بکرێت بۆ ئەوەی کە ئەو دوکان وئۆتۆمبێل وئەو خەڵکانەی کەزیانیان لێ کەوتیە شتێکیان بدرێتێ بەگوێرەی توانای حکومەتی کوردستان چونکە خەڵک هەیە دوکانەکەی وێران بووە وەخەڵک هەیە ئۆتۆمبیلەکەی سوتایە ئەو شوێنانەی کەرووداوەکەی لێ رووداوە لیژنەیەک بچێ بی پشکنێ کە شارەزاییان هەبێ لەبارەی داراییەوە وەلەو خەڵکانە بن کەشارەزان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەست نیشان بکرێن بەتایبەتیش کە ئێستا لەسنووری پارێزگای هەولێر هەندێک خەڵک دابنرێت بۆ ئەو مەبەستە زۆر زۆر باشە. سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک شت دەخەمە سەر قسەکانی کاک کۆسرەت بریندارەکانیش لەگەڵ زیان لێکەوتووەکان بن کە ئەوانیش شتێکیان بۆ بکرێت. سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر باشە بەلاٚم ئەو رۆژە برادەران باسیان کرد کەگوایە بڕیاردرا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە کە یارمەتی کەس وکاری شەهیدەکان وبریندارەکان بدرێت لەبەر ئەوە باسمان نەکرد. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پێشنیارمان کردبوو باسیشمان کردبوو هەڵمان گرتبوو بۆ کۆبوونەوەی سبەینێ راستە شتێکی وا باس کرا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ برادەرانی کتلەش ئەم باسە کرا، وابەباش زانرا ئەم بابەتە ئەندامانی پەرلەمان بەیارمەتی خۆیان بۆ ئەو دەرماڵەیەی کە هەیە بیبەخشن بۆ مەسەلەی شەهیدەکانمان ئەوانەی کە لە رووداوی(٢٢)ی ١٠ شەهید بوون وەکو پێشنیارێک ئەگەر رێک دەکەون لەسەر ئەوە ئەوا جەنابی سکرتێر هەڵدەستێ بەوەی کە ئەو

بەخششانە دیاری بکات وکۆیان بکاتەوە لەپاشان بیدەن بەکەس وکاری شەهیدانمان فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو خاڵانەی بەپێویستی دەزانم کەباسیان بکەم یەکەمیان: چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەیە (تعویض) کە ئەویش لە ڕێگەی فەرمانگەکانی پۆلیسەوە دەکرێ لیستێک لەو زەرەرانەی کە پێیان گەیشتووە پێشکەش دەکەن لەلایەن قازی تۆژینەوە (تحقیق) بڕیاری لەسەر دەدرێت.

دووەم: چۆنێتی ئەو قەرەبووە چی وچی دەگرێتەوە بەرای من هەر چەندە گیان قەرە بوو ناکرێتەوە بەڵام یەکەم شەهیدەکان دووەم بریندار وسەقەتەکان.

سێیەم: زەرەرەی ماددیش بەنسبەت دوکان وکۆگا هەتاوەکو خاوەنی ئەو عەرەبانانە کە لەوێ بوونە من دیسان پاڵپشتی ئەو قەرەبووە دەکەم، لیژنەیەک پێک بێ بەسەرۆکایەتی حاکمێک لەمەرکەزی پارێزگادا دروست بکرێت بۆ ئەوەی بریاری کۆتایی لەمەسەلەی قەرەبووەکە ئەو مخول بێت، هەروەها من سەرەڕای ئەوە پێشنیاری دەکەم کە پێویستە زەرەر لێ کەوتوەکانی شاری سلێمانی ودهۆکیش لەو چەند تەقینەوانەی روویاندا پێش ئەو تەقینانەوەی شاری هەولێر ئەوانیش ئەوە ببیان گرێتەوە هەر لەهەمان ڕێگەوە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە برادەران کۆتاییان بە بابەتەکە هێنا تەنها من بەنسبەت شەهیدەکان بەباشی دەزانم قانونی (تکریمی شەهیدیان) لەسەر جێ بەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ قانونمان نییە.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە شەهیدان شەهیدانەیان بۆ دەربچێت سەبارەت بە قەرەبوو کردنەوەش ئەوەی کاک ئەیاد و ئەوان وتیان زۆر باشە. سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زەرەرێکی زۆرە بۆی هەیە ئەگەر پشکنین بکرێ بەملیۆن دیناری تێ دەچێ بەراستی دەزانم کە لیژنەیەکی تایبەتی دروست بکرێت بۆ بەسەرکردنەوەی زەرەرەکان پاش گفتوگۆ لەسەر کردنی کە چەندە رەزامەندی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مـەلامـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەكـیم:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

برادەران لەزۆر لایەنەوە باسیان كرد لایەنێک لەبیر چوو كە لایەنە معنویەكەیە من زۆر بەگەورەی ئەزانم بەڕاستی حەزیش دەكەم ئەو گۆڕەپانە بكرێت بەگۆڕەپانی شەهیدانی ١/٢٢ بۆ ئەوەی ناوی ئەوشەهیدانە هەمیشە بمێنێ. سوپاس.

**بەڕێـزجـوهـر ئـەحـمـەد شـاواز:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

من ئەو بۆچوونە زۆر بەباش دەزانم ئەگەر ببێـتە گـشـتی لەگشت كـوردسـتـان زۆر چاكـتـرە كـە لیـژنـەیەک دروست بكرێت بەناوی بەهانا هاتنی (اغـاثە) وەزارەتی تەندروسـتـی وكـاروباری كـۆمـەلایـەتی و وەزارەتی دارایی وئابووری كـە حكومـەت بڕێ لەپارەكـە تـەرخـان بكات وبڕێكی تریشی پێ بەخشین بێ ورێنومایییەكی بۆ دەرچێت ئەم فكرە بلاوكـرێتەوە بۆ گـشت كـوردسـتـان نەک بۆ ئەوانەی كەلە هەولێر زەرەریان بووە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا تـەلحـە سـەعـیـد قـەرەنی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

با لیژنەیەک پێک بێت هەموو رۆژێک سەردانی ئەو نەخۆشانە بكات وبزانێ پێویستیان چییە، چونكە ئێمە چووین زۆر مرۆی وای تێدابوو كەپێویستیان هەبوو، پێویستە لیژنەیەک دروست بكرێت وهەموو رۆژێک سەردانیان بكەن وبزانن كە پێویستیان چییە، سوپاس.

**بەڕێـز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

قەرەبوو كـردنەوەی ئەوانەی زەرەریان گەیشتی وبەهۆی لافاوو بۆمبا ومـاڵ سووتان شتێكی زۆر پەسندەو لەجێی خۆیەتی وپشـتـگیـری ئەوە دەكەم هەر چ شـتێ هەیە لـەیاسـاو قـانونی هەمـوو دەوڵەت یاهەمی دەوڵەتا جیهانێ وهەروەكی دەوڵەتی ئێمەش عێراق قانونی مە (الغا) نەكراوە بەڵكو قانونی عـێراقی بەردەوامە،ئێمە قانونێكمـان لەم بارەیەوە پێ دەوێ دەربارەی پێک هێنانی چەند لـیـژنـەیەک پێـویسـتـە پرسـیـار لە لیـژنەی قـانوونی بكرێ بۆ پێک هێنانی ئەم یاسا تازەیە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

ئەوانەی كەویستیان قسە بكەن، تەواو ئینجا وەكو موضوع كۆتایی پێ هات..

**بەڕێـز عـەبـدوڵـلا رەسـول عـەلی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

من بەدواداچوونێكم لەسەر قسـەكـانی كـاک جـەمیل هەبوو بەقانونی حكومـەتی عـێراقی ئێمـە

دەکوژن بابە قانونی عێراق نەکەین کەخەڵک یارمەتی بدرێت یانەدرێت ئەوان شەرعیەتیان وەرگرتووە کە ئیبادەمان بکەن. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەوەی کۆتایی بەبابەتەکە بێت پێشنیار بەو شێوەیە بێ کۆمیتەیەک دروست بێت لەچەند پسپۆرێکی ناو پەرلەمان ولەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ تاووتوو کردنی ئەم پێشنیارە، پاشان گەلاڵەیەک بخرێتە بەردەمی پەرلەمان بۆ ئەوەی بڕیارێکی لەسەر بدەن ئەگەر ئەم پێشنیارە بەپەسەند دەزانن بابیکەین بە بڕیارێک.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوروڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من روونکردنەوەیەکم هەیە سەبارەت بەو کێشەیە هەر هەولێر دەگرێتەوە؟ یاخود بۆ سلێمانی ودهۆکیشە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکە هەر بۆ ٢٢ی مانگ بووە لەهەولێر.

**بەڕێز سیروان محمد نوروڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی سلێمانی بێگومان بەقەدەر ئێرە زەرەرو زیانی لێ کەوتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەو لیژنەیە لە هەردوو ئەنجوومەن پێک بهێندرێ لەگەڵ پسپۆرەکان لەبابەتەکە بکۆڵنەوە وبیکەن بەپێشنیارێک وبیدەنە ئەنجوومەن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باخۆشمان ومیللەتەکەشمان بزانێن کە ئێمە ئەوەی کە دەیکەین شتێکی رەمزییە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا ئەو توانایەی نییە کە هەموو شتێک قەرەبوو بکات ئەمانەوێت وانیشان بدەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەیانەوێت بەشدارییەک بکەن لەبەر ئەوە ئەوانەی هەولێر شتێکیان بۆ بکرێت ئەگەر تواناش بوو بۆ هەولێر وسلێمانی وبۆ هەموو شارەکان بێت، بەڵام ئەوە شتێکی رەمزییە کە ئاشکرایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی نییە کەبتوانێ هەموو قەرەبووەکان بدات. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەگەر ئەو پێشنیارەتان پێ پەسەندە کۆمیتەیەک لەپسپۆرانی ناو پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیراندا پێک بهێنن پاشان کێ بەبەرژەوەند دەزانن بانگ بکەن ئەو کۆمیتەیە لێکۆڵینەوەیەک

لەم بارەیەوە بکات پاشان بکرێت بەبڕیارێک کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟..
بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.
دێینەوە سەر خاڵی پێشنیاری دووەم ئەویش بابەتی ١٩٩١/٣/٥کەوەکو رۆژێک بۆ رزگاربوونی رانیە..
جا کێ دەیەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسەبکات، پێشنیارەکان ناونووس بکا..

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

بەڕێزان شێخ عەبدولکەریم، حەسەن کانەبی، مەلامحەمەد ئەمین، د.رزگار، جەمیل سندی، بارزان خالد، ئازاد قەرەداغی، بەختیار، ئیبراهیم.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر برادەرێک دەیەوێ قسەبکات هەر یەکە دوا خرا ئاگادارم کا..(٣)دەقیقە بۆ قسەکردنی هەر یەکێک وەهیوادارم کە کەمتر بێت، بۆ ئەوەی بتوانین بچینە ناو خاڵەکانی تر..

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای منەوە راپەڕین لەناوچەی رانیەوە دەستی پێ کردووە بۆ ئەوەی کارێکی بەرچاومان کرد بێت بۆ ئەو ناوچەیە من ئەو پێشنیارەم کردووە وزیاتر قسەی لەسەر ناکەم.. سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە لەپێش هەموو شتێکا یەکەم بایەخ وپلەی خۆی هەیە بۆ راپەڕینی ساڵی(١٩٩١)دیارە رانیە رۆژی ١٩٩١/٣/٥بایەخی خۆی هەیە بۆیە من لام وا چاکە کە /٣/٥ وەکو یاد کردنەوەیەکی سەرانسەری هەبێت، ئەوجا دەتوانین ئاهەنگی خۆجێیی بکەین، بەلام /٣/٥ ئاهەنگی سەرانسەری بێت، بەلام مەرج نییە پشوو (عطلە) بێت خۆ ئاهەنگی(٥)مانگ دەتوانین بەشێوەیەک کە رای بگەیەنین، بەلام ناتوانین بەمناسبە بەئاهەنگ یەعنی /٣/٥ یەکە سەرانسەری بێت وباقی ئەوانی تر هەر یەکەو بۆ ناوچەی خۆی.. سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی سەر هەڵدانی ئاداری ساڵی ١٩٩١ مێژوویەکی نوێی کوردە ئێمە ئاهەنگ گێران بەکارێکی پێویست دەزانین، سوپاس.

**بەڕێز ئەبوبەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم خۆش بوو لەجیاتی کەرۆژی ٣/٥ باس بکەین کە ئەوە وادانەنرێت، سەرەتای راپەڕینە ئەو مێژوەی سەرەوە راپەڕینەکانی (حسم) کرد، دەبوایە باسەکە لەوە فراوانتر بوایە باسی

راپەرینی سەرانسەری کوردستان بکرابایە کە راپەرینەکان لەگەڵ دەست پێکردنی بزووتنەوەی جولانەوەی رزگاری خوازی میللەتەکەمان دەستی پێ کردووە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا هەر یەکە لەهەل ومەرجێکی تایبەتییەوە رووبەرووی دوژمنەکانی کوردو زرووفەکان بۆوە ئەوە لەدوای ساڵی ١٩٧٥تاوەکو ئێستا لەهەموو شارەکانی کوردستان هەر یەکە بەقەدەر خۆی دژایەتی لەگەڵ رژێمی داگیرکەر کردووە راپەرینەکان بەلای منەوە لە پێشان لەناوچەکانی سلێمانی دەستی پێ کرد بەتایبەتی لە پێنجوین لەساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩-١٩٨٠راپەرینی گەورە گەورە دەستی پێ کرد کەبوون بەهۆی ئەوەی رووبەروو بوونەوەیەکی زۆر گەورە، بەرامبەر بەدوژمن کە جادەکان دەبەستران بەشارەکانی تریشەوەو پێشوازی لێ دەکرا، بەلای منەوە٥/١/١٩٩١ ئەو راپەرینانەی (حسم) کرد،سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کەرۆژی ٣/٥ کە راپەرین لەشاری رانیەوە دەستی پێ کرد بەبیروڕای من لەمێژووی میللەتی کورددا بۆنە(مناسەبە) زۆرن واتا دەربارەی ئەو تێکۆشان وئەو راپەرینانەی کە پیرۆزن وای بەچاک دەزانم رۆژی رزگار کردنی شاری کەرکوک ببێتە رۆژێکی رەسمی بۆ هەموو بۆنەکان (مناسەبەتەکان).. سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی من پێشکەشم کردووە (١٣)ئەندامیش ئیمزایان کردووە راپەرینی رۆژی پیرۆزی ٣/٥ کەوا لەرانیە دەستی پێ کرا ئەو رۆژە یەک پێشمەرگە لەرانیە نەبوو، پیاو وژن گەورە و گچکە بەچەک وبێ چەک هێرشیان بردە سەر هەموو دام ودەزگای بەعس وەهەموویان تێک شکاند چ عەسکەری وچ مەدنی چ ئەمن چ ئستخبارات .. سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە باش باس کرا، بەڵام من ماوەیەک لەوەو پێش لەرانیە بووم زۆر بە دوورو درێژی لەگەڵ رۆشنبیرەکان باسی ئەم بابەتە کرا پێشیان زۆر گرنگە کە بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێت ئێمە دەبێت بزانین بۆ یادی ئەو رۆژە دەکەینەوە بۆ نموونە ئەگەر تەماشای جەژنی خۆمان بکەین ئێستاش یادی جەژنی نەورۆز دەکەینەوە، بۆیە پێم باشە رۆژی ٣/٥ ببێتە رۆژێکی میللی وەکو نەورۆز،گرنگ نییە پشووی رەسمی، چونکە بەراستی ئێمە هانی پشوو نادەین چونکە پێویستمان بەکار کردنە، ئەو راپەرینە چەند رۆژێکی خایان تا ٢١/٣/١٩٩١ی خایان کەواتە ئێمە ناتوانین هەموو رۆژێک لەشارێک پشوودانێک بکەین جائەورۆژە(٥/٣/١٩٩١)بکرێت بەرۆژێکی میللی لە سەرتاسەری کوردستاندا، پێم وایە شتێکی باشە وەمن پێشنیار دەکەم

ئەگەر بێتو ئەندامانی پەرلەمان رازی بن ئێمە ناوی رانیە دەگۆڕین ودەیکەین بەدەروازەی راپەڕین، چونکە یەکێک لەداخوازییەکانی جەماوەری بەشەرەفی رانیەیە.. سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژانی شۆڕش کردن رۆژانی سەر هەڵدان رۆژانی کارەسات، ئەگەر ببێ وهەریەک رۆژێک لەمانە بکەینە پشوودان وابزانم ئێمە دەوام ناکەین من لەگەڵ ئەوەمە ئەو رۆژە یاد بکرێتەوە، بەڵام نەکرێت بەپشوودان.. سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی، پێویستە نەمری ئەو رۆژە یاد بکرێتەوەو بکرێت بەجەژن جا دەکرێت بەپشوو یان ناکرێت گرفتێک نییە، بەڵام هەندێ پێشنیارم هەیە لەسەر ئەوبابەتە حەز دەکەم باسی بکەم وە بەیەکێ لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دەستی پێ دەکەم کە دەڵێت: «مەرگ وژین میسلی سێبەروتاوە ئەوەی باقی بمێنێ هەرناوە».

بەراستی ناوی ئەوکەسانەی کەیەکەم دەستەی راپەڕینن نەک تەنها هەر لەشاری رانیە بەڵکو لەهەموو شارەکانی کوردستاندا لام وایە سجلی شەرەف لەهەموو شارەکان بکرێتەوە ناوی(١٠-٢٠)کەس بنووسرێت لەو کەسانە کە یەکەم دەستەی راپەڕینن بۆ ئەوەی ئەوانەی ئەم سنوورە سامناکەیان شکاند کەتەقانیانەوەو رووبەڕووی دوژمن بوونەوە، ئەوانە ناویان لە دەفتەری شەرەف مەندی (سجلی شەرەفی) شارەکەی خۆیان تۆمار بکرێت، حەقە خەڵاتیش بکرێن. سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژانی خەبات وراپەڕین لەمێژووی میللەتەکەمان زۆر زۆرە، ئەگەر بێتو هەمووی باس بکەین بۆی هەیە چەند کتێبێکی دوورو درێژ بێت بەڵام رۆژی ١٩٩١/٣/٥پێویستە بایەخێکی پێ بدرێ لەبەر ئەوەی کە شێوەی خەبات لەو رۆژە جۆرە شێوەیەکی تری وەرگرت وە جەماوەر بەتێکرایی راپەڕین، بۆ ئەوەی کەدام ودەزگای رژێم بەتەواوی تێک شکێنن، بۆیە زۆر پێویستە کە ٣/٥ بایەخێکی تەواوی پێ بدرێت وپێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەو رۆژە ناوی لێ بنرێت رۆژی راپەڕین وەمێژوویەکی زۆر رێک وپێکە لەبەر ئەوەی کە لەو رۆژە وە دەستی پێکرد ئەگەر بێتو رۆژانی تر حساب بکەین کە هی شارەکانە ئەوە(١١)ئازارە ئەوە ٢١/ ئازارە دەکاتە نەورۆز وە بۆنەی تری تێدایە هەتا تێکەڵ نەبێت وە لەسەر یەکیش با ئێمە شتەکە زیاتر کەڵەکە نەکەین بەڵام رۆژی دەست پێ کردن رۆژێکی تایبەتەو پێویستە بایەخی پێ بدرێت.. ئیتر سوپاس.

**بەڕێز عـــــەبدوڵـلا رەســــــول عــــــەلی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

من پاڵپشتی لە قسەکانی کاک رۆستەم دەکەم، دیارە جەنابی کاک حسن کانبی زۆر ئاگادار نەبووە لەبابەتەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەممەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

بەراستی ئەو مەسەلە وانییە بابەتەکە ئەوە بێت جەماوەر هێزی بنەڕەتی راپەڕین بوو یاخود پێشمەرگە، پێشمەرگە وجەماوەر یەک بووە، پێشمەرگە بێ جەماوەر وەک ماسی یەک وایە ئاوی گۆمەکە چکی کردبێت، وەهەروەها جەماوەری کوردستانیش ئەگەر پێشمەرگەنە بان بێگومان نا ئومێدی رەش باڵی خۆی بەسەردا دەکێشا لەئەنجامی شەرەکەی کەنداو جا بۆیە مەسەلەکە لێرە ئەوە نییە کە جەماوەر یا پێشمەرگە، جەماوەر وپێشمەرگە لێک جیا نابنەوە وەهەر رۆژێک خەبات گێڕان وجەماوەر لێک جیابوونەوە کارەساتە ئەو رۆژە جا بۆیە ئێستاش ئەگەر هەندێ رەفتاری سلبی هەبوو بێت بەناوی پێشمەرگە بوو بێ بەراستی دەبێت بیر لەوە بکەینەوە هەر کەسە شتەکەی خۆی بۆ دەست نیشان بکرێت، پێشمەرگایەتی وای لێ نەیەت کە خەڵک بەسلبی تەماشای بکا یاخود کەسێک شەرمی پێ بێت بەڵکو پێشمەرگایەتی هەمیشە سەربەرزی بووە بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین لەو هۆڵەدا شتێکی وا بکرێت کە پێشمەرگایەتی ئەو ڕێزەی جارانی بۆ بگێڕێتەوە وەهەمیشە مایەی سەروەری بێت دووەم سەبارەت بەئەوەی کە چ رۆژێ دابنرێ وابزانم لەهەر بۆنەیەکدا نابێت ئێمە نرخە مێژوویەکەی بۆ بدەین رۆژی (٥)ی مانگ ناتوانین بیسرینەوەونابێت بسرینەوە رۆژی(٥)ی مانگ سەرەتا بوو وەکە(٥)ی مانگ دەستی پێ کردو ئیتر تەشەنەی کردو شارەکانی تریشی گرتەوە جا ئەوەش وەنییە بڵێین شاری تر هەیە گرنگی زیاترە لەرانیە نەخێر، رانیە ئەو سەروەرییەی هەیە کەدەبێت بۆی تۆمار بکرێت لەلاپەرەی مێژوو جا بۆیە نابێت ئەو رۆژە پشت گوێ بخەین دەمێنێتەوە ئەوانی تر منیش لەگەڵ ئەوەم هەر شارە ئاهەنگی خۆی بگێڕێ وە بەنیسبەت هەندێ شار وەک کەرکوک دەکرێ ئاهەنگەکان بایخێکی زیاتریان پێ بدرێت لەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــــۆ تۆمـــــــا هەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

منیش دەمەوێ تەنیا دوو سێ قسە لەسەر ئەوە بکەم کە پێشمەرگە دارێژەری راپەڕین بوو من چاکم لەبیرە کە ئاداری(٩٠)نەک لەئاداری(٩١)کۆبوونەوەکمان کرد لەبارەگای (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان) لەقاسمە رەش وە لیژنەیەکمان پێک هێنا بۆ دانانی ئەگەرەکان لەو وەختەوە لە ئاداری(٩٠)پرۆژەی راپەڕین کەدەست بەسەر داگرتنی شوێنەکانی حکومەت و سەتاسەری کوردستان دارێژراوە وەپێشمەرگە دەورێکی زۆر چالاکانەی بووە ئێستا من مەبەستم

ئەوەیە کەئێستا هەندێ شت بەناوی پێشمەرگەوە دەکرێت ئەمانە تازە پێشمەرگەن پێشمەرگەی راستەقینە نین ئەوانەی کە خەریکن ناوی پێشمەرگە دەرزێنن لەئەنجامی ململانەکان بووە کەلەبەینی حزبە کوردستانیەکان روویاندا ماوەی بۆ هەندێ کەس خۆش کردووە کە ئێستا هەموو لایەک لەبەر دەستمان بن ناتوانین هیچیان لەگەڵ بکەین ئەگینا پێشمەرگە گیانی لەسەر لەپی دەست بوو ئامادە بوو بۆ مردن من بڕوا ناکەم شتێکی وابکات کەناوی پیرۆزی خۆی بزرێنی. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین بۆ ئەوەی کۆتایی بەم گفتوگۆیە بێنین، یا ئەگەر بلوێ بەو شێوە پێشنیارەکە ئەنجام بدرێت، (٥)ی مانگ بکرێت بەرۆژی دەست پێ کردنی راپەڕین، بێگومان لەحەوزی رانیە وپشدەر دەستی پێ کردووە بۆ سەرتاسەری کوردستان، جا هەر شارێک ئەو رۆژەی رزگار بووە بابە توانا وبەوەزعی خۆی ئاهەنگی خۆی بۆ بکات لەلایەن راگەیاندنی کوردستانەوە بایەخی پێ بدرێت، دەمێنێتەوە پێشنیاری شاری کەرکوک دەکەوێتە(٢٠)بە(٢١)ی ئادار کەرکووک ئەویش گرنگیەکی تایبەتی پێ بدرێت کە رەوتێکی تایبەتی بدرێت بەو رۆژە ئەگەر لەگەڵ ئەمە کەرتی یەکەمی پێشنیارەکەیە، کەرتی دووەمیش بکرێت بە(٥)ی مانگ بکرێت بەپشوویەکی رەسمی یان نەکرێت جا ئەگەر ئەم دوو پێشنیارە کە ئێستا لەپێشمانە وەکو دەرکەوت لەقسەی بەڕێزان کە پشوو شتێکی گونجاو نییە بەڵام دەست نیشانکردنی رۆژی راپەڕین وەکو مێژووێ ئەمە گرنگەو وە لەکوێ وە دەستی پێ کردووە ئەویش گرنگە ئەگەر رەزامەندی بفەرموون بەوشێوەیە کە رۆژی(٥)ی (٣)بکرێت بەرۆژی دەست پێ کردنی راپەڕین وە ئاهەنگ دەست پێ بکات لەهەر شارە بەگوێرەی توانا وزروفی خۆی دەستی پێ بکات وەهەر شارێک ئەو رۆژەی کەرزگار بووە ئاهەنگی تایبەتی خۆشی بکات وبایەخێک بدرێ بەشاری کەرکووک جا ئەگەر ئەم پێشنیارە چونکە قسەیەکی زۆری لەسەر کرا رەزامەندی بفەرموون لەسەر کەرتی یەکەمی پێشنیارەکە ببێت بەپشوودان یاشتەکە تۆزێ ئاسانتر وکورتتری بکەینەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کەرۆژی(٥)ی (٣)بکرێت بە رۆژی راپەڕین ؟..کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا ..دێینە سەر رۆژی ٥ ی ٣ بکرێت بەپشوو ؟.. کەس لەگەڵ ئەوە نییە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە نەکرێت بەپشوو.. سوپاس..بەگشتی وەرگیرا.. دەمێنێتەوە سەر شارەکان، هەرکەس بەپێی ئەوەی خۆی دەمێنێتەوە بابەتی شاری کەرکووک چونکە وابزانم زۆر برادەر حەز دەکەن لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن چۆن مامەڵە لەگەڵ رۆژی(٢٠)ی مانگ بکەین کە رۆژی رزگار کردنی شاری کەرکووکە جا گەرحەز دەکەن کە لەسەر ئەوە قسە بکەن باناوی برادەران بنووسین.. سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسوڵ عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر پێم باشەکە رۆژی(٢٠)ی مانگ بکرێت بە رۆژی راپەڕین کەرۆژی رزگار کردنی شاری

کەرکووکی خۆشەویستە بەڵام من دەمویست باسی شتێکی تریش بکەم بەڵام ئەوە بەسەر چوو خەڵکی قەڵادزەش دەڵێن ئێمە رۆژی(٤)ی مانگ شەهیدیشمان دایە لە ئۆردوگای کەورگۆسک وکەلەکی یاسین اغا کە لەسەر ئەو مەسەلەیە هەندێک قسەی لێ کراوە وگلەیی وگازاندە هەبوو جا نازانم ئەو مەسەلەیە دەنگی لەسەر درا کە لەرۆژی(٥)ی مانگەوە دەستی پێ بکرێت یان لە(٤)ی مانگ کە راپەڕین دەستی پێ کرد لەکوردستاندا. سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی ئیشارەت دەدەم کەبایەخی هیچ شارێک وهیچ راپەڕینێک کەم ناکەینەوە بەڵام سەبارەت بەکەرکوکەوە شارێکە بەراستی تا ئێستا دوژمنانی کوردو کوردستان دان بەوە دانانێن کە کەرکووک سەر بە کوردستانە بۆیە پێم چاکە وەپێشنیاریش دەکەم کە رۆژی(٢٠)ی مانگ بکرێت بەپشووی رەسمی بۆ سەرانسەری کوردستان کە رۆژی رزگاربوونی کەرکووکە.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ئێستا(٢٠)ی مانگ پشوو بێت؟..

**بەڕێزشەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژی رزگاری کەرکوک رۆژێکی مێژوویی یە لەمێژووی میللەتی کورددا چونکە تاوەکو ئەوکاتە ئێمە خۆمان نەدیوە کەرکووک بخرێتە ژێر دەسەڵاتی کورد بۆیە ئەگەر رۆژی ئازادی کەرکووک بێت بە رۆژی ئازادی بەڵام چونکە رۆژی(٢١)ی مانگیش خۆی پشوودانە (تعطیلە)، نەورۆزە واتا دەمانەوێ دوو پشوودان نەبێت، چونکە ئێمە پێویستیمان بەپشوودان نیبە پێویستیمان بەئیش کردن هەیە لەوکاتە، بەڵام ناوی بنێین رۆژی ئازادی یان رۆژی رزگاری وە ئاهەنگی پێ بگێردرێت لەو بۆنەیەدا.. سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم خۆش بوو ئەو بابەتە هاتە پێشەوە کەرکووک بایەخێکی گەورەی پێ بدرێت لەمێژووی کورد جێگەی داخە ماوەیەکە ئێمە وا خەریکە خۆمان بەحکومەت وپەرلەمان وئەوانە شەوە ئەو گرنگیەی لێ کەم دەکەینەوە ئەمە دیارە شتێکی باشە بۆ ئەوەی کە ئێمە شوێنی سیاسی کەرکووک بەرز بکەینەوە من دوو سێ گلەییم هەیە لەو رووەوە ئەگەر ئیجازە هەبێت لەو بابەتە دەربچن مەسەلەی ئێستا پارێزگای کەرکووک ئێمە تەنها لای خۆمان پارێزگای کەرکووک ناسراوە، رەنگە بۆ شتی تر مەسەلەی بۆ (اغاثەی دوەلی) وئەو مەسەلانەی کەپێم وایە ئەویش لەشوێنی سیاسی کەرکووک بەرز دەکاتەوە، ئەو بایەخەی پێ نەدراوە، نازانم ئێمە هەموومان بیر

لەوە دەکەینەوە کە چۆن چارەسەری ئەو جێگایە بکەین، جا من پشتگیری ئەوە دەکەم کە رۆژی ۱۹۹۱/۳/۲۰بکرێت بە پشووی رەسمی .. سوپاس.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەکەرکوک هەموو لایەکمان دەزانین کە جێگای بایەخ پێدانەو شایانی ئەوەیە کە رێزی لەدڵی هەموو میللەتی کورد هەبێ، بەڵام رۆژی(۲۱)ی ئادار پشووە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستا پێویستمان بە سەعاتێک زیاتر ئیش کردن هەیە، هەروەکو جەنابت هێمای بۆ ئەوە کرد کە ئەورۆژانە بکرێت بەرۆژێکی مێژووی نەوەک پشووی رەسمی .. سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم ناوی لێ بنرێت رۆژی خاک، رۆژی زەوی بۆ کورد، بەڵام بۆ پشوودان من پێم خۆشترە سەبارەت بە کەرکوک چاوەڕێی خۆشتر دەکەین.. سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بڵێین رۆژی ئازاد کردنی کەرکوک رەنگە زۆر راست بێت چونکەکەرکوک ئێستاش لەژێر چەپووکی خەڵکی ترە بەڵام بکرێت بە رۆژی سەلماندنی کوردستانیەتی کەرکوک .. سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە کە گومان لەکوردستانیەتی کەرکووکدا نییە پێویست ناکات بیکەین بەرۆژی سەلماندنی کوردستانیەتی کەرکوک بەڵام بکرێ بەرۆژی راپەرینی کوردستانی عێراق واتا رۆژی راپەرین بێت لەسەرانسەری کوردستان کە دروشمێکی تایبەتمەند بێت لەمێژووی خەباتی میللەتەکەماندا کەرکوک رزگاری دەبێت لەبەر ئەوە پێویست ناکات باسی کوردستانیەتی کەرکوک بکەین بۆ ئەو کەسانەی کە کەرکوک بەکوردستان نازانن، باباسی بکەن. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین باسی رۆژی دەست پێکردنی راپەرین کرا کە ۳/۵/ یە دەسنیشانمان کردو لەسەری رێک کەوتین، کەرکووکیش دوا رۆژی بوو ئەگەر پێشنیارێک بەو شێوەیە بکەین کە رۆژی ئازاد کردنی کەرکووک رۆژی سەرکەوتنی راپەرینە پشوو (عطلە) بێت یان پشوودان نەبێت پاشان باسێکی لێ دەکەین ئەگەر رازی بن بەو شێوەیە بێ، واتە لە(۵)وەهەتاکو(۲۰)ی مانگ ئێمە ووتمان هەر شارەو دەتوانی لەرۆژی ئازاد کردنیدا ئاهەنگەکانی خۆی بکات رۆژی سەرکەوتنی راپەرین ببێتە رۆژی پشوودان (عطلە) یان نەبێت کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ڕۆژی ئازاد کردنی کەرکوک دەبێت ڕۆژێکیشمان هەبێت ڕۆژی داگیر کردنەوەی کەرکوک بێ کە لەو ڕۆژەدا زیاتر باسی ئێش وئازاری خۆمان بکەین لەمەسەلەی کەرکوک ئێمە باسی ئازادی شارەکان دەکەین لەژێر دەسەلاتی خۆمان دایە لەناو شارەکان ئاهەنگەکانمان دەگێڕین بەلام کەرکوک لەژێر دەسەلاتی خۆمان نییە دەکرێت بلێین ڕۆژی کەرکوک نەک ڕۆژی سەرکەوتن یاخود ڕۆژی ئازادی کەرکوک ڕۆژی کەرکوک بەراستی جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕۆژەکانی تر، ڕۆژەکانی تر ڕۆژی خۆشییە بەلام ڕۆژی کەرکوک بەراستی ڕۆژی خۆشی نییە چونکە کەرکوکمان لێ سەندراوەتەوە جا بۆیە بلێین ڕۆژی کەرکوک نەورۆزە ئاهەنگ دەکەین بەئازادی کەرکوک ودەبێتە بەشێک لەهەرێمی کوردستان.. سوپاس.

**بەڕێز عەبدوللا ڕەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕۆژێک دەبێتە ڕۆژی ڕاپەڕین واتاڕۆژی دەست پێ کردنی ڕاپەڕین کەباسی کرا(٥)ی مانگ بێت بەلام ڕۆژی ڕاپەڕین نەورۆز بێت کە کەرکوک ڕزگار بوو پێویست ناکات کە ناوەکەی ببێ بە ڕۆژی(٢٠)ی مانگ، ڕۆژی ڕاپەڕین بێت لەسەرانسەری کوردستان ئاهەنگ بگێڕدرێ ویادی بکرێتەوە وشارەکانی تریش هەر یەکە لە ڕۆژی ڕزگار بوونی خۆیدا ئاهەنگ دەگێڕن..بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێتە ڕۆژی ڕاپەڕین.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕۆژی(٥)دەست پێکردنی ڕاپەڕینە، ڕۆژی(٢٠)ی مانگ ووتمان ئەو ڕاپەڕینە گەیشتە قۆناغێک ئەویش سەرکەوت وکەرکوک ئازاد کرا ئینجا ئەگەر مۆلەت بدەن پێشنیارەکە ئەوەیە کە(٥)ی مانگ دیاری کراوە و ئێمە دەنگمان لەسەری داوە چونکە جارێکی تر گفتوگۆی لەسەر ناکەین و دێینەوە سەر ڕۆژی(٢٠)ی مانگ کە ئێستاکە ڕۆژێکە کە ڕۆژی ئازاد کردنی کەرکوکە.. پێشنیارەکەش ئەوەیە کە ڕۆژێک دابنرێت بۆ ئەوەی کە ڕۆژی سەرکەوتنی ڕاپەڕین بێ نەک ئازاد کردنی چونکە جیاوازی هەیە ئەو ڕاپەڕینە لە(٢٠)ی مانگ لەڕاستیدا گەیشتنە ئەو ئامانجەی کەبۆی تێکۆشان، بەلام دوای ئەوە چ بوو بابەتێکی ترە بۆ ئەوەی ئەو مێژووە بمێنێتەوە، جا وەکو پێشنیارێک کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ڕۆژی(٢٠)ی مانگ ببێت بەڕۆژی سەرکەوتنی ڕاپەڕین ئەو ڕاپەڕینەی کە لە ڕۆژی(٥)ی مانگ دەستی پێ کرد تاکو(٢٠)ی مانگ ؟ کێ لەگەڵ ئەوە نییە؟، بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا..

جا دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە ڕۆژی(٢٠)ی مانگ پشوودان (عطلە) بێت یان پشوودان (عطلە) نەبێت؟ وەکو پێشنیار کرا لەلایەن چەند برادەرێکەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە(٢٠)ی مانگ پشودان (عطلە) بێت.. کێ لەگەڵ ئەوەیە نەبێت بەپشوودان (تعطیل)..زۆربەی لەگەڵ

ئەوەیە کە نابێت بەپشوودان (تعطیل).. ئەو بابەتە کۆتایی پێ هات..

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوجا کە ڕۆژی(٥)ی مانگ بگوترێ ڕۆژی ڕاپەڕین نەک ڕاپەڕینی ڕانیە.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دوکتۆر ببوورە ئێمە دەستمان پێ کردو ووتمان ڕۆژی(٥)ی مانگ ڕۆژی دەست پێ کردنی ڕاپەڕینە، ماوەتەوە ڕۆژی(٢٠)ی مانگ کە گەیشتە لووتکەی خۆی ئەویش کە ڕۆژی ڕزگار کردنی کەرکووکە، پاشان شتێکی تر هاتە پێشەوە بۆ جارێکی تر دێتەوە سەر خاڵی دووەم.. ئەویش جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران کاک دوکتۆر فۆاد کەهەندێ شتی هەبێت دەربارەی ئەو وەزعە تازەیە بۆمان باس بکات، پاشان لەوانەیە هەندێ پرسیارو شتی تر هەبێت ئاراستەی بەڕێزیانی دەکەین ئەگەر ئامادە بێت بۆ وەڵام دانەوەی دەتوانین وەکو پێویستی دوای خەین بۆ سێ شەممەیەکی تر ئەگەر ئامادە بێت..

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لەو پرسیارانەی کە هەبوون پێمان گەیشتووە هەندێکی تری پێویستی بە وەزیری تایبەتمەندە کە لێی بپرسین وبزانین بە دووروو درێژی ئەو مەسەلانە چییەو وەهەندێکیان خۆیان دێن وهەندێکیشیان بەنووسین وەڵامان دەدەنەوە، بەڵام هەندێ لە پرسیارەکان کە پەیوەندی بەسیاسەت وئیش وکاری ڕۆژانە ودەنگ وباسی جیهانەوە هەیە حەز دەکەم لەو مەسەلەیە تۆزێ بدوێم ڕەنگە ئەو مەسەلەیەش بەسەر ببرێ وچەند جارێ تر باسی کرا بێت خۆی ڕژێمی عێراقی ویستی سوود لەو بارودۆخە وەرگرێ کە لە ئەمریکا هەبوو یا ئەو گۆڕانکارییەی کەهاتە سەر ئیدارەی ئەمریکی بەو اعتبارە ئیدارەی پێشوو بەرەو بێچارەیی خۆی دەڕواو ئەوەی تازەش هێشتا دەست بەکار نەبووە، بۆیە دیسان لەشکر کێشیەکی زۆری دەست پێ کردووە لەسەر هەرێمی کوردستاندا لەلایەکی ترەوە چەکەکانی خۆی دەرهێناوەو نمایشی پێ دەکا بۆ ئەوەی وا پیشان بدات کە بەردەوامە لەسەر سیاسەتی جارانی خۆی، ئەوە بوو لەڕۆژانی دواییش فرۆکەیەکی خرایە خوارەوەو بەرۆکێت لەبەغدا درا بۆردمانی هەندێک شوێنی تری کرا ئیتر دیسان ئەو جارەش صدام حسین حسابەکانی لێ تێک چووەوە ئەوجا ویستی خۆی لە کلینتۆن هەڵبسوێ، تا ئێستاش کەبەردەوامە، لەلایێکی تر کە(بۆش)لەمەیدانەکەدا نەماوە ئیتر دەکرێت لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە لەگەڵ ئەمریکا بێگومان ئەمریکا سیاسەتی خۆی هەیە وبەرژەوەندی خۆی هەیە ئێمە لایەن نین لەوەدا، بەڵام ئەومەسەلەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیەو مەسەلەکەی ئێمە دەگرێتەوە، تا چ ڕادەیەک وڵاتانی هاوپەیمان بەرگری لەئێمە دەکەن ئەوجا دوای ئەوە ئێمەش چمان کردووە بۆ ئەگەری ئەوەی کە هێرشێک هاتە سەرمان، یاهەر سیاسەتی ڕژێمی عێراق

بەرامبەر بەئەمریکا وای نیشاندا ئێستاکە ئەو هێرشەی کرایە سەر بەغداو شوێنەکانی تر ئەوەش مانای ئەوەیە شەر دەستی پێ کردەوە کەواتە رێک کەوتنەکانی پێشو نەمان، ئێستا دەبێت جارێکی تر رێک کەونەوە، لەلای خۆیەوە دەڵێت من ئەو شەڕەم راگرت واتا شەڕەکە لەنوێ دەستی پێ کردوەتەوە وشەڕی راگرتووە کەشەڕی راگرت پێویستە وتووویژی لەگەڵ بکات واحیساب دەکات کە زرووفێکی باشتر ئەورۆ هەیەو یارمەتی دەدات، بەڵام بێگومان تا ئێستا وادیارە

کە ئەو کەس بە دووای دەنگیەوە ناچێت وە ئەوەی کراوەتەوە نەبۆتە هۆی ئەوەی رێککەوتنەکەی پێشو هەڵوەشێنیتەوەو شەڕ دەستی پێ کرد بێتەوەو جارێکی تر دانیشن بەو شێوەیە نییە چونکە دەیەوێت لەوەدا سوود وەربگرێت وئەوەش لەوانەیە هەندێ نیگەرانی پەیدا کرد بێت لەلایەن خەڵکی خۆمانەوە کەوا تێبگەن وئیتر گفتوگۆیەکی تر دەستی پێ دەکرێت لەو گفتوگۆیە بۆی هەیە ئەو بەرگریەی لێمان کراوە بەشێوەی جاران نەمێنێت، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا ئێمە لێی دڵنیاین کە پێمان رادەگەیەنرێت ئەوەیە هەڵوێستی وڵاتانی هاوپەیمان بەرامبەر بەکوردستان بەتایبەتی نەگۆڕدراوە، ئەو بەرگری لێکردنەی کە هەیە هەر هەیەو دەکرێت وەهەر وەکو نیشان دەدەن ئەوانە ناتوانن بەهیچ شێوەیەک جارێکی تر

پەیوەندی خۆیان لەگەڵ صدام باوێنەوە ئاستی جاران وئاسایی چونکە بەراستی صدام بەشێوەیەکی وا نیشان دراوە لەو وڵاتانە کە رەنگە زۆر کەمتر بێت لەراستیەکەی خۆی دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ دامەزرێنەوەو جارێکی تریش گەشە بە وڵاتەکانی خۆیان بدەنەوە کە ئەوەش لەراستیدا لەقازانجی ئێمەیە چونکە هەندێ جار باسی ئەوە دەکرێت ئایا ئەو هەڵوێستەی هەیە بەرامبەر صدام ئێمە چ قازانجێکی لێ دەبینین؟ هەندێ جا قسەی وا دەکرێت بێگومان قازانجی میللەتی کورد پاراستنی میللەتی کوردە وە وەزعەکە دەولییە، دیارە نا بۆی نییە صدام سبەینێ هێرش بێنێتەوە سەرناوچەکانمان وتۆپ بارانی بکات وبەموشەک لێی بدات جا بۆیە مەسەلەکە لێرەدایە بەرژەوەندی ئێمە لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییەی دوەلییە،ئەو رژێمە خوێن رێژە دیکتاتۆرە کەسەر چاوەیەکی مەترسییە بۆ وڵاتەکەمان وبۆ دەوروبەرو بۆ ناوچەکە هەمووی لەلایەکی تریشەوە بێگومان ئەوەیە بەردەوامین لەسەر پتەو کردنی وبەهێزکردنی جێگاکانی خۆمان بەتایبەتی کە ئێستا لەقانونەکەو لەپەیکەرەکەی یەکخستنی پێشمەرگە بوینەتەوە ولەو چەند رۆژەی داهاتوودا (تشکیلاتی) هێزی پێشمەرگە دەکرێت کە هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی هەرێمی کوردستانە لەژێر یەک سەرکردایەتیدا نەک بەشێوەیەکی وا کەجاران دەمانویست هەر حزبە وهێزێکی بۆ دەنارد وهەریەکە سەرکردایەتیەکی خۆی هەبوو، بەڵام ئێستا لەمەودوا قۆڵەکانی (جەبهەکانی) هەمووی سەر بەیەک سەرکردایەتین کە ئەو سەرکردایەتیەش بەراستی دامەزراوە، رەنگە ناوەکانیش بەو زوانە رابگەیەندرێ ئەو کەسانەی کە خاوەنی خەباتن لەناو هێزی پێشمەرگەدا رۆڵی سەرەکیان بووە وە لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی کە لێهاتوون وشارەزانە

لەبواری خۆیاندا بۆیە وەکو جارێکی تریش کە لێرە داخستمەڕوو وەزعی خۆمان لەرووی لایەنەکانی حزبی و پێشمەرگەوە، باشە، باری دەولیش تا ئێستا زۆر باش هاتووە، وهەموو دەلیلەکانیش رادەگەیەنن بارودۆخی داهاتوومان باشتر دەبی و هیچ جێگای مەترسی نییە تا ئێستا.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی کاک دوکتۆر دەکەین بۆ ئەوروونکردنەوەیە گەر چ پرسیارێک هەیە تکایە با بەکورتی وبەبێ پێشەکی بێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەدعەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەمال شالی، سیروان، مام رۆستەم، بوررهان، ئیبراهیم، رزگار، ئەیاد...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانێت وەڵام دانەوەی هەر پرسیارێک کە ئەمرۆ هەبێت دوای بخات بۆ دانیشتنێکی تر چونکە وەکو ئاگادارن ئەو مافە جێگیرکراوە لەسایەی ئەنجوومەنەوە چونکە لەوانەیە هەندێ پرسیاری پێویست بە ئامادە کردن بێت،پێویستی بە پسپۆرەکان بێت، پێویستی بەوەزیری تایبەتمەند بێت مافێکی سروشتی خۆیەتی، پرسیارەکە با راستە وخۆ وکورت بێت..

**بەڕێز مەلاتەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەمەوێ لەبارەی ئەو مینانەوە بدوێم راستی زەرەرو زیانێکی زۆریان لە خەڵکی کوردستان داوە بەتایبەتی ناوچەی باڵەک کەبەشەوان خەڵک بێ لاق بووە یان کوژراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان چ هەنگاوێکی ناوە لەو بارەیەوە؟. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، حەز دەکات هەموو پرسیارەکانی گوێ لێبیت، دوایی هەمووی بەیەکەوە وەڵام بداتەوە باشترە واتا بۆ ئەوەی کاتیش زۆر نەبات..

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم هەیە ئایا (مەنطیقی) ئێمە بەرامبەر بەو بڕیوبە چ دەبێت لەسەر ئاستی میللەتی خۆمان ولەسەر ئاستی عێراقدا، گەر وابڕوا هەموومان دەیسەلمێنین کە عێراق ئاشتی خوازە! سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای منەوە وا باشە کە پەرلەمانی کوردستان داوا لە پەرلەمانەکانی دەوڵەتەکانی دونیا بکا

بەراستی کە هەوڵ بدەن بۆ لابردنی سەدام خۆی، چونکە هەرچی کە وەختی خۆی کراوە بەرامبەر عێراق تا ئێستا کە سوود بەخش نەبووە، کەوامان دەزانی بەلێدانی ئەو، دام ودەزگاو سەربازی و وئابووری سەدام لەناو دەچێت وە دووەم داوا دەکەین هەر لەرووی حکومەتەوە کەکوردستان قەڵای سەختی ئازادییە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی بەبێ رکەبەرەکانی (معارضەی) کورد هیچیان بۆ ناکرێت، وە داوا لەو لایەنە بیانیانە بکەین کە یارمەتیەکی باشامان بدەن چ لەرووی سیاسی چ لەرووی سەربازیەوە ئێمە بەراستی تا ئێستا گلەییمان لەرکەبەری (معارضەی) عێراق هەیە، کەتا ئێستا ئەنجوومەنی راپەراندنەکەی چیان بۆ کردووین وە لەکوێن؟ وەبۆ نایێنە کوردستان؟ بۆ ئەوەی بە هەموومان دەست بخەینە ناو دەستی یەک بۆ ئەوەی بتوانین ئەو جێگەیەی کەوا رزگار نەکراوە ویارمەتییان بدەین بۆ ئازاد کردنی پارچەکانی تری عێراق، وەمن ئەوەم زۆر پێ خۆش بوو کە بەرێز دوکتۆر فوئاد جەختی لەسەر رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە کردوو لەم بەینە گویا هەواڵی خۆشمان پێ دەگات کە سەرکردایەتیەکی یەک گرتوو دەبێت چونکە ئەوە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی خۆمان و ئێمە بەبێ رێکخستنی هێزی پێشمەرگە هیچمان بۆ ناکرێت وە دوایی بۆ گەڕانەوەی دام ودەزگاکانی خۆمان بۆ بەڕێوەبردنەکانی ناوچەکانی کوردستان بۆ کۆنترۆڵی سنوور ئەمانە هەمووی پاڵپشتی ئێمەیە بۆ مەبەستە سەرەکیەکانمان.. سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوروڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە یاسای وەزارەتی ناوخۆ تاوەکو ئێستا شتێکی گرنگ بە ئێمە نەگەیشتووە وەکو لیژنەی ناوخۆ تاوەکو بتوانین بەکارەکانی خۆمان هەڵسین، لەڕاستیدا ئەوە چەند جارێکە ئەوشتە دووبارە دەکەینەوە بابزانین نادروستیەکە لەکوێ دایە، بۆ ئەوەی کەوا چارە سەرێکی بکەین ئەگەر مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی وەزیرو بریکاری وەزیر بەڵکو لەسەری رێک دەکەون خاڵێکی تریشم هەیە ئەوەی بەرێز وەزیری ناوخۆ شتێکی ووت، گوایا ئەو ئۆتۆمبێلە بەمین چێندراوەی کە لەبەغدا وەیان لەعێراقەوە رووبەرووی کوردستان بووەتەوە، ئەوان ئاگادار بوون وئاگاداری ئاسایش وبەرێوەبەری پۆلیسیان کردووە، با بزانن ئەو خەڵکەی کە بەو ئەرکە هەڵنەساون لەکوێن؟ بۆ ئەوەی کەوا لیژنەیەکی بۆ دروست بکرێ، لەئەنجامەکەی ئاگادار بکرێین.. سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بریار وابوو مانگی(١) خواردەمەنی دابەش بکرێت لەکوردستان، هەموومان ئەو کۆمەکیانە دەبینین کە ئێستا دابەش نەکراوە وە دەربارەی بارودۆخی گەرمیان زۆر وەزعێکی ناخۆش هەیە بە تایبەتی کەلارو کفری و باوەنوور و سمودو دەربەندیخان.. سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکخرا وچوونەوە قۆڵەکانی خۆیان حەق وایە سنورێکیش بۆ ئەو فرە چەکداریەی ناوشارەکانیش دابنرێ، ئەو دوو فەوجەش کەهەیە لە سلێمانی وکەرکووک ودهۆک وەکو هێزی پێشمەرگە دروست بکرێت چونکە دوو فەوجە، فەوجێکی پارتی وفەوجێکی یەکێتی، بەراستی ئەوە من بەپێک هاتەیەکی (تشکیلێکی) راستی نازانم چونکە فەرمان لەیەک بەرپرس وەربگرن باشترە بۆ ئەوەی ململانێ نەمێنێ و ئەگەر هەشبێ بەشێوەیەکی شەرەفمەندانە بێ تا حکومەتی کوردستان جێگیر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم لەسەر دابەش کردنی ئازووقەیە کە (کیروسی)لەدهۆک بەیەکسانی دابەشی کردووە، چونکە ئی وێ مەرکەزی بوو بەڵام ئەوەی تر، کە لە رێگای رێکخراوەکان دابەش دەکرێ هیچ یەکسانی لە دابەش کردنەکەیدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پرسیارەکەم ئەوەیە بەڕێز وەزیری داراییش جەنابی لێرە ئامادەیە تا ئێستا بودجەی کوردستان پێشکەش نەکراوە وئامادە نییە.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکان تەواو بوو جا ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەڵام بداتەوە..

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، بەڕێز مامۆستا مەلاطە باسی مینی کرد بەتایبەتی لەناوچەی باڵەک کە خەڵکێکی زۆر زەرەرمەند بووە لایەکیان پەرپووە ودەست وقاچیان، چاویان.. بەڵێ راستە وایە، لە دوورەوە چەند رێکخراوێک هەنە کەیارمەتیان دەدەن بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو مینانە هەر ئەوانیش تا ئێستا چەند کەسانێکیان لەوانە بردووە بۆ دەرەوە بۆ چارەسەرکردن، بەڵام بەراستی ئەو چارەسەرکردنە لەسەر حسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گران دەوەستێ لەبارودۆخی ئێستادا چونکە هەریەکێ بەلای کەمەوە رەنگە(٢٥)هەزار دۆلاری بۆی کە دەکاتە زیاتر لە نیو ملیۆن دینار ئەوە تەگەرەیە، وەهەر بەو بۆنەوەیە کەخەڵکێکی زۆر رۆژانە هام وشۆی دەکات ودەچنە وەزارەتی تەندروستی لەوێ لیژنەی تەندروستی تەماشایان دەکات و ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەن بۆ سەفەر ئێمەش هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین مامەڵەکەیان حەواڵەی داخلیە بکەن وبڵێین مامەڵەی سەفەریان بۆ بکەن، چونکە کە بێتە سەر

ئەوەی پارەیەکی بۆ تەرخان بکرێت ئەو پارەیە ئەورۆ لەتوانای ئێمەدا نییە وە لەچەندین لای ترەوە هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی کە ئەو رێکخراوانە پترگرنگی بدەن بەوانەی کە لە(مین)هەڵگرتنەوە یا لەئەنجامی تەقینەوە کە بەسەری دادەرژن، شتێکیان بۆ بکرێت یەکی لەو پرسیارانە ئەوەیە کەپەیوەندی یاخود بڵێین گفتوگۆ لەگەڵ رژێم هەیە، نە پەیوەندی هەیە، نەگفتوگۆ لسەر لابردنی ئەو ئابلۆقەی لەسەر کوردستان هەیە لەسەر ئەو رەفتارانەی حکومەتی عێراق هیچ شتێکی وەها نییە وە حکومەتی عێراق تا ئێستا سیاسەتی خۆی نەگۆریوە، هیچ زەمینەیەکی وای ئامادە نەکردووە کە بیر بکرێتەوە لەگفتوگۆ، وەگفتوگۆیش بێگومان مەرجی خۆی هەیە دەنا هەر وا گۆترە نییە، بچینە ناو گفتوگۆ لەگەڵ رژێمدا کە تاقی کردنەوەکانی خەڵکی کوردستان بوو هێزە سیاسیەکان بوو هەموو خەڵکی عێراق لەگەڵی بوو ئێستا تاقیکردنەوەکانی وڵاتانی دەرەوەش لەگەڵیدان، تاقیکردنەوەیەکی وەک دەڵێی تفت وسوێرەو پرسیارێکی تر دەربارەی یارمەتی دانی ئێمە لەلایەن وڵاتانی دەرەوە بەراستی ئەو بەینە چەندین دەیدەنی کراوە لەگەڵ رێکخراوەکانی دەرەوەدا لەگەڵ نوێنەری وڵاتانی دەرەوە، ئەو وەفدانەی کە چوون و یەک لەوانە وەفدی پەرلەمان بەسەرۆکایەتی بەرێز کاک جوهر بەراستی ئێستا بیر لەوە ناکەینەوە کە ئەوان چ شتی فریادگوزاریمان بدەنێ ئازووقەمان بدەنێ وزەیتمان بدەنێ وشەکرمان بدەنێ داوایان لێ دەکەین یارمەتیمان بدەن کە خۆمان بتوانین ئەم شتانە بەرهەم بهێنین، داوایان لێ دەکەین کە کارگەیەک دابنێین بۆ ئەوەی خۆمان رۆن دروست بکەین لەوڵاتی ئێمە کوڵە بەرۆژە زۆرە ئەگەر بکرێت کارگەی شەکرەکەمان بۆ چاک بکەنەوە چەوەندەرمان زۆرە وشتێکی سەرکەوتووە بۆ ئەوشتانە یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی هەندێک پرۆژەی مرۆییمان هەبێت، ئێستا هەوڵ وکۆششەکەمان بۆ ئەوەیە، ئیتر چیتر لەداهاتوودا پێویستی ئەوە نەبێ کەهەموو شتێکمان لەدەرەوە بۆ بێت وە ئومێدەواریشین کە لەقۆناغەکانی داهاتوودا بتوانین لەوبارەوە سەرکەوین، رکابەرایەتی عێراق (معارضەی عێراقی) بەراستی رەنگە تا ئێستا باشترین وسەرکەوتوترین کۆبوونەوە ئەوە بوو کە لەهاوینە هەواری پیرمام کە لەوێ زۆربەی (معارضە) رێک کەوتن لەسەر هەندێک شتی بنچینەیی وە ئەوانەی هەندێکیان ئێستا لەدەرەوە وەبەپێی تەلەفۆن وقسەکانیان بەو زوانە هەندێکیان دەگەرێنەوە کە ئەوانیش وە نییە، بڵێی هیچیان لەدەست بێت خۆیان بتوانن بێن شتمان بۆ بکەن بەڵکو ئەوانیش ئێستا دەگەرێن وپەیوەندی دەکەن بۆ ئەوەی کە بێنەوە بتوانن ئەوانیش دەوری خۆیان ببینن وەهەندێ لەو لێپرسراوانەی (معارضەی عێراقی) پەیوەندی رۆژانەیان هەیە لەئیش وکارەکەی خۆیانداو پێمان رادەگەیەنن..

سەبارەت بەو ئۆتۆمبیلەی کە ئەوێ رۆژێ لەشاری هەولێر تەقیەوە وکارەساتێکی دروست کرد بەرێز وەزیری ناوخۆ باسی کرد بێگومان لێکۆڵینەوە لەو شتە ئاوا شتێکی ئاسان نییە هەروەها زوو بتوانین ئەنجامەکەی بڵاو بکەینەوە تاوەکو بەتەواوی لەهەموو رووێکەوە تەواو ببێت بەنسبەت دابەش کردنی ئازووقە بۆ گەرمیان لەهەموو لایەک لەگەڵ ئەو رێکخراوە بیانیانە هەموو

لایەکمان باسی وەزعی ناخۆشی گەرمیان دەکەین وئەوانیش بەدەنگمانەوە دێن جا ئومێدەوارین کە بۆ ناوچەی گەرمیان شتێکی تایبەتی بکرێت ئەوێ رۆژێ خۆم لەگەڵ یونیسیف لەگەڵ نوێنەرێکی (U.N) دانیشم لەو بارەیەوە تێبینیەکانی کە پێم ووت هەمووی لای خۆی نووسی ووتی من پەیوەندی دەکەم وبزانین شتێکیان بۆ دەکەین سنوورێک دابنرێت لەپرسیارەکان دەڵێت کەسنوورێک دابنرێت بۆ چەکدارەکانی دەرەوەی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ئەوە راستە وە ئەگەر سنوورێک بۆ ئەو چەکدارانە دانەنرێت مانای وایە هیچ نەکراوە چونکە ئەوە هەنگاوی یەکەمە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەی چەکداریە نەمێنێ جگە لەوەی پێشمەرگە مافی ئەوەی نییە کەوا چەک هەڵگرێت جا بۆیە دوای ئەوەی کەهەموو یەک دەخرێت بێگومان ئەو کات هەست دەکرێت بەجێ بەجێ کردنی ئەو بریارەی کەنابێت دیاردەی چەکداری هەبێت وەبەنسبەت فەوجەکان راستە وەنییە تائێستا ئەوە شتێکی سەرکەوتوو بێت، بەڵام لەنەبوونی باشتر بووە ئێستاش سەبارەت بە فەوجەکانەوە ئەوە را لەدەستی خۆیاندایە ئەوەی دەچێتە ناو هێزی پێشمەرگە ئەوەی دەمێنێتەوە وەکو پۆلیس نەک ئەو شێوەی ئێستا هەیە فەوج فەوج هەر فەوجە سەر بەلایەنێک بێت، پرسیارێکی تر باس دەکات کە دابەشکردنی خۆراک لەدهۆک مرکزی بووە باش دابەش کراوە راستە لێرەش وەهابووە وە لەسلێمانیش هەمان شێوە

بەڵام هی رێکخراوەکانی تر کە یارمەتی دێننەوە نییە لەسەرەتاوە هاوکاری لەگەڵ ئیدارەی کوردستان بکەن بەراستی بەشی زۆریان ئەو شتانە دابەش دەکەن وە ئێستا خۆراک لەرێگەی بریکارەکانەوە (وەکیلەکانەوە) دابەش دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووشت گرنگەیەک خەڵکی ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی دانیشتوانی چەمچەماڵ کە دەڵێن هەشت مانگە ئازووقەو سووتەمەنییان وەرنەگرتووە، حاڵیان شرە، راپۆرتمان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بدرێ بەئەنجوومەنی وەزیران کە بەدواداچوونی لەسەر بکرێ وگفتوگۆی لەسەر بکرێت، راستە لەسلێمانی هەشت مانگە دابەش نەکراوە و وەریان نەگرتووە، لەحکومەت داوا دەکەین لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوە وئاگاداری پارێزگای سلێمانی بکرێت ئایا راستە پارێزگای سلێمانی هەشت مانگە ئازووقەی وەرنەگرتووە ئێمە بۆ وەزعی گەرمیان دامان بە (U.N) نوێنەری (U.N) لامان بوو بەنوسین دامانێ باسەرۆک وەزیران جەخت لەسەر ئەوە بکات. حەقە داوا لە (U.N) بکرێت کە بنکەیەک لەدەربەندیخان دابنێ کە ئێستا مرکزی پارێزگای کەرکوکە چونکە ئەمە پەیوەندی نەبەهێلی (٣٦) ەوە نەبەهێلی وێک کەوتن (تماسە) وە هەیە ئیدارەی کوردستان بەوان چارە ناکرێت هەندێ پەیوەندی هەیە بەسلێمانی لەساڵی (١٩٩١) ەوە بێ بەشن لەیارمەتی خۆراکی، پێویستە حکومەت یارمەتی ئەو ناوچەیە بدات بەتایبەتی ناوچەکانی شارەزۆر، کەلار، صمود، کفری، کەرکوک.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری هەموو قسەکانی سەرۆک دەکەم بەراستی ناوچەکانی گەرمیان وچەمچەماڵ وکەرکوک وەزعیان خراپە بەتایبەتی ژن ومنداڵ ئیشیان پێ ناکرێت ئەو دابەش کردنە لەدهۆکەوە دەست پێ دەکات بۆ ناوچەی کەرکوک هیچ نامێنێت، هەندێ لەێکخراوەکانیش وەکو(Help)وئەوانی تر خۆیان خواردن دابەش دەکەن، واپێویست دەکا هەموو لە رێگای وەزارەتی مرۆڤایەتی وکاروباری کۆمەڵایەتیەوە دابەش بکرێت، حکومەت ئاگای لەدابەش کردنەکە هەبێت. ئێمە بەراستی پشتیوانمان کەمە ناتوانین بەخۆمان پاڵێوگا دروست بکەین تا بتوانین نەوتەکە دەربێنن، یاپاڵێوگایێکی بچووک لەدەرەوە بهێنین ئەگەر رێگامان پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی دەرکردنی نەوتەکەوە، دەبێ لە پێشەوە ئەوە بزانین تەنها هەبوونی پاڵێوگا بەس نییە بەڵکو بورجی پاکردنەوەی دەوێت، هەروەها چەندەها تاوەر (بورجی) تایبەتی دەوێت بۆ خاوێن کردنەوەی بیرەکان وبۆ رێگە گرتن لەتەقینەوەی غاز، هەروەها دەبێت بورجێک هەبێت بۆ بەرزەفتکردن (سیطرە )کردن لەسەر تەقینەوەی بیرەکە ئینجا پاڵێوگای لەسەر دابنرێت، تا نەوتەکەی لێ دەربهێنرێت، ئەم کارەش هەروا ئاسان نییە، چونکە رێگەی هێنانی ئەو جۆرە کەرستانە وەک هەموو ئەم شتانە رەزامەندی(U.N)ی دەوێت حکومەتی تورکیا هەروا بەئاسانی رێگە نادات چونکە ئێستا گەلێک لەکەرستەکانی کارگەی جگەرە لەسنوور کەوتوون وتورکیا رێگا نادات بێتە کوردستانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

داوا لە جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین ئەو پرسیارەی کەماوە وەڵامی بداتەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی پرسیارەکان تەنیا یەک پرسیار مابوو ئەویش دەربارەی بودجە بوو وپرسیارەکانی ترمان وەڵامم دایەوە، برادەرێک پرسی ئامادە نەکراوە بۆ ئاگاداری بەڕێزتان بودجە ئامادە کراوە بۆ ساڵی(١٩٩٣)وە پێرێ لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەرکرا وبریاری لەسەر درا، هەندێ هەمواری کەم کە وەکو پاشکۆ بنێردرێ بۆ سەرۆکایەتی بەڕێز ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ ئەوەی ئەویش هەواڵەی لیژنەی تایبەتی بکات ودوای ئەوە بێتە ئێرە، گفتوگۆی لەسەر بکرێت وبریاری لەسەر بدرێت بودجەی(١٩٩٣)خۆی لەخۆیدا رووداوێکی گرنگە لەهەرێمی کوردستان، رەنگە بودجەکەش لێرەدا بێگومان پێویستی بەدەستکاری هەبێت وبودجەکەش ناومان لێ ناوە بودجەی

دەست پێوەگرتن (میزانیەی التقشف )جا ئومێدەوارین کە دەگاتە ئێرەش، لێرە بەڕێزان هەمووتان تۆزێک وابکەن پەلەی لێ بکرێت وتەواو بێت وبتوانین لەسەری برۆین. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بەڕێز کاک د.فوئاد..

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ناوی خۆم نەنوسی بۆ قسە کردن لەبەر ئەوەی کەگوتم لەوانەیە برادەرێک ئەم قسانە بکات، بەڵام دیارە پرسیارێکی گشتی لەبەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نەکراوە دەربارەی چۆنیەتی دابەش کردنی ئازووقە وسووتەمەنی سەرتاسەری کوردستان، یا بەواتایەکی تر لەسەر چۆنیەتی دابەش کردنی کەلای خەڵک ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە و وابلاوی دەکەنەوە کە ئازووقەیەکی زۆر هاتووە ولەهەولێر رۆژی بۆ شەش فرۆشیار دابەشی دەکەن، زستان واخەریکە بەرەو تەواو بوون دەچێت، حەقە پەلەی لێ بکرێت بۆ دابەش کردنی، من پرسیار لە بەڕێزی دەکەم ئایا لە سەرتاسەری کوردستان دابەش دەکرێ؟ ئەوە یەک(دووەم وەڵامی پرسیاری یەکێک لەلیستەکەی ئێمە کە نەی پرسیە ئایا گفتوگۆ هەیە لەگەڵ رژێم یان نییە، ئەگەر ووتی هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەو سیاسەتە نەرمەی لەلایەن رژێمەوە نیشان دەدرێت ومەبەستیش ئەوە بوو پێش دوو سێ رۆژ بۆ چەند دکتۆرێکی زانکۆ کۆر سازکراو لەتەلەفزیۆنی رژێم بلاو کرایەوە ودکتۆر خلیل جزائری باسی لایەنە باشەکانی ئاگر بەستەکەی خۆیان دەکات کە چەند رۆژ لەمەو پێش رایان گرتووە ورایان گەیاندووە کەتەقە لەفرۆکەکانی سوێندخۆران (حلفاء) نەکەن وباسی ئیجابیاتی ئەوەیان دەکرد کە د.خلیل جزائری ووتی ئەمە بە تەنیا کەمە دەبێت کێشەی کوردستان چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوەو دکتۆر (فەیضی عمرنظمی) بەزیادەوە پشتیوانی قسەکانی کرد دوێنێ شەو طارق عزیز گفتوگۆیەکی لەگەڵ(C.N.N)ی ئەمریکی کردووە وەرژێم ئەمەشی نیشان داوە هەتا بەنسبەت کوردەکانیش دەبێت، بۆ پرۆژەی پێشان ئامادەین بۆ گفتوگۆ وئەمانە پرسیاری برادەرێکی ئێمە بوو دەڵێ هەڵوێست لەسەر ئەوە چییە؟ نەک بپرسێ ئایا گفتوگۆ هەیە یانەکراوە؟.. سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمن تێبینیەکم لەسەر قسەی کاک فەرەنسۆ هەیە کە لەقسەکانی طارق عزیز هیچ نەرمیەک نیشان نەدراوە بە پێچەوانەوە وای پیشان داوە کە ئێمە بەشێک رازی بوونیەو بەشێکی تر رازی نەبوونیە، بوختانی بۆ ئێمە کردوە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببورە لەم رووەوە پرسیار لە سەرۆکی وەزیران دەکەم هێشتا پرسیارم نەکردووە..

**بەڕێز حــــســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزەنجی:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

فـراکسـیـۆنی سـەوز بەنووسین پرسـیـارمـان پێشکەش کـردبوو وادیاره برادەران دەڵێن هێـشـتـا پرسیارەکان نەهاتوون جا نازانم کاتی ماوه یان پشت گوێ خراوه..؟.. سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

کاکە سید هیچ پرسیارێک پشت گوێ ناخرێت، بەپێی یاساش جەنابت ئەندامی لیژنەی یاسای دەڵێیت سەرۆک وەزیران حەقی هەیە لەدەورووبەری(١٠)رۆژ وەڵامەکەی بەتەواوی بینێرێ دوای دانیشتن پرسیارەکان گەیشتن دوای سەعات(١٢)بوو ئەم بەیانیە گەیشتوونەتە دەستی جەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران،کە ئاماژەیەک دەدەن پێویستە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ بکرێت ، یاخودیاسای ئەنجوومەن چی دەڵێت ئەگەر دوای(١٠)رۆژ وەڵام نەدرایەوە حەق هەیە بەم شێوەیە پرسیارمان لێ بکرێت..

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

ئەمرۆ بەیانی ئێمە هەندێک پرسـیـارمـان پێ گەیشت، بەراستی هەندێک لەو پرسـیـارانە زۆر پەیوەندی هەیە بە ڕێی ئێـرەو کـوێیە دەڵێت: ڕووداو بووە وخـەڵک ڕووت کـراون، هیـچ زانیـارێکمـان لا نییـە بزانین ئەوە ڕاسـتـە ڕاست نـیـیـە وچۆن وچۆن نـیـیـە؟ یەکێکی تر باسی پێکهاتە ادارییـەکەی هەڵەبچە دەکا کە چۆن دەبێت بەراستی هیچ زانیـارێکی وام ئێـسـتـا لا نییـە، بتـوانم قسـەی لەسەر بکەم وە لەئیـداره شـتێک نییـە لە ڕێکخـراوەکـانی بەڕێوەبردندا (تنظیـمـاتی ئیـداری) ئێـمە جێگایەک نییـە شـتێـک نـیـیـە پێی بڵێین دەسەڵاتی ئەوشارە ئەو پەیکەرە ئیـدارییانە بەبڕیارێک لێره پووچەڵ بووە وهەمـووی دەگەڕێتـەوە سەر دۆخی جارانی جا دەبێت لایەنی لێزان وەڵامەکەی ئامادە بکات..

بەنیـسـبـەت ئەو پرسـیـارە هی دابەشکردنی ئازووقـە وسـووتەمـەنی کە دەڵێن بڕێکی زۆر دێت بەراســـــتی ئەوەی کـــــەمن بزانم ئەورۆ کــــە دەهاتمە ئێــــرە دێم لەچەند کـــــۆگـــــایێکی ڕێکخـراوی(Help)هەندێک لۆری ڕاوەستاوە بە حوکمی ڕێگاکە ئەوەی بۆ سلێمانیش دێت و ئەوەی بۆ گەرمیان دەچێت هەمووی بێرەدا دێت، یەکەم جار بەدهۆک دا دێت، کەدوای دێتە ئێرە ولێرەوە بۆ شوێنەکانی تر دەڕوات وەمنیش پێم باشە نە ئازووقە نەسووتەمەنی نەهیچ شتێک دوا بخـرێت، ئەوجـا دوایی وردە وردە دابەش بکرێت، چونکە خـەڵکەکـە پێـویـسـتـی پێی هەیە، دابەشکردنی ئازووقـە وسـووتەمـەنی هەمـووی بەرەورووی پارێزگـاکـان کـراوەتەوە وکـۆمـیـتـەی بۆ دانراوە..

بەڕێزانی پارێزگـاکـان خـۆیان چاودێری ئەوە دەکەن ئەوجا بە نـیـسـبـەت ئەوەی ئێـرەوە بێت من دەتوانم ئەورۆ پەیوەندییـان پێـوە بکەم بزانم وەزعی ئێـرە چۆنە با بزانم ئایا بۆ دواخـراوەو پەلە

ناکرێت لە دابەشکردنی سووتەمەنی لەسلێمانی ولەدهۆک زۆر رێک وپێک بووەو لێرەش تا ئێستا کەس گلەیی نەبووە..

دەربارەی هەولێر ماوەتەوە ئەورۆ دەتوانم بپرسم بزانم ئەو برەی گەیشتووە چەندەو هی چ لایەنێکە چۆن دابەش دەکرێت ، بەنسبەت پرسیارەکەی تر وەکو تێ نەگەیشتنێک بوو بێ لەنێوان پرسیارەکە ووەڵام دانەوەکە، قەیناکا با بەشی وەها هەر بمێنێ بێگومان حکومەتی عێراق ئەورۆ هەموو شێوەیەکی دبلۆماسی هەموو نەرمییەک نیشان دەدات، بۆ ئەوەی لەو تەلەزگەی تێی کەوتووە خۆی دەرباز بکات، کەئەوان شەریان هەڵگیرساندووە، ئەوە بوو کەهاوپەیمانەکان لەبەغدایان دا ئێستا دەڵێن وەرن باشەڕ رابگرین دەیەوێت بەم جۆرە بابەتەکە بخاتە روو ئینجا دوای ئەوە نەرمی پیشان دەدات بەلێ دوان (تصریحات) یان بە قسەکانیان کەشتێکی وابکەن ئەو ناکۆکیەی هەیە لەنێوان ولاتانی هاوپەیمان بە تایبەتی امریکا لەگەڵ عێراق گوایا شتێکی (شخصییە) یەعنی رژێمی عێراق جۆری بیر کردنەوەی هی ئەو چەرخە نییە وادەزانێ ناکۆکی (شخصیە) لەنێوان ئەو وولاتانی ترولەنێوان ئەو سەرکردایەتییەکانی جولانەوەی کوردو کوردستان ئەوجا لەو رووەوە هەموو جۆرە نەرمییەک نیشان دەدات..

و دەربارەی کوردستانیش هیچ شتێکی نوێی پێشکەش نەکردووە تا وەکو ئێمە هەڵوێستمان بەرامبەری هەبێ ئێمەیش دبلۆماتکارانە یان بەشێوەیەکی توند وەڵامی دەدەینەوە..

بەراستی تا ئێستا هیچ شتێک لەم بارەیەوە نەخراوەتە روو، ئەوانەی لەو کۆرە کە قسەیان کردووە پێشنیارێک بووە کردوویانە بۆ حکومەتی عێراق جا ئێستا ئێمە چاوەروانین بزانین کە ئایا پێشنیارەکەی ئەوان بەخۆ دەگرن؟ کە خودانیان کرد چۆنی دەخەنەروو؟ ئەوجا دوای ئەوەش ئێمە وەلاممان بەرامبەری چ بێت؟ ئەوکاتە دەتوانین لە بەرچاوخستنەکەی (عرضەکەی) وان بکۆڵینەوە، بزانین چۆنە؟ ئیتر چونکە بریارێکمان هەیە نەک بریارمان هەیە لەیاساکە هەڵوێست وەرگرتن لەحکومەتی مەرکەزی تەنیا لە دەسەلاتی پەرلەمانەوە دەبێت ئەوجا لێرە داویی بریاری لەسەر بدرێت.. سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پرسیارانەی کەلەجەنابی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران کرا وەلامەکانی درایەوە وەبەپێی کات نیو سەعاتیش لەکاتی ئەنجوومەنی وەزیرانمان زیاتر وەرگرت وەدانیشتنی ئەورۆمان بەو شێوەیە بووە ئەوەی کە پەیوەندی بەبەرێز سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بێت جا تەواوی دەکەین لەبەر ئەوەی تەنیا پرسیارێک ماوەتەوە کە پەیوەندی بەجەنابی وەزیری داراییەوە هەیە ئەگەر ئەوەشمان بۆ روون بکاتەوە ئێمە سوپاسی دەکەین..

**بەرێز د.سەلاحەدین محەمەد حەفید/وەزیری دارایی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەم بەیانیە پرسیارەکەم پێ گەیشت وەهیوادارم جارێکی تر کە هیچ نەبێت بەلای کەمەوە

رۆژێک یادوو رۆژ پێشتر بێت بۆ ئەوەی بتوانم باشتر وەڵامی بدەمەوە لەگەڵ ئەوەشا ئێستا وەڵامی ئەدەمەوە چونکە ئامادەم وەڵام بدەمەوە.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەکەین چونکە وەک لەسەرەتاوە ووتمان جەنابت ئازادی.. جا نازانم کە جەنابی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران پرسیاری لەجەنابت کرد بێت لەگەڵ خۆی بەڵام ئەمڕۆ بۆ بابەتێکی ترە کە بۆ رەسمی طابع باس دەکرێت بێگومان پەیوەندی بەوەوە نییە، کەوەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە چونکە بەپێی یاسا (١٠) رۆژتان هەیە لەو دە رۆژە خۆتان ئازادبن لەنێوان ئەو دە رۆژەدا وەڵامان دەدەنەوە.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەفید/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک حازم یوسفی پرسیارێکی کردووە دەڵێت بریارێکی وەزارەتی دارایی دەرچووە بۆ زیاد کردنی گمرگ بۆ ناوچەی بادینان ئایا جیاوازی هەیە لەوەرگرتنی گمرگ لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر؟ من دەمەوێ لەو بارەیەوە روونی بکەمەوە بێگومان وەکو هەموو دەیزانین داهاتی سەرەکیمان بۆ دابێت کردنی پێداویستیەکانی وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان داهاتی گمرگە لە(٩٠٪)داهاتەکەمان ئەمەیە وە بەخۆشحاڵیەوە هەموو پێداویستیەکانی وەزارەتەکان جێ بەجێ کراوە جگە لەو پابەندیانەی بەرامبەر بە بەرەی کوردستانی و حکومەتی هەرێم هەبووە وە لەهەمان کاتدا ویستوومانە کە بەشێوەیەکی رێک وپێک گمرکەکان کۆ بکرێتەوەو نووسینگەو وبنکەی بۆ دابنێین، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا وەکو لای هەمووان ئاشکرایە لەبەر دیاردەی چەکداری هەمەرەنگ نەمانتوانیوە لەهەموو شوێنێکدا بنکەی گمرگی دابنێین وەبۆ ئەوەش ئێستا لە ناوچەی بادینان دووجار سەردانی ئەوێمان کرد سەردانێک لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو کەوا میلاکێکی فراوان دا بنێت بۆ گومرگ بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە هەمووی خاڵی گومرگی تیا بێت بۆ ئەمە راستە لە ئاکرێ هێشتا قایمقام دانەنراوە هێشتا ئیداراتی لێ نییە، چەند بنکەیەک هەیە لەبەردەرەش لەوێوە زۆر شتومەک تێپەر دەبێت لەناوچەی سلێمانی یاخود لە هەولێرە وە دێت دەڵێت من ئەو کەل وپەلە دەبەم بۆ دهۆک لەوانەیە تا رادەیەکی زۆرکەم راست بکات، بەڵام لە دهۆکەوە لەبنکەی بەردەرەشەوە دەیبات بۆ رژێم لەبەر ئەوە دوو گمرگی لێ سەندراوە راستە جارێک کە داخل دەبێت جارێکی تریش کە دەیبات بۆ ئەو ناوچەیە لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی نارەوا دەری دەکات ئەو گمرگەی لێی دەسەندرێت لەبەر ئەم خاڵە بووە وەبۆ نموونە تەماشا دەکەی دەڵێت هەموو رۆژێ بە لۆری نۆک دەبەین بۆ ئاکرێ، هەموو دانیشتووانی ئاکرێ لەوانەیە لەساڵێکا لۆرییەک نۆکی بەس بێت باهەموو رۆژێک بڵێت ئەمە بۆ ئاکرێ دەبەن، قایمقامێک بێت وەرەقەی بداتێ وبڵێ ئەمە راستە راست دەکات دەیهێنن بۆ بازاری ئاکرێ یان تایەی ئۆتۆمبێل یان بۆ ئاکرێ یان بۆ دهۆک، شوێنێک وەک دهۆک تەماشا دەکەین بۆ ساڵێک

بلێی(١٠٠٠)جووت یاخود(٢٠٠٠)هەزار جووتی تایەی بۆ دێ هەموو ڕۆژێک تایە بۆ کوێ دەبەی؟ بۆ دهۆکی دەبەیت؟ بۆ ئاکرێ دەبەیت؟ لەبەر ئەم خاڵە زیادی لێ سەندراوە وەهیوادارین کە ئێستا لەو ڕۆژانەو دوێنێ مدیری گمرگەکانی هەرێم هەموو لێرە بوون وە جارێکی تر چاومان خشانەوە بە پێناسەی (تعریفەی) گومرگی (تعریفەی) گومرگیەکان لەسەر شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێکخران کەیەک گمرگ هەبێت لەسەرانسەری کوردستاندا وەهیوادارم پاش ئەوەی کە پێشمەرگە ڕێکخراو دیاردەی چەکداری نەما ئیدارەکان گەڕانەوە وەهەمووی لەشوێنی خۆی بێت یەک گمرگ بسەنرێت لەسەرانسەری کوردستان، ئەمە وڵامەکەی ئەم خاڵەیە..

خاڵێکی تر هەیە کەباس نەکراوە ئەویش خۆراک بوو، زۆر باس کراوە وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە باسی کرد لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەیە بەتایبەتی کە پەیوەندی هەیە بۆ ڕوونکردنەوی بابەتی خواردەمەنی، کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا بەتایبەتی کە پەیوەندداربن ووتمان کە باشترین ڕێگە ئەوەیە کە بەرێگەی وەکیلەکانی ئێوەش دابەش بکرێ دادپەروەری لەوەدایە چونکە ئەمانە نەخشەیەکیان هەیە بۆ دابەش کردن، بەڵام بەداخەوە ئەوان پابەند نین وە لەژێر ڕکێفی ئێمە دانین زۆر جار بەقسەی ئێمە ناکەن خۆیان تێگەیشتنێکی تایبەتیان هەیە بۆ دابەش کردنی.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ دکتۆر؟..

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەفید/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن**

ئەوان، ئەو ڕێکخراوانەی کە ئازووقە دێنن دەستەکانی خۆشمان، دەمەوێ خاڵێک دەست نیشان کەم و بڵێم بەراستی ئازووقەکە کەمە ودوا مانگ ئەو مانگەیە(٥٪)ی لە لایەن ڕژێمەوە ناردراوە، جا بزانین چەندی کەمە وە ئەوەی بەرێگای بریکارەکانە بەشێوەیەکی ڕێک وپێک دابەش دەکرێت، بەڵام ئەوانەی ڕێکخراوەکان لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە زۆر هەوڵمان لەگەڵ داون سەبارەت بە خاڵی بودجەکەشەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێز باسی کرد.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوو بەدواداچوون (تعقیب) لەسەر پرسیارەکە هەیە یەکێکیان هی کاک (سیروان) و ئەوی تریان هی کاک (حازم)ە.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوڕۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پرسیارەی من ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانم کرد مەبەستم ئەوە بوو لە

ئەنجامی لێکۆڵینەوەی کارەساتی رۆژی(٢٢)ی مانگ ئاگادارمان کات بەرێز وەزیری ناوخۆ لێرە بوو ئەمەی روون کردەوە، لەوەو پێشتر ئاگاداری ئاسایش وبەرێوەبەری پولیسەکانی کردووە، سەبارەت بە هەولێر من داوای ئەوە دەکەم کە ئاسایش وبەرێوەبەری پولیس کە لێپرساوی یەکەمن لەو کارەساتە هەڵوێستیان چی بێت بۆ ئەوە، ئەگەر هیچ کارێکیان نەکردووە با لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە یان لەسەر پێک بهێندرێ و دوای ئەوەی کە ئەو کەسەی لێپرسراو بووە لە ناوچەی کارەساتەکە لە ئاسایش ولەپۆلیس اجرائاتێکی توونديان بەرامبەر بکرێت من پرسیارەکەم تەنیا ئەوە بوو.. سوپاس.

**بەرێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە ئایا ئەم زانیاریە راستە گەیشتووە یان نا؟.. کە ئەو زانیاریەی پێ گەیشتووە چیان کردووە؟ ئەوەش دیسان پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە بۆی هەیە ئەو قسەیە بەو شێوەیە نەبێت بۆی هەیە بەهەڵە تێگەیشتنی تێدابوو بێت ئەوجا ئەوە هەمووی پێکەوەیە پروپاگەندەیە کە لەدەرەوە دەکرێت.. سوپاس.

**بەرێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم نزیکانە پێناسەیەکی دیاری کراو دەردەچێ بۆ گومرگ ورژێمی گومرگ، بەڵام پرسیارەکەم ئەوەیە: ئایا گوناحی دانیشتوانی خەڵکی دهۆک چییەکەمەسەلەن برێک شت تا لەسلێمانی دێتە هەولێر(٥٠٠٠)هەزار دینار گومرگیەتی؟ هەمان بڕ (کمیە) دەچێتە دهۆک(١٠٠٠٠)دینار گمرگی لەسەرە ئەو وەختە گوناحی ئەوە چییە کە لەبەردەرەش یا لەشوێنێکی تر بازگەیان دانەناوە وەنەیان توانیوە بنکەیەک دابین بکەن؟ وبەراستی هەر لەو بنکەوە ناچنە موصل جا نازانم دەچن یان ناچن؟ بەڵام ئەگەر بچن لەهەموو لایەک دەچن وەدوایی مەرج نییە ئەوشتانە هەموویان بێت وبچنە موصل بۆخەڵکی دهۆک وزاخۆ وئامیدیشە و ئەو گومرگەش راستی لەسەر کڕیارە خۆ بازرگان زەرەر ناکات بۆ نموونە لێرە (تایە) بە (١٠٠٠) دینارە لە دهۆک بە (٢٠٠)دینارە، لەبەر ئەوە بەبۆچوونی من ئەو رێژەیە نابێتە پاساو تا ئێمە گومرگ زیاد بکەین دەبێت ئێمە رێگایەکی تر بدۆزینەوە کە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بکەین ئەو بنکەی کە لەبەر شەقڵاوە یە رێکی بخەین ونەهێڵین بچنە موصڵ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز جەنابی وەزیر لەم ماوەیەدا چەند کەسێک سەردانی سەرۆکایەتیان کردووە یان نامەیان نووسیوە یان بۆ شوێنی راستەو خۆ لەگەڵ دەزگاکانی بەرێوەبردنەکان قسەیان کردووە ئەویش ئەوەیە کە پەیوەندی بەگمرگەوە هەیە..

دوو خاڵی سەرەکی هەیە، ئەوەی کە کاک حازم دەڵێت راستە ئەوەی کە دێتە ناوخاکمان دەبێت گمرگی لێ وەربگیرێت، ئەوەی لەپارێزگای سلێمانی دەردەچێ ودێ بۆهەولێر گومرگی لێ وەردەگیرێت، ئێستا لەهەولێریش گمرگیان لێ وەردەگرن کەبەشەو دەرباز نەبێت ولەو لاوە بەرەو خواروبەرەو ژوور، دیسان جارێکی تر بۆی هەیە لێیان وەرگرن ئەمە لەراستیدا وای لێ کردووە کە ئەوشتە نرخی زۆر زۆر بەرزدەبێتەوە. وەک لەدنیادا باوە کەل وپەل کەدێت یان کەرەت دەبێت یان کە دەردەچێت، گومرگی لێ وەردەگیرێت ئێمە دیارە وانییە لە سنووری هەمان پارێزگا زۆرجار هەندێ گمرگیان لێ وەردەگرن کەدێتە ناو وکەدەردەچێت جا بۆ هەر کوێ بێت گرنگ نییە وەک پێشنیارێک، باشتروایە دارایی یەک گمرگی هەبێت وە ئەو کەلێنانەی رەسمە دادەنێ وابزانم دوو سێ جێگەی هەیە تا ئێستاکە چمچماڵ هەیە لەو لاوە وەختی خۆی کفری هەبوو چونکە ئێستا خەتی کەلار بەستراوە لەم لاوە ئاکرێ یان بەردەرەشە ئەم سێ کەلێنە پڕ بکرێتەوە هەرشتێ دەربازی ئەم خەتانە بوو گمرگی لێ وەربگرن، ئەمە بۆ ناوخۆی کوردستان نییە بۆ دەرەوەی کوردستانە ئەمە خاڵێک بوو بە پێویستم زانی زیادی بکەم چونکە ئەمە داخوازی زۆر کەسەو زۆر نامەمان لەو رووەوە بۆ هاتووە..

خاڵی دووەم: هەندێ رەسمی تر پەیدابووە بەناوی تبرعات، دەبێت کوردستان ئاگادار بێت کە شتێکی وا هەیە چونکە هەموو رەسمێک دەبێت قانونی هەبێت باشە ئەم شتانەی کە دەکرێت بەقانونی کراوە یاخود هەر دارێژراوە یان هەر پارێزگایەک بەکەیفی خۆی رەسمێکی تایبەتی دادەنێت بێ ئەوەی کە قانونێک هەبێت لەسەری بڕۆین بۆ ئەم دوو خاڵە زۆر پێویستە وەزارەتی ئابووری پەلە بکات لەدووشت، یەک خستنی رەسمە گومرگییەکان دووەمیش ئەو کەلێنانەی کە شتی لێ دەردەچێت بۆ دەرەوەی کوردستان تەنیا رسوم لەوێ بسەپێندرێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان شتێکی زیاتر نەدەن جگە لەوەش ئەم رەسمە لاوەکیانەی کە هەنە ئەویش بەپێی یاسا بێت و بەپێی پەیرەو بێت بۆ ئەوەی هەر فەرمانگەیەک نەچێ بەکەیفی خۆی رەسمەکان بسەپێنێ .. سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەفید/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان راستە وەکو جەنابت وبرادەرانیش روونیان کردەوە پێویستە پێناسەیەکی یەک گرتوو هەبێ کەوا ئێستا ئێمە بە دەستمانەوەیە، بەڵام رەوشەکە نا ئاساییەکە هەموومان دەزانین وئاگادارین بۆ نموونە لەپارێزگای سلێمانی(٢٥)بنکەی گمرگ هەیە کەچی شەوان بە (شۆفەڵ) رێگا دەکەنەوە.

بە زەبری چەک دەشزانین کێن وەلەهەموو وەختێکیش باسمان کردووە، ئەمانە دەچن شت دەردەکەن لەبەر ئەوە تۆ لەحاڵەتێکی نا ئاسایی پێویستیت بە اجرائاتێکی نا ئاسایی هەیە لەبەر

ئەوە راست دەفەرمووی ئێمە هەر کاتێ توانیمان دیاردەی چەکداری نەهێڵین و ئەو بنکانەمان گرت، لەهەموو دنیا وەکو دەیزانین گمرگ لەسەر سنووره وەیەک گمرگی لێ دەسەنرێت ئیتر تەواو ئەوجا بۆ ناوەوە کە وەرگرتەیە (استیراد)ە بۆ دەرکردەش(تصدیریش) لە خاڵەکەی ترەوە کە دەردەکرێت (تصدیر)دەبێت ئەگەر گمرگ بدات بەو شێوەیە.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە مەبەستمان کۆمەڵی چەکدارو شۆفڵ نییە، ئەو هاووڵاتیانەی وەک جەنابت فەرمووی ئارد دەکرێت یاتایە، لەڕاستیدا مەبەستی ئەوانە چییە؟..

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەفید/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوانەش ئەگەر هاتوو وەرەقەی هێنا بێت لەپرێزگای دهۆکەوە کە ئەم تایانە پارێزگای دهۆک لیژنەی ئابووریان هەیە، هەر پارێزگایێک لیژنەیەکی ئابووری هەیە ئەم لیژنە ئابوورییە سەرپەرشتی پێداویستیەکانی پارێزگاکە دەکات وپێویستە ئەو لیژنەیە بزانێت پارێزگای دهۆک یان هەولێر پێویستی بەچەند تایە هەیە، بۆ ئەمانە بەوەرەقەی رەسمی ئێمە گمرگمان لێ سەندوە لەم رووەوە یەک گمرگ بووە کەداویەتی ئەوەی کە جەنابیشت باست کرد ئێمە ئاگاداری ئەو رسومی تبرعاتە نین کە بەبێ وەزارەتی دارایی کوردویەتی، بەنسبەت رەسمەکانی تر مەسەلەی رەسمی (تسجیل عقاری) رەسمەکانی محاکمەو رسومی ترە، ئەویش بۆ ئەوەی کە ئێمە ئاگادار بین تبرعات وەردەگیرێت ئەو تبرعاتەی گومرگیش دەسەپێندرێ بەسەریاندا وپێمان ووتی کە ئەمە رەوا نییە، وەهەروەها من رێنومایم دەرکردووە سەبارەت بەو لیژنە ئابوورییانەوەکە پارێزگار بۆی نییە دەست لەکاروباری گرمرگ وەردات، وەهەروەها ئاسایش وپۆلیس بەهیچ جۆرێک بۆی نییە خۆی تێکەڵی کاری گومرگ بکات، بەڵام بەداخەوە دەیکەن لەبەر ئەوە گمرگی لێ نییە، ئاسایش مافی ئەوەی نییە داوای وەرەقە بکا خۆم چووم لەبنکە گمرگەکانا پێم ووتن وەرەقە تەنیا وەرەقەی وەزارەتی دارایی دەخوا، بەڵام رێنومایییم بۆ دەرکردوون لەهەموو پارێزگاکان کەخۆیان تێکەڵ نەکەن نەختێ بەتووندیش باسمان کردووە، بەڵام زۆر بە داخەوە جێ بەجێ نەکراوە! .. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێمە دیسان بەبیر جەنابی وەزیری دارایی دەهێنینەوە، ئەنجوومەن بریارێکی هەیە بەرامبەر بەو بابەتی قاچاغ و ئەو شمەک ئاودیو کردنە، واتا ئەوەی کە جەنابت ئێستا فەرمووت، بەڵام بەداخەوە ناکرێت لە ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەم بابەتانە باس بکرێن وە ئەو رێ نومایییانەی کە سەرپێچی کاری بڕیارەکانی حکومەتن هەر حکومەت خۆیەتی! کێشەکە ئەوەیە واتا ئەمە هێزی چەکداری ئاسایی نییە بلێی عاید بەفلان حیزبە ئەمە پارێزگار سەر بەحکومەتە ئاسایش سەر بەحکومەتە معقولە حکومەت نەتوانێت بانگی لێپرسراوی ئاسایش بکات ومنعی بکات؟ یان

بەمحافظ بلێی نابێت شتی وا بکەی، جا ئەگەر شتێکی وا نەکراوە هەتا ئێستاکە هیواداریین ئەم بابەتە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا باس بکرێت وبڕیارێکی پێ وەربگیرێت، ئەگەر وانەبێت ناچارین لێرە دیسان جارێکی تر لە پەرلەمان ئەم بابەتە گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوە، ئەوەیش کاری ئەنجوومەنی وەزیرانە کەسەرپێچیان کردووە لەوانەی کە جەنابت فەرمووی هەمووی کار بەدەستانی حکومەتن وەختی خۆی گلەییمان هەبوو دەمان ووت ئەوانەی کە چەکدارن شتی وادەکەن ئێستا پارێزگارو وئاسایش وەها دەکەن، هیواداریین ئەو بابەتە کە جێگەی پرسیاری هاوولاتیانە، ئەوە چارەیەکیان بۆ بکەن بە پەلە.. سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە ئەوە باس دەکەین مەسەلەکە رەسمییە بەناوی وەزارەتی دارایی دەکرێت پاراستنی گمرگ وە پسوڵەی رەسمی هەیە مەسەلە ئەوە نییە بلێیت چەکدار وشوفڵ وئەوشتانە، ئەوە شتەکە رەسمییەو

لەقەوارەی وەزارەتی داراییەوە دەکرێت.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا هیوداریین وەلامەکانی وەزیری دارایی روون بێت وە پەلە بکرێت لە یەکخستنی رسوم ونەهێشتنی ئەو بنکانە، وەهەروەها یەکخستنی ئەو کەلێنانەی کەشتی لێ دەردەچێتە دەرەوە.. لەوێوە رەسمی زیاد وەربگرین، چونکە لەوێوە دەچێتە دەرەوەی کوردستان ئێستا پێراناگەین بۆ بابەتی سێیەم، جا پێشنیارێکیش هەبوو کە جەنابی سکرتێر لەگەڵ لیژنەی یاسا باسی بکەن، لەسەر مەسەلەی قانونی رەسمەکانی پوول «طوابع» بۆ سبەی..

سەعات(٥ر٩)سەرلەبەیانی رۆژی سی شەممەی رێکەوتی ١٩٩٣/١/٢٦ پەرلەمانی کوردستان(٨٠) هەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەسەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کاک جوهر نامق سالم..سازدا..

سەرەتا لەم کۆبوونەوەیەدا لەخاڵی تازە بابەت دوو پێشنیار لە لایەن هەردوو فراکسیۆنەکەی پەرلەمانەوە پێشکەش کران یەکەمیان لەلایەن بەڕێز کاک کۆسرەتەوە دەربارەی ئەوەی زەرەرو زیانی ئەو کەسانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بژێردرێ، کە لەئەنجامی تەقینەوەی رۆژی ١٩٩٣/١/٢٢شاری هەولێر روویدا پاش گفتوگۆ کردن ووتوو وێژێکی زۆر کە زۆربەی ئەندامان بەشداریان تێدا کرد، ئەنجوومەن بڕیاری دا بۆ ئەم مەبەستە کۆمیتەیەک لە ئەندام وپسپۆرەکانی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان وشارەزایانی تر پێک بهێنرێ ولەو بارەیەوە هەوڵی دابین کردنی جۆرە بژاردنێک بۆ زەرەرمەندان بە گوێرەی توانای حکومەتی

هەرێمی کوردستان بدرێت..
هەروەها بڕیاردرا بەشێک لەیارمەتی خۆیان پێشکەش بەخێزانی ئەو شەهیدانە بکەن کە لە ئەنجامی ئەم تەقینەوەیە دابوون بە قوربانی وبۆ ئەم مەبەستە بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەن ڕاسپێدرا..
هەر لەخاڵی تازە بابەتدا بەڕێز کاک فرەنسۆ هەریری پێشنیاری کرد ڕۆژی(٥/٥/١٩٩١)ی کە ڕۆژی ڕاپەڕینی گەلی کوردستانە لە ڕانیەوە دەستی پێکرد وە بکرێت یاد کردنەوەی..
دوایی بەزۆربەی دەنگ بڕیاردرا ڕۆژی ٥/٣/١٩٩١بکرێت بەڕۆژی یاد کردنەوە..

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٧)

## چوارشەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١/٢٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## چوارشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٢٧

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٢٧ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، بەئامادە بوونی سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی ڕەسمی پوول.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بەر ئەوەی برای بەڕێزم کاک جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کۆبوونەوەی هەبوو ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم کۆبوونەوەیە کەوتە سەر شانی من ئینجا بەراستی پرۆگرامی کار بلاونەکراوە چونکە هەمان پرۆگرام بوو کەدوێنێ باسمان نەکرد ئەویش باس کردنی ١-ڕەسمی پوولە ئەگەر بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان هیچ پێشنیارێکیان هەیە بۆ خاڵی تازە بابەت تکایە پێشنیارەکان بەیان بکەن بۆ ئەوەی بیانخەینە دەنگەدانەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ شت بە ڕوالەت کە تەماشای دەکەی بەبچوک دێتە پێش چاوت بەڵام زۆر بەگران دەکەوێ لەسەر میللەتەکەمان لە بارەی خواردەمەنی گۆشت وئەوشتانە ئێمە ئیشمان چاوەدێری دەزگای ڕاپەڕاندنە کە ئەنجومەنی وەزیرانە، بێگومان ئێستا لە عێراق گۆشت گران بووە، بە ٨٠.٩٠ دینارە کەچی بەلێشاو حەیوان دەروا، لە کوردستانەوە بۆ عێراق، بەتایبەتی بۆ موصل بۆ تورکیاش دەروا کە ناویان لێ ناوە گومرگ ئەو گومرگە کەمەی کەوەردەگیری ئێمە لەسەرمانە هەوڵێ بدەین ولەکاتی خۆی بڕیاردرا کە قەدەغە بکرێ ئەو مەڕومالاتە نەچێ بۆ تورکیا، نەچێ

بۆ دەرەوەی کوردستان بەڵام ئێستا هەر دەروا وەکو پێشنیارێک قسەی لێ بکرێ وەزارەت ئاگادار بکەینەوە، ئەمە بە جددی وەری بگرین. سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێشنیارەکەی لە جێی خۆیدایە منیش پێشتگیری لێ دەکەم من خۆم (٤،٣) جار تەلەفۆنم بۆ وەزیری ناوخۆ کرد بۆ ئەوەی رێگا بگری لەمەرومالات بەناوی ئەوەی کەبۆ دهۆکی دەبەن وبەقسەی خۆی وەزارەتی ناوخۆ بریاری داوە کە رێگایەکە بگری بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو کاک سید حسن گوتی هەردەم دەڕوات بۆ موصل و لەوێوەش لەوانەیە بۆ تورکیاشی بنێرن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
من تێبینیم هەیە کە ئەو پێشنیارە بۆ ئەوەی ببێت بە خاڵێک لە تازە بابەتدا، ئێستا باس بکرێ ئەگەر وەکو ئەگەر هەندێ رای وردتر باس بکرێ وئامادەبی وەک بەڵگەنامەیەک وبدرێ بە ئەنجومەنی وەزیران ئێستا وەکو پێشنیارێک رەنگە ئەندامان خۆیان حازر کردبێ کە زانیاری کۆبکەنەوە دەبارەی ئەوە، بۆ ئەوەی شتەکە ئاسانتر بێت، داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکرێ رۆژی سێ شەممە خۆی ئامادە بکات لە ئێستاوە بۆ ئەوەی کەوا بیکەین بەخاڵێک وئەندامانیش خۆیان ئامادە بکەن بۆ گفتوگۆ کردنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی وەڵامی ئەمە بدەنەوەو پەسندی بکەن ئەوە چاوەروانی بەڵگەنامەیەکی هەندێ وردتر وبەدرێژی وپڕ زانیاری ترن ئەگەر هەندێ ئاماری تێدا بێ باشتر دەبێ.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
قەیدی ناکا بیرخەرەوەیەک دەنووسین بەڵام وابزانم رۆیشتنی ئەو مەرومالاتە بۆ ماوەی حەفتەیەک زۆر دەکات چونکە ئەگەر بزانن لەم ماوەیە ئێمە دوامان خستووە پەلەی پتر تیا نەکەن، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئێستا بەو رێگایە چارەی دەکەین وئەگەر توانیمان زووتر لە سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنەکەش بەو موزەکەرە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشی رۆژی سێ شەممە پەیوەندی بکەین یا لەگەلیا باس بکەین ئەو قسەی کە کاک سید حسن باسی کرد تاکو بتوانرێ چارەسەر بکرێ ئەگەر لیژنەی یاسا خۆیان ئامادە بکەن بۆ قانوونی رەسمی پوول باس بکرێت.
**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
هەر وەکو کاک نەژاد فەرمووی ئەو پرۆژەی کە لە لایەن وەزارەتی دارایی وئابوورییەوە هاتووە

بۆمان دەقاودەق لە قانونی عێراقی وەرگیراوە هیچ جیاوازێکی نییە تەنیا بەنیسبەتی رەسمەکە نەبێت کە تۆزێ زیاد کراوە، هۆی زیاد بوونەکەشی ئەوەیە مەسەلە پارەیە ئەو قانوونە دەرچووە پارەکە هەندێک بەنرخ بووە ئێستاش پارەکە بێ قیمەت بووە بەنیسبەتی رەسمەکە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون رسم الطابع- الفصل الاول- المادة الاولى- يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لأغراض القانون :-

١- الوزارة: وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان ـ العراق.
٢- الوزير: وزير المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان ـ العراق.
٣- الحكومة: حكومة اقليم كوردستان ـ العراق.
٤- رئيس الدائرة: رؤساء الدوائر الحكومية في الاقليم، يعتبر مدير الشركات ورؤساء الهيئات التي لها شخصية معنوية ورؤساء دوائر لاغراض هذا القانون.
٥- الموظف: كل مكلف بخدمة عامة من منتسبي الحكومة ويعتبر بحكم الموظف لاغراض هذا القانون العاملون في الشبكات والمجالس الخاصة ومجالس الطوائف والهيئات التي لها شخصية معنوية.
٦- الرسم: رسم الطابع المفروض بموجب هذا القانون.
٧- الطابع: الطابع المالي الذي تصدره الوزارة بموجب هذا القانون.
٨- الورقة: كل ورقة خاضعة للرسم بموجب هذا القانون سواء كانت مكتوبة بخط اليد أو مرسومة او مطبوعة أو مصورة.
٩- التوقيع: التأشير على الورقة بالامضاء او الختم اوبصمة الابهام أو بكل ما يدل على التوقيع.
١٠- الشخص: الشخص الطبيعي أو المعنوي.
١١- المكلف: الشخص الذي يتعين عليه اداء الرسم وفق احكام هذا القانون.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەک جەنابت فەرمووت وکاک شێروانیش فەرمووی ئەوقانوونە دەقاودەق لە قانوونی عێراقییەوە راگوێزراوە بە بۆچوونی من ئێمە وەکو هەرێمێکی فیدرالی من نالێم دەسەلاتمان نییە یان دەسەلاتمان هەیە ئەو قانوونە زیاتر یاسایێکی ناوەندییەکە ئێستا لەرووەتە، ئەو رێژە بەزرەی کە پێشنیار کراوە شتێکی کەمە بەو پێ یە جیاوازێکی واناکات کە ئەو پارەیە وەربگرێ من لێرە ئێستا پێشنیاری ئەوە دەکەم ئێمە مادده بە مادده بیانخەینە دەنگدانەوە، هەر لە

ئێستاوە دەنگ لە سەر ئەوە بدەین ئایا پێویست بەو قانوونە دەکات؟ پێشنیاری من ئەوەیە بڕیارێک دەربچێت ئەو داهاتەی لەرەسمی (پوول) وەردەگیرێ ڕاستەوخۆ ببێتە عایدی وەزارەتی دارایی ئەگەرنییەتی دەرهێنانی پەرلەمان هەبێ پوول چاپ بکرێ ئەو مەسەلانە بدرێ بەوەزارەتی دارایی ئیشەکە بەرێکی دەڕوا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی ئابووری لە قانونی رەسمی پوول (طابع) شتێک بەپێویست دەزانێ پێش ئەو قانونە قانونی دەرکردنی پوول (اصدار طابع) یان هەموار کردنێکی سووک لەم قانونە هەبێت ببێتە (قانون اصدار رسم طابع) چونکە رەسمی طابع بۆ اصدار بێ، اصدار قانونی طابع قانونێکی جیاوازە ئێمە دەڵێین هەموو پێکەوە یەک قانون بێت چونکە (قانونی رسم طابع) بێ (اصدار) کەمە نابێت بە دەقی عەرەبی « هو مفروض اصدار قانون وتعليمات اصدار قانون طبع مالية لاقليم كوردستان بجانب قانون رسم طابع هذا يلاقي على كيفية اصدار طوابع » قانون (رەسمی طابع) یەک بەندی لێ زیاد بکرێ ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وای بەپەسند دەزانم کەوەزیری دارایی لێرەدا ئامادە بایە ئەو رایەکی بۆ لیژنەکە نووسی ئەگەر لێرە با لەوانەبوو رای تریشی هەبا ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا دەکەین کە وەزیر لێرە بێ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پرۆژەی قانونەکە دەڵێ قانون (رسم طابع) ئێستا بەگوێرەی قانون (اصدار الطابع) دەبێ بە قانونێکی تایبەتی بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم قانونە وەکو خۆی بمێنێتەوە بەڵام ناوەکەی لەو حاڵەتە دەبێ هەندێ مەوادی تیا دابنرێ، ئەو ماددانە ئامادەیە؟

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

نەخێر ئامادە نییە، (اصدار طابع) بەنیسبەت قانونی عێراقی بە قانونی تایبەتی دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

داوای لێ بوردن دەکەین، نەم دەزانی کە ئەمرۆ باسی دەکەین.

**بەڕێز جــــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو شتەی کاک سید ووتی ئەوەندە بەس نییە چونکە وەزیر ڕێنومایی دەردەکا نەی ووتووە وەزیر (اصدار) دەکا پێویستە بەندێکی (اصداری) تیابێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئێستا ئەو پێشنیارەی کە هەیە لەگەڵ تێبینی وەزارەتی دارایی کە قانونەکە ببێ بە «قانون رسم واصدار الطابع» حەز دەکەم.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مــــەجـــیـــــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوەی بەڕێزتان فەرمووتان من تێبینیم لە سەری هەیە ئەویش ئەوەیە ئێمە زانیمان مەسەلەی پوول باجێکە وەردەگیرێت ئەوەی لەو قانونەدا هاتووە پێم وایە ئەگەر ئەو برگەیە زیاد بکرێ تەنها پێویست دەکات تەشریعێک بەتایبەتی دەربچێ چونکە لەوتەشریعە شێوەی پوول وفیئەتەکەی هەمووی دەست نیشان دەکرێ ودەکرێتە پاشکۆی یاسای (اصدار)ی قانونەکە هەندێ شکلیاتی تێدایە دەبێ لەو قانونە تێکەڵاو بکرێ پێم وایە ئەوە جێی ئێرە نییە ئەوە (ڕەسمی طابعە) ئەوەش غەیری قانونی (اصدار الطوابع)ە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەوەی کە کاک سید حسن ووتی ماددەی ١٨ ئەڵێ «یصدر الوزیر التعلیمات اللازمة من تحدید اشکال واحجام وفئات الطوابع» ولەم قانونە دیارە لە قانونی تر وایە ئەم دەسەڵاتەش دراوەتە وەزیر کە شێوەو، قەبارەو، فیئەتی (ئەشکال وئەحجام وفیئاتی )دابنرێ لەبەر ئەوە کە اقرار بێ پێویست بەوە ناکات کە قانونێکی تازە بۆ ئەو دەقە دەربچێ، ئێستا ئەو پێشنیارە لێرە نەیە «قانون رسم واصدار الطوابع».

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ناوەی بەڕێز کاک جمیل گوتی «رسم واصدار الطابع» نابێ، رسم طابع جیاوازە لەگەڵ «اصدار الطابع» دەبێ بڵێین « رسم الطابع واصداره» یاخود «رسم الطابع واصدار الطابع» هەر دووک نابێ بەو شێوەیە بێ، با بێینە سەر ماددەی(٦٠) ئەوەی دەست نیشان کردووە کە «يستوفي رسم الطابع بالطرق الاتية بطوابع مالية تلصق على الورقة» واتە دەست نیشانی کردووە ئەو دەسەڵاتەی داوەتێ لە ماددەی(١٨) دەڵێ «يصدر الوزير التعليمات اللازمة لاشكال واحجام وفئات الطوابع» بە بۆچوونی من هيج (احراج) نابێ ئەو یاسایە اقرار بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ لەگەڵ ئەوەی بڵێی « قانون اصدار رسوم الطوابع» یا « رسوم واصدار الطوابع» صیغەکەمان بۆ دابنێ.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«قانون اصدار ورسم طابع» یا «رسم الطابع واصداره» بەو شێوەیە، ئەگەر بێتو بەو شێوەیە بێت ئەوە چارەسەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەی لەماددەی(١٠)دا هاتووە دەڵێ «بطوابع مالية تلصق على الورقة» ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە ئەو پوولە (طابع ماليه) چۆن دەرچووە ئەو بە قانونێکی تر دەرچووە «بطوابع مالية تلصق علي الورقة وفي حالات الاتية» من پێم وایە ئەگەر مۆڵەت بدەن با تووشی هەڵەیەکی تەشریعی نەبین، مەسەلەی «رسم طابع ، اصدار طابع» شتێکی ترە ئەو بڕگانەی لێرە هاتوون هەڵەیان تێدا کراوە، ئەوەی لەمادده(١٨)دا هاتووە لەقانونی عێراقیدا نییە بڵێ «يتولى مصرف لاقليم كوردستان تحديد شكله» کە دەسەڵات دەداتە وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو ئەوەی لە سەرەوە باستان کرد ئەوە ئاڵۆزی تێدایە کە تێک ناکاتەوە(متناقض)ە لەگەڵ

ئەوەی خۆتان باستان کرد ووتتان ئەم قانونەی کە پێشکەش کراوە (عەینەن قانونی عێراقە) کە مەگەر جیاوازی لە پارەکەدا هەبێ، ئەوانی تری وەکو یەک وایە رەسمەکە ئێستا زیاد کراوە لەبەر ئەوەی نرخی پارەکە کەم بۆتەوە، ئێستا دێینە سەر ئەوە کە ئەمە ببێ بەدوو قانون، بەسی قانوون.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــو تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــــومــــــــەن.**

من نازانم دیارە کاک جمیل سندی بەناوی سەرۆکی لیژنەی دارایی وئابووری شتێکی نووسیبوو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ١٩٩٢/١٢/١٤ دەڵێ «من المفروض اصدار قانون وتعليمات اصدار الطوابع المالية بجانب قانون رسم الطابع» یانی ١٢/١٤ ئەم بەنووسراو نووسیوویەتی لیژنەی یاسا چۆن سوودی لەمە نەکردووەو تاو وتووی یاسایی (اصداری قانونی رەسمی طابعی) نەکردووە؟. سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــــەرۆکی ئەنجـــــومــــــەن:**

ئەو رایەی کاک جمیل ووتی لێرە کە دەڵێ قانونەکە بکەن بە (رسم واصدار) لەگەڵ ئەوەی کەئێستا بۆ بەرهەڵستی (ممانعەتی) ناردووە تۆزێ هاودژی تیایە دەبوایە ئەو پێی لەسەر رای خۆ دابگرتایە، ئەو ووتی من پێشنیارم کردووە کە بیکەن بە قانونی «رسم واصدار».

**بەڕێز ئەیاد حــــــــــــــاجی نامــق:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــــومــــــــەن.**

بەنیسبەت مادده(١٨) مەسەلەی رای لیژنەی قانونیمان خستە دوای گفتوگۆکانی ئەوەوە وئێمە چەند هەمواركردنێکمان لەم یاسایەدا هەیە کەمەبەستمان وابووە ئەو برگەیەکە لەمادده(١٨)دا هاتووە لەگەڵ ئەو هەموار کردنانەدا بڕوا کە جێی ئێرە نییە ئەنجا ئەوانی تر هەمووی وەکو خۆی دەڕوا بۆ نموونە لە مادده(١) برگە(٥) لە باتی فەرمانبەرە پیرەکانمان داناوە ئەوی تر وەکو خۆی دەڕوا جگە لەشتی شکلی نەبێ کە(استنادا الي احكام الفقرة(١) المادة[٥]) ئەوانە«بناء على ما اصدره مجلس الوزراء» لەدوای ئەمە ئێمە لە صیاغە تێکەڵی دەکەین ئەوەی تر وەکو خۆی دەڕوا یەک برگەمان زیاد کرد لەگەڵ هەمواركردنێکی سووک، ئەوەی لە مادده(١٨)دا هاتووە یەک دوو رامان هەیە کەجێی ئێرە نییە «اصدار طابع» دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

ئێستا پێشنیارێک هەیە«قانون رسم واصدار الطابع» پێشنیارێک هەبوو ئەو قانونە وای لێ

بێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە (قانون رسم طابع) وپێشنیاری تر (قانون رسم واصدار طابع) تکایە کێ لەگەڵ ئەوەیە قانون رسم طابع بێ؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە قانون رسم واصدار طابع وەک پێشنیارکرا؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە ولەماددەی(١) کێ تێبینی هەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە کێ لەگەڵە؟ کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني/ المادة الثانية، تخضع الاوراق المدرجة بجدولين الاول والثاني الملحقين بهذا القانون بالرسوم المبينة إزاءها:

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خشتەیە (جەدوەلەکە) لەگەڵ پرۆژەکەدا هاتووە بڵاونەکراوەتەوە بەسەر ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەیخوێنمەوە:-

| نوع الورقة | الرسم | المكلف بالرسم |
|---|---|---|
| ١- المقاولات والعقود التي تحتوي على المبلغ المعين | ٢ دينار | المتقاعدون |
| ٢- براءة الاختراع | ١ دينار | صاحب البراءة |
| ٣-العلامات الفارقة | ١٠ دينار | طالب تسجيل |
| ٤- العنوان التجاري أو الاسم التجاري | ١٠ دينار | طالب تسجيل |
| ٥- اجازة منشأة المعامل والمطابع | ٥٠ دينار | مؤسس |
| ٦- اجازات المدارس او المعاهد التعليمية أو المهنية | ٢٥ دينار | مؤسس |
| ٧- العقود والاتفاقيات التي تمنح امتيازاتها بالقانون الخاص | ٥٠٠ دينار | صاحب امتياز |
| ٨- نسخ الاوراق الحاوية على الامضاء والختم رقم كما يأتي: | | |
| أ- اذا كان نوع الاوراق المذكورة في عدد ٨ من هذا الجدول | ٣٠ دينار | طالب نسخ |
| ب- النسخ المصدقة من عقود وشركات مساهمة وذات مسؤلية محدودة | ١٠ دينار | الشركة وطالبة نسخة |
| ج- النسخ مصدقة من عقود شركات اخري | ٥ دنانير | شركة طالبة نسخة |

| | | |
|---|---|---|
| ٩- الكفالة السفالة التي لم تكن مبلغ الية معين | ١ دينار | كفيل- متعهد |
| ١٠- السفتجة والسند لامر الواجب دفعها لدي الاطلاع | ١ دينار | الساحب |
| ١١- وصولات لقاء تسلم مبالغ او تزيد علي دينار واحد | ١ دينار | المدفوع اليه ويستثني ذلك |

أ- إيداع شيكات ومبالغ نقدية وسحبها لدي المصارف.

ب- وصولات قبض صكوك المسافرين والشركات الاجنبية والحوالات المصرفية.

ج- وصولات عن مبالغ مقاضى لسد المحتاجين او المدراس او معاهد اليتم والخيرية المعترف بها قانونا.

| | | |
|---|---|---|
| ١٢- محاضر تسليم المداع لدى الاشخاص | ١ دينار | المستهلك |
| ١٣- البيان الگمركي( التصريح الگمركي)بضمنها كافة المستلزمات التي تقتضيها المعاملة الگمركية | ١ دينار | الشخص الذي يقدم المعاملة |
| ١٤- قوائم الضائع المقدمة الي الگمارک | ١ دينار | مقدم القائمة |
| ١٥-المانفسيت او النسخة المطابقة للاصل | ١ دينار | مقدم |
| ١٦- اوراق تسلم البضائع الي المستودعات الگمركية واوراق ايداع البضائع المخازن والاوراق طلب نقل البضاعة | ١ دينار | صاحب بضاعة وطالب النقل |

**بەڕێز جــــێگری ســـــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

ڕەسمەکان ئەوەی ئێستا باس دەکرێ دابەش نەکراوە ئەگەر بتوانین بەردەوام بین لەسەری سنووری ئەو ڕەسمـانە بەهیچ جۆرێک بەلای ئێمـە وەلەگـەڵ بارودۆخی ئێســتادا ناگـونجێ (تەصـریحـەی گـومـرگی) دینارێکە خـەڵک بـای هەزاران دینـار کـەلوپەل دەهێنن وسـوود مـەند دەبن با ئەم پێناسەیە (تەعریفەیە) بەسەر هەموو ئەندامانـدا دابەش بکرێ تاکو بتوانن رای خۆیانی لەسەر دەربڕن. سوپاس.

**بـەڕێـز شــــێـــــروان نـاسح حـــــەیـدەری:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو سـەرنجـانەی کـە لە لیـژنەی دارایی وئابووریـیـەوە بۆمـان هاتووە لە ١٢/١٤وە، بەڵام هیچ تێبینی تێدا نییە دەربارەی ڕەسمەکان، سوپاس.

**بەڕێز جــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومــــەن:**

لە ناوخۆماندا ئێوەش باستان کردبوو کەئەم قانونە شتێکی تیایە کە هەروا دوا دەخرێ بۆ ئەوەی بە جۆرێکی سـەرپێی دەرنەچێ بگەڕێتەوە بۆ لیژنەی دارایی کە هی ئەوانیش وا دیارە سەرپێ

ییه (ارتجالیه) چونکه ئەو شتانەیان هیچ لەپێش چاو نەگرتووە ئەگەر رازی دەبن کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ لیژنەی دارایی لەگەڵ ئەوەی داوا بکرێ کە صورەتی ئەو رەسمانە گرنگترین شتە لەم یاسایە نەک ئەو بەڵێنانە بەلاّم ئەم رەسمانە ئەگونجێ لەگەڵ بارودۆخی ئابووری ئێستا بۆیان بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دراسەی بکەن ولە هەمان کاتدا نوسخەیەک بە هەموو ئەندامێک بدرێ ئەم پێشنیارە کەوەزیری دارایی کردوویەتی بۆ ئەوەی بتوانین لیژنەی ئابووری رایەکی وای بێ کەگفتوگۆی لە سەر بکەین ئێستا ناگونجێ بڕیارمان دا بگەڕێتەوە بۆ دارایی خۆمان بۆ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٣٠

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٣٠

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٣٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٨)ی خولی ئاسایی یەکەمی،ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی ڕەسمی پوول.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی «گەلی کوردستان»ە وە دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین و. بەرنامەی ئەمڕۆمان بریتییە لە:

١- پرۆژەی یاسای ڕەسمی پوول (قانون رسم الطابع) کە تا ئێستا چەند جار دواخراوە، هیوادارم ئەمڕۆ کۆتایی پێ بهێنین.

ئەگەر خاڵی تازە بابەتیش هەیە بفەرموون، ئەگەر نییە با دەست بە بەرنامەکەمان بکەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە خاڵی تازە بابەت دا گومان لەوەدا نی یە کە خانەنشینەکان توێژێکی یەکجار زۆر لەکۆمەڵی ئێمە پێک دەهێنن، ئەوان کە خانەنشین کراون، ڕادەی هەرە بەرزی مووچەکەیان (٢٠٠)دینار بووە، ئێستا ئەوان مووچەکەیان لەحکومەت بەپارەی لەچاپ دراو (مستنسخ) وەر دەگرن، لەوانەیە (٥٠) دینار زیاتری لێ خەرج بکەن. لەبەر ئەوە بژێویان لە بارێکی زۆر زەحمەت دایە، لەبەر ئەو بارە ناخۆشەیە ئازووقە بەفەرمانبەران و پۆلیس دەدرێ. داوا لەپەرلەمان دەکەم وەکو پێشنیار بۆ وەزارات بنێردرێ، تاکو ئازووقە بەوانیش بدرێ، بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانیان سوکتر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە داوایەک بوو نەک بخرێتە بەرنامەوە بۆ گفتوگۆ کردن.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێـمـەش پشـتـگیـری لەو داوایە دەکـەین من پێم وایە جـارێکی تر مـافی لیـژنە تایبـەتیـەکـان پێشکەش کرا، ڕۆژی چوارەم کە گفتوگۆکردنی ئەم پرۆژەیە دواخرا داوا لە لیژنەی ئابووری کرا، کـۆبوونەوەی خـۆیان بکەن و تێـبـینی و بۆچوونی ئەوان ڕەچاو نەکـراوە، ئەو پێـشنیـارەی ئەوان کردوویانە چاپ نەکراوە داواش لە لـیژنە تایبـەتیـەکـان دەکەم لەم بارەیەوە قـسـەی خـۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس کاک فەرەنسۆ، بەنسبەت پێشنارەکانەوە تەنیا ئەوەیە ئێمە لە حکومەتی کوردستان داوا بکەین کە کۆمەکی خانەنشینەکان بکەن. تادێتە بەرنامەوە.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەکۆی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

دێینە سـەر گلەییـیـەکـانی کـاک فـەرەنسـۆ کـە ڕاپۆرتی لیـژنەی ئابووری و دارایی بەچاپ نەگەیشتووە، ئەگەر کاک نەژاد لەم بارەیەوە تێبینی هەیە با بفەرموویێت.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەر ئەو تێبینیانەی کە بەڕێز کاک فرەنسۆ باسی کرد، ئێمە لە کۆمیتەی پسپۆری داوامان کرد جارێکی تر بەو ڕەسمانەدا بچنەوەو ئامادەیان بکەن، لەهەمان ڕۆژدا بۆ سەرۆکایەتیان هێنا بەڵام لەبەر ئەوەی لاپەرەکـــانی زۆرن نەدەکـرا هەمـوو فـۆتۆ بکرێ وا بریار درا بەسەرۆکی هەردوو فراکسیۆن بدرێ چونکە تەنها ژمارە بوون، وابزانم بە سەرۆکی هەردوو فراکسیۆنە کە گەیشتووە ئەگەر نەگەیشتووە حەز دەکەم کاک فەرەنسۆ ئاگادارمان بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێستا گەیشت، لەلای برادەران بوو، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

حەز دەکەین برادەران بزانن کە گیروگرفتی تەکنیکیمان هەیە، هەوڵ دەدەین چارە سەری بکەین.

بائێستاش بگەڕێینەوە سەر بەرنامەکەمان کەرەسمی پوولە.

با لیژنەی یاسا بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان.

**بەڕێز سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەنسبەت ناوە کەیەوە (قانون رسم واصدار الطابع) بێ باشترە تا توانای ئەوەمان هەبێ پوولیش دەربکەین (اصدار) بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنسبەت ناوەکەیەوە، دەنگی لەسەر دراوە و پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسەرۆکی لیژنەی ئابوری و دارایش بچێتە شوێنی تایبەتی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان نەک هەرجارە دەست بەرزکرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابفەرمووێت، کاک شێروان ئەگەر ئامادەن دەست بە خوێندنەوەی مادەکان بکەن.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکۆ بونەوەی رابردوو لەمادە یەک بووینەوە و گەیشتینە مادە (٢)، ئێستا دەست بەخوێندنەوەی پاشکۆ (ملحق)، دەکەین بۆ ئەوەی لیژنەی ئابووری و دارایی تێبینی یەکانی خۆیان دەربڕن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جائێستا (ملحق)ە کە دەخوێنینەوە، وابزانم مەسەلەی رسمەکان، چۆن بریارتان داوە باوابێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

خشتەی یەکەم:

جدول الرسوم المقطوعة :

| العدد | نوع الورقة | الرسم بالدينار | المكلف بدفع الرسم |
|---|---|---|---|
| ١- | المقاولات والعقود التي لا تحتوي | ٢ المتعاقدون | على مبلغ |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مۆڵەت هەبێ لیژنەی یاسا کۆمەڵێک ژمارەی داناوە و لیژنەی ئابوریش دەڵێ ئەو رەسمانە کەمن لەبەر ئەوە پێشنیاری کردووە زیاد بکرێت.

جا دەتانەوێ یەک یەک بخوێنرێتەوە لیژنەی ئابوری رای خۆی لەسەر پیشان بداو پاشان دەنگی لەسەر بدەن یان خشتەکە بەیەکەوە بخوێندرێتەوە پاشان لیژنەی ئابوری هەموو تێبینی یەکانی خۆیان لەسەری دەربڕن پاشان دەنگی لەسەر بدەین. چونکە بەنسبەت رەسمەکانەوە دەبێ لیژنەی پسپۆر بیروراو بۆ چوونی خۆی لەسەر دەر ببڕێ. لەبەر ئەوەی وەکو کاک فەرەنسۆ ووتی هێشتارای لیژنەی پسپۆر بە ئەندامان نەگەیشتووە ئەگەر وانەبێ دەبێ لیژنەی یاسایی بیخوێنێتەوە ولیژنەی ئابووری رای خۆی لەسەر دەربڕێ ئەمەش زۆر دەخایەنێ. خشتەکەش زۆرە.

ئەگەر لیژنەی یاسا ڕێمان پێ بدەن با لیژنەی ئابوری ئەو خشتەیەی سەبارەت بەڕەسمەکان دانراوە بخوێنێتەوە و پاشان گفتوگۆی دەکەین.

لیژنەی یاسا بەتێکڕای دەنگی ئەندامانی بە پێشنیارەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن رازی بوون.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەو خشتەیەی کە دەربارەی ڕەسمەکانە لە لایەن لیژنەی ئابوری یەوە دەخوێندرێتەوە پاشان گفتوگۆی دەکەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومەن.**

| العدد | نوع الورقة | الرسم بالدينار | المكلف بدفع الرسم |
|---|---|---|---|
| ١- | المقاولات و العقود التي لا تحتوي على | ١٠ | المتعاقدون مبلغ معين |
| ٢- | براءة الاختراع | ١ | صاحب البراءة |
| ٣- | العلامة الفارقة | ٢٠ | طالب التسجيل |

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومەن:**

حەز دەکەن برگە بخوێندرێتەوە، لاپەرە لاپەرە تێبینی خۆتان بنووسنەوە و پاشان گفتوگۆی لەسەر بکەین چونکە زۆرن.

کێ لەگەڵ برگە برگەیە؟

کێ لەگەڵ ئەوەیە لاپەرە لاپەرە بخوێندرێتەوە؟

بەزۆربەی دەنگ ئەندامانی ئەنجوومەن بڕیاریان دا لاپەرە لاپەرە بخوێندرێتەوە و پاشان تێبینی خۆیان دەربارەی دەرببڕن. فەرموو کاک جەمیل:

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومەن.**

| العدد | نوع الورقة | الرسم بالدينار | المكلف بالدفع |
|---|---|---|---|
| ٢- | براءة الاختراع | ١ | صاحب البراءة |
| ٣- | العلامة الفارقة | ٢٠ | طالب التسجيل |
| ٤- | العنوان التجارى او الاسم التجارى | ٢٥ | طالب التسجيل |
| ٥- | اجازة انشاء المعامل والمطابع | ٥٠ | |
| ٦- | اجازة المدارس والمعاهد التعليمية | ٢٥ | |
| ٧- | العقود والاتفاقات التي تمنح امتيازاتها بقانون وتحويل الامتيازات الناشئة عنها لذلك | ٧٥٠ | صاحب الامتياز |

العقود والاتفاقات المتفرعة عنها

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨- | نسخ الاوراق الحاوية للامضاء وختم رسمي كمايلي | | |
| | أ- اذا كانت من نوع الاوراق المذكورة في العدد (٨) من هذا الجدول | ٣٠ | طالب النسخة |
| | ب - النسخ المصدقة من عقود الشركات وذات المسوءولية المحدودة. | ١٠ | الشركة طالبة النسخة |
| | ج - النسخ المصدقة من عقود الشركات الاخري | ١٠ | الشركة طالبة النسخة |

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەک تێبینیم دەربارەی لاپەڕەیەک لەخشتەکەدا هەیە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو برگەماون.

| العدد | نوع الورقة | الرسم بالدينار | المكلف بالدفع |
|---|---|---|---|
| ٩- | الكفالة او التعهد اذا لم يكن مبلغ اي منها معيناً | ٣ | الكفيل او المتعهد |
| ١٠- | السفتجة والسند لامر الواجب دفعها لدى الاطلاع | ٣ | الساحب |

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تائەو برگەیەی خوێندیەوە. کێ تێبینی لەسەر هەیە؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە دەنگی لەسەر درا، بەلام هەق وابوو تەنیا لەسەر ئەو خالانە قسەبکرێ کە هەردوو لیژنەکە لەسەری ناکۆکن. لەراستیدا لەو لاپەڕەیەی خوێندرایەوە لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی یاسایی لە سەر زۆرشت وەک یەکن تەنیا دووسێ خاڵ نەبێ حەق وابوو تەنیا لەسەر ئەوانە قسە بکرێ.

من لەگەڵ هەموو هەموارکردنەکانی (تەعدیلەکانی) لیژنەی دارایی و ئابووریم. سوپاس

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەوەی من بزانم یاسای رەسمی پوول لە عێراقدا کە ئەم یاسایە زۆر بەندی لێ وەرگرتووە لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەرچووە، ئەو وەختە کە دیناری عێراقی (٣) دۆلار بوو، بەلام ئێستا وەکو خۆتان دەزانن لەوانەیە هەر دۆلارێک (٢٠) دینار زیاترە لەبەر ئەوە ئەو رەسمانەی دانراوە

زۆر کەمە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ رابردوودا چونکە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەداهاتی دارایی هەیە لەم کاتەدا ئەگەر چەند جار زیادی بکەین رەنگە ئەوسا لەگەڵ نرخی دیناری کۆن، هاوسەنگ ببێ، لەگەڵ رێزدا، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە دینارێک شەکرو کەیەکیشی پێ نایەت، بەرای من (براءە الاختراع) یش بکرێتە (٣) دینار

اجازەی (انشاء المعامل و المصانع) یش کەمە ئەگەر زیاتر بکرێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە کە داوای زیاد بوون دەکەن شتێکمان بۆ پێشنیار بکەن چەند زیاد بکرێت؟ کردوویانە بە (١٠) دینار رازین؟ باپێشنیارەکانتان دیاری بێ یان رێژەی (نسبە) بۆ دابنێن یان بەژمارە بلێێن ئەوەندەی بۆ زیاد بکەن. هەر بلێین زیاد بکرێت نابێ. چەند زیاد بکەن؟

**بەڕێز بورهان عبداللە حسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی یەکەی من لەسەر بڕگەی پێنجەمە.

«إجازە انشاء المعامل والمصانع» بەنسبەت ئەو کەسانەی بتوانن کارگەیەک دابنێن، ئایا توانای ئەوەیان نییە رەسمی زیاتر بدەن، بەرای من ببێتە (٢٠٠) دینار باشە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو برە پارەی (مبلغەی) کە لیژنەی دارایی دایناوە،پارەیەکی نا واقیعی یە لەگەڵ بارودۆخی ئەمرۆماندا ناگونجێ و لەگەڵ ئ.و.ی داهاتەکان (ئیرادات) بۆ حکومەتی هەرێم زیاد بکەین لەگەڵ واقیعیشدا ناگونجێ، کابرایەک کەمۆڵەتی کارگە (معمل) یان چاپخانە دەر دەکا کە بەهەزاران دینار سوود وەردەگرێ (٥٠) دیناری لێ وەردەگیرێ، پارەیەکی زۆر نییە کاک فەرسەت راستی کردووە راستیش دەکا، ناونیشانی بازرگانی شەریکەیەک دانراوە بە (٢٥) دینار نیشانەی جیاکەرەوە (علامة الفارقة) بە (٢٠) دینار (براءة الاختراع) کاریان راست بێ لە دینارێکەوە کردیان بە (٣)دینار (مقاولاتی عقودیش) (١٠) دینار وا بزانم لە بنەڕەتەوە دەبێ پیاچوونەوەی تێدا بکرێ و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کورتی ئەوانەی کە قسەیان کرد داوا دەکەن زیاد بکرێ. پێم وایە زۆر زەحمەتە لەسەر ئەوخشتەیە پێک بێین بۆ ئەوە بالیژنەیەک لەپەرلەمان پێک بێت نوێنەری وەزارەتی دارایی

ئاگادار بێت بۆ ئەوەی ئەو ڕێژەیە دیاری بکرێ «٥» بکرێ بە «١٠»چەندی کە لەسەری پێک بێن لەبارەی ئەم بڕگەیەوە.

**بەڕێز سەید حەسەن عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە یاساکە دوا بخەین تەنیا ئەو بڕگەیە بگەڕێتەوە بۆ لیژنە تایبەت مەندەکە. سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ پێشنیارەکەی سەرۆکایەتین بۆ ئەوەی لیژنەیەکی پسپۆڕ دانێین بۆ دیاری کردنی نیسبەتەکە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاشان لیژنەی ئابووری لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دارایی باپێک بێن لەسەر دیاری کردنی ڕەسمەکە چەند بێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی (ڕەسمی طابع) شتێکی ڕەمزییە وەزارەتی دارایی هەرچی بکا، دەربارەی (براءة اختراع) وکردنەوەی قوتابخانە پێویستە هانی (براءة اختراع) بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنە کە بڕیار دەدا، ودیاری دەکات با درێژەی پێ نەدەین

لیژنەی ئابووری لەگەڵ لیژنەی قانونی و نوێنەری دارایی لیژنەیەک بن بەزووترین کات چاوێک بەو ڕەسمانەدا بخشێننەوە هەریەک بەپێ ی گرنگی خۆی شتی تر ڕەچاو بکەن و لیستەیەک پێشکەش بکەن، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، بابچینە سەر بنەڕەتی یاسا ومادە (٣).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٣) و مادە (٤) هەر هەردووکیان پەیوەندیدارن بەڕەسمەکانەوە، ئینجا ئەوەش دەبێتە کاری لیژنە کە یان، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست ناکات ڕێژە (نسبە) بگۆڕین ڕەسمی پوول (طابع) بۆ خۆی زیاد دەکات بە پێ ی ڕێژە (نسبە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٣) بخرێتە سەر لیژنەکە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆر بەی دەنگ بخرێتە سەر لیژنەو ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٦ـ المادة (٥):

١ـ تخضع للرسم واحدة فقط من الورقة التجارية المنظمة بنسخ متعددة.

٢ ـ اذا لم يدفع الرسم عن الاوراق القابلة للتداول بالتظهير عند توقيعها بسبب تمتع المكلفين بالاعفاء من الرسم ظهرت لشخص لايتمتع بهذا الاعفاء فعلى هذا الشخص ان يدفع الرسم عنها كاملاً عند تظهيره للورقة حتى وان كان المظهر له معفى من الرسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم مادە یە یە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الفصل الثالث المكلف بالرسم المادة «٦».

١ـ اذا تعدد المكلفون في اداء الرسم.

٢ـ اذا كان احد المكلفين معفى من الرسم تحمل باقي المكلفين الرسم كاملاً بالتضامن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەستی ئێمە بەنیسبەتی مکلفین لە ڕەسم ئەوەیە، چەند مساهمەیان تێدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەید حەسەن عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویست ناکات نیسبەتی دیار بکرێ چەندە، مادام دەبێتە هاوکار (متضامن) گرنگ بەشدار بوونە ئینجا بۆیە ئەو پێشنیارەی لیژنەی دارایی پێویست ناکات. سوپاس

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە وتراوە (اذا كان احدالمكلفين معفوين من الرسم). پێویست ناکات ئەو ڕەسمە خەڵکی تر بیدات، ئەوانەی کە لەگەڵ هاوکارەکانن (متضامنينن)، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم کێ دیاری دەکات ئەو کەسە کێ یە (معفو من رسم)، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی رەسم دیاری دەکات دیاری کراوە لەمادەی (١٢) لەمادەی (١١) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ مادە (٦) دایە وەکو خۆی بمێنێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟

بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٧):

١- تخضع للرسم الاوراق التجارية المنظمة خارج اقليم كوردستان عند تظهيرها او استعمالها أو تقديها للقبول او الوفاء داخل اقليم كوردستان و يكلف باداء الرسم عنها اول شخص يقوم بذلك.

٢- تخضع للرسم الاوراق الاخرى المنظمة خارج الاقليم عند استعمالها داخل الاقليم و بكلف باداء الرسم عنها اول شخص يقوم باستعمالها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٧) کێ لەگەڵە ؟ کێ لەگەڵ نییە ؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٨): لايؤدي تعدد التواقيع على الورقة الى تعدد الرسم إلا إذا كان يقصد إنشاء التزام جديد أو انهاء تمديد او تجديد مضمون الورقة عندئذ يستحق الرسم عند كل حالة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٨) کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (٩): اذا تعددت العقود بمعاملات مصدقة في الورقة و كان مشرعها الواحد يستوفي الرسم عن معاملة عن ذاك الرسم الاعلى اذا لم يكن مشرع العقود والمعاملات واحدا يستوفي الرسم عن كل منها حسب ماهيتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٩): کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الفصل الرابع / كيفيية استفاء الرسم / المادة (١٠) يستوفي الرسم باحدى الطرق الاتيية:

١- بطوابع مالية تلصق على الورقة.

٢- نقدا في الحالات الاتية.
أ- الرسم المفروض على وثائق التأمين.
ب - الرسم المفروض على عقود الشركات عند تسجيلها أو تمديد مدتها او زيادة رأسمالها.
ج - اذا كان الرسم يزيد على عشرة دنانير واراد المكلف ان يسدده نقداً.
د - اذا تعذر وجود طابع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو پێشنیارێک هۆکارە باشەکان (موجبە) چی یە بۆ ئەم دەقە؟ بۆ ئەم برگەیەی بخرێتە سەر؟

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە طوابعی فیئاتی گەورەمان نییە، هەتا لە دەسەڵاتی مەرکەزی هی وا گەورە نییە، ئێمە لە حدودی (١٠) دینار قەیدی ناکا دوو پوولی (طابعی) (٥)ی بەڵام ئەگەر لە (١٠) دینار زیاتر بوو لەوانەیە بای (١٠٠) دینار بێت دەبێ وەرەقەکان هەمووی لێ بدەین هۆیەکەی ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی لەسەرئەم ماده هەیە؟ لەگەڵ ئەو زیاد کردنی لیژنەی یاسا پێشنیارێک هەیە لەلایەن سکرتێری ئەنجوومەنەوە دەڵێ (اقتراح ان يكون استفاء الرسم نقدا وليس بواسطه الطوابع).

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئەو پێشنیارە بە پەسەند نازانین ئەوە قانونی (ڕەسمی طوابعه)، جەنابی وەزیری دارایی ئامادەیە با رای خۆی بدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مادە (١٠) کەس تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵە؟ لەگەڵ ئەو زیاد کردنەیەکە لیژنەی یاسا کردوویەتی؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (١١): يستوفى الرسم من الرواتب والمخصصات والأجور ومقدار دينار واحد سنوياً دفعة واحدة من راتب شهر تموز ويستثنى المتقاعدون من احكام هذا القانون.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەوانەیە ئەو کەسە راستە خانەنشین بێ بەڵام دەیەوێ شەریکەیەک دابنێ، لەو حاڵەتە، چۆن دەبێ لێی خۆشبن؟ کە هەڵاوێردراوە (استثناء)کراوە لەدانی باج، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

ئەو هەڵاوێردنە (استثنایە) تەنیا بۆ مووچەکانە شتی تر ناگرێتەوە، (فقط راتب و مخصصات).

سوپاس

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن:**

کێ لەگەڵ مادە (١١)یە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة (١٢):

١- عند حصول غموض او خلاف في خضوع الورقة للرسم او تعين مقدار فللوزير ان يقرر:

أ - خضوع الورقة للرسم من عدمه.

(ب)- تعبين مقدار الرسم الذي تخضع له الورقة.

٢- أن يكون قرار الوزير في الحالتين المذكورتين في الفقرة«أ» من هذه المادة قطعياً.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن:**

مادە (١٢). کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

الفصل الخامس المادة (١٣) الاعفاء من الرسم.

١- تعفى الحكومة من الرسم عندما تكون وحدها المكلفة به عدى الدوائر الرسمية التي تنص قوانينهاالخاصة على خضوعها للرسم.

٢- لايستوفى الرسم عن الورقة التي يكون جميع موقعيها معفوين منه قانونا عند تنظيمها أما اذا انضم اليهم شخص لا يتمتع باالأعفاء استحق عليه الرسم كاملاً عند توقيعه عليها.

٣- للوزير اعفاء العقود التي تكون الحكومة طرف فيها من الرسم اذا كانت تتعلق بالمصلحة الأقتصادية لاقليم كوردستان.

**بەڕێز جـــەمـــیل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

(فعلی الغایە)، وبڕگەی دوو دەگونجێ لەگەڵ ئەو فصلە، بەڵام ئەوەی کە دەڵێ (شخص لایتمتع بالاعفاء یستحق الرسم کاملا). ئەمە دوو خاڵ دەبێ، یەکێکیان مادەی (اعفایە) یان دەبێ کەسێک بێت بەشداری بکات و هەموو رەسمەکانی بکەوێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵلا حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

بەڕێزان ئێـمـەش وەکـو لیـژنەی یاسا پشـتگیـری لەرای لیـژنەی دارایی و ئابووری دەکـەین لەوبابەتەدا چونکە دادگەری تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز جــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لا يستوفى الرسم عن الورقة التي يكون جميعهم معنويين قانوناً عند تنظيمها اما ان انظم اليهم شخص لا يتمتع بالاعفاء استحق عليه الرسم بنفس نسبة اسهام أو حصته في الورقة.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێم وایە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان هەردوو دەقەکەدا لە هەمان دەقی پرۆژەکەشدا هاتووە (اما اذا انضم اليهم شخص لايتمتع با لاعفاء استحق عليه الرسم عند التوقيع عليها بخصوص نفسه فقط) ئەوەی بەپێی یاسا دەیکەوێ (مستحقه) چەند دەدا ئەوەندە دەدا، ئێمە باشە بڵێین پرۆژەیەکی پیشەسازی ئەوەی لە قانونی رسومەوە پرۆژە هەڵاوێردراوەکان (استثائی) ئەوانە عینوانیان پێ دراوە لەرەسم ئەگەر هاتوو کەسێک (٥) ساڵەکەی خۆی تەواو کردووە چووە ناو شەریکەیەک و لەگەڵ چەند کەسانێکی تر ئەو چەند کەسانە رەسمیان لێ وەرناگیرێ بەڵام ئەو کەسە (استحقاقی) ماوەی تەواو کردووە، معقولە لێرە بەپێی ئەو سهمەی کە بەشدار دەبێ تێدا یاخود ئەوەی مستحقه شخصی خۆی بکات با لێرە تێکەڵ نەبێ، ئەوانەی عەفو کراون شتێکەو ئەوەی لەسەریەتی رەسم بدا شتێکی ترە. سوپاس

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هیچ پێویست ناکا هەڵاوێردرێ (استثناء) بکرێ چونکە لەگەڵ مادده (٢) دا ناگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز جــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وشەی (کاملا) واتا (استحقاق) دێتە سەر کەسێک ئەگەر هاتوو کەسێکی بازرگان نەبێت لەووەختە لەوانەیە بە ملایین بێ ئێمە کۆکین لەسەر رای خۆمان لەبەر دادوەری هەر پشکێک (سەهمێک) بە رێژە (نیسبەت) حساب بکرێ ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

دێینە سەر مادده (١٣) کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة (١٤) تعفى من الرسم:

١- المعاملات الخاصة بدور العبادة والمعاهد والمدارس الدينيية المعترف بها قانوناً.

٢- الاستشهادات والوثائق التي يقدمها الطلاب الذين يدرسون خارج اقليم كوردستان والتي تؤيد نجاحهم أو تؤيد استمرارهم في المدرسة. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٤) کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الفصل السادس المكافاءات والرقابة:

المادة (١٥) للوزير أو من يخوله أن يأمر باجراء التفتيش في اية دائرة حكومية ومؤسسات القطاع الخاص والمختلط وذلك للتأكد من استيفاء الرسم وفق احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (١٦):

١- لايجوز تعاطي بيع الطوابع الا باجازة تصدر عن الوزارة.

٢- كل شخص تعاطى بيع الطابع دون اجازة تفرض عليه غرامة لاتزيد على خمسين ديناراً في المرة الاولى وتضاعف في حالة العود.

٣- كل شخص مجاز ببيع الطوابع باعها باكثر من قيمتها تفرض عليه غرامة لاتزيد على خمسين ديناراً في المرة الاولى وتضاعف في حالة العود وتسحب الاجازة في المرة الثالثة مؤقتاً او نهائياً حسبما يقرره الوزير.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام فصل السادس (المكافاءات والرقابة) هیچ پاداشتێک (مکافئەیەک) لە (١٥-١٦) ئەوی تر نەهاتووە، نازانم پاداشتەکان (مکافئات) زیادە. سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرنجی ئێمە دەربارەی ئەو مادەیە سزاکەیەتی لەکاتی خۆیدا لەمەرکەزی پۆلیس (١٠) دینار بوو ئێستا بەگوێرەی قانونی ڕەسمی پوول (طابع) بوەتە (٥٠) دینار بەنسبەت پاداشتەکان (مکافاءة) نازانم وەزیری دارایی ڕای چی یە؟ سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە فەسلی (٦) ناوەکە بەو شێوەیە (المكافاءة والرقابة) پێشنیارێک هەیە دەڵێ ئەم ماددەی ١٦.١٥ هیچی تیادا نی یە کە(مکافاءة) بێ نوسراوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بکرێتە «الرقابة والعقوبات» سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمــــەد نەقـــشــبـــەندی:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

هەندێ شت هەیە کە پەیوەندی بە لیژنەی یاساوە نی یە ئێمە پابەندین بەو پرۆژەیە کە ئیشی ئێمە داڕشتنی (صیاغە)ی یاسایی (صیاغە)ی زمانەوانی یە ئەو پرسیارە ئاراستەی وەزیری دارایی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەفید/وەزیری دارایی:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم کە بگۆڕدرێ لە جیاتی (مکافاءات) بنوسرێ (الرقابە) فقط سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیەکە (الرقابە فقط)بێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ (مکافـاءة) هەڵدەگـیرێ تەنیـا (الرقــابة). مـادەی (١٦) کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە کە هاتووە؟ کێ لەگـەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیـاد حــــاجی نامق مــــەجـــیـــــد:**

الفصل السابع/ احكام متفرقة /المادة ١٧

١- أ - يعتبر كل موظف مسؤولاً عن التحقق من استيفاء الرسم عن الاوراق التي تقدم اليه بحكم وظيفته.

ب - اذا كان الرسم قد وقع كاملا عن الورقة ولم تبطل طوابعها فعلى الموظف ابطال الطوابع عند تسجيل الورقة او تقديمها اليه.

ج - اذا خالف الموظف احكام الفقرتين (١)و(٢) من هذه المادة واجرى المعاملة عن الورقة التي لم تدفع الرسم عنها تفرض بحقه غرامة مقدارها (١٠) دنانير ويلزم المكلف بدفع الرسم وغرامة لاتقل عن عشرة دنانير ولاتزيد عن مئة دينار.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــەمــــەد نەقـــشــبـــەندی:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

تەنیـا لاری بـوونەکـەم لەسـەر (١٠) دینارە چونکە ئەو (١٠) دینارە کـاتی خۆی سـەرنجـمـان لەســەری هەبوو وەزارەتی دارایی لەبەرچاوی گـرتبـوو بەرای من ئەو (١٠) دینارە بکەین بە(مقدار رسم) وەرقەکە چەند ڕەسمی لەسەرە کە پێویستە لێ ی وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمــــیـل عـــــەبدی سندی:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

لەسەر برگەکە سەرنجمان نییە سزا (غرامە) لەسەر فەرمانبەرە حەقە (٥٠٠) بێت هەر مامەڵەیەک ئەگەر هەڵەی تیابێ ئەو معاملە دەگەڕێتەوە جارێکی تر ڕەسمی لەسەر دەدا ئەوەی تر لەبارەی ڕەسمی سزا (غرامە)لەوانەیە ئەو بارە زۆر بارێکی خراپە بڕی (مبلغی) ڕەسم لەگەڵ

سزا (غرامه) خاوەنی معامله بیدات، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی شێخ عەدنانم بە راستی ئەو فەرمانبەرە بتوانی لەبارێکی وادا مەزەندەی (تخمینی) پارەیەکی وابکا (٥٠٠- ٦٠٠) ئەو رەسمە لەسەر کابرا دەکرێ بەماڵ (فرض )دەکرێ ١٠ دینار بەسە، بەنسبەت فەرمانبەرێک سزاێکی چاکە تا ئەو کەسە پابەند بێ بەدانی رەسم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای یەکەم، (تفرض بحق الموظف غرامه) ئەو گرفتە دیاری کراوە لێرە ناکرێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ یا زیاد بکرێ یا وەکو خۆی بمێنێتەوە یا هەڵبگیرێ ئەوەی دووەم کەداواکاری پێشکەش کردووە (مشرع) لێرە روونی نەکردۆتەوە و(لا یمنع) یانی بواری دڵەراوکێی (تەرەدودی) داوە دیارە بەبۆچوونی برادەران باشتروابێ کە دیاری بکرێ یا هەڵبگیرێ .

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (ولایمنع) کار لەبابەتەکە ناکات، چونکە کە دەڵێ فەرمانبەرەکە سزا دەدرێ نەوەک وشەی (لایمنع) لەوە هاتووە ئەو سزایە (غرامە) بەسە بۆ رەسمەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەنێو نەمێنێ بڵێین «یلزم المکلف» باشترە، باشە غرامەکەی «ویلزم المکلف بدفع الرسم والغرامة».

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سزایە (غرامەی) دووەم کە لە (مکلف) وەردەگیرێ دەبێ دیاری بکەین سزای (غرامەی) یەکەم (١٠) دینارە، چونکە بەشەکەی موظفە کە ئەوەندە زۆر نییە رەسمی پوول (طابعی) پووچەڵ نەکردووە بەڵام سزای (غرامەی) دووەم مکلف چەند دەدات هەر (١٠) دینارە کەیە ئەوە دیاری بکرێ و (الزام المکلفین وابطال الرسم والغرامة علی موظف) یانی وابکا هەر هەمان غرامە بدات، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو سزایە (غرامەیە) برادەرانی قانونی دەزانن کە بەڵگەنامەی (مستند)ی پێشکەش کرد ئەگەر پولی پێوە نەبێ دینارێکی لەگەڵ دەدرێ بە بۆچوونی من ئەو شتە بخرێتە (رقابە) کەباسی رقابەی تیادایە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مــــەجـــــید:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەوەی لەدەقی قانونی عێراقی کە اصلی پرۆژە کە باسی ئەو مەسەلەی کردووە بەڵام وەزارەتی دارایی ئەو دەقەیان لابردووە (الغاء)کردووە، جا بۆیە من پێشناری ئەوە دەکەم (ویلزم المکلف بدفع الرسم وغرامة لاتقل عن (١٠) دینار ولا تزید عن (١٠٠) دینار) ئێمە پاش ئەو بڕگەیە سەرنجێکمان هەیە دەربارەی لێ جیاکردنەوەی سزاکان (غرامەکان)، چونکە پێویستی دەکرد وەزارەتی دارایی ئەوەی کە سزا دەسەپێنێ پێویست بوو دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

بەڕێزان. ئێستا دەڵێین (تفرض بحقه غرامه مقدارها (١٠) دنانیر) لێرە هیچ گرفتێک نییە، ڕازین بەو دەقە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، کەس سەرنجی لەسەر نییە ئەمێنێتەوە (ولایمنع ذلک) بۆ ئەوەی اجتهاد نەمێنێ و لە جیاتی (ولایمنع ذلک الزام)، دەبێ بە( یلزم المکلف بدفع الغرامه).

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

وەکو پێشنیارەکەی (مشرعی عێراقی) شتێکی باشە (و یلزم المکلف بدفع الرسم والغرامه لا تقل عن (١٠) دنانیر ولاتزید عن (١٠٠) دینار) ئینجا ئەو لایەنەی کە ڕەسم وەردەگرێ دەسەڵاتی هەیە کە ئەو سزایە (غرامە) دابنرێ.

**بەڕێز شـێــروان ناسح عـــەبدوڵلا حــەیدەری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

خۆی سزایەکە (غرامەکە) لێرەدا بە ڕەهایی (مطلقی) هاتووە، دەبێ دیاری بکرێ وئەو پێشنیارە لای ئێمە هاتووە لەقانونی عێراقی هاتوە بەڵام ئەوان کردوویانە بە(٢٠) دینار ئێمە کردوومانە لاتقل عن (١٠) دنانیر ولاتزید عن (١٠٠) دینار. سوپاس

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە لە (١٠-١٠٠) بێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟

بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا. ئەوا وای لێ دێ «یلزم المکلف بدفع الرسم وبغرامه لاتقل عن (١٠) دنانیر ولا تزید عن (١٠٠) دینار لەگەڵ ئەم هەموار کردنە (تعدیله) کێ لەگەڵ مادە (١٧) یە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟

کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ لەگەڵ هەموارکردنەکە (تعدیله)کە وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مــــەجـــــید:**

المادة (١٨):

١ـ يصدر الوزير التعليمات اللازمة في تحديد و اشكال واحجام الاختام والطوابع.
٢ـ يتولى مصرف اقليم كردستان بيع الطوابع مباشرة للمجازين و بيع الطوابع.
٣ـ ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان وينفذ بعد مرور شهر بعد تأريخ نشره. سوپاس.

**بەڕێز عبدالكريم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە ڕۆژی چوارشەممە دەنگمان دا ودەستکاری ئەو مادەمان کرد بەڵام شتێکی وامان کردووە قانونی اصدار رسم طابع وابزانم پەیوەندی بەوەوە نییە بەس بە پوولەکەوە (طابعەکەوە) هەیە. ئێمە چوارشەممە وامان کردووە کە ئەمە بەس پوولە (طابعە) قانونێکی تر هەبێ بۆ پوول دەرکردن (اصداری طابع)، سوپاس.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم بڕگە (٣) دەڵێ (وينفذ بعد مرور شهر من تاريخ نشره) ئەمە زۆرە چونکەدوا دەکەوێ مانگێک پاش ئەمە دەردەچێ سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەخت لە قسەکانی کاک شێخ دەکەم قانون هەبێ، ئەوە پێویست ناکات ئەگەر مادەکەش وەکو خۆی بمێنێ فقرە ٢ دەڵێ (يتولى مصرف اقليم كوردستان) ئێمە دایرەکەمان نی یە هەرێمی کوردستان وپێک هاتەی (تشکیلاتی) وزارەتی ئێستایە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان قسەم هەبوو چونکە (قانون رسم الطابع) یاسای پوول دەرکردنە ئەو بڕگەی (١ـ٢) پەیوەندی بە اصدار قانوونەوە هەیە هەردوو لابېرێت (الغاء) بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەفید/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش دەربارەی بانکی هەرێمی کوردستان دەڵێم بانک نی یە بە ناوی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا کۆبونەوەمان لەگەڵ بەڕێوەبەری بانقەکان کرد لەسەر ئەوە جێگیر بوو (فرع بنك المركزي العراقي) لقێک هەیە لێرە لە هەرێمی کوردستان ئەویش هۆیەکەی ئەوەیە کە ڕژێم هەموو پەیوە ندیەکی پچڕاندوە ئینجا لەبەر ئەوە ئێمە ئەو لقی بانکی مەرکەزیە هەتا قانونمان بووە قانونەکە خۆتان داتان ناوە نیزامێکمان داناوە کەوا زیاتر دەسەڵاتی هەبێ تاوەکو وەزعی عێراق بەلایەکدا دەکەوێت لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزی ئەو وەختە دیاری دەکرێ چ پەیوەندیەکی بەو بانقە

هەبێ لەبەر ئەوە بانقی هەرێمی کوردستان نی یە بەم ناوە دووەم من جارێکی تر وام پێ باشە کە قانونە کە ببێتە (رسم واصدار الطابع) لیژنەی ئابوریش هەر لەگەڵ ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ پێشنیاری وەزیری دارایی دا نیم چونکە ئەو وشەی (مصرف) مەبەست بابەتی بانقەکە نی یە بابەتەکە بەتاکی هاتووە دەبوایە لەهەموو بانکەکانی هەرێم پوول بفرۆشرابا هەر ئەوەنی یە لە بانقی مەرکەزی بێت بانقی مەرکەزی لقی لە هەولێرە کابرای سلێمانی مەرج نییە لە بانقی مەرکەزی لێرە پوول وەربگرێ هەموو بانقەکان پوولیان لێ هەیە پوول دەفرۆشن، دەربارەی بانقەکان (اصدر طابع) ئەوەی کە وەزیری دارایی فەرمووی بۆچوونێکی هەڵە هەیە کە برادەران وای بۆ دەچن شکل وشێوەی پوول تەنها دەبێ بەقانون دابنرێ خۆی شتێکی زۆر ئاساییە شکلی پوول، چونکە ئەوە تەنها پارە وەرگرتنە، کە چۆن ئەوراقی رەسم وەردەگیرێ لەو پارە بەناوی رسمی طابع مانای وانیە اصدار طابع دەبێ وشەی قانوونی لەگەڵ بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو بابەت هەنە یەک: ئێمە هەتا ئێستا کە یاسای دەرکردنی پوولمان (قانونی اصداری طابعمان) نییە وەکو یاسا تەنها ئەمەمان لە پێشە، خاڵی دووەمیش هەتا ئێستاش ئەو پوولەمان (طابعەمان) نی یە ئەو برە (کەمییەتەمان) نەبێ لە دوارۆژێکی وا بتوانرێ ئەم یاسایە جێ بە جێ بکەین ئەو پێشنیارە لێرە لەجێگایەکی تر مادەیەک بدۆزرێتەوە (یستوفی رسم الطابع نقدا لحین تشریع قانون اقلیم کوردستان العراق).

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادە (١٠)برگەیەک هاتووە «اذا تعذر وجود الطابع» مانای وایە پوول (طابع) بەهەر شێوەیەک هەبێ خۆی کاش (نقدا) وەردەگیرێ نوسراوە لەبەر ئەوە پێویست بەو مادەیە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێویست نەکا دەبێ ئێمە چارەسەری ئەو شتەبکەین کەنی یە دەبێ الغای بکەینەوە، چونکە(یتولی مصرف اقلیم کوردستان بیع مباشر للمجازین الطوابع) ئێستا نیمانە وەکو وەزیر دارایی وتی.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو برگەیەی کە دەڵێ (یتولی مصرف )بیکەینە (تتولی مصارف اقلیم کوردستان) مانای ئەوەیە نابێتە ناوێکی تایبەتی مصرفێک نی یە بەناوی بانقەکانی هەموو کوردستان پوول بفرۆشن لەوە رزگارمان دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

منیش پاڵپشتی قسەکانی بەڕێز سید حسن دەکەم چونکە ئێمەگرفتێکی وامان بۆ دروست بووو بەدەقی یاسای عێراقیدا هاتینەوە کە لەوێدا دەقێکی تێدایەکە دەڵێ (یصدر الوزیر التعلیمات اللازمة لتسهیل احکام هذا القانون و خاصة في امور الاتیة) لەوانە بڕگەیەکی تێدایە (٥) کە دەڵــێ اصدار الطوابع وتحدید اشکالها وأحجامها و طریقة حفظها ئەو بڕگەیە خۆی قانونە کە پێـویست ناکات ناوی بگۆڕین هەر (قـانون رسم الطابع) پوول بەسە بەڵام خۆی (رسم الطابع) شێوەی ڕەسمەکە جاری واهەیە کاش دەدرێ جاری وا هەیە بە (طابع)دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز شــــێــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەربارەی بڕگەی یەکەم واپێشنیـار دەکەم (یصدر الوزیر التعلیمات التالیە اللازمە فی تحدید احجام وفئات الطوابع واصدارها فقط )ی بخەینە سەر گرفتەکە چارە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کە قانونەکە لەمادە(١٠)دا ئەو بابەتەی یەک لا کردۆتەوە دەڵێ (یسـتوفی الرسم بالطرق الاتیە بالطوابع مـالیە تلصق علی الورقە) من لەگەڵ ئەو رایەم (رسم الطابع) ئەوە دەگرێتەوە ولێرەش دەست نیشـانی کردووە دەڵێ (بطوابع مالیة یلصق علی الورقة) دوایی لە مـادەی (١٨)دا دەڵێ للوزیر اصدار التعلیمات اللازمە ئەو چارە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیـــل عــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وشەی (اصدار) زۆر پێـویسـتـە لەمادەکە هەبێ بەتایبەتی لەمادەی «١٨» وەکـو کـاک شێروان ووتی بڕگەکە زیادە وببێت بە (تقوم الوزارة باصدار الطابع)، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

گرفـتی ڕەسم نی یە لێرە لایەنی (اصدارە) کێ مـافی ئەوەی هەبێ پوول (طابع) دەرکا؟ تایبەت مەندی خۆمان لەپێش چاو بگرن ولەبیری مەکەن، لایەنی پوول دەرکردن بە مادەیەک زیاد دەکرێت یالایەنێک بەئاشکرا مافی دەرکردنی ئەو پوول (طابع)ەی هەیە.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێـشنیـاری ئەوە دەکـەم لەمـادە (١٠) بڕگـەیە دەڵێ (بطوابع مـالیـة یصـدرها وزارة المالیـة وتلصق علی الورقة)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەگەر مادە «١»برگە «٧» بخوێننەوە (الطابع : الطابع المالي الذي تصدره الوزارة بموجب هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەسەر مادە «١٨» دوو تێبینی هەیە یەکەم بانکە (مصرفە) (أو مصارف للوزارة المالیة)کە فرۆشتنی پوولی لەگەڵدایە کە لە پێشنیاردا هاتوون خاڵی دووەم: پێشنیار ئەوەیەراپەڕاندنی ئەم یاسایە دوای مانگێک بەسەر پەخش کردنی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا زۆرە، داواکاری ئەوەیە کە هەر دوای بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەدا راپەڕێندرێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی برگە(٣) لە لایەنی دارشتنەکە (صیاغە) کە ئەوە دەبێتە مادە یەکی تایبەتی بەڵام مەسەلەی مانگەکە ئێمە وەکو لیژنەی قانونی رامان ئەوە بووە بێتە جێی مادە (٢١) (ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة) ومادەی (١٨) تەنها برگەی (١.٢) بێت لەبەر ئەوەی ئەو هەموارکردنانەی (تعدیلانەی) بێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بابێینەوە سەر (اقلیم ومصارف) پێشنیاری یەکەم ووتمان بانکی هەرێمی کوردستان، مصارف ئەگەر کەسێ تێبینی لەسەر گۆڕینی مصرف بۆ مصارف نی یە (یتولی مصارف اقلیم کوردستان بیع الطوابع مباشره للمجازین وبیع الطوابع) کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە؟ کێ لەگەڵ نی یە؟ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا خاڵێکی تر (یصدر الوزیر التعلیمات اللازمە فی تحدید اشکال واحجام وفئات الطوابع،چ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو گرفتانەی کە ئەم برگەیە دروستی دەکا جەنابت هێمات بۆ کردن کە ئێمە دەزانین مەسەلەی پوول (طابع) هەر وەکو پارەوایە اصدار نقدی ووشەی کاش (نقدی) لەدەسەڵاتی مەرکەزە خۆمان تووشی ئەو گرفتە نەکەین من پێشنیاری ئەوە دەکەم بەو شکلە بێت (یصدر الوزیر التعلیمات الازمە لتسهیل تطبیق احکام هذا القانون)و، سوپاس.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بنووسین (یخول الوزیر باصدار التعلیمات اللازمة لتحدید اشکال واحجام الطوابع) وابزانم تەواودەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر گرفتەکە لە دەقدا نییە کاک ئەیاد شتێکی باس کرد (ڕەسمی و، شکلی، اصدارو، بەپارە) لەوانەیە پەیوەندی بە مەرکەزەوە هەبێت ئێمەش فیدرالین لەبەرئەوە تێبینی یەکەی لەجێیە حەز دەکەین لەسەر ئەو خاڵە گفتوگۆ بکەین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێک دەنگی لەسەر درا ناگەڕێتەوە، وجارێکی تر وتوویژی لەسەر ناکرێ و سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا دەکەم زۆر ورد بن لەلانی ئەوشتانە ئەوە پێشنیارەکەی کاک ایاد کردی ووتمان تائێستا قانونی فیدرالیمان (تشریع) نەکردووە، نازانین شێوەی پەیوەندی چۆنە. قانونی فیدرالی نییە هێشتا وەکو پرۆژەیەک تەواو نەبووە وەئێمە وەزیری دارایی خۆی دەڵێ بەنکی تایبەتمەندی مەرکەزیان نییە نازانم چۆن ئەو دەقە بەو شێوەیە بهێنێتەوە.

**بەڕێز سەلاحەدین محەمەد حەفید/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لقی بانکی مەرکەزی عێراقی لە هەرێمی کوردستان ناوەکەیان کردە لقی بانکی مەرکەزی (فی اقلیم کوردستان) وا بزانم ئەوە چارەی شتەکە دەکات و یاسایەکەی لە پەرلەمان دەرچوو قانونی بەنکی مەرکەزی لقی مەرکەزی هەیە لە عێراقدا هیچ گرفت نییە، هەموار کردنەکە(تعدیلە )کە بەو شێوەیە بێت «یقوم فرع البنک المرکزی العراقی فی اقلیم کوردستان بیع الطوابع مباشرة للمجازین» خاڵێکی تر هەیە لەبەر ئەوەی رژێم هەموو پەیوەندێکی پچڕاندوە ئەوەی هەیە (ئەمری واقیعە) وەزارەتی دارایی ئەوەی پێی هەڵدەستێ دەڵێی وەزارەتی دارایی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە کە لەڕاستیدا وا نی یە، بەڵام نابێ شتەکە بە ئاژاوە بێ ودەبێ بە ڕێک وپێکی (تنظیمی) بهێنێتەوە و سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە لەسەر بانکەکان دەنگمان دا پێویست ناکات زۆر لەسەری بڕۆین، ئەبێ بانکەکانی کوردستان ئەو پوول (طابعە)بدا بە مۆڵەت پێدراوەکان (مجازین) دوایی وەزارەتی دارایی دەیدا بە لقەکانی مەرکەزی ئیشی وەزارەتی داراییەکە ڕێنومایی تایبەتی خۆی لەم بارەیەوە دەربکات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بابێینە سەر ئەوە کە پرسیارێک خۆی دەسەپێنێ، ئەویش ئەوەیە کاک شێروان وەکو

لیژنەی یاسا باسی مەسەلەی سزا (غرامه) دەکات ئەوەی لە پرۆژەی یاسای عێراقیدا هاتووە جەزا (غرامه)کە کراوەتە دوو بەش بەشێک ئەوانەی وەزیر دەیانسەپێنێ بەشێکیش ئەوانەی سەرۆکی دایەرەکان دەیسەپێنن ئەگەر ماوەم بدەن با ئەو مادده بخوێنمەوە

(تفرض الغرامة المنصوص عليها من المادة (٣١) من هذا القانون من قبل الوزير وتفرض الغرامات المنصوص عليها في المواد الاخرى من هذا القانون من قبل رئيس الدائرة وتطبع بفرضها واستفائها وفق الخطوات الاتية:

١- صدور قرار تحويله بتغريم و تبلغه.

٢- على المخالف ان يقوم بدفع الغرامة مدة اقصاها سبعة ايام من تأريخ تبليغه.

٣- في حالة عدم دفع الغرامة يودع التبليغ الى المحكمة المختصة لا ستبدال الغرامة بالحبس.

**بنەمایەکی تر:**

١- على رئيس الدائرة ان تفرض عليه الورقة لم تقدم عليه الرسم بصورة ناقصة ان يقرر استيفاءة و فرض الغرامة يفرض بموجب هذا القانون.

٢- اذا لم يدفع المكلف الرسم او النقص فيه فعلى رئيس الدائرة ادخال مايلزم استيفائة باحكام قانون جناية المستحقة للحكومة.

اذا قدم المحكمة ورقة لم يدفع منها رسم و دفعت و بصورة ناقصة فعلى المحكمة ان تصدر قراراً مستقلاً بالتزام مقدم الورقة بدفع الرسم او اكماله و فرض الغرامة عليه و عند عدم دفعه لتحصيل الغرامة وفق الفقرة(٣) من مادة (٣٤) و يحصل رسم او نقص فيه وفق الفقرة (٣٠) من هذا القانون. المادة (٢٧) للوزير تخويل روءساء الدوائر و صلاحيات في هذا القانون كلا أو جزءاً.

ئەوە باسی ئەمە نەکراوە، چونکە شێوەی جەزادانەکە (غرامه) کە پێویستە دیاری بکرێ، ئایا دەبێتە دەسەڵاتی دادگاکان یاخود وەزیرو سەرۆک دایەرەکان؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەران ئەوەندە شتیان لەبەردەستدا نییە ئەو حوکمە لەسەر ئەو برگانە بدەین، پێشنیارە کە باشترە ئەوەی کە جەنابت باست کرد دیسان بدرێ بەو لیژنەیەی کە تەماشای رەسمەکان دەکەن.

پاش ماددەی (١٨) ئەوە نایێتە جێی (١٩) دێتە جێی (٢١) ئێمە دوو ماددەی ترمان هەیە وەکو شێوەی یاسایی.

با رێک بکەوین لەسەر شێوەی دەق (ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية لاقليم كوردستان و ينفذ بعد مرور شهر من نشره)

پێشنیار هەیە دەڵێن زۆرە من تاريخ نشره، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟

بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوومادەی تر هەیە ئەویش مادده (١٩) لايعمل بای نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێناس کراوە لێرەدا مجلس الوزراء (ماذا يعنى). ئەگەر پێناس نەکراوە، بابیناسێنین لێرەدا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وە ختی خۆی لەقانونی ئەنجومەنی وەزیراندا پێناسمان کردووە، مانای چییە؟ کە دەڵێین ئەنجوومەنی وەزیران دەگەرێینەوە بۆ ئەوێ، بەڵام دەربارەی ئەم بابەتە ئێمە، واتا لیژنەی یاسا رایەکی یەکگرتوومان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەنگی لەسەر دراوە وەزیر لاری نەبوو لەسەر ئەوە مانای وایە، تێبینی نی یە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لايعمل بای نص يتعارض باحكام هذا القانون) دێینەوە سەر ماددەی (١٩) مادەی (٢٠) دێینەوە (على مجلس الوزراء لاقليم كوردستان عراق تنفيذ احكام هذا القانون) مادەی (٢١) (ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية). سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر مادە (١٩) کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

لەسەر مادەی (٢٠): (على مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق تنفيذ احكام هذا القانون) کێ لەگەڵە؟

کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. وە لەسەر مادەی (٢١) (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية). بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

وەکو یاسای رەسمی پوول جگە لەو دوو پێشنیارەی کەدەنگی لەسەر درا کەدەبێت لیژنەی یاسا بەزووترین کات ئامادەی بکاو بیخاتە روو دەبێ یاساکە دوابخەین تاکو ئەویش تەواو دەبێت وەکو یاسا نایخەنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی خۆیەتی کە دواخرێ، بەڵام حەز دەکەین کاتەکە دیاری بکەین بۆ ئەوەی لیژنەکە کۆببێتەوە، نەک لێ گەرێین کەی کۆ دەبێتەوە؟

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من لێرە نەبووم لە دانیشتنەکەی پێشوودا پێشنیاری ئەوەم کرد، ئەو یاسایە کە لە بونیادەوە لەقانوونی عێراقیەوە راگوێزراوە بەناتەواوی، ئەو کەم وکوورییەی تێدایە کە کاک ئەیاد باسی کرد، کەم وکووڕی تری تێدایە ئەوە دادەندرێ دەکرێ بە قانونێکی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبو دوێنێ هەستیان بەوکێشەیە بکردایە ئەوەی کەوتە بەرنامەی ئەنجوومەنەوە دەنگی لەسەر درا، تەواو بوو بۆ دانیشتنی سبە باسی ئەو بابەتە دەکەین ئەگەر بۆ سەعات (١٢) قانونی تەندروستی وابزانم بلاوکراوەتەوە لەسەر ئەندامان ئەگەر لیژنەی یاساو لیژنەی تەندروستی و کۆمەلایەتی ئامادەنەو رازین با لەسەعات (١٢) دەست بکەن بە گفتوگۆ کردنی یاسای تەندروستی و کۆمەلایەتی، باشە دوای دەخەین بۆ سبەی، هیوادارم لیژنەی یاسا خۆی ئامادە بکا بۆ ئەوەی ئەمڕۆ باسمان کرد هەولّ بدەن تەواوی کەن دەتوانین ئەم هەفتەیە لە چەند یاسایەک بکولّێینەوە، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

## یەک شەممە رێکەوتی ١٩٩٣/١/٣١

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٣١

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٣١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- تەواوکردنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی ڕەسمی پوول.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێ برادەر لێرە نین بە بۆنەی ئەو جەنازەی کەدێت، بەرنامەی ئەمڕۆمان دوو خاڵە بریار بوو خاڵی یەکەم کە بریارمان لە سەردا (ڕسوم وپوول) دوو خاڵ مابوو، بەڵام وادیارە برادەرانی لیژنەی یاسا تەواویان نەکرد بوو وارێک کەوتبوون ئەمڕۆ تەواوی بکەن هیواداریین بۆ ڕۆژی سێ شەممە ئامادەبن چونکە گفتماندا، کە خاڵێکە لەسەر لیژنەی یاسا تۆمارمان کرد..

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە تازە بابەت نییە بەڵام مانگێک پێش ئێستا بریارێک درا بۆ گەڕاندنەوەی مافی ئەو پێشمەرگانەی خانوو ملکیان لێ زەوت کرابوو بریارەکە وایە دوای بڵاو کردنەوەی بە مانگێک جێبەجێ دەکرێ نازانم پەخشنامەی (پەرلەمان) هەفتەی جارێک دەرناچێت بادوو وەرەقە بێت بۆ زوو دەرناکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کاک نەژاد دەڵێ ئەو قانونە بڵاوبۆتەوە لەپەخشنامەی (پەرلەمان) مانای وایە گرفت لە بڵاوبوونەوەیدا نییە دیارە پەرلەمان باش ناخوێننەوە، خاڵی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ هۆی هونەری کە چاپخانەمان زۆر باش نییە کاک فاضل هەوڵی داوە شتەکەمان بۆ تۆزێک بەپەلە بخا، ئێمە تقدیری (ظروفی) دەکەین ئەوەی کاک فەرەنسۆش ووتی هەوڵ دەدەین پەخشنامەی (پەرلەمان) بەرێکو پێکتر دەربچێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێ شک (نان) ئەو ماددەی کە کەمترین رادەی ژیانە بۆ میللەتەکەمان ئامادە بکرێ بەڵکو بگاتە دەستیان ئێستا خەڵک نییە کە نان نەکڕن بودجە ودارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان کزە، بەلام هەرچەندە کزیش بێ دەبێ لە زۆر شت بیربکەینەوە بۆ ئەوەی یارمەتیەکی بدەین واپێشنیار دەکەم کەبکرێتە باسێک، ئەو فڕنانەی لە ناو شارەکانی کوردستان هەنە پشتگیری بکرێن لەلایەن وەزارەتی داراییەوە ئەویش ئاردیان پێ بدرێ بەنرخێکی هەرزانتر بەڵکو نانەکە بە نرخێکی گونجاو بوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری کاک سەید حەسەن کە ئەو فڕنانەی کە لە ناو شارەکانن پشتیگیری بکرێن لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەوەی نان بە هەرزانتر بفرۆش بە هاوولاتیان. بخرێتە بەرنامەی ئەمرۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک سەید حەسەن ئەگەر رازی بێ پێشنیارەکە بدرێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران رۆژی سێ شەممەی دادێت لێرە لەڕووی ئەودا قسەی لە سەر بکەن، چونکە نازانم لەتوانا دەبێ ئەم شتە جێبەجێ بکرێ یان نا، ئێمە بڕیارێک بدەین پێمان جێبەجێ نەکرێ خۆ پێشنیارەکە زۆر لە جێگەی خۆیەتی زۆر پێویستە بەلام ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران رازی بێ و لێرە بێ ئەو وەختە بکرێتە باسێک پێشکەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کە دێ وەلامان دەداتەوە ئەمە شتی چاکە بەلام بە چاکتری دەزانین ئەگەر پەرلەمان لە بنەڕەتەوە بیسرێتەوە یانی لە مووچەی ئێمەی بسرێتەوە کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو پارە گل دەینەوە ئینجا بۆیە ئەگەر پەرلەمان خۆی قسەی لە سەر بکات وای بەپەسند دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەی ئارد کێشەی میللەتێکی چەند میلیۆنیە کە لە (٣/٥) ملیۆن کەمتر نییە، ئەمەش دەبێ حسابی بۆ بکرێ کاک نەژاد دەڵێ ئەگەر هەر نەفەری بە(٢٠٠) فلس پاڵپشتی بکرێ ٢٠ ملیۆن دینارمان دەوێ بۆ ئەم بابەتە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بێتوو لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە پێک بهێنین هەم دیراسەتی بابەتەکە بەباشی بکات و هەم

بەچاکی پەیوەندی بە حکومەتی خۆیانەوە بکات بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە من نالێم هەمووی بن بڕ بکەن بە جارێک هەرزانی بکەین بەڵام تا رادەیەک بەو پاڵپشتی یە بەڵکو هەرزانی یەک دێنینەکایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لیژنەی داراییمان هەیە لە کۆمیتەی دارایی پەرلەمان ئەگەر بەرهەڵستیان نەبێ با تەواوی گۆشەنیگای خۆیان پێشان بدەن لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری پرۆژەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەڕێزتان دەخوێنینەوە ئێمە هیچ تێبینمان لە سەر بڕیارەکە نییە تەنها تێبینی یەکانی لیژنەی دارایی نەبێت بڕگە(١)ی پرۆژەکە ئەوەیە:-

١- کرێی هاتوچۆی ئۆتۆمبیل لە ناو سنووری شارەوانی ودەرەوەدا سەرف دەکرێت.

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار

رۆژی بڕیار:

**«بڕیار»**

پشت بە بڕگەی(١) لە ماددەی ٥٦ لە قانونی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە دانیشتنی ( ) رۆژی( ) ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

١- کرێ ی هاتوو چۆی ئۆتۆمبێل لە ناو سنووری شارەوانی و دەرەوە سەرف دەکرێت بۆ نێراو (موفد) بەپێی کرێی خەملێندراو لەناو هەرێم.

٢- (٤٠) دینار دەرماڵەی شەوانە سەرف دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە مافی (٤) دیناریان هەبوو بەپێ ی قانونی نێراو وسەفەری ژمارە (٣٠) لە ساڵی ١٩٨٠.

٣- (٣٠ )دینار دەرماڵەی شەوانە سەرف دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە مافی( ٣ )دیناریان هەبوو بەپێ ی قانونی ناوبراو لە بڕگەی دووی سەرەوەدا.

٤- (٣٥ )دینار سەرف دەکرێ وەک خەرجی نیشتەجێ بەشی دوو و سێ بەپێی لیستەی ئۆتێل بۆ هەر شەوێک.

٥- ئەم بڕگانەی سەرەوەو خەرجی گواستنەوەی ناو ماڵیش خاڵەکانی تحویل دەگرێتەوە.

٦- لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بڕیارەکەیە کەلیژنەی یاسا وەکو چەسپاندویەتی، لە سەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران پێشنیاریکی کردووە کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیارێکی لە سەر بدات ئەمەش

بڕیاری یاسای ئێمەیە بادەست بکەین بە گفتوگۆ لەسەر کردنی بڕگە بە بڕگە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

١ - کرێی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل لەناو سنووری شارەوانی دەرەوە بۆ نێراو و(موفد) بەپێی کرێی ناو هەرێم.

**بەڕێز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەراستی ئەو خاڵە ناتەواوی تێدا هەیە چونکە کەسێکی ئاسایی نێردراو (موفد) کرێی کورسییەک یا دووانی بۆ سەرف دەکرێ لێرەدا نەوترا، تەنیا باسی پارەکرا جاران لە نێوان هەولێر - دهۆک یەک یان دوو دینار بوو ئێستا بۆ نموونە ١٥٠ دینارە دوو مانگ دەبێتە ٣٠٠ دینار لە بەر ئەوە پێویستە کورسی دیاری بکرێ فەرمانبەری پلە دوو بەرەو خوار یەک کورسی وبەرەو سەرەوەش دوو کورسی بێ بەگوێرەی کرێی هاتووچۆی ئەو کاتەی ناو هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

پێشنیاری لیژنەی دارایی چ تێبینییەک هەیە؟ لیژنەی یاسا چ پێشنیاری هەیە لە سەر لیژنەی دارایی؟ کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی ئابووری دایە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

٢- ٤٠ دینار دەرماڵەی شەوانە سەرف دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە حەقی ٤ دیناریان هەبووە بەپێی قانونی نێراو (موفد) و سەفەری ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٨٠، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

تێبینی نییە لەسەر ئەمە؟ کێ لەگەڵە؟.. کێ لە دژە؟... بەزۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

٣- ٣٠ دینار دەرماڵەی شەوانە سەرف دەکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە مافی (٣) دیناریان هەبوو بەپێی یاسای ناوبراو لە بڕگە دووی سەرەوەدا، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەمە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بە زۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

٤- ٣٥ دینار سەرف دەکرێت وەک خەرجی نیشتەجێ بەشی دووو سێ بەپێی لیستەی ئوتێل بۆ هەر شەوێک، سوپاس.

**بەڕێز جــــــەمـــــــیـل عــــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

(٣٥) دینار زۆرە بۆ ئۆتێل سەرنجم داوە کە پارەی ڕۆژانەمان زیادی کردووە، بۆ لیژنەی ئابووری پێشنیار دەکەین کە (٢٥) دینار بێت، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی ئابوورییە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەم بڕگانەی سەرەوە خەرجی گواستنەوەی ناو مالیش (نفقات تحویل)یش دەگرێتەوە.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـحـــەمـــەد نەقـشـــبـــەندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

کرێی ماڵ گواستنەوە نەختێک جیاوازی هەیە لەگەڵ کرێی گواستنەوە پێویستە روون بکرێتەوە، چونکە کابرا لۆری دەگرێ بلام وەک داندراوە دەبێ بەکورسی بێ،پلە یەک وپلە دوو لە برگە(١) پلە(١) مافی (١) کورسی هەیە پلە(٢) مافی دوو کورسی هەیە جا مەرج نییە لەسەر بونیادی کـورسی بێ، ئـەبێ کـرێی مـاڵ گـواسـتنەوە بەتەواوی دیار بکرێ بەپێی وەزعی ئەو کـاتەی کـە ماڵەکەی دەگۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

ئەڵێ ئەم بڕگانەی سەرەوە خەرجی ماڵ گواستنەوە دەگرێتەوە، نازانم دوو یا سێ بڕگە دەگرێتەوە بە سەردەستە(اوەلیەت) هاتووە.

**بەڕێز جــــــەمـــــــیـل عــــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

مـەبەست لەم خـاڵەدا ئەوەیە کـرێی لۆری وەکـو کـرێی ئێـسـتـا بێت، جـاران کـەم بوو وەبەپێی بارودۆخی ئێستا دەبێ بگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر ئەحـمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەو بڕگـەیەلە دوو لایەنەوە زۆر روون نییـە، یەکـەم ئەو مەسـەلەی کـاکەڕەش فـەرمـووی لە بارەی گـرتنی لۆری، ئەوەی مـاڵ وکەل وپەلی خۆی دەگـوازێتـەوە لە سلێـمـانی بۆ هەولێـر لۆری دەوێ،

لۆریش رانەر (سایق) حسێبی بۆ دەکات، ئایا لەو بارەدا فەرمانبەر حسێبی بۆ دەکرێ؟ کە لەسنووری شارەوانی دەرچوو حسێبی کیلۆمەتری بۆ دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران وەکو فەرموویان ماوە بدەن (مبدا) هەیە دیاری بکەین ئەویش گواستنەوەی شمەکە ئەوە بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر دەبێ ئەو فەرمانبەرەی کە دەگوزرێتەوە ماڵ ومنداڵی لەگەڵە، خەرجی گواستنەوە هەبوو هی فەرمانبەری پلە یەک، دوو کورسی وەردەگری، پلە دوو یەک کورسی وەردەگرێ و هەروا ماڵ ومناڵی دەبێ وەری بگرێ خۆ بەجێیان ناهێڵێ ئینجا ئەو ماڵ ومنداڵەی بە فەرمانبەری.پلە یەک یا پلە دوو حسێب دەکرێن ئەگەر ماوەمان بدەی چارەسەری دەکەین راگوێزانی خێزانەکە شێوەیەکی بۆ دادەنێین گواستنەوەی ئەندامانی خێزان وگوێزانەوەی ماڵیش بە شێوەیەکی تر نرخی رۆژانە چەندە بەو گوێرەیە چارەی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو خاڵە زۆر بەبەشێکی گرنگ دەزانم رۆشن نییە دوای مەسەلەی گواستنەوەی شمەک (اثاث) ئەوە هەیە لە هەموو دائیرەیەکدا بەو ناوە ناوبنرێ بوترێ راگوێزانی شمەک جیاواز بێت لەگەڵ خەرجی(نفقات)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێ شک فەرمانبەرێک کە دەچێ بۆ شوێنێک ئەگەر خۆی بچێ ئەوە قانونەکە چارەی کردوە یەک کورسییە یا دوو کورسی(مقعد) شەوو رۆژێ وەردەگرێ ئەمە قەیناکە بەڵام ئەگەر ماڵ وخێزانی لەگەڵدا بێ بێگومان لۆری دەگرێ ترۆمبێل نییە بەگوێرەی دانانی نرخی رانەر (سایق) دەبێ بەلای منەوە یەک بەند زیاد بکرێ لێی رزگار دەبین خاڵی پێنج دەڵێ ئەم برگانەی سەرەوە خەرجی گواستنەوەی ناو ماڵ دەگرێتەوە ئێمە بڵێین ئەم مادانەی سەرەوە خەرجی گواستنەوە ی ناو ماڵ (نفقاتی تحویل) ناگرێتەوە،مانای وایە بەگوێرەی نرخی ڕانەر (سایق) ماڵی خۆی دەبات و سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پێویست بوو نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران لێرە بوایە ئەویش ڕاو بۆ چوون وبەرگری لە پرۆژەکەی خۆیان ئایا ئەوان رازین لەسەر ئەو پێشنیارەی کە کاک سەید حەسەن کردی؟ دەبوایە لێرە بن ئەوانیش پاساودانەوەی خۆیان هەیە (مبررات) بۆیە ئەوەیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز کـــــەمـــــال جــــەلال غـــــەریب:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

منیش پشتگیری ئەوە دەکەم کە گواستنەوەی ناو ماڵ وخەرجی جاران فەرمانبەر کەدەگوێزرایەوە جگە لەوەی لۆری دەگرت بەپێی نرخی سەردەم ئۆتۆمبێلێکی تایبەتیشی بۆ خێزانەکەی دەگرت، سوپاس.

**بەڕێز یەحـــیـــا مــحـــەمـــەد عـــەبدولکەریم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کە ئەڵێ ئەم بڕگانەی سەرەوە ئەگەر تەماشا بکەی دەڵێ بڕگەی(١) بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبێل بۆ سنووری شارەوانی دەرەوە بۆ نێراو (موفد) بەپێی کرێی نرخێندراو لەناو هەرێم، ئەگەر بڕگەی یەکەم ئەمەش دەگرێتەوە بۆ ماڵ ومناڵ وابزانم بابەتەکە چارە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز ڕەجــــەب شـــــەعـــبـــــان تەیب:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەمە باسی ڕاگوێزان نییە کە لە جێگایەک ماڵی خۆی بباتە جێگایەکی تر تەنیا بۆ (ایفادە) و سەفەرە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کە (ایفاد )ی هەبوو بۆ جێگەیەک کە کرێی ئۆتۆمبێلەکە وەردەگرێ پێویست بە بڕگەیەکی تر ناکات، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو بڕیارە بەجێ یە لە بارەی (ئیفادە)و باوەڕ ناکەم کە پەیوەندی بەفەرمانبەر وگواستنەوەی ماڵی فەرمانبەر هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەمە بەپێی یاسای عێراقییە کە ئەوەی گواستنەوەو ئەوەی (ئیفاد) لە یەک یاسادا هاتووە.

**بەڕێز فـــــــرەنـــســـــــۆ تـۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێم وایە ئەوەی ئەو پرۆژەی پێشنیار کردوە خۆی دەزانێ زۆر زیادی داناوە بۆ شەوانە بۆ دوو کورسی (مقعد) بۆیە دەڵێ کرێی گواستنەوە دەگرێتەوە کە ئەوەی لەگەڵ ئەو گرێی داوە (ڕەبتی) کردووە ئەو دەزانێ زۆری بۆ داناوە ئەگەر نا بۆ دەڵێ ئەویش دەگرێتەوە دیارە حسابی ئەوە شتانی کردیە ئینجا بۆیە ئەگەر نوێنەری حکومەت لێرە بوایەکەوای کردوە ئاشکرا دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوەی باسمان کرد بڕگەی(٥) ئاڵۆزە (غامضە) چونکە وەکو پرۆژە دەمانەوێ پرۆژەیەک بێ هەموو بڕگەکان بگرێتەوە. ئەم بڕگانەی سەرەوە گواستنەوەی ناو ماڵ (نفقات) دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەعید عەلی خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم دوو شت تێکەڵ بوون یەک( ایفادە وضوابط) پێناسەی خۆیان هەیە، ئەوەی تر یاسای ڕاگواستن کە پێناسەی یاسایی خۆی هەیە ئەگەر لەناو تخووبی پارێزگادا بێت یا دەرەوەی سنووری پارێزگە بێت ئێستا لە دهۆک بۆ ئێرە گواستنەوە بە(٢-٣) هەزار دینار نایەت هەر کەسێ بگرێتەوە کورسی دەکا (٣٥) دینار جا پێویستە مادە (٥) لێرە لابـبردرێ، یاسایێکی تایبەتی بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرمانبەر کە دەگوێزرێتەوە لە شارێک بۆ شارێکی تر حەقی گواستنەوەی ماڵ ۆمنداڵی هەیە حەقی ئۆتۆمبێلی هەیە وبۆ شمەکیماڵیش حەقی لۆری گرتنی هەیە چەند شەو بڕوا حەقی هەیە دەرماڵەی شەوانەی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش گفتوگۆی ئەوەمان کرد لەم بارەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ خاڵێک ڕوون بکەمەوە لە نێراو (موفد) لەگەڵ( منقول) یا گوێزراوە جیاوازیەکەی ئەوەیە ئەوەی کە ڕاگوێزراوە فەرمانگەکەی جێ هێشتووە، مەرج نییە (موفد) تەنها بە تاک و تەنیا بچێ بۆ ماوەیەکی کەم بێ، سوپاس.

**بەڕێز شێخ جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستی یاسادانەر (مشرع) لەبونیاد دا بۆ (ایفاد)ە نەک بۆ ڕاگوێزانی فەرمانبەرێک کە(ایفاد) دەکرێ بۆ چەند ڕۆژێ ئەو برگانەی سەرەوە دەیگرێتەوە بەڵام ئەگەر بۆ ڕاگوێزان بێت ئەوا لەوانەیە پێویستی بە یاسایەکی تر بکات پەیوەندی بە (ایفاد)ەوە هەیە وفەرمانبەرەکە خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکم هەبوو لە سەر مەسەلەی (ایفاد) کاک سید حسن باسی کرد ئەگەر ایفادەکە دوورو درێژ بێ، پێم وایە (ایفاد) ماوەیەکی دیاریکراوی هەیە لەوە زیاتر بێ کۆچ کردنە مافی (ایفادی) نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەروا لە قانونی عێراقیش (ایفاد) پەیوەندی نییە بە راگوێزانی شمەکەوە ئەوەی کاک کۆسرەت گوتی دەبێ بە(تەنسیب) ئەو کاتە شێوەێکە لەشێوەکانی راگوێزان، ئەگەر برادەرانی بەڕێوەبردن (ئیداری) رێگەمان بدەن شتێکی وا بلێین پێشنیارێک هەیە کە لە جیاتی مادده(٥) بەم رەنگە بێت.

١- (يستحق الموظف المنقول لاغراض المصلحة العامة اجور نقل اثاث) ببێتە بەنرخی باوی گوێزانەوە (باسعار النقل السائدة).

٢- (يحق للموظف مالشمول بالفقرة اعلاه إستئجار سيارة بنفل اثاث عائلته) ئەمە لەوانەیە برگەی(٢) مان بۆ چارە بکات وکێشەی راگوێزانمان بنبڕ بکات، ئەگەر چ تێبینی لەسەر نەبێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ماوە هەبێ حەز دەکەم شتێک روون بکەمەوە ئەویش بەرگرییە لە لیژنەی یاسا بەراستی ئێمە ماوەیەکە پەیڕەوی دەکەین، بەڕاستی دەمانەوێ هەندێ لە لیژنەکان نالێم ئیش ناکەن بەڵام هەر کەس بەپێی شارەزایی خۆی ئیش بکا، لێرەش برگەی(٥) دەبوایە لیژنەی دارایی رای تەواوی خۆی لە سەر هەبوایە ئێمە لە هەموو شتێکا بەڕاستی بەدرێژی ناوی (مشرع) ناینین، جا بۆیە حەز دەکەین ئەو مەسەلە روون ببێتەوە یانی مەسەلە ئەوەشەکە خۆمان بایەخێکی وای پێ نادەین کە لیژنەی تایبەت مەند سەرنجی لە سەر نەبووە ئێمە هەر وەکو خۆیمان بەجێ هێشتووە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دێینە سەر خاڵێک لە لانی (تەشریع) پێشنیار دەکەم وەکو لیژنەی ئابووری، پاڵپشتی لیژنەی یاسا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر قسەکەی خۆم ئەو پێشنیارە دەبێ دەسەڵاتی راپەراندن (سلطەی تنفیذی) بیکات یان خۆی دەری بخات کە بۆ وای کردوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لێرە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی یاسادانان (تەشریعی) دەکەین یا بڕیارێکە حەقە ئێمە دەستکاری بکەین ئەوە لە پێش چاوی ئێمەدا نییە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من شتەکە زۆر بەجێ دەزانم بەڵام نازانم ووشەیەک هاتووە(لاغراض المصلحه العامه) یان گواستنەوە هەیە(اغراض مصلحه العامه) بێت مافی گواستنەوەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی لە قانونی عێراقی دا هاتووە گوایا هەندێ گواستنەوە هەیە لە سەر داوای کەسەکە شخصی) خۆیەتی.

**بەڕێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزی زۆرمدا لە بۆ ئەو برایانەی کە لەلیژنەکاندا ئیش دەکەن مەرج نییە هەر ئەو لیژنانە لە خزمەتی چاک کردنی یاساکانی ئەو پرۆژانەی کە دای دەنێن لە بۆ ئەنجومەنی وەزیران یان ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا بن (کە فائەتی) زۆر هەیە لە ناو میللەتەکەمان حەقە پرس ورایان پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خزر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرمانبەر کە دەگوێزرێتەوە لە سەر داوای خۆی ئەو مافانەی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بەر ئەوەی نووسراوە (مقتضیات المصلحه العامه) بۆ ئەوەی جیای بکەینەوە بکەین.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی نامەی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە(٣٠٠٤) لە ١٩٩٢/١١/٥ لە بارەی پرۆژەی خەرج کردنی پارەی دەرماڵەی سەفەر لێرە دابین کرایە نازانم لای جەنابت هەیە بە دەردەکەوێ مەبەستیان چ بووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو پێشنیارە دەربارەی برگە(٥) لەلایەن لیژنەی یاسا پەسند کرا لیژنەی ئابووری پشتگیری کرد کۆتای دێنین بەوگرفتە، پێشنیارێک هەیە کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟... کێ لە دژە؟... بەزۆریەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٦- دەربارەی ٧/٦ ئەو( ٦)ە من شێوەی دارشتی یاسایی پێشانی دەدەینێ ئەو بریارانە (علي المجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار) و٧- ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية،

لەباتی ئەوەی جێبەجێ دەکرێ لە ڕۆژی دەرچوونی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵە؟.... کێ لەگەڵ نییە؟.... بە زۆربەی دەنگ هەردوو ماددەکە جێگیر بوو. ئەمە وەکو بڕیارێک لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی تەواو بوو وەکو بڕیارێک کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، بالیژنەی تەندروستی کەرەم بکاتە ئێرە.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی تەندروستی ئێستا (٣) کەسی لێرە نییە سەرۆک وجێگری سەرۆک ئەندامێکی تر گەڕان بۆ پشکنینی خەستەخانەکان و ئەگەر دەفەرمووی ئامادەین بخوێنینەوە، لە بەر ئەوەی جەنابی وەزیر ئامادەیە ئەگەر ڕاشتان هەیە با دوا بخرێ بۆ دوو ڕۆژی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رای لیژنەکە بەنووسراوی لێرە هەیە وەزیری تەندورستی و کۆمەڵایەتی لێرەیە و لیژنەی یاسا خۆیان ئامادە کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەربارەی ئەو پڕۆژەی وەزارەتی تەندروستی ناردویەتی بەراستی زۆربەی زۆری تێبینی یەکانی لیژنەی قانونی کە کردوومانە هەندێ ناوەڕۆکی پڕۆژەکەی نەگرتۆتەوە تەنیا لانی ڕێک خستنی شێوەکەی مەواد نەبێ چونکە خۆی لە سەرەتا شێوەی جێگیر بووی دەرچوونی بڕیارەکە(استنادا الی احکام) کە بەپێی مادده(٥٦) پێشنیاری وەزیری تەندروستی یە کە لانی شێوەکەیە پاش ئەوە پێناسەکە لە مادده یەک و دوو پێناسی ترمان زیاد کردووەو زنجیرەکانمان گۆڕیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە ئێوە دوا شتی خۆتان بخوێننەوە وەکو لیژنەی یاسا وجەنابی وەزیر لێرەیە ئەگەر تێبینی هەبێ لە سەر ئەوەی ئێوە دەتوانن تێبینی خۆتان تۆمار بکەن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«بسم الله الرحمن الرحيم»

بأسم الشعب

استنادا الى احكام فقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ما

عرضه وزير الصحة والشؤن الاجتماعية ووافق عليه مجلس الوزراء قرر مجلس الوطني لكوردستان العراق بجلستة المنعقدة بتأريخ ١٩٩٣/٢/٢ اصدار القانون الآتي:

القانون رقم( ) لسنة ١٩٩٣

قانون وزارة صحة وشؤون الاجتماعية.

المادة الاولى/ يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة إزائها لأغراض هذا القانون:-

١- الأقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢- الوزارة: وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية للأقليم.

٣- الوزير: وزير الصحة والشؤون الاجتماعية للأقليم.

٤- وكيل الوزارة: وكيل وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية للأقليم.

٥- المجلس: المجلس الاستشاري للوزارة.

**بەڕێز د. حەمە نەجم فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئێمە ئەو دەقەی کە وەزارەت دایناوە (اضافەی مدیریەی علاقات ترتبط بالمکتب الوزیر) مادده(١) لەگەڵ داین هیچ تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵە؟... کێ لە دژە.؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية/ تهدف الوزارة الى تهيئة المستلزمات التي تكفل للمواطنين حق تمتع باللياقة الصحية الكاملة بدنيا عقليا ونفسيا وتأمين الرعاية الاجتماعية لهم خلال حياتهم ولأسرهم بعد وفاتهم وتحقيق الضمان الاجتماعي الشامل للعمال والعاملات وبالوسائل التالية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من رەخنەیەکم هەیە، لیژنەی یاسا وەکو خۆی چاپی بکردایە ئەوکاتە گۆڕانکاریەکەی حکومەت و، وەزیری تەندروستی تێبینی یەکانی خۆی بگوتبا کەچ زیادەی ترتان هەیە لەسەر کۆنەکە یان تازەکە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ووتم ئێمە تێبینی زۆرمان نەبوو لەسەر قانونەکە تەنیا لەلانی شێوەو رێکخستنی مادەکان نەبێ ولەگەڵ هەندێ شت کە گۆڕانکاریمان تێدا کردووە و هەمووشی رای وەزارەتی لەگەڵ دابووە راوێژکاری (مستشاری) خۆیان هاتووە ماددەی دوو (تهدف الوزارة تاکو العاملین والعاملات وبالوسائل التالية) مباشرة.

١- تأسيس وأدارة الوحدات الصحية والوقائية والعلاجية وتطويرها والاهتمام بمؤسسات الرعاية الاجتماعية والعمل والضمان والاصلاح الاجتماعي وجعلها مؤسسات الأصلاحية تقويمية وتأهيلية والعمل على رعاية اسر نزلاء وحدات الاصلاح الاجتماعي بما يضمن لهم حياة كريمة ويبعدهم عن الجنوح، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ بەرهەڵستكاریەكمان نییە كەوشەی (اهداف وزارة) لاببرێت مادام دەڵێ (تهدف الوزارة) دەربارەی(بالوسائل التالية وذلك من خلال فقرات) ئەگەر لە لانی یاساییەوە هیچ پاساوێک (مبرر) هەبێ نازانم، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگە(١) [تهدف الوزاره]وشەی پێویست لەجێی نییە، ئەگەر پێویست بێ یان نا، لازم نییە تێیدا بێ (تهیئه مستلزمات التی تكلف للمواطنین)، سوپاس.

**بەڕێز كەمال شاكر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم هیچ گرفتێک نییە هەتا ئەگەر لابدرێ هەرگیز تەگەرە نییە، پێویستیەكان (مستلزمات) شتێكی ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ گرفت نییە بالاببرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بڕگە(١) لەگەڵ پێشەكی یەكەی ووشەی (ضروری) لابرێ كێ لەگەڵە؟ كێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

٢- العناية بخدمات الرعاية الصحية الاولية بما في ذلك رعاية الامومة والطفولة والصحة المدرسية وصحة الاسرة والشيخوخة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەندروستی و كۆمەڵایەتی چ تێبینی هەیە؟ نییە، كێ لەگەڵ بڕگە(٢)ە؟... كێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ پەسەندكرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

٣- مكافحة الامراض الانتقالية والسيطرة عليها ومنع تسربها من خارج الاقليم الى داخله وبالعكس ومن مكان الى آخر والحد من انتشاره في الحياة في الاقليم.

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

چ تێبینی هەیە لە سەر بڕگە(٣)؟

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم کە (المتوطنة)ی تێدابێ، واتا (الانتقالية والمتوطنة)، سوپاس.

**بەڕێز کـەمـال شـاکـر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بۆی هەیە تێیدا بێ خراپ نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. حـەمـە نەجم حـەمـە حـەمـە فـەرەج:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

دەربارەی (انتقاليە امراض متوطنە وانتقاليە) (انتقاليە) شتێكی فراوانترە (متوطنە) بەشێکە لە (انتقاليە)، وانتقاليە شتێكی گشتی یە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەگەر وەک زمان بیگرێتەوە مانیع نییە، سوپاس

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بڕگە(٣) کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

٤- حماية البيئة وتحسينها وتطويرها والحفاظ على مقوماتها والعمل علي منع تلوثها، سوپاس

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بڕگە(٤) کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.... بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

٥- العناية بصحة وسلامة العاملين في مشاريع العمل و رفع المستوى الصحي لهم وحمايتهم من

الأخطار وأمراض مهنة واصابات العمل ووضع الضوابط والمواصفات والشروط الخاصة بها وسلامة موقع العمل ومراقبة تطبيق تلك الضوابط والمواصفات والشروط.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە (٥) کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.... بەزۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٦- العناية بالصحة النفسية للمواطنين والمساهمة في توفير الخدمات اللازمة له، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە (٦) کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٧- غرس مفاهيم التربية الصحية ونشر الوعي الصحي والبيئي بما يكفل حماية الانسان والآلة من خلال منع حوادث العمل والامراض المهنية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە (٧) کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٨- توفير الادوية والمستلزمات والمعدات الطبية المختلفة اللازمة لتقديم الخدمات الطبية والوقائية والعلاجية والاهتمام بالعيادات الشعبية والاشراف عليها وتوفير الاجهزة الخاصة بالمعوقين، سوپاس.

**بەڕێز شێخ ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی (عیاداتی شعبی)مەسەلەیەکی کۆنە یاساکە ئی سەردەمی حکومەتی عێراقیە، ئێستا ئەو دەورەی نەماوە چونکە عیادە تایبەتیەکان دەوری خۆیان دەبینن، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی قانونەکە وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە کە دامانناوە مانای وایە پێویستی پێ هەیە ئەگەر ئێستا دوو شت هەبێ جیای بکەینەوە سەیری قانونی پێشوو ئەکەین ئێمە هەر شتێک کەوا پێویستیمان پێ هەبێ و بەباشی بزانین وەرمان گرتووەو وەریدەگرین، سوپاس.

هاوئاهەنگی ئەبێ لەنێوان ئێمە و لە نێوان کۆلیجی پزیشکی، مەسەلەی ئامادە کردنی کادیرەکان چونکە پەیوەندی هەیە لەگەڵ لایەنەکانی تر هەتا لەگەڵ وەزارەتێکی تر هەر بۆیە ئەوە دانراوە (وفقاً لخطط التنمية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ بابەتی (خطط التنميە لأقليم) دوو شت هەیە یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمە ئێستا بەدەستمانەوەیە دەستگایێکی پلان دانان بۆ ئیش وکاری هەرێم دروست ببێت، خاڵی دووەمیش لەگەڵ ئەوەی کە کاک کمال باسی کرد حکومەتی ئێمەش پلانێکی هەیە بۆ ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێ کردنی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم وەکو خۆی بمێنێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو روون کردنەوانەی من وکاکەرەش دەریان خست جگە لەوەش هیچ ولاتێک یاخود هیچ هەرێمێک بەبێ پلان بەڕێوە ناچێت ئێمە بەزیادمان زانی ئەگەر بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو (خطط التنمية لأقليم) بمێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ ئەوەیە لای ببەین؟... بەزۆربەی دەنگ دەمێنێتەوە، دێینە سەر برگە(٩) کێ لەگەڵ ئەمەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ لە دژە... بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١٠- تنظيم ورقابة ممارسة المهن الطبية والصحية والسلامة المهنية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١١- الاهتمام برعاية وتأهيل الاحداث والمعوقين والمتخلفين عقليا والصم والبكم والمكفوفين، تربوياً ومهنيا وسلوكياً بما يضمن مساهمتهم في عملية التنمية وإزالة المؤثرات النفسية والاجتماعية التي تحول دون ذلك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بڕگەی(١١) كێ لەگەڵە؟... كێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

١٢- الاهتمام بالحركة التعاونية في الاقليم باعتبارها حركة جماهيرية طوعية تهدف تقديم خدمات للجماهير الكوردستانية بما يتلائم والتحولات الاجتماعية والاقتصادية والسياسية التي يشهدها الاقليم وذلك من خلال الجمعيات التعاونية المنبثقة منها.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن ئێمە وەک لیژنەی قانونی دوورستەمان لەو بڕگەیە دەرهێناوە لە(١٢) ئەویش بەوشێوەیە دەبێ(الاهتمام بالحركة التعاونية في الاقليم من خلال الجمعيات التعاونية المنبثقة فيها). چونكە ئەوەی ترمان بەشی كردنەوە زانیوە شی كردنەوەش زۆر بایەخی نییە لە ناو دەقی یاسایدا، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

مادام لەناوەڕۆكی دەقەكە ناگۆڕێ رازین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا كێ لەگەڵە؟... كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پێشنیاری لیژنەی یاسا وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لە پڕۆژەی وەزارەت دا (الفصل الثانی) هاتووە ئێمە ئەو فەسلانەمان هەڵوەشاندۆتەوە(الغاء) كردووە، مادده(١) لێرە دەبێتە مادده(٣).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ماوە بدەی كاک د. نەبەز هەندێ پێشنیاری هەبوو دەربارەی دابین كردنی دروستی (تەئمینی صحی) وەكو ئامانجەكانی وزارەت بەڕای ئەو جێگیر نەكراوە وبەنووسین نوسیویەتی ئەگەر بە بەرژەوەندی بزانن دوای تەواو كردنی ئەو(١٢) خاڵە ئەویش یەک دوو پێشنیاری كردووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

وەكو پێشنیارێک ئەو یاسایانەی كە دێنە پێش، ماوە بدەن بەلیژنەی یاسا بۆ پاش وپێش كردن و رێكخستنی دەقەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئەوەی كاک د. نەبەز دەربارەی دابین كردنی دروستی (تەئمینی صحی) بڕگەی تر هەیە ئەوە لەئامانجەكانی وزارەتدا نەهاتووە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پێشنیارەکەی بەڕێز د. نەبەز لە بڕگە(٨) مادده(٢)یدا هاتووە دەڵێ (الاهتمام بالعيادات الشعبية) ئەوە زیاد بکرێ کە (عیاداتی تأمین صحی)یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە لە بڕگە(٨) زیاد بکرێ بەتێکڕای دەنگ وەرگیراو رای ئێوە ئەوەیە کەزیاد بکرێ (الاهتمام بالعيادات الشعبية والتأمين الصحي) ئەویش عیادەیە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێزتان فەرمووتان مادده(٨) دەنگی لە سەر درا وەکو خۆی ئێستا گەیشتنە خاڵی(١٢) بیکەن بە خاڵی [(١٣) العمل على ضمان التأمين الصحي للمواطنين] یەک لە ئامانجەکانی وزارەت بکرێ بە بڕگەیەکی سەربەخۆ اضافە دەبێ و بڕگەی(١٣) (العمل على ضمان التأمين الصحي للمواطنين)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (العمل)ی لەگەڵدا نەبێ.

١٣- ضمان التأمين الصحي للمواطنين والاهتمام بعيادات التأمين الصحي، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا جیاوازیەک هەیە لەنێوان (عیاداتی شعبی) و(تەئمینی صحی)؟

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەربارەی (عیاداتی شعبی) ئەوە لە شارە گەورەکان دا هەنە وەک هەولێر عیادەکانی (تەئمین صحی) لە قەزاو ناحیەکانی هەنە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی (تأمینی صحی) بەڕاستی شتێکی شارستانییە پێویستە هەبێت، ئەمە یارمەتی دانی خەڵکی قەزاو ناحیەکانە ئەو نەخۆش وپەک کەوتوانە دەبێ دەزگایەک هەبێ لەوێ یارمەتی ئەو جۆرە کەسانە بدات وپێمان خۆشە هەبێت ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی (تەئمینی صحی) وەکو لەقانونی حکومەتی عێراقیشدا هاتووە وەکو (عیادەی

شعبي) ناو شاره گەورەکان نییە، چونکە (تەئمینی صحی) بواری کەمە ئەو پارەی کە وەردەگیرێ رەمزیە دوایش ئەگەر بیکەینە ئامانجی وزارەت دەبێ لە پێکهاتەکانی وەزارەتدا ناوی بێنین، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا پەیڕەوی (تأمینی صحی) هەیە لە قەزا و ناحیە و گوندەکان بەڵام هەر چەند من دژی ئەوەنیم کەوا بڕگەیەک زیاد بێ ولە ئامانجەکاندا هەر هەیە بەڵام لێرەدا ئەرکەکە شتێکی ترە ئێمە نازانین تاچەند دەتوانین بەدەرمان پشتیوانی بکەین چونکە دەرمان گەلێک گرانە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەک تێبینیم هەیە ئەو رێکخراوانەی کە بەجەنابتیان ووتوە دەوڵەتان بائەو ئەرکە لابدەن لە سەر شانی خۆیان، وابزانم رێکخراوی منداڵ پارێزی ئینگلیزی یە نرخی دەرمان لە بەریتانیا زۆر پشتگیری دەکرێ لە ووڵاتانی ئەسکەندنافیا نرخەکەی رەمزیە ودەوڵەت بەرگەی رێژەی زۆری نرخی ئەم دەرمانە دەکات نەک (تصور) دەکەم (اشتباهیان) کردووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو دەقە بۆ بڕگە(١٣) زیاد بکرێ [الاهتمام بالتأمين الصحي للمواطنين وتوفير مستلزماتها]، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەستەواژەی کە عەرزم کردن [العمل علي ضمان التأمين الصحي للمواطنين] العمل مانای وایە لە نێوان (امکانیات ألزامیک) نییە لە وەزارەتی تەندروستی ئەبێ هەبێ ئەگەر توانا هەبێ ئەبێ بیکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڵێین [العمل على ضمان التأمين الصحي ودعم عياداتها].

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

[العمل وتشجيع عياداتها]، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە (العمل) لە پێشەوە بوو وەزارەت و وەزیر لە هەمووی دەربارەی دەبێ مادام (العمل) پێش خەین ئەگەر کرا دەکرێ ئەگەر نەکرا ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولڕەزاق عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی جەنابت فەرمووت [العمل على ضمان التأمين الصحي للمواطنين] ئەوە گشتگیریە (شموليه) هی عیادەو دەرمانخانەکانیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

العمل على ضمان التأمين الصحي للمواطنين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە دەبێ بڕگە (١٣) کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة٣/ دوائر وتشكيلات مركز الوزارة، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئێمە ئەو دەستەواژەی سەرەوەمان هەڵوەشاندۆتەوە (الغاء) کردووە.

المادة ٣/١- الوزير: هو الرئيس ألاعلى للوزارة والمسؤول...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ڕێم پێ بدەی ڕای برادەران وەرگرین لە سەر فەسلی دووەم [الماده الاولى دوائر وتشكيلات مركز الوزاره] ئەمە هەمووی پێشنیاری لیژنەی یاسایە کە فت (شطب) بکرێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی پێناسی وەزیر دەبێتە مادە(٣) بڕگە-١- بەڵام پێناسی وەزیر ئەوەی لە پڕۆژەی وەزارەت دا هاتووە هەندێ جیاوازی کەمی هەبووە لەگەڵ ئەوانەی پێش وەخت لە ناو پەرلەمان ڕاستاندراون (تصديق) کراون ئەو دوو پێناسە پێناسی وەزیرو وەکیل وەکو پێناسەکانی پێشوو هاتووە.

**المادة الثالثة:**

١- الوزير:- هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها والاشراف والرقابة على نشاطاتها وتصدر عنه التعليمات والقرارات والاوامر في كل ماله علاقة بنظام الوزارة وتشكيلاتها وسائر شؤونها الادارية والمالية والتنظيمية والفنية ضمن أحكام القانون والنظام ويكون مسؤولا أمام مجلس الوزارة باعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض صلاحياته الى الوكيل و المدراء العامين أو من يراه مناسبا للوزاره.

٢- الوكيل:- يقوم بالمهام التي يوكلها اليه الوزير.

٣- تتكون مديريات وتشكيلات مركز الوزارة من :

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو یاسایەک ئێمە ئەو دو وبڕگەیەمان جێگیر کردووە پێشنیارەکە ئەمەیە چ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئێمە پێشنیارمان کردووە دەسەڵاتی وەزیر و وەکیل وەزیر وەکو وزارەتەکانی تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە شتێکی ئاسایییە کەوا ئەو دوو دەقە وەک یەک بێت وەکو وزارەتەکان بەڵام ئەمە نەختێک بەرپرسیاری بریکاری زیاتر داناوە من تێبینی سلبیم هەیە لە سەر ئەو دەقە کەوا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی تێبینی تر لیژنەی تەندروستی پێشنیار دەکەین یەکێ لە وەکیل وەزیرەکان ئەبێ دکتۆر بێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشتر قسەمان لە سەر کردووە لیژنەی یاسا کە کارێکی زۆر چاکی کردووە هەر وەزیرێک خۆی سەرپشکە دەتوانێ چەند دەسەڵات بدات ئەوەی لەوێ هاتووە بەڕێز کاک کەمال کە چوو بۆ وەزارەت بە نووسراوێکی رەسمی بۆ خۆی دەسەڵاتەکەی بداتێ بەڵام بۆ بریکاری وەزیرەکە ئێمە رێک کەوتووین کە هەموو بەدەق (نص) بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ شتێک بۆ بەڕێزان ڕوون بکەمەوە کەوا ئەگەر دەسەڵاتمان بەحوکمی قانون بۆ بریکاری وەزیر دانا مانای وایە دژە لەگەڵ ماددەی یەکەم کە دەڵێ [الوزير هو المسؤول الأول للوزارة] مانای وایە تۆ پیاوێکی تر دەکەیە بەرپرس بەپێی یاسا لە بەر ئەوە هەرگیز نابێ دەبێ بریکار تەنها دەسەڵاتەکەی لەوەزیر وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئێمە وەکیل وەزیر یا وەزیر دکتۆر بووە، بۆ ئێستا نییە بۆ پاشە ڕۆژە، ئێمە ئەو پەیڕەوە دادەنێین لە هەموو وڵاتێکدا واباوە جێگری وەزیر هونەرکارە (فنییە) سیاسی نییە ئەمە مەبەستەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی یاسا کردی کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسایە؟ کێ لەگەڵ برگە(١و٢)ە وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەوەی کە کاک ئەیاد خوێندیەوە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(٣- تتكون المديريات وتشكيلات مركز الوزارة من) ئەوەی لە برگەکانی ماددەی(١)دەقی(٢) هاتووە هەمان ئەو برگانەیە بەڵام ئێمە لە ماددەی(٣) لە هەموارکردنی مادەکان

١-٢ وەزیر وەکیل وەزیر ٣- تتكون مديريات وتشكيلات مركز الوزاره ٤ فقره دەبێتە مجلس.

٣- تتكون مديريات وتشكيلات مركز الوزارة من :-

أ- مكتب الوزير يرأسه موظف بدرجة مدير ويعاونه عدد من الموظفين.

ب- مكتب الوكيل يديره موظف ويساعده عدد من الموظفين.

ج- مديرية الاعلام والعلاقات ترتبط بمكتب الوزير.

ء- المستشار الطبي يكون اخصائياً أو ممارسا يعمل كمستشار طبي للوزير.

ه- الدائرة القانونية ترتبط بالوزير.

٤- المجلس يتكون من المدراء العامين العاملين في ديوان الوزارة والدوائر التابعة لها وعدد من الاطباء الاختصاصين أو اي موظف يقرر الوزير اضافة، سوپاس.

**بەڕێز حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەین بەڵام تەنها تەرتیبەکەی دەگۆڕین (مكتب السيد الوزير مكتب وكيل الوزير، والمجلس الاستشاری) دانراوە بەڕای من نەمێنێتەوە (مدیری عیلاقاتی اعلام) بکرێتە یەک بەڕای من مادام (مجلسی استشاری) هەبێت (مستشار طبی) نابێ چونکە (مستشار طبی) تاکە کەسێک دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی نووسینگەی وەزیر وبریکاری وەزیر وبەڕێوەبردنەکان سکرتێر پێی هەڵدەستێ، دەبینین

هەندێ زیادە (یدیرە موظف وعدد من موظفین ویدیرە موظف ویساعدە موظف آخر) زۆر کافییە وەزیرەکان زۆربەی یەک فەرمانبەر ئیش وکاریان بۆ دەکا، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی د. حمە نەجم دەکەم پێویست ناکات (مستشار) هەبێ چونکە لە پێڕەوی بەڕێوەبەرایەتی ئاگاداری تەندروستی گشتی (نیزامی مدیریەتی رعایەی صحی عام) دا هەیە یا بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری (مدیریەی خدماتی) پێ دەڵێن ئەو دەتوانێ جێگەی ئەو وەزیفەیە بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو پێشنیار هەیە یەکەمیان [عدد من موظفین ویساعدە موظف آخر حسب الحاجە] بریکاری وەزیر گرفت نییە.

**بەڕێز کەمال شاکر/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا مەسەلەی نوسینگەی وەزیر تەنها سکرتێر نییە هەتا ئیشی هونەریش هەیە نووسەری چاپ (کاتب طابعة) هەیە مەسەلەی نێردراوە نهێنیەکان هەیە هەر لە نووسینگەی وەزیر دەبێ هەبێ ئەویش کۆمەڵێکی دەوێ ئیش بکا هەروەها رێک خستنی پەیوەندییەکان وچاوپێ کەوتنی بەڕێوەبەری نووسینگە دەیانکات فەرمانبەری تر وأضبارە هەیە ئەرشیف هەیە زۆر شت هەیە کەوا سەر بەنووسینگەی وەزیرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمێنتەوە پێشنیاری دووەم ئەو [طبیبی أختصاصی]یە نەمێنێ کە بە أعتبار (مجلسێکی استشاری طبی) هەیە ئەگەر تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز کەمال شاکر/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چ بەرهەڵستێک نییە، چونکە ئەو ئەنجوومەنە جێی ئەوە دەگرێتەوە دوایی کۆبوونەوەکانی (استشاری) بەردەوامە، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئێمە دەڵێین (مستشار طبی) نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پاڵپشتی لیژنەی تەندروستی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ئەو پێشنیارەی کە کاک ایاد خوێندیەوە بەو پێکهاتەیە (تەشکیلە) کێ لەگەڵە؟.... کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(المادة ٤/ ماددەی ٢لە پرۆژەی وەزارەت )مديريات ديوان الوزارة وتشكيلات التابعة لها:-

١-مديرية الديوان العامة يرأسها ويديرها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الأولية وترتبط بها الاقسام التالية:

لێرە (يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية) ئەوە رای وزارەتەکە ئەوە زیاد بکرێ ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە هەنە بکرێنە بەش، (اقسام) ئەویش رای وزارەتە ئێمەش پاڵپشتی دەکەین وەکو لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی تاکو(٤) بکرێ بە أقسام.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

١- قسم الادارة وشؤون الافراد

٢- قسم الشؤون المالية

٣- قسم الرقابة والتدقيق

٤- قسم الشؤون القانونية، ئەوە دێتە مەکتەبی وەزیر چوارەم نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین بەڕێوەبەری گشتی کە بروانامەی سەرەتایی زانکۆی هەیە وهەمان گۆڕانکاری یاسایی چووە سەر مرکز وزارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە کاک ئەیاد خوێندیەوە؟.... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٢- مديرية الأمور الصحية العامة يترأسها طبيب بدرجة مدير عام وترتبط بها المديريات والأقسام التالية:-

أ- مديرية الخدمات الوقائية وحماية البيئة و التي تتكون من ألاقسام التالية:-

١- قسم ألاوبئة
٢- قسم حماية البيئة
٣- قسم الصحة والسلامة المهنية
٤- قسم الامومة والطفولة
٥- قسم الصحة المدرسية والعيون
٦- قسم الوقاية الصحية
٧- قسم التفتيش الصحي
ب- الخدمات العلاجية وتتكون من الاقسام التالية:-
١-المستشفيات والمراكز الصحية والعيادات الرسمية والاهلية
٢- قسم العيادات الطبية
٣- قسم صحة الاسنان
٤- قسم اللجان الطبية
٥- قسم الصيدلية والمختبرات
٦- قسم التجهيزات ومستلزمات الطبية

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێ (قسم العيادات الشعبية والتأمين الصحي) زیاد بكرێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی لەچاپ هاتووە بە(قسم) نووسراوە (قسم التخطيط والتعليم والصحة العالية) هەڵەیە ڕاستیەكەی ئەوەیە (مديرية التخطيط والتعليم)، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوە داین، دەربارەی عیادە میللییەكان ودابین كردنی تەندروستی بەڕای من ئیشی دابین كردن (تەئمینی) زۆرە بكرێتە بەشێكی تایبەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە بەشێک زیاد بكرێ بەناوی دابین كردنی دروستی (تأمین صحی)؟... كێ لەگەڵ نییە؟.... بە تێكڕای دەنگ بڕیاری لەسەر درا بەشێک زیاد دەكرێ. كێ لەگەڵ ئەو بڕگەیە پاش زیاد كردنی وەكو خوێ بمێنێ؟... كێ لەگەڵ نییە؟... بە زۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

٣- مديرية التخطيط وتعليم الصحي العامة يترأسها طبيب أو موظف بدرجة المدير العام

وتتكون من أقسام التالية:-

أ- قسم التخطيط الصحي

ب- قسم التخطيط الاجتماعي

ج- قسم المتابعة

ء- قسم الاحصاء

ه- قسم الهندسة والصيانة

و- قسم القوى العاملة

ز- قسم التعليم والتدريب الصحي

ي- قسم الاستيراد

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە بەش (قسم) نووسراوە ئەبێ ببێتە بەڕێوەبەرایەتی (مديريە) دەربارەی ئەوەی دەڵێ (يرأسها موظف أو طبيب بدرجة مدير عام )بەڕای ئێمە لە بەر ئەوەی (تخطيطی صحی طبی) تێدایە باشترە لە فەرمانبەر، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی (يترأسها طبيب فقط) ئەوە ئێمەش پشتگیری لێ دەكەین دەربارەی بەڕێوەبەرایەتیەكانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

٣- بەهەڵە نووسراوە وابزانم نووسراوە (قسم التخطيط العام) پێم وایە وەكو خۆی بمێنێ تەنیا یەك تێبینی هەیە فەرمانبەر لێرە نەبێ تەنها دكتۆر بێ.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرەدا من دەبینم وەكو قوانین ممارسەی تێدا هەبێ خراپ نییە چونكە هونەركاربیە (فنيية) پسپۆری (اختصاصی )پێ دەوێ لێزانی (خبرەی) پێ دەوێ (ممارسة عليە لايقل عن ٧-١٠ سنوات) باشە خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنسبەت پزیشك (طبيب) بێت ئەگەر پسپۆر (أختصاصی ) بێت باشترە ئەوەی كە دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی (مدير عام) لەپێش (أقدم) ترە، لێرە جیای بكەینەوە ئەگەر ئەبێ، گرفت

نییە، یاساکە وابێ کەوا نەرمیەکی (مرونەیەکی) تیا بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تێبینی نەبێ لە لیژنەی تەندروستی ئەو پێشنیارە جێگیر بکەین و ووشەی فەرمانبەر هەڵدەگیرێ دەگۆترێ (یترأسها طبيب بدرجة مدير عام) کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مديرية الرعاية الاجتماعية العامة يرأسها موظف بدرجة مدير عام وترتبط بهذه المديرية الاقسام التالية:-

أ- قسم الخدمات الاجتماعية

ب- قسم المعوقين والمسنين

ج- صندوق رعاية الأسرة

ء- مديرية شؤون الجمعيات التعاونية

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا گووتومانە (يترأسها موظف بدرجه مدير عام يحمل الشهاده الجامعيه الأوليه وترتبط بها الاقسام التاليه) ئەوەی خوارێ(د) ڕای وەزارەتی لە سەر بووە کە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵەکان(مديريەی شؤون الجمعيات) ببێتە بەشی کاروباری کۆمەڵە هەرەوەزیەکان (قسم شؤون الجمعيات التعاونية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەپەسەندی دەزانن بابێتە سەر (مديرية رعاية الاجتماعية العامة) سێ بەشی هەیە ئێوە یەکێکتان هەڵگرتوە کە لە پێشنیارەکە ئەویش دەبێتە بەش، ئێستا ئەبێتە (٤)بەش.

**بەڕێز د. حەمە نەجم فەرەج:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بەنسبەت ئێمەوە پێشنیار وایە (يترأسها موظف مختص بعلم الأجتماع أو علم النفس) واتا (شهادة جامعية أولية في علم الأجتماع وعلم النفس) ودەربارەی بڕگە(ب) (قسم المعوقين) خۆی بەشی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان دوو شت ئەگرێتەوە ڕۆڵی دەوڵەت دەربارەی مناڵ وشیرەخۆرەو پیرەکان ئەو (مسنين) لە لەنێوان خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی یانی پێویست ناکات، هەر بەشی کەم ئەندامەکان (معوقين) بەتەنیا دەمێنیتەوە (مسنين) لەگەڵ خزمەت گوزاریە کۆمەڵایەتییەکانە(خدماتي الأجتماعية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێینە سەر بڕگە(١) يترأسها موظف بدرجة مدير عام من حملة شهادة علم الاجتماع وعلم النفس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يترأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل شهادة جامعية أولية في علم الأجتماع أوعلم النفس وترتبط بها الاقسام التالية :-

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا لێرە من ئەترسم خۆمان بخەینە گرفتەوە کەوا ئەوە کارێکی گرانە لە هەموو کوردستاندا ئەو پسپۆڕییە (أختصاصە) وابزانم نییە هەر بۆ ئەوەی بڵێین (شهادة أولية ويفضل ضمن الاختصاص) ئەو بوارە دەدات و ئەو نەرمی (مرونە)یەی دەبێت کەوا دانانی ئەو بەشە دەبێ لەبەڕێوەبەرایەتیەکان بێت، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پەیوەستیم لەگەڵ زۆر دکتۆرەکان هەیە بەتایبەتی ئەوانەی سلێمانی لەگەڵیاندا دانیشتووم ئەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی (مديرياتی عامی رعايەی أجتماعی) لەگەڵ (مديريەی ضمان الأجتماعی) ببێ بەبەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی ئەو بەشانە هەموو تێکەڵاوبن بەتایبەتی لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا پێویستە بەڕێوەبەری گشتی کەم بکەینەوە بودجەکەشمان وەکو دەزانن بودجەی دەست پێوەگرتنە (تقشفە)، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵایەتی زۆر پێویستە و ئێمە دەرچووانی کۆلیژی زانستی کۆمەڵایەتیمان(علم الأجتماع)مان زۆرە لە وەزیری پەروەردە بپرسن ئەو پێتان دەڵێ ئەوەندە دەرچووی (أجتماع) هەیە دەیان کەن بە توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی ( باحثی أجتماعی) مەکتەبەکان لە دروستی (صحە) دایان بنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەرچووی زانستی کۆمەڵایەتیمان(علم الأجتماع)مان وادیارە زۆرە وبەڕێوەبەرە گشتی یەکان ئەبێ بڕوانامەیەکی زانکۆیان هەبێ دەمێنێتەوە (يفضل الأختصاص).

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە ئەوەج:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی دەربارەی (يفضل ) نەرمی نواندنی تیایە، نایسەپێنێ ئەگەر دەرچوو هەبێ باشترە لە (علم الأجتماع) بێ (يفضل) بۆ نەرمی نواندن دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەو ووشەی (یفضل)م، زۆر شتی چاکە لە بەر ئەوەی هەر کاتێک پێویستمان بوو دەستمان کەوێ خاوەن بڕوانامەی پسپۆر بێت ئەگەر نەبوو پەکمان ناکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیاری من ئەوەیە بەشی کەم ئەندامان (قسم معوقین) هەڵبگیرێ دەربارەی بڕوانامەکان رام لەگەڵ ئەوە دایە (باحثی أجتماعی) زۆرە لە وەزارەتی پەروەردە وئێستا (٢٥) پلە راگەیاندراوە بۆ (علمی ألاجتماع) ئێستا کە دادەمەزرێدرێن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەلانی داڕشتنی یاساییەوە (یفضل) بەڕاستی زۆر گرنگە لە هیچ دەقێکی یاساییدا ئەو رێکخستنە نییە با جێگیری بکەین (یحمل شهادة جامعیة في علم الأجتماع) یاخود هەر گشتی (عامە) بمێنێتەوە، جەنابی وەزیر پێی لەسەر دابگرێ ئەو بەشە تەنها ئەو شتە بێ، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە پسپۆری(أختصاص) گرنگی پێ بدرێ (علم النفس أو الاجتماع )ولەگەڵ ئەوەشدا خزمەتی بدەنێ لە پسپۆری خۆیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا پێشنیارەکە بەو شێوەیە (یترأسها موظف بدرجة مدیر عام) ئەگەر کاک ایاد بخوێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یحمل شهادة جامعیة أولیة في علم الأجتماع وعلم النفس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا کە دیاری بکرێ

(علم النفس وعلم الأجتماع). پێشنیارێک هەیە لەلایەن لیژنەی تەندروستییەوە کە (مسنین) لێک بدرێ لەگەڵ بەشی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی (قسمی خدماتی إجتماعی) بێت.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەش بەشی خزمەتگوزاری واتا (دور الدوله) ماڵی پیرەکان (دار مسنین) هەر لە نێوان (ضمنی) ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی نییە کێ لەگەڵ ئەمەیەکە (قسم الخدمات الأجتماعية والمسنين) لەگەڵ یەک بێ؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ مسنین ئەکەوێتە نێوان خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی (خدماتی الأجتماعیە) بەشی کەم ئەندامان (معوقین) وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ج/ (صندوق رعاية الأسرة) ئەگەر تەندروستی چ تێبینی هەیە.

**بەڕیز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(فەقیرانە) وەکو خۆی بێ، زۆر کەس ئیشی نییە ناتوانێ ئیش بکات (فەقیرانەی) دەدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتا سندوقی یارمەتی دان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د/ بەشی کارگوزاری کۆمەڵە هەرەوەزیەکان (قسم شؤون الجمعيات التعاونية).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ڕای د. حەمە نجم برگەیەکی هەیە کە ڕای لیژنەی پزیشکی (طبی) تێدا بوو لیژنەی دروستی (هـ/ قسم التأهيل مهنى للناس) کە گوایە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا بەشی (تأهیل مهنی) هەیە بۆ ضمنی ئەو (دور الدوله) بۆ کەم ئەندامان وکەڕو لاڵەکان و ئەگەر باسی ئەوە بکرێ کەوا (قسمی تأهیل مهنی) ئەوە مناقشەکرا ڕا وابوو کە

لەنێوان کۆمەڵە هاریکاریەکان کۆمەڵەیەک هەبێ بۆ خێزانە بەرهەم هێنەرەکان کەوا لەوێ لەوانەیە لایەنێکی (تأهیلی) تیا بێ، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی (قسمی تأهیلی مهنی) وەکو بەرنامەی وزارەتی تەندروستی گرنگترین گرفتی کۆمەلایەتی گرفتی ژنە ئەم گرفتە دەبێ بەجدی بۆی بچین هەرچی رێکخراوی دەرەوە هەن ئەڵێن ئێوە چی دەکەن بۆ ئەم گرفتە گەورەیە گرنگترین هەنگاو ئەوەیە ئیش بکا دووەم فێرکردنی زانستی ئایا ئێستا دەتوانین بەو خێراییە ئێمە بتوانین خوێندەواری بلاوبکەینەوە لەناو ژنان کەگرفتی زۆرمان بۆ دروست دەکا بەتایبەتی کە ژنی بێوە ژن لەکۆمەڵدا زۆرن ژنی شەهید، ئەنفالەکان زۆرن ئێمە دەبێ پلانێک دابنێین کە هەموو ئەو ژنانە کار بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خاڵی(ب) بەشی (معوقین مسنین) هەڵگیرا بەلام بەشی (معوقین) مایەوە بەتەنیا بەشی (معوقین) بەڕاستی مانا نابەخشێ ببێتە(قسم رعاية المعوقين وتأهليهم) چونکە ئەمەی لە بەغدا(٥) مەرکەزی هەیە، مەرکەز (تشخيص للمعوق) مەرکەز (رعايه المعوقين بدينا) مەرکەز (رعايه معوقين عقليا وبدنيا)مركز (متفوقين) مركز (رعايه العاجزين كليا) یانی بە(٥) مەرکەز وەسف کرابوو لێرەش تەنیا بنووسین (قسم المعوقين) بەتەنیا، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا هەر خۆی ئیشی بەشەکە (تأهيله) ئەویش ئەگەر(معوقين) بەکۆمەڵ (جماعی)هات زۆر شت دەگرێتەوە کەم ئەندامان گەلێ جۆرن هەر (تأهیلیان) هەیە هەر بەشەکە (تأهيله)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو پێشنیارە هەیە کە بەشی( تأهيل المهني للنساء) جەنابی وەزیری تەندروستی وخوشکە پەریخان جەخت دەکەن کە وەکو بەشێک بێت.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندورستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێکەلاو کردنە شتێکی بەزۆرەملی دەبێ دەستکەوتی (ئیرادی) دەبێ چونکە هەر دوو دائیرە ئیشی وکاری فراوانیان هەیە بەڵکو لە شوێنانی تر هەر وەزارەتێکی تایبەتی هەیە ئەوە بۆ

(قسمي عمل وضمان الأجتماعي) هيچ پەيوەندی نييە بە(رعايەی أجتماعی) بەڵكو پەيوەندی هەيە بەئيش وكاری كارگەو فابريقە وكرێكارو جووڵانەوەی كرێكاری و ئەو شتانە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

ئێستا دێينە سەر بەشەكان ئەو زياد كردنەی (قسم التأهيل المهنی للنساء) كێ لەگەڵە ئەمەيە ئەو قسمە ببێ بەبەشێك؟... كێ لەگەڵ ئەوەيە وەكو خۆی بمێنێ بەشی(شؤون جمعيات تعاونية)؟... بە زۆربەی دەنگ (قسمی تأهيلی مهنی للنساء) دەمێنێ.

**بەڕێز ئەياد حـاجی نامق مـجـيـد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

(٥/ مديرية العمل وضمان عمل الاجتماعي العامة) لە بارەی ڕێكەوتنی سياسی و، مەسەلەی بڕوانامەی زانكۆ گرفت هەيە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

ڕێك كەوت نامەكانی سياسی پەيوەنديان نييە بەبڕوانامەی زانكۆ حەز دەكەم ئەمە روون بێ، ئەو حزبەی دەتوانێ ئەگەر كادرێك دابنێ بڕوانامەی زانكۆی دەوێ.

**بەڕێز ئەياد حـاجی نامق مـجـيـد:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

من ديسان جەخت لەسەر قسەكەی بەڕێز كاك فرەنسۆ دەكەمەوە كاتی خۆی ئێمەش وەكو ليژنەی ياسا رامان لەسەردا ئێمە هەندێ تێكۆشەرمان هەنە بۆی هەيە بڕوانامەی زانكۆيان نەبێت بەڵام لەوانەيە بڕوانامەی ئامۆژگای هەبێت لەوانەيە بڕوانامەی شەشی هەبێت بەڵام خاوەن ئەزموون وپسپۆرييە لەوانەيە چەند كەسێكی خاوەن بڕوانامە بەقەد ئەو زانياريان نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز كـەمـال شـاكـر/ وەزيری تەندروسـتی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

بەس روون كردنەوەيەك هەيە ئێمە ئەو نووسراوەمان (كتابەمان) كە نارد بۆ ليژنەی ياسا لە پەرلەمان لە سەر بنەمای ئەو كۆبوونەوە هاوبەشە بوو كەوا دوو فەرمانبەری فەرمانگەی خۆمان داوايان كرد كە دانيشتن پێكەوە هەندێ دارشتنی هەيە پێكی بێنين ، سوپاس.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

دوو پێشنيار هەيە بەرامبەر بەو تێبينيانەمان كە لەپێش چاو بگيرێن، بەشێكيان بەشی ياسايی بەرامبەر بێتە نووسينگەی وەزير، دووەميش دەربارەی بەڕێوەبەرە گشتييەكان بۆمان بنووسن هەڵگری بڕوانامەی سەرەتايی زانكۆيە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا لە بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەم ئایا ئەو رازی بووە لە سەر ئەوەی کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت؟ یا هەر بریکار بە خۆی وای ووتوە؟ سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە رەش نووسی یاساکەمان پێشکەش پەرلەمان کرد، داوامان نەنابوکە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی لە بەر فەرمانبەرێک یاسایێک هەڵاوێرین (استثناء) بکەین؟

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاکەڕەش ناوی هێنا من نە لە دوور نە لە نزیک ئاگام لەم گفتوگۆو دانیشتنە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلە بەڕێوەبەری گشتییە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ یا نەبێ؟ ئەمە باوەڕ ناکەم حەق بێ بێ گفتوگۆ بیبڕێنێتەوە (حسم) بکات لە سەر کارمەندێک لە دایرە بێت یا نەبێت بەڕێوەبەرێکی گشتی دەبێ بڕوانامەی زانکۆی هەبێت من پێم وایە نەیخەینە قالبی سیاسەتەوە، تکایە ئەو حزبانەی کە پاڵێوراوی خۆیان هەیە بەدەیان کادری دەرچووی زانکۆیان هەیە با ئەوانە بپاڵێون.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش جەخت دەکەین کە بڕوانامەی زانکۆ زۆر پێویستە بەڵام ئەوەی لەم گفتوگۆیانەی گوێمان لێ دەبێ لەوە دەچێت بەداخەوە کە خۆت ووتت مەیخەنە قالبی سیاسی بەڵام من جەخ دەکەم قالبی یاسایی بۆ بدۆزرێتەوە بەتایبەتی بۆ ئەو کێشەی (مدیری دیوانی عام)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بەر بابەتی بەڕێوەبەری دیوانی دروستی (مدیر دیوانی صحە) هەرچی یاسای وزارەتە بیگۆڕین؟ پرسیارەکە ئەمەیە باتۆزی بەرۆشنی قسە بکەین بەعس ئەگەر بیویستایە هەندێ قانون بگۆڕێ برگە زیاد بکا دەست نیشانی شتێک بکا بەبڕیاری دەردەکرد، تکایە یاساکانی هەرێمی کوردستان مەخەنە ئەو چوار چێوەی.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بێگومان لەگەڵ ڕای جەنابتین ئەمە بۆ خاتری تاکە کەسێک قانون دانابنێین یا قانون بگۆڕین، بەڵام ئەمە دوو شتمان هەیە بۆ قانون دانان پرۆژەیەک دێ لە وەزارەتەوە وەزارەت بەخۆی دای دەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
نەخێر لەوەزارەتی پەروەردە قانون هەیە هەر بەڕیوەبەری گشتی پەروەردە دەبێ بڕوانامەیەکی زانکۆی هەبێت ئەو ڕۆژە گفتوگۆ کرا پاڵێوراوێکیان هەبووە لە سلێمانی بڕوانامەی زانکۆی نەبوو داوایان کردووە کە بڕوانامەی زانکۆ دەبێ هەبێ لە بەر ئەوە دیسان جەخت دەکەمەوە نابێ بخرێتە قالبی سیاسیەوە بڕیارمان داوە بەڕێوەبەرە گشتی یەکان بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ.
**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من لەگەڵ ئەو ڕایەدام ئەگەر بڕیارێک دراوە لە پەرلەمان کە بەڕێوەبەرە گشتی یەکان دەبێ بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیان هەبێ ئەوە شتێکە دراوە بەڵام دەربارەی ئەو برادەرە ئێمە دەتوانین شتێک بکەین ئەگەر وەک قانون دایڕێژین (صیاغە)ی بکەین بڵێین ئەو شوێنەی کە تێیدایە مومارەسەری لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
چ بەڕێوەبەرایەتیەک ناکۆکی لەسەر ئەوە هەیە؟

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەو بەڕێوەبەری گشتی (دیوان)ە برادەرێکی شۆڕشگێڕە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەوەی گفتوگۆمان کردووە دەنگی لەسەر دراوە ئەگەر هەر شتێک هەیە وەزارەت باچارەی بکات.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من بەڕاستی ئەوەی ڕای وەزارەت بوو لەو نووسراوەدا هاتووە هەموو پشتمان پێی بەستووە چونکە ڕای لایەنی پسپۆری بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێمە باسمان کرد دەنگمان لەسەر ئەو برگەیەدا تکایە هەر شتێک هەیە وەزارەت خۆی چارەی بکات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة(٥)/ مديرية العمل والضمان الاجتماعي العامة يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الأولية وترتبط بها الأقسام التالية:-
أ- قسم التفتيش وتدقيق الأشتراكات
ب- قسم خدمات ما بعد البيع
ج- قسم التشغيل
ء- قسم التقاعد والتعويضات
ە- قسم التنفيذ
و- قسم الضمان الأجتماعي.
لێرەدا لە برگە (ء-و) لەبرگەی(٥) دوو دەربڕینمان بۆ هات هەر لەلایەن وەزارەتەوە (قسم التقاعد والتعويضات)و(صرف الرواتب التقاعدية) و(صندوق ضمان وتقاعد العمال)، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە لەگەڵ ئەوەی پێشو تاووتوومان کرد (قسم التقاعد والتعويضات) بەڕای ئێمە بمێنێتەوە دەربارەی (صندوق ضمان وتقاعد العمال) چونکە بەشی خانەنشینی بۆ کرێکارانە بەڕای ئێمە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
خۆی باسی مەسەلەی مووچەی خانەنشینی یە (رواتب تقاعديه) چونکە جاران لە هەمان بەشدا مووچەی خانەنشینیان نەدەدا، بەڵکو لە بەشێکی تردا مووچەی خانەنشینان دەدرا ئێستا لێک بەستراوە لەهەمان بەش دەدرێ هەر بۆیە ئێمەش زۆر رستەمان زیاد کرد لە سەر ئەوەی کەوا عنوانی بەشەکە بێت، جاران (صرف رواتب) بوو هیچ گۆڕانێک نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو درێژەدانە لە پەیڕەوی وەزارەتدایە کە شتێک دەکەن واتا لیژنەی تەندروستی لەگەڵ ئەو

رایەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە. کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟... کێ دژە؟... بەزۆربەی دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا لێرە لە پاش بڕگە(٦) رای وەزارەت ئەمە بوو کە ماددەیەکی تایبەت بۆ ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ لێرە لە فصلی (٣) ئەو فەرمانگەو بەشە تایبەتانە لە بۆ وەزارەت لە پارێزگاکانی هەرێم ئێمە وەکو لیژنەی قانوونی پێشنیارمان وایە فەسلی (٣) تێدا هاتووە دەبێتە ماددەیەک، ماددەی(٥)بڕگە -٦- (دائرة رأسمالية عامة) کە لە بڕگەکەدا هاتووە دەبێتە ماددەی(٦) بەپێی ئەوپێشنیارەی وەزارەت خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو (دائرة الأصلاح الاجتماعية العامة)، بیکەنە (مديرية الأصلاح الاجتماعية العامة).

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی فەرمانگەکە چونکە باسی بەندیخانەکان دەکرێ بەندیخانە فەرمانگەیەکی تایبەتیە هەم لە لانی وەزیفیەوە وە هەم لەلانی دارایی یەوە هەتا لە لانی هێزەکانی ئاسایش (قوى أمنى) خۆی دایەرەیەکی سەربەخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ماددەی(٥) لە جێی فصلی (٣) لاپەڕە(٥)،

المادة(٥)/ الدوائر والاقسام التابعة للوزارة في محافظات الاقليم :-

١- دوائر الصحة في المحافظات.

٢- أقسام الرعاية الاجتماعية والدور والمعاهد التابعة لها في المحافظات.

٣- أقسام العمل والضمان الأجتماعي في المحافظات.

لە باتی ئەو شی کردنەوەی کراوە دیاری کردنی پارێزگاکان بۆی هەیە ئێمە بەڕای لیژنەی قانونی لەوانەیە پاش چەند ساڵێکی تر ئێمەش هەموارێکی (تعدیلێکی) وا کەم بکەین و یەک دوو پارێزگای تازە دابمەزرێن پێویستی بەوە دەکات کەزیاد بکرێ لە ضمنی وەزارەتی دروستی دا، سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچنە پارێزگاکان جاری بەڕێوەبەرایەتیەکی تر هەیە کە پێشنیار کراوەو پێشنیار دەکەین کە بەڕێوەبەرایەتی تایبەت دابنرێ بۆ کاروباری خێزان و پەک کەوتەکانی وشەهیدو بریندارەکانی ئەنفالەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی بەڕێوەبەرایەتیەک بۆ ئیش وکاری خێزانی ئەنفالەکان وخێزانی شەهیدان، لیژنەی پێشمەرگە لێرەن وابزانم بۆ لیژنەی پێشمەرگەش پێشنیارێک هەیە بۆ کاروباری خێزانی شەهیدان لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە.

**بەڕێز شێخ جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کاروباری پێشمەرگەدا یاسای شەهیدان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەم ئەندامان (معوقین) وابزانم ئەو لایەنە دەگرێتەوە کە تووشی ناخۆشی وشتی وەها بوونە دەربارەی خێزانی ئەنفالەکان خوشکە پەریخان باسی (تأهیلی) ژنانی کرد ئەوانەی کە تووشی ئەنفال بوونە ئەویش باسکراوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهر زەینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە لە بەرنامەی وەزارەتی دروستی وکاروباری کۆمەلایەتیدا بەڕێوەبەراتییەک یا بەشێک یا فەرمانگەیەک یا هۆبەیەک هەبێ چونکە بابەتی ئەنفالەکان زۆر پێویستە ئەگەر لە بەشی شەهیدان بێ بەشێکی سەربەخۆیە بەڕاستی تاکو بایەخ بە ئەنفالەکان بدەن کەمە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە جەنابت پرسیارت کرد لیژنەی پێشمەرگە هەموو حالەتەکانی ناوێ چونکە أنفال زۆربەیان جووتیار بوون ئەوە ئەو حالەتە ناگرێتەوە پێشمەرگەکانی وەکو خێزانی شەهید وئەمە گرفتێکی (معنوی) تێدایە، گرفتێکی مەبدەئی ویاسایی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێوەبەرایەتیەک دابنێین بۆ کاری ئەنفالەکان وخێزانی شەهیدەکان.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەتوانین ئەنفال وشەهیدەکان لابەرین وە یا صیاغەی ناوێکی باش بکەین وئەوانەی پێشمەرگەن کە گوێزراونەتەوە بۆ ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی کارەساتی أنفال زۆر گەورەیە وئەوەندەش گەورەمان کردۆتەوە ووتمان ١٨٠ هەزار ئەنفال

کراومان هەیە ناکرێ لە کاروباری کۆمەڵایەتی(وەزارەتی شؤون أجتماعی) مەرکەزێکمان هەبێ؟ چاودێری کاروباری خێزانە ئەنفال کراوەکان بکا، تاکو ناوەکەی بمێنێ بڵێین لە وڵاتانی دنیا لە مەرکەزی أجتماعیمان شتێکی وامان هەیە چونکە تا ئێستا ئێمە ئەبێ خێریان پێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەهید جێ ی سەرنج وگرنگی پێدانە لەم سەردەمە جۆرەها شەهید هەیە شەهیدی أنفال شەهیدی کیمیاوی هەیە پێویستە بەڕێوەبەراتیەک پێک بهێنین بۆ ئەم شەهیدانە، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای پێشمەرگەی شەهیدو پێشمەرگەی پەک کەوتە سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەیە وەزارەتی پێشمەرگە یاسای بۆ داناوە لە بەر ئەوە پێشمەرگەی شەهید پێشمەرگەی پەک کەوتە هەر سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پێشنیارە گفتوگۆی لەسەرکرا بەتایبەتی لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی شەهیدان ئەو شەهیدانەی کە پەیوەندیان بە پێشمەرگەوە نییە کەوا خەڵکی مەدەنیش لە بۆمباران شەهید کراون لە بەشێکی ترداو باسی ئەوە کراوە کەوا مەسەلەی ئەنفال چۆن ئێمە بتوانین دەستی یارمەتی بۆ ئەوانە درێژ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە ناتوانن لە پێڕەوی وەزارەت لەنێوان سەندوقی زامن کردن (صندوق ضمان) ئەوەی پێ ی وترا چاودێری کردنی خێزان (رعایة ألاسرة) مەرکەزێک دروست بکەن وەکو بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ بۆ ئەنفالەکان و شەهیدەکان ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە پێشمەرگەکانەوە؟

**بەڕێز د. حمە نەجم حمە فەرەج:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەتی ئێمە مەسەلەی خێزانی شەهیدو بریندارو پەک کەوتەکان چارە کراوە لەوەزارەتی پێشمەرگەدا و بۆ ئەوەی جەخت بکەین لەسەر مەسەلەی ئەنفال لە مێژووی کورد دا ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بووە شتێکی سەرنجی دونیا رابکێشێ کەوا ئێمە أنفالەکانمان لەبیرە بەڕای من بەشێک بکرێتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەلایەتی (مدیریەی رعایەی أجتماعی)

بەناوی بەشی چاودێری خێزانە ئەنفال کراوەکان(قسم رعاية أسر أنفال)، هەروا بخرێتە ناو سندوقی چادوێری خێزان(صندوق رعاية أسرة) وەئەمە بەرچاوترو باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە(٤)دەنگدانی لە سەر کراوە( صندوق رعايه الاسره) تەنها ماوتەوە(٥) کەبواری نییبە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت ئێمە لە هەر برگەیەک زیادە بکەین، بەڕێزتان بیخەنە دەنگدانەوە ئایا لە فلان برگە زیاد بکرێ یان نا ئەگەر بەرهەڵستی هەبوو لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان چونکە پرۆژەی قانونەکە کە بەتەواوی کۆتایی نەهاتووە ئێستا بواری ئەوەی هەیە لە هەر برگەیەک چونکە کەم وکووریەو کار لەشتی تر ناکات، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت چاودێری خێزان و خۆی پلەی هەرەنزمی ژیان لە هەموو دنیادا هەیە بۆ خێزانە هەژارەکان وابزانم ئەوە تێکەڵ بوونێکە لەگەڵ خێزانی ئەنفالەکان دا بەڕای من دەبێ جیاواز بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی گرفت نەبێ مادده بەمادده مناقشەمان کردووە دەنگمان لەسەر داوە شتێک لە لانی یاسایی لە دواوەی یاساکان دەسەلاتێک دەدەینە وەزیر دەڵێن وەزیر دەسەلاتی هێنانەکایە یا تێکەلاوکردنی هۆبەکان لەنێوان پەیکەری وەزارەتدا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ڕای کاکەڕەش پەسند بێت با ئێمە بەردەوام بین کێ لەگەڵ ڕای کاکەڕەشە؟ ... کێ لەگەڵ نییە؟.... بەزۆربەی دەنگ لەگەڵ ڕای کاکەڕەشە. برگەیەک زیاد بکرێ هەندێ هۆبە ئەگەر پێویست، بێ بەلام کۆکین لەسەر ئەوەی کە هۆبەی ئەنفال کراوەکان دەبێ هەبێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة/ ٥ الدوائر وأقسام التابعة للوزارة في محافظات الاقليم:-

١- دوائر الصحة في محافظات.

٢- أقسام الرعاية الاجتماعية والدور والمعاهد التابعة لها في محافظات.

٣- أقسام العمل والضمان الاجتماعي في المحافظات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یانی ئەوە دەگرێتەوە کە هەر پارێزگایەک ئەبێ سەرۆکی دروستی (رئیس صحەی) هەبێت ئەو بەشانەی کە جێگیر کراون کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **ئەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

## سێ شەممە رێكەوتی ٢/٢/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (۱۰)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ۱۹۹۳/۲/۲

***کات ژمێر (۱۰)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ۱۹۹۳/۲/۲ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بەئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فرست ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (۱۰)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (۱۹۹۳)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- پرسیار کردن لەبەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.***

***٢- گفتوگۆ کردن لەسەر بودجە لەلایەن لیژنەی یاسا و لیژنەی دارایی وئابووریەوە.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمڕۆ دەربارەی ڕێکخراوی (کێر)ە ودەربارەی ئاوارەکانی کەرکووک وگەرمیانە ونامەیەکمان بۆ نووسیون لەبارەی پێداویستی یەکانیان وپارێزگاری کەرکووک پشتگیریی کردووە وداوای جێ بەجێ کردنی ئەو پێداویستی یانەی کردووە، ئەوان گفتیان داوە کە موناقەشەی بکەن وموناقەشە یان کردووە لەگەڵ یونسیف قەسەیان کردووە، لەگەڵ (W.F.P) یش قسەکراوە، مەرکەزیان لێرە نیە وئەوان لەناوەندەکانی خۆیان دوێنێ ئاگاداری کاک یەعقوبیان کردۆتەوە واتە جەنابی وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ کردن، چونکە بەیەکەوە بڕیارێکیان وەرگرتووە، کەبەشی گەرمیان بخەنە پرۆگرامەکەیانەوە بۆ ئەم زستانە، ئایا لەم ڕۆژانەدا دەبێ ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکەن؟ چاوەڕوانین بیکەن، هەروەها ئەو خاڵانەی کەبۆیان نووسراون هەموویان پەسەند کراون، ئینجا کۆمیتەی ناو پەرلەمان بۆ کاروباری گەرمیان باپشتگیریی لەجێ بەجێ کردنی چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی گەرمیان بکەن، بەڵکو ئەم بابەتە لای خۆیان بنووسن ولەنێوان ئەو هەڵمەتەدا کە ئەیکەن سەردانی ئەو ڕێکخراوەش بکەن وسوپاسیان بکەن بەدووای ئەو بابەتەش دابچنەوە، هەر ئەوەندە نیە کەئەوان پەسەندیان کردووە بەڵکو شتی تریشی تێدایە وئەو بیرخەرەوەی کە دراوە لامانە وپاشان دەیدەم بەبرادەران با لایان بێ. جا ئەگەر لیژنەی یاسا ولیژنەی تەندروستی کەرەم بکەن. پێش ئەوەی دەست بکەن بەئیش وکاری خۆیان، با بزانین برادەرانی لیژنەی ئابووری ودارایی گەیشتوونەتە کوێ لەگفتوگۆ کردنی ئەو بودجەیەدا؟ چونکە لیژنەی یاسا دەڵێن ئێمە ئامادەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بودجە ژمارەکردنی (ترقیم)ی بۆ کراوە، پێویستە زۆر زوو کۆبوونەوەیەکی لەسەر بکەین چونکە جیاوازیی زۆر هەیە و کورتی هێنانێکی (عجزێکی) زۆریشی تێدایە وپێویستە چارەسەر بکرێت و مامۆستایانی کۆلیجی بەڕێوەبردن ودارایییش (ادارە واقتصاد)یش لەگەڵمان هاتبوون، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەبۆچوونی تۆ کەی تەواو دەبێ؟ دەتوانی گفتێکمان پێ بدەی، شەممە ئامادە دەبێ بۆ گفتوگۆ؟ چونکە گەر لەسەرەتای ئەم هەفتەیە گفتوگۆی بودجە تەواو بکەین، پاشان پشوو دەدەین. چونکە بەراستی دوواکەوتنی بودجە لەحکومەتەوەیە ولە بەرژەوەندی پەرلەمان نیە دوا بکەوێ، بۆیە دەبێ زوو بڕیارێکی لەسەر بدەن، ئەگەر ڕۆژێک دوا بکەوێ قەیناکات، دوایی تێی دەهێنینەوە، جا وابزانم هیچ گرفتێک نابێت ئەگەر دارایی گفتێکمان پێ بدات وتوانایێکی لەڕادە بەدەر بنوێنین سبەی، دوو سبەی، هەینیشمان بە دەستەوەیە بەڵکو بۆ ڕۆژی شەممە ئامادە دەبێ وئێمە دەیکەین بەدوو دانیشتن بەڵکو تەواوی بکەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەرهەڵست نین کە بەردەوام بین لەسەر کۆبوونەوەکانمان، بەڵام هەندێ جار گەلێ دانیشتنی ڕەسمی پەرلەمان سەعاتێک دوا دەکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

گرینگ نییە کۆمیتە دەتوانێ دەوامی خۆی بکات وئینجا بێنە ناو هۆڵەکەوە، جا ئەگەر گفتمان پێ دەدەن بۆ ڕۆژی شەممە ئامادە بێ بۆ ئەوەی برادەران ئاگادار بکەین ونەهێڵین بڕۆن و، بڵێین شەممە گفتوگۆی بودجە دەکەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

انا شاء الله ئامادەی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئێمە داوای لێ بوردن لەبرادەران دەکەین کەبابەتەکە زۆر گرنگە وڕۆژی شەممە ان شاء الله کە گفتوگۆی بودجەکە تەواو دەکەین ئێوە دەگەڕێنەوە ناوچەکانتان وئەگەر ڕۆژێکمان لەوەختەکەتان گرت، دوایی دەتوانین بیکەین بە یەک شەممەی ئاییندە لەجیاتی ڕۆژی شەممە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتیشمان بۆ جەنابت نووسی بوو، بۆ فەرمانگەی ئاو وئاوەڕۆکان و وابڕیارمان دا بوو

کەجەنابت لێرە نەبووی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار. ئێستا هەر تابیعی وەزارەتی ناوخۆیان کردووە. سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە تەماشای یاسا دەکەین، ئەگەر هیچ لەم بارەیەوە راست نەکراوەتەوە لەقانوونی وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار بۆ گۆرینی ئەو بابەتە، ئێوە لەسەر ئەو وەزارەتە دای دەمەزرێنن کە لەیاسا راستاندراوە (تصدیق) کراوە، بۆیە لەو وەزارەتەوە ئەکەوێتە ململانێ ئەگەر شارەوانی یان ئەنجوومەنی وەزیران بریارێکیان هەیە، خۆ پەرلەمان رەزامەندی لەسەر کردووە و، ئەگەر بێین بزانین ئەمانە لەسەر چ وەزارەتێکن لەوێ حسابی بۆ ئەکەن وەکی دی لەسەر ئەم یاسایە دەڕۆین کەتاکو ئێستاکە لێرە دەرچووە وپیادە دەکرێ، جا مادەم وایە رۆژی شەممە ئێمە ان شاء الله رۆژی بودجە دەبێ ئاگاداری حکومەتیش بکەین تا ئاگادار بن لەو رۆژە وئامادە بن وهیوادارین بتوانین بەیەک رۆژ تەواوی بکەین، ئەگەر نەشکرا بۆ یەک شەممە، بەڵام بێگومان هەفتەی بێتەوە ئەوە بۆتانی تێ دەینینەوە (تعویض)ی دەکەینەوە، کاک فرەنسۆ تازە بابەت شتی تر هەیە؟ نییە؟ کاک سەید نییە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنیا تێبینی یەکی بچووکم هەیە، ئێمەی لیژنەی یاسا، یاساکان بەگشتی تەماشا دەکەین، وەکو لیژنەی ئابووری نیە کەتەنیا پسپۆری خۆی ئابووری یە، لەبەر ئەوەی پرۆژەی بودجە رەوانەی لیژنەی یاساش کراوە و ماوەکەیشی سەبارەت بە ئێمەوە زۆر کەمە، بەراستی ئێمە چاوەروانی ئەوە بووین کەدانیشتنێ لەگەڵ لیژنەی ئابووری بکەین و واش دیارە لەبەر بەرژەوەندیی گشتی سەرۆکایەتی بەپەلەیە کەتەواو بێ ئینجا نازانم وەزعی ئێمە چۆن دەبێ، ئەگەر داوای ئەوە بکەین دانیشتنێکی هاوبەش بکەین لەگەڵ دارایی وئابووری بۆی هەیە وەزعی ئەوان تێک بدەین ونەتوانین لەو ماوەیە کەمە کە پەیمانیان داوە تەواوی بکەن، ئینجا ئەگەر سەرۆکایەتی بتوانێ ئەو شتەمان بۆ بکات و، چی بکەین؟ ئەوەیە هاوئاهەنگێ بکەین لەنێوان ئێمە وئەواندا تا شتەکە لایەنی دارایی ولایەنی قانوونی خۆشی وەربگرێ و، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەم بابەتە، ئەمرۆتان بەدەستەوەیە ودوای ئەم دانیشتنە ئەگەر بتوانین یەکتر ببینین وسبەی چوارشەمتان بەدەستەوەیە وپێنج شەممەشمان بەدەستەوەیە وهەینیش هەرچەندە پشووە بەڵام بۆ شتی هەڵاوێردراو (ئیستثنائی) وشتی گرنگ دەشێ رۆژی هەینیش کۆبوونەوە بکرێ، جا لەنێوان خۆتان رێکەوتن بکەن و، لەگەڵ لیژنەی ئابووری رێک کەون و، کاتێ دابنێن وئەگەر ماوە بوو، شتی باشە. ئێستاش فەرموون با دەست بکەین بەگفتوگۆ کردنی پاشماوەی یاسای وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی...

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا گەیشتینە ماددەی (٦) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلآیەتی ولەبڕگەی(٦)ی فەسلی دووەمیدا، لەپڕۆژەی وەزارەت بەناوی بەڕێوەبردن وچارەسازی کۆمەلآیەتیدا هاتبوو (الادارة والاصلاح الاجتماعي) وبەم شێوەیە بوو. (٦): دائرة الاصلاح الاجتماعي العامة يديرها موظف بدرجة مدير عام وتشمل الاقسام التالية وتكون لها استقلالية ماليةو ادارية:

أ- قسم اصلاح الكبار ويشمل:
١- قسم اصلاح الذكور (الرجال).
٢- قسم اصلاح الاناث (النساء).
ب- قسم اصلاح الاحداث ويشمل:
١- قسم اصلاح الفتيان.
٢- قسم اصلاح الفتيات.

بەڕێزان ئەم بڕگەیە هەمواركردنێكی (تەعدیلێكی) بەسەر داهات لەنووسراوەكەی وەزارەتی تەندروستی وكاروباری كۆمەلآیەتی كە بەم شێوە بوو.
(دائرة الاصلاح الاجتماعي واقسامها: يديرها موظف بدرجة مدير عام وتتمتع بشخصية معنوية، يديرها موظف بدرجة مدير يحمل شهادة الجامعية الاولية..)

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ تەندروستی هیچ تێبینی یەک هەیە؟

**بەڕێز د.فایق محەمەد گولپی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەكو لیژنەی تەندروستی كاتێ گفتوگۆی ڕەش نووسی یاساكەمان كرد ڕامان لەگەڵ ئەو بەشەیە (دائرة الاصلاح الاجتماعي) وەكو خۆی بمێنێتەوە، هەتا موناقەشەی ئەوەشمان كرد كەبیخەینە بەڕێوەبەریەتێكی ترەوە یان خۆی بەتەنها بمێنێتەوە و من چەند تێبینی یەكم هەیە، یەكەمیان: ئایا وەكو فەرمانگە بمێنێتەوە یان وەكو بەڕێوەبەرایەتی؟ بەلآم لەبەر ئەوە من پێم باش بوو بمێنێتەوە، چونكە لێرەدا دەقەكەی وەزارەت ڕوون ترە، چونكە خەڵك تێ ناگەن بابەت چیە لەفەرمانگەی (چارەسازی كۆمەلآیەتی)، بەلآم پرسیارێكیش هەیە لەبەڕێز وەزیری تەندروستی یەوە كەخۆی لێرەیە، بۆچی سەربەخۆیی دارایی وئیداری هەبێ، ئەگەر ئەوەمان بۆ ڕوون كاتەوە ئەگینا ئێمە وەكو لیژنەی تەندروستی لەگەڵ ئەوە داین كەدەقەكەی وەزارەتی تەندروستی وكاروباری كۆمەلآیەتی وەكوخۆی بمێنێتەوە، ئەو كاتە ئەو دەقەی لیژنەی یاسای بەڕێز لەبەردەست دا نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــوومـــەن:**

ئینجا ئەگەر بەڕێز وەزیری تەندروستی وكاروباری كۆمەڵایەتی ئەمە روون بكاتەوە.

**بەڕێز كـــەمـــال شـــاكـــر/ وەزیری تەندروســـتی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئەنجـــــوومـــــــەن.**

ئەوە بەراستی مەسەلەی گرتوخانەكان باس دەكرێ، گرتوخانە فەرمانگەیەكی تایبەتی یە، چونكە فرمانی خۆی هەیە، بەشی خۆی هەیە، هەموو لقی دارایی وئیداری و تۆژینەوەی كۆمەڵایەتی (بەحثی اجتماعی) خۆی هەیە وهەتا مەسەلەی هێزی ئاسایشی خۆی هەیە كە (سەجانەكانن)، بۆیە پێویستە سەربەخۆی یەكی هەبێ وبودجەیەكی تایبەتی دەوێت، تاكو ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بتوانێ كاروباری خۆی بەڕێوە ببات، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــوومـــەن:**

زۆر سوپاس. ئێستا كێ لەبەڕێزان سەرنجی لەسەر ئەو تێ بینی وروون كردنەوەیەی بەڕێز وەزیری تەندروستی هەیە؟ كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ تەنها ئەوە زیاد بكرێ كە بەڕێوەبەرە گشتی یەكە بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆی هەبێ وئایا رای لیژنەی یاسا وتەندروستی چی یە؟.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆكی ئەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئێمە پێمان باشە بەو شێوەیە بێت، بەس یەك شت هەیە دەمەوێ روونی بكەمەوە، ئەوەی كە كاك دكتۆر وتی رای لیژنەی یاسا نەبوو، هەروەكو كاك ایاد روونی كردەوە نووسراوێك (كتابێك) بوو لەوەزارەتی تەندروستی، هەمواركردنێك بوو بۆ ئەو پرۆژەیەی كە پێشكەشیان كردبوو بەلیژنەی یاسا بۆخۆشی پرۆژەكە لە بنەڕەتدا لە وەزارەتی تەندروستی وكاروباری كۆمەڵایەتی یەوە هاتووە وهەموار كردنەكەش هەر بەنووسراوێكی رەسمی لای ئەوانەوە هاتووە، ئێمە شتەكەی ئەوانمان پێ باش بوو، بۆیە پەسەندمان كرد، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــوومـــەن:**

كاك ئەیاد ئەگەر بیخوێنێتەوە بەتەواوی، لەگەڵ ئەو هەمواركردنەی كە ووتت گۆشەنیگای وەزارەتیش بەهەند وەربگیرێ كەدەڵێ: (لها الاستقلالية المالية) ئینجا ئەوە ئەگەر بیخوێنێتەوە تاكو دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئەنجـــــــوومـــــــەن.**

دوا شت كەرای لیژنەی یاسا ولیژنەی وەزارەتی تەندروستی وكاروباری كۆمەڵایەتیشی لەسەر دراوە (دائرة الاصلاح الاجتماعي واقسامها يديرها موظف بدرجة مدير عام يحمل شهادة جامعية اولية وتتمتع بشخصية معنوية) هەرهێندە لەجیاتی ئەوەی كە سەربەخۆیی دارایی هەبێ و سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی وابزانم ئەوە...

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی هەر هەمان مانایە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە کاک ئەیاد (اصولی نیهائی) بخوێنەوە، چونکە ڕێکەوتنی لەسەرە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة السادسة: دائرة الاصلاح الاجتماعي واقسامها يديرها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية وتتمتع بشخصية معنوية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکرای دەنگ وەرگیرا ورەخنەی لەسەر نەبوو؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

نەخێر بەشەکان تەواون، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەشی (اصلاح الکبار) وئەوانە لەهەمان ماددەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ...

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

نەخێر ئەمە (درج) ناکرێت ئەمە لەنێوان پێڕەودا دەخرێتە روو، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بەشەکان ئەوە بەشی کوڕان وکچان، دیاری نەکراوە لەچەندەوە تاکو چەند دەگرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی من بیزانم وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی دیاری کردووە، تەنها عینوانەکەیە، ئەوەی بەجێ هێشتووە بۆ نیزامێک تاکو ئەو شتانە روون بکاتەوە، بۆی هەیە ئەو شتانەی کەجەنابی وەزیری تەندروستی لێرەیە خۆی روونی بکاتەوە و بەبێ ئەم بڕگانەی کە لەاصلی پرۆژەکەدا هەنە، وەکو عەرزم کردن ئەمە هەموار کردنێک بوو لەسەر پرۆژە ئەصلی یەکە ودرێژەی ئەوەش لەپەیڕەوێکی ناوخۆدا روون دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە ئێمە ئەم مەسەلەیە لەبڕگەی دووەم باس دەکەین وئەگەر باسی تەفسیر بکەین، بەشی چارەسازی نەوجەوانان( قسم اصلاح الاحداث) ئەو دوو بڕگەیە کوڕان وکچان(فتیان وفتیات) نەوجەوان (احداث) دەگرنەوە وهەردووکیان نەجەوانن ومانای ئەوەیە کە تەمەنیان لە (١٨) ساڵی کەمتر بێ بە نەوجەوان دەژمێردرێن، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵام ئەگەر بکرێت تەمەنی منداڵی لێ جیا بکرێتەوە وسنوورێک بۆ ئەو دوو تەمەنەش دانرێت، چونکە رووداوی وا هەیە منداڵی (٩ )ساڵی لەگەڵ یەکێکی نزیکی (١٨) ساڵی کردوویەتی ونازانم ئەوە چ چارەسەرێکی بۆ دەدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە بەراستی گرفتێکە کێشەی نیشتەجێ بوونە، چونکە کە ئەڵێی بەشی نەوجەوانی کوڕان (احداثی فتیان) ئەوە دابەش دەکرێ چونکە بینایەکە بە بەش دابەش دەکرێ وهەر تەمەنێکی گونجاو پێکەوە دەبن. بەڵام مەرج نی یە لێرە دابمەزرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم بڕگەی(٦) تەواو بوو ولیژنەی قانوونی وتەندروستی ئێوە لەوەزارەت رێککەوتنتان کردووە کە ئەوانە لێک بدرێن ویەک پێڕەو ورێنماییان هەبێت. ئینجا ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە لیژنەی یاسا ولیژنەی پسپۆرکە پێشنیاری وەزارەتیشە کە ئەو بەشانە لێک نەدرێت؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا کرا..

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة السابعة: أ- يحدد النظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

ب- للوزير استحداث او دمج المديريات او الاقسام او الشعب عند الاقتضاء.

جـ- للوزير تشكيل لجان دائمية او وقتية حسب الحاجة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئەوە ئەم ماددەیە کۆتاییەکانە، ئەوانەی لانی شێوەی یاسایی دەگرنەوە وئێمە زیادمان کردووە، ئەوانە لەهەموو قانوونەکانی دیکەش کەلێرە پەسەند کراوە ئەمە هاتووە. سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئەیاد تکایە دووبارەی بکەوە..

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة السابعة:

أ- يحدد بنظام مهام واختصاصات وتشكيلات الوزارة.

ب- للوزير استحداث او دمج مديريات اواقسام وشعب عند الاقتضاء.

ج- للوزير تشكيل لجان دائمية او وقتية حسب الحاجة.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

جا ئێستا لیژنەی تەندروستی چ تێبینی یەکی لەسەر ئەمە هەیە؟.. نی یە؟ برادەران نیانە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دەقە وەکو خوێنرایەوە وەربگیرێ؟ زۆر سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة الثامنة: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەربگیرێ؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بەتێکرایی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة التاسعة: لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەربگیرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة العاشرة: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەربگیرێ؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة الحادية عشرة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێزجـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەربگیرێ؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بەتێکرایی دەنگ وەرگیرا. بەمە ئێمە کۆتایی بەیاسای وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی دەهێنین وسوپاسی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەین.

ئێستا خاڵێک ماوە لەبەرنامەمان ئەویش ئەگەر یەکێک لەلیژنەی دارایی بێتە ئێرە با

بفەرمووێ. تاکو لەگەڵ لیژنەی یاسا باسی شێوەی ئەمە بکرێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەو ماددانەی کەماون ماددەی (٢) ئەو خشتەیە پاشکۆی یاسایەکەیە لەگەڵ ماددە (٣) ومادده (٤) وله حوکمە پەراگەندەکانیش (ئەحکامی متفرقەش) چەند تێبینی یەک هەبوو کە رای بەڕێزتان ئەوە بوو کە زیاد بکرێت ئەوەی کە سزا دەسەپێنێ وبۆ مەسەلەی گەڕاندنەوەی باجیش رای وەزارەتی دارایی وەرگرین کە ئەو مەسەلەیەی گەڕاندنەوەی باج لێک نەدرا بوو وزۆر پێویستیش بوو و، وەزارەتیش رازی بوو لەسەر ئەوە ئەویشی لە حوکمە پەراگەندەکان (احکام متفرقە) زیاد کرد، جا ئێستا کە خوێندمانەوە بەو شێوەیە بێت. (ماددەی (٢) تخضع الاوراق المدرجة بالجدولين الاول والثاني الملحقين. بالقانون للرسوم المبنية ازاءها) ئەگەر مۆڵەتم بدەنێ هەندێ لەخشتەکان بخوێنەوە لەگەڵ هەموارکردنەکانی ئەو لیژنەیەی کە بەرای پەرلەمان دامەزراوە. سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئێمە بەشێکمان خوێندەوە بەشەکەی تریش لای فراکسیۆنەکانە، ئەگەر هەر ئەو داڕشتنی کۆتایی یە بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو سەر لەنوێ لە وەزارەت پێشکەش کراوە، ئەوەی لەپێشا دارایی کردوویەتی وئەوەی ئێستا کراوە وچ پێویستیش هەیە هەموو جارێکی تر سەر لەنوێ بیخوێنینەوە ورای بەڕێزتان وەردەگرین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمەسەلەی خشتەکان گۆڕانکاریەکی تەواو کراوە. بەراستی ئەو رەسمەی کەلەپێشتر لەپرۆژەی وەزارەت دا هاتبوو زۆر دەسکاری کراوە وخۆ یاساکەمان تەنها ئەو رەسمانەیە، بۆیە پێویست دەکات بخرێتە بەرچاوی بەڕێزتان.

الجدول الاول: جدول الرسوم المقطوعة:

العدد/ مائة ورقة. الرسم: بناء. المكلف بالرسم:

١- المقاولات والعقود التي لاتحتوي على مبلغ معين: عشره دنانير للمتعاقدين.

٢- براءة اختراع: صاحب البراءة:

٣- العلامات الفارقة:

٥٠ ديناراً من طالب التسجيل.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە ئەمە داڕشتنی کۆتایی نییە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە کۆتایی یە.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە کۆتایی یە؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

بەڵێ کۆتایی یە.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا دەبێ برگە بە برگە بیخوێنینەوە تاکو باش تێی بگەین وبزانین چ ڕەخنە هەیە لەخوێندنەوەی؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم من لەسەر ئەو بنەڕەتە خوێندمەوە، چونکە لەدانیشتنی پێشتر دەنگ لەسەر ئەوە دراوە کەلاپەرە لاپەرە بێ.

١- المقاولات والعقود التي لاتحتوي على مبلغ معين: عشره دنانير من المتعاقدين.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئینجا کەس تێبینی لەسەر ئەمە هەیە؟ یاخود نییە؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبوایە وەزیر لێرە بوایە بۆ ئەم شتانە. حەق وایە هەموو جارێ لەکاتی گفتوگۆی ئاوادا وەزیرەکان لێرە بن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ. وەزیرمان بانگ کرد و وەزیر هات بۆ ئێرە و وتی: من ڕازیم لەسەر ئەوانەی کەباسی دەکەن وئەمرۆ وەکو کاک جوهر ڕۆیشت کۆبوونەوەیەکی گرنگی لەگەڵ مامۆستاکانی زانکۆ دا هەیە بۆ باسی کێشەی زانکۆ وئەنجوومەنی خوێندنی باڵا، یاخود وەزارەتی خوێندنی باڵا، لەبەر ئەوە ئێمە لەسەرۆکایەتی بەپەسەندی دەزانین کەشتێکی وا زۆر گرنگ نیە کەپێویست بێ لێرە بێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

والمقاولات والعقود التي لا تحتوي على مبلغ معين: عشره دنانير من المتعاقدين.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ئەم مەبلەغە هەیە؟ کێ لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

براءه الاختراع دينار واحد لصاحب البراءه.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

چ تێبینی لەسەر ئەم دینارە هەیە؟ لاپەڕە لاپەڕە لیژنەی یاسا دەڵێ بەم شێوەیە خێراتر دەبێ.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

٢- براءة الاختراع، دينار واحد لصاحب البراءة.

٣- العلامات الفارقة، ٥٠ دينارا.

٤- لطالب تسجيل العنوان التجاري او رسم تجاري، ٢٥ ديناراً لطالب التسجيل.

٥- اجازة او انشاء المصانع والمعامل ١٥٠ ديناراً.

٦- لمؤسس المدارس او المعاهد التعليمية والمهنية، ١٠٠٠ دينار لمؤسس العقود والاتفاقيات التي تمنح امتيازاتها بالقانون الخاص وتحويل الامتيازات الناشئة عنها.

٧- كذلك العقود والاتفاقيات المتفرعة عنها: ٧٥٠ ديناراً لصاحب الامتياز.

٨- نسخ الاوراق العادية على امضاء وختم رسمي كما يلي:

أ- اذا كانت من نوع الاوراق المذكورة في العدد ٨ من هذا الجدول ٣٠ ديناراً لطالب النسخة.

ب- النسخ المصدقة من عقود الشركات المساهمة ١٠ دينار لطالب النسخة.

جـ- النسخ المصدقة من عقود الشركات الاخرى ١٠ دنانير/الشركة طالبة النسخة.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئینجا ئێستا ئەوانەی خوێنرانەوە لەبەر دەستی بەڕێزتانە، ئایا هیچ تێبینیتان لەسەری هەیە؟.

**بەڕێز ســـەعـــیـــد عـــەلی خـــان:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

ئەگەر نرخی کۆنیش بێ من دوو تێبینیم هەیە. یەکەم توانای دینار کەوەختی خۆی ئەو پێناسەی پێ دەرچووە ٧٥ دینار چەن دۆلار بوو؟ با هاوسەنگی بکەین. خاڵی دووەم: ئەوکاتەی ئەو پارەیە وەردەگیرا شتەکی ڕەمزی بوو ودەوڵەت زیاتر لەسەرچاوەیەک دەست کەوتی دەبوو بەڵام ئێستا هەرێمی کوردستان تەنیا ئەم سەرچاوەیەی هەیە کەپارەی لێ وەربگرێ، بۆیە بەرای من ئەم پارانە زیاتر بکرێن. سوپاس

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

واتا ئەگەر ئەم پێشنیارە دینار بێ. تۆ واز لەپێشنیارەکەی خۆت دێنی؟

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

ناماموٚستا ئەمە (١٠) فلسە وهیچ نرخێکی نییە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا دینارێک دوو دینار نرخی نییە؟ واتا وەکو جەنابت دەفەرمووێ (١٠) فلسە ولابردنیشی هاندان وپشتگیری دینارەکە ناکات.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینی یەکم لەسەر خاڵی (٥) هەیە کە دەڵێ: (اجازة انشاء المعامل والمصانع)، ئەو کەسە دەتوانێ کارگەیەک دابمەزرێنێ لەو مەبلەغەی (١٥٠)دینار بدات. چونکە ئەمە زۆر کەمە بۆیە پێشنیار دەکەم ببێت بە (٥٠٠) دینار، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرە پرسیارێک هەیە، ئەویش کە بۆ مۆڵەتەکان (المدارس والمعاهد التعليمية والمهنية)، وابزانم (١٠٠٠) دینار دانراوە کەچی بۆ کارگە(١٥٠)دینار دانراوە، نازانم ئەوە لەبارەی ئابووری یەوە چۆن وا دانراوە..

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ئەو مەبلەغەی کەتۆزی زیادمان کردووە، مەبەستەکەی هەر لەوە دایە ئێمە هاندانی قوتابخانەی ئەهلی نەکەین وەکو پشووش باس کراوە، بەقانوون زۆر کەس هەقی هەیە قوتابخانە بکاتەوە. هان نەدانی کردنەوەی قوتابخانەکان کاردانەوەیەکی خراپی هەیە، باقی تر ئەوانەی دانراون زۆر کەمن و وەکو دەستکەوتێک بۆ دەوڵەت دەگەڕێنەوە. کەباسی دۆلاریش دەکەی، تاکو ئێستا مووچەی فەرمانبەرمان هەر وەکو خۆیەتی بەدینارە وئەوە نیە تۆ دانیشی وبینرخێنی بەدۆلار وتکا دەکەم ئەم مەسەلەیە بالاتان روون وئاشکرا بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەدا پرسیارێک هەیە، ئەگەر هەموو شتی گومرگ یا رەسمەکان بەو چاوە تەماشا کەین کەدابنرێ دەچێتەوە سەر مستهلک، لەبەر ئەوە یان هیچ نەبێت مەبلەغێکی زۆر زۆر کەم دابنێین بۆ ئەوەی نەگەرێتەوە سەر مستهلک. ئەوە دەبێ مرۆڤ بیرێکی لێ بکاتەوە. بەڵام ئەوەی کەکارگەیەک بکاتەوە کەکاک رجب گوتی: ئەوەش هەر بیرێکی لێ بکرێتەوە. ئەوەی کەکارگەیەک یان چاپخانەیەک دادەنێ وابزانم بەملیۆنی دەوێ. جا بۆ ئەوەی هان بدرێ (١٥٠) دیناری لێ وەردەگیرێ. بۆ ئەمەش لیژنەی دارایی بناغەیێکی بۆ داناوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پارانە تەنیا رەسمی پووڵە، هی پوول لێدانە کەلەسەر داوا کارییەکە. دەنا بۆ نموونە لەکاتی کردنەوەی کارگەیەک، ئەو کارگەیە لەرەسمی بیناو تۆمار کردن نەبوردراوە. بۆ نموونە بۆ مامەڵەی

تۆمار کردنی تاپۆی کارگەکە بایی (١٠) دینار پولی لێ دەدرێ ئاخر رەسمی تۆمارکردنیش لەهەر (١٠٠) دینار (٣) دینار رەسمی لێ وەردەگرن کەواتە بابەتەکەی ئێمە بەکارهێنانی پوولە لەو مامەڵانەدا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاکەرەش سوپاسی ئەو تێبینی یەت دەکەم. خۆی قانوونەکە قانوونی پوولە. قانوونی باجەکان نییە ئەوە یەک، بەڵام ئەوەی مۆڵەت وەردەگرێ بۆ دروست کردنی کارگە تۆ بڵێی رەسمێکی تر هەبێ بۆ مۆڵەتەکە؟ چونکە ئەمە رەسمی وەرگرتنی مۆڵەتی دروست کردنی کارگە وچاپخانەیە، ویاخود ئەمە رەسمێکی ترە واتا رەسمێکی تریش پاش ئەمە هەیە؟ دەمەوێ لیژنەی دارایی رای خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لیژنەی هاوبەشمان لە لیژنەی دارایی ولیژنەی یاسا پێک هێنا ولەگەڵ وەزارەتی دارایی کۆبووینەوە لەهەموو رووێکەوە لێمان کۆڵیەوە. ئەوەی دانراوە تەنیا رەسمی پوولە، جگە لەو پارەی رەسم وباجیشی لێ وەردەگیرێ بەپێی جۆری مەعامەلەکەی وەک بەڕێز کاکەرەش گوتی کە مەعامەلەی دروست کردنی کارگە بچێ بۆ تۆمار کردنی خانوبەرە (تەسجیلی عەقاری) لەهەر (١٠٠٠) دینار (٣٠) دیناری تر دەدات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ کاک جمیل ئەمە بێگومان رەسمی پوولە، بەڵام بۆ ئەویە کارگەیەک دروست بکات. کە مۆڵەت وەردەگرێ، دەزانێ باجی دەرامەت دەبێ بدات، لەپاشان چەند داهاتی ببێ وچەند قازانجی ببێ باجی لەسەر ئەدا ورەنگە ئەگەر زەوی بکرێ ئەوە باجی لەسەر دەدات، بەڵام بۆ مۆڵەت وەرگرتن ئێمە تەنیا (١٥٠) دیناری لێ وەردەگرین.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ ئەو کارگەیە لە فەرمانگەی (کاتب عەدل) تۆمار بکرێ وئەوەش رەسمی تۆمار کردنی هەیە، چونکە کارگەکە بەتەنیا مۆڵەت وەرگرتن دروست نابێ.دەبێ بە وەسف کردن وجۆری تواناکانەوە تۆمار بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەمەوێ ئەوە روون بکەمەوە کە ئەو پارەیەی وەردەگیرێت تەنیا بۆ نرخی ئەو لیستەیە کە مۆڵەتی ئەو کارگەیەی پێ وەردەگیرێ. لەیاسای عێراقی رەسمی ئەو لیستەیە(٥) دینار ولەپرۆژەی وەزارەت (٥٠) دینارە، ئێمە کردوومانەتە (١٥٠) دینار بۆ مۆڵەتی کارگە کە بەپێی

یاسای عێراقی لەرەسم دان چاوپۆشی لێ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو جەنابت فەرمووت کەبابەتی ئەمە باج نییە، بەڵکو وەرگرتنی رەسمە، رەسمی مۆڵەتدان، ئێوە ووتتان کردنەوەی کارگە شتێکی وانیە حسابی قازانجی بۆ بکەی. بەڵکو دەبێ هان بدرێ وئاسان کردنەوەی بۆ بکرێ، تاکو خەڵک روو لەم کارە بکەن بۆیە دەبێ رەسمی کەمتر بێ و کاکەرەش یش باسی ئەوەی کرد کە ئەو کارگانە دوای مۆڵەت وەرگرتن دەبێ تۆمار بکرێ بەهەموو ئامێرەکانیەوە وهەقی تۆمار کردنی لە فەرمانگەی (کاتبی عدل) (٥) دینار وەردەگیرێ وهیچی تر نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەقی تۆمار کردن لەفەرمانگەی (کاتب عدل) چەند رەسم وەردەگیرێ؟

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

لیژنەی بۆ دادەنرێت وەکو لێزان (خبیر) لەخاوەن کارگەی تر دووکەس، سێ کەس بانگ دەکەن وئەو ئامێرانە ئەگەر لەدەرەوە هاتبوون (مستورد) بوون بەپێی ئەو نرخانە رەسمی وەردەگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بۆ کارگەیەک. بۆ نموونە مەلاهادی کارگەیەکی کڕیوە بەملیۆنێ.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە رێژەی هەیە لە ٢.٥٪ وەردەگیرا لە فەرمانگەی (کاتب عدل)، بەڵام سەبارەت بە مەکینە خۆجێیەکان لیژنە دەینرخێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا دوای ئەو روون کردنەوانەی کەبەڕێزان کردیان..

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەی لیژنەی قانونی لەگەڵ لیژنەی دارایی کۆبووینەوە، دووشتمان لەبەر چاو بوو. یەکەم هەندێ شت دەبێ هانیان بدەین و هەندێ شتیش ئەگەر زۆر گرانتری بکەی بۆ ئەوەی هاندانی لەلای ئێمەوە نەبێ. یەک لەوانە (براءة الاختراع)ە. یەکێک داهێنانێک دەکات دەبێ هانی بدەین، نەک پارەی لەسەر زیاد بکەین، یەک دینار پارە نیە بەپێچەوانەوە دەبێ ئێمە دیاری بدەینێ

کەئەو داهێنانە دەکات قوتابخانە ئەهلییەکان کە جیاوازی چینایەتی پەیدا دەکات لەناو میللەتەکەمان ئەمڕۆ بواری ئەوە نییە، کردمانە هەزار دینار، لەبەر هیچ هۆی تر نییە ئەوجا ئەو دووشتەمان لەبەر چاو بوو، بۆیە جیاوازی هەیە. سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش ئەوەی کە ئەو روون کردنەوانە بوو، ئێستا کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە کە لیژنەی دارایی ویاسا پێشکەشیان کردووە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٩- الكفالة او التعهدات اذا لم يكن مبلغ اى منهما معيناً ٣دنانير، الكفيل او المتعهد.

١٠- السفتجة والسند لامر الواجب دفعهما لدى الاطلاع ٣ دنانير، الساحب.

١١- وصولات لقاء تسلم مبالغ او ودائع تزيد على دينار واحد و يستثنى من ذلك:

أ- اوراق ايداع الشكيات ومبالغ نقدية وسحبها لدى المصارف.

ب- وصولات قبض محتويات صكوك المسافرين والشيكات الاجنبية و الحوالات المصرفية والبريدية.

جـ- وصولات من مبالغ معطاه لسد عوز الأشخاص المحتاجين او المدارس او المعاهد الدينية او الخيرية المعترف بها قانوناً، دينار واحد المدفوع اليه.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەمە هەیە؟ کەس نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

١٢- محاضر تسهيل العينات او ايداعها لدى الاشخاص: خمسة دنانير.

١٣- البيان الگمرگي (التصريحة الگمرگية) بضمنها كافة المستندات التي تقتضيها المعاملة الگمرگية.

١٤- قوائم البضائع المقدمة الى الگمارگ عشرين ديناراً ـ مقدم القائمة.

١٥- المانيفست او نسخة المقدمة الى الگمارگ ٢٠ عشرين ديناراً: مقدم المانيفست.

١٦- اوراق تسلم البضائع من المستودعات الگمرگية واوراق ايداع الضائع من المخازن و اوراق طلب نقل البضائع ١٠ دنانير: صاحب البضاعة ـ طالب.

١٧- الوصايا التي لاتحتوي على مبلغ معين عدا الوصايا الخيرية (٥) دنانير: الوصي.

١٨- الوكالات الخاصة ١دينار ـ الموكل.

١٩- الدفتر التجاري عند تصديقه لدى كاتب العدل ٢٥ دينار: صاحب الدفتر.

٢٠- الوكالات العامة ٢ دينارين: الموكل.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەمە هەیە؟ کەس نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٢١- الاحتجاجات والانذارات التى توجه بواسطة الكتاب العدول والاجوبة عليها وصورها (١) دينار: المجتمع والمنذر.

٢٢- شهادة منشأة البضاعة (٥) دنانير: مقدم الشهادة.

٢٣- قرارات الخبراء والمحكمين عدا ما يصدر منهم اثناء سير الدعوى (١) دينار الطرفان المتنازعان.

٢٤- شهادة الجنسية (١) دينار - طالب الشهادة.

٢٥- شهادة التجنس (٢٥) دينارا - طالب الشهادة.

٢٦- دفتر النفوس او هوية الاحوال المدنية والهوية الشخصية (١) دينار طالب الدفتر او الهوية.

٢٧- الابراء والاسقاط بلا عوض او بعوض غير نقدي عن حق او حال منقول او غير منقول (١) دينار موقع الورقة.

٢٨- النسخ الاصلية من الاعلانات التي تنشر في الجرائد والمجلات (٥) دنانير - المعلن.

٢٩- صور وملخص السجلات والاستشهادات التي تصدرها دوائر التسجيل العقاري (١) دينار - الطالب.

٣٠- الاوراق الممضاة او المختومة بأنها طبق الاصل، يستوفى عنها عين الرسم المستوفى عن الورقة الاصلية على ان لايزيد الرسم عن دينار واحد - طالب الصورة.

٣١- النسخ الاصلية من التصريحات الگمرگية ١٠ دنانير - مقدم التصريحة.

٣٢- التظهير الاول على رخص البضائع ٥ دنانير - صاحب البضاعة.

٣٣- شهادات اتمام المعاملات الگمرگية المتعلقة بمرور البضائع او دخولها ٢٠ دينارا - صاحب البضاعة.

٣٤- نسخ او صور قرارات واعلامات المحاكم والحجج الشرعية ١ دينار - طالب النسخة.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی یەک هەیە؟ من هەر پرسیارێکم لە لیژنەی دارایی هەیە لە پێش لیژنەی یاسا لەزۆر وڵاتان کە ئەو ڕەسمانە وەردەگرن، زیاتر ئیعتبار بەوە دەکەن کە هاووڵاتیش بەشداریی بکات لەکولفەی ئەو فەرمانبەرەی کەئەو ئیشە جێ بەجێ دەکات ومووچەی لەسەر وەردەگرێ، واتا

ئەوەی کەوا دەچێ بۆ لای فەرمانبەرێ، فەرمانبەرەکە چاپی دەکات یاخود ئیمزای دەکات ئێمە دینارێکمان بۆ داناوە. (اتمام المعاملة الگمرگية، النسخ او تصوير قرارات) مەزەندەشی ئەکات ودەچێ دینارێکی ئەداتێ کەلەسەر دەوڵەت زۆر زۆر لەوە زیاتر ئەکەوێ، ئەگەر پشتگیری بکەین یا پشتگیری نیوەی بکەین، بەڵام ئەگەر دینار بەدیناری جاران سەیری کەین ودیناری ئەو وەختەی کە قانونەکە دانراوە سەبر بکەین، ئەوەشتێکی ترە، من هەر ئەم پرسیارەم هەیە بۆ لیژنەی پسپۆر ونازانم لەلانی ئابووری یەوە ئەو شتانەیان بەرچاوی خۆیان خستووە یان لەگەڵ ڕێزم دا هەروا ئەو ژمارانەیان داناوەو، ئەمە بۆ دەبێ وابێ؟ (عقود المصانع التی تقوم بها المحاكم) مەسەلە ئەمە مۆڵەتەکەی کولفەی نییە؟ کولفەکەی دینارێکە ودەوڵەت دەبێ تەواوی تێچوونەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی، ئەمە پرسیارەکەی من بوو دەربارەی ئەمە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەر لەهەنووکە برادەران دیاریان کرد کەهەموو شت نابێ زیاد بکرێ، چونکە ئەو شتە بەرژەوەندییە وشتێکی رەمزی یە ولە وەزارەتی دارایی یەک دینارە نووسراوە، دەزانین ئەمە زەرەرە ئەگەر زیاد نەکرێ، رای کۆتاییش لای من نیە، بەڵکو بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە لێرەدا بڕیاری لەسەر بدەن ئەگەر بیانەوێ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر زۆر سوپاس. وەڵامی من هەر ئەوەیە کە ئەو رەسمانە زیاد بکرێن ورەنگە فەرمانبەر لەهەندێ شت دا تۆزێ ئەرکی دەوڵەت کەم بکاتەوە. دەمەوێ بەڕێزان ئێستاکە رای خۆیان دەربڕن. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم لاپەرەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە دەنگی لەسەر دراوە، بەڵام وشەی مینا هاتووە لەبڕگە (١٦) وابزانم ئێمە مینامان نیە و بۆیە ئەگەر بەباشی دەزانن بسرێتەوە گەر راتان لەسەر بێ.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لەهەندێ جێگا ئەسکەڵەی سەر زەوی (مینای بەڕی) و ئەسکەڵەی ئاسمانیش (مینای جەوویش) هەیە وپێیی دەگوترێ مینا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٣٥- نسخ او صور المحاضر و القرارات الادارية وقرارات المجالس والهيئات واللجان الرسمية:
(١) دينار طالب النسخة.

٣٦- عقود المصالحة التي تقدم الى المحاكم (٢) دينار - الطرفان المتصالحان.

٣٧- الاجازات (الرخص) كما يلي:

أ- اجازات الاطباء و أطباء الاسنان والاطباء البيطريين ومركبي الاسنان والصيادلة وفاحص البصر والكيمياويين والمهندسين والمحاسبين القانونين ومراقبي الحسابات: (٥٠) دينارا - طالب الاجازة.

ب- اجازات المحاميين والمحاسبين المجازين ٢٥ دينارا - طالب الاجازة.

جـ- اجازات المهن الاخرى التي تمنح بعد النجاح في الامتحان ١٥ دينارا - طالب الاجازة.

د- الاجازات الحكومية الاخرى التي لم يرد ذكرها في الجدول ١٠ دنانير.

ه- الاجازات الحكومية الاخرى ١٠دنانير.

٣٨- الشهادات والوثائق المدرسية كمايلي:

أ- الشهادة الابتدائية او مايعادلها.

ب- الشهادة المتوسطة او مايعادلها.

جـ- الشهادة الاعلى من الشهادة الاعدادية والادنى من الجامعية الاولية.

د- الشهادة الاعدادية او مايعادلها.

ه- الشهادة الجامعية الاولية.

و- الشهادة الاعلى من الشهادة الجامعية الاولية.

ز- الوثيقة الدراسية .... (١) دينار لطالب الوثيقة.

٣٩- الخرائط ونسخها سواء كانت مرسومة ام مصورة (١) دينار.

٤٠- الخرائط التي ترسمها الحكومة (١) دينار - طالب الخريطة.

٤١- النسخ المصدقة من دفاتر الخدمة التي تصدرها الحكومة لمنتسبيها (١) دينار - طالب الدفتر.

٤٢- اوراق رسوم المزايدات والمناقصات نهائيا ٢٥ دينار - الشخص الذي ترسو عليه المزايدة او المناقصة.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەمەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٤٣- عقود تجهيز الماء والكهرباء ونصب الهاتف (١) دينار - طالب.

٤٤- تبديل السند العقاري الدائمي (١) دينار السند

٤٥- التأييد وتبديل العقاري وبدل السند الضائع (١) دينار - طالب التسجيل او السند.

٤٦- تصحيح التسجيل وقف الاملاك والوصايا الدائمة الشبيهة بالوقف (١) دينار - طالب التسجيل او التصحيح.

٤٧- التسجيل المجدد والافراز والتوحيد وحقوق الارتفاق كافة عن ١٠٠ دينار او جزء منها من القيمة على دينار على ان لايتجاوز الرسم عن عشرة دنانير- ١٠دنانير - الطالب.

٤٨- ورقة التبليغ باستثناء اوراق التبليغ التي تصدرها المحاكم (١) دينار طالب التبليغ.

٤٩- ورقة الاقامة وتجديدها ٥٠ دينارا - طالب الاقامة وتجديدها

٥٠ - سندات الكفالة الشخصية التي تقدم الى المراجع المختصة (١) دينار- المكفول.

٥١- الشهدات التي يصدرها المختارون والجهات الدينية ١ طالب الشهادة.

٥٢- البيانات المتعلقة بحالة الاشخاص المالية الذين يشتركون في مزايدات ومناقصات الحكومة وبحالة كفاءتهم المالية ١٠ دنانير - طالب البيان.

٥٣- تظهير السند للأمر او السفتجة او التوقيع بقبوله وتستثنى المصارف من الرسم ١ دينار الموقع.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئێستا کێ لەگەڵ ئەمەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٥٤- المصادقة على صحة التواقيع والاختام (١) دينار طالب التصديق.

٥٥- بيانات الولادة والزواج والطلاق والاقتران وتغيير المسكن ١ دينار.

٥٦- العرائض والطلبات المقدمة للحكومة ويستثنى منها مايلي:

أ- العرائض التي يقدمها منتسبوا الحكومة بشأن طلب الاجازة والاستقالة والاحالة على التقاعد (١) دينار الموقع.

ب- عرائض المحتاجين لطلب المساعدة المالية.

ج- العرائض التي يرفعها المسجونون والموقوفون والمحجوزون.

د- العرائض الواردة مباشرة من الخارج الى مراجعها.

ه- العرائض المقدمة برقيا.

و- الاستمارات والطلبات التي هى بحكم العرائض والمتعلقة باعمال المصارف وشركات التأمين المقدمة اليها.

ز- كتب التخويل الموجهة من اصحاب العلاقة بالمصارف بشأن معاملاتهم المصرفية. (١) دينار الموقع.

ح- العرائض التي يقدمها الطلاب الذين يدرسون خارج العراق. (١) دينار الموقع.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی یەک لەسەر ئەوە هەیە؟ ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە وەربگیرێ وەکو ئەوەی خوێنرایەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

«الجدول الثاني» جدول الرسوم النسبية. بەڕێزان ئەو خشتەیەی لای جەنابتانە لە کاتی لە چاپداندا هەڵەی زۆری تێکەوتووە:

أولاً: يستوفى الرسم عن الاوراق المدرجة ادناه دينار واحد ولحد الف دينار ويستوفى نسبة دينار واحد عن كل الف اضافية ويعتبر كسر الالف الفا لاغراض الرسم.

١- الاقرار بالدين المدين.

٢- عقد القرض المقترض.

٣- الكفالة او الكفالة المصرفية وخطاب الضمان الكفيل او المتعهد او المكفول او الامر او التعهد اذا كان المبلغ معينا.

٤- الابراء والاسقاط مقابل عوض نقدي عن موقع الورقة حق او مال منقول او غير منقول موقع الورقة.

٥- الوصايا التي تحتوي على مبلغ معين عدا الوصي الوصايا الخيرية، الوصي.

٦- السند للامر والسفتجة المشروطة دفعها للساحب / المحرر للحالات الاتية: (الساحب / المحرر)

أ- في ميعاد معين.

ب- بعد مضي من الاطلاع.

ج- بعد مضي مدة من تأريخ انشائها.

٧- المقاولات والعقود المحتوية على مبلغ معين المتعاقدون.

٨- عقود التسهيلات المصرفية وعقود فتح الممنوح التسهيلات والاعتمادات المصرفية. (المتعاقدون وطالب فتح الاعتماد).

ثانيا: تستوفى الرسوم بنسبة نصف في المائة٪ عن تسجيل المعاملات التالية في دائرة التسجيل العقاري.

١- حق الامتياز وزواله والرهن وزيادة مبلغه وفكه صاحب الملك اوالمحيل وانهائه وتدويره ويتخذ مبلغ الرهن او الزيادة فيه اساسا لأحتساب الرسم (صاحب الملك اوالمحيل).

٢- الارث والانتقال او الوصية بالتمليك او الوارث او صاحب حق الانتقال بالعين وتتخذ قيمة الملك اساسا لاحتساب الرسم (الوراث او صاحب حق الانتقال او الوصي).

ثالثا: يستوفى الرسم بنسبة واحد بالمئة من الشخص الذي يسجل العقار باسمة من قيمة الملك عند تسجيل معاملات نقل ملكية العقار او نقله او تصحيح الصنف نقدا او عينا. (الشخص الذي يسجل العقار باسمه).

رابعا: يستوفى الرسم بنسبة واحد من الالف من صاحب الماكنة من قيمة المكائن الخاضعة للتسجيل قانونا - عدا وسائط النقل الخاصة لقانون المرور وذلك عند تسجيلها لأول مرة وتحويل ملكيتها (صاحب الملك).

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئەوەبوو کە بۆ پارێزەرەکان لەهەزارا یەکیان لێ ئەسەنن ئەگەر تۆماری بکەن لەلای (کاتب عدل)، (یستوفی رسم واحد بالالف) بەڵێ لەملیۆنێک هەزار دینار وەردەگیرێ. کێ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز ســـەعـــیـــد عـــەلی خـــان سلیـــڤـــانی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

دەربارەی مامەڵەو تۆماری مامەڵە لە فەرمانگەی تۆمار کردنی خانووبەرەدا، من پێشنیار دەکەم کە ئەو نیوە ببێتە یەک دینار، دەربارەی بەشی (امتیاز ورهن وفک)...وهتد، ئەمە برگەی دووش دەگرێتەوە وسەبارەت بە برگەی سێ (یستوفی الرسم بنسبە واحد بالمائە) من پێشنیار دەکەم ببێتە لەسەدا سێ، چونکە مامەڵەکانی گوێزانەوەی موڵکایەتی ئێستا شێوەیەکی بازرگانی وەرگرتووە یانی نرخی خانووبەرە زۆر بڵند بووە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا هادی خـــضـــر کـــوێخـــا:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

رایەکەی منیش وەکو کاک سەعیدە لە ٣٪ خراپ نییە لەبابەت تۆمار کردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـــەمـــیـــد ســـەلیم مـــیـــران:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەرای من ئەو رەسمە رەسمی پوولە وئەمە پەیوەندی بەرەسمی تاپۆ وە نیە ئەمە شتێکی زیادەیە جگە لەو رەسمە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەعـــیـــد عـــەلی خـــان سلیـــڤـــانی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

دەربارەی(رەسمی طابع) پوول ئەوەش هەر بەرێژەیە نەک براوەیە یانی رەسمی پوول (طابع) بەرێژە وەردەگیرێ، بەڵێ رەسمی نوێ کردنەوە ٣٪ یە، سوپاس.

**بـەڕێـز د.نـەبـەز عـــــــــەبـدولـرەزاق:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

هەر خشتە تەواوبوو، ئێمە بە کاغەز ئاگاداری جەنابتمان کردەوە کە رەسمی مۆڵەتدانی نەخۆشخانەکانی ئەهلی وتایبەتی تێدا نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

بابزانین لیژنەی تەندروستی دەڵێ چی؟ لەبارەی ئەم خاڵەوە کە د.نەبەز باسی کرد؟

**بەڕێز د. فـــایەق مـــحـــەمـــەد گـــوڵپی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من لێرە نەبووم وپێشتر ئەو گفتوگۆیەتان کردووە وئێستاش نەم بینی ومافی خۆیەتی د.نەبەز ئەم پێشنیارە بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین لیژنەی یاسا لەرووی یاسایی یەوە هیچ لاریبیان هەیەکە ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ لەدواییدا؟.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە لەلیستەکەدا نەهاتووە وهیچ لاریش نییە بڕگەیەک زیاد بکەین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین پێش هەموو شتێک کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. جا ئەوە لیژنەی یاسا با دایبڕێژن. فەرموو کاک سەید حەسەن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی زیاد کردنی ڕەسمی تۆمار کردنی خانووبەرەوە (تەسجیلی عەقاری) لەیەکەوە بۆ سەد ولەسێوە بۆ سەد ئێمە لەگەڵدا نین، چونکە ئەگەر پارە نرخی هاتە خوارێ خانووەکانیش نرخیان بڵند بۆوە، بەگوێرەی ئەو بڵند بوونەوەیە وەردەگیرێ. خانوو پێشان بەدەهەزار دینار بوو، ئێستا بەسەد هەزارە ولەو سەد هەزارە وەردەگیرێ ولە دەهەزارەکە وەرناگیرێ. بۆیە بەهای ڕەسم هەر ئەوە بمێنێتەوە، چونکە لەسەدا سێ دەدات بۆقیمەتی تۆمار کردنی تاپۆ وزۆر پیاوی هەژار هەیە هەر پێی ناکرێ خانووەکەی بگۆڕێ (تەحویل) بکات، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ ئەو بۆچوونەم، چونکە ئێمە یاسا تەنیا بۆ ئەمڕۆ دانانێین دیناری عێراقیش هەروا ڕەزیل نابێ هەتا هەتایێ دینارێک دەفلس بێت. بۆیە دەبێ ئەوە ڕەچاو بکرێت. سوپاس

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی دیاری کردنی مۆڵەتی(انشای مستشفیاتی ئەهلی) ماوەکەمان دیاری نەکرد چەندە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کارگەکان چۆن بۆی دانراوە وچەندە؟ چونکە ئەوە بەس ڕەسمی پوولەکەیە و، نەخۆشخانەکان لەدووجێ تۆمار دەکرێت لەوەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی لەویش پارەی دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە خستمانە دەنگ دانەوە وئێستا کێ دەنگ لەسەر ئەوپێشنیارەی د.نەبەز دەدات کەدەڵێ ڕەسمەکەی ١٥٠ دینار بێ وەکو کارگە. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، ئینجا پێشنیارەکەی کاک سەعید لەسەر ڕێژەی لەسەدا بکرێ بە یەک لەسەدا. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ڕێژەیە لەنیوەوە بگۆڕدرێ بەیەک؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا بەڵێ ئەو پێشنیارەی تری کردی (یستوفی رسم) لەجیاتی ١٪ ببی بە ٣٪ وئێستا کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوای مۆڵەت لەبەڕێزتان دەکەم ئەگەر بوارم بدەن دووقسان بکەم و، مۆڵەتیشم بدەنێ تاکو بڕۆم..

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مۆڵەتەکەت قبووڵ کرا وحەزدەکەی چوار قسانیش بکەن!

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە بڕیاریان داوە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران کەهەموو ڕۆژی سێ شەموان تەرخان بکرێ بۆ هاتنی وەزیرەکان بۆ ئێرە، حەقە تەرتیبێک بکرێ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەم ڕۆژە، ئەمڕۆ کۆبوونەوەیان هەیە لەجیاتی ئەوەی بەیانی زوو کۆبوونەوەی خۆیان بکەن، ئەبوایە دوای سەعات یازدە بیکەن لەگەڵ زانستگادا، ئەبوایە دووای ئەو ئەگەر بڵێین کات نەبووە ئەمڕۆ زۆرکاری پێویست هەبوو لەناوچەی ڕانیە وسەنگەسەر وقەڵادزە خەڵک کوژراون، کێشە رووی داوە، ئەگەر هیچ نەبایە، دەبوایە ئەمڕۆ حکومەت لێرە ئامادە بوایە وروون کردنەوەیەکی پێشکەش کردبایە، چ سنوورێکیان بۆ ئەو خەڵکە داناوە، کەلەسەنگەسەردا بازگەیان داناوە وتەقەیان کردووە خەڵکیان کوشتوە، تکا دەکەین لەگەڵیان ڕێک کەون ڕۆژی سێ شەممان، یان ئێمەش کەزانیمان لادراوە (الغاء) بووە ئەوە نەماوە، ئەگەر نا هەر کاتێک عەقڵیان بڕی بڵێین ئەمڕۆ کار نیە وئیش نییە یان پرسیارەکان درەنگ گەیشتوون، لەڕاستیدا پرسیارەکانیش گەیشت بون، من هی فراکسیۆنی خۆم پێش چوار پێنج ڕۆژ سپارد. ئینجا تکا دەکەین جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر وەڵامێک بێ ئەیدەین بەفراکسیۆنەکە، هەرچەند جەنابیشت لێرە نەبی، بەڵام من پێم وایە

ئەمە جاری یەکەمە فراکسیۆنی ئێوە یان فراکسیۆنێکی تر کەچەند رۆژێکە بلێ ناردوومانە، هەموو کاتێک سەرۆکایەتی لەگەڵ فراکسیۆنەکان کۆبۆتەوە. تکایە پێش وەخت ئەو پرسیارانە بنێرن، وتووشمانە کە ئەمە سێ مانگە بەردەوامین، وەزیر لەگەڵ سەرەک وەزیران بەراستی با روونی بکەینەوە، ئینجا ئەوپرسیارانەی کەخۆی ناتوانێ وەلامی بداتەوە یان داوای وەلام دەکات ولەگەڵ خۆی دەی هێنێ وئەمە جاری یەکەم نییە، ئینجا هەتا ئەگەر فراکسیۆنی زەرد وەکو کاک فەرسەت بۆی تەئکید کردم و وتی پێش وەخت وەریان گرتووە وئێمەش دەلێین ئەوپەڕی رۆژی یەک شەممە دەبێ ئامادە بکرێ وبهێنرێ بۆئەویە دوو رۆژ بوار هەبێ بۆ ئەم شتە.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنیا بۆزانین ئێمە دوو پرسیارمان بەناوی برای خۆشەویستم کاک ئازاد قەرەداغی هەفتەی رابوردوو ناردووە نەک ئەو هەفتەیە، سوپاس.

**بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی رێکەوتووین  کە پرسیارەکانی سەرەک ئەنجوومەنی وەزیران لەرۆژی یەکشەممە تێ نەپەرێ وئێمە کوتلەی سەوز رۆژی یەک شەممە گەیاندمانە دەست سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان وچوار پرسیاریش بوو لەهەمان رۆژدا دامانێ، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەلام کاکە سەید ئایا قسەکە راست نییە؟ کەزۆر جار سەرۆکایەتی دووای فراکسیۆنەکان کەوتووە بۆئەوەی ئەو پرسیارانە بگۆڕن ئەوە راست نییە؟.

**بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێوە باسی ئێستا دەکەن، یان باسی کاتی تر دەکەن؟ ئەمە سێ هەفتە لەهەمان رۆژی شەممە ویەک شەممە پرسیارمان داوە وبەرواری ئەوەشی لەسەرە کەداوامانەتە شوێنی خۆی وجاریش هەبوو دووا کەوتووە لەگەلتم، بەلام ئەوە سێ هەفتەیە هەمووی بەرێکی دراوە، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە. کاک فەرسەتیش را یەکی هەیە ودەلێ کوتلەی سەوز کەپێنج پرسیاریان رەوانە کردووە لەبەر ئەوە گەراندوومانەتەوە بۆیان، بلێین بۆ پاشەوە.

**بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمان رۆژی یەک شەممە ئیمزا کراوە، ئەوی تر دراوەتەوە دەستی.. سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رای منیش لەگەڵ هەر دوو فراکسیۆنەکە دایە، وبەڕاستی شتێکی زەحمەت نیە، ئەو پرسیارانە پێش وەخت بێت، مەرج نیە هەر یەک شەممە بێ، دەتوانی شەممە بێت وپرسیارەکانیش لەئەندامەکانەوە بدرێن بەفراکسیۆن، لەوێ بزانرێ کامەیان هی ئەوەیە پێشکەش بکرێ، لەهەمان کاتیشدا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی داوای کردبوو لە راگری کۆلیژەکان ولەگەڵ پرۆفیسۆرەکاندا کۆببنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثالثة:

١- تطبع عقود شركات للرسم طبع خمسة من الاول عند تسجيلها تمديد مدتها وزيادة رأسمالها.

٢- يتخذ رأسمال الشركة عند تسجيل اوتمديد اساسا لاستفاء الرسم و في حالة زيادة الرأسمال، يستوفى الرسم عن الزيادة فقط.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، دەربارەی ماددەی سێ وچوار هیچ پێمان پەسەند نەبوو، کەهیچ بەدوادا چوونێکی تێیدا بکەین وهەروەکو خۆی مایەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددە سێ وەکوخۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الرابعة:

١- يستوفى من شركات التأمين رسم سنوي بنسبة اثنان من الالف من مجموع اقساط التأمين من تجارة، تخضع لهذا الرسم اقساط اعادة التأمين.

٢- يتحمل المؤمن الرسم المقرر من فقرة (١) من هذه المادة وكل اتفاق على خلاف ذلك يكون باطلا.

٣- اضافة هذا الرسم المنصوص عليه في الفقرة (١) من هذه المادة، يستوفى من شركات التأمين رسم على اقساط التأمين المنتجة كما يأتي:

أ- وثائق التأمين على الحياة والحوادث الشخصية الملحقة بها واي تأمين اخر يتعلق بهذا النوع من التأمين و التعديلات الحادثة على تلك الوثائق، ويكون الرسم بالنسبة ٥ من الالف من مجموعة اقساط التأمين بموجب الحسابات الختامية.

ب- تخضع للرسوم المنتجة الاولى المسلمة للمؤمن له او المستوفى من وثيقة التأمين المنظمة بالنسخ المتعددة.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی یەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟... کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دێینەوە سەر حوکمە پەڕاگەندەکان (احکام متفرقة). لە ا(حکام متفرقه)دا لەماددە (١٧) سێ بڕگە پەسەند کرا، بڕگەی چوارەم وپێنجەم (د ـ هـ) لەگەڵ بڕگەیەکی دیکەش ئەوە خرایە سەری. کەمەسەلەی سەپاندنی سزای پوولە.

د- اذا الصقت الطوابع او ابطلت كلها او بعضها بصورة تخالف التعليمات الصادرة بموجب هذا القانون فيعتبر الرسم غير مستوفى بالمقدار الذي تم فيه الالصاق او الابطال خلافا للتعليمات المذكورة ويلزم استفاء الرسم بالمقدار المذكور.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەمە ڕای لیژنەی دارایی یە یا لیژنەی یاسایە؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە هەندێ کەم وکوری هەبوو کاتی خۆی ئێمە ڕای وەزارەتمان وەرگرت، وەزارەت ڕازی بوو لەسەر ئەو زێدەکردنانە، ئەوە لەنێوان حوکمە پەڕاگەندەکاندایە (احکام متفرقة).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی یەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی من لەسەر ئەوە بوو کەیەک شتیان بیرچووە، ڕەسمی چەک (سلاح) هەموو میللەتەکە چەکدارە، هیچ نییە ئەگەر پارەیان لێ بسێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە نەم نووسیوە، ئەگەر کارمەند پووچەڵ کردنی پوولەکەی کرد؟ سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ڕای لیژنەی یاسا چی یە لەو تێبینی یەی دکتۆر ڕزگار ئەوەی کە کارمەندەکە خۆی پشت گوێی خستووە لەپووچەڵ دا بۆ خاوەنی قەزیەکە ئەو گوناهی چییە؟.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

جاری بەنیسبەت ئەوەی مام ڕۆستەم، بابەتی چەک کە ئەو پرسیارەی کرد ئەمە یاسای ڕەسمی پوولە ئەگەر شتی تر هەبێ ئەوە لە قانوونی ئەسلحە کەئێستا بەکاردێ، ئەگەر ئێمە خۆمان قانونێکی تایبەتیمان دانا بۆ چەک هەڵگرتن یان مۆڵەت پێدان ئەوە لەوێ دەکرێ، چونکە ئەوەی کاک دکتۆر رزگار ووتی: بەڕاستی پرسیارەکەی زۆر روون نەبوو، ئەگەر مەبەستی وابێ کەئەگەر پشتگوێ خستنی پێوە نووساندنی پوولەکە لەئەستۆی فەرمانبەرەکەبێ، ئەمە حاڵەتێکی تایبەتی یە، وئێمە باسمان کردووە وبەس ئەگەر خاوەنی مامەڵەکە ئەو پوولەی بەشێوەیەکی هەڵە لێ دابێ، ئەوە بەشێک لەو ڕەسمەی کە بڕیارە بیدات دەبێ پارەی ئەو بەشەی هەڵەیە بدات، لام وایە دەقەکە بەو شێوەیە ونازانم کاک دکتۆر چۆنی تێگەیشتووە؟ سوپاس.

**بەڕێـز د. قـــاسم مـــحـــــەمــــــەد قـــــاسم:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەوەی کاک عەدنان ووتی ڕاستە، بەس دیارە لیژنەی یاسا دژیەتی فەرمانبەر پوولەکە پووچەڵ دەکا، ئەگەر ئەو فەرمانبەرە پشتگوێی خست (مستوفی) حەقی چیبە، گوناهی چیبە؟.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

وابزانم کاک ئەیاد جارێکی تر بیخوێنێتەوە مەسەلەی کارمەند لێرە نییە.

**بەڕێـز ئـەیـاد حـــاجی نـامـق مـــەجـــیـــد:**

اذا الصقت الطوابع وابطلت كلها او بعضها بصورة تخالف التعليمات الصادرة بموجب هذا القانون ويعتبر الرسم غير مستوفى بالمقدار الذي تم فيه الارصاد او الابطال خلافاً للتعليمات المذكورة ويلزم استفاء الرسم بالمقدار المذكور.

زۆر جار پێشەکی مامەڵە بەخۆی مامەڵە پووچەڵ دەکات، بەڵام کە پووچەڵی دەکات بەشێوەی سەرپێچی بە ڕێنمایی پووچەڵ دەبێت یاخود بۆ ارصادەکە دەبێت، جا بۆیە لێرەدا خۆی پابەندە ئەوەی کەوا هەڵەی کردووە تەحەمولی هەڵەکەی دەکات. سوپاس

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، جاکێ لەگەڵ ئەو ماددەیە کە خوێندرایەوە، ئەو داڕشتنەی کە لیژنەی یاسا خوێندیەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێـز ئـەیـاد حـــاجی نـامـق مـــەجـــیـــد:**

ە- لوزير المالية فرض الغرامة المنصوص عليها في المادة السادسة عشرة وتفرض الغرامات المنصوص عليها في المواد الاخرى من هذا القانون من قبل رئيس الدائرة وفي حالة الامتناع عن

دفع الغرامة يطبق بحقه احكام القوانين المرعية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا پرسیارێک هەیە ودەڵێ ئەمە بەهاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەت دەکرێ؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پاش ڕەزامەندی پەرلەمان لەسەر ئەوەی کە بخرێتە سەر صیاغە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپاش ئەوەی کە سزایەکە (غەرامەکە) بریار دەدرێت لە بریارمان دا کێ بریاری ئەو سزایە دەدات؟ ئینجا ئەوە بوو لەسەر ئەمری پەرلەمان بووکە دەقەکە صیاغە کرا، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەش هەر ڕەزامەندیی وەزارەتی لەسەر وەرگیراوە کەبەرهەڵستکار نەبووە زیاد بکرێ. سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، کەس تێبینی لەسەر ئەمە هەیە؟ نەخێر نییەو، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی کەخوێنرایەوە بمێنێ؟ سوپاس کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

و- لایمنع فرض العقوبات المنصوص عليها بموجب احكام هذا القانون من تطبيق احكام قانون العقوبات والقوانين الاخرى، اذا كان فعل المرتكب يشكل جريمة بموجب احكامها.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ئەم دەقە هەیە؟ نەخێر، کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مەسەلەی اعادەی ڕەسم، بەراستی شتێکی زۆر پێویست بوو، هەروەکو باسم کرد و، دیسان دووبارەی دەکەمەوە، بەرێکەوتن لەگەڵ وەزارەت ئەو دەقەمان نووسیوەتەوە کەلە قانونی عێراقیش دا هاتووە کاتی خۆی.

المادة الثامنة عشرة:

١- يعاد بقرار من الوزير او من يخوله بناءً على طلب ذوي العلاقة ٩٠٪ تسعون بالمائة من:

أ- قيمة الطوابع غير المستعملة او التي تمزقت او تشوهت سهواً قبل استعمالها.

ب- الرسم المستوفي سهواً على ورقة غير خاضعة للرسم او خاضعة لرسم يقل عن الرسم الواجب استيفاؤه.

٢- تُعاد قيمة الطوابع غير المستعملة كاملة اذا كان طالب الاستيرادمجازا بالبيع بعد خصم العمولة.

٣- للوزير او من يخوله ان يعيد الرسم المستوفى نقداً او بطوابع اذا اقتنع بان المكلف بالرسم لم يستنفذ الغرض الذي دفع الرسم من اجله.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا هیچ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟...کێ لەگەڵدایە وەکو خۆی وەربگیرێ؟. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاساکە تەواو بوو، چونکە ئەو ماددانەی کۆتایی دەنگ دانی لەسەر کرا، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەم یاسایە تەواو بوو کە دەمێک بوو پێوەی بووین، ئێستاش تا سەعات (١٢) پشوو دەدەین ولەسەعات (١٢) پرۆژەی بریارێک هەیە ئەوەش باس دەکەین.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمرۆمان بەرچاو خستنی پرۆژەی بریارێکە دەربارەی دەستەلات پێدانی سەرۆکی یەکەکانی بەرێوەبردن، سەبارەت بەدەست بەسەرداگرتنی ئەو خواردەمەنی یە سەرەکیانەی کەدەشاردرێتەوە وبەقاچاغ دەردەکرێت، ئینجا ئەمە بەراستی پێشنیارێک بوو، ئێمەش لەکاتی خۆی دا ناردمان بۆ لیژنەی یاسا، هەروەها بۆ لیژنەی دارایی، ئینجا ئێستا ئەگەر ببوورن داوای ئەسلی پێشنیارەکەم کرد کە بیخوێنینەوە ناوی ئەوانەی کە پێشنیارەکەیان کردووە، چونکە بریارێک کە سیفەتی قانوونی هەبێ دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران یاخود (١٠) کەس لەئەندامانی پەرلەمان پێشکەشی بکەن رەنگە بۆ ئەوەش تۆزێک دوا بکەوین بۆ ئەو ناوانەی کەلامان نین و، ئێستا بۆمان دێن ودەیخوێنینەوە ولەهەمان کات ئێمە بیروڕای لیژنەی یاسا ولیژنەی ئابووریشمان لەلایە ولەبەردەمی بەرێزانە وئینجا لەسەر ئەمە موناقەشەی دەکەین، ئەمن بەراستی بەپێویستی دەزانم لەپێشەوە پێشنیارەکە بخوێنینەوە، ئینجا ئەو راو تێبینی یانەی لیژنە یاسا ولیژنەی ئابووری بخوێنینەوە. ئەگەر بەرهەڵستکاری نییە ئەو پێشنیارەی کە هاتووە دەیخوێنینەوە، ئینجا رای لیژنەی یاسا ولیژنەی ئابووریشی لەسەر بدرێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تأريخ القرار

استناداً الى الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس مايلي:

اولاً: يخول رؤساء الوحدات الادارية صلاحية وضع اليد على المواد الغذائية الرئيسية (الطحين، السكر، الشاي، الرز، زيت الطعام) اذا قام المتاجر بادخارها او اخفائها دون عرض نماذجه او رفع اسعارها بشكل فاحش يؤدي الى خلق ازمة خطيرة تهدد الامن الاقتصادي والاجتماعي في الاقليم.

ثانياً: تشكل لجان خاصة لغرض تنفيذ القرار وعليها جرد المواد التي يتم وضع اليد عليها وبيعها الى المستهلك مباشرة وبسعر اعتيادي و دفع قيمتها الى اصحابها حال بيعها.

ثالثاً: تتم مصادرة المواد المشمولة بهذا القرار اذا اخفاها صاحبها وأنكر وجودها.

رابعاً: على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا ئەمە پێشنیارەکەیە ولە ١٠ ئەندامی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەمە لەکاتی خۆی دراوە بە لیژنەی یاسا، ئەگەر یەکێک لەبەڕێزان ئەندامانی ئەم لیژنەیە رای خۆتان بخوێننەوە بۆ پەرلەمان. ئەگەر لاتان نییە ئێمە لامان هەیە، لاتان هەیە بیخوێننەوە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە وەڵامەکەی ئێمەیە: بۆ بەڕێزان سەرۆکایەتی ئەنجوومەن، بابەت/ وەڵام: لە ١٢/٣ دا لیژنەکەمان لەم کێشەیەی کۆڵییەوە، ئەم کێشەیە لەماددەی ٤٦٦ی یاسای سزادانی عێراقی ومادده ١٠ی یاسای ڕێکخستنی بازرگانی دا چارەسەر کراوە، بەڵام بارودۆخی ئابووری ئێستامان ماوە نادا کەنرخ لەسەر کەل وپەل دابنرێ، کارێکی وەها دەکات کە نەتوانرێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئینجا دەمەوێ هەردوو مادده قانوونی یەکەی کە ئێمە ئیشارەتمان پێ داوە ئەگەر پێیان خۆش بێ بۆتان بخوێنینەوە کە چارەسەری کێشەکەیە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەزیری داراییش رایەکی هەبوو لەسەر ئەمە، ئەگەر لیژنەی دارایش رای خۆیان بخوێننەوە کارێکی باشە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ هەنگاوەکە بۆ چارەکردنی دیاردەیەکی ئابووری یە. بەڵێ ئەم جۆرە بابەتانە زەحمەتن تا جێ

بەجێ دەکرێت گەلەک رێنومایی تایبەتیان پێ دەوێ کە لەئەنجوومەنی وەزیران دەربچن. بڕگەی یەک ودوو باشن بەڵام بڕگەی سێ یەم بەهیچ جۆرێک لەگەڵێدا نینە، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئێستا دوو راتان بۆ خوێنرایەوەو، وابزانم لەبەردەمتان دا هەیە، ئینجا نازانم کێ لەسەر ئەم بابەتە تێبینی یەکی هەیە؟.

**بەرێز سەعید عەلی خان سلیمانی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی لیژنەی یاسایی بۆی چووە ماددەی (٤٦٦)ی (قانونی عقوبات) چارەسەری کێشەکەی کردووە، کاتی خۆی کە حکومەت کەل وپەلیان (تجهیزیان) مەرکەزی بوو، بەڵام بەنیسبەت ئێستاکە بازرگانی ئازادە، بازرگان. دەیهێنێ، ئەوە قازانجێکی لەڕادە بەدەرە، من دەبینم ئەوە بەسەرۆکی یەکەی بەڕێوەبردن بدرێت تا خۆی دەستی بەسەردا بگرێت وئەو کەدابەشی بکات بەهەمان نرخ دووەم: دەربارەی ئەوان دەست بەسەر دا گرتنی کەل وپەل کە لیژنەی دارایی وئابووری رایان لەسەر نییە، وەختی قانوون دابنرێت لەدەقی یاسایی دەڵێ (زجراً لە وردعا لغیرە). ئەدی ئەگەر دەست بەسەر داگرتنی تێدا نەبێ وەکیل هەمووی دەشارێتەوە وپاش ماوەیەکی تر بەدەری دەخاتەوە بەگران دەیفرۆشی، جا من پێشنیار دەکەم جگە لە دەست بەسەرداگرتن سزاشیان بدرێ سزای گرتنی لەگەڵ بێ. سوپاس

**بەرێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەبینم ئەوە بڕیارێکی هەڵاوێردراوە (قەرارێکی استثنائی) یە، بۆ ئەم بارودۆخە وئەو دەسەڵاتە زۆرە بەکارمەندی ئیداری بدەن، چونکە ئێمە لەوڵاتانی جیهانی سێیەمین وزۆر جار ئیدارە لەسەر دەسەڵاتی خۆی تێدەپەڕێنێ، دەسەڵاتی دادگەری هەیە ودەسەڵاتی یاسادانان هەیە، بەرای من ئەو دەسەڵاتانە بەس بە پارێزگار بدرێ یان بەقایمقام، ئەمە یەک. دووەم: لەبڕگەی دووەم دا هاتووە پێکهێنانی لیژنەی تایبەتی. بەڵام ئەم پێک هێنانەی لیژنەی تایبەتی، پێویستە (ئیجرائاتی اصولی) هەبێ کە ئەو شتە دەکات واتا بە بەڵگە بێ بازرگان مافی بەرگری ولێدانی (دفاع وطعنی) لەو بڕیارە هەبێ، لەدادگای تێ هەڵچوونەوە (استئناف)دا و وابزانم بڕگەی سێش بەرای جەنابتانە بەس توندە، بڕگەی سێ کە مەسەلەی دەست بەسەر داگرتن بێ، لەوانەیە هەر بڕگەی دووی تێدا بێت بەسبێ، سوپاس.

**بەرێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حکومەتی کوردستان یاسایێک دابنێ وحورمەتیشی لێ بگرین، یانی بیر لەسەرەتاو کۆتایی

یاسایەکە بکەینەوە، ئێمە کاتێک دەتوانین قانون دابنێین وپەیرەوی بکەین وخەڵک سزا بدەین، خۆمان بتوانین شت بێنین وبە فرۆشیار بڵێین وەرە ئەمە بفرۆشەوەلەوەندە بەزیاتری نەدەی، دەنا سزا دەدرێی وئەوەندە غەرامەت دەخەینە سەر ئەو وەختە ئێمە دەتوانین ئەو قانونانە پەیرەو بکەین و، من لەگەڵ ئەوەدا نیم لەئێستاوە دەست بەسەر ماڵی خەڵک دابگرین، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

وەکو دەرکەوت ئەم پرۆژەیە لەلیژنەی یاساوە نییە، بەلام لەوانەی ئیمزایان کردووە ماف پەروەرو یاسایین، مامۆستا مەلاتاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زەینەلعابدین:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەم یاسایانەی کە دەردەچن لەپەرلەمانی کوردستانەوە هەموو لەبەرژەوندی وولاتی ئێمەیە وگەلی ئێمەیە، لەڕاستی دا ئەوەی دەمەوێ دەری برم دوو تێبینییە لەسەر دوو ئەندامی لیژنەی یاسا ولیژنەی ئابووری، ئەویش ئەوەیە ئێمەدەمانەوێ یاسایێک دەرچێ وریزی لێ بگیرێ وراپەڕێندرێ وهەلی جێبەجێ کردنی بۆ دابین بکرێ. ئەوەی سێ یەم با لای بەین وئەگەر لاش نەدرێ با بگوترێ: (لرئیس الوحدة الادارية مصادرة المواد المشمولة) ئەوەی بۆ دروست بێ، نەک (تتم) چونکە (تتم) حەتمیەت دەگەیەنێ بەلام ئەگەر بگوترێ (لرئیس الوحدة الادارية) حەقی خۆیەتی تاکو ئەو ترسەی سزای لەگەڵ دابێ. ئەوەی مام ڕۆستەمیش گوتی: من پشتگیری دەکەم چونکە نرخدانان وەختێک دەبێ کە خواردەمەنی وخۆراک لەحکومەتەوە واتە: حکومەتی کوردستانەوە بدرێ بە فرۆشیار نرخی ڕەسمی بەسەرە وەبێ ئەوجا ئەم بڕیارە بە ئێمە رادەپەڕێندرێ، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێـز کـــــەمـــــال جـــــەلال غـــــەریـب:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

خۆی یاسایێکی ئابووری هەیە، نرخ پەیوەندی بە (عەرزو تەڵەبەوە) هەیە هەموو دەزانین هەتا (عەرز) زۆر بێ لەناو بازار وشت دابنێین ئەوە نرخ دێتە خوارێ، بەلام من ئەوە بەباش دەزانم و، وەختی خۆیشی باسمان کردووە، ئەنجوومەنی وەزیران یان وەزارەتی تایبەتمەند خۆی بیتوانیایە چەند پرۆژەیەکی دابنایە لەشارەکان وخۆی شتی بهاوردایە لەدەرەوە ڕەنگە کارەکە ئاسانتر بوایە بۆ هەموو لایەک یان هیچ نەبێ لەگەڵ هەندێ بازرگانی نیشتمان پەروەر ڕێک کەوین، تا شتومەک استیراد بکەن وبیفرۆشن وداوای قازانجی زۆر نەکەن. ئێستاش ئەگەر جەخت لەسەر ئەم دوو خاڵە بکەین بەکردار ئەوە شتێکی زۆر باشە وسوپاس.

**بەڕێزجـــێگری ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

کاک کەمال من تێ نەگەیشتم، تۆ لەگەڵ ئەوانەی کەیاسا دەربچێ؟

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

بەڵێ من لەگەڵ ئەوانم، بەڵام مەبەستم ناوەڕۆکە کەیەتی ومەبەستم ئاسان کردنە بۆ دەست بەسەر داگرتنی نرخ. ئەگینا من لەگەڵ ئەو قانوونەم، چونکە هەندێ بارودۆخی نائاسایی هەیە وهەندێ کەس لەسەر حیسابی خوێنی میللەت دەوڵەمەند بووە ومن لەگەڵ یاساکەم، سوپاس.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەو ڕایە دام کەماددەی سێ بمێنێتەوە، بەڵام سزاشی لەسەر زیاد بکرێ وەک غەرامە، غەرامەی لێ بسێنن وکەل وپەلەکەش دەستی بەسەردا بگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو یاسایەی کەلێیەوە دەدوێین، شتێکی زۆر پێویستە بۆ ئەمڕۆی کوردستان، لەبەر ئەوەی بازرگانەکان حوکمێکی زۆر بەنرخی شتومەک دەکەن دەتوانم بڵێم تارادەی زۆڵم، بازرگانەکان کەل وپەلێکی زۆریان هێناوە، یانی ئەوانە چاوەڕوانی ئەوە ناکەن بچن ڕۆژانە شت بێنن وبزانن پێویستی بازار چیە؟ نەخێر ئەوانە کەل وپەل زۆر هەڵدەگرن وهەر ڕۆژە هەندێکی دابەش دەکەن وئەو برە زۆرە نادات بەفرۆشیارێک، بۆ ئەوەی ڕۆژانە کۆمەڵێکی زۆری هەبێ شتی لێ بکڕن وبەدوو جار شتیان پێ دەدات هەر لەبەر ئەوەی تەحەکوم بە نرخەکەی بکات بەئارەزووی خۆی زیادی بکات ئەزمەیەکی بچووک ڕوودەدات یەکسەر نرخ بەرز دەکاتەوە. بۆیە دەڵێم ئەم قانوونە زۆر پێویستە لەم زرووفەدا ومن لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسادا نیم لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە باسی ئەو مەوادانە دەکات کە نرخیان لەسەر دانرا لەلایەن حکومەتەوە، وەختی خۆی حکومەتی عێراقی نرخی پشتگیری کردووە بەنرخێکی زۆر هەرزان، ئەوە حیسابێکی ترە، بەڵام ئەمە لەسەر ئەو شتانە پیادە ناکرێ، لێرەدا ئەو لیژنەیەی کەپێک دێ وبارودۆخەکە دەنرخێنێ، یەکسەر ئەو شتانە دابگرێ و شتێکی زۆر پێویستە وبەباشی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچەندە برادەران هەموویان قسەیان کرد کەدەبێ یەکێک (احتكاري) کرد ویاری بەنرخ وژیانی وهەژاران کرد. من هەندە لەگەڵ ئەوە دانیم هێز بەکاربێ. بە بۆچوونی من گەر ئێمە بمانەوێ ئەم دیاردەیە چارەسەر بکەین دەبێ بازرگانی هان بدەین و (عەرز) زۆر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ڕێزم هەیە بۆ هەندێ لەبرادەران کە جەخت لەسەر دەرچوونی ئەم بڕیارە دەکەن، هەرچەندە ئێمە

لەلیژنەی یاسایی رایەکمان دیار بوو بەلام من شتێک زیاد دەکەم، ئەویش ئەوەیە مەسەلەی حەز کردن (رەغبات)شتێکە مەسەلەی کۆنترۆل کردنی بازارو باری ئابووری شتێکی ترە، لای ئێمە بریاری دووەمین وەکو مەسەلەی پارەی لێ بیێتن، با ئەو پلانەی یاسادانان (خطه تەشریعی) دووبارە نەکەینەوە، بەراستی ئەوەش کار لەشوێنی پەرلەمان دەکات، ئێمە هەر کە توانیمان دەستێکمان هەبێ لەناو بازار بتوانین دەرخستەیەکمان (عەرضێکمان) هەبێ وئەو کەل وپەلانەی کەهەنە بتوانین باسیان بکەین لەناو بازار ئەو کاتە دەتوانین چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکەین ئەویش بەرێژە دەکرێ نەک بەبنەبری، سوپاس.

**بەرێز مەلامەحمود فندی عەبدوڵلا دێرشەوی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینی، دەکەم جیاوازیەک هەیە لەنێوان (احتیکار) وگرانی نرخ، (موحتەکر) ئەوەیە کە کەل وپەل بەتەنیا دادەکا تا نرخی گران بیت ئەوە بەراستی دەبێ بەدەستێکی ئاسنین لێی بدرێ ودەستی بشکێنن، چونکە تاوانبارە ودوژمنی گەلە، بەلام مەسەلەی گرانی نرخ ئەڤە تشتەکا دی یە بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا، دەبێ هۆی ئەو گرانیە لێی بکۆڵدرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژە بریتی یە لەدوو خاڵ، یەکیان (رفع السعر بشکل فاحش) واتە بەرزکردنەوەی نرخ بەشێوەیەکی زۆر دووەمیان (خزن المواد الغذائیه) دووشتە (خزن) و(رفع الاسعار) ئەمە لەبەرزکردنەوەی نرخ بدوێین، ئێمە نرخێکی چەسپاومان نییە هەتا بلێین ئەوە لەرادەبەدەرە وئەوە لەرادە بەدەر نییە، خۆمان پشتگیری هیچ شتێک ناکەین، پاشان کەناکرێ بازرگانی (محتکر) هەنە لەبەر بێ یاسایی نییە، بەڵکو لەبەر جێ بەجێ نەکردنی یاسایەکە لەپاشان ئەو بریارەی هاتووە سزاکەی سووک کردووە لەچاو ئەوەی لەقانونی عێراقی دا هەیە، ئەوەی قانوونی عێراقی زۆر سەخت ترە لەوەی کە هەیە، یاسا هەیە، بەلام جێ بەجێ ناکرێ، با برگە(١٠)ی یاسای رێک خستنی بازرگانیتان (تنظیم التجارە) بۆ بخوێنمەوە چ سزایێکی داوەتێ، ئێمە لێرە سووکمان کردووە: (المادة العاشرة: یعاقب بالسجن لمدة لاتزید علی (١٠) سنوات او الحبس لاتقل عن (٣) سنوات وبالغرامة لاتزید عن (٣) الاف دینار ولاتقل عن الف دینار کالاتي:
١٠ خاڵە وخاڵی دەیەمتان بۆ دەخوێنمەوە. (من خزن او وزع او نقل اية سلعة من السلع المشمولة بهذا القانون او اي بیان صادر بمقتضاه) ئەوجا ئەوە قانون هەیە ولێرە سووکمان کردووە وئێمە پێویستمان بە جێ بەجێ کردنە ئەگەر ئەمر بفەرموون بەئەنجوومەنی وەزیران وەکو ئەمرێک لیژنەیەک دابمەزرێنێ بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە جێی خۆیەتی. من لەگەڵ ئەوە نیم ئەم بریارە دەرچێ، داوا لەئەنجوومەنی وەزیران بکەین لیژنەیەک دروست بکات بۆ ئەوەی وەزارەتی

ناوخۆ لەو کەسانە بتۆژێتەوە کە کەلوپەلی خۆراک دادەکەن ویاسایان لەسەر جێ بەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا تەها مـــحـــەمـــەد تەها:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

لەخاڵی سێ یەمدا، دەڵێ (تتم مصادرة المواد المشمولة بهذا القرار) ئەمە پێویستە کە (اذا انکر وجودها) ئەگەر نکۆڵی لە هەبوونی کرد، چونکە ئەگەر نکۆڵی کرد ئەوسا دەبێتە (موحتەکیر) ئاشکرایە لە (آیات وحدیث)یش هاتووە وزەمی موحتەکیریش کراوە، بەڵام کەسێک کە انکاری وجودی ئەو کەل وپەلە خوۆاکیانە بکات، ئەو خاڵەی لێ دێتە جێ: (تتم مصادرة المواد المشمولة بهذا القرار اذا انکر وجودها)، ئەوکاتە زۆر پێویستە سزا بدرێ، چونکە خەڵک هەژارە وئەوانەش بازاڕیان تێک داوە ونرخی شتومەکیان گران کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

جا ئەو رایانەی لێرەدا بەرچاو خران (ئیجماع)یان لەسەر هەیە، بۆ پاراستنی مافی جەماوەر بۆ ئەوەی بەنرخێکی گونجاو شت بکرێ ودژی هەموو ئەو بازرگانە چاوچنۆکانەی کەهیچ ئامانجێکیان نییە جگە دەوڵەمەند بوون لەسەر حسابی خۆراکی میللەت نەبێ وئەمە شتێکە لەوهەموو قسانەی کەکران هیچ ناکۆکی یەکی لەسەر نیە بەڵام دوو راش هەنە. یەکێکیان ئەوەیە کەلەماددەی یەکەم دا دووخاڵ هەیە کەلەیەک جیاوازن یەکەمیان (رفع الاسعار بالشکل الفاحش)، بابەتی نرخە، ئەوەی تریش بابەتی احتکارە کە ئەی شارێتەوە و وابزانم لێک جیاوازن وئەگەر روونی بکەنەوە، کەدەڵێ (بالشکل الفاحش) ئەمە هیچ رادەیەک بۆ ئەو (فاحشی) یە هەیە؟ ئەگەر تاجرێک هات کیلۆی فاصولیای بە ١٠ دینار فرۆشت ودوای سێ رۆژ هات وبە ١٢ دیناری فرۆشت وپاش هەفتەیەک کردی بە ١٦ دینار دوای مانگێک کردی بە ٢٠ دینار ئایا ئەمە لای برادەرانی قانوونی وئابووری بە قازانج ونرخی رادەبەدەر حساب دەکرێ؟ ولەچ قۆناغێکدا بەرادەبەدەر دەژمێردرێ؟ جا بەڕاستی دەبێ ئەمە رەچاو بکرێ و، بڕیارێک بدەین وئەبێ بووترێ ئەمە گەیشتە نرخی فاحش وقانوونەکەی لەسەر جێ بەجێ بکرێ، ئەوە لایەکی تر گۆشەنیگای هەیە دەڵێ دەبێ ئەم یاسایە بێ وسزای لەگەڵ دابێ گۆشەنیگای تریش هەیە دەڵێ ئێمە وەختی خۆی لەڕووی سۆزەوە (عاطفە) یاسامان دەرکرد، بەڵام نەمان توانی جێ بەجێ ی بکەین.

برادەرانی لیژنەی یاسا دەڵێن یاسای بەکارهێنراوە ولانەدراون وئەوانە چارەسەری ئەو شتانەیان کردووە یان وەکو برادەرانی تر دەڵێن ئەمە پەیوەندی بە نرخی مەرکەزی یەوە هەیە، جا من پێم وایە ئێمە بەر لەوەی بڕیارێک بدەین زیاتر لەمە بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بڕیارەکە تۆزێک پتەو وتێروتەسەل بێت و، ئەو رەئیەش هەیە کەدەڵێ: قانوون هەیە بەڵام جێ بەجێ ناکرێ ئەم قەزیەش داوا بکرێ لەئەنجوومەنی وەزیران کە ئەوانیش ئەو قانوونانە جێ بەجێ بکەن، وابزانم کورتەی ئەو

شتانە بوو کە باس کران وئەگەر هیچ شتی تر هەیە کەزیاتر باسی بکەین تکایە با باسی بکەین، بەڵام ئەگەر هەر دووبارە کردنەوەیە ئەوە پێویست ناکات.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم یاسایە ناکۆکی سیستەمی دیموکراتی یە. چونکە لەسیستەمی دیموکراتی بازرگانی ئازاد هەیە وهەر کەسە بەکەیفی خۆی دەکڕێ ودەفرۆشێ، بەڵام ئێمە کە لێرەدا دەڵێین هەندێ بازرگانی (موحتەکیر) هەنە، بازرگانی وا کەزوڵم لەخەڵک دەکەن یەکجار زۆرن بەڵام لێرەدا ئێمە دەبێ حیسابێکی تر بۆ ئەو کەسانە بکەین، چونکە ئێمە ئەو نرخانە نازانین بازرگان ئارد لەئێران رۆن لەدەرەوە بەچەند دەکڕێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک حەسەن، لەدژی (موحتەکیر) وەستان هیچ دژایەتی لەگەڵ دیموکراتیەت دا نیە، چونکە لە ئەمەریکا یاسا هەیە لە دژی (احتکار) وئەو لایەنانەی کە (احتکار) دەکەن وبەیەکجاری لەناویان دەبات لەگەڵ ئەوەشدا ئابووریەکی ئازاد ودیموکراتیشە، فەرموو کاک بارزان.

**بەڕێز بارزان مەلا خالید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە دەرکردنی یاسایێکی وا لەبەرژەوەندی میللەت دابێ شتێکی باشە، بەڵام پێم وایە جارێ شتی وا دوابخەین ودەری نەکەین. ئێستا دەبینین بازرگانێک لەناو ئەو تاجیرانە لەکوردستان جەنابت ناوت لێنان چاوچنووک کەهەموو دنیایان بدەینێ تێر ناخۆن ئەوانە چەند بازرگانێکن دەتوانی بە پەنجەی دەست بیان ژمێری ئەوانە هاوکاری لەگەڵ تورکیا دەکەن وئەرزاق دێنن، من پێم وایە ئەمڕۆ ناتوانین یاسایێکی ئەوها دەرکەین بۆیە پێشنیار دەکەم لەجیاتی قانوونی ڕێکخستنی بازرگانی هەردوو وەزارەتی دارایی و ناوخۆ لەسەر سنوور ئەو بازرگانەی هەڵسوکەوت لەگەڵ تورکیا دەکەن کە کەلوپەلی سەرەکی دێننە کوردستان ناونووس بکرێن کێن ئەوانەی دێن، دیارەو شوێنەکەیان لەدهۆک یا لەزاخۆ دادەنێن، ئەو تاجرانە دەزانن نرخی کەل وپەل چەندە، کە زانرا بەوپێ یە نرخەکان کۆنترۆڵ بکرێن، لەوێ کە ناونووس دەکرێن لێرە ئەو تاجرانەی دووەم دەچن لێیان دەکڕنەوە، ئەوانیش ناونووس بکرێن، لەوێ ئەو لیژنەیە بە انصاف بەسەر شارەکانی کوردستانی وەکو هەولێر وکەرکووک وسلێمانی دابەش بکرێ، کەهاتنە ئێرە دەتوانین هەردوو وەزارەت نرخی بۆ دانێن، چونکە ئەوان دەزانن بەچەند کڕاوە، ئێستا بەرەڵلاییکی زۆر هەیە، بۆ نموونە پاکەتی سۆمەر کەلێرە منداڵ دەیفرۆشن کەزانرا لێرە هەرزانە دەنێردرێتە عێراق وکەعێراق پاکەتی ئەجنەبی قەدەغە کرد، تاجرەکان لەئوردنەوە بۆ سوریا وتورکیایان نارد وتاجرە کوردەکان هەستان هەموویان لەتورکیا کڕیەوە وهەر ئەو تاجرە کوردانەش پاکەتە سۆمرەکانیشیان کڕی بایی ٨ ملیۆن دینار بوو، ئەوانە دادەکەن ولەدوایی دا دەنێرنە

خوارووی عێراق. خۆتان دەزانن کە بازرگانی هونەرەوسیاسەتیشە، واتە ئێستا ئەو بازرگانانەی ئێمە لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان هەموو شتێک دەکەن. ئینجا ئەو پێشنیارەی من ئەگەر بەرێزتان پێتان باش بێت، ئەوە هەردوو وەزارەتەکە لیژنەیەکی تایبەتی دابنێین، ئەو لیژنانە کۆنترۆڵی ئەو کەل وپەلە بنەڕەتیانە بکەن لەسەر سنوور ئەوجا دابەشیان بکەن بەسەر شارەکاندا، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر تۆ بیر لەوە بکەیتەوە لەبەر ئەو خاڵانەی باس کران کەسەر لەنوێ یەکێک لەم برادەرانەی ئەم پێشنیارەیان کردووە لەگەڵ یەکێک لەبرادەرانی لیژنەی یاسا کەتێبینی یان لەسەری هەیە ویەکێکیش لەلیژنەی دارایی سەر لەنوێ دابنیشن تۆزێک بەوردی ئەم بابەتە تاووتوو بکەن بۆ ئەوەی کەوا شتەکە بەتەگبیر تر بێ، لەبەر تیشکی ئەو شتانە بێ کەباس کران، ئێستاکە ئەوەش بخرێتە بەرچاو، ئەگەر لەم پێشنیارە رازین ئەوا حەز دەکەم رای خۆتان دەربڕن.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم، ئەگەر قانوونی دەستگای نرخ دانان لەکوردستان دابنرێ، ئەو کاتی دەتوانین ئەو شتانە چارەسەرێکی بنەڕەتی بکەین ئێستا با ئەوە چارەسەرێکی وەختی بکرێ، ئەو قازانجە لەرادەبەدەرە کەجەنابت ئیشارەت بۆ کرد ئەو کاتی لەرێگای ئەو دەستگای نرخ دانانەوە دەکرێ، چونکە لەبەر ئەوە رۆژ بەرۆژ نرخ دەردەچێت هەتا لەبەر ئەوەی خۆشمان باسمان نەکردبێ بەڵام ئەوکاتی نرخاندنەکە دەردەکەوێ ئایا لەماوەی (٢٤) سەعات زۆرە یاخود ئاساییە؟ ئەمە پەیوەندی بەوەزعی پارەی عێراقەوە هەیە کە رۆژ بەرۆژ لەدابەزین وکەوتن دایە ونرخی دۆلار بەرز دەبێتەوە مامەڵەی ئێمەش هەمووی بەدراوی بیانیە لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا وابزانم مەسەلەی نرخ دانان بابەتێکی ئاڵۆزە، لەوەختی ئێستادا، چونکە وەکو خۆت ووتت دەبێ وەزعی دینار بزانی، وەزعی ئەو شتەش بزانی کەدەیکڕن رەنگە ئەو شتەی کەباسمان کرد لەگەڵ وەزیری دارایی، ئەگەر بەزووترین کات حکومەتی هەرێم لەگەڵ رێز گرتن لەمیکانیزمی ئابووری ئازاد، بکەوێتە بازار وشت لەدەرەوە بکرێ وبیهێنێ ئەو شتە رادەی قازانجەکەی خۆی کەم بکاتەوە، بەوە دەتوانێ بزانی زیاتر ئەو شتە بەچەند بکرێ وچۆن بیفرۆشێ؟ بەچەند بیفرۆشێ وقازانجەکەی چەندە؟ رەنگە ئەوە تەنها رێگایەک بێ لەم قۆناغەدا کەئێستا وەزعەکە بەم جۆرەیە، ئینجا ئەگەر ئێوە پاش ئەم گفتوگۆیەی کە کردمان هەموو برادەران بەشداریان کرد، لیژنەیەک لەهەرسێ لا دروست بکەین حەز دەکەم ئەوە بخەینە بەرچاوان وفەرموو کاک شێخ عدنان ویستت قسە بکەی؟.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من پێشەكی وەكو لیژنەی یاسا رای خۆمانمان داوە وپشتگیری قسەكانی كاك سەید حەسەن دەكەم ولەگەڵ هەموو قسەكانی دام، بەڵام بەرای من برادەران زۆریان قسە كرد لەسەر ئەم بابەتە، من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی سەرۆكایەتی نیم، چونكە ئەگەر لیژنەی یاسایی بەباشتان زانی و، لیژنەكەتان دانا، ئەندامی لیژنەی قانوونی تێدا نەبێ. ئێمە كەحكومەتی خۆجێین بەرەئی من لەجیاتی ئەوپێشنیارەی سەرۆكایەتی ئەگەر لێم وەرگرن دەڵێم ئەگەر داوا بكەین وەزارەتی دارایی وئابووری لێكۆڵینەوەی سیاسەتی بازاڕ بكەن، هەرچەندە ئێمە هەموومان گۆشەگیرین لەبازاڕ، بابچینە ناو بازاڕ چی هەیە وەكو مستهلك تاوتووی بكەین بەتێرو تەسەلی وئەو دراسەتە پێشكەش بەوەزارەت بكەین وپێشكەش بە ئەنجوومەنی وەزیرانی بكەین ولیژنەیەكی بۆ دابنێین ودووبارە لێكۆڵینەوەی ئەو بارودۆخە بكات، سوپاس.

**بەڕێز جــێـگری ســــەرۆكی ئـەنجـــوومــــەن:**

رای شێخ عەدنان ئەمەیە كە ئێستا پەسەند نەكرێ وداوا لەئەنجوومەنی وەزیران بكەین، هەروەها داوا لە وەزارەتی دارایی وئابووری بكرێ لێكۆڵینەوەیەكی تێروتەسەلی بازاڕ بكات وئەوكاتە ئەگەر پێشنیاریان هەبێ بهێنرێ بۆ پەرلەمان وباسی بكەن فەرموو كاك بەختیار.

**بەڕێز بەخــتــیــار حــەیدەر عــوســمـــان:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەو شتەی جەنابت باست كرد،سەبارەت بەدیاری كردنی نرخ و زیاد كردن، لیژنەی تایبەتمەند ئەم كارەی پێ بسپێردرێ وئێستا لیژنەی ئابووری لەهەمووپارێزگایەك دا هەیە وئەو لیژنە ئابوورییە لەزۆر شت دەكۆڵێتەوە وبڕیاری لەسەر دەدات وئێمە دەتوانین ئەو لیژنە ئابووری یە بكەینە بناغەیەك بۆ ئەم كارە. یاخود با لیژنەیەكی تر پێك بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من لەگەڵ رای جەنابتم بۆ دانانی لیژنەیەك لەو سێ یە، با بڵێین لەوانەی خاوەنی پرۆژەی بڕیارەكەن، لەگەڵ لیژنەی یاسا ولیژنەی ئابووری با یەكێكی تریان لەگەڵ دابێ وەكو نوێنەری وەزارەتی دارایی تاوتووی ئەو بارودۆخە بكرێ وبڕیارێكی لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز جــێـگری ســــەرۆكی ئـەنجـــوومــــەن:**

بەڵام كاك بەختیار من نەم ووت ناتوانین لیژنە دابنێین، ووتم: كەلیژنە دائەنێین ودانانی نرخی رۆژانە یان مانگانە لەم بارودۆخی ئێستامان وباری ئابووریمان شتێكی زۆر زەحمەت وگرانە، ئێمە دەتوانین لیژنەیەك دابنێین، كاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەگەر لیژانی ئابووری پارێزگاكان هەنە بۆ دانانی نرخ، مانای ئەوەیە كە لە توانایان دانییە یان

زۆر زەحمەتە ئەو ئیشە بکەن، رای ئێمەش رای لیژنەی یاسایە دەبێت تاووتوویێکی باش بکرێ لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابووری لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ وئەنجوومەنی وەزیران. سوپاس

**بەرێزجێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕاستی ئێستا ئەو پێشنیارەی کەکاک عەدنان کردی وکاک بەختیاریش پێویستی بەروون کردنەوە ولێ کۆڵینەوە هەیە وئێستاش فەرموو کاک حەسەن.

**بەرێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وای بۆ دەچم کە ئابووری بەوە چاک نابێ، ئێمە هەر لێرە قسە بکەین بەقسە چاک نابێ، ئێمە هیچ بەرهەمێکمان نییە. ئێمە هیچمان بۆ دەرەوە ناچێ وهەر شت دێن، با بە مام جلال وکاک مسعود بڵێین ٤٠٠ پێشمەرگە بەرن وئەمە دەم کوت کەن وسنوورەکان کۆنترۆڵ کەن، ئەو کاتە دەتوانین نرخ لەسەر شت دابنێین وشتەکان کۆبکەنەوە وبیان خەنە ژێر دەستی حکومەت دابەشی بکات یان چوار دەوڵەمەندی ساختەچی بگرین وزیندانیان بکەین، دەبێ خۆشمان دانوستانمان هەبێ، بۆ نموونە تۆ رۆن دێنی لەتورکیا دەبێ خوری ببەی، برنج دینی لەولا دەبێ شتێکی تری بدەیتێ،بەوە پارەکەت بەنرخ دەبێ وئابووریەکەت بەرز دەبێتەوە وچاک دەبێ بەڵام ئەگەر هەر بەگرتنی چوار دەوڵەمەند چارەسەری بکەین ئەوە نرخ زیاتر بەرز دەبێتەوە بۆیە دەبی بەعاقلی بۆ شتەکە بچین یەعنی بە سیاسەت چونکە ئابووریش سیاسەتە، کەسی وا هەیە لەم هەولێرە نرخ هەڵدەسوورێنێ وچەند کاروپرۆژەیەکی گرتۆتە دەست وپرۆژەی پەلەوەری خستۆتە گەڕ وخۆی هەموو بەرهەمێکی احتکار کردووە، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کەئەم دیدارە دواخەین وپاشان رێگایەک بدۆزینەوە بۆ باس کردنی بابەتی (احتکار) ومەسەلەی بەرزکردنەوەی نرخی ئەو شتانەی کەباسمان کردن، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دوایخەین؟.. کێ لەگەڵ نیە؟.. بەتێکرایی دەنگ ئەم پێشنیارە دواخرا بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بەتێرو تەسەلی لەدوایی دا باس بکرێ زۆر سوپاس وکۆبوونەوەی ئەمرۆمان تەواو بوو، کۆبوونەوەی سبەینێمان لەسەعات ٩٫٣٠ ی سەر لەبەیانی دادەبێ.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.

٣- وەزیر : وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.

٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.

٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی راوێژکاری وەزارەت.

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی وەزارەت ئامادەکردنی پێویستییەکانی لەش ساغی تەواوە لە رووی جەستەیی و ئەقڵی و دەروونییەوە بۆ هاوولاتییان و دابین کردنی بەتەنگەوە هاتنی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان لە ژیانیانداو بۆ خێزانەکانیان دوای مردنیان و بەدیهێنانی (ضمان)ی کۆمەڵایەتیی سارایایی بۆ کرێکاران، ئەمانەش بەم رێوشوێنانە دەکرێن:

١-دامەزراندن و بەڕێوەبردنی (وحدە)ی تەندروستی پارێز (وقایە) و چارەسەرکردن (علاج) و پەرەپیدانیان و بایەخدان بەدامودەزگاکانی بەتەنگەوە هاتنی کۆمەڵایەتی و کارو (ضمان) و پوختەکردنی کۆمەڵایەتی کە ببنە دامودەزگایەکی پوختە کردن و راستکردنەوەو فێرکاری و هەوڵدانی دەستگرتنی خێزانی ئەوانەی نیشتەجێی (وحدە)کانی پوختەکردنی کۆمەڵایەتین بەشێوەیەک کە ژیانێکی سەربەرزانەیان بۆ مسۆگەر بکرێ و لەسەر کێشی(جنوح) بەدووربن.

٢- بایەخدان بە خزمەت گوزاریی تەندروستی و سەرەتایی و لەگەڵیدا بەتەنگەوە هاتنی دایکایەتی و منداڵ و تەندروستی قوتابخانەو تەندروستیی خێزان و پیری.

٣- نەهێشتنی نەخۆشیی پەتاو دەست بەسەر داگرتنی رێ گرتن لە گوێزانەوەی لە دەرەوەی هەرێم بۆ ناوەوەی و بەپێچەوانەوە یا لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی لەسەر زەوی و ناو ئاوو لە کەشوهەوای هەرێمدا.

٤- پاراستنی ژینگە و پوختەکردنی و پەرەپێدانی و پاراستنی شێوازەکانی بوارنەدان بە پیس بوونی.

٥-بایەخدان بە لەش ساغی و سەلامەتیی کارگەران لە پرۆژەکانی کارداو بەرزکردنەوەی رادەی تەندروستیان و پاراستنیان لە بەرامبەر مەترسی و نەخۆشیەکانی پیشەو زامداربوون بە هۆی کارەوەو دانانی پێوانەو مەرجی تایبەتی بۆیان و سەلامەتیی شوێنی کارو چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی ئەو پێوانەو مەرجانە.

٦- بایەخـــدان بە تەندروســـتـــیی دەروونیی هاولاتی و بەشـــداربوون لە دابینکردنی پێویستییەکانی.
٧- بلاوکردنەوەی پەروەردەیی تەندروستی و هوشیاریی تەندروستیی و ژینگەیی بەشێوەیەک کە پاراستنی مرۆڤ و ئامێر مسۆگەر بکا لە ڕێگەی بەرگرتن لە ڕوودانی کارەساتی کارو نەخۆشیی پیشە.
٨- مسۆگەرکردنی دەرمان و پێویستییەکانی و کەلوپەلی پزیشکی جۆراوجۆری پێویست بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکیی خۆپاراستن وچارەسەرکردن و بایەخدان بە (عیادە)ی میللی و سەرپەرشتیکردنی و مسۆگەرکردنی ئامێری تایبەتیی کەم ئەندامان.
٩- بەشداربوون لە پێگەیاندنی کادیری تەندروستیی یاریدەدەرو بەرزکردنەوەی ڕادەی زانستیی کارگەران لە کەرتی تەندروستیدا و پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی پزیشکی و تەندروستی، هەروەها پێگەیاندنی کادیری پیشەیی بەپێی پێویستیی نەخشەی گەشەپێدانی هەرێم بەشێوەیەک کە توانای بەرهەمهێنان بەرزبکاتەوە و جۆری کارکردن چاک بکا و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارەکانی تەندروستی و کارو بە تەنگەوەهاتنی کۆمەلایەتیدا هان بدات.
١٠- ڕێکخستن و چاودێری کردنی ئەوانەی پیشەی پزیشکی و تەندروستی و سەلامەتیی پیشەیی دەکەن بەهاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.
١١-بایەخدان بە تەنگەوەهاتن و ڕاهێنانی هەرزەکاران و کەم ئەندامان و دوواکەوتوان لەئەقڵدا و کەرولاڵ و کوێرەکان لە ڕووی پەروەردەیی و پیشەیی و ڕەفتارەوە بەشێوەیەک کە بەشداربوونیان لە کاری گەشەپێداندا مسۆگەر بکاو ئەو هۆیە دەروونی و کۆمەلایەتییانە لە کایەدا نەهێڵێ کە ڕێگەی ئەوەیان لێ دەگرێ.
١٢- بایەخدان بە بزووتنەوەی هەرەوەزی لە هەرێمدا لە ڕێگەی ئەو کۆمەلانەی هەرەوەزییەوە کە پەیدا دەبن.
١٣- هەوڵدان بۆ مسۆگەر کردنی دابینی تەندروستی (التامین الصحی) بۆ هاولاتی یان.

**ماددەی سێیەم:**

١- وەزیر: سەرۆکی بالای وەزارەتەو بەرپرسیارە لە ڕێنیشاندان لە کارەکانیاندا و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چالاکییەکانی و هەر لە ویشەوە ئەو بریارو فەرمان و ڕێنماییانە دەردەچن کە پەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت و دەزگاکانییەوە لە ڕووی یاسایی و بەڕێوەبردن و هونەرییەوە هەیە لە چواچێوەی یاساو پەیڕەو و ڕێنماییە کارپێکراوەکانی تردا، هەروەکو و لە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیراندا بەو مانایەی کە ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە.
٢-بریکاری وەزارەت ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە وەزیر پێیانی دەسپێرێ.
٣- بەڕێوەبەرێتی و دامودەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت لەمانە پێکدێن:

أ - نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێک لە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکاو چەند فەرمانبەرێک یاریدەی دەدەن.

ب- نووسینگەی بریکار: فەرمانبەرێک بەڕێوەی دەباو چەند فەرمانبەرێک یاریدەی دەدەن.

ج - بەڕێوەبەرێتی ڕاگەیاندن و پەیوندی: بە نووسینگەی وەزیرەوە دەبەسترێتەوە.

د - فەرمانگەی یاسایی: بە وەزیرەوە دەبەسترێتەوە.

٤- ئەنجوومەن: لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت و ئەو فەرمانگانەی پێوەی بەندن و ژمارەیەک لە پزیشکە تایبەتکارەکان و هەر فەرمانبەرێک کە وەزیردایدەنێ پێکدێ.

**ماددەی چوارەم :**

بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیوانی وەزارەت و ئەم دام و دەزگایانەی پێ یانەوە بەندن:

١- بەڕێوەبەرێتیی گشتی دیوان: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکاو بەڕێوەی دەبا کە باوەرنامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ و ئەم بەشانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ - بەشی بەڕێوەبردن و کاروباری کەسان.

ب- بەشی کاروباری دارایی.

ج- بەشی چاودێری و پێداچوونەوە.

٢- بەڕێوەبەرێتی گشتی کاروباری تەندروستی: پزێشکێک بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکاو ئەم بەڕێوەبەرێتیەو بەشانەی پێوە دەبەسترێتەوە.

أ- بەڕێوەبەرێتی خزمەتگوزاری پارێز (الوقایە) و پارێزگاری کردن لە ژینگە کە لەم بەشانە پێکدێ:

١- بەشی پەتاکان(الاوبئە)

٢-بەشی پارێزگاری کردن لە ژینگە.

٣- بەشی تەندروستی وسەلامەتی پیشەیی.

٤- بەشی دایکایەتی و منداڵی.

٥- بەشی تەندروستی قوتابخانەو چاو.

٦-بەشی پارێزی تەندروستی.

٧- بەشی پشکنینی تەندروستی.

ب- بەڕێوەبەرێتی خزمەتگوزاری چارەسەرکردن ، لەم بەشانە پێکدێ:

١- خەستەخانەکان و مەڵبەندەکانی تەندروستی و عیادە رەسمی و ئەهلی یەکان.

٢- بەشی عیادەکانی پزیشکی.

٣- بەشی تەندروستی ددان.

٤-بەشی لیژنە پزیشکی یەکان.

٥-بەشی دەرمانسازی (الصدلیە) وتاقیگەکان (المختبرات).

٦- بەشی تجهیزو شمەکی پزیشکی.
٧- بەشی دابین (التامین)ی تەندروستی.
٣-بەڕێوەبەرێتی گشتی نەخشەکێشان و فێرکردنی تەندروستی: پزیشکێک سەرۆکایەتی دەکاو لەم بەشانە پێکدێ:
أ - بەشی نەخشەکێشانی تەندروستی.
ب- بەشی نەخشەکێشانی کۆمەلایەتی.
ج- بەشی بەدواداچوون.
د - بەشی سەرژمێری.
هـ- بەشی ئەندازیاری و چاککردنەوە (الصیانە)
و- بەشی هێزی کارگەر.
ز- بەشی فێرکردن و راهێنان.
ح- بەشی شمەک هێنان لە دەرەوە (استیراد).
٤- بەڕێوەبەرێتی گشتی بەتەنگەوە هاتنی کۆمەلایەتی: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا کە باوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی لە دەروونناسی (علم النفس) یا کۆمەڵناسی (علم الاجتماع)دا هەبێ و ئەم بەشانەی پێوە دەبەسترێتەوە:
أ - بەشی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی و بە تەمەندا چووان (المسنین).
ب- بەشی کەم ئەندامان (المعوقین).
ج- سنووقی بەتەنگەوە هاتنی خێزان.
د- بەشی کاروباری کۆمەڵە هەرەوەزییەکان.
هـ- بەشی راهێنانی پیشەیی ئافرەتان.
٥- بەڕێوەبەرێتی گشتی (ضمان)ی کۆمەلایەتی: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکاو کە باوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ و ئەم بەشانەی پێوە دەبەسترێتەوە:
أ - بەشی پشکنین و پیداچوونەوەی ئابوونە.
ب- بەشی خزمەتگوزاری دوای فرۆشتن.
ج- بەشی بەکارخستن (التشغیل).
د - بەشی خانەنشینی و بریتدان (التعویض).
هـ- بەشی جێ بە جێ کردن.
و- سنووقی (ضمان)ی کۆمەلایەتی.

**ماددەی پێنجەم:**

فەرمانگەی چاکسازی کۆمەلایەتی و بەشەکانی: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبا کە باوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ و فەرمانگەکە کەسایەتیی (معنوی)ی خۆی دەبێ.

**ماددەی شەشەم:**

ئەو فەرمانگەو بەشانەی لە پارێزگاکانی هەرێمدا بە وەزارەتەوە بەندن.

١- فەرمانگەکانی تەندروستی لە پارێزگاکاندا.

٢- بەشەکانی بەتەنگەوە هاتنی کۆمەڵایەتی و خانەو پەیمانگاکانی پابەندیان لە پارێزگاکاندا.

٣- بەشەکانی کارو (ضمان)ی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکاندا.

**ماددەی حەوتەم:**

أ - ئەرک و تایبەتکاری و دامودەزگاکانی وەزارەت بە پەیڕەوێک دیاری دەکرێن.

ب- وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرێتی و بەش و لقی نوێ لە کاتی پێویستدا پێکبێنێ.

ج- وەزیر بۆی هەیە بە پێی پێویست لیژنەی هەمیشەیی و کاتی پێکبێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانیی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێ.

**ماددەی دەیەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## (هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە)

لە بەرپێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق و دامەزراندنی وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی و بە نیازی پەرەپێدانی دامودەزگاکانی وەزارەت بەپێی ڕێبازی یاسادانان بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق و لە پێناوی زیادکردنی چالاکی لێهاتوویی وەزارەت لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا بەرەهایی و بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لەم یاسایەدا نەخشەکێش کراون بەشێوەیەک کە مافی ساغڵەمی تەواوی تەندروستی لەلەش و ئەقڵ و دەروونندا لە بواری کۆمەڵایەتیدا بۆ هاووڵاتی مسۆگەر بکەن و بەمەستی بڵاوکردنەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکانی هەرێمدا تا هاووڵاتییان بتوانن بە یەکسانی خزمەتگوزارییان لەم بواردا دەسگیربێ، ئەم یاسایە دەرکرا.

# یاسای ڕەسمی پوول

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١ - وزارەت: وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢ - وزیر: وەزیری دارایی وئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣- حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- سەرۆکی فەرمانگە: سەرۆکەکانی فەرمانگە حکومەتی یەکان لە هەرێمدا و بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان و سەرۆکەکانی ئەنجومەنە تایبەتییەکان و ئەنجومەنی تایفەکان و سەرۆکەکانی ئەو دەستانەی کەسایەتێکی مەعنەوییان هەیە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە بە سەرۆکی فەرمانگە دانرێن.

٥- فەرمانبەر: هەرکەسێک لە کارگەرانی میری کە خزمەتگوزارییەکی گشتی پێ سپێردرابێ و کارگەرانی کۆمپانیاکان و ئەنجومەنە تایبەتییەکان و ئەنجومەنی تایفەکان و ئەو دەستانەی کەسایەتیی مەعنەوییان هەیە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسەیە لە حوکمی فەرمانبەردا دادەنرێن.

٦- ڕەسم: ئەو ڕەسمی پوولەی بە پێی ئەم یاسایە فەرز دەکرێ.

٧- پوول: ئەو پوولی دارییەی وەزارەت بەپێی ئەم یاسایە دەری دەکا.

٨- وەرەقە: هەر وەرەقەیەک کە دەبێ بە پێی ئەم یاسایە ڕەسمی لێ بدرێ ئیتر سا بەدەسخەت بێ یا کرابێتە وێنە یا چاپ کرابێ یا لە بەری گیرابێتەوە.

٩- ئیمزا: نیشانە دانان لەسەر وەرەقەکە بە ئیمزا یا بە مۆر یا بە پەنجە مۆر یا بە هەر نیشانەیەک کە ئمیزا بگەیەنێ.

١٠- کەس: کەسی سروشتی یا مەعنەوی.

١١- ڕەسمدەر: ئەو کەسەی کە بەپێی ئەم یاسایە دەبێ ڕەسم بدا.

**ماددەی دووەم:**

ئەو وەرەقانەی کە لە خشتەی یەکەم و دووەمی پاشکۆی ئەم یاسایەدا هەن دەبێ ئەو ڕەسمانەیان لێبدرێ کە لە تەنیشتیانەوەو دیاری کراون.

**ماددەی سێیەم:**

١- بەڵێننامە (عقد)ی کۆمپانیاکان لە کاتی تۆمار کردن یا درێژە پێدانی ماوەیان، یا زیاد کردنی سەرمایەیان دەبێ ڕەسمی پێنج لە هەزاردا (٥ ٪ ١٠٠٠) یان لێ بدرێ.

٢- سەرمایەی ناو لێنراو (اسمی)ی کۆمپانیاکە لە کاتی تۆمارکردن یا درێژە پێداندا دەکرێتە بنچینە بۆ رەسم وەرگرتن. لە حاڵەتی زیادکردنی سەرمایەشدا رەسم تەنیا لەسەر زیادەکە وەردەگیرێ.

**ماددەی چوارەم:**

١- رەسمێکی ساڵانەی بە رێژەی دوو لە هەزاردا (٢٪٠٠٠١) لە کۆی قیستە بەرهەم هێنەرەکانی دابین لە کۆمپانیایەکانی دابین (شرکات التأمین) وەردەگیرێ وقیستەکانی نوێ کردنەوەی دابین (اعادة التأمین) ئەم رەسمەیان لەسەر نابێ.

٢- دابین کار (المؤمن) ئەو رەسمەی برگەی (١) دەداو هەر رێکەوتنێک بە پێچەوانەیەوە پووچەڵە.

٣- سەرباری ئەو رەسمەی لە برگە (١)ی ئەم مادەیەدا دیاری کراوە رەسمێکیش لە قیستە بەرهەم هێنەرەکانی دابین لە کۆمپانیاکانی دابین بەم جۆرەی خوارەوەو وەردەگیرێ:

أ- باوەرنامەکانی دابین لەسەر زیان و کارەساتی کەسیی پاشکۆیی (الحوادث الشخصیه الملحقه بها)و هەر دابینێکی تر کە پەیوەندیی بەم جۆرە دابینانە و ئەو گۆرینانەوە هەبێ کە لەو باوەر نامانەدا دەکرێن و رەسمەکەیان پێنج لە هەزاردا (٥٪٠٠٠١)ی کۆی قیستەکانی دابین بەپێی حیسابی کۆتایی (الحساب الختامی) دەبێ.

ب- ئەو باوەرنامەی دابینەی بە چەند دانەیەک رێکخراوە تەنیا وێنەی یەکەمی کە دەدرێتە دابین لێکراو (المؤمن له) یاسوود لێوەرگر (المستفید) رەسمی لێوەردەگیرێ.

**ماددەی پێنجەم:**

١- تەنیا یەک دانەی ئەو وەرەقە بازرگانییەی بەچەند وێنەیەک رێکدەخرێ رەسمی لێوەردەگیرێ.

٢- ئەگەر لەو وەرەقانەی بە پشتئیمزا (التظهیر) بۆ دەستاو دەستکردن دەشێن و لە کاتی ئیمزا کردنیاندا بە هۆی بەخشینی رەسمدەرەوە لە رەسمدان رەسمیان لەسەر نەدرابوو بەڵام دوایی پشتئیمزا کران بۆ کەسێک کە مافی ئەو بەخشینەی نییە، ئەوا ئەم کەسە لە کاتی پشتئیمزا کردنیدا دەبێ رەسمی تەواوی لەسەر بدا یا ئەو کەسەش کە بۆی پشتئیمزا دەکا لە رەسمدان بەخشراو بێ.

## بەشی سێیەم

## رەسمدەر

**ماددەی شەشەم:**

١- ئەگەر رەسمدەر چەندان (تعدد) بوون رەسمەکە بەهاوبەشی دەدەن.

٢-ئەگەر یەکێکیان لە رەسمدان بەخشراو بوو ئەوانی تر بە هاوبەشی تەواوی رەسمەکە دەدەن.

**ماددەی حەوتەم:**

١- ئەو وەرەقە بازرگانییانەی لە دەرەوەی هەرێمدا ساز دەکرێن لە کاتی پشتئیمزا کردنیان یا پێشکەشکردنیاندا بۆ قبوولّ کردن یا دانەوەیان (الوفاء) لە ناوهەرێمدا دەبێ رەسمیان لەسەر بدرێ ویەکەم کەسیش کە ئەوکارە دەکا رەسمەکەی دەدا.

٢- هەر وەرەقەیەکی تریش کە لە دەرەوەی هەرێمدا سازکرابێ و لەناو هەرێمدا بەکار بهێنرێ دەبێ رەسمیان لەسەر بدرێ ویەکەم کەسیش کە بەکاری دێنێ رەسمەکەی دەدا.

**ماددەی هەشتەم:**

چەندان (تعدد)ی ئیمزا لەسەر وەرەقەکە نابێتە هۆی چەندانی رەسمدان تەنیا ئەگەر بە مەبەستی درووستکردنی پەیوەندکاری (التزام)ێکی نوێ یا درێژە پێدان یا نوێ کردنەوەی ناوەرۆکی وەرەقەکە نەبێ کە ئەوسا هەر حاڵەتەو دەبێ رەسمی خۆی لەسەر بدرێ.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەگەر ئەو بەڵێننامەو مامەڵانەی لە وەرەقەکەدان ویەک سەرچاوەیان هەبوو رەسمەکە لەو مامەڵەیە وەردەگیرێ کە بالاترین رەسمی لەسەرە، بەڵام ئەگەر سەرچاوەی بەڵێننامە و مامەڵەکان یەک نەبوو. ئەوا رەسمەکە لەسەر هەریەکیان بەپێی خودی خۆی وەردەگیرێ.

## بەشی چوارەم

## چۆنیەتی وەرگرتنی رەسم

**ماددەی دەیەم:**

رەسم بە یەکێ لەم رێگایانە وەردەگیرێ:

١- بە پوولی دارایی کە بە وەرەقەکەوە دەلکێنرێ.

٢- بە پارەی کاش لەم حاڵەتانەدا:

أ - رەسم لەسەر باوەڕنامەی دابێ.

ب- رەسم لەسەر بەڵێنامەی کۆمپانیا لەکاتی تۆمار کردنیدا یا درێژە پێدانی ماوەکەی یا زیاد کردنی سەرمایەکەی.

ج- ئەگەر رەسمەکە لە دە دینار زیاتر بێ و رەسمدەر بیەوێ بە پارە بیدا.

د - ئەگەر پوول لە ئارادا نەبوو.

**ماددەی یازدەم:**

سالانە یەک دینار رەسم بەسەر یەکەوە لە مووچەو سەر مووچە (مخصصات) لە مانگی تەمووزدا وەردەگیرێ و خانەنیشان لە حوکمی ئەم مادەیە بەدەر دەبن.

**ماددەی دوازدەیەم:**

ئەگەر تەم و مژێک یا ناکۆکییەک لەسەر وەرەقەکە لە بارەی رەسم لەسەر دان و نەدانییەوە یا ئەو هەندەی دەبێ لەسەری بدرێ رووی دا وەزیر بۆی هەیە بریار بدات:

أ - رەسمی دەبێ لەسەر بدرێ یا نەدرێ.
ب- دیاری کردنی هەندی ئەو رەسمەی لەسەر وەرەقەکە فەرزە.
٢- بریاری وەزیر لە هەر دوو حاڵەتی برگە (١)ی ئەم مادەیە بنبڕ (قطعی) دەبێ.

## بەشی پێنجەم
## بەخشین لە رەسمدان

**ماددەی سیازدەیەم**

١- میری کاتێک خۆی بە تەنیا دەبێتە رەسمدەر لە رەسمدان دەبەخشرێ جگە لەو فەرمانگە رەسمییانەی یاسا تایبەتییەکانیان رەسمدانیان بەسەردا فەرز دەکەن.
٢- ئەو وەرەقەیەی لە کاتی رێکخستنی دا گشت ئیمزاکەرانی لە رەسمدان بە پێی یاسا بەخشراو دەبن رەسمی لێ وەرناگیرێ. بەڵام ئەگەر کەسێک کە مافی بەخشینی نییە هاتە پاڵیان لە کاتی ئیمزا کردنیدا تەواوی رەسمەکەی دەکەوێتە ئەستۆ.
٣- وەزیر بۆی هەیە ئەو بەڵێننامانە لە رەسمدان ببەخشێ کە میری تییایاندا لایەنێک دەبێ ئەگەر بەرژەوەندی ئابووری هەرێمی کوردستانیان تێدا بوو.

**ماددەی چوا[illegible]:**

ئەمانە لە رەسمدان دەبەخشرێن:
١- ئەو مامەڵانەی تایبەتین بەخانەکانی پەرستن و پەرستگا و پەیمانگا و قوتابخانە ئایینیەکانەوە کە یاسا دانانیان پێدا دەنێ.
٢- بەڵگەنامە و باوەڕنامەکانی ئەو قوتابیانەی لە دەرەوەی هەرێمدا دەخوێنن و سەبارەت دەرچوون و بەردەوام بوونیانە لەسەر نوێندن.

## بەشی شەشەم
## چاودێری

**ماددەی پازدەیەم:**

وەزیر یا ئەو کەسەی لە لایەنیەوە راسپێردراوە بۆیان هەیە هەر فەرمانگەیەکی میری یا دەزگایەکی کەرتی تایبەتی یا تێکەڵاو بپشکنن بۆ دڵنیا بوون لە رەسمدان بەپێی ئەم یاسایە.

**ماددەی شازدەیەم:**

١- نابێ پوول فرۆشتن بە بێ رێ پێدان لە لایەن وەزارەتەوە بکرێ.
٢- هەرکەسێ بەبێ رێ پێدان پوول فرۆشی بکا لە جاری یەکەمدا بە لایەنی زۆرەوە بە پەنجا دینار سزا دەدرێ و ئەگەر دووبارەی کردەوە دەکرێتە دوو ئەوەندە.
٣- هەرکەسێک رێی پوول فرۆشیی پێ درابێ و بە زیاتر لە نرخە رەسمیەکەی بیفرۆشێ لە جاری یەکەمدا بە لایەنی زۆرەوە بە پەنجا دینار سزا دەدرێ و ئەگەر دووبارەی کردەوە دەکرێتە دوو

ئەوەندە و لەجاری سێیەمدا بەو پێیەی وەزیر بریاری لەسەر دەدا ڕێ پێدانەکەی بۆ ماوەیەک یا ببڕای بیبڕلێ دەسەنرێتەوە.

## بەشی حەوتەم
## چەند حوکمێکی جوراو جۆر

**ماددەی حەڤدەیەم:**

١- أ- هەر فەرمانبەرێک بەرپرسیارە لە مسۆگەرکردنی وەرگرتنی رەسم لەسەر ئەو وەرەقانەی بە حوکمی فەرمانەکەی دەخرێتە بەر دەستی.

ب- ئەگەر رەسم لەسەر وەرەقەکە بە تەواوی درابوون و پولەکانی بەتاڵ نەکرابوونەوە، فەرمانبەرەکە دەبێ کە وەرەقەکەی خرایە بەردەست بەتاڵیان بکاتەوە.

ج- ئەگەر فەرمانبەرێک سەرپێچی لە حوکمی برگەی (١و٢) ی ئەم مادەیە کرد ومامەڵەیەکی سەبارەت بەو وەرەقەیە لێ نەدراوە بەرێکرد، بەدە دینار سزا دەدرێ و دەبێ رەسم دەرەکەش بەلایەنی کەمەوە دە دینارو بەلایەنی زۆروەش سەد دینار بدات.

د- ئەگەر پوولەکان بە شێوەیەک لکێنران یا بەتاڵکرانەوە هەموو بن یا هەندێکیان لەگەڵ ئەو رێنمایی یانەدا نەگونجێ کە بەپێی ئەم یاسایە دەرکراوە، وا دادەنرێ کە رەسمدانەکە بەو هەندە کە پوولەکانی پێ لکێنراوە یا بەتاڵ کراوەو دەبێ رەسمەکەی بە پێی هەندە ئەسڵییەکە بێ.

هـ- وەزیری دارایی بۆی هەیە سزاکانی ماددەی شازدەیەم بدا. بەڵام سزاکانی ماددەکانی ئەم یاسایە لەلایەن سەرۆکی فەرمانگەوە دەدرێ و لە حاڵەتی نەدانی پارەکەدا حوکمی یاسا رەچاو کراوەکان بەسەر ئەو کەسەدا دەسەپێنرێ.

٢- ئەو سزایانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەدرێن رێ لە سەپاندنی حوکمەکانی یاسای سزادان و یاساکانی تر ناگرێ ئەگەر ئەو کارەی کراوە بەپێی حوکمەکانیان تاوانێک پێک بهێنێ.

**ماددەی هەژدەیەم:**

١- بە بریاری وەزیر یا ئەوەی کە دەسەڵاتی دەداتێ و لەسەر داوای پەیوەندیداران لە ٩٠ ٪ ئەمانەی خوارەوە دەدرێتەوە خاوەنیان:

أ - نرخی پوولی بەکارنەهاتوو یا دراو یا ئەوەی پێش بەکارهێنانی بەسەهوو دەشێوێ.

ب- ئەو رەسمەی بە سەهوو لەسەر وەرەقەیەک وەردەگیرێ کە رەسمی لە سەر نییە یا لەسەرێتی و رەسمەکەی کەمترە لەوەی لێی وەرگیراوە.

٢- ئەگەر داواکاری وەرگرتنەوە کە رێگای پوول فرۆشیی پێ درابوو تەواوی نرخی پوولە بەکار نەهاتووەکانی دەدرێتەوە دوای داشکاندنی کۆمیسیۆن (عمولە).

٣- وەزیر یا ئەوەی دەسەڵاتی دەداتێ بۆیان هەیە بە پارە یا پوول ئەو رەسمە بدەنەوە

بەخاوەنی ئەگەر دڵنییابوون کە رەسمدەر ئەو مەبەستەی بەدی نەهێناوە کە رەسمەکەی لە پێناودا داوە.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

دەشێ پەیرەو بۆ ئاسانیی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکرێ.

**ماددەی بیستەم:**

کاربە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و دووەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(۱۱)

## چوارشەممە ریکەوتی ۳/۲/۱۹۹۳

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١١)

## چوارشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٢/٣

***سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٢/٣ ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی وبەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١-بەرچاوخستنی بڕیاری بەرز کردنەوەی پلەی یەکە ئیداریەکان.***

***٢-بەرچاو خستنی بڕیاری دامەزراندنی دادگای هەمیشەیی هێزی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.***

***٣-بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسایی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.***

***٤-تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان سێ خاڵە ئەگەر تازە بابەت شتێک نەبێت بۆ ئەوەی دەست بکەین بەخاڵی یەکەم، بەرچاو خستنی پرۆژەی بەرزکردنەوەی پلەی یەکە ئیداری یەکانە ئەگەر لیژنەی یاسا کەرەم بکەن .

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە هەر دانیشتنێک ئەگەر یەکێک لەوەزیرە بەڕێزەکان ئامادە بێت حەقە گفتوگۆی بەرنامەکەیان بخرێتە پێش، بۆ ئەوەی زوو تەواو بێت و وەزیرەکە بڕوا وئێمەش خەریکی ئیش وکاری خۆمان بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئەویش گرفتێک نییە، مادام وایە ئەگەر لیژنەی یاسایی چ بەرهەڵستێکی نەبێت بادەست پێ بکەین بەوەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن یاسای ئەوان بۆ ژمارە (٣)پێش دەخەین.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجــیــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــــومـــــەن.**

بێگومـان پێش ئەوەی دەست بەخـوێندنەوە ی پرۆژەی وەزارەت بکەم، حـەز دەکـەم بەناوی لـیـژنەی یاسـاوە بۆ جەنابتان ڕوون بکەمەوە کە ئەوە ڕای لیـژنەی قـانوونی یە کە لەبەردەم بەڕێزتان دایە گۆڕانێکی بنەڕەتی تێدانەکرانەوە وجیـاوازیەکی زۆری نی یە لەگەڵ پرۆژەی قـانوونی وەزارەت بەتەنها پاش وپێشێک خرایە ریزی مـادەکـانەوە ئەوە یەک، دوو هەندێ شـیـکار (شەرح) هاتبوو کە پێویسـتە لەپەیڕویدا ئەو شـیـکردنەوانەمـان لە لابان هەر وەکو یاسـاکـانی دیکە شـتەکـەمـان جێبەجێ کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

جـا وەزارەتیش وابزانم پرۆژەکـەی ئێـوەی دیوە یان نەی دیوە جـالەبەر ئەوە بەڕای من بـا ئەوەی وەزارەت هەردووکی بەیەکـەوە بێت وئەگـەر هەر شـتـیـک بوو ئـێـوە لیـژنەی یاسـا پرۆژەی خـۆتان دەخوێننەوە، لەسەر پرۆژەی ئەوان ئەگەر شتێکتان کردبێت ئەو کاتە ئەگەر شتێکی واکرابێت کە نەگونجێت لەگەڵ پرۆژەی ئەصلی وەزیر لێرە دەتوانێ گفتـوگۆی لەسەر بکرێت پاشان بڕیار بڕیاری ئێوەیە دووبارە ئێوە هی خۆتان ئەخوێننەوە ئەگەر هەموار کردنتـان کردووە لەسەر دەقی ئەصلی ئەوە ئەیخـوێننەوە، هینی وەزارەتیش ئەو کـاتە ئەگـەر وەزارەت لاری بوونێکی هەبێت لەسـەر ئەوەی کە ئەیڵێن ئەوە گفتـوگۆی لەسەر ئەکرێت ئەوکاتە زۆربەی لەگەڵ چ لایەک بێت ئەوا ئەو چەسپ دەبێت لەبەر ئەوەیە خـۆتان وەکو پرۆژەی یاسا کە چ هەمـوارکردنێکتـان هەیە لەسـەری چ تێبینیەکتان هەیە ئەوە بیخوێننەوە پاشان ئەگەر وەزارەتیش تێبینی هەبوو بەسەر چاو.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجــیــد:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

اسـتنادا الى احكام الفـقـرة (١)من المادة/٥٦من القـانون رقم (١)لسنة ١٩٩٢وبناءا على ماعرضه وزير النقل والمواصلات ووافق عليه مجلس الوزراء لأقليم كردستان العراق.

قررالمجلس الوطني لكوردستـان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ٣/٢/ ١٩٩٢اصدار القـانون الأتي :-

**قانون رقم ( )لسنة /١٩٩٢قانون**

**وزارة النقل والمواصلات لاقليم كوردستان العراق**

المادة الأولى : يقصد بالتعابير الأتية المبينة ادناه لأغراض هذا القانون :

١- الأقليم - اقليم كوردستان العراق.

٢- الوزارة- وزارة النقل والمواصلات للأقليم.

٣- الوزير - وزير النقل والمواصلات للأقليم.
٤- وكيل الوزير- وكيل وزارة النقل والمواصلات للأقليم.
٥- المجلس - المجلس الأستشاري للنقل والمواصلات.
ئەوەی ئێمە گۆڕیبومان بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن لەماددەیەک، پرۆژەی وەزارەت بە(ابواب) هاتووە لەبەر ئەوە ئێمە بەپێویستمان نەزانی (الباب الأول المصطلحات )ئەوەمان لاداوە لەسەرەوەی ماددەی (١)(يقصد بالتعابير الأتية للأغراض هذا القانون)مان زیاد کردووە وشەی (اقليم)مان لە(٤,٣,٢)زیاد کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەهەموو یاسایەک (أبواب) هەڵئەگرن وپێناسەو شت نادەن جا ئەگەر جەنابی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن هیچ تێبینی یەکی لەسەر ئەوە هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەت گوزاری بێ دەنگن وادیارە هیچ تێبینی یەکیان نییە. جا ئەگەر جەنابی ئەندامانی لیژنەی خزمەت گوزاری یەکێکیان بێنە ئێرە ئەگەرتێ بینیەکتان هەیە، چونکە هەموو جارێ ناکرێت ئێوە لەوێوە هاوار بکەن لیژنە، ئەگەر چ تێبینی یەک هەیە، باکەرەم بکات بێتە نزیکەوە، کە نوێنەرتان نەیەت بۆ دەستەی سەرۆکایەتی وەک لیژنەکان ئێمە وامەزەندە دەکەین کە ئێوە چ رەخنەیەکتان نییە، تکایە لەمەودوا بالیژنەکان ئەو شتە رەچاو بکەن کە هیچ تێ بینی یەک نەدات بەئێمە واتای ئەوەیە کە ئێوە ڕازین لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە یاسا دایناوە ولیژنەی یاسا پێشنیاری دەکات، ئەگەر ماددەیەک شتێکیشتان هەیە با پێش وەخت بزانین.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر هیچمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر ماددە یەک هەیە؟....نییە؟ کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية

تهدف الوزارة الى:

١- تأمين وادارة وتشغيل وصيانة البدالات وشبكات خطوط الهاتف ووسائل الأتصال الأخرى في مدن الأقليم بالسعة المطلوبة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن سەبارەت بەو بڕگەیە ئێمە هیچ گۆڕانکاریەکمان نەکردووە بەتەنها لەسەرەتای ماددەی دوو نوسراوە (تسعى وزارة النقل والمواصلات الى) ئێمە کردوومانە

به (تهدف الوزارة الى).

**بەڕێــز ســـــــەرۆکــی ئـەنجــــــومـــــەن:**

جەنابی وەزیری گواستنەوە هیچ تێبینی هەیە؟..نییە هیچیان نییە لەسەر (تهدف)، (تسعى)، برایان کەس تێبینی لەسەر ئەوە نەبوو؟

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح /وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکــی ئـەنجــــــومـــــەن.**

زۆر باشە.

**بەڕێز مـــەلا هادی خــضــر کـــوێخـــا:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکــی ئـەنجــــــومـــــەن.**

زۆر باشە.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکــی ئـەنجــــــومـــــەن:**

لەجیـاتی (ا.ب.ج.د.و) لەیاسا کردوویەتی بە(٣,٢,١)لەوەزارەتی گـواسـتـنەوە و گـەیاندن چ تێبینی یەک لەسەر ئەوە نییە.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکــی ئـەنجــــــومـــــەن.**

١-(تأمين وادارة وتشـغـيل وصـيـانـة وتطوير الـبـدالات وشـبكات خطوط الهـاتف ووسـائل الأتصالات الأخرى في المدن الأقليم بالسعة المطلوبة).

**بەڕێــز ســـــــەرۆکــی ئـەنجــــــومـــــەن:**

چ تێبینییەک لەسەر وەزارەتی گواستنەوە نییە؟ لیژنەی خزمەت گوزاریش هیچی نییە؟.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکــی ئـەنجــــــومـــــەن.**

٢- (تـنـظـيـم وتـطـوير) لەجـیــاتی (اعـادة بناء تنظيم وتطوير شـبكـة الأتصالات الـسلكيـة واللاسلكية بين مدن الأقليم وربطها بالعالم الخارجي وفق الجدوى والحاجة).

**بەڕێــز ســـــــەرۆکــی ئـەنجــــــومـــــەن:**

تەنها( تنظيم وتطوير )لەجیاتی (اعادة بناء).

**بەڕێزد. ئیـدریس هادی سالح/وەزیری گواسـتنەوە:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکــی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئێمە سەر لەنوێ بیناکردنەوەمان دانا، لەبەر ئەوەی لەپاش ڕاپەڕینە پیرۆزەکە زۆری تێک چوو دەبوایە لەنۆژەن دروست کردنەوە (اعادە بنا) بکەینەوە لەبەر ئەوە ڕێکخستن شتێکەو دووبارە بیناکردنەوە(اعادة بناء) شتێکی ترە لەبەر ئەوە ئێمە (ایعادە بنا)مان دانا وێستگەکان هەمووی تێک چوو بوون دەبوایە سەر لەنوێ دروست بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنان محـەمـەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی وەزیری گـواستنەوەو گەیاندن فەرمووی ڕاستە، ئێمە ئەمان ویست وەک قانوونێک هێمایێک شتێکی چەسپاو بێنێتەوە بڵێین ئەو شتانەمان تێک داوە چونکە واقیعەکەی ئێمەش دەیزانین وە ئێمە وشەی (تطور)مان پێ شتێکی دەگمەن تربوو بۆ ئەوەی ئیشارەت نەدەین کەچەند شتێکمان داوە واتا ڕاستە مرۆڤ قانوونەکە بخوێنێتەوە هەست بکات کە ئەم خەڵکە ئەم میللەتە لەڕاپەڕینەکەوە ئەو شتانەیان تێک داوە ئەوە واقیعە ئێمە بەچاوی خۆمان دەبینین بەراستی ئێمە نەمان ویست شتێکی دامەزراو لەقانووونەکە بێنێتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام لەبەرچاوی خەڵک بێت هەتا ئەوەی بیخوێنێتەوە بڵێ ئەمانە لەفلان مێژوو لەڕاپەڕینەکە ئەم شتەیان تێکداوە وە ئەوەمان پێ شتێکی تۆزێک نازک تربوو واتا پێناسەی هەیەو ڕای دوایش بۆ جەنابتانە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوی ڕاستە زۆرشتی دیکەمان هەیە هەر لەڕاپەڕینەکە تێک نەدراوە بەڵکو لەشەڕی ئێران وعێراقدا بۆ نموونە ئێستگەی (کۆڕەک) کاتی خۆی بۆردومان کراوە، زۆ شوێنی کە هەیە لەجەنگی کەنداو کە بۆردومان کراوە ، ئەوە شتێکی واقعی یە جا ئەوە کەیفی خۆتانە لەوقۆناغەدا کە قانوون دامەزرێت بەڕای من (ایعادەی بناء ) شتێکە و ڕێکخستنەوە (تنظیم )شتێکی ترە، چونکە ئێمە بۆ(ایعادة بناء) پارەیەکی زۆرمان دەوێت کە تەرخانی بکەین، بەڵام بۆ ڕێکخستن شتێکی ئەوتۆی ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی تێبینی هەیە لەسەر ئەم بابەتە باناوەکانیان بنووسین.

**بەڕێز مەلا هادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕای منیش لەگەڵ ڕای جەنابی وەزیرە، چونکە ئەو دەڵێت (تنظیم )شتێکەو تێکدان شتیکی ترە ئیستا ئیمە داوا لەلایەنی دەرەوە بکەین یان ئەو لایەنانەی کەیارمەتیمان بکات دەبێ بڵێین ئەو شتە تێک چووە ئینجا وەرە بۆمان چاک کەنەوە وەخۆ ناڵێین وەرن بۆمان ڕێک بخەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن :**

ئەگەر هیچ تێبینی یەکی تر نەبێت لەسەر ئەوە.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بیرورای لیژنەی یاساو بەڕێز د. ئیدریس ئەوەیە کە هەردووکی هەر ڕاستە واتا پێشتر

بینا بەڵام دوای راپەڕین تێک چووە، ئێستا پێشنیاری من ئەوەیە(اعادة تنظیم وتطویر) خۆی بینایەکە هەبووە بەڵام رێک دەخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من حەز دەکەم لەهەموو شتێکا ئێمە گیانێکی واقع بینانە وراستمان هەبێت وە پێویستی ناکات هیچ مجامەلە بکەین لەسەر حسابی ئەوەی کەشتێک هەیەو بابەجۆرێک بڵێین کەنەبێتە تێ بینی لەسەرمان زۆر زۆ راستە ئەو راپەرینە بووە وجەنگ بووەو بۆردومان بووە وئێستا ئەم شتانە نەماوە جا لەم روانگەیەوە بەهەر هۆێکەوە بێت من لەگەڵ ئەوەدام کە وەزارەت نووسیویانە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆ ی چارەسەرکردنی یاسایی بۆ حاڵەتێکی بەردەوامە(تنظیم وتطویر) حاڵتێکی کاتیە (اعادة بناء) حاڵەتێکی کاتییە پشتگیری لەلیژنەی یاسا دەکەم لەو بابەتەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. خەسرۆگوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پشتگیر ی لەپێشنیارەکەی بەڕێزوەزیری گواستنەوەو گەیاندن دەکەم لەکاتێ کە حکومەت خۆی دام ودەزگاکانی کێشایەوە زۆر لەو ئامێرانە کەسەر بەو فەرمانگانە بوون هەندێکی هەر خۆی کێشانیەوە وهەندێکی تری خۆی تێکی داوە، جا ئەگەر بێتوو ئێمە جیاوازی لەنێوان (اعادە بناء وتنظیم) نەکەین لەلانی دارایی ومادی یەوە ئەبێت بڕە پارە تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی ئەو تۆڕانەی کە تێکچوو ون چابکرێنەوە ، جا من پێشنیار دەکەم بۆ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن کەوابکرێ بە(اعادە بناء خطوط السلكیە واللاسلكیە.)سوپاس.

**بەڕێزکاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشگیری لەدیدو بۆچوونی لیژنەی یاسا لەیەک لایەنەوە دەکەم، چونکە جەنابی وەزیر ئەگەر بیەوێ شتەکە چاک کاتەوە پشت بەو دەقە نابەستێ کە لێرەدا هاتووە، چونکە ئەگەر بینایە دروست بکات ئەبێت ئەو پارەیە قۆناغ بەقۆناغ دابنرێت وبراستێندرێ تەنیا ئەو ماوەیە بەس نییە بۆ ئەوەی سبەینێ بچێ لەفەرمانگەدا دەست بەبیناسازی وشتی وا بکا لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو سەرپشکە بەگوێرەی ئەو دەقە کەهەموو شت بکرێت، ئەبێت لەبەرنامەی وەزارەت پشکنین کەشف دابنرێ وئەو نۆرینە براستێندرێ ئەو (کشفە تصدیق)بکرێ وداوای پارە بکات پارەکە لەلایەنە دیاریکراوەکانەوە بۆی تەرخان بکرێت، ئەوجا ئەتوانێت دەست بەکار بێت، لەبەر ئەوەی هیچ

ڕێی لێ ناگرین ئەگەر بنووسرێ ڕێک خستن وپەرەپێدان(تنظیم وتطویر )شتێکی زۆر زۆر جوانترە بەشێوەیەکی قانوونی (تنظیم وتطویر اعادە بناء )واتای وایە هەموو شتێکی گرنگە خۆشمان بەشێکی زۆرمان لێ کردووە وەخۆشیش نییە هەروا ئاسان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر زۆ سوپاستان دەکەین جا ئەگەر ئێمە سەیری هەردوو گۆشەنیگا بکەین ئەوە پاساوی (مبرراتی) خۆی هەیە نازانم لیژنەی یاسا چی دەڵێن.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گۆشەنیگای یاسایی شتێکەو واقیعیش شتێکی کەیە من سەردانێکی هەڵەبجەی شەهیدم کرد بینایەک لەبۆردومانە کیمیاویەکە هەر بەجارێ وێران بووە هەتا ژوورێکیان نییە تیادا دانیشن ئەوە هەر دەبێت بەگشتی دووبارە بیناسازی بکرێتەوە شتێکی مێژووی یە ئێمە بیناسازی بکەینەوە خۆ مەرج نییە هەر ئەو یاسایە بێت، جا ئەگەر (اعادة)بێت نابێت ڕێک خستن وپەرەپێدان (تنظیم وتطویر)زیاد بکرێت ئەبێت (اعادەی بناء) هەر هەبێت، بەڵام مەسەلەی (اعادة بناء وتطویر) ئەبێت تۆڕی گەیاندنیش (شبکە اتصالات)یشی لەگەڵدا بێ یا ئەو (شبکە)شی بخرێتە نێوان، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەدنیامان ڕاگەیاندووە کە کوردستان بەهەزاراران دێهاتی وێران کراوە دەبێت ئەوانیش بینا بکرێنەوە بۆ نموونە: گەلاڵە نەماوە، مێرگەسوور نەماوە، بارزان نەماوە، ئەوانە هەمووی حکومەت وێرانی کردووە شتێکی ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر مۆڵەتم بدەن پێشنیارەکە بەو شێوەیە بکەن بنووسن (اعادة تنظیم وتطویر) اعادة تنظیم وشەکەوابزانم ئەگەر لیژنەی یاسا چ تێبینی یەکیان لەسەر نەبێت، با ئەم پێشنیارە بکەین ئەگەر بزانین هیچ ڕایەک نەبێت بەرامبەر ئەو زیادەی تەنها وشەی (دووبارە)، (اعادة تنظیم وتطویر) ئەگەر (اعادة بناء) تەواو بوو پاشان ئەم بڕگەیە لەوێ بابوەستێ بایاساکەش شێوەی بەردەوامی وەرگرێت، بەڵام ئەگەر دووبارە خستنە پێش وپێشکەوتنەکەشی لەگەڵدا بوو دوای ئەوەش کەدووبارەی دەکەینەوە دەبێت پەرەشی پێ بدەین و یاساکە بەردەوام بێت لەو بڕگەیەدا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گۆشەنیگای خۆمان وە وابزانم هیچ جیاوازیەکی نییە واتا هۆیەکان دەرخراون ئەو هۆیەی کە مەسەلەکەمان بەو شێوەیە بوو تەواوە، ئێمە (اعادة بناء) شتێکە کە ئەوە ڕۆیشت واتای وایە

که قانوونەکە کاریگەری (مفعولی) نەما بەلاّم ئێستا لەوانەیە کە لەئەنجوومەنی نیشتیمانیی دا ئێمە لێرە دانیشتووین بەبێ ئەوەی لەپەیرەو وپرۆگرامی ناوخۆی ئەنجوومەندا هیچ ڕێگەپێدانێک هەبێت کۆمەڵێک بزووتنەوەی ئاوەدان کاریمان کرد پەرژینمان (سیاج)مان کرد زۆر شتمان کرد مانای وانییە ئێمە دەڵێین (اعادة بناء)ڕێکخراوی خێرخواز مەسەلەکەی نایەتە پێش چاو گەر واقیعەکە ببینێ قەیدی ناکات بەلاّم یاسایەکە شتێکی ترە لەوانەیە جەنابی وەزیر بەیانێک دەربێنێ و بڵێ بەریدی هەڵەبجە لەبەر ئەوەی ئەو کارەساتەی بەسەری هاتووە تێک چووە ئێمەش دەمانەوێت چاکی بکەینەوە بەلاّم ئێمە بۆچوونەکەمان ئەوەیە لەیاسا لە دەقی یاسا دەقێکی وا هەبێت ئەمەمان پێ شتێکی پێویست نەبوو، ڕای یەکەم ودواییش هەر ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جائێمە پێشنیارەکەمان تەواو کرد، ووشەی دووبارە ئەخەینە پێش ووشەی(اعادة و تنظیم) حەز دەکەی پەرەپێدانیشی (تطویریشی) تێ بخەین، کاک سەید حەسەن ئەگەر شتێک هەیە دەربارەی ئەم پێشنیارە؟

**بەڕێز سەید حەسەن بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی من ئەوەیە ئەگەر اعادەکەی بەگەڵبخەن و(اعادة بناء) (و)ێکی لەنێوان دابنێین واتا اعادەکە تەواو بووەو بیناکە دەست پێ دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئێمە ئەگەر کارێکی وابکەین (اعادە بناء وتنظیم وتطویر) هەمووی بگرێتەوە ئەمە واتای برادەرانی (اعادە بناء وتنظیم وتطویر) وشبکە ئەگەر جەنابی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن چ ڕای نییە لەسەر ئەم پێشنیارە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر نی یە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا نەخێر نییە؟ لیژنەی خزمەت گوزاریش نییە؟ جاوەکو پێشنیارێک ئەمە پەسەند دەکرێت تکایە ئەوی لەگەڵ ئەوپێشنیارەیە دەستی خۆی بەرزکاتەوە کێ لەگەڵ نییە بەکۆی دەنگ ئەمەیش هەر (اعادە وبناء وتطویر) مایەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٣- بناء مراكز البريد وتقديم خدمات البريد الداخلي والخارجي وذلك بتطوير مركز بريدي

هاتفي في مدن الأقليم بحيث تتوفر فيها كافة وسائل الأتصالات البريدية. ليـرەش هەر (اعادة)كەمان هەڵوەشاندۆتەوە (الغاء) كردەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(اعادة بناء) وەکو خۆی ماوەتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

نەخێر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن (اعادە)کەمان هەڵگرت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا حەز دەکەن بائەویش هەمان ووشە بێت ئەویش بۆ ئەوەی نەبێتە هەر هەمان ئەو چوار شتە (اعادة بناء وتنظيم وتطوير) مادام وایە (٣)(اعادة بناء )پێشنیارەکەی(٢) نەیگرێتەوە و(اعادة بناء وتنظيم وتطوير) بۆ ئەوەی هەمووی بەیەک شت بڕواتە خوارەوە ئەگەر چ تێبنیەک هەیە لای وەزیری گەیاندن وخزمەتگوزاری یەوە بابڕۆین بۆ چوارەم.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٤-تأمين وتقديم خدمات الأنواء الجوية والتنبؤ بالكوارث الطبيعية وتطوير المراكز الخاصة خدمة للمشاريع التنموية. هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر (٤) هیچ تێبینی نییە لیژنەی یاسا و خزمەت گوزاریش هیچی نییە بابڕۆین بۆ (٥).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٥- تنظيم وتأمين خدمات النقل والتوزيع بالوسائل المتيسرة والممكنة للأشخاص والبضائع داخل الأقليم. بەڕێز هیچ تێبینیەکمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز وەزیری گواستنەوەیش هیچ تێبینی یەکیان نییەو لیژنەی خزمەت گوزاریش هیچیان نییە بابڕۆین بۆ (٦).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٦-اعداد دراسات جدوى الأقتصادية والفنية لمشاريع النقل البري والجوي والنهري وسكك الحديد والأتصالات السلكية واللاسلكية والبريد وتصميم تلك المشاريع والقيام بجميع الأعمال والخدمات المتصلة بها. هیچ تێبینی یەکمان نییە لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
(٦) لیژنەی خزمەت گوزاری هیچی نییە، برایان تەنها کاک دکتۆر ڕزگار تێبینی هەیە، باکەرەم بکا، کاک سەعیدیش تێبینی هەیە.
**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
باسی پەیوەست کردنی کوردستان لەگەڵ عیراق ناکا.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
جارێ ماوە بدە باخاڵی (٦)تەواو کەین ئەگەر چ سەرنجێک لەسەر(٦) نییە پاشان گەر زیاد کردن هەبوو بەسەرچاو. کاک سەعید جەنابیشت لەسەر شەش هیچ سەرنجت نییە مادام وایە (٦)چ تێبینی نییە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.
**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پرۆژەی وەزارەت خوێندرایەوە، باسی پەیوەندی دابین کردنی گەیاندنی نێوان شارەکانی کوردستان و دەرەوە کرا هیچ باسی عێراق ناکات وەک بڵێی پشت گوێی خستییە، پێویستە ڕێکخستنی گەیاندنی نێوان کوردستان وشارەکانی عێراق هەموو بکەن، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو پێشنیارە باش بوو لەلایەن کاک دکتۆر ڕزگارەوە کرا، جەنابی سکرتێر ئەڵێت ئەگەر تەماشای خاڵی (٣) بکات (الخدمات البريدية الداخلية والخارجية) لەوێ تێبینی یەک کراوە.
**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
(بحساب عالم خارجي وفق الجدول يعين بين المدن وربطها بالعالم الخارجي) هیچ باسی عێراق نەکراوە وپێویستە سەرەنجێکی بۆ دابنێین (ربط الاقليم مع مدن العراق)بەو جۆرە بگوترێ، سوپاس.
**بەڕێزد. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری گواستنەوە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
گەیاندن هەردەم مەرکەزییە لەوناوچەیە دەست پێدەکات ئەگەر سەبارەت عیراقیش بێت مرکزی یە ئەگەر سبەی جۆرە حکومەتێکی فیدرالی بێت دەبێتە مرکزی ئێمە باسی هەرێم دەکەین کە دەڵێن ناوەوەو دەرەوە واتا ئەوە شتەکان دەگرێتەوە، بەڵام ناتوانین دەست تێوەردان لە(مەرکەز) بکەین، سوپاس.
**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
قسەکانی کاک دکتۆر ڕاست بوو بۆ جیهانی دەرەوە(عالم خارجي) ئەگەر مەرکەزی بوو بۆ(عالم خارجي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕای کاک دکتۆر وابزانم روون بوو (داخلی )واتا ناوەوەی هەرێم (خارجی) واتا دەرەوەی هەرێم حکومەتی مەرکەزی وپارێزگاکانی تری عێراق، ئەویش روونە جاچی تێبینی یەک هەیە لەسەر مادده(٢) ئەوەی دەنگمان لەسەردا کێ لەگەڵ مادده(٢)ە؟ کێ لەگەڵ نییە؟بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة (٣):
١- الوزير :- هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها والأشراف والرقابة على نشاطاتها وتصدر عنه التعليمات والقرارات والأوامر في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وسائر شؤونها الأدارية والمالية والتنظيمية والفنية ضمن احكام القانون والنظام ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض صلاحياته الى الوكيل او المدراء العاملين او من يراه مناسباً في الوزارة.
٢- الوكيل: يقوم بالمهام التي يوكلها اليه الوزير.
٣- تتكون مديريات وتشكيلات مركز الوزارة من :-
أ-مكتب الوزير: رأسه موظف بدرجة مدير من ذوي الخبرة والكفاءة ويعاونه عدد من الموظفين.
ب-مكتب الوكيل: رأسه موظف من ذوي الخبرة والكفاءة ويعاونه عددمن الموظفين.
ج- الدائرة القانونية: يرأسها موظف بدرجة مدير حاصل على الشهادة الجامعية الأؤلية في القانون من ذوي الخبرة والكفاءة.
٤- المجلس: يشكل في الوزارة مجلس استشاري بأسم مجلس الأستشاري للنقل والمواصلات برئاسة الوزير وكالأتي:
١- وكيل الوزارة نائباً للرئيس.
٢- مدير عام الشؤون المالية والأدارية- عضواً.
٣- مدير عام الشؤون الفنية- عضواً.
٤- مدير التخطيط والمتابعة- عضواً.
٥- مدير الدائرة القانونية- عضواً.
٦- مدير الأنواء الجوية- عضواً.
٧- عضواً او اكثر يرشحه الوزير من داخل وخارج الوزارة.
ثانياً: مهمات المجلس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مۆڵەت هەبێت بائیمە لێرە لەدووەم رابوەستین بایەکەم تەواو بکەین چونکە وابزانم مادەیەکی دووردرێژە، مۆڵەت هەیە لیژنەی یاسا دەتوانی کە بزانین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مهمات المجلس)،سەبارەت ئەوگرنگیانەی لەپرۆژەی وەزارەتدا هاتووە ئێمە هیچ تێبینی یەکمان لەسەر نییە بەڵام هەمواركردنێكی زۆر كەم لە برگەی یەكەم -(مهمات المجلس).

١- اعداد وصيانة الأهداف العامة لخطط الوزارة على ضوء توجيهات مجلس وزارة الأقليم.)لەباتی ئەوەی (مجلس وزارة لاقليم كوردستان على ضوء توجيهات مجلس وزارة الأقليم.)

٢-مناقشەی الخطط الأولية المعدة من قبل مديرية التخطيط واقرارها مبدئياً ومتابعة تنفيذها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەران ئەزانن بابەتەكە چییە واتا موتابەعەی (٢) ثانيا دەكەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەثانيا (ناحيەی نەحوی فقط على ضوء )لەباتی (فى ضوء )دەبێتە( على ضوء خطط..)

٣- اقتراح الخطط العامة للنقل والمواصلات وبرامج التشغيل والتسويق والماليةوالأقتصاد.

٤- مناقشة التقرير الدوري العام للوزارة الذي تعده مديرية التخطيط والمتابعة وبيان مايراه في هذا الشأن من ملاحظات وتوصيات.

٥- دراسة مشاريع القوانين والأنظمة والتعليمات المتعلقة باعمال واهداف الوزارة ومايراه مناسباً بهذا الشأن من ملاحظات وتوصيات.

٦- دراسة كل مايعرض عليه من قضايا وبيان الرأي فيها وتقديم المقترحات والتوصيات المناسبة بهذا الشأن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با جارێكی تر بێبینەوە سەر مادە (٣) (الباب الثالث) سرینەوەی (هيكل وزارة)، ئەو عینوانە نامێنێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ نامێنێ.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٤) المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورن جارێ ئەوە گفتوگۆی لەسەر ناکەین بابی سێ هیکلی وزارە هەڵگیراوە لەپرۆژەکانتان چ تێبینیتان هەیە لەسەری.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گفتوگۆو سەرنجم لەسەر مادده (٣) هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئێمەش پێش ئەوەی بگەینە ماددەی (٣) لەپرۆژەکە نووسراوە (الباب الثالث هيكل الوزارة) برادەرانی یاسا ئەوەیان هەڵگرتووە ئەڵێن پێویست ناکات یاساکان هەمووی دەرنەخراون.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە، سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرهەڵستیتان نییە؟ لیژنەی خزمەت گوزاریش بەرهەڵست نییە بابێینەوەو سەر مادده(٣).

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٤- المجلس او يشكل في الوزارة مجلس استشاري بأسم (مجلس النقل والمواصلات)، نازانم جارێکی تر (استشار)ی یان بۆچی تێخستۆتەوە؟ خۆی(مجلس النقل والمواصلات)ە کە دەڵێ مجلس استشاري جارێکی تر ئەوە پێویست ناکا ئێمە وامان دانابوو، سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئەڵێت لەپێناسا لەئەنجوومەن هاتووە کە بڵێی (استشاري) کە ئەمیش نووسراوە چوار (المجلس شطب) فت دەکرێت تەنها ئەمێنێتەوە (اولا يشكل في الوزارة كذا ...كذا...)چ تێبینی یەک هەیە لەسەر یەکەم، اولا...

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بەاضافە بۆ ئەوەی کەلە نێوان دوو کەوانەدایە نووسراوە (المجلس الأستشاري للنقل والمواصلات) بەس (مجلس النقل والمواصلات)ە، سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەویش لەوێ هەڵدەگیرێت.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوی دیارە لەچوارەم باسی(المجلس الأستشاري للنقل والمواصلات)ی کردووە باسی بەڕێوەبەری گشتی وکاروباری مالی ودارایی کردوە هەروەها کاروباری هونەرکاری. تائێستا ئێمە لە پەیکەری وەزارەت گفتوگۆمان لەسەر نەکردوە چۆن ئەو بەڕێوەبەرە گشتییانە چەسپیان کردووە؟ پێویستە پێکهاتەی وەزارەت بزانین لەچ پێک هاتیە؟ چەند بەڕێوەبەری گشتی هەیە؟ ئینجا لەئەنجوومەن، ئەوانە ڕێکیخەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر لێرە دیارە دوو بەڕێوەبەری گشتیان هەیە یەک کاروباری دارایی وبەڕێوەبردن (الشؤن الأدارية والمالية) دوو: کاروباری هونەرکاری (الشؤن الفنية) ئێمە هەوڵمان داوە پەیکەرەکە بچووک بێتەوە، زۆر بەڕێوەبەری گشتیمان دانەناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببورە پرسیارەکە بەو شێوەیە ئەڵێ ئێمە هەر لەزنجیرەی ماددەکان هێشتا کە ئێمەگفتوگۆ ی پەیکەری وەزارەمان نەکردووە چەند بەڕێوەبەری گشتی هەیە لەکاتێکا ئێمە لەخاڵی چوارەم لەماددە(٣)ئەنجوومەنێکمان دروست کردووە یەک بەڕێوەبەری گشتی یا دوو بەڕێوەبەری گشتی تێدا هەیە لەگەڵ سێ بەڕێوەبەری تر ئەو پەیکەرە گفتوگۆی لەسەر نەکراوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە بەیەک دەربڕین چارە دەکرێت برگە دوو بنووسین (المدراء العامون في الوزارة) چونکە بێگومان بەڕێوەبەرە گشتی یەکان(مدراء عامين) نزیکی یەکتری ناکەین ناوەکان بەو بۆنەی کە دەنگیان لەسەر نەدراوە دەڵێین (المدراء العامون) في الوزارة وكيل الوزارة نائبا للرئيس٢-(اعضاء المدراء العامون في الوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئەویش دەرمانی دەرد دەکا.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من برگە (٤) المجلس بگوێزرێتەوە بۆ ماددەی داهاتوو چونکە ئەگەر بێتوو بەڕێوەبەرە گشتی یەکانیش بنووسرێن، ئەمانە هەرهەمووی بەڕێوەبەری گشتی نین بەڕێوەبەری نەخشەکێشانی (تەخطیطی) تێدایە بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی تێدایە کەش ناسی تێدایە کە ئەمانە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نین لەبەر ئەوە ئەگەر بتوانرێت کە برگەی (٤)بگوێزرێتەوە

بۆمادەیەکی تر، واتا ئەنجوومەن بگوێزرێتەوە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەیاساکەی خۆمان پەیکەری وەزارەمان داناوە دابەش کردنەکەشمان ڕەچاو کردووە، بەڵام ئێستا تازە پێشنیار کرا کە ئەمە وابزانم کەس دەنگی نەکرد، ئێستا لەقانوونە ئەصلیەکە پێک هاتەکەو بەڕێوەبەرە گشتییەکان هەنە، ئینجا دێینە سەر ئەنجوومەنەکە (مجلس) بەڵام دیارە لیژنە یاساییەکە ئەوەیان لابردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر مەسەلە ئەمە نی یە تەنها پاش وپێشە هیچ لەلانی ناوەڕۆکەکە ناگۆڕێت جا ئەگەر لیژنەی یاسا ڕای نەبێت یان ئەو پێشنیارەی کاکە ڕەش جێگیر بکات یان (مجلس) بخاتە پاش (هیکلی وەزارەتە)وە بۆ ئەوەی نەهلە خان بچەسپێنرێت بکرێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر پێتان باش بێت ئێمە (مجلس استشاری) یەکە پێرستەکەی ئەگەر ئەنجوومەن پێ ی باش بێت و بوارمان بدەنێ دەخەینە جێگایەکی گونجاو تر بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەو لایەنە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ خزمەت گوزاری وگەیاندن (مواصلات) لاریتان نییە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەمەوێ ڕوونی بکەمەوە کە لەبەرچی برگە چوارمان لێرە داناوە لەبەر ئەوەی لە(٩٣نووسراوە (تتکون مدیریات وتشکیلات مرکز الوزارە )لەبەر ئەوەی (مجلس استشاری) لەگەڵ (مرکزی وەزارەیە) بۆیە لێرە هێناومانەتە خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوی کاک ئەیادیش گۆشەنیگاێکە بەراستی ئینجا ئەوەی کاکەڕەش بۆی هەیە گرفتەکە چارە بکات.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نا، چاری ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە چار ناکرێت ئەویش ڕاستە، جاکاک ئەیاد ئەوە کاریگەری هەیە لێرەدا؟.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مــــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

نەخێرکاریگەری نابێ ئەو بڕگەی(٤)ە لێرە دەبێتە ماددەی (٥) پاش ماددەی (٤)، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

باشە کە گەیشتینە ئەم بابەتە (٤)دوا دەخەین کە گەیشتینە مادده (٥)ئەو کاتە دێینەوە سەری، واتە چ تێبینی نییە لەسەر(٢).

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مــــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

دووەم: ئەرکەکانی ئەنجوومەن (مهماتی مجلسە) ئەویش دەچێتە ماددەی (٥)بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن گرنگی ئەو ئەنجوومەنەیە(مجلس استشاری اولا وثانیا )هەردووک دەبێتە ماددەی(٥)، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر باشە مایەوە مادده(٣) ئەگەر چ تێبینیەک نییە بەپێی ئەو هەموارکردنانەی کە ئێستاکە باس کران، کێ لەگەڵ مادده(٣)یە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مــــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

المادة الرابعة: مديريات ديوان الوزارة والتشكيلات التابعة لها:

أ-مديرية الأدارة والذاتية.

ب-مديرية الحسابات.

ج-مديرية الرقابة والتدقيق المالي.

د-مديرية الخدمات.

ه-مديرية العلاقات والأعلام.

و-مديرية المخازن.

ز-مديرية التخطيط والمتابعة وتتألف من الوحدات التالية:-

١- وحدة البحوث والدراسات التطبيقية.

٢- وحدة التدريب الفني.

٣- وحدة الحاسبة الالكترونية.

٤- وحدة الأحصاء والمعلومات.

٥- وحدة المكتبة.

٢- المديرية العامة للشؤون الفنية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە ئەگەر حەز دەکەی بالێرە لەسەر مادە (٤)ڕاوەستین بزانین چ تێبینی یەک هەیە ئەم دوو جیاوازیە ئەگەر چ نییە بۆ ئەوەی بڕۆینە سەر(٢)پاشان لەبەشی (١)مادده (٤)تێبینی یەک هەیە؟ چ تێبینی نییە؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٢- المديرية العامة للشؤون الفنية: ويرأسها موظف بدرجة (مدير عام)يحمل الشهادة الجامعية الأولية من ذوي الخبرة والأختصاص وترتبط بها المديريات التالية.

أ-مديرية الأتصالات السلكية واللاسلكية

ب-مديرية خدمات البريد والبرق والهاتف

ج-مديرية النقل

د-مديرية الاستيراد والمشتريات

ه-مديرية الأنواء الجوية

و-مديرية تنفيذ المشاريع يرتبط بها:

١-قسم الدراسة وتصميم المشاريع

٢-قسم تنفيذ ومتابعة المشاريع، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده(٤) ئەگەر لیژنەی خزمەت گوزاری چ تێبینیەک نییە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ژمارە(١)(٢) (قسم دراسەوتصميم المشاريع) هەر بکرێت بەبەشی (دراسة وتصميم وتنفيذ المشاريع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کامەیان؟

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

و-(مديرية تنفيذ المشاريع) وترتبط بها (دراسة وتصميم المشاريع )واتا هەردووکیان بکرێتەیەک جیاوازی، چونکە جیاوازیەک بەسە دوو بەڕێوەبەرایەتی بۆ چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە ویستمان هەمان ڕۆژ من دەمەوێت ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن مۆڵەتم بدات

هەندێ شت روون بکەمەوە دەربارەی وەزعی لیژنەی یاسایی، ئەو بابەتەی (مجلس استشاری) کە ئێستا گرفتی تێدابوو بەراستی لەوانەیە ئێمە زۆ جاری دیکەش عەرزی جەنابتمان کردووە بەڕێز جێگری سەرۆکیش کە جەنابت لێرەنەبووی بێگومان یارمەتی زۆری داوین بەراستی لیژنەی یاسایی بەرهەڵستێکی زۆر زۆری هەیە، ئەو لیژنانەی کە لەناو پەرلەمان دادەنرێن بۆ ئەوەیە کە یارمەتی لیژنەی یاسا بدەن. ئەم یاسایە کە دوامان خستووە لەوانەیە ئێمە زیاتر لەلیژنە نیەت پاکیمان هەبێت تصور بکەین کە شتێکی وادەبێت هەندێ یارمەتی دەر بێ کەوەزارەکان تێک دەکرێنەوە ووتمان (بحث علمی) وەک وەزارەتێک بێ، ئێمە بەراستی لەناو پەرلەمان ویستمان پەیوەندی لەگەڵ بەڕێز وەزیری گواستنەوەو گەیاندن بکەین دەربارەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە دوایی بیستمان کە واقیعەکە لەوەزارەتەکە خۆی ئەوەیە لەبەر ئەوە ئێمە نەمان هێشت تێکیان کەنەوە (دەمجی) بکەن وشتەکە هەر واسەرێپی نەبووکە خۆی ئیستا بەڕێزیشی لێرەیە ئەتوانی بۆتان روون بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە کە پێک هاتووە دەڵێت (مديرية تنفيذ المشاريع) ئەمە لەیاساکەی ئێمە هاتووە (وتتطلب اليها المهام التالية)، (مهام) من نەم کردۆتە (قسم) بۆ ئەوەی دیار بێت (دراسة وتصميم مشاريع تنفيذ ومتابعة مشاريع ) بەلام لیژنە قانوونیەکان ئەمەیان کردووەتە دووبەش بەشی یەکەم وبەشی دووەم (مهام)جیایە بەش (قسم) جیایە بۆ ئەوەی بزانین ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتییە ئەو ئیشە بنەڕەتیانە دەبێ بکات بێ ئەوەی پرۆژەکە راپەڕێنێ واتا نازانم ئەوە دووشتی جیاوازە ئەوەی کاک مەلا هادی فەرمووی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گرفتێک نییە ئێستا ئێوە لەسەر ئەو پێک هاتەیە (تەشکیلە) راتان چییە؟ وەکو وەزارەت(٢.١) چ تێبینی یەکتان هەیەلەسەری؟

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٢.١)تەنیا بەش (قسم )نەبێت (وتناط مهام التالية) ئەرکی ئەو بەڕێوەبەراتییە پێکهاتەکەی زۆر لەوە گەورەترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەتەوێت (تنفيذ المشاريع مديرية تنفيذ المشاريع وترتبط بها وتناط اليها).

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

وتناط اليها المهام التالية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم (دراسةوتصميم المشاريع وتنفيذ ومتابعة المشاريع) بەشەکان هەڵئەگرێت ئەوە ڕای وەزارەتە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچوونی ئێمە ئەگەر بەشەکان (اقسام )نەبێت شی کردنەوەی ناوێت چونکە بەڕێوەبەرایەتیەکانیش شتاقی شی نەکراوەتەوە بەڕێوەبەراتیەک هەیە چ کاروباری دیاری نەکراوە (مدیریة استیراد المشتریات ومدیریة انواء) هەیە لەبەر ئەوە باوەکو خۆی بمێنێتەوە (مدیریە تنفیذ المشاریع) بەبێ ناوبردنی بەشەکان کاروبارێک بۆ خۆی دیاری کات کە کاری ئەم بەڕێوەبەراتیە ئەوەیە وەکو بەڕێوەبەراتیەکانی تر شتاقی کاروباریان دیاری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کاکەڕەش گوتی بەڕاستی لەئەنجوومەنی وەزیران ئەم بابەتە هاتووە، وەزارەت لەپەیڕەو وپرۆگرامی خۆی ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی دابنێت با پەیڕەوی یاسایی خۆی بکات ئەیکەن بە(٢)قسم ئەیکەن بە(١٠)قسم ئەوە عایدی خۆتانە چۆن ئەرکی بۆ دیاری دەکەن جالەبەر ئەوە پێشنیارەکە ئەوەیە(٢.١)لەبنەڕەتا هەڵوەشێندرێتەوە، (الغاء) بکرێ وەکو بەڕێوەبەراتیەکانی تر بەس تەنها ناوەکەی چەسپ بکرێت پاشان بەڕێنومایی ئێوە وەک مادەیەک (المهام التالیة) بکەن ئەگەر لاریتان نییە مادام وایە مادده(٤)کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة- اولاً يشكل في الوزارة مجلس استشاري بأسم (مجلس النقل والمواصلات)

١- وكيل الوزارة نائباً للرئيس.
٢- مدير عام الشؤون المالية والأدارية -عضواً.
٣- مدير عام الشؤون الفنية - عضواً.
٤- مدير التخطيط والمتابعة - عضواً.
٥- مديرالدائرة القانونية - عضواً.
٦- مدير الأنواء الجوية - عضواً.
٧- عضواً او اكثر يرشحه الوزير من داخل او خارج الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئێمە ئەوەمان خوێندەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

بەڵێ ئەوە بوو بەمادده(٥)، سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەمان خوێندەوە ودوامان خست و وتیشمان کەس تێبینی نییە لەسەر ئەوە؟ تەنها کردمان بەماددەیەک کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو مادده(٥)؟کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ کرا بە مادده(٥).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

١- يحدد بنظام ومهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

٢- للوزير استحداث او دمج مديريات او اقسام او شعب او وحدات عند الأقتضاء، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة السادسة:

من یەک تێبینیم هەیە ئەگەرکەس سەرنجی نییە لەسەر مادده(٦)بەس پرسیارێک لەلیژنەی یاسا دەکەم (استحداث او دمج مديريات اواقسام او شعب او وحدات) بەشی بەڕێوەبەراتیەکان بەشێکی لەو یاسایە هاتووە ئەویش لەپەرلەمان راستاندراوە وەزیر مافی ئەوەی هەیە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە بەئارەزووی خۆی بگۆڕێت کە لەپەرلەمان راستاندرا بێت (تصديق) کرابێت ورەزامەندی لەسەر وەرگیرابێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لەنێوان بەڕێوەبەرایەتیە گشتی یەکان نەک دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتیێ لەگەڵ یەک تێکەڵ بکرێت لەکاتی ئیش کردن وەزیری تایبەتمەند دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئیشیان زۆر لێک نزیکە پێویستە دوو پێک هاتە دوو بەڕێوەبەراتیە گشتی یەکە تێکەڵ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام نووسراوە (استحداث ودمج)یانی ئەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئێوەکە ئێستا کە بڕیارتان داوە ئەم یاسایەتان راستداندووە (تصديق)کردووە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی (مديريەی عامە) بەڵێ دەکرێت ئەم دەسەڵاتەمان بەهەموو قانوونیەکانیش داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیر بە(استحداث ودمج) بەڕێوەبەرایەتیەکان دامەزرێنێ بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئێوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ،بەڵام هەر لەنێوان بەڕێوەبەرایەتیە گشتی یەکە دەبێت نەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەنوێ بێنێتە کایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەزیرێکم هەست دەکەم پێوستم بە بەڕێوەبەرایەتی(مدیریەیە) هەیە دای ئەنێم بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئێوە چونکە لێرە نووسراوە (للوزیر استحداث) ئەوە پیتی (عطف او دمج)ە إستحداث ودمج.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

او دمج، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(استحداث ودمج) دەتوانێ بکات.

**بەڕێزئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێوەبەرایەتیە، بەڕێوەبەری گشتی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(مدیر عام )نییە باشە من پرسیارەکەی خۆم دەکێشمەوە، مادەم چ تێبینی یەک نەبوو کێ لەگەڵ ماددە (٦)ە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟

**بەڕێزد. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەوە دەبێت ئێمە نووسیبومانەوە (للوزیر استحداث الأقسام اوشعب او وحدات ضمن مدیریات مرتبطة بالوزارة وتحدید الأختصاصات) واتا ئەوان بەجۆرێکی تر مدیریاتەکەشیان تێ کردووە ئێمە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان نەنووسیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە ئەو دەسەڵاتانە دراوە بەوەزیر لەسەرۆکایەتیەکانی تریش.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەوان مەبەستیان بەڕێوەبەری گشتی نییە، بەڵکو مەبەستیان ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەیە کە

پەیوەستە بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتی یەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده(٦)چ تێبینی یەکی تر نییە؟ کێ لەگەڵ مادده(٦)ە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟...کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش ماددەیەک هەموو جارێ دووبارە دەبێتەوە کەس تێ بینی لەسەر نییە؟ کێ لەگەڵ مادده(٧)ە؟ کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ مادده(٨)ە؟ کێ لەگەڵ ن یە؟..بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ مادده(٩)یە؟ کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده(١٠)کێ لەگەڵ مادده(١٠)یە؟ کێ لەگەڵ نییە؟...بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، (نقل ومواصلات) پێش ئەو چەند دەستکارییەی کەکرا پێشنیارەکان چەسپێنرا بوو کێ لەگەڵ ئەو

یاسایەیە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

بیینەوە سەر خاڵی یەک بەرچاو خستنی بڕیاری بەرزکردنەوەی پلەی (وحداتی ئیداری )جا برای خزمەت گوزاری با کەرەم کاتە جێی خۆی.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر یارمەتی بدەی ئێمە کۆبوونەوەیەکی ترمان هەیە هی ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام پێشەکی بالیۆزەی ناوخۆ کەرەم کات ئەگەر زەحمەت نەبێت یەک دووپێشنیار هەیە لەلێپرسراوی هەردوو کتلە کە ئەندامانی هەردوو فراکسیۆن داوا دەکەن کە بەیانی پشوو بێت، خۆی بەیانی پشووە (تعطیلە)دانیشتنمان نییە بەیانی پێنج شەممە کتلەکان و ئێمە دەسەتەی سەرۆکایەتی لەگەڵ فراکسیۆنەکان بین، با هەمووی بخوێنمەوە گفتوگۆی بودجە بەلای کەمەوە یەک هەفتەی دەوێت ئینجا ڕای ئێمە ئەپرسن.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

سەید حەسەن داوا دەکات کە (١٠)ڕۆژ پشوو بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کاک نەژاد دەڵێ پرۆژەی بودجە زۆر بەووردی تاووتوو بکرێت کەماوەیەکی باشی دەوێت بەپێویستی دەزانم ڕای پسپۆڕانی بۆ وەرگرین ، سێ یانی مەبەستی ئەوەیە کەئێمە ئەو دووخولە بەردەوام بین تائێستاکە بێ پشوودان (٣٠) لە ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە لەدەرەوەی هەولێرن لەهەردوو فراکسیۆن وایان پێ باشە لەهەفتەی داهاتوو ببێت بەپشوو ئەگەر بۆ ماوەی (١٠)ڕۆژبێت زۆر باشە ئێمە لەفراکسیۆنی سەوز پەسەندی دەکەین وەلەگەڵ برایانی فراکسیۆنی زەردیش قسەکراوە ئەمە ڕەئی هەردوولایانە ئەگەر بودجەمان تەواو کرد ئەوا سەربەخۆ ئێمە ئەو هەفتەی دێتەوە ئەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆتان بۆ ئەوەی بزانن هەریەک لەناوچەی خۆی چ گیروگرفتێک هەیە بۆ دانیشتنی ئایندە ئەوە پێی ناڵێن پشوودان، من ڕەخنەم هەیە لەووشەکەی کاک سەید ئەڵێت پشووە، پشوو نییە یانی کە ئێوە دەچنەوە بۆ ناوچەی خۆتان ئەویش دەوامە چونکە هەر یەک لەناوچەی خۆی چ گیروگرفتێک هەیە لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە بۆ ئێرە جارایەکەم بەو جۆرە بوو، ئەگەر یەک دوو ڕۆژ چاوەڕێ بکەن تاکو بودجەش تەواو دەکەین. ئەوسا تۆزێ بیری لێ ئەکەینەوە جارێ وەختی ماوە لەدانیشتنی داهاتوودا بڕیارێکی لەسەر دەدەین دوو ڕا هەیە، پاش بودجەیە؟ یان پێش بودجەیە؟ باگفتوگۆیەک بکەین و دوا ڕای خۆتانمان پێ بڵێن، بێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان، بەرچاو خستنی پرۆژەی بڕیاری بەرزکردنەوەی پلەی (وەحداتی ئیداری) ناوخۆ ماددە(١٠)گرفتی بەرزکردنەوەی پلەی (وەحداتی ئیداری) چییە؟

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــوومـــــەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە

بەناوی گەلەوە

ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان

بڕیار

بەپێی حوکمی بڕگە (١)لەماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ساڵی ١٩٩٢لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیراق لەدانیشتنی ڕۆژی / / ١٩٩٣ئەم بڕیارەی دا:-

١-هەموو ئەو (وەحدە ئیداریانەی) لەپاش ١٩٦١/٩/١١لەلایەن ڕژێمەکانی عێراقەوە پلەیان نزم کراوەتەوە بەرز دەکرێتەوە بۆ پلەی پێشوویان.

٢-دەبێت ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکات.

٣-ئەم بڕیارە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەڕۆژنامەی ڕەسمی کاری پێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــوومـــــەن:**

جاحەق بوو وەزیری ناوەخۆ لێرە بابۆئەوەی کورتەیەکی لەسەر ئەو بابەتە پێ بدابایین چەند وەحدەیە، چۆنە وچییە؟ بەڕاستی هەروا بەگشتی بابزانین چۆن ئەمە چارە بکەین واتا لەسنوری (٣٢) ساڵ گۆڕانکاری لە(وەحداتی ئیداری)کراوە ئێمە بابزانین کتلەکان چۆن تەماشای ئەم بارودۆخەیان کردووە.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تۆمـــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــوومـــــەن.**

بەرای ئێمە حەقە راپۆرتێک ئامادە بکرێت لەلانی (وەحداتی ئیداری) بەو شێوەیەی ئێمە دروستی دەکەین باش نییە قایمقامی چۆمان و، ڕەواندزو، مێرگەسوور، هەرسێکیان لەشوێنێک دانیشتوون دەوام دەکەن، پێم وایە پێویست بەوە ناکات ئینجا (مدیر ناحیەی) گەڵاڵەو، شێروان و، بازیان و، دامەزرێن ئەوانیش بچن لەوێ دانیشن، پێم وایە حەقە راپۆرتێک بنووسرێت ئەو شوێنانەی کەپێویستیان پێ یان هەیە دەتوانن لەوێ کاربکەن بەڵام ئەوانەی کەپێویستە ئێستا کۆیە چەند زووتر بکرێت باشە، ئەویش پێم وایە پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەک هەیە نەک هەر بۆ بەرزکردنەوەیان بۆ ئەو پلەیە، ئایا ئێستا پێویستیان بە(مدیر ناحیە) هەیە؟ نازانم خۆیان چۆن رازین؟ سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــوومـــــەن.**

بێ شک قانوون بۆ بەشێک دانانرێ، بەشێکی تر بخەینە پشت گوێ، ئێستا ئێمە قەزای کۆیەمان

هەیە وەک نموونە لەقەزاوە کراوەتە (ناحیە) ئەگەر بڕیارێک نەدرێت چونکە ئەوە بەقانوون دەرچووە دەبێت بەقانون بڕیار بدەین کە ئەمە بۆتەوە قەزای جاران واتا ئەمە ئەو بڕیارە هەڵدەوەشێنێتەوە قەزاو ناحیەکان وەکو جارانی لێ دێتەوە، ئەوجا وەزارەتی ناوخۆ بەگوێرەی پێویستی خۆی تنفیذی بڕیارەکە دەکات مەرج نی یە ئێستا ئێمە بڕیارمان دەرکردوو یەکسەر (مدیر ناحیە) دابنێت، بەلام مەرجە ئەو شوێنەی کەشیاوە بەپێی پێویست وگونجاو بۆی دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک فرەنسو فەرمووی چۆمان وئەوانە پێویست نی یە بەلام زۆر زۆر پێوستە چۆمان ئاوەدان بۆتەوە قایم قامی چۆمان هەیە بەلام لەوێ دەوام ناکەن تۆزێ لێ بکەن بچێ لەوێ دەوام بکات فەرمانگەی کشتوکاڵیش هەیە جێی قایمقامیش دەبێت، پێشنیار دەکەم بەسەر قایمقامدا بسەپێندرێ کە لەچۆمان دابنیشێت نەک لەشوێنی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا مەسەلە سەپاندن نییە، بێت یان نەیەت پرسیارەکە ئەوەیە(٣٠) ساڵە لەووڵاتی ئێمە گۆڕانکاری بووە لەدەستەی بەڕێوەبردن(هەیئەی ئیداری)لە(١١/٩/١٩٦١)ەوە هەتاکو ڕاپەڕین بەم بڕیارە داوا دەکەین هەمو بگەڕێنەوە، پرسیارەکە تەنها ئەوە یە کە ئایا ئەو توانایەمان هەیە ورەوشەکە بەرگەی ئەوە دەگرێ؟ تۆزێ با بەووردی لێی بکۆڵینەوە.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز کاک فرەنسۆ ووتی پێویست ناکات، ئاخر چۆمان ئاوەدان بویتەوە قایمقام بچێتەوە چۆمان باشە، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو ئەندامی لیژنەی ناوخۆ پشتگیری قسەکانی کاک فرەنسۆ دەکەم وەهەر لەلیژنەکەمان باسی ئەوەمان کردووە کە ئەو قایمقامانە جارێ پێویست نی یەدابنرێن ولەگەڵ ئەوەشدا گلەیی خۆمان وەکو لیژنەی ناوخۆ دەردەبرین بەرامبەر ئەو پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیران کەهاتووە بۆ ئێرە ئەبوایە ئاگاداری ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ بکرایە هەتاکو ڕای خۆمان دەربڕیایە بەرامبەر بەو بابەتەی کە ئەو (ناحیە)یە بەرزبکەینەوە یان پلەی ئەو قەزایانە(قضاء) داگرین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتیوانی ئەو پێشنیارەی کاک فرەنسۆ دەکەم، ئەوەی کە پێویست نییەو چۆڵە با بۆی

نەگەڕێتەوە ئەوەی ئاوەدانیشە بۆی بگەڕێتەوە، دووبارە ناویش گۆڕاوە ،بۆ نموونە ڕەواندوز بۆتە (صديق) ئەوانەش بگۆڕێت و بێتەوە جێی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەنها تێبینی یەکم هەیە لێرە ئێمە کاتی خۆی بڕیارێکمان هەبوولە پەرلەمان کەهەر چەند (وەحداتی ئیداری) هەڵ گیراوە بگەڕێتەوە، بەلاّم ئەو بەرزکردنەوەی پلەیە یانی لەوانەیە(٩١)گوندێک (الغاء)کراوەتەوە یان (ناحیەیەک) ئێستا تەخت کراوە وهیچ خەڵکیش لەوێ نییە ئەمە جارێکی تر بیکەنەوە بە(ناحیە) کە کردمانەوە بە(ناحیە) ئەوکاتە داوا دەکرێ کە(مدیر ناحیە)یەکی هەبێت باشە وەکو پێشنیارێک پێش ئەوەی کەبرادەران لەو بابەتە قسەبکەن ئەکرێت ئێمە ئەوپرۆژەیە دوابخەین تاکو لیژنەی ناوخۆش لێی بکۆڵێتەوە پەیوەندی بکرێت بەجەنابی سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران ووەزیری ناوخۆ بۆ ئەوەی چاوێک بەم بڕیارەدا بخشێنێتەوە، بزانین ئەوان لەلای خۆیانەوە چۆن شی دەکەنەوە بۆ لیژنەی یاساو لیژنەی ناوخۆ پاشان ئەمە بێنێتەوە دوای دەخەین پاش ئەو دراسەتە بڕیارێکی لەسەر بدەین ئەگەر بەرهەڵستیتان نییە تەنها دوای دەخەین واتا ڕەتی ناکەینەوە دوایی گفتوگۆی لەسەر دەکەین چونکە ئەگەر ڕەدی بکەینەوە ئەوە ئەبێت دەورێکی ترمان هەبێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روونکردنەوەیەکی بچووکم هەیە ئەوەی کەمامۆستا مەلا طە فەرمووی من نەم گووتیە چۆمان پێی ناوێت ماوەی ساڵێکە کەسێ قایمقام ئیستا لەیەک شوێن دەوام دەکەن ئیستا لەچۆمان تەنیا شوێنی فەرمانگەی کشتوکاڵ هەیە، قایمقام کەچوو بۆ ئەوێ ئەڵێن فەرمانگەی کشتوکاڵیش بچێتە ئەوێ، ئێستاکە ئەمە شوێنی فەرمانگەی کشتوکاڵە ئەی پۆلیس لەکوێ بێت؟ ئەی ئاسایش؟ ئەی خۆی؟ ئەی ئەوانەی هاتونەتە هاوینەهەوارەکان، من ئەڵێم ئەگەر شوێنیش نییە بچێت بۆ ئەوێ خۆی لەوێ بی شوێنی کارەکەی چۆمانە، جێگا بۆ خۆی پەیدا بکات خێوەت بۆ خۆی هەڵبدات دەبێ ناحیەکەشی بۆ زیاد بێ ئەوانیش بچن لەوێ دانیشن وەهەر بۆ خۆشیان جوان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مۆڵەتم بدەن با گفتوگۆی ئەم بابەتە تەواو بکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە گفتوگۆی ئەو بابەتە دوا بخەین؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ گفتوگۆی ئەو بابەتە دواخرا. تاکو لیژنەی ناوخۆ ئیشوکاری خۆی بکات.

**بەڕێز حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من جێگیر بوو ئەوەی لیستەی ناوەکان خاڵی (وەحدە ئیداریەکان) زیاد بکرێت وئامادە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە هەر پێشنیارەکە بدەن بەلیژنەی ناوخۆ ، بۆ ئەوەی ئەوانیش لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆ بەتایبەتی ئەو بابەتە ڕەدکەنەوە، خاڵی دوو بەرچاوخستنی خاڵی دامەزراندنی دادگای هەمیشەیی هێزی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئامادەیە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

استناداً الى فقرة(١)من احكام المادة (٥٦) لقانون رقم (١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ٢٤/٢/١٩٩٣ مايلي:

١- تشكيل محكمة بأسم المحكمة الدائمية لقوى الأمن الداخلي لأقليم كوردستان العراق ويكون مقرها في أربيل.

٢- تكون مهام اختصاصات و تشكيلات المحكمة المذكورة وفق القوانين المرعية.

٣- تكون قرارات المحكمة خاضعة للطعن تمييزا لدى محكمة تمييز إقليم كوردستان العراق.

٤- على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

٥-ينفذ هذا القرار أعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم لیژنەی ناوخۆ ئەم بڕیارەی هی پێشووە؟

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئاگادار نین لەو بڕیارە، بڕیارێکی تریش هەبوو کەدەسەڵات بەیاسای (وەحداتی ئیداری) بدەن ئەوەش ئاگادار نەبووین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر ئاگادار نین بۆ لەکاتی گفتوگۆ کردنی بڕیارێک لاری بونتان نیشان نادەن کەلیژنەی

ناوخۆ پێشنیار ئەکات بۆ دواخستنی گفتوگۆ لەسەر کردنی ئەو بڕیارە هەتاکو لێی دەکۆڵینەوە؟ ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی لاریمان نییە ئەمە وەک پێشنیارێک.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حەسەن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە وابزانم دوای بخەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقە سەرۆکایەتی ئەنجومەن پەیڕەوی جێبەجێ بکات، تکا دەکەین پێش ترکە ئەو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت بدرێتە فراکسیۆنەکان و بدرێتە خەڵکەکە ئێستا کەهاتینە ژووری ئەو شتانە پێشانی ئێمە درا، جا لەبەرئەوە نەک هەر لیژنەی ناوخۆ ئاگای لێ نییە هەموو لایەک ئاگایان لێ نییە، دوایی خۆ پێویستە لیژنەی تایبەت ببیینێ لەوێ لێی بکۆڵێتەوە ئینجا بگەڕێتەوە وبێتە ئێرە ئەبێت وەزیری پەیوەندی دار لێرە ئامادە بێت بۆ گفتوگۆکردن، تکا دەکەین لەمەودوا ئەوە ڕەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوون:**

جامن لەسەر ئەوە گفتوگۆم کرد خۆی پێویستە کە ئەمە بدرێتە لیژنەی یاساو لیژنەی ناوخۆ لەهەمان کاتدا، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە لیژنەی یاسا ئەوەی کردووە لیژنەی ناوخۆ نەیبینیوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەوپرۆژانەی کە بۆ ئێمە دێت وەکو کە لەئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە ئاوها بۆ ئێمە ڕەوانە دەکرێت سەرۆکایەتی ڕەوانەی دەکات نووسراوە لیژنەی یاسا، یان لیژنەی ناوخۆیان لیژنەی ئابووری ئێمە بەدەوری خۆمان ناچارین ئەگەر بوەستێن دامەزراندنیش دەکرێ، زۆر جار ئێمە ئەوەمان باس کردووە بەڕێزتان یان سەرۆکایەتی وەزیران و بەڕێزانیش ئەوە زۆر باش دەزانن ناچارین کە ئیشەکان ڕاگرین وناردنەکەی ئەساسەکە لەسەرۆکایەتی یەوە بۆ ئێمە دێت، دەربارەی ئێمە مافی خۆمانە بابەتەکە دەبینین لەسەر ئەو ئەساسەی ڕەوانە کراوە وپابەندبوونێکی وەزیفیشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە پێشنیار دەکەین کە گفتوگۆ لەسەر کردنی ئەم بڕیارە دوابخرێت تاکو لیژنەی ناوخۆش ڕای لەسەر بدات و ئاگاداری وەزیری ناوخۆش بکرێتەوە کە ئامادە بێت. کێ لەگەڵە؟..کێ لەگەڵ نییە؟...بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، ئەگەر هەردووکتلەکان وبرایان چ تێبینیان نەبێت دێینەوە سەر مەسەلەی بودجە لیژنەی ئابوری گفتوگۆیان لەسەری هەیە بەردەوامن لەسەر گفتوگۆکردنی

لیژنەی بودجە جا ئەگەر بەپەسەندی دەزانن ئێمە پێشنیارێکمان خستە پێش چاوتان بۆ هەفتەی ئایندە و ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان دانیشتنەکان وەکو جاران هەفتە بەهەفتە نابێت، بەلاّم ئەوە ناگەیەنێت کۆمیتەکان ئەگەر شتیان لەبەر دەستە گفتوگۆی نەکەن لەڕاستیدا لیژنە ئەوان خۆیان بەرپرسیارن چۆن ئیش و کاری خۆیان دەکەن، بەلاّم کۆمەلێ شت هێشتا ماوەتەوە لەبەردەم لیژنەکان.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەداواکەی من یەک ووشە هاتووە دەبێت داوای لێبوردن بکەم بۆ پشوو، ئێمە پشوومان نییە، واتا لیژنەکانی ئێمە وەکو لیژنەی یاسا بەردەوام دەبین بۆی هەیە ڕۆژانی هەینیش ئیش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا شەممە ئەم شەممە ناشەممەی ئایندە کە (١٣)ی مانگە ئێمەش لەبەر ئەوە وەزعی ئابووریمان خراپە بودجە ئەخەینە ڕۆژێکی شوومەوە (١٣)ی مانگ باباسی بکەین، جائارەزووی خۆتانە لە(١٣-١٤) بێت بابیخەینە ڕۆژی (١٣)باشترە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(١٣)ی مانگ هەردوو کتلە کۆبوونەوەی خۆیان بکەن فراکسیۆنەکان تاووتووی بودجە بکەن لەهەمان فراکسیۆنی خۆیان (١٣)ی مانگ و(١٤)ی مانگ بۆ گفتوگۆ کردن دابنیشین باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

( ١٣)ی مانگ دەوام دەست پێ دەکات، واتا ئەگەڕێینەوە بۆ ئیشوکاری لیژنەکان، جا کۆبوونەوەی گفتوگۆی بودجە ئەخەینە ١٤ی مانگ، هیواداریین لێکۆڵینەوەیەکی باش لەسەر بودجە بکەن، وداوا لەلیژنەی یاسا دەکەین ئەو شتانەی کەماون بەلکو بۆ ئەو هەفتە هەرچیمان هەیە تەواوی کەین و لیژنەی ناوخۆش دوو بڕیاری پێ گەیشتووە لێیان بکۆڵینەوە بۆ هەفتەی ئایندە هەموو شت ئامادە بێت.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەن** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عیراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری گواستنەوەو گەیاندنی هەرێم.

٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی هەرێم.

٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی راوێژکاریی گواستنەوەو گەیاندن.

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی وەزارەت ئەمانەیە:

١- دابین کردن و بەرێوەبردن و بە کارخستن و پاراستن و پەرەپێدانی بەدالەکان و تۆڕەکانی هێڵی تەلەفۆن و ئامێرەکانی تری گەیاندن لە شارەکانی هەرێمدا بەو فراوانییەی کە پێویستە.

٢- سەرلەنوێ بنیادنانەوەو پەرەپێدانی تۆڕی گەیاندنی تەلدارو بێ تەل لەنێوان شارەکانی هەرێمدا و بەستنەوەی بەپێی سوودو پێویست بە جیهانی دەرەوە.

٣- سەر لەنوێ بنیاد نانەوە و رێکخستن و پەرەپێدانی مەڵبەندەکانی پۆستە و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی پۆستەی ناوەوەو دەرەوە ئەویش بە پەرەپێدانی مەڵبەندی پۆستە و تەلەفۆن لە شارەکانی هەرێمدا بەشێوەیەک کە گشت رێ و شوێنێکی گەیاندنی پۆستەییی تێدابێ.

٤- دابینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری کەش و هەواداو پێشبینی کردن سەبارەت بەکارەساتی سروشتی و پەرەپێدانی مەڵبەندە تایبەتیەکان بۆ خزمەتکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدان.

٥- رێکخستن و دابینکردنی خزمەتگوزاری لە بواری گواستنەوەو دابەشکاریدا بۆ کەسان و بۆ کەل و پەل لە ناوهەرێمدا لەورێ وشوێنانەی لە توانادان.

٦- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی بە سوودی ئابووری و هونەری لە بارەی پرۆژەکانی گواستنەوەی سەرزەوی و ئاسمان و رووبارو هێڵی شەمەندەفەر و گەیاندنی تەلدارو بێتەل و پۆستە و، دانانی نەخشە بۆیان وسازدانی هەر کارو خزمەتگوزاری یەک کە پەیوەندی پێیانەوە هەبێ.

**ماددەی سێیەم:**

١- وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسیارە لە رێنوێنی کردنی لە کارەکانیدا و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چالاکییەکانی و لەوەوە ئەو رێنمایی و بریارو فەرمانانەدا دەردەچن کە پەیوەندیان بە ئەرکەکانی وەزارەت و دامودەزگاکانی و گشت کاروبارە ئیداری و دارایی و رێک و پێکی و هونەرییەوە لە چوارچێوەی حوکمی یاساو پەیرەوەدا هەیە ولەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەو مانایەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە و بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەبریکار یا بەرێوەبەرە گشتییەکان یا هەرکەسێک لە وەزارەتدا بە پەسندی دەزانێ بسپێرێ.

٢- بریکار: ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە وەزیر پێیانی دەسپێرێ.

٣- بەرێوەبەرێتییەکان و دەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت ئەمانەن:

أ - نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر لە خاوەنانی کارمەندی و لێهاتوویی سەرۆکایەتیی دەکاو ژمارەیەک فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.
ب- نووسینگەی بریکار: فەرمانبەرێک لە خاوەنانی کارمەندی و لێهاتوویی سەرۆکایەتیی دەکاو ژمارەیەک فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.
ج- فەرمانگەی یاسایی : فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر کە باوەڕنامەیەکی سەرەتایی زانکۆی لەیاسادا هەبێ و لە خاوەنانی کارمەندی و لێهاتوویی بێ سەرۆکایەتی دەکا.

**ماددەی چوارەم:**

بەڕێوەبەرێتی یەکانی دیوانی وەزارەت و دەزگاکانیان:

١- بەڕێوەبەرێتی گشتیی کاروباری ئیداری و دارایی: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە باوەڕنامەیەکی سەرەتایی زانکۆی هەبێ سەرۆکایەتیی دەکاو ئەم بەڕێوەبەرێتییانەی پێوەدەبەسترێتەوە:
أ- بەڕێوەبەرێتی ئیدارەی خودیەتی.
ب- بەڕێوەبەرێتیی ژمێریاری.
ج- بەڕێوەبەرێتیی چاودێری و پێداچوونەوەی دارایی.
د- بەڕێوەبەرێتی خزمەتگوزاری.
هـ- بەڕێوەبەرێتی پەیوەندی و گەیاندن.
و- بەڕێوەبەرێتی مەخزەنەکان.
ز- بەڕێوەبەرێتی نەخشەدانان و بەدواداچوون کەلەم وەحدانە پێکدێ:
١- وەحدەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی پراکتیکی.
٢- وەحدەی راهێنانی هونەری.
٣- وەحدەی کۆمپیوتەر.
٤- وەحدەی سەرژمێری و زانیاری.
٥- وەحدەی کتێبخانە.

٢- بەڕێوەبەرێتی گشتیی کاروباری هونەری: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە باوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ و لە خاوەنانی کارمەندی و لێهاتوویی بێ سەرۆکایەتیی دەکاو ئەم بەڕێوەبەرێتییانەی پێوەدەبەسترێتەوە:
١- بەڕێوەبەرێتیی گەیاندنی تەلدارو بێتەل.
٢- بەڕێوەبەرێتیی خزمەتگوزاری پۆستەو برووسکە و تەلەفۆن.
٣- بەڕێوەبەرێتیی گواستنەوە.
٤- بەڕێوەبەرێتیی کەلوپەل هێنان و کڕین.
٥- بەڕێوەبەرێتیی کەشوهەوا.
٦- بەڕێوەبەرێتیی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان.

**مادەی پێنجەم:**

یەکەم: ئەنجوومەنێک بەناوی (ئەنجوومەنی گواستنەو گەیاندن)ەوە لە وەزارەتدا بەسەرۆکایەتیی وەزیر بەم شێوەیە پێکدەهێنرێ.

| | |
|---|---|
| ١- بریکاری وەزارەت | جێگری سەرۆک |
| ٢- بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئیداری ودارایی | ئەندام |

٣- بەڕێوەبەری گشتی کاروباری هونەری ئەندام
٤- بەڕێوەبەری نەخشەدانان و بەدواداچوون ئەندام
٥- بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی ئەندام
٦- بەڕێوەبەری کەشوهەوا ئەندام
٧- ئەندامێک یا زیاتر کەوەزیر لە ناوەوە یا لە دەرەوەی وەزارەتدا دایدەنێ

دووەم: ئەرکەکانی ئەنجوومەن:

١- ئامادەکردن و داڕشتنی ئامانجە گشتی یەکانی نەخشەکانی وەزارەت لەبەر رۆشنایی رێبازی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
٢- لێدوانی ئەو نەخشە سەرەتایی یانەی لە لایەن بەڕێوەبەرێتی نەخشە دانان و بەدوادا چوونەوە لە بەر رۆشنایی نەخشە پێشکەشکراوەکانی دام و دەزگاکانی وەزارەتەوە ئامادە کراون و پەسند کردنیان و بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنیان.
٣- پێشنیازکردنی نەخشەی گشتی لە بواری گواستنەوەو گەیاندن و پرۆگرامی بەکارخستن و بازارکاری (تسويق) ودارایی و ئابووریدا.
٤- لێدوانی ئەو راپۆرتە گشتییە خولییەی وەزارەت کە بەڕێوەبەرێتیی نەخشەدانان و بەدواداچوون ئامادەی دەکا و دەربرینی هەر تێبینی و ئامۆژگاری یەک لە بارەیەوە کەبە پێویستی دەزانێ.
٥- لێکۆڵینەوەی پرۆژەکانی ئەو یاساو پەیڕەوو رێنمایی یانەی پەیوەندییان بەکاروبارو ئامانجەکانی وەزارەتەوە هەیە و دەربڕینی هەر تێبینی و ئامۆژگاری یەک لە بارەیانەوە کە بە پێویستی دەزانێ.
٦- لێکۆڵینەوەی هەر کێشەیەک کە وەزیر دەیخاتە بەردەمی و دەربرینی رای خۆی لە بارەیەوە و پێشکەشکردنی هەر پێشنیازو ئامۆژگاریەک کە بەباشی دەزانێ.

**ماددەی شەشەم:**

١- ئەرک و تایبەتکاریەکانی دامودەزگاکانی وەزارەت بە پەیڕەوێک دیاری دەکرێن.
٢- وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرێتی یا بەش یا لق یا وەحدەی نوێ لەکاتی پێویستیدا پێکبهێنێ یا بیان خاتە پاڵ یەکتر.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی هەشتەم:**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)

## یەک شەممە رێکەوتی ١٤/٢/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٢/١٤

***کاتژمێر«١٠»ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی١٩٩٣/٢/١٤ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، بەئامادە بوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە«١٢»ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز جــــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

وابڕیار درابوو کەئەمڕۆ بودجەی هەرێمی کوردستـان باس بکرێ بەڵام ئێستـا بـودجەی پەرلەمان باس دەکرێ وئامادە بوونیان بۆ باس کردنی بودجەی هەرێم بوو، ئێستا ئازادن کە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان. پێشنیارێک هەیە لەسەرۆکایەتیەوە کەکۆبوونەوەی باس کردنی بودجە کۆبوونەوەیەکی داخراو بێت. ئینجا تکا لە بەڕێزتان ئەوەیە کێ لەگەڵ ئەوەیەکە ئەو کۆبوونەوەیە داخراو بێت؟ تکایە ئەوەی دەیەوێت دەستی بەرز بکاتەوە...کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەم کۆبوونەوەیە داخراو دەبێت، جاتکا لە هۆییەکانی راگەیاندن دەکەین کە هۆڵەکە بە جێ بهێڵن.. ئێستا لیژنەی ئابووری بفەرموون بۆ پێشکەش کردنی پرۆژەی بودجەی پەرلەمان.

**بەڕێز جــــەمـــیل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

یاسای پەرلەمان ماددە«٦»کەپەرلەمان بودجەی خۆی رابگەێنی وەلە ماددە«٦٩»ی پەرلەمان بودجەیەکی تایبەتی هەیە لەبەر ئەوە ئێمە دەمانەوێت ئەو بودجە پێشکەش بە ئێوە بکرێت تاگفتوگۆی لەسەر بکەین وبڕیاری لەسەر بدەین، ماددە«١»فەصلی یەکەم (انفاق الموظفين. رواتب الموظفين)«٦»ملیۆن نوسراوە بەڵام رای لیژنە ٤٥٠هەزار دینارە چونکە پاداشتی ئەندامانی پەرلەمان جیاوازی هەیە لەگەڵ مووچەی کارمەندان و، دەرماڵەی (زوجية والاولاد)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لام وابێ ئەوە «٦٠٠»هەزار دینارە نەک شەش ملیۆن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بۆ ئێمە هاتووە بەهەڵە نووسراوە (٦)ملیۆن دینار، بەڵام لەدوای ئەوان ئێمە کۆبووینەوە و بانگی ئەوانمان کرد ووتمان (٤٥٠)هەزارە ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر (٦)ملیۆن دینار بێت ئەبێ کرابێ بە(٤,٥٠٠)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز خەسرۆ گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ماددە«٢٨» (مخصصات سكن الاعضاء والمواصلات(٢/٩٠٠/٠٠٠)ملیۆن ونۆسەد هەزار ئایا لیژنەکە ئەوەیان ڕەچاو کردوە لەوانەیە ئەندامان لە(٢٠)ی مانگەوە بەشی زۆریان بچنە ناو خانووەکان دەرماڵەکەیان دەبڕێت، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٥٠٠٠) دینار تەوەقع دەکەم تا (٧,٥٠٠)دینار نەک (٧٥)هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاداشت ودەرماڵەی ئەندامانی پەرلەمان (٥/٢٠٠/٠٠٠) ملیۆن ودووسەدهەزار دینارە، وەکو جەنابت ئاگاداری ئەندامان نیوەی دەرماڵە وەردەگرن ئەگەر پاشان بڕیارێک دەرچو بۆ زیاد کردنی، ئایا ئەم مەبلغە بەش دەکات؟

تێبینی دووەم: (مخصصات الموظفين) ئایا ئەگەر فەرمانبەر زیاد بێت (٢٠٠٠٠) دینار بەس دەبێت پێویست بوو زیادی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددە «٢٨»دەڵێت مخصصات سكن والمواصلات (٢٩/٠٠٠/٠٠٠) دینار بۆەتە (٢/٩٠٠٠٠٠)دوو ملیۆن ونۆسەدهەزار دینار جیاوازیەکە زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن:**

روونە ئەمەنابێت (٢٩٠٠٠٠٠٠) دینار بێت، چونکە ئەگەر وابێت نابێت بە (٦٠٠٠٠٠٠) ملیۆن کەواتە ئەمە (٢,٩٠٠٠٠٠)دینارە.

**بەڕێز د. فـــایەق مـــحـــەمــــەد گـــوڵپی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

تێبینیەکم هەیە برادەرانی لیژنەی ئابووری بۆچی (رەقەم وکتابەتیان) رەچاو نەکردووە بۆ نموونە ئەو ژمارانە لەبەردەستماندایە سفرێکی لێ کەم بکەن یا زیاد بکەن، بابەتەکە زۆر ئەگۆڕێت، بەڵام ئەگەر لەبەرامبەری بیان نووسیبایە تووشی ئەم کێشەیە نەئەبووین، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

کۆی (مجموعی) یەکەم بابرادەرانی لیژنەی ئابووری کۆی بکەنەوە، خاڵی (٥/٢٧/٠٠٠)دینار وهەندێکە، «٢٨» ٢ملیــۆن وهەندێکی کـۆیەکـەی (مــەجــمـــووعــەکــەی) چۆن دەبێت (٦٠٠٠و٠٠٠)ملیۆن دینار بێت کۆم کردەوە (٩/٣٠٠/٥٠٠)ملیۆن وسێ سەد هەزار وپێنج سەدە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

دەربارەی پاداشــتی هاندان (تشـجـیع) دەڵێن(٥٠٠٠ )چۆن بووەتە(٧٥٠٠٠)دینار لێــرە لەپەرلەمان (١١٠)فەرمانبەر هەنە مووچەی هەموشیان کەمە (٧٥٠٠٠) هەزار پاداشت بۆ (١١٠) فـەرمـانبـەر و(فـراش) زۆرنیـیـە واتە کەمە زیادە دەکە، یەکەی ژمـێریاری (وحدەی حسابی) لێرە(٥٠٠٠)دیناریان دانابوو زۆربە هەڵە رۆیشتبوون دەستەی سەرۆکایەتی ولیژنەی ئابووری دەڵێن کە مەبلەغەکە کەمە لیـژنەی ئابووری کردی بە (٧٥٠٠٠) دینار ئەوە یەکەم. دووەم دەرماڵەی نیـشـتـەجێ بوون وشـتی تر خـۆی (٢٩٠٠٠٠٠٠) ملیـۆن دینـار نیـیـە خـۆی (٢,٩٠٠٠٠٠)ە حـسـابیـشـمـان کـردووە کەمـاوەی داهاتوو زۆر لە ئەندامـان خـانوی پەرلەمـان وەردەگرن نزیکەی (٧٠) خانومان حساب کردووە نەک بۆ (١٠٥) ئەندام بەڵکو بۆ (٧٠)، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــومــــەن:**

ئەگەر حسابی (٧٠) کراوە حسابی ئەوە نەکراوە کەخەڵک ئەچێتە خانووەوە، حیسابی ئەوەکراوە کەئەو خەڵکانەی دەرماڵەی ئەدەینێ خەڵکی هەولێرنین ولەهەولێر نیشتەجێ نین، لەبەر ئەوە

حیسابی ئەو (٧٠) یە لەسەر ئەوە نەکراوە کەئەوانە ئەچنە خانووەوە.

**بەڕێز جـــەمـــیـل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەوانەی دەرماڵەی نیشتەجێ بوون وەردەگرن لە(٨٠) زیاترن ئێمە حسابی (٧٠)مان کردووە و واباسیان کرد کە لەوانەیە دەرماڵە زیاد بکرێت لەبەر ئەوە ئەو زیاد کردنەشمان حساب کرد تا لەدوا رۆژدا چ گرفتێک بۆ پەرلەمان دروست نەبێت لەبەر ئەوە ئەو مبلغە بەوردی حساب کراوە. پاداشت ودەرماڵەی ئەندامانی پەرلەمان (٥/٢٠٠/٠٠٠)پێنج ملیۆن ودووسەد هەزار دینار وەکو سەرۆکی پەرلەمان ووتی، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

تێبینی یەکی بچووک هەیە لیژنەی دارایی وامەزندە دەکەن ئەو راپۆرتەی ئێمەکە پێشکەشی دەکەین هەتا ئەگەر ئەوەی لەژمێریاری پەرلەمان کردبێتیان نابێت بەسەر ئەو ژمارانەدا دابگەڕێن، ئەم «٦»ملیۆنە بەسەرکردنەوەیێکی (جردێکی) هەڵەیە وئەبوو باس بکرابایە، وابزانم ئەوە پاساوی ئەوە نییە کە دووبارە کۆنەکرێتەوە. وپاش ئەو تێبینیانەی کەدەربرا کێ لەگەڵ ئەوە نییە کەدووبارە کۆ نەکرێتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە ١،٤،٩،١٣،٢٧،٢٨ لە فصلی یەک وەکو خۆی وەربگیرێت؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە..؟ کێ لەگەڵ دا نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەگیرا.

**بەڕێز د.فـــازڵ عـــەزیز قـــەفـــتـــان:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

سەبارەت بەفصلی دووەم لەمادده«١-٤٢»بریتی یە لەم برگانەی دەربارەی(مخصصات ونفقاتی سەفەرە)، سوپاس.

**بەڕێز ســـەعـــدی ئـەحـــمـــەد پیـــرە:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

من داوای دوو روونکردنەوەم کرد بوو، مەسەلەی دەرماڵەی (سەفەر وایفاد) لام وابێت یەکێک لەوانە لە فصلی یەکەم دووبارە بۆتەوە، هی دووەم حەزدەکەم کاک جمیل بۆمان شی بکاتەوە مەبەستی چیە لە (أوسمە)؟ سوپاس.

**بەڕێز حـــەمـــیـــد ســـەلیم مـــیـــران:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

لەبارەی دەرماڵەی خەرجی (تحویل) برگە «٣» بەرای من «١٣،٠٠٠»دینار کەمە، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە «١٠»(تأمين المسؤولية الشخصية) دەمەوێت بۆمان روون بکەنەوە دابین کردنی بەرپرسیەتی کەسایەتی (تأمين المسؤولية الشخصية) چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مكافأة والاوسمة) بۆ ئەوانەی دەرەوەی فەرمانگەیە بەلام نازانم بۆ (أوسمة) تائێستا نەمان بیستووە دوایی (٣٠)دینار هەزار بۆ چی بووە بە(١٥٠) هەزار حەز دەکەم ئەگەر تۆزێک روونتر بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی (٤-٥) بەرای من زۆر کەمە، نرخی پارە رۆژانە زیاد دەکا لەوانەیە گۆڤاری پەرلەمان ئێستا بە(١٠) دینار چاپ بکرێت، لەوانەیە بێیتە (١٥)دینار بەو حسابە(٢٦٤) هەزار دینار بەسە بۆ ئەوە.

دووەم: بۆ میوانداری و وەفدەکان بەڕای من زۆر کەمە(٥٠٠٠٠)دینار ئەگەر حساب بکەین ئێستا نرخی کەرستەی خۆراک رۆژانە بەرز دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بودجەکە ئەگەر بۆ ساڵێک بێت ئێمە سەرچاوەیکی جێگیرمان نییە دەربارەی ئەو بودجەیە ئێستا تەوەرێکی ترمان بۆ دروست بووە ئەوەی (منذریە وخانەقین وبەغدا) ئەگەر ئەوە بەوشێوەیە بروات لەوانەیە کاریگەری هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. فازڵ عەزیز قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەلام دانەوەی کاک سەعدی کە گوایە دەرماڵەو خەرجی سەفەر کردن (١٣٥) هەزار دینارو (ایفاد) (١/٧١٠/٠٠٠)یەک ملیۆن وحەوسەدو دە هەزار دینار ئەمانە لەیەک ئەچن وسەر بە یەکن ئەم دووشتە لەیەک جیاوازن، خەرجی (نفقات) مەبەستی ناوخۆی کوردستانە، (ایفاد) مەبەستی دەرەوەی کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی د.فازڵ ووتی شتێکی دروستە خەرجی (تحويل) واتا خەرجی گواستنەوە بۆ بەرژەوەندی

گشتی یه، بۆ نموونه ئەو خەرجییەی دەکەوێتە سەر شانی میللەت ئەوە خەرجی (تحویل)ە..«یسجل في هذا الحساب المبالغ التي تدفعها الوحدة الى اي من منتسبيها عن نفقات النقل والعائلة مكافأة وفق اسس عامة في القوانين النافذة والتعليمات الصادرة بموجبها»، سوپاس.

**بەڕێز د. فازڵ عەزیز قەفتان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(المسؤولية الشخصية) ئەوە پێک هاتووە لە (تأمين كردنی) ئەو فەرمانبەرە حسابیانەی کە ئیش دەکەن لەو فەرمانگانە بابڵێین لەپەرلەماندا بە تایبەتی لەکاتی پارەخواردندا (اختلاسێکدا) گرفتێکی حسابی دەبێت (تأمين) دەکرێت ئەو پارەیەی بۆ تەرخان کراوە کەدوو هەزار دینارە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەزمانی حسابی دەرماڵەی سەفەر واتا ناوەوەی هەرێم دەگرێتەوەو، دەرماڵەی (ئیفاد) دەرەوەی هەرێم دەگرێتەوە، دەربارەی (مكافأت واوسمة لغير منتسبي الدائرة) لەفصلی دووەم نەک تەنها لەئی پەرلەمان هاتووە لەئەنجوومەنی وەزیرانیش لەهەموو وەزارەتەکاندا هاتووە بەزمانی حسابی ئەو برە جێگیر کراوە لەهەموو موازناتی دەوڵەتدا و(تسجل في هذا الحساب المبالغ التي تدفعها الوحدة والاشخاص لغير العاملين فيها كمكافأت والخدمات الخاصة المتميزة التي قدمها لها عن قيمة الهدايا والاوسمة التي تقتني كمكافأة لهؤلاء الاشخاص)، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دژی ئەوەنیم خەڵک پاداشتی بدرێتێ بەپێچەوانەوە دەبێت خەڵک هان بدرێت بۆ ئەوەی کاری باشتر ئەنجام بدات بەرامبەر بەوەی کە ئیشێکی باش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەجیاتی (اوسمه) ووشەی خەڵات دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ووشەی (أوسمه) لابدەین ولە جیاتیان بڵێین پاداشت ودیاری (المكافئات والهدايا)،

بەڵام ئەبێ شتێک هەبێت چونکە زانکۆ ساڵانە کە دەرچوونیان هەیە یەکەمەکانیان پەرلەمان دیاریەکیان (هدیە) بۆ دەنێرێ کە شتێکی ڕەمزیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پرۆژەیە کە وەزارەتی دارایی وئابووری ناردویەتی جابەڕێزان ئەندامانی لیژنەی دارایی پشتیان بەو پرۆژەیە بەستووە یاهەندێ ژمارەیان لە خۆیانەوە داناوە، لەبڕگەی دوو فصلی دووەم (مخصصات ونفقات الایفاد) لە پرۆژەی وەزارەتی دارایی (٧١٠٠٠٠)دینارە لێرە (١٠١) هەزار دینار هاتووە وهەموار کراوە بە (١٠١) هەزار دووەم دەربارەی مادده (٤-٥) (نفقات النشر والاعلام ونفقات الطبع) حەز دەکەم ئەوەی جیابکەنەوە.

سێ یەم: لەبڕگەی(٩) (ایجار المکائن والمعدات) ئەو مکائنە چیە کەپیش وەخت هاتبێت وەکرێی ساڵانەی (١٠٠٠٠٠)دینار بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو خاڵەی کەبەڕێز کاک سعدی پێشنیاری کردوو بەڕێزان پتشگیریان کرد مەسەلەی«اوسمە» نەمێنێت شتی ناخۆشمان بیر ئەخاتەوە،گەر وەکو پاداشت یا خەلات بێ وەکو کاک فرەنسۆ ووتی، ئنجا کێ لەگەڵ ئەوەیە کەئەو (اوسمە) لاببرێ؟...کێ دژە؟...بەزۆربەی دەنگ ووشەی «اوسمە» لائەبرێ.

**بەڕێز د.فازڵ عەزیز قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجی بلاوکردنەوەو راگەیاندن (١٦٤) پەخش کردن وراگەیاندنەکە زیاتر پەخشنامەیەکە (جریدة) کە پەرلەمان ئەکات لایەنێکی راگەیاندنە،لەگەڵ خەرجی چاپ لێک جیاوازن هەرچەندە نزیکیەک لەنێوانیاندا هەیە، بەلاّم دوو بڕگەی جیاوازن (نفقات طبع وقرطاسیە)، سوپاس

**بەڕێز د.خەسرۆ گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە مادده«٢.١» ئەگەر دیاری بکرێ چونکە ئێمە لەلای خۆمانەوە بۆمان روون کرایەوە کەسەفەر واتە سەفەری ناوخۆیی هەرێم بەلاّم بۆ کابرایەکی ژمێریار کە ئەو بودجەیە بچێتە بەردەمی بۆ نمونە بەڕێوەبەری ژمێریاری کە ئەچێت پارە سەرف ئەکات بۆ (ایفاد) یا بۆ (سەفەرێک) لەوانەیە لێی تێک بچی سەفەرەکە هەربەسەفەری دەرەوەی هەرێم تێ بگات،

لەبەرئەوە من پێشنیـار ئەکـەم کـە ئەو دەرمـاڵەی سـەفـەری ناوخـۆی هەرێم هەبێت ودەرمـاڵەی خەرجی (ایفاد)ی دەرەوەی هەرێمیش هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە مـحـمـد سـەعـدوڵلا:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەگـەڕێینەوە سەر برگەی«١٠» کـەفـەرمـانبـەری ژمـێـریـاری یا یەکەی ژمـێـریـاری ناکۆکی لەسـەر هەبوو، هەڵەیەکی حسابی کرد ئەو پارەیەی کەتأمین کراوە ٢٠٠٠دینارە لەڕوونکردنەوەکەی باش تێ نەگەیشتین ئەگەر باشتر ڕوونی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. فـازڵ عـەزیـز قـەفـتـان:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەو فەرمانبەرە ژمێریاریانەی کە لە پەرلەمانن بۆیان هەیە تووشی لەسەرچوونێک یا هەڵەیەک یا پارە خـواردنێک ببن ئەوە لەهەمـوو دنیـا ڕوودەدا ئەو ژمـێـریارە لەوشـتـانە (تأمین) ئەکـەن ودەیپارێزن ڕەنگە ئەو پارەیەکەم بێت وەلەوانەیە لە پەرلەماندا هەر (١٠)فەرمانبەری ژمێریاری هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بۆچوونەکـە ئەوەیە ئایا بۆی هەیە زەرەرێک بە خـەڵکی تربگەیەنێت؟ ئایا (٢٠٠٠) دینار لەو بارودۆخەدا هیچ دەکات؟

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەم دوو هەزار دینارە پەرلەمان ئەیدات بۆ (تەئمینی شخص) بەسە و کەچی لەسەریشی تۆمار دەکـرێ وەک قـەرزی (تەئمین) (المسؤولية الشخصية) يسجل في هذا الحساب اقساط التأمين تدفعه موحدة الى شركة التأمين الوطنية أو غيرها لقضاء المسؤولية الشخصية لمنتسبي الوحدة وفقا لقانون الضمان تثبيت الدولة وفي القانون يحل محله)، سوپاس.

**بەڕێـز ئـازاد ڕەشـیـد مـیـران:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

(ایفاد )دەرەوەو ناوەوە دەگرێتەوە، ئەو پارەیەش کەتەرخان کراوە بۆ دەرەوەیە، بە رای من زۆر کەمە بەنسبەت دراوی عێراقی ئێستاکە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـد نەقـشـبـەندیی:**
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی بەرپرسیاریەتی (تأمين الشخصية) نەپاراستنی پارەلێدەرە (مختلس) نە لەسەر بنەمای

پارەلێدانیشە (اختلاس) ئەگەر فەرمانبەر پارەی دەوڵەت لێ بدا تۆژینەوەی لەگەڵ دەکرێ، بەڵام هەندێ ناوونیشانی فەرمانبەران هاتووە وەک فەرمانبەری کۆگاکان (المخازن) و بەڕێوەبەری ژمێریاری وژمێریار، دەڵێن ناوونیشانی وەزیفەکەیان قەرزی (تأمین) دەیگرێتەوە ئەو دووهەزار دینارە تەنها بۆ ناوونیشانی وەزیفەیە (عنوانی وظیفەیە)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پاش ئەو گفتوگۆکردنەی لەسەر فصلی دووەم لەپاش گۆڕینی ووشەی«اوسمە» لەمادده«٧»لەسەری پێک هاتین کێ لەگەڵ ئەوە دایە وەکو هاتووە وەربگیرێت؟... تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ ...کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناتوانم لەوبودجەیە گلەیی بکەم، بەڵام ئەوەی ناچارم دەکات قسەبکەم ئەوەیە هەست بەجۆرە (احتکارێک) دەکەم لەهەر مادەیەک، مەسەلەی بڵاوکردنەوە لەفەصلی دوو خەرجی بڵاوکردنەوە وراگەیاندن (نفقات نشر واعلام) وپاشان (نفقات الطرح)، ئەوجا لەفەصلی سێ یەم هاتووە (القرطاسیة والمطبوعات)، هەندێک شت تێکەڵ دەکەن ئەگەر مەسەلەکە پارەکەیە من پێشنیاردەکەم ئەو گفتوگۆیە دوا بخەین بۆ بەیانی، سوپاس

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو خاڵ روون نین یەکێک (٤)ەمە (نفقاتی وفود) داوا ئەکەم بۆمان روون بکەنەوە، لەگەڵ خاڵی(٩)یەمیش: المواد واللوازم ئەوەش حەقە روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەخاڵی(٤)ەم (نفقات وفود) هاتووە لەفەصلی یەکەم لەخاڵی«١٣» دووبارە کراوەتەوە و(الضیافة والوفود)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جل وبەرگ(١٥) هەزار دینارە، وابزانم بایی ٢٩هەزار دینار قەمەسەلەمان پار بۆ (حیمایە)کانی پەرلەمان کڕی، جا نازانم (١٥)هەزار بۆ جل وبەرگ مەبەستیان جلی چیە؟ وابزانم ژمارەکان کە دێن هەر چەندە بەمەزەندەیە، بەڵام تۆزێک هەوڵبدەین لەواقعەوە نزیک بێت تا ئەندامانی بەڕێز رای لەسەر بدەن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامی پەرلەمان حەقە پرسیار بکات، بلێ ئەمە چ ماددەیەکە، مەبەستتان چیە؟ من جەخت

دەكەم كەهیچ بڕێكی (زائف) نییە هەربابەتێكیش جیاوازە لەگەڵ ئەوی تر، لەسەر پرسیارەكەی كاك سەعدی، دەڵێت (النشر والاعلام والقرطاسیة ونفقات الطبع) چییە؟ بۆتان دەخوێنمەوە، تابزانن چییە. (النشر والاعلام یسجل فی هذا الحساب المبالغ التي تدفعها الوحدة، لنفقات النشر والاعلانات و البیانات والاشتراك في الصحف وقد خصصت هذه المادة وعدد من الحسابات الفعلیة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەرلەمان اعلاناتی نییە، وەزارەت لەوە پەیوەندی نییە، ئەو دەستەیەی (هیئە) كە بودجەكە ئامادە دەكات ئەبێ ئەو وەحدەیە بزانێت ولەپێش چاوی بگرێ لەو برە پارەیەدا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(یسجل في هذا الحساب المبالغ التي تدفعها الوحدة لقاء النشر والاعلان في الصحف والمجلات او التلفزیون وفي ذلك عموما التي تتقاضاه الجهات المختصة التي تتوسط في عملیة النشر اي جهة النشر والاعلانات الخاصة بمنتسبي الوحدة) بەرای من هەندێ فەرمانبەر ئامادە نابن ئەوانە هەمووی حساب دەكرێت:( بمنتسبي الوحدة تسجل سلفة موقتة بذمتهم تسترد منهم عند العودة اما اذا قطع علاقته بالادارة بصورة نهائیة عند تسویة الأدارة وحساب هذه المادة) ئێمە لیژنەی ئابووری وای دابنێین راگەیاندن لەدەرەوە هەیە: (الاشتراك في الصحف یسجل في هذا الحساب ما تدفعه الوحدة من بدل اشتراكها في الصحف المحلیة او الاجنبیة وفق الاسس المقررة في التعلیمات الخاصة بذلك).. ئێمە دەبینین (النشر والاعلام) زۆر پێویستە.. نفقات الطبع، ئەمە ماددەی پێنجەمە. (یسجل في هذا الحساب المبالغ التي تدفعها الوحدة عن كلفة الطبع من المواد والاجور بنسبة ماتحتاج الیه المطبوعات والاستمارات لاغراض التصویت على اعمالها وتاریخها وخاصة باعمال الوحدة)..(القرطاسیة والمطبوعات)، (تسجل في هذا الحساب قیمة المواد القرطاسیة والمطبوعات وبضمنها الاستمارات التي تشتریها الوحدة لاستعمالاتها الرسمیة وتقسیمها بین حسابات الفرعین القرطاسیة یسجل فیها قیمة المواد القرطاسیة من الاقلام والاوراق والمساحات والحبر وما الى ذلك من المواد القرطاسیة والاختام الرسمیة المجهزة للوحدات ولا یدخل في اعداد القرطاسیة ومن الحبر الثمین والاجهزة والالات المكتبیة لا تستهلك نتیجة الاستهلاك المباشر« في المطبوعات» تسجل في هذا الحساب قیمة الاستمارات الرسمیة والسجلات والدفاتر المهمة مسبقا لغرض استعمالها للدوائر). وبۆ زانین نیزامی ژمێریاری هەر پەیڕەوی ژمێریاری بەریتانیایە، هەموو وەزارەتەكانیش هەربەو شێوەیەنە، لەبارەی پرسیارەكەی كاك شەوكەت كە پرسیاری كرد دەڵێت ئەو خەرجیانە بۆ چییە؟ خەرجییەكان سێ جۆرن: «گازوایل»كەزۆر پێویستە كەلێرە هەموو ئیشەكان لەسەر گازوایل، وبەنزین ونەوتی

ئاساییە بۆ زستان ئێستا دێینە سەر: «المواد واللوازم». هێژا سەرۆکی پەرلەمان سووتەمەنی زیاتر بۆ گەرم کردنەوەیە، بەڵام بەنزین نەک بۆ ئەندامانی پەرلەمان کەسێ چوار سەیارەی هەیە ئەوە بەنزینیش حساب دەکرێ(یسجل في هذا الحساب جميع قيم المواد والمعدات التي تستعملها الوحدة وبين تفاصيلها الى الانواع المبينة ادناه»:

١-اللوازم الطبية: ئەویش وەکو هەموو فەرمانگەکان:«اللوازم الطبية التي تستلمها للاستعمال المباشر». وەکو یەدەگ (احتياط) لە فەرمانگەدا.

٢- پێویستیە کشتوکاڵیەکان (اللوازم الزراعية): ئەویش بۆ باخچەیەکی زۆر گەورەیە.

٣- پێویستیەکانی تر(اللوازم الاخرى): يسجل في هذا الحساب قيمة المواد والاجهزة الاخرى غير المذكورة في المواد السابقة التي تقتنيها الوحدة للاغراض الرسمية في اعداد المفهوم الاساس لها انها تستهلك نتيجة الاستعمال المباشر وخلال مكانس والصابون وغيرها من المواد التنظيفية. دەربارەی (ملابس) ئێمە «١٥»هەزار دینار تەنها بۆ پاک کەرەوە وگەسک لێدەرەکانە نەک بۆ پۆلیسەکان، ئەوان سەربە وەزارەتی ناوخۆن، سوپاس.

**بەڕێز د.فازڵ عەزیز قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سەعدی لەتێبینیەکانیدا ووشەی (مزيف)ی بەکار هێنا حەق نەبوو ئەم ووشەیە بەکار بێنێ چونکە کوردستان هەتا ئێستا یاسای دارایی (مالی) نییە ئەوەی کەئێمە لەسەری دەرۆین هەر ئی وەزارەتی دارایی رژێمە کە ئەوانیش لەووڵاتانی تر وەریان گرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەستم لەووشەی (مزيف) ئەوە نییە کەئەوان تزیفیان تێداکردبێ دەزانم ئەوان قازانجیان لەوە دانیە من باسی ئەوەشم کرد وەکو ئەندامی پەرلەمان پێم خۆشە بودجەیەکی باشمان هەبێت تا زیاتر بێت، بەڵام ئەو دەزگایە لەپەرلەمانی کوردستان وەزیفەی جێ بەجێ کردن ودارشتنی یاسایە، ئەگەر نەتوانێت ئەو یاسایەی بۆ خۆی دادەنێت بەشێوەیەکی دروست ورێک وپێک بێت وشایانی گرفت وگومان لێ کردن دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا بەڕێز کاک سەعدی ئەو بودجەیەی کەخراوەتە بەردەمی بەڕێزتان بۆ ئەوەی ئێوە بڕیاری لەسەر بدەن بێگومان هەمووکارێکی ئاوا کەم وکورتی تێدا دەبێت.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کرێی ئاو وکارەبا ئەگەر هەمەجۆر (متنوعە) بگرێتەوە، چونکە کرێی ئاو وکارەبا شتی خزمەتگوزارییە ئەو هەمەجۆرە چییە؟ نەک (سلع) ئەگەر مەبەستی کەلوپەلی کارەبا بێت،

لەهەمەجۆر (المتنوعة) باسی ئەوە نەکراوە، لەفەصلی یەکەمدا ئایا ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان نەخۆش کەوت پێویستی بەوە بوو کەوا هەندێکی لێ خەرج بکرێت ئەوە باس نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەوخالانەی کەدەربارەی فەصلی«١»و«٢»باسیان ئەکەین، دەربارەی ئەوەی کە دەنگمان لەسەردا جارێکی تر ناگەڕێینەوە سەری ئەوانی تر لەفەصلی سێ باس دەکەین ئەوە ئێستا برادەرانی دارایی وەلامت ئەدەنەوە.

**بەڕێز یونس محەمەد رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەپێی پەیڕەو (نیزام) بێ پۆلیس سەربە وەزارەتی ناوخۆیە یان سەربە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێرە، ئەوەی کە لەپەرلەمان کراوە لەوانەیە ئەو توانایە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر نەبووبێ، ئەگینا ئەبێ لەسەر حسابی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بێت نەک حسابی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەپێڕەو وپرۆگرامی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە کە هێزێکی تایبەتی ئەبێت وئەبێت نیزامێکی بۆ دەربکەین هێشتا ئەم نیزامە نییە، بەلام هێزە تایبەتیەکە هەیە لەبەر ئەوە بەشێکی زۆری ئەرکەکەی کەوتوتە سەرشانی ئێمە لەسەرشانی وەزارەتی ناوخۆ نییە ئێستا ئەو پێشنیارەی کاک سەعدی کردی ئەڵێ ئەم باس کردنە دوا بخرێ بۆ ئەوەی بیخوێنینەوە کێ لەگەڵ ئەوەدایە بەردەوام بین لەسەر باس کردنی ئەم بودجەیە..؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە دوا بخرێت؟ بەزۆربەی دەنگ بەردەوام ئەبین..ئەبێ فەصلی سێ یەم وەکو خوێندیەوە وەربگیرێت..کێ لەگەڵدا نییە..؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەیری برگەکانی (١١،٧،٥) بکەین دەبینین جیاوازێکی زۆر زۆر هەیە، لە (٥٠) هەزار بووەبە (١٥٠)هەزار، (صیانة الکتب والمجلات) لە (٥)هەزار دینارەوە بووەتە (١٠) هەزار دینار( صیانة الحدائق) لە(٥) هەزارەوە بووە (٥٠) هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الاعتماد المقترح) مەرج نییە ئەوەشتە راستە کە بێت وئەنجا بلێین ئەوە بۆچی بووە، ئەوەی کە لە بەردەمتدایە (٥٠) هەزارەکە پێشنیار کراوە، چەند هەزار متر وهکتار باخچە هەنە لەدەورو پشتی ئێمەدا، کە پارێزگاری بکەین؟، بە(٥) هەزار دینار ناکرێ ئەوە شتێکە شایانی راستاندن (تەصدیق) نییە.

**بەڕێز د. فازڵ عەزیز قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر (٥) هەزار دینار بۆ باخچەکان بەوشێوەیە بمابایە وەدەبوایە ئەمساڵ باخچەکانی پەرلەمان ووشک بوونایە، لەوانەیە لیژنەی پێشنیاری وای دانابێ بڵێ بائەمساڵ باخچەی پەرلەمان ووشک بێت چونکە پارەمان نییە! سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە فەصلی چوارەم وەکو خوێندرایەوە وەربگیرێت..؟ کێ دژە..؟

بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە «الكتب والمجلات» ئەگەر مەبەستیان لەکتێب کڕین بێت ئەم پارەیە کەمە چونکە کتێب گرانە وەکو بزانم کتێبخانە ڕۆژانە کتێب لێرە ولەوێ دەکڕێ وەپێشمان وایە دەبێت پەرلەمان کتێبخانەیەکی تەواوی هەبێت بۆیە پێشنیار دەکەم کەبکرێت بە (١٠٠)هەزار دینار، هەروەها فلیمی بەڵگەنامەیی (وثائقی) کەمە ئەگەر زیاتر بکرێت پێم باشە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی کەل وپەل ،بۆچوونی پەرلەمان ئەوەیە کەبارێکی وابرەخسێندرێ کە هەر ئەندامێک ژوورێکی هەبێت کە ئەو ژوورەی بۆ (تأثيث) بکرێت تا ئیشی خۆی تێدا بکات لە جیاتی ئەو هۆڵەی کەبۆیان تەرخان کراوە، دەربارەی فەرمانبەرانیش ئۆتۆمبێلێکمان کڕیووە لەوانەیە زۆرشتی تر بکڕدرێت بۆیە ئەو برە پارەیە دانراوە ئنجا کە هیچ تێبینیەکی تر نەبێت کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم ماددەیە وەربگیرێت ...؟ کێ لەگەڵدا نییە...؟بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا..

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر فەصلی(٦) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ دژە؟

بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الخارجية التزامات واستثمارات ومساعدات الخارجية، مايدفع المبالغ نترتب بزمة الوحدة بدل الحكومة باسمها او بدل مشاركتها في المنظمات الدولية والاقليمية بموجب الاتفاقيات الخاصة والثنائية تقدمها مبالغ نقدية الى اي قطر او المنظمة)، ئەوە یەدەگمان (احتیاطمان) داناوە بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ئەوە هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ فەسلی حەوتەم وەربگیرێت وەکو هەیە؟ کێ دژە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز د.فازڵ عەزیز قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الفصل(٨) بەرنامەی تایبەتە ئەگەر بیخوێنیەوە:(تعتمد في هذا الفصل بهامش ذات الطبيعة الموقتة التي لا تستوجب تنفيذها بتشكيل وحدة مستقلة الى ان تملك التخمينات الخاصة بموجب التبويب المعتمد في الفصول الخمسة الاولى بموازنة اعتيادية وتقديمها على الجداول المستقلة لكل البرامج)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی هەیە..کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خوێندرایەوە؟..کێ لەگەڵی نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا..

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم سەرۆکی پەرلەمان دەسەڵاتی گوێزانەوە (مناقلە)ی نێوان فەسلەکانی دەدرێتێ یان لەبودجە کەهیچی تێدانییە؟ سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی رایەکە لەجێی خۆیدایە، حەقە (مناقلەی رەئی) هەبێت لەنێوان فەسلەکاندا وبدرێتە سەرۆک پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێوە کۆکن لەسەر ئەو پێشنیارەی کە کاک شێروان کردی مناقلە لەنێوان فەسلەکاندا بدرێ بەسەرۆکی پەرلەمان، کێ لەگەڵ ئەوەدایە؟

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەبێت ئاگامان لەلایەنە یاساییەکەی بێت بودجەی ئێمە بودجەیەکی سەربەخۆ نییە بەپێی برگەی(٢) لەمادده (٦٩) ئەنجوومەن بودجەیەکی تایبەتی خۆی دەبێت کە دەخرێتە ناو بودجەی گشتی کوردستانەوە، واتە ئاگامان لەوە بێت کە ئێمە ئەگەر چی بودجەی خۆمان باس کرد وبڕیارمان لەسەردا، بەڵام سەربەخۆ نابێت لەبەرئەوە هەر لەگەڵ یاسای بودجە ئەویش ئەبێت بەفەسلێک کەیاسای بودجەی هەرێمە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگەی(٨)لە مادده(٥٦) ئەوەی چارە کردووە کە ئەبێت بودجەکە تایبەتی بێت چونکە ئەبێت (وضع النظام الدائري وتحديد علاقاته واقرار موازنته). (إقرار موازنة) واتا بودجەی تایبەتی لەبەر ئەوە (ميزانية خاصة) کە ئەبێت لێرە چارە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە گفتوگۆمان لەسەر کردکە بابەتی (موناقەلە) داخل بکرێ، بەڵام چۆن وکەی و کێ بیکات؟ بەرای من بگەڕێینەوە بۆ لیژنەی یاسا لەوێ بیکەن کەبزانن دژبە یاسای پیرەو وپرۆگرامی ناوخۆی پەرلەمان نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بودجەیەکی تایبەتی خۆی هەیە لەئەرک ودەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنیش ئاواهاتووە مادده«١٧»خالی«٦»جێ بەجێ کردنی هەموو کردارێکی اداری ودارایی لە دەسەڵاتی خۆیەتی چۆن وەزیری دارایی بۆی هەیە لەناو فصلێک شتی (موناقەلە) بکات ئاوهاش سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانییش بەپێی پەیرەو بۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ گرفتێک لەو بابەتەدا نییە چونکە لەسەر دەسەڵاتی (موناقەلە)ڕێک کەوتن هەیە لە نێوان فەسلەکان دا، بەڵام پێشنیار ئەوەیە کە لیژنەی یاسا دارشتنێک (صیاغەیەک) بۆ ئەو (موناقەلە) بدۆزێتەوە هەروەکو وەزیری دارایی ئەو دەسەڵاتەی هەیە. ئێستا کێ لەگەڵدایە؟.. وکێ لەگەڵ دا نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەق بوو پێشتر باسی مەسەلەی صیاغە بکرێت یا نەکرێت یا موناقەلەکەی بودجەی پەرلەمان جیاوازە لە بودجەی کوردستان. دووەم شتیش ئێمە بگەینە صیغەیەک لە لیژنەی یاسا ئەو دەسەڵاتەی یاسامان لەبەردەمە یەکەمیان پێرەوی ناوخۆیە دووەم یاسای ژمارە «١»ە دەبوو جاری ئەوەمان یەک لابکردبایەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو بودجەیە کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕیاری لەسەر بدرێ وەکو بودجەی پەرلەمان؟ کێ لەگەڵدانییە؟..بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

سێ شه‌ممه ڕێكه‌وتی ١٦/٢/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (۱۳)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ۱۹۹۳/۲/۱٦

*کاتژمێر (۱۰)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ۱۹۹۳/۲/۱٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (۱۳)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (۱۹۹۳)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*۱-گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان ساڵی ۱۹۹۳.*

*۲- تازە بابەت.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆ هاوسەنگی (موازنەی)ساڵی ۱۹۹۳ ئەو خاڵە پێش دەخەین بۆ ئەوەی زوو تەواو بێن خاڵی یەکەم شتێکە سەربە پەرلەمانە، لە تازە بابەت چ تێبینی هەیە؟ ئەگەر نییە بۆ ئەوەی دەست بکەین بە گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی ۱۹۹۳، تێبینی نییە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بودجە، ئەم دانیشتنە نهێنی دەبێت. دەستگای ڕاگەیاندن نابێ ئامادە بێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە بە نهێنی بێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ کۆبوونەوەی بودجەی ۱۹۹۳ بەنهێنی دەبێت. بەپێی ئەوەی لەسەری بڕۆین ئەمڕۆ پرۆگرامی جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر چ تێبینی نەبێت لەسەر موازنەکە با جەنابی وەزیری دارایی بیرخەرەوەی خۆی بخوێنێتەوە پاشان کۆمیتەی ئابووری بێنە پێشەوە ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن بۆ ئێوەی بەڕێز لەسەر ئەو بونیادە گفتوگۆی لەسەر دەکەن.

**بەڕێز محەمەد فوئاد مەعسووم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بودجەی ئەمڕۆکە پێشکەش دەکرێ ئەوە ڕووداوێکی گرنگە یەکەم جارە کە بودجەی ساڵێک پێشکەش بکەین، چونکە ئەوەی پێشوومان بۆ(۳) مانگ بوو پێشکەش کرا، بەڵام ئەو بودجەی ئەمڕۆ پێشکەش دەکرێ بودجەی دەست پێوەگرتنە (تەقەشوفە) بەهەموو مانایەکەوە، چونکە بارودۆخی ئابووری وڵاتمان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی دەڕوات بەراستی لە ئەنجوومەنی وەزیران زۆر

گوشارمان دەخرێتە سەر تەنانەت لەدەرەوەی ئەنجوومەن لە وەزارەتەکانیش چونکە بودجەی خۆیان پێشکەش دەکەن هەروا هەر لایەنێک حسابی پێویستیەکانی خۆی دەکات ئەمە هەمووی راستە بڕیاری لەسەر دەدرێت بەڵام ناتوانین بڕیار لەسەر داهات بدەین تەنها بڕیار لەسەر خەرج کردن دەدەین، بەڵام لەسەر داهات نا، داهاتەکەمان لە دەست خۆماندا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوو تێبینی هەیە حەز دەکەین پێش ئەوەی دەست بە موناقەشەی ئەو دانیشتنە بکەین گومان نییە ئەوە مانگی دووە دەبوایە لەسەرەتای ئەم ساڵە بودجە راستاندرابا (تصدیق) بکرابا یا پێشکەش بکرابا لەگەڵ د.فوئاد چەند جار باسی ئەو بابەتەمان کرد لە دەستەی سەرۆکایەتی نەوەک برادەران ئەندامانی پەرلەمان وابزانن لەدەستەی سەرۆکایەتی لەو بابەتە نەتۆژراوەتەوە ئەویش ئێمە نیزامی پەرلەمانمان هەیەو قانوونی پەرلەمان هەیە دەبێ لەسەری بڕۆین ماددەیەک هەیە کە ئێمەی گرێداوە بەو بابەتەوە، بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان وای کرد( ١٦ ) مانگە بودجەی ساڵی (١٩٩٣) پێشکەش دەکرێ من بەش بەحاڵی خۆم لەسەرەتاوە ئەو رایەم هەبوو کە ئەمە بودجە نییە لەرووی یاساوە بەڵام شتێکە ناویان لێناوە بودجە، لەلانی تەکنیکی باسی دەکەم و هیوادارین وەزارەتی دارایی جارێکی تر بودجەی واپێشکەش نەکات چونکە بەحەقیقەت کەموکوڕی زۆرە، خاڵی دووەم چ لە وەزیری دارایی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان چ بۆ برایان ئەندامانی پەرلەمان هیوادارین لە گفتوگۆکردنی ئەم بابەتە بیر لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بکەینەوە.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەناوی خۆم و فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی و ئابووری یەوە سڵاوتان لێ بێ زۆر پێخۆشحاڵم کە بودجەی ساڵی ١٩٩٣تان پێشکەش بکەم کە وەزارەتەکەمان ئامادەی کردووە، هەروەکو ئاشکرایە لای هەمووان بۆ یەکەم جارە کورد خۆی بە ئازادی و بەدیموکراتی بودجە دابنێ بۆ دام ودەزگاکانی کە بریتین لەوەزارەتەکانی حکوومەتی فیدراڵی کوردستان چونکە پێشان ئەم دام ودەزگا حکوومیانە زۆربەیان سەر بەحکوومەتی مەرکەزی بوون کە رژێم زاڵ بوو بەسەریاندا و هیچ پەیوەندیەک لە نێوان حسابی دارایی ئەم دەزگایانە بەناوچەی بەناو حوکمی زاتی نەبووە، لەپاش پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای مانگی تەمووزی ساڵی رابردوودا ودانانی وەزارەتەکان و دەست بەکاربوونیان هەروەها لەو وەزارەتانە کەدەستیان کرد بەرێکخستنی دەزگاکانی خۆیان لەمانە (٣٨) دەزگای جیا بەستران بەوەزارەتەکانەوە کەکاتی خۆی سەربەحکوومەتی مەرکەزی بوون بەم جۆرە کۆی دام ودەزگا سەرەکیەکان بوون بە(٦٤) کە هەریەکەیان بودجەیەکی جیاوازی بۆ دانرا زۆربەی ئەم دام ودەزگایانە تووشی بۆشاییەکی ئیداری ببوون بەهۆی کشانەوەی دەسەڵاتی رژێم لە

ناوچەکەو هەندێکیان هیچ تواناو پێداویستیان نەبوو، تەنانەت بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەی خۆیان و هەروەها هەندێ دام ودەزگا لەبنەڕەتدا بوونیان نەبوو وەکو (جنسیە)، ئاسایش، هاتووچۆ بەهۆی کشانەوەی دەسەلاتی ڕژێم و پەرت بوونی ڕەگەزەکانی، سەرەڕای هەمووی نەبوونی مووچە بوو، بەهۆی نەدان و بڕینی لەلایەن ڕژێمەوە لەلایەکی ترەوە گەنجینەو بانقەکانی خالی بوون لە پارە لە ڕصید بەهۆی بردنیان و تالان کردنیان لەلایەن ڕژێمەوە لەبەر ئەم ڕەوشە ناهەمواره وەزارەتەکەمان لە ڕۆژی دامەزراندنی یەوە هەلساوە بەگرنگترین کاری کە ئەویش کۆکردنەوەی گەنجینەی حکوومەتی هەرێم و ڕێکخستنی دامودەزگاکانی سەرچاوەی داهاتە کە بریتین لەدووسەرچاوە:

١- سەرچاوە داهاتە نەقلیەکان وەکو و باجی داهات وخانووبەرەو کرێی ئاوو کارەبا و ڕەسمەکانە، کە ئەو سەرچاوە، داهاتەکانیان کەمن لە سالێکدا لە ٦٠ ملیۆن زیاتر نابێ لەبەر دوو هۆی سەرەکی کە ئەویش وەستانی ژیانی ئابوورییە و پڕۆژەکانی بەهۆی دووچار بوونی کوردستان بەدوو ئابلۆقەوە کە بەسەریاندا سەپاوە لەبەرئەوە ئەم کارگانە، ئەم پڕۆژانە هیچیان کار ناکەن کە کاریان نەکرد دەرامەت نابێ کە دەرامەتیش نەبوو باج ناتوانرێ بسێنرێ، لەلایێکی تریشەوە لەبەرکەم بوونی هەستی باج دان و کەم وکوڕی دام ودەزگاکانی سەندنی داهات بەهەموو جۆرەکانیەوە کە ئەمە خالێکی هاوبەشە لە هەموو ولاتانی جیهانی سێ یەمدا.

٢- بریتییە لە داهاتی گومرگ کەداهاتێکی سەرەکی گەنجینەی کوردستانە وەزارەتەکەمان هەولیدا لەیەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونیەوە کە ئەم داهاتە کۆبکاتەوە بەشێوەیەکی یاسای نیزامی و لەم کارەدا گیروگرفتی زۆرمان هاتەبەر بەهۆی دیاردەی چەکداری فرەلایەنی دزی وجەردەیی کەسەرانسەری کوردستانی گرتبۆوە و ئەم کارە هەولی زۆری وەزارەتەکەمانی بردووەو پێوەی سەرقالە، بەلام لەگەل ئەم هەموو کۆسپ و تەگەرانەش بەهیمەتی دلسۆزانی وەزارەتەکان و وەزارەتی دارایی و ئابووری توانرا زۆربەی داهاتی گومرگ کۆبکرێتەوە تەمەنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٨) مانگە نەک هەر تەنها مووچەی فەرمانبەران دەدرێ مانگانە بەلکو بودجە کاتیەکەی لە کۆتایی سالی ڕابردوو دادانراو جێبەجێ کرا، سەرەڕای دانەوەی قەرزی فەرمانبەران کەنەدرابوو، هەروەها لەهەمان کاتدا لە داهاتی گومرگ خەرجی شەڕی P.K.K دراو بەشی حزبەکانیش دراوە لەو ڕۆژەی کەداهات کۆدەکرێتەوە لەلایەن حکوومەتەوە ئەم کارە گرنگە بوو بەهۆی زیندووکردنەوەی لایەنە حکومەتیەکان لەسەرانسەری کوردستاندا بۆ چەسپاندنی ژیانی ئاسایی و حوکمرانی قانوون تا ئێستا هەروەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران باسی کرد لەم نزیکانە مانگێک دەبێ داهاتەکە هاتووەتە خوارەوە کە وەکو بەڕێزی ئیشارەی پێ کرد (ئیبراهیم خەلیل) داهاتی گومرگی ڕۆژانەی لە (٣) ملیۆن دینار زیاترە ئێستا لەم ڕۆژانەدا پێش هەفتەیەک هاتن بۆ

پێویستیەکانی رۆژانەیان، بۆ موچەیان، ناچار بووین لە سلێمانیەوە ملیۆنێکیان بدەینێ بەقەرز هەروەها وەکو بەڕێز هێمای پێکرد نزیکەی هەفتەیەکە لەنزیک خوسرەوی لەخانەقین رێگایەکی تر کراوەتەوە هەموو کەل و پەل و ئامێر لەوێ دەروا لەبەرئەوە داهاتی گومرگ لە سلێمانی زۆرتر بووە هەر لە یەکەم رۆژەوە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا وەکو بەرپرسیار لەوەزارەتی دارایی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا باسم کردووە کە دەبێ جێگرەوەیەک (بەدیلێک) بدۆزینەوە لە جیاتی گومرگ، لە دونیادا نەبووە حکوومەتێک لەسەریەک باج بژی ناتوانێ بژی بۆ ئەوە بەڕای خۆم چەند بدیلێک هەیە عەرزتانی دەکەم بۆ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ کە هەردوولا ئەنجوومەنی نیشتمانیی و ئەنجوومەنی وەزیران بەزووترین کات دەست بکەن بەتاوتووکردنی ئەم جێگرەوانە (بەدیلانە):

١- داهاتی کارگەکان: کارگەکانی کوردستان (٨) مانگە نەک تەنها دەسکەوتیان نەبووە بۆ گەنجینەی حکومەتی کوردستان بەڵکو بە پێچەوانەوە وەزارەتی دارایی زیاتر هاوبەشی کردوون بۆ دانی مووچەی رۆژانەیان تەنانەت لەم رۆژانە(٥) میلۆن دینار خەرجیمان دانێ بۆ ئەوەی کارگەی جگەرەی سلێمانی و هەولێر بکەونەوە کار.

٢- فرۆشتنی هەندێ لە زەویوزاری شارەوانی لەناو سنووری شارەکاندا وبەتایبەتی بۆ نموونە وەکو گەڕەکی پیشەسازی (حی الصناعی) و پیشانگاکان کە ئێستا کرێیەکەیان زۆر کەمەو ئەو خاوەن پێشەنگا و کارگانە ئامادەیی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی پارەیەکی زۆر باشمان دەست بخەن کاتێ کەهەر بریارێک دەرچێ بۆ بەموڵک کردنیان.

٣- داوا لە مافیەکان بکرێ کە بەرێگای نا شەرعی و بەمژینی خوێنی میللەت دەوڵەمەند بوو ون، یارمەتی حکوومەت بدەن هەموومان دەزانین لە قادسیە دۆڕاوەکەی صدامدا بەملیۆنەها دینار کۆدەکرایەوە وچەندەها کیلۆ زێر کۆکراوە بەڵام بەداخەوە چەند جار لە سلێمانی و لە هەولێرو دهۆک هەڵمەتی پیتاک کۆکردنەوە کرا، بەڵام هەموو جارێک لە ملیۆنێک و دوو ملیۆن زیاتر نەبوو.

٤- داوا لە رێکخراوە خێرخوازەکان بکرێ کە قەرزمان بدەنێ بۆ دابین کردنی پێداویستەکان و بۆ وەبەرهێنان (استثمار) و خستنەوەگەڕی کارگەو پرۆژەکان.

٥- لەم رۆژانەدا هەرچەند ئەنجوومەنی وزیران شکاتی لەنەتەوە یەکگرتووەکان کرد جارێکی تر شکاتمان تازە دەکەینەوە کە کاتی خۆی لەساڵی ١٩٩٠ بودجە ملیارێک و (٧٧٦ )ملیۆن و (١١٥) هەزار دینار بوو ئەمە پێویست بوو حکوومەتی رژێم لە کوردستاندا سەرفی بکات، بەڵام ئەم پارەی سەرف نەکردووە و بەتاڵان بردوویەتی. ئەمانە جێگرەوەکان (بەدیلە)کانن، بەڕای من بۆ چارەسەرکردنی باری ئابووری گەنجینەی کوردستان بۆ بەڕێزتانی باس دەکەم بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین و لێی بکۆڵینەوە هەردوولا ئەنجوومەنی وەزیران وئەنجوومەنی نیشتمانیی لێرەدا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن فەرمووی کەوا لیژنەی دارایی و ئابووری

تێبینی خۆیان هەیە بۆ منیان ناردبوو، ئەگەر ڕێگەم بدەن هەندێ تێبینیم هەیە وەکو بەرپرسێکی دارایی، بەڕێزان بودجەی ساڵی ۱۹۹۳ کەوا لەبەردەم بەڕێزتان دایە بودجەکە بنەڕەتیە، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، لەکات و ساتێکدا ئامادەکراوە کە زۆربەی وەزارەتەکان لەدەوری بنیات ناندان، هێشتا زۆر وەزارت پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتەکەیان تەواو نەبووە بەڕێوەبەری یە گشتی یەکان هێشتا دانەنراون ئەگەر سەیری بوودجە بکەی لەبەردەمی بەڕێزتان دایە دەیبینین دوولایەنی تیایە لایەنی خەرجی، لایەنی سەرف کردن، وخەرجییەکە ملیارێک و (٥١٥) ملیۆن و (٤٠٠) هەزارە لە پاش ئەوەی وەک پاشکۆیەک ناردمان بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر کرا (٩) میلۆن و (٢٨٨) هەزار زیاد کرا بەمە لایەنی خەرجی ئەبێ میلیارێک و (٥٢٤) ملیۆن و(٦٨٨) هەزار بێ. بەڵام لایەنی داهات بریتییە لە ملیارێک و( ١٣ )هەزار و (٨١٢)، واتەکورتیمان هێناوە بەنسبەت (٥١٠) ملیۆن و (٨٧٦ ) هەزار کورتی هێنان (عجز) زۆر شتێکی ئاساییە لەم بودجەیەدا، لەم ڕۆژانەدا لە ڕۆژنامەگەری جیهانیدا باس کرا کە بودجەی کوێت وەکو دەوڵەتێک دانراوە نزیکەی (٣٠) ملیار کورتی(عجزی) هەیە عجز زۆر شتێکی ئاساییە، یانی هۆیەکەی ئەوەیە کەوا لایەنی داهاتەکە بەرزەفت ناکرێ، چونکە پەیوەستە بەلایەنی سیاسی وەکو هەموومان دەیزانین بۆ ئەمساڵ باسمان کردکە گومرگی( ئیبراهیم خەلیل) هاتە خوارەوە لەبەرئەوە ئەم کورتی هێنانە (عجزە )ڕوویدا ئەمانە هەمووی ژمارەنە دانراون وەزارەتی دارایی وەزارەتەکانی تری ئاگادار کردووە لە مانگی (١٢)ەوە ڕۆژێک تەرخان کرابوو بۆ وەزارەتێک بۆ (١٥) وەزارەت، (١٥) ڕۆژ تەرخان کرابوو بەڕێز وەکیلی وەزارەتی مەعنی خۆی و دام ودەزگا حسابیەکەی ئەهات بۆ وەزارەتی دارایی لە بەیانییەوە تادرەنگ گفتوگۆی لەسەر ئەو مەسرەفانە دەکرد بۆ ئەو پێداویستیانەی وەزارەتەکەی پێویستییەتی لەبەرئەوە ئەو ژمارانە ژمارەی ڕاستەقینەن و پێویستی وەزارەتەکان ئەوەیە. بەڵام مانای ئەوە نییە کە ئێمە ئەو پارەمان هەیە ئێستا من ئەڵێم (٣٠٠) ملیۆن بۆ وەزارەتی پێشمەرگە واتا (٣٠٠) ملیۆنمان خستۆتە بانقەوە تاوەزیری پێشمەرگە بتوانێ سەرفی پێ بکات وانییە ولەو هەموو دنیایە مانگانە سەیری داهاتەکە دەکرێ داهاتەکە تەواو بوو بەشی ئەو مانگەی بەتەواوی دەدرێتێ داهاتەکە تەواونەبوو دێتە سەر گرنگترین خاڵ کە هەیە ئەویش مووچەیە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی وەزارەتەکان لەبە ئەوە ئەنجوومەنی وەزیران(٢) هەفتەش دەبێ بڕیاری دا هەموو سەرفێک بوەستێنێ تەنها دوو خاڵ نەبێ یەکیان کەوا مووچەیە و دووەمیان (سلفەی موستەدیمە)یە کەوا زۆر پێویستی خەرجی ڕۆژانەیە، لەبەرئەوە ئەو ژمارانە بۆچی وا بەرزن یاخود زۆرن؟ خۆمان دەزانین هۆی گرانیەکەیە و هۆی هەڵاوسان (تەضخمە) کەوا پلەی نرخەکان ڕۆژانە دەچێتە سەرەوە، بۆ نموونە دابین کردنی بەنزین خاڵێکی گرنگە بەنسبەت ئەمن و ئاسایش و پێشمەرگە لەبەرئەوە ڕۆژانە

جموجۆڵیان دەبێ، بەنزین بەو نرخە گرانە بکڕێ دەبێ داخلی بکەی (تاقمێکی دانیشتن) وەختی خۆی بە(٢٠٠)دینار بوو ئێستا بە (٦) هەزار دینارە هەموو هۆیەکان ئەوەیە کە ژمارەکان بەرزن ئێستا هەڵاوسان(تضخم) هەیە لە کۆتاییدا سوپاسی بەڕێزتان دەکەین و داوا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەکەم بەپێی ماددەی (٢٦)ی یاسای ئەنجوومەن، بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان براستێنن (تصدیق) بکەن و دەمەوێ دووبارەی بکەمەوە کە پشت بەخوا لەبودجەی داهاتوودا هیوادارم بتوانن کە زیاتر رێک وپێکی بکەن، نەک هەر لەسەر رادەی داشکاندنی کەل وپەل ئامادە بکرێ بەڵکو لەسەر بنەمای جۆر واتە (نوع ) بێ لەبەر کەم وکوڕی دام ودەزگاکانی وەزارەتەکەمان و وەزارەتەکانی هەرێم بەگشتی نەتوانرا ئەمساڵ ئەنجام بدرێ ئیتر ئومێدەوارین کەبودجەی **١٩٩٣** ببێتە بەردی بناغە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و چاک بوونی بارودۆخی ئابووریمان لە ژێر سایەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هیواداریـن حکوومەتی فیدراڵ بچەسپێ لە عێراقێکی دیموکراتی فرە حزبیدا کە بەرژەوەندی گەلی عێراق بپارێزێ بەهەموو نەتەوەو چینەکانیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی لیژنەی ئابووری دەکەین پوختەی بودجە لەلایەن وەزیری ئابووری یەوە دەستنیشان کرا ئەوە تێبینییەکانی لیژنەی ئابووریە ئینجا چ تێبینییەکی تر هەیە؟

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسووم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی بەنسبەت ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هیچ زانیاریەکی پێشوومان نەبوو لەلایەن ئەو دەستکاریەی کەکراوە، ئێستا لێرە چاومان پێکەوت و هەندێ شت لێرە کە باس دەکرێ لەهەندێ حاڵەت تەماشای دیوانی وەزارات کراوە بەڵام زۆر حاڵەت هەیە جیاوازە، بۆ نموونە ئاهەنگ گێڕان لە وەزارەتی ناوخۆدا (١٠٠٠٠٠ ) کراوەتە (١٠٠٠٠ ) حیسابی پارێزگاکان ناکەم پارێزگارەکان سەربە ناوخۆیین یان لێرە لە هەندێ شوێن تەماشای دیوانی وەزارەت دەکا بەڵام حساب بۆ شوێنەکانی تر ناکات یانی هەر لەنێوان دوو ژمارەدا هاوکێشەیەک (معادەلەیەک) هەستی پێ دەکرێ بێ ئەوەی (خەلفیاتی) مەسەلەکە بەباشی حسابێکی بۆ کرابێ دوای ئەوە لە حەقلی سێیەم (المبلغ الذي توصي بە اللجنة المالية والاقتصادية) هەندێ جار گوتم لێرە راسپاردەی ئەنجوومەنی وەزیران ناووترێ لەهەندێ شوێن پێویست بوو ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران حەقلێکی تایبەتی بۆ بکرابا کە مەبلغەکە وەکو خۆی ئەمێنێ یا زیاد دەکرێ و دەگووترێ ئەمە هی ئەنجوومەنی وەزیرانە بەڵام کە کەم دەکرێتەوە ناووترێ هی ئەنجوومەنی وەزیرانە وئەم رایە هەیە بەڵام کە زیاد دەکرێ دەگوترێ ئەنجوومەنی وەزیران بەڵام کە کەم دەکرێتەوە یاخود وەکو خۆی هێشترابایەوە هێمای پێ نەدرایە، نازانم ئایا لە ئەنجوومەنی وەزیران واکراوە یاخود چۆنە؟ ئینجا لەبەرئەوەی ئەو بودجەیە

گرنگیەکی هەرە تایبەتی و بنەڕەتی هەیە ئەوەی بەباشی دەزانم بوار هەبێ بۆ ئەوەی ئێمەش لەلایەنی خۆمانەوە تاووتووی بکەین بزانین چۆنە رای خۆمان بهێڵینەوە، چونکە ئەنجوومەنی وەزیران لایەنی راپەڕاندنە لەو بودجەیەدا دەبێ بزانێ ئایا دەتوانێ جێ بەجێی بکا یا ناتوانێ؟ لەوانەیە تێبینی تری هەبێ کە پێشکەش بە ئێوەی بەڕێزی بکات، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ووتی کە (١٠) هەزار بۆ وەزارەتە، نەخێر (١٠) هەزار تەنها بۆ دیوانی وەزارەتە پارێزگاکان سەربە(الادارات العامة) (٤٠) هەزار و (٤) پارێزگامان هەنە هەریەکە (١٠) هەزار هیچ جێگایەک لە (١٠) هەزار زیاتر نییە دیوانی وەزارەت باسی نەکراوە دیوانی وەزارەتی دارایی هەیە لەبارەی ئەوە سەرۆک وەزیران ووتی هیچ کەم نەکراوەتەوە کتابی سەرۆک وەزیران لەبەردەستدایە، دیوان کەمی نەکردۆتەوە بەلام ئەوەی زیادی کردووە باسمان کردووە ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری ئەوەی کردووە ئێمەش پەسندمان کردووە.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەوەی برادەران بزانن ئەو شتانەی خوێندتەوە کەدەستکاری کراون پێشنیاری لیژنەکەیە، مانای ئەوەیە رازین، کە راسپاردە جێگیر دەکرێ چ تێبینی نییە مانای ئەوەیە رای لیژنە یا ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری کردووە ئەیانتوانی ئەو راسپاردە بنووسن کە راسپاردەی ئەنجوومەنی وەزیرانە دیارە ئەوانیش رازین لەسەر راسپاردەکەی ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پێم وایە هەندێ شت لەناو بودجەکەدا هاتووە هەرنەبێ باشترە، بۆ نموونە (١٠) هەزار دیناریان داناوە بۆ وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین تەنها بەشی چەند جووتێک پێلاو ناکات بۆ تیپی تۆپی پێ، وا هەر نەبێ باشترە! سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران داوا دەکات ئەم گفتوگۆیە دوا بخرێ بۆ ئەوەی حکوومەت گفتوگۆی لەسەر بکات.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەری رازین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە؟ ئینجا دواخستنی دیاری بكەین ، لەڕاستیدا پێش وخت بۆ ڕۆژی شەممەدوابخرێ و ئەنجوومەنی وزیران ئامادە بێ.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەممەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەكەم پاش ئەو دانیشتنە دەستەی سەرۆكایەتی و فراكسیۆنەكان و ئەنجوومەنی وەزیران پێكەوە دانیشین و ئاگاداری ئەندامانی هەردوو فراكسیۆنەكە بكەنەوە. پاش ئەمە(١٠) دەقیقە پێكەوە دانیشین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بابەتەكە ئەوە نییە دادەنیشنین ،بەڵام بۆ ڕۆژی شەممە ئیشی حكوومەتە ئیشی پەرلەمان نییە.

**بەڕێز محەممەد فوئاد مەعسووم/ سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئێمە پێشنیاری ڕۆژی یەك شەممە دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ڕۆژی یەك شەممە ئامادەبن؟ كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ڕۆژی یەك شەممە گفتوگۆی لەسەر بكرێ؟ بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز محەممەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لەڕوونكردنەوەكەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری تێبینیەكم هەبوو كە بەرامبەر بەوەزارەتی پیشەسازی و ووزە هاتبوو حەزم كرد دوو خاڵیان وەلام بدەمەوە یەكەمیان داهاتی كارگەكان و، دوو فرۆشتنی كارگەكانە، من لام وایە ئەو (مذكرە ایضاحیەی) كە ئامادەكراوەو كە داهاتی كارگەكان نەماوە بەداخەوە دەڵێم لە ئەنجامی نەشارەزاییە لە بودجە، چۆنیەتی حساب كردنی قازانجی كارگەكان، بەراستی كارگەكان بۆ حساب كردنی قازانجەكان وەكو حسابی دوكان نییە، یا كۆتایی مانگ حساب بكەین، هەموو كارگەیەك بودجەی تایبەتی خۆی هەیە دوای تەواو بوونی ساڵی دارایی لە ١٢/٣١دا لیژنەیەكی تایبەتی حسابی دەكا بۆ ئەوەی بزانین هەر كارگەیەك قازانجەكەی لەو ساڵە چەندە، دوای ئەوەی كە گەیشتینە ئەوژمارانە بەشی وەزارەتی دارایی بە شێوەیەكی ئاسایی دەبێت ئێمە ناڵێین بەراستی بەشانازییەوە كارگەكانمان بە ملیۆنەها قازانجمان پێ دەدەن، بەڵام پێویستیمان بەوەیە ئەو حسابانەی كە پێی دەڵێین حسێبە كۆتاییەكان (حسابات ختامیة) ئەوانە تەواو بێت و بەشی وەزارەتی دارایی پێشكەش بكەین بۆ نموونە یەكێ لە كارگە بچووكەكانمان كە كارگەی دروونی سلێمانیە، لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش باسم كرد كەیەكەم كارگەمانە حسێبی دوایی(حساباتی ختامی) دەرچوو ئەو كارگە بچووكە

(٢) مليۆن دينار قازانجى كرد و كارگەكانى ترمان دەيەها مليۆن قازانجى كردووە بەلام بەداخەوە نازانم وەزارەتى دارايى ئاگايان لەوە نييە ئەم (حسابە ختاميە) دەكرێ قازانجى كارگەكان چييەو چەندە؟ لە هەموو وولاتێكدا دوا حسێب (حسابى ختامى) لە مانگى ٤-٥ تەواو دەبێ لە پاشاندا تەواو بوونى ساڵى دارايى يانى حسابەكانى ساڵى ١٩٩٢ قازانجەكەى لە مانگى ٤-٥دا حساب دەكرێ بەپێى ئەو قازانجە بەشى وەزارەتى دارايى چەند بوو دەيان دەينێ لەوانەيە دەيەها مليۆن بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روونكردنەوەيە، بەدواداچوونەوەيەكم هەيە، بۆ حسێبى كۆتايى (حسابى ختامى) ناكەن؟ دوو مانگى بەسەردا رۆيشتووە ئەنجومەنى وەزيران با ئازابن ئەگەر چ تێبينى تريان نييە؟..

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزيران:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

مەسەلەيەك هاتە پێش وەكو موناقەشەى ئەنجومەنى وەزيران كە پێويستى بە روونكردنەوەيەك هەيە، ئەوەى كە كاك دكتۆر صلاح پێشنيارى كردووە ئەوە وانييەكە لە ئەنجومەنى وەزيران باسيان كردبێ، بەلام لێرەدا هەموو كەس مافى خۆيەتى هەرچى بەبيرى دادێ و بەباشى دەزانى موناقەشەى بكا وبيخاتەڕوو، ئيتر دواى گفتوگۆكردن دەردەكەوێ راست دەردەچێ يافرۆشتنى كارگە بەشێوەيەكى ترە، من خۆم ئەندامێكى ئەنجومەنى نيشتمانيم و سەرۆكى ئەنجومەنى وزيرانم، من لەگەڵ فرۆشتندا نيم، بەلام مەسەلەى بە كرێ دان ئەوە بۆى هەيە كە قسەى لێوەبكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئێستا تا سەعات (١٢) پشووێك دەدەين، ئينجا دێينەوە گفتوگۆى خۆمان تەواو دەكەين، ئێستا با دەست بە گفتوگۆ بكەين لەسەر خاڵى يەكەم برگەيەك مابوو بابزانين ليژنەى ياسا ئەگەر شتێكى ئامادە كردبێ.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەيدەرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

دەربارەى(مناقلە)و دەسەلاتى (مناقلە) دوێنێ نا پێرێ دەنگى لەسەر درا، ئێستا دەقێكمان ئامادە كردووە بۆ دارشتنى (صياغەتى قانوونى) ئەگەر مۆڵەت بدەن بيخوێنمەوە پێشنيار دەكەين ئەو مادەيە بخرێتە سەر (موازنەى) هەرێمى كوردستان لە جياتى مادە (ع) مادە (٥)بى و مادەكە بەم شێوەيە بێ (لرئيس المجلس الوطني اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة للمجلس). سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ئەو داڕشتنە (صیاغە)ی لیژنەی یاسا؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەراستی وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسا دەست پارێزیم (تحفظ)م لەسەر ئەو ماددەیە هەیە حەزدەکەم بۆ بەڕێزتانی روون بکەمەوە بەراستی مەسەلەی دەستەلات کە بدرێتە سەرۆکی پەرلەمان یاخود سەرۆکایەتی پەرلەمان یاخود بدرێتە پەرلەمان کە (مناقلە)لەنێوان فەسلەکان ومادەکان یەک بێت ئەوە یاسای ژمارە یەک و یاسای ژمارە سێ دەبێتە هەندێ درێژە پێدانی هەروەها پێچەوانەی مەبەست لە دانانی بودجە تاوەکو دەسەلات بەوەزیری تایبەتمەند دەدرێ، چونکە ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی تایبەتمەندە وپەیوەندی بەوە نییە کە بەمەسەلەی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانەوە ببەسترێتەوە، کامە دەسەلات بەرزترە کامە دەسەلات لەوەی تر نزم تر، ئەوەی ئاشکرایە ئەو پرسیارە دەکەم ئایا مەسەلەی بودجە بۆی هەیە کەرت بکرێ؟، خۆی لە یاسای ژمارە (١) مادده (٥٦)دا هاتووە لە نێوان پسپۆرایەتی پەرلەمان برگە (٥) (اقرار الميزانية العامة وخطط التنمية) برگەی پاشی دێت و دەڵێ(من النظام الداخلي تحديد صلاحيته واقرارها)، وەک بڕیاری هاوسەنگی (موازنە)ی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانەوە دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حکوومەتی ئێمە لەسەر بنەمای دیموکراتی پەرلەمانی دامەزراوە سێ دەسەلاتی هەیە یاسادانان، راپەڕاندن ودادوەری هیچ دەسەلاتێک ناتوانێ دەست لەدەسەلاتێکی تر وەربدا پەرلەمان بودجەیەکی تایبەتیبە لەگەڵ بودجەی گشتی یە، لەگەڵ ئەوەشا پەرلەمان ئەو مافەی هەیە کە بودجەی خۆی دابنێ و بیراستێنێ (تصديقى) بکات بەس ناتوانێت (مناقلە) بکات ئەوە کاری وەزارەتی دارایی یە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو تێبینییانەی کە برادەران کردیان هیچ بنەمایەکی یاساییان نییە، کەواتە تەنها بودجە دەبێ یەک بێ لەبەرئەوە نامەوێ گفتوگۆ لەسەر یاسایەکە بکەم بابەتەکە دەنگی لەسەر دراوە، کە ئەو حەقە بدرێتە سەرۆکی ئەنجوومەن. سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پاڵپشتی قسەکانی کاکەرەش دەکەم لە لانی یاساییەوە باس کراوە تەرخانکردنی تێدایە

لەدانیشتنی پێشوودا بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام بابەتی تەرخانکردن، لەماددەی (٥٦) ئەم بابەتە شتێکی تایبەتیە پەیوەندی بەوەزارەتی داراییی یەوە نییە لیژنەی ناوخۆ جەختی لەسەر ئەوەی کردووە لە ماددە (٦٩)دا کە دەڵێ (للمجلس میزانیة خاصة تتدرج ضمن المیزانیة العامة لکوردستان) کە مانای بودجەی تایبەتییە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ شتێکی زیادم نییە جگە لە برگە (٦)لەماددەی (١٧)نەبێ لە پەیڕەوەی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کەدەڵێ سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە(اجراء التصرفات الادراية والمالیة) مناقلەش لە نێوان هەڵسوکەوتی داراییە واتا لەسەر بنەمای یاسایی دەنگدانەکە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە دوێنێ گفتوگۆی لەسەر کرا کە سەرۆکایەتی پەرلەمان مافی مناقلەی هەبێت، هێما بۆ ئەوە بکرێ وفەسلێکی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانەی کە تصور دەکەن لە پەرلەمانی کوردستان ئێمە بودجەی حکومەتی خۆمان بڕاستێنین (تصدق) بکەین حەز ناکەم بەو شێوەیە ئەندامانی پەرلەمان لەو گۆشەیەوە تەماشا بکەین، ماقوڵە ئێمە دەسەڵاتی یاسادانان، بودجەی حکوومەت کە هەر لەنێوانی پرسیاردا لەبرادەرانی یاسا، لە هیچ پەرلەمانێک ئەمەی باسی دەکەین هەیە کە ئەو پەرلەمانە چۆن تصرف دەکات؟ ئەمە سەربە پەرلەمانەو بەو نیزامەیە کە بۆی دانراوە. ئێستا کێ لەگەڵ ئەو صیغەیە کە دانراوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا. سوپاستان دەکەین بۆ دانیشتنی ئەمڕۆمان.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاگادارمان بکەن کە دووکەس لە لیژنەی ئابووری ڕێک کەون کە لەکۆبوونەوەی ئەواندا ئامادە بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ڕۆژی پێنج شەممە خۆمان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی وکتلەکان و ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر پێویست بێ گفتوگۆ دەکەین بەڵام ڕۆژی یەک شەممە خۆتان ئامادە بکەن بۆ ئەم گفتوگۆیەو هیوادرام تێبینیەکانی ئەمڕۆ کە خوێندرانەوە ڕەچاو بکرێن و ئێمە بەردەوام بین لە کۆبوونەوەی خۆمان.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دانیشتنی تر دوا خرا، لەبەرئەوەی بڕیارەکە نەگەیشتووە و چووین سەیری تۆماری بەدواچوو (سجلی متابعەمان) کرد لە ١١/٥ وە بلّند کردنەوەی یەکەکانی بەڕێوەبردنی (وحدات اداری) بەرز کردۆتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سبەی هەندێ شت باس دەکەین وەک هی کشتوکاڵ، چەند بڕیارێک داوا کراوە لێیان بکۆڵینەوە یاسای وەزارەتی پیشەسازی ئامادە کراوە و وەزیری پیشەسازی بێت بۆ ئێرە یا بریکاری خۆی بنێرێ.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە جاری یەکەم نییە کەوا دەیخەینە بەرنامەی کارو باسی دەکەین وهەندێ لە ئەندامانی لیژنەی تایبەتمەندیش دەڵێن ئێمە پێمان نەگەیشتووە با ئەو خاڵە دوابخەین، وەکو ئەمڕۆ لیژنەی کاروباری ناوخۆ وایکرد بواری تر هەبووە دوای بخەین، تکایە ئێمە لێرە کۆمپیوتەر لە مێشکماندا نییەو کاغەزیشمان لەبەردەم نییە تا بزانین لەکەیەوە وەرمان گرتووە، دەرکەوت (٣) مانگ لەوەپێش لیژنەی کاروبار وەری گرتووە، دەڵێن ئێمە وەرمان نەگرتووە بەراستی خۆیان بەرپرسیارن لەو جۆرەکارانە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ قسەی کاک نژاد لەراستیدا ئێمە ئاگاداری ئەو بڕیارە نەبووین کە ئەندامێک لە لیژنەی ناوخۆو سەرۆکی لیژنە مۆڵەتی هەیە چووەتە سوید کاک سالار بریکاری سەرۆک لێرەیە گەر ئەو قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان دەکەین بۆ ئەمڕۆ، سبەی سعات (٩/٥) کۆبوونەوەیە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

## چوارشەممە رێکەوتی ١٩٩٣/٢/١٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٢/١٧

***کاتژمێر«١٠»ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٢/١٧ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی وبەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدولڵا، دانیشتنی ژمارە «١٤» ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی پیشەسازی و وزە.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

استناداً لاحكام الفقرة «١» من المادة «٥٦» من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه وزير الصناعة والطاقة ووافق عليه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ١٧/ ٢/ اصدر القانون الاتي: القانون رقم «٤» لسنة ١٩٩٣ قانون وزارة الصناعة والطاقة لاقليم كوردستان العراق:

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

١- الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢- الوزارة: وزارة الصناعة والطاقة للاقليم.

٣- الوزير: وزير الصناعة والطاقة للاقليم.

٤- وكيل الوزارة: وكيل وزارة الصناعة والطاقة.

٥- المجلس: المجلس الاستشاري للوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (یەک) پێناسەکانە..کەس تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ مادده یەکە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية: تتولى الوزارة المهام التالية:

١- اقتراح الخطط السنوية والبعيدة المدى في مجال الصناعة والكهرباء واستخراج النفط والمعادن والنشاطات الاخرى المرتبطة بالوزارة.

٢- استثمار المقالع والمناجم وآبار النفط ومصادر توليد الطاقة.

٣- العمل على اجتذاب رؤوس الاموال الوطنية والاجنبية الى الاستثمار الصناعي في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر برگەکانی یەک ودوو سێ لەمادە (٢) کێ تێبینی هەیە، لیژنەی تایبەتمەند چ سەرنجی هەیە؟ ئێمە چ سەرنجمان پێ نەگەیشت لەبەر ئەوە نەمانزانی دەبوایە پێش وەخت لیژنە سەرنجەکانی خۆی بنێرێ.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی برگەی (٣) لیژنەکەمان هەندێ پێشنیاری هەیە ئێمە دەمانەوێ ئەم برگەیە بەم شێوەیە بێت:

٣- العمل على اجتذاب رؤوس الاموال الاجنبية وتشجيع الاستثمارات الوطنية للقطاع الصناعي في الاقليم. چونکە (الاموال الوطنية) (اجتذاب ناکرێ) راناکێشرێ، چونکە هەیە وهەروەها پێشنیارێکمان هەیە وئەڵێت: (وضع القانون للاستثمارات لاموال الاجنبية وضوابطها الاقتصادية والسياسية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یانی تۆ مەبەستت ئەوەیە برگەیەک زیاد بکرێ.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر برگەی «٣» وای لێ بێ (العمل على اجتذاب رؤوس الاموال الاجنبية وتشجيع الاستثمارات الوطنية للقطاع الصناعي في الاقليم ووضع قانون الاستثمارات الاجنبية وضوابطها الاقتصادية والسياسية)، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زەینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە برگە «١» مادە «٢» (اقتراح الخطط السنوية) لەجیاتی پێشنیار (اقتراح) بگوترابایە

«تطبيق» چونكه تطبيق سەربەوانە پێشنیار ئەنجوومەنی وەزیران دەیكا یاخود (١٠) ئەندام لەپەرلەمان دەیكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

وابزانم لەیەكێ لەمادەكان راپەڕاندنی پرۆژەكان (تنفیذی مشاریع) هاتووە لەبڕگەی (٨)و(٩)دا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

له بڕگه «٢» مقالع بەشێوەیەكی گشتی هاتووە راستە رەژووی بەردین (الفحم الحجری) نابێ، سەربە وەزارەتی پیشەسازیە، بەلاّم زیخ وچەو سەربە بەڕێوەبەرایەتییە خۆجێییەكانە (ادارات محلی)یە، ئینجا با ئەوە دەستنیشان بكرێ. سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

زیخ وچەو بە(مقلع) دادەندرێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڵێ خاڵی سێ یەم (وتشجیع الاستثمار الصناعی فی الاقلیم)وەبەرهێنانی پیشەسازی ئایا دەرهێنانی نەوت چەسپ دەكرێ؟ چونكە نەوت سامانێكی نیشتمانییە دەبێ هەر بۆ حكومەتی كوردستانیش بێت نابێ (اموال) بواری پێ بدرێ بۆ دەرهێنانی نەوت، بەلاّم بۆ ئامێر وپاڵشگا ئەوە شتێكی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

قسەكانی من كران، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

خاڵی یەک دەڵێ: (النشاطات الاخری المرتبطة بالوزارة مهام وزارة) له «١٩» خاڵ دانراوە من پرسیار دەكەم (نشاطات اخری) چییە؟ وابزانم زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بابەتی پێشنیار، دەبێ وەزارەتی پیشەسازی نەخشە پێشنیار(خطط اقتراح) بكات، خۆی لایەنێک نیە (بیراستێنێ)مصادەقەی لەسەر بكات دەبێ پێشكەش ئەنجوومەنی وەزیرانی بكات ئەگەر ئەنجوومەنی نەخشەكێشان (مجلس تخطیط) هەبوو دەبێ پێشنیار لای ئەو بێت، بەنسبەت ئەوەی كاک جەمیل فەرمووی دەربارەی (مقالع) (استثمار والمناجم) شتێكی زۆر

ئاساییە هەموو کانگەو کارگەو مەرمەڕەکان ئیشی وەزارەتی پیشەسازینە، بەڵام مۆڵەت پێدانی زیخ وچەو سەربە بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێ ییەکانە (ادارات محلی)یە، دەشتوانرێ مۆڵەت پێدانی بچێتە وەزارەتی پیشەسازی، چونکە گرنگ نی یە، هەر لایەنێک مۆڵەت بدات، مەسەلەی (اجتذاب رؤوس الاموال) کەتێبینی برادەرانی لیژنەی ناوزەدکردن (تسمیە)ی لەسەر درا. وشەی (اجتذاب) وشەکە ئەگەر (اجتذاب) بێ یا (تشجیع) بێت هیچ جیاوازی نییە، دووەم ئەگەر خستنەڕووی سەرمایە بیانییەکان(عروض رؤوس اموال اجنبی) هەبێ، ئەم خستنەڕووانە بۆهەر لایەنێکی پیشەسازی پێشکەش دەکرێ، ئێمە لە ئێستاوە یاسایەک دابنێین پێشتر بزانین ئەو کەسانەی دەستمایە(رؤوس اموال) دەهێنن بزانین بەچ مەرجێک هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکەن بزانین لەگەڵ بارودۆخماندا دەگونجێ؟ یان لەوانەیە رازی نابێ بەو قانونەی کە ئێمە دای دەنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی وزە چ تێبینی تری هەیە؟..

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەڵامی من نەدرایەوە دەربارەی (النشاطات الاخری)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکە دەڵێ (النشاطات الاخری المرتبطة بالوزارة) «١٣» برگەیە ئینجا (النشاطات الاخری) هەر ئەوەیان زیاترە، ئەگەر هەر ئەوەیە زیادەیە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لابردنی (النشاطات الاخری) گرفتێک نییە یاخود (نشاطات) بکرێتە (مهام) چونکە هەندێ ئیشی فەرمانگەش هەیە لەجیاتی (النشاطات الاخری) بکرێت بە(المهام الاخری) ولابردنی زەرەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە پێشنیاری ئەوان هەموو کاتێک دەتوانن پێشنیار بکەن.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە بۆ ئەو خاڵە بەڕێز وەزیری پیشەسازی لێرە بوایە بزانین ئەو خاڵەیان بۆ داناوە؟ ئیشی تر هەیە یان ئەگەر نییە؟ بۆ (النشاطات اخری) زیاد کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەداخەوە دوێنێ ئاگادارمان کردەوە وئەمڕۆش خەبەرمان بۆ نارد ئێستا بەڕێگەوەیە دێت، جا

ئەگەر مۆڵەت هەبێت ئێستا پێشنیارێک هەیە بۆ خاڵی «٣» ئەو پێشنیارەی لیژنەی پیشەسازی و وزە کە رێکخستنی برگە «٣»یە.. ئینجا ئەگەر راتان لەسەر بێ کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی (کاک حمید)ە؟ جارێکی تر بیخوێنێتەوە.

**بەرێز حەمید سەلیم میران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برگە «٣» (العمل على اجتذاب رؤوس الاموال الاجنبية وتشجيع الاستثمارات الوطنية للقطاع الصناعي في الاقليم والعمل على وضع القانون للاستثمارات الاجنبية وضوابطها الاقتصادية والسياسية، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پێشنیاری لیژنەی ووزەیە بۆ برگە «٣» لەم کاتەدا بەرێز وەزیری پیشەسازی ووزە گەیشتە ناو هۆڵی کۆبوونەوەی پەرلەمان بەخێر بێت.

بەرێز وەزیری پیشەسازی ئەگەر تەماشای یاساکە بکەین لەمادده «٢» برگە «١» نووسراوە (اقتراح الخطط السنوية والبعيدة المدى في مجال الصناعة والكهرباء واستخراج النفط والمعادن والنشاطات الاخرى المرتبطة بالوزارة) پێشنیارێک هەیە (النشاطات الاخرى المرتبطة بالوزارة) نەمێنێ چونکە لە مادەی (١٣) نشاطات هەیە، جا رای جەنابتان چی یە لەسەر ئەوە.

**بەرێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لام وایە (نشاطات وزارة الصناعة) هەندێ شت هەیە بەدەستنیشانکراوی نەهاتووە لە برگەی پێشوودایە وەکو دەڵێ: (الكهرباء . استخراج النفط والمعادن والنشاطات الاخرى) بۆ نموونە (تصنيع التبوغ وتجارة التبوغ) کە پێشنیارمان کردووە لە یاساکە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەس رێگا دەگرێ کە وەزارەت پێشنیار ئەکات، پێشنیار هەموو کاتێک هەیە بۆ وەزارەت، ئایا جێگیر کردنی لە برگەیەکی یاسایی زەرەری هەیە؟.

**بەرێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نووسراوە (المرتبطة بالوزارة)، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من مەبەستم ئەوەیە کە هەر وەزارەتێک بۆی هەیە پێشنیار بکات کەس رێگای لێ ناگرێ.

**بەرێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە دەڵێن (المرتبطة) بالوزارە ئەوە لە چالاکی وەزارەتەکە دیاری کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ پێشنیاری نەخشە یان بەرنامە، چونکە بۆ وەزارەت هەیە هەموو کات پێشنیار بکات ومافی پێشنیار کردنی هەیە، دانانی لێرە زیادە نەمانیشی هیچ کاریگەریەکی نییە وەک برادەرانی یاسا دەڵێن (تحصيل حاصله).

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە با لابدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەتا نەوت وکانزا خاڵێکە ئەو بڕگەیە لابدرێ.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت بڕگە «٣» تێبینیم هەیە ئێمە هیچ لاریمان نییە کە دەقەکەی ئەوان بێت ئەگەر ئەوان ئاوایان پێ جوانە، چونکە هیچ جیاوازی نییە لەلانی یاسییەوە نەبێت، چونکە لایەنی یاسایی تێکەڵ ناکرێ لەگەڵ ئامانجەکانی وەزارەت بەڵام دەقی ئەوان لەگەڵ دەقی ئێمە (العمل على اجتذاب رؤوس الاموال الاجنبية وتشجيع الاستثمارات الوطنية للقطاع الصناعي في الاقليم) هیچ بڕگە نییە، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا رایەکان لێک نزیک بوونەتەوە، لیژنەی یاسایش هیچ گرفتێکیان نییە، تەنها تێبینییەکیان هەیە (وضع قانون الاستثمارات الاجنبية وضوابطها الاقتصادية والسياسية) ئەوە نابێ لەنێوان ئامانجەکانی وەزارەت بێت ولەگەڵ بڕگەکەی ترە (العمل على اجتذاب رؤوس الاموال الاجنبية وتشجيع الاستثمارات الوطنية للقطاع الصناعي في الاقليم). چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم دەقە؟ کێ لەسەر ئەم بڕگەیە قسە دەکات؟ ئێستا دوایین پێشنیار هەیە کەهەر دوو لیژنە لارییان نی یە لەسەری (العمل على اجتذاب رؤوس الاموال الاجنبية وتشجيع الاستثمارات الوطنية في القطاع الصناعي في الاقليم) ئەوە لەبریتی (بەدیلی) بڕگە (٣)یە کێ تێبینی لەسەر هەیە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان وەزارەتی پیشەسازی کەلەکوردستان دانراوە، پێویستی بە سەرمایە هەیە، نازانم سەرمایەی نیشتمانیی بۆ لابدرێ؟ کەچی زیاتر پێویستیمان بەوە هەیە ئێستا ئەو پتر ئیشی پێ دەکرێ. (رؤوس الاموال الوطنيه) وەک لە لیژنەی قانونی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێچەوانەوە دەڵێ (تشجيع الاستثمارات الوطنية).

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێک ئاراستەی یاساییەکان دەکەم ئایا (اجتذاب الاموال الاجنبية) لەگەڵ گیانی فیدرالی جیاواز نییەو، دەگونجێ؟ من دەڵێم (اجنبي، وطني )یەکە لابرێ و وەک یەدەگ بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وەک پێویست (اجتذاب) نەگۆڕدرا. (اجتذاب) لێرە مانای راکێشانی ماڵی دەرەوەشە، ئێمە لەدەرەوە ئەموالی راگیراو (مجمد)ەمان هەیە، جا ئەو برادەرانەی ئەم دەقەیان داناوە رەنگە مەبەستیان راکێشانی بەشتێک لەو اموالانە بێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستمان لە (اجتذاب) لە (تەشجیع) بەهێزترە، لەبەر ئەوە ووشەی (اجتذاب)مان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت پێشنیاری ئەو برادەرەوە کە (اجتذاب) مەبەست لە ئەموالی راگیراوە (مجمد)ە نەخێر مەبەست ئەوە نییە اجتذاب جۆرە برەو پێدانێکە بۆ سەرمایەی بیانی کە هەوڵ بدەین روو لێرە بکات بۆ ئەوەی بتوانین ولاتەکەمان ببوژێنینەوە، بەنسبەت پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ فەرمووی عقد لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیانی مەرکەزی یە، بەڵام ئێمە لە قۆناغێک داین ناکۆکیمان لەگەڵ مەرکەزدایە، خۆمان لەبەر ئەوە ئێمە لەلیژنەی یاسایی ئەوەمان چارەسەر نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو سێ پێشنیار پەیدا بووە ئەگەر بتوانین پێشنیارێک بکەین هەموو لایەک بگرێتەوە بۆ ئەو بابەتە ئێستا پێشنیارێک هەیە کە ئەو برگەیە بەو شێوەیە بێ، پێشنیارەکە دەڵێ بەس تەنها بۆ نووسین هاندانی وەبەر هێنان (تشجيع الاستثمارات) بێ (القطاع الصناعي) بەوە دەتوانین هەردوولا پڕ بکەینەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقێکی تریشمان لایە: (العمل على اجتذاب رؤوس الاموال وتشجيع الاستثمارات الصناعية في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی «١»(اقتراح الخطط السنوية وبعيدة المدى في مجال الصناعة والكهرباء واستخراج النفط)، ئەم (استخراج نفطه) رستەیەکی استثنائی یە واتا پەیوەندی بەوەوە نی یە، وهەروەها (النشاطات الاخري المرتبطة بالوزارة)، حقە بچەسپێ نەک لابرێ، چونکە رەنگە هەندێ شت کەڵکیان نەبێ لەم ماددانەی کە دانراوە ئەو برگەیە بمێنێ بۆ ئەوەی بتوانین کاری پێ بکەین ورستەی (استخراج النفط) بەشێکی جیاوازە لەگەڵ پێشنیارەکەیە، بە نسبەت (اجتذاب رؤوس الاموال) بەراستی (اجتذاب) بۆ ئەو شتەیە کەلە بەر دەستی خۆت نەبێ.. ئەوەی لەبەر دەستی خۆمان دایە نیشتمانییە دەبێ پێی بڵێین وەبەرهێنان (استثمار)، بەڵام ئەوانەی لە وڵاتی خۆمان نین دەبی پێ یان بڵێین (اجتذاب) لەبەر ئەوە صیغەی کۆمیتەی یاسا زۆر رێک وپێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابێینەوە سەر بڕگە (٣،٢،١) کەروونن. کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە یەک وەک خۆی بمێنێتەوە؟

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یانی چۆن؟ (النشاطات الاخرى) رەفز بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو خۆی کە نووسراوە کێ لەگەڵ ئەوەیە وەک خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە (النشاطات الاخرى المرتبطة بالوزارة) نەمێنێ؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

برگە «٢» هیچ تێبینی یەک نەبوو لەسەری کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە «٢» وەکو خۆی بمێنێتەوە..

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک جەمیل لە برگە «٢» لەسەر (مقالع) قسەی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵام درایەوە.کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە «٢» وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ وەرگیرا. خاڵی سێ یەم لیژنەی یاسا پێشنیارەکە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەقەکە بەم شێوەیە دەبێت (العمل على اجتذاب رؤوس الاموال وتشجيع الاستثمارات الصناعية في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر ووشەی (اجتذاب) وەزیری پیشەسازی چی دەفەرمووێت؟

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە ئێستا خوێنرایەوە (تشجيع الاستثمار فی الاقليم) پیشەسازی دیاری ناکات، ئێمە لەقانونەکە مەبەستمان یاسای پیشەسازییە بۆیە گوتوومانە (الاستثمار الصناعي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نووسراوە:کەرتی پیشەسازی (القطاع الصناعی).

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(العمل على اجتذاب رؤوس الاموال الاجنبية وتشجيع الاستثمارات الصناعية في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێشەکە ئەو (اجتذابە)یە نابێ بنووسرێ (تشجيع الاستثمارات) جیاوازی چییە؟ هیچ کێشەیەک دروست دەکات؟.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەک لەپێشەوە باسم کرد (اجتذاب) بەهێزترە لە(تشجيع) (اجتذاب) تەنها (تشجيع) نییە، لەوانەیە بتوانین بە قەرز پارە بهێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەزارەتی پیشەسازی دەتوانێ قەرز وەرگرێ لەدەرەوە، یان ئەوە حکومەت دەیکات.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕێگای حکومەتەوە بەپێی پێشنیاری وەزارەتی پیشەسازی، سوپاس.

**بەرێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەگەر ئێمە بەتەمای ئەوە بین شت لەدەرەوە بێنین وپێویستە وشەی (اجتذاب) بمێنێ تەنها بۆ ئەو شتانەی کەلەدەرەوە دەستمان دەکەوێت بەڵام بۆ ئەو شتانەی کەلەبەر دەستی خۆمان دایە لەوڵاتی خۆمان دایە وشەی (اجتذاب) پێویست ناکات، سوپاس.
**بەرێز رەجەب شەعبان تەیب:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من پێشنیار دەکەم (العمل على اجتذاب رؤوس الاموال لتشجيع الاستثمار الصناعي في الاقليم)، سوپاس.
**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەرای من (اجتذاب اموالی) دەرەوە دەگرێتەوە و(تشجيع) هی ناوەوە دەگرێتەوە، واتا هەردوو لا دەگرێتەوە، سوپاس.
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
گرنگ نییە، گرینگ ئەوەیە پارە پەیدا بکەن بۆ وزارەت وحکومەت، تکایە لیژنەی یاسا پێشنیارەکەی خۆی بخوێنێتەوە.
**بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
(العمل على اجتذاب رؤوس الاموال وتشجيع الاستثمارات الصناعية في الاقليم)، سوپاس.
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.
**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
برگە «٤»/ اعداد الدراسات والنظر في الدراسات المقدمة لها من جهات اخرى بشأن المشاريع الواقعة ضمن نشاطات الوزارة واتخاذ قرار بشأنها على ضوء الجدول الاقتصادي والفني لتلك المشاريع، سوپاس.
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
برگە «٤» لیژنەی ووزە فەرموون.
**بەرێز حەمید سەلیم میران:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لیژنەی وزە تەنها دەیەوێ وشەی (الفنية والاقتصادية) بخاتە دێری یەکەمەوە (اعداد دراسات

الفنية والاقتصادية والنظر في الدراسات المقدمة اليها من جهات اخرى)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە پێشنیارەكە بەتەواوی بخوێنەوە چونكە ئەم بڕگەیە...

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

( اعداد دراسات الفنية والاقتصادية والنظر في الدراسات المقدمة لها من جهات اخرى بشأن المشاريع الواقعة ضمن نشاطات الوزارة واتخاذ قرار بشأنها على ضوء الجدول الاقتصادي والفني لتلك المشاريع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە تێبینییەكانی برادەرانی لیژنەی پیشەسازی و ووزە بوو. كێ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هیچ تێبینیم نییە، بەڵام من شتی لاستیكی دەبینم ئەوە لەپاشە ڕۆژ شەڕی یاساناس وزمانەوانی لێدەكەوێتەوە بۆ نموونە، ئێمە لەسەرەتادا لەسەر (نشاطات اخرى) پێك هاتین پێناسی بكەین ڕەنگە سبەی وەزارەت اجازە بەخۆی بدات چی بكات لەنێوان (نشاطات اخرى) ئینجا ئەو كاتە دەبێ شەری (نشاطات اخرى) بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم زیادە بنووسن یا نەنووسن هەموو كەس دەتوانێ پێشنیاری بكات.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ نموونە لێرە (والدراسات المقدمة من جهات اخرى)، لەپێشەوە (تمادى اموال الاجنبية والوطنية)یەمان كرد، ئێستا جارێكی تر لەوانەیە بیانی بەناوی لایەنی تر بێنە ناوەوە من مەبەستم ئەوەیە برادەرانی قانونی ووردتر بن لەوەی كە دەقەكانیان لاستیكی بێ وجۆرەها لێكدانەوە هەڵگرن، زمانی كوردی و عەرەبی دەوڵەمەندن دەتوانین خۆمان لەگێژەلوكەی وا ڕزگار بكەین، پێویست ناكات دیسان دووبارەی بكەینەوە (الدراسات المقدمه فی جهات اخرى) جهات اخرى كێ یە؟ المتعلقة وزارة الصناعة المتعلقة بسياسة الدولة المتعلقة بالبرلمان دیاری بكرێ چی یە، چونكە ئەوە دەبێتە یاسا، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبارەی ئەو پێشنیارەی (نشاطات اخرى) لێرە مەبەستمان لەلێكۆڵینەوەكانە بۆ ئەوەی پرۆژەیەك بێتە كایەوە پێویستە پێشەكی تاووتووی بكەین. جا ئەگەر دراسات لە توانای خۆمان بوو

توانیمان ئەوە لێکۆڵینەوەی خۆمان ئامادە دەکەین، ئەگەر نەبوو ئەوسا ئاگاداری بڵاودەکرێتەوە. کۆمپانیای وەبەرهێنان لە لایەنی جیاوازەوە دراسات پێشکەش دەکەن، وەزارەت سەیری ئەم دراسە دەکات بزانێ کام دراسەت باشە، جا بۆیە کەدەڵێن (جهات اخرى) مەبەستمان کۆمپانیای وەبەرهێنانە (استثماری) یە چونکە ئەو لێکۆڵینەوانە بابەت وەبەرهێنانە، برگە «٤» لەبارەی دراساتەوەیە تێبینی دووەم دەربارەی ئەو پێشنیارەی کە لێرە کردوویەتی بەرای من هونەری وئابووری(فنی واقتصادی). دووبارە کردنەوە لەیەک برگە لەشوێنی خۆیدا نییە لەپاشان خشتەی ئابووری(جدول اقتصادیه) دراساتی هونەری و فەرمانگە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی وەزارەتین دەستمان لێ نەداوە. و وشەی (جهات اخرى) جارجار لایەنی ناوخۆشی لەبەر چاو گرتووە، چونکە لەوانەیە، بەیانی یەکێک لە وەزارەتەکان بۆ نموونە وەزارەتی ئەشغال کارگەیەکی قیر (معمل اسفلت )دروست دەکات پرۆژەیەک دروست دەکات بۆ گەیاندنی کارەبا دەبێ ئەو پرۆژەیە بداتە وەزارەتی پیشەسازی لێی بکۆڵێتەوە چونکە پێویستی بەکارەبا هەیە بۆ بەکارخستنی ئەو کارگەیە لەبەر ئەوەی شتەکانی گشتییە هەر لایەنێک بیداتێ دەبێ دراسەی بکات بزانێ بەچ شێوەیەک دەتوانێ جێ بەجێی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە «٤» جیاوازیەکی وانابینین بەبێ ئەوەی پێشنیار کراوە وبەبێ ئەوەی کە جێگیر بووە. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە برگە «٤» وەک خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٥- اقامة مشاريع جديدة ضمن نشاطات الوزارة ووفق المتطلبات والامكانيات الاقليم من الناحيتين الفنية والاقتصادية ومحاولة توسيع وتطوير المشاريع القائمة او تقليص نشاطاتها او انمائها وفق المصلحة العامة في الاقليم.

٦- دراسة طلبات انشاء المشاريع المختلطة والخاصة واتخاذ قرار بشأنها وفق سياسية التصنيع للاقليم مع وضع الضوابط والشروط الخاصة لاقامة تلك المشاريع.

٧- وضع التصاميم وخطط ومناهج العمل للمشاريع الموكلة تنفذها للوزارة عن طريق تشكيلاتها او الاستشاريين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر برگە (٧،٦،٥) لیژنەی ووزە چ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێـز حــــەمــــیـــــد ســــەلیم مـــیـــــران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

سەبارەت بە برگە (٥) ئێـمە دەقـێکی ترمـان هەیە ئەویش ئەوەیە (اقـامـة مـشـاريع جـديدة وفق متطلبات وامكانيات الاقليم من الناحيتين الفنيـة والاقتصادية وتوزيع وتطوير المشاريع القائمة) ئەوانی تر لابرێت (ونحذف تقليص نشاطاتها والغاءها)، سوپاس.

**بەڕێز محەمـەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

مـەبەست لە برگـە (٥) بەشی کـۆتایی ئەگـەر هاتوو پرۆژەیەکـمـان هەبوو ئابووری نەبوو یاخـود پێویست ناکات بمێنێ لای دەبەین وپووچەڵی دەکەین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەو پێشنیارەی لیژنە کردوویەتی ئەگەر زیادی بکەین تەنها پەیوەندی بە وەزارەتی ئێوەوە هەیە، بۆ خاڵی شەشەم چ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێـز حــــەمــــیـــــد ســــەلیم مـــیـــــران:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ســەبارەت بەخـاڵی (٦) (دراسة طلبات انشـاء المشـاريع المختلطة والخاصة وتشـجيعهـا وفق ضوابط وشروط معنية تتصف المصالح العليا للاقليم)، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

(كل المشاريع) تەنیا کورت کردنەوەی برگەکەیە.

**بەڕێز محەمـەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە بەشی دوواییمان داناوە (وفق ضوابط لاقامة تلك المشاريع)، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر ئەحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

صیاغەی (٤-٦) لێک نزیکن، بەرای من برگە (٦) زیادە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بەرای تۆ (٦) زیادە؟.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر ئەحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەڵێ زیادە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەم لێکۆڵینەوە وئەم داوایە جیاوازیان هەیە.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمان شتە تاووتووکردن وداواکاری (دراسة طلبات انشاء مشاريع المختلطة والخاصة) لەوێش هەر (إعداد دراسات من قبلها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دراسە وطلب دووشتی لەیەک جیاوازن، لەسەر بڕگە(٦) کێ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بڕگە (٦) (دراسة طلبات) ببێتە (تشجيع) باشترە لە رووی زمانەوانیەوە، زۆر درێژەی تیایە جا وەک پێشنیارێک بۆ لیژنەی یاسایی (تشجيع انشاء الدراسات المختلطة والخاصة وفق خطط مدروسة) واتا ئەمانە زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(دراسة طلبات) زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ (تشجيع) چونکە (دراسة طلبات) یانی بڕیاری لەسەر نەدرێ رێگای دەدەی بێ پرۆژە بیکات یان نەیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ(٥) (والغاءها وفق المصلحة العامة) ئەگەر پرۆژەیەک وەزارەت بزانێ باش نیە پوچەڵی بکاتەوە ئەوە تۆزێ تێبینی لەسەرە، وەزیرێک پاش تاووتووکردنی پرۆژەیەک پوچەڵی بکات.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوێنێ ئەو بابەتە باسکرا لەسەر فرۆشتنی مەکینەکان وکارگەکان، کاتی خۆی پوچەڵمان کرد نەک بفرۆشرێ، بەڵام ئەو بڕگەیە وەک یاسا باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(إلغائها وفق المصلحة العامة للاقليم).

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(المصلحة العامة)ی تیادا نییە کە شتێک پوچەڵ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان محەمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوێنێ گفتوگۆی لەسەر کراوە وزۆر حەز دەکەم بەدرێژی باسی بکرێت چونکە ئەمە مەسەلەیەکی

ئاسان نییە بەخۆی ئەو کارگانەی لەکوردستان دا هەنە دیاری کراون، ئێمە کارگەمان زۆر نییە ئێمە ئێستا بێین کارگە بفرۆشین بەخەڵکی من هەرگیز لەگەڵ ئەوە دانیم، لەبەرئەوەی ئەو سەرمایەدارەی ئەوکارگە دەکڕێ لەوانەیە (٢٠) کەس کاری تیادا بکات، ئێمە لە دژی ئەو مەسەلەیەین زیاتر هانی دەوڵەت دەدەین کارگە بکاتەوە نەک بچین الغای بکەین ویاخود بیفرۆشین، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە (٥) دووشت هاتووە، (توسیع وتطویر مشاریع) هاتووە لەگەڵ لابردنی جموجۆڵی وەزارەت وکەم کردنەوەی بزێوی (نشاطی) وەزارەت لەیەک بڕگەدا، هیچ پڕۆژەمان نابێ لە پیشەسازی دا هەڵگرتنی یان کەم کردنەوەی لە بەرژوەندی دا بێت، دەبێ پەرەی پێ بدرێ ئەگەر پەرەپێدراویش بێت دەبێت فراوان بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلاتەحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەخاڵی (٥) کەدەڵێ (اقامة مشاريع جديدة ضمن نشاطات الوزارة وفق متطلبات وامكانيات الاقليم من الناحيتين الفنية والاقتصادية ومحاولة توسيع وتطوير المشاريع القائمة او تقليص نشاطاتها). من دەڵێم (او تطوير نشاطاتها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتێ باسی بڕگەیەک دەکەین تەنها ئەوکەسانە مافی قسەکردنیان هەیە کەناویان نووسراوە.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وشەی (الغاء)ە کەدامان ناوە پاساومان (مبرر) هەیە لەرووی واقعی یەوە تووشی ئەو کێشەیە بووین بۆ نموونە ئێستا لە ناوچەیەک کارگەیەکی خواردنەوە(شراب) هەیە، دەبێ کارگەکە هەڵگرین لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ویاخود دەبێ بیگۆڕین بەبەشتێکی تر، دووەم/ جاری وا هەیە خشت کەهەیە بەکورە سوور دەکرێتەوە، بەڵام پەرەپێدانێکی تازە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کارگەیە لابەین بە شێوەیەکی تازە کارگەیەک دابنێین، جامەبەست لە کەم کردنەوە(تقليص) ئەمەیە لەبارەی لابردنیش(الغاء)یشەوە زۆر جار پەرەپێدانی زانستی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کارگە کۆنانە هەڵگیرێن، جا ئەگەر تەماشای بکەن (تقليص) بەرامبەری (توسيع) هاتووە و(تطوير) بەرامبەری (الغاء) هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز حەمەید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی ووزە ئەوەیە بمێنێ: عبارە الغاء بکرێ ئەمێنێ (تقليص نشاطاتها والغاءها وفق

المصلحة العامة للاقليم)، لەبەر ئەوەیە ئێمە کارگەمان کەمە ئەگەر هەروا بە ئاسانی هەر کارگەیەک بڕیاری داخستنی دەربچێت لەوەزارەتەوە، ئێمە دەگەینە ئەنجامێک زۆر کەممان دەمێنێ کە بتوانین پشتی پێ ببەستین، جا بەرای من داخستنی یان کەم کردنەوەی لەدەست وەزارەت نەبێ بچێتە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ ئەوەی بڕیارێ بدەن کە ئایا پێویست بەوە دەکات لابرێ یان کەم بکرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە (تقليص نشاطاتها والغائها وفق المصلحة العامة للاقليم) زۆر جار بۆ نموونە کەسنووری شارەوانی فراوان دەکرێت ئەو پرۆژانەی کە دوکەڵ وژەهری هەیە کار لە تەندروستی گشتی دەکات، ئەو پرۆژانە پێویستە هەڵبگیرێن ولەجێ ی تر دابمەزرێ. دووەم، تاقی کردنەوەیەکی واقیعی هەیە پێش چەند ساڵێک لەشارێک لە شارەکانی عێراق کارگەیەکی (سیفۆنی بیبسی) هەبوو هەڵگیرا چونکە ئەو کرێکارانە کە تیایدا ئیشیان دەکرد تووشی شێرپەنجە دەبوون، وەزارەتی پیشەسازی ئەو پرۆژەی هەڵگرد، بەڵام لێرە دەقەکە بە شێوەیەک لێک دەدرێتەوە هەر وەک وئەوەی کە پەریخان فەرمووی لێرە بەجۆرێکی تر تفسیر دەکرێت پێویستی بەهەندێ گۆڕین هەیە کە لەدارشتنەکەی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە ئەمە دەبێتە پێشینەیەکی مێژوویی خراپ، ئەگەر وەزارەت بەرژەوەندی گشتی دیاری نەکات نەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی باڵا پوچەڵی دەکات بەڵکو لەسەر بنەمای قازانج وزەرەر پوچەڵی دەکات بۆیە من پشتگیری پێشنیارەکەی لیژنەی ووزە دەکەم نەک هی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە هەموو یاسایێک دەبێ بەیاسا پوچەڵ بکرێت، لەبەر ئەوە منیش پشتگیری لەپێشنیارەکەی لیژنەی ووزە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کەواتا دەبێ دەقێک بچەسپێندرێ بۆ مەسەلەی پووچەڵکردنەوە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لایدەدەین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــوومـــــــەن.**

هەر کاتێک بتانەوێ پوچەڵ بکرێت بەیاسایێک، دەدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران وپەرلەمان وبڕیاری لەسەر دەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــوومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی پیشەسازی ووزەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پێشنیاری لیژنەی پیشەسازی و ووزە وەرگیرا بۆ برگە (٥). کێ لەگەڵ ئەوەیە کە برگە (٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەک خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــــەجـیــــد:**

الفقرة(٨): تنفيذ المشاريع الموكلة اليها من تشكيلاتها التنفيذية او المقاولين عن طريق المناقصة العامة او الدعوة المباشرة او اية طريقة اخرى مناسبة لتنفيذ تلك المشاريع، سوپاس

**بەڕێز ئازاد رەشـــــیـــــد مـــیــــــران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــوومـــــــەن.**

سەبارەت بە برگە (٨) ئێمە ڕامان وایە (او اية طريقة اخرى تراها مناسبة) هەڵبگیرێ، چونکە ڕێگای تر نییە جگە لەو ڕێگایانەی لەپێشەوە هاتووە (عن طريق تشكيلاتها التنفيذية او المقاولين عن طريق المناقصة العامة او الدعوى المباشرة) ئیتر ڕێگای تر نییە، سوپاس،

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــوومـــــــەن.**

ڕێگای تر هەیە بۆ جێبەجێکردنی جاری وا هەیە تێکەڵاوە بەشێک لەو پڕۆژەیە کەبۆ خۆمان جێ بەجێی دەکەین بەشێکی تری دەدەین بە بەڵێندەرەکان یاخود بەڵێندەری لاوەکی (ثانوی)، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــوومـــــــەن.**

سێ ڕێگا هەیە بۆ جێ بەجێ کردنی پڕۆژەکان نەک دوو ڕێگا ،أ- مناقصة السرية یان علنية. ب- الدعوى المباشرة ) بەڵێندەرەکان بانگ دەکرێن. جـ- (تنفيذ امانة) لەبەر ئەوەی جێبەجێکردن ئەمانەتە جا ئەو ڕێگایە ڕەوایە، بەڕای من دەقەکە زۆر ڕێکە وهیچ ئاڵۆزیەکی تیا نییە، سوپاس.

**بەڕێز حـــەمـــیـــد ســــەلیم مـــیـــــران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــوومـــــــەن.**

بەڕای ئێمە (عن طريق تشكيلاتها للتنفيذية) ئەوەی خۆی دەتوانێ جێ بەجێی بکات ئەوەی

ناتوانێ بەداوای راستەوخۆ(دعوای مباشرە) بیکات، هەمووی دەگرێتەوە، پێویست ناکات (بأية طريقة اخرى)، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر ئەو ڕایەم وارێگای تریش هەیە بۆ جێ بەجێ کردنی، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی دەقەکە لەبونیادەوە وا هاتووە، چونکە (تنفيذ الموكلة اليها عن طريق تشكيلاتها) ئەگەر ئەوەی (امانه )وەرگرێ دەبێتە (طريقة تنفيذ امانة) ئەوەی (مقاولين) بەدوو رێگایە، ئەو رێگایەی بەرێز وەزیر فەرمووی لەرێگای دەزگاکانی خۆیان ولەرێگای بەلێندەرەکانەوە بێت، لەبەر ئەوە مانەوەی هەر زەرەری نییە، لابردنی هەمووی زەرەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگەی (٨) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ .. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە، تەنیا یەک تێبینی ئیملا هەیە (تنفيذ المشاريع الموكل اليها عن طريق تشكيلاتها التنفيذية او المقاولين عن طريق المناقصة او عنه) وابزانم بێت بە (من) چونکە عن طريق دووجار هاتووە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة(٩): (للوزارة الحق في تنفيذ المشاريع تعود للجهات الاخرى داخل الاقليم من خلال تشكيلاتها التنفيذية والتصميمية بصفة المقاول ١٠٠٪ تشجيع القطاع الخاص والمختلطة وتقديم كافة التسهيلات الممكنة والفنية والادارية والمالية لهما من اجل تطوير وتوسيع هذين القطاعين)، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر برگەی (٩) یەک تێبینیم هەیە ئەویش پەیوەندی گونجاندنیەتی لەگەڵ واقعی ئەمڕۆدا، بەڵام ئێمە کە قانون دادەنێین بۆ ماوەیەکی درێژی دادەنێین لەبەر ئەوە بەرای من (٩) وەکو خۆی بڕوا چاکترە، سەبارەت بە برگە (١٠) ئێمە دەبینین ئەوەی لەخاڵی (١٠) هاتووە لەخاڵی (٣ ـ ٦) داهاتوە لەبەر ئەوە خاڵی (١٠) پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چی تێبینی هەیە لەسەر (٩)؟ نی یە.. کێ لەگەڵ ئەوەیە (٩) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ ئەوە نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سەبارەت بە برگە (١٠) لیژنەی

ووزه دەڵێ پێویست ناکات لەخاڵی (٣ ـ٦) هاتووه، جەنابی وەزیر چی دەڵێ؟.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە (٣) تەنیا پەیوەندی بەوەبەرهێنانەوە (استثماراتەوە) هەیە، وبرگە (٦) پەیوەندی بەتاووتووکردنی داواکاریەکانەوە (دراسة طلبات) هەیە بەڵام ئێمە لە برگە (١٠) داوای ئەوەمان کردووه کە هانی کەرتی تایبەتی بدەین(تشجیعی قطاع خاص) بکەین ئێمە خۆمان توانای هونەری ودارایی بۆ دابین بکەین ئەگەر هاتوو کابرایەکی وەبەرهێن (مستثمر) ویستی وەبەرهێنان (استثمار) بکات وگرفتی ئەوە بوو کە ناتوانێ لێکۆڵینەوەی هونەری پرۆژەکە بکات، یاخود هونەرکاری(فنیین)ی نییە بۆ ئەوەی بیبات بەڕێوە ئێمە لەو رووەوە دەبێ هەوڵی بۆ بدەین بەڵام برگە (٣ ـ ٦) پەیوەندی بە وەبەرهێنان ولێکۆڵینەوەوە (استثمار ودراساتەوە) هەیە، لەبەر ئەوە پێشنیاری لیژنەی وزە بەنیسبەت اداری وهونەری مالیەکە قەی ناکات لاییبەین بەڵام رووی هونەری واداری دەبێ بەتوانای خۆمان هانی بدەین، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من، ئێمە لەم رووەوە ناتوانین بۆ کەرتی تایبەت هونەرکارو بەڕێوەبەری (فەنی واداری ومالی) پێشکەش بکەین لەوانەیە دارایی بتوانێ لەرێگای بانکی پیشەسازی (مصرف صناعی) بکەین، بەڵام پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوەی هونەری وبەڕێوەبردن ودارایی بەڕای لیژنە ئەمە بەچاک نازانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وشەیەکی بخەینە سەر باشتر نییە( وفق امکانیات الوزارة) (لایکلف الله نفساإلا وسعها) لیژنەی یاسا چی دەڵێ؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقەکە زۆر سەرکەوتووه چونکە وشەی لەوانەیەی تیادایە(تقدیم کافة التسهیلات الممکنة) ئەمە یەک، دووەم: بۆنموونە پیاوێک داواکاریەک پێشکەش دەکات دەیەوێت کارگەیەک دروست بکات وەزارەتی پیشەسازی لە رووی هونەرییەوە بۆی دراسە دەکات داوای لێ دەکات کارگەکە بەم شێوەیە بڕوات لە رووی داراییەوە بودجەی بۆ دەست نیشان دەکات، ئەگەر لەتواناشدا هەبێ یارمەتی دەدات بەڕای ئێمە شتێکی خراپ نییە، دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە(١٠) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنیتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة (١١): (القيام بحماية وصيانة المصانع والمعامل وقطاع النفط ومشاريع الطاقة الكهربائية ومصادر المعادن والمقالع وكل مايقع ضمن نشاطاتها عن طريق اجهزة الوزارة او بالتعاون مع المؤسسات الاخرى)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ووزە چ تێبینی هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟..

بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفقرة (١٢): (الاشراف على التصنيع وتجارة التبوغ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الف لام) زیادەیە لەسەر (على تصنيع).

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەمانەوێ وای لێ بێ (الاشراف على تصنيع وتجارة التبوغ بالتنسيق مع الوزارات المعنية) واتا (بالتنسيق مع الوزارات المعنية) زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە ئەوەیە (الاشراف على تصنيع وتجارة التبوغ بالتنسيق مع الوزارات المعنية).

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ لارێمان نییە ئەگەر هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تر هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاساش لاری نییە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اشراف) بکرێتە (اهتمام) باشترە هێنە اهتمام (ومع) خۆشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اشراف) بۆ ئەوەیە هەندێ جار ناچار دەبین سەرپەرشتی لە هەندێ شوێنی چاندنی توتن بکەین کە بەکەڵک نایەت، ئینجا دەبێ سەرپەرشتی بکەی بەپێی ڕێنمومایی کشتوکاڵی، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بنووسین (الاشراف) نابێ بڵێین (علی تصنیع وتجارة) دەبێ بڵێین (علی صناعة وتجارة) بەلام (الاهتمام بالتصنیع والتجارة) دەبێ لێرە جیاوازی زمانەوانی بێ، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من لەجیاتی (تصنیع وتجارة التبوغ) بکرێتە (تجارة وصناعة التبوغ) چونکە تجارەکە خۆی کڕینی تووتنە لەتووتنەوانەکان لەبەر ئەوە نابی (صناعە) لەپێش کڕیندا بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (صناعە) پێشکەوێ، مەبەست لەتجارە دروست کردنی پاکەتەکەیە، بەکڕینی تووتن لە جوتیار بەتجارە نازانین بەڵکو بە ئەرکی دەزانین دەبێ لە برا جوتیارەکان تووتنەکە بکڕدرێ بە نرخێکی باش بەهاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵەوە ناوچەکانیش دەبێ بەهاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ دابنرێ بەلام مەبەستی (تجارەکە) ئەوە کە پاکەتەکە دروست کرا بۆ دەرەوە بۆ هەر لایەنێک بازرگانی پێ بکات لەسەر ئەو بنەمایە دەقەکەمان هێشتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر چ تێبینیەکی هەیە؟ نییە؟ ئێستا (الاشراف علی تصنیع وتجارة التبوغ بالتنسیق مع الوزارات المعنیة) کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة (١٣): الاشراف علی السیاسة المالیة والاقتصادیة للدوائر والمؤسسات المرتبطة بالوزارة وتنظیم استثمار الاموال الفائضة.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە (١٣) ئەگەر بە پێڕەوی ناخۆ بێت باشترە نەک ماددەیەک لە یاسا، لەوێ چارەسەر بکرێ. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەیڕەوی ناوخۆی چۆن؟

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەزارەت خۆی.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی سەرپەرشتی (اشراف) کە لە دەسەڵاتی وەزارەتە بەزیادی دەزانم، چونکە ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەو کە لێرە هاتووە زیادەکە بکرێتە دەقێکی یاسایی چونکە وەزارەتی پیشەسازی خۆی سەرپەرشتی دەکاتە سەر بابەتەکانی دارایی و ئابووری، ئەمە وەکو شتێکی ناوخۆییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی هەمووی دەبێ برگەیەکی یاسایی هەبێ، ئەگەر کێشەیەک هەبێ اشارەت بکەن بۆ یاساکە بڵێین لەمادە (١٢) برگە (١٣) بۆنموونە، ئەگەر یەکێ تانەی لێدا هەرچی باسی دەکرێت ئیشی یاسایە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لایەنێک هەیە پرۆژەی پیشەسازی هەیە پرۆژەی (تحویل زاتی) هەیە، ئەگەر وەزیری دارایی دەسەڵاتی نەبێ ناتوانێ بگەڕێتەوە سەری وبەدواداچونی بودجە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە (١٣) وەک خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقرة (١٤): (القيام بأعمال السيطرة النوعية والمساهمة في اعداد المواصفات في مجال الصناعة والطاقة والمعادن للقطاعات العامة والمختلطة والخاصة وللوزارة الحق في دراسة الانظمة تلف المنتجات الصناعية ومراقبة وتحديد اسعارها عند الضرورة، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگە (١٤) ئەگەر وەزارەت ئەوە بێ کۆنترۆڵ وپیوان بۆ ئەو بوارانە بکات کەخۆی ئیشی تیادا دەکات مافی خۆیەتی. ئێمە پێشنیار دەکەین کەدەستەیەک دروست بکرێ،( هیئة السيطرة

والتفتيش النوعية ترتبط بمجلس الوزراء للاقليم). ئەمە بۆ هەموو جموجۆڵێکە تەنها هی وەزارەتی پیشەسازیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ لێرە بنووسین ئێمە یاسای وەزارەتی پیشەسازی گفتوگۆ دەکەین؟

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای دێری یەکەم بکەین ئەمە هاتووە (في مجال الصناعة) لەبەر ئەوە دیاری کراوە (سیطرەی نوعی) لە بواری پیشەسازی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها شتێکی زمانەوانی هەیە دەڵێ (للقطاع العام والمختلط والخاص) نەک (للقطاعات المختلطة والعامة والخاصة) بنووسرێت (للقطاع المختلط والعام والخاص). کاک ئەیاد جارێکی تر برگە (١٤) بخوێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(١٤): القيام باعمال السيطرة والنوعية والمساهمة في اعداد المواصفات في مجال الصناعة والطاقة والمعادن للقطاعات العام والمختلط والخاص واللوزارة الحق في دراسة انظمة تلف المنتجات الصناعية ومراقبة وتحديد اسعارها عند الضرورة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها لە رووی زمانەوانی کە ئەو تێبینیە هەموو (للقطاع العام والمختلط والخاص) کارەکە بۆ ئێوە جێ هێشتراوە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی دیاری کردنی نرخ لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە بەبێ هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی زەحمەتە ئەگەر لێرە ئەوە بخرێتە سەری ( بالتنسيق مع الوزارات المعنية) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیار ئەوەیە (بالتنسيق مع الوزارات المعنية) زیاد بکرێ، لیژنەی یاسای چ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە (حصر) بکرێت بەوەزارەتی پیشەسازی لەبەریەک (احتمال) باشە، چونکە بەرهەمەکەی هی خۆیەتی خۆی دەزانێ بەرهەمەکە چەندی تێدەچێ وچەند باجی هەیە، چونکە (تحصيل حاصله)

پارەکـە دەچێـتـەوە وەزارەتی دارایی، بەڵام بەهاوئاهەنگی لەگـەڵ وەزارەتی دارایی یان هەر لایەنێکی تر تۆزێک ئیشەکەی دوا دەخات.

**بەڕێـز حـەمـیـد سـەلیم مـیـران:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە ڕامان لەسەر نییە.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بەڕای من دیاری کردنی نرخ لەسەر بنەمای تێچوون (کلفە) دەبێ کە لە تایبەتمەندی وەزارەتی پیشەسازی یە، سوپاس.

**بەڕێز سـەعـدی ئـەحـمـەد مـحـەمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

وەزارەت بەشێکە لەحکومەت وکاتێک وەزارەت لەبودجە کورتی هێنا بێ ونەتوانێ مووچەی کار مەندەکانی بدات، چۆن لەکاتی پێویستی داوای یارمەتی لە وەزارەتی دارایی دەکات هەروەها لە کاتی دیاری کردنی نرخ و سیاسەتی ئابووری هاوئاهەنگی بکرێ لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵڵا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئەگەر تەماشای بڕگە (١٤) بکەین (القيام باعمال السيطرة النوعية) کە وەزارەت مـافی ئەوەی هەبێ بڕەکـان (کمیات) دیاری بکات پێویستە ئەویش پسپۆر بێت کە بەهایەکەشی بنرخێنێ نەک وەزارەتێکی (غیر معنی)، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

کێ لەگـەڵ ئەوەیە بڕگەی (١٤) وەکـوخۆی بمێنێـتـەوە؟.. کێ لەگـەڵ نییـە؟.. بـەزۆریەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

خۆی لەگفـتوگـۆ کردنی بیانی لە اصلی پڕۆژەی وەزارەتی پیشەسازیدا هاتبوو بەراستی ئێمە پیشەسازی وا گەورەمان نییە بتوانین بەرامبەری پیشەسازی بیانی ڕاوەستین دەتوانین چالاکی پیشـەسـازی خۆمـان بپـارێزین وپێشی بخـەین بەگـوێرەی بەرژەوەندی گـشـتی جا لەبەر ئەوە پێشنیارەکەی ئێمە تەنیا هەرێم (اقلیم) لابچێ (حماية الصناعة الوطنية وفق المصلحة العامة) بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.فایق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێکم لەلیژنەی قانونی هەیە مەسەلەی (الاقلیم) بۆچی لادەبرێ، ئێمە بە بڕیاری پەرلەمان دانمان بە هەرێم (أقلیم) کردووە، وتومانە ئێمە هەرێمی کوردستانین لابردنی لەمادەیەکی وەهادا شتێکی ئاسان نییە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پاراستنی پیشەسازی نیشتمانیی لەبازار پەیوەندی بە وەزارەتی پیشەسازییەوە نییە، وەزارەت و دەزگای تر هەنە با وەکو نرخاندنمان نەبێ، لێرە پارێزگاری کردنمان تەنیا بۆ فرۆشتنە بۆ بازاڕو بەربەرەکانییە، ئەمە تایبەتمەندی وەزارەت نییە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی لەم ڕۆژانەدا تووشی ئەو کێشانە بووین کە پێویستیمان بەپارێزگاری پیشەسازی نیشتمانییە، وابزانم هەموو برادەران دەزانن لەم ڕۆژانەدا هێرشی گەورەی جگەرەی بیانی کرایە کوردستان دوای ئەوەی ڕژێم نەی هێشت لای خۆی بێت ئەمەش بۆ ئەوەی کار بکاتە سەر جگەرەی خۆمان، ئێمە لە وەزارەتی پیشەسازی یەکسەر ئاگاداری ئەنجوومەنی وەزیرانمان کرد کە پێویستە پیشەسازی خۆمان بپارێزین کەئەویش جگەرەیە، کە بە دوو ڕێگە دەبێ، یاخود دەتوانین ڕەسمەکانی گومرگی زیاد بکەین لەسەر ئەو جگەرانە بۆئەوەی نەتوانێ بەربەرەکانی نرخی جگەرەی خۆمان بکات یان بەیەکجاری قەدەغە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەردووکی دەبێ لەڕێگای حکومەتەوە بکرێت.

**بەڕێز حەمەید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کەدەڵێین، (من المنافسة الاجنبية والعمل علي تحسين نوعها) بۆ ئەوەی بەربەرەکانی بیانی بکات، دووەمیش کەدەڵێین (في المنافسة الاجنبية) ئەوەی کە وەزارەتی پیشەسازی بەردەوام بێت لەپەیوەندنی کردنی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئینجا بەڕای من ئەوەیە لیژنەی پیشەسازی و ووزە داینا، کەهەموو بوارەکان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو (تحسين وتطوير)ە لەزۆر جێگا هاتووە پێویستی بە دووبارە کردنەوە دەکات، ئێستا ئەو دەقە (حماية الصناعة الوطنية وفق المصلحة العامة للاقليم) لیژنەی یاسا ولیژنەی وزە ئەوان وشەی (الاقليم) هەڵبگرن.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارەی کەدکتۆر فایق کردی بۆ وشەی (اقلیم) لاببەین مەبەست لە لابردنی ئەوە بوو، نەمان ویست، تایبەتمەندی بدەینێ، چونکە ئێمە بەشێکین لەنیشتمان، پیشەسازی نیشتمانیی (صناعەی وطنی) مەبەستمان وابوو هەمووی بگرێتەوە وشەی (اقلیم) لەیاسا هاتووە (یقصد بالاقلیم ـ اقلیم کوردستان) بۆ ئەوە بوو نەک هەر جگەرەی کوردستان بێت بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق هان بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەی (١٥) وەزارەتی پیشەسازی ولیژنەی یاساو لیژنەی ووزە تەبانە لەسەر ئەوەی وشەی (اقلیم) لابچێ. کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی(١٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە وتەنها وشەی (اقلیم) لابچێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. (حمایة الصناعات وفق المصلحة العامة).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە(١٦): التنسیق بین کمیة السجائر المنتجة محلیاً والمستوردة من الخارج والاشراف علی اجازات استیرادها علی ان یسجل الرسوم الكمركية وکذلك رسوم عکس المستحصلة من قبل الوزارة ایراداً للوزارة المالیة و الاقتصاد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ووزە چ تێبینی هەیە؟..

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە (١٦) رای لیژنە ئەوەیە کە بڕگەی (١٦) هاودژە لەگەڵ بڕگە (١٥) ئەو دەڵێ: (حمایة الصناعة المحلیة) ئەوی تر دەڵێ: (التنسیق بین کمیات السجائر المنتجة محلیاً والمستوردة من الخارج والاشراف علی). بەڕای ئێمە (اجازات استیراد) سەربە وەزارەتی پیشەسازی نی یە، هەروەها هێنانی پیشەسازی بیانی (صناعەی اجنبی) بۆ وڵات هەر سەربە وەزارەتی پیشەسازی نییە وهەروەها دەڵێ (سجل الرسوم الكمركية وکذلك رسوم عکس) سەربە وەزارەتی پیشەسازیە بەڵام رسومی گمرگی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕای لیژنەی ووزە ئەم بڕگەیە نەمێنێ.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە رووی داڕشتنیەوە دەستمان لێ نەدا، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئێستا جگەرە وتوتن وهەندێ پیشەسازی تر لە ولاتە پێشکەوتووەکان هەمووی لەیەک بەرێوەبەریەوە کۆ دەکرێتەوە، ئێمە ئەگەر هاوئاهەنگی نەکەین کە جگەرەی خۆجێیی چەند دروست بێت لەساڵێکدا وەزارەتی دارایی چەند دەهێنێت لەدەرەوە مانای ئەوەیە ناتوانین کۆنترۆلی ئەو برە بکەین وبیخەینە بازاڕەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ویستمان جگەرەی بیانی کەم بکەینەوە وئەگەر بەپێچەوانەوە توانامان نەبوو کە لە بازار تأمینی جگەرەی خۆمان دابین بکەین دەبێ لەگەڵ وەزارەتی تایبەتمەند هاوئاهەنگی بکەین بۆ ئەوەی تەئمینی جگەرەی بیانی بکەین، ئینجا لەبەر ئەوە دەبێ هاوئاهەنگی لە نێوان ئەو دوو شتە هەبێ ئەو جگەرەی کە خۆمان بەرهەمی دەهێنین وئەوەی لەدەرەوە دەیهێنین بڕەکەی دیاری بکرێت. سەبارەت بە رەسمەکانی گومرگی (رسومی عەکس) ئێمە دەیدەینێ ورسومی گومرگی داهاتێکە بۆ وەزارەتی دارایی واتە لەهەر دوو باردا داهاتە بۆ وەزارەتی دارایی چ رەسمەکانی پێچەوانە (رسومی عکس) بێت چ رەسمەکانی گومرگ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئەمین یەک روونکردنەوە(الاشراف علی اجازات استیرادها) ئەمە روونە بەڵام (الاشراف علی ان یسجل الرسوم الگمرگیة المستحصلة من قبل الوزارة) بۆ پیشەسازی گومرگ وەربگیرێت ئەمەش وەزارەتی دارایی نییە.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەهەموو دنیادا هێنانی پەیوەندی دارە بەو فەرمانگەیەوە کەجگەرە بەرهەم دێنێ مۆڵەتی هاوردەی (استیرادی) جگەرە لەلایەن ئەو فەرمانگانەوە دەدرێت کە جگەرە بەرهەم دێنن بۆ ئەوەی بتوانین مۆڵەتدان رێک بێ لەگەڵ ئەو برانەی کە بەرهەم دەهێندرێن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە برگە (١٦) برگەیەکی لێکدانەوەیە (تفسیری) یە بۆ برگەی (١٥) واتا ئێمە بە رێگای برگە (١٦) پارێزگاری پشەسازی نیشتمانیی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولکەریم:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

برادەران وتیـان برگـە (١٦) تەواو کـەری برگـە (١٥)یە. بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بۆ ئەو ڕوونکردنەوەی بەڕێز وەزیری پیشەسازی ئایا بنکەی گومرگ دەبێت وەزارەتی پیشەسازی دابینی بکات یان وەزارەتی دارایی ئەو ڕوونکردنەوەی لیـژنەی قـانونی کـەکـاکـەرەش کـردی بەراسـتی لەجێی خۆی نییە چونکە ئەوان دەزانن دەقەکە چۆن هاتووە وبۆچی هاتووە من پێشنیار دەکەم کە برگەکە هەمووی پوچەڵ بکرێ یاخود ئەگەر هەمووی پوچەڵ نەکرێت برگەی گومرگ لابرێت چونکە هیچ پەیوەندی بە وەزارەتی پیشەسازییەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلامـحـەمـەد ئەمین عـەبدولـحـەکـیم:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

برگەکان دووشتی تێکەڵاون، بەڵام ئەوەی پێشەوە زۆر گرنگە، ئێمە لێرە صیاغەی یاسا دەکەین، حەق وایە، ئەو قانونە تێروتەسەل و روون بێت، ئێمە کە دەڵێین (حماية الصناعة الوطنية وفق المصلحـة العـامـة) هیـچی ترمـان نەووتووە. من رام وایە ئەم دوو برگـەیە بکرێت بەبرگـەیەکی تێروتەسەل، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

(١٥) تەواو بوو، ئەم گفتوگۆیە لەسەر برگە (١٦)یە.

**بەڕێز مـەلامـحـەمـەد ئەمین عـەبدولـحـەکـیم:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، لەسەر برگەی (١٦) ئەویش ئەوەیە (حماية الوطنية في المناقشة الاجنبية الضارة والتنسيق بين الكميات)، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

مامۆستا (١٥) تەواو بوو.

**بەڕێز مـەلامـحـەمـەد ئەمین عـەبدولـحـەکـیم:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئەم برگـەیە تەنها باسی جگەرەکان بۆ دەکـات باسی پاشکۆکانی جگەرەی نەکـردووە، ئێمـە باسی جگەرە بکەین وەکو یاسا بەلامەوە شتێکی زۆر سەیرە، پێشنیـارەکەم ئەوەیە (التنسـيق بين كميات المواد والسلع المنتجة فعلياً والمستوردة من الخارج) بۆ نـاوی جگەرە بەتەنهـا بێت؟ بۆ نەڵێین (السلع والمواد)؟ بۆ ئەوەی هەمووی بگرێتەوە جگەرە بەتەنها ناوی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.جـەلال شـەفـیق عـەلی:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

سەبارەت بە برگـە (١٦) (التنسيق بين كميات السجائر المنتجة محلياً والمستوردة من الخارج)

ئێمه له برگه(١٢) گوتمان (تصنیع وتجارة التبوغ) وابزانم ئەمه لێره زیاده، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من وەزارەتی پیشەسازیه بەتەنیا جگەرەی هەیە، لێره بەس باسی جگەره دەکرێت، دووەم ئەو جگەرەی کە دێتە کوردستان زەرەری زۆر زیاتره، چونکە برێکی زۆر دێت وبەدۆلار دەیکڕن پارەی اصلی دەکەن بەدۆلار ودەیدەنە دەرەوه، بۆیە ئەگەر پارێزگاری پیشەسازی نیشتمانی بکات نەک جگەره، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم بابەتە تەواو بوو. برگە (١٦) زیاده، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وتم لەرووی دارشتنەوە دەستمان لێ نەداوە بەراستی هیچ شتێک لامان روون نەبوو: پارێزگاری پیشەسازی نیشتمانیی(حماية الصناعة الوطنية) هەمووشتێک دەگرێتەوە راستە یەک شت لامان روون نەبوو ئەوەی مۆڵەتی هاورده (اجازاتی استیراد) کە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەیدات ئایا ئەو جگەرەیە سەربە ئەو مۆڵەتدانەیه؟ یان ئەو مۆڵەتدانە لەوێ دەردەچێ، ئینجا دەچێتە وەزارەتی پیشەسازی؟ ئەوە لامان روون نەبوو، ئەگەر مۆڵەتی هاورده (اجازاتی استیراد) بە شێوەیەکی گشتی لە وەزارەتی دارایی دەربچێ ئەو برگەیە زیاده وئەگەر (حصر) کرابێ بە وەزارەتی پیشەسازی دەبێ ئەو برگەیە بمێنێتەوە چونکە دەبێ ئاگای لێ بێت چەند دەهێنێتە ناوەوە (استیراد) دەکات، ئەوە لامان روون نەبوو کە مۆڵەتی هاورده (اجازەی استیراد) سەربە کێیە؟ سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هێشتا لەسەر ئەو ڕایە کەهاوئاهەنگی لەسەر برەکانی جگەره وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەو پێشنیارەی کەئەو برادەره کردی کەوشەی جگەره (سجائر) بگۆڕین بڵێین (التنسيق بين كميات منتجات وزارة الصناعة المحلية والمستوردة) بۆ ئەوەی هەمووی بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(التنسيق بين كميات المنتجة محلياً) نابێ.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(التنسيق بين كميات منتجات وزارة الصناعة المحلية والمستوردة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانی تر هەڵگرین بە هەمان پێشنیاری ئێوە بۆ بڕگە (١٦).

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ماوە هەبێ داڕشتنی (صیاغەی) بۆ بدۆزمەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا (تنسیق بین کمیات المنتجات) ئەوەشمان پێ ناکرێ ئێمە ناتوانین هاوئاهەنگی بکەین وکۆنترۆڵی بازاری دەرەوە بکەین لێرە هاولاتی پێویستی هەیە دەبێ (وفق المصلحه العامه) کەلەسەرەوە لە(١٥)دا هاتووە، بەڵام بە پێی پێوەرێک کە کار لە بەرژەوەندی گشتی کوردستان نەکات، کە بەرهەم نەبێ لەدەرەوە بهێنین لێرە هەتا هاوئاهەنگیەکەش دەبێ لەگەڵ پارێزگاریەکەدا بێت، بۆ نموونە جگەرەی (سومر) ئێستا لەلایەن وەزارەتی پیشەسازیەوە دروست دەکرێت بڕێکی زۆر دێتە بەرهەم بەڵام من کەبمەوێ پارێزگاری ئەو پیشەسازیە بکەم بۆ ئەوەیە سیولەی بۆ پەیدا بێ لەبازار، پێویستە یان گومرگ زیاد بکەین لەسەر بەرهەمی بیانیەکان یاخود بە بڕیارێکی وەزاری ڕێی لێ بگرین ئەو مەسەلەیەش بەهاوئاهەنگی لە نێوان وەزارەتی پیشەسازی و وەزارەتی دارایی دەکرێت جا پێم وایە بڕگە (١٥) کە دەنگدانی لەسەر کرا زۆر گشتی وگشتگیرە (شامله) هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گفتوگۆی ئەو بڕگەیە تەواو بوو، پێشنیارەکە چییە؟.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من بڵێین (التنسیق بین الکمیات المنتجة محلیاً والمستوردة في السلع التي تتبع محلیاً) مەرج نییە بەتەنیا کارگەی وەزارەتی پیشەسازی بێت بەڵکو کارگەی ئەهلیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەنیا لایەنی هاوئاهەنگی بێت لایەنەکانی تر تایبەتمەندی وەزارەتی پیشەسازی نەبێ پارێزگاری کردنەکەش دەگرێتەوە (حمایة الصناعة الوطنیة وفق المصلحة العامة) بەهاوئاهەنگی و بەرێکخستنی چەند بەرهەم دێنێ و چەند دەهێننە ناوەوە (استیراد) دەکات وەزارەتی دارایی ئاگاداری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم ئەو برگەیە نەبێ، بەڵام ئەگەر هەبێ صیغەیەکم بۆ داناوە (وضع خطط الكفيلة لتحقيق توازن بين المواد المنتجة محلياً والمستوردة من الخارج وحسب متطلبات الحاجة الفعلية والاشراف على اجازات استيراد المواد بالتنسيق مع الوزارات الاخرى)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە (١٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کەس لەگەڵ نییە؟ واتا دەبی پووچەڵ بکرێت وەزیر پێشنیاری هەیە.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم ئەوەیە (التنسيق بين الكميات المنتجة محلياً والمستوردة للسلع التي تنتج في المعامل)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی وەزیرە؟ کەس لەگەڵ پێشنیارەکە نییە؟، کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە (١٦) نەمێنێ؟ بەتێکڕای دەنگ ئەم برگەیە نەما.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە(١٧): العمل على تشجيع تصدير المنتجات الصناعية الى خارج الاقليم مع مراعاة المصلحة العامة في ذلك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە برگە (١٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(للوزارة الحق في اقامة معارض الصناعية داخل الاقليم وخارجه والمشاركة في المعارض الصناعية الدولية اوالسماح للدول والشركات اقامة معارض صناعية داخل الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر برگە (١٩) لیژنەی ووزە چ تێبینی هەیە (او لانجاز) نەک (انجاز) لەکاتی داڕشتن ئاگادار بن.

**بەڕێز سەلام کەریم خان مەحمود خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە باسی (ایفادی) کرد (التعاقد مع خبراء اجانب) بەڵام باسی ئەوەی نەکرد هێشتنەوەی(ابقاء بعض الکوادر) کە وەزارەت بیانێرێ بۆ ئەوەی بەشداری خولەکانی پیشەسازی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەمە ئیشی پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتە.

**بەڕێز سەلام کەریم خان مەحمود خەلیفان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تعاقدیش) سەربە پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەیە، سوپاس.

**بەڕێز شەمائیل نەنو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە(١٩) (التعاقد مع خبراء اجانب وشرکات او مؤسسات) فیها صفة مطلقة الا توجد مرجعیة للمرکز وخصوصاً هناك قوانین للتعامل مع الشرکات کقوانین المقاطعة، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر (١٩) کە باسی پیشەسازی دەستی دەکا(صناعەی یدوی) نییە لەکوردستان لەگەڵ ئەوەی ئێمە پیشەسازی دەستیمان (صناعەتی یدویمان) هەیە لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم خاڵێک زیاد بکرێ ( الاهتمام بالصناعات الیدویة وتقدیم التسهیلات للازمة للمنتجین لزیادة الانتاج).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ماوە هەبێ با ئەو برگەیە تەواو بکەین.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ئەوەی ئەم برادەرە گوتی ئەگەر ناوچە (مقاطعە) هەبێ ناوی شرکە کە بڵاودەکرێتەوە بەسەر هەموو وەزارەتەکان وبەڵێنی لەگەڵ نابەسترێ (تعاقدی) لەگەڵ ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ پێشنیارەکەی وەزارەتی پیشەسازین چونکە (مع الخبراء والاجانب) بەشێکی پەیوەندی بەمرکز هەیە بەڵام وەکو لە پێشەوە گوتمان کە تۆزێک دەسەڵاتی مرکزمان داوە بە خۆمان چونکە لەو قۆناغەوە دەتوانین ئەو جۆرە بەڵێننانە ببەستین (تعاقدانە) بکەین وەدەبێ (تحویلیش) هەبێ لەپەرلەمان، سوپاس.

**بەرێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەرێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

من پشتگیری ڕای کاکەڕەش دەکەم ورێکەوتووین لەسەری، بەڵام ئێمە کاتی خۆی بۆ چاپ ئەو بڕگەیەمان لابوو (لانجاز بعض الاعمال الموكلة اليها التي لايمكن انجازها من قبل الكوادر المحلية) ئەمەمان لابرد بوو من لێرە پێم سەیر بوو کە چاپ کراوە(التي لايمكن انجازها من قبل الكوادر المحلية) ئەمە پێویست ناکات ئەگەر لەتوانادا بێت نادرێتە پسپۆڕەکانی دەرەوە، سوپاس.

**بەرێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئێمە لاریمان نییە.

**بەرێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەرێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەگەر وشەی (اجانب) هەڵگرین هیچ شتێک ناگۆڕدرێ (التعاقد مع خبراء مع شركات والمؤسسات متخصصة) ئەوە گشتییە تۆ بڵێی شەریکەی خۆمان هەبێ بەڵێننامەی لەگەڵ ببەستین (تعاقدی) لەگەڵ بکەین یان لێزانی خۆمان هەیە وشەی (اجانب) ئەگەر هەڵگرین لەوانەیە لاستیکی تر بێت، سوپاس.

**بەرێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

وشەی (اجانب) هەڵبگرین ئەمەش پێشنیارێکە..

**بەرێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەگەر وشەی (اجانب) هەڵگرین سەبارەت بە لێزانەکانی (خەبیر)ی خۆمان هیچ لاریمان نییە (تعاقد) بکەین، لێرە ئێمە مەبەستمان (اجانبە)، سوپاس.

**بەرێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ دەمێنێ..

**بەرێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەرێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

هەروەک جەنابی وەزیر فەرمووی (تعاقد) شتێکی ئاساییە وەکو برادەران دەڵێن (تحصيل حاصله) ئەگەر وشەی (اجنبی) تیادا نەبێ مانای ئەوەیە (تحويل) نییە دەبێ هەموو جارێک (تحويل) وەرگرێت وەزیری پیشەسازی بۆ شەریکەیەکی بیانی کە تعاقدی لەگەڵ دەکات، سوپاس.

**بەرێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی تەنها (کوادر محلی) لابچێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(التعاقد مع خبراء اجانب او شركات ومؤسسات المختصة للعمل في مصانع ودوائر الوزراء لانجاز بعض الاعمال الموكلة اليها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە خاڵێکی ترمان هەیە بەژمارە (٢٠) دابنرێ ئەویش ئەوەیە (اخذ حماية بيئة كوردستان في التلوث بنظر الاعتبار وتطبيق القواعد والانظمة المتبعة قدر الامكان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم برگەیەک، وبرگەیەکی تر کەلەلایەن دکتۆر نەبەزەوە بۆمان هاتووە دەڵێ: (العمل على تسمية وازدهار الصناعات الزراعية التي من شأنها تنشيط الانتاج).

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەر نۆزدە خاڵ باسی (صناعات يدويه) نەکراوە پیشەی دەستی (صناعات يدوى) لەکوردستان بەناوبانگە ئینجا من پێشنیار دەکەم برگەیەک دەربارەی پیشەی دەستی (صناعەتی يدوى) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بە برگەیەکی جیا یان لەگەڵ برگە (٢٠) کە لیژنەی پیشەسازی و ووزە پێشنیاری کرد زیاد بکرێ هەوڵدان بۆ پارێزگاری کردنی سەلامەتی کرێکاران لە کارگەکان لەرووی تەن و (جسمى) ولەرووی دەروونی یەوە. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە وابزانم پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستی وکۆمەڵایەتییەوە هەیە.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من ئەوەیە (مراعاة حماية البيئة عند انشاء المصانع والمشاريع المنتجة في اقليم كوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە جەخت کردنە لەپێشنیارەکەی لیژنەی وزە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری پێشنیاری لیژنەی ووزە دەکەم، بەڵام صیغەیەکی ترم هەیە (الاخذ بنظر الاعتبار حماية بيئة كوردستان من التلوث عند تنفيذ المشاريع المرتبطة بها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا (٤) پێشنیار هەیە یەکێک پەیوەندی بە ژینگەوە (بیئەوە) هەیە، دووەم پەیوەندی بەپیشەسازییە کشتوکاڵییەکانەوە هەیە سێ یەم پیشە دەستییەکان چوارەم پارێزگاری کردن لەو کرێکارانەی کە لەکارگەکان کار دەکەن.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی پیشە دەستییەکان لەژێردەستی کەرتی تایبەتیدایە کە وتمان کەرتی تایبەتی پیشەسازی دەستی دەگرێتەوە لەبارەی ژینگە قانونی تایبەتی هەیە بۆ پاراستنی، هەر وەکو یاسا ئیشکردن هەیە بۆ پاراستنی کرێکاران، لەبارەی پیشەسازی کشتوکاڵییەوە وەئێمە ئەگەر نەخشەی ساڵانەمان هەبێ مانای ئەوەیە چ پیشەسازییەک گرنگیەکی زیاتری هەبێت ئەوە پێشتر دەخرێت، ئەوپیشەسازیانەی کە کەرەستەی سەرەتاییان (بەتایبەتی زراعە) لەکوردستان هەبێ، جا من پێم وایە پێویست بەو زیادکردنانە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابی وەزیر فەرمووی پاراستنی ژینگە لایەنی تر هەیە دەیکات بەڵام بەنیسبەت وەزارەتی پیشەسازی و ووزە ئێمە دەمانەوێ ئەم خاڵە هەبێ چونکە هەندێ جار کارگەی وەزارەتی پیشەسازی دەبێتە هۆی کارەساتێکی ژینگە، ئێمە کە دەمانەوێ ئەم خاڵە هەبێ بۆ ئەوەی وەزارەت بە بەردەوامی ئاگای لە ئیشوکارەکانی بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم تێبینییەکانی وەزیر روونە دەڵێ بۆ ژینگە یاسایێک هەیە، بۆ پاراستنی کرێکاران وکۆمەڵ، پێویستە هەر وەزارەتێک لەبەرنامەی خۆی ئەم شتانە ساغ بکاتەوە بۆچی لێرە ساغ بکرێنەوە؟ مادام وایە زۆر شتی تر هەیە دەبێ جەختی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بابەتی ژینگە وەک وەزیری پیشەسازی فەرمووی یاسای تایبەتی هەیە پارێزگاری دەکات وهەر کارگەیەک بیەوێ دروستی بکات بچێ بیپشکنێ بکات جێگاکەی دیار بکات بزانێ مەرجەکانی تەواوە یان نا؟ کە مۆڵەتی پێ درا ئینجا کارگەکە دروست دەکرێ بەنیسبەت

ئەوەی د.فائق فەرمووی بابەتی پاراستنی ئەوەش لە یاسای وەزارەتی تەندروستی دا نی یە، کەدەبێ لەهەرکارگەیەک چ مەرجێکی ئاگاداری بکرێت وەکرێکاران چۆن بپارێزرێن وهەر کارگەیەک ئەو مەرجانە جێبەجێ نەکات مانای ئەوەیە سەرپێچی ئەو مەرجانە دەکات و دەبێ سزا بدرێ، ئەگەر کارمەندێک تووشی شتێک بوو قەرەبو بکرێتەوە، سەبارەت بە پیشەسازی دەست ئێمە لەگەڵ ئەوەینە هان بدرێ هەرچەندە بەرێز وەزیری پیشەسازی فەرمووی کەرتی تایبەت دەگرێتەوە دەقێکمان هەیە بۆ ئەمە (تشجيع الصناعات اليدوية والحرفية وحمايتها) هەموو کارگەکانی دەستی دەگرێتەوە جگەلە کارگە بچووکەکان، بەڵام ئەو پێشنیارەی گەشەکردنی پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان(ازدهار الصناعات الزراعية) ئەوە لەگەڵ پیشەسازییە گەورەکان بێگومان لەنێوان نەخشەکانی وەزارەت دەبێ وەزارەتی پیشەسازی خۆی تێبینی بکات وبەخۆی پلان دابنێت تەنیا ئەوە زیاد بکرێ (تشجيع الصناعات اليدوية والحرفية وحمايتها)، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم برگەیە زیاد بکرێت (تشجيع الصناعات اليدوية والحرفية وحمايتها)؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، لیژنەی یاسا ئەم برگەیە صیاغە بکات، بەنیسبەت سێ پێشنیارەکەی تر ئەوەی پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە کێ لەگەڵ ئەوەیە زیاد بکرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ رەت کرایەوە، پێشنیاری سێ یەم دەربارەی ئەو کرێکارانەی کەلە کارگەکان ئیش دەکەن ئاگاداری بکرێت کە ئەمە ئیشی وەزارەتی تەندروستییە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بەزۆربەی دەنگ رەت کرایەوە، پێشنیاری چوارەم ئەوەی (صناعاتی زراعی) بەرای لیژنەی یاسا و وەزارەتی ووزە ئەمە لەبەرنامەی حکومەت تاکیدی لێ دەکرێ، کێ لەگەڵ ئەوپێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ رەت کرایەوە.. پاش ئەو هەموارو (تعديل) وزیادکردنانەی لەسەر مادەی (١٢) کێ لەگەڵ مادە (١٢)یە وەربگیرێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی سێ سەبارەت بە وەزیر بریکاری وزارە ئەوە پێناسی چەسپاو (تعريفی ثابت) هەیە لەپرۆژەی وەزارەتدا هاتووە لێرە چاپ نەکراوە.

المادة الثالثة:

١- الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول الاول عن تنفيذ سياستها وممارسة الاشراف على تنفيذ القوانين والانظمة والتعليمات فيها وتصدر عنه القرارات والاوامر والتعليمات ضمن مهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الادارية والفنية ضمن حدود هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى وله تخويل جزء من صلاحياتها اي وكيل الوزارة والمدراء العاملين او رؤوساء الدوائر الرئيسية في الوزارة ويكون مسؤولاً امام مجلس

الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.

٢- وكيل الوزارة: يتولى ممارسة المهام والواجبات التي يوكلها اليه الوزير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەمە دەقێکی گشتییە لەهەموو وەزارەتێک هەیە چ تێبینی لەسەر نییە؟ کێ لەگەڵ ئەو مادەیە وەکو خۆی خوێنرایەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەپێکهاتەی (تشکیلاتی) مەرکەزی وەزارەت ئێمە بە ڕێککەوتن لەگەڵ وەزارەت بڕگەی (٣)مان زیاد کرد لەسەر مادەی (٣).

مادة (٣): تتكون تشكيلات مركز الوزارة من:

أ- مكتب الوزير: يرأسه موظف بدرجة مدير ويعاونه عدد من الموظفين.

ب- مكتب وكيل الوزارة: يديره موظف ويساعده عدد من الموظفين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: مديريات ديوان الوزارة والتشكيلات التابعة لها:

١- مدير الديوان العامة او يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على الشهادة الجامعية الاولية وترتبط بها.

أ- مديرية الشؤون الادارية.

ب- مديرية العلاقات.

ج- مدير الشؤون القانونية.

د- مديرية القوى العاملة.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای من نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بپرسە بزانە لەکوێیە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ماوە هەبێ بڕگە بە بڕگە بیخوێنەوە بیخەنە گفتوگۆوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێستا (مديرية ديوان العامة)، چوار بەڕێوەبەریەتی پێوە بەستراوەتەوە لیژنەی ووزە هیچ شتێکی هەیە لەسەر ئەم پێکهاتەیە (تشکیلاتە)؟ نییە. کێ لەگەڵە؟ بڕگەیەکی ماوە، چوارە؟
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
جارێکی تر مادە (٤) بڕگە یەکی خوێندەوە.
**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
مادە (٤) لای ئێمە وا نییە، مادە چوار (تكون تشكيلات مركز الوزارة والمديريات العامة كما يلي:
١- المجلس الاستشاري للوزارة وكيل الوزارة، المديرية العامة لشؤون الفنية والانتاجية، المديرية العامة لشؤون الديوان، المديرية العامة للنفط والمعادن،(المديرية العامة) كاتی خۆی ڕەش نووسەکەی بەهەڵە هاتبوو ڕاستمان کردووە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەمە لە پڕۆژەی لیژنەی یاسا واهاتووە ولە پڕۆژەی وەزارەتیش بەو شێوەیە کە جەنابی وەزیر خوێندیەوە.
**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
هەمان ناوەڕۆکە، بەڵام ڕێکمان خستووە ئێمە لەپەیکەری وەزارەت دەرمان هێناوە، سوپاس.
**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەو درێژە پێدانەی لێرە هاتووە هی پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتە پەیوەندی بە یاساوە نییە، سوپاس.
**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەگەر جەنابی وەزیر سەیری بکات لە کۆتایی یاساکە دەسەڵاتمان دەدەنێ کەپێکهاتە (تشكيلات) بکات، دەتوانێت لەوێ پێکهاتە (تشكيلات) بەڕێکوپێکی دیار بکات، چونکە ئەو بەڕێوەبەریانەش دەبێ خورد بکرێنەوە وبکرێنە چەند بەش و هۆبەیەک لەوێ بەپەیڕەوێک ئەمەرێک دەخات، سوپاس.
**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەڕای من مادەی (٤) بەم شێوەیە بێت: تكون تشكيلات مركز الوزارة والمديريات العامة كما

يلي :
١- المجلس الاستشاري للوزارة.
٢- وكيل الوزارة.
٣- المديرية العامة لشؤون الفنية والانتاجية.
٤- المديرية العامة لشؤون الديوان.
٥- المديرية العامة للتخطيط والرقابة المالية.
٦- المديرية العامة للكهرباء والسدود.
٧- المديرية العامة للنفط والمعادن.
٨- المديرية العامة
ئەوە پێکهاتەکانی (تشکیلاتی) سەرۆک وەزیرانە ئەوە خوردکردنەوەیە کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەمە لەپێک هاتەکانە (تشکیلاتە) لەلانی (تبویب) هێناومانەتە پێشەوە، ئەبێ ئەنجومەنی (استشارە) لەپێشەوە پێک بهێندرێ کە لەدواوە دروست کراوە، ئەگەر بەڕێز وەزیر سەیرێکی بکات ئەگەر چ دەزگاییک (مؤسساتێک) یان لەیاسا شتێک نەهاتبووکە پێویستی پێی هەیە ئەو کاتە دەتوانێ بۆ گفتوگۆ بیخاتەڕوو ئەوە لەلانی (تبویبی) یەوە، جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ پرۆژەکەی وەزارەت، سوپاس.
**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پشتگیری رای لیژنەی یاسا دەکەم چونکە لیژنەی (استشاری) وەزارەت لەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانە دروست دەبێ هەتا بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان دروست نەبێ لیژنەی (استشاری) حەق نییە پێش ئەوانی تر بکەوێ، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لەگەڵ وەزارەتەکانی تر هەمان کێشەمان هەبوو. نزیکەی هەمان شێوەیە لەدارشتنی پێکهاتەکانی (تشکیلاتی) وەزارەتەکانی تر.
**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
هەروەکو ووتم ئەو درێژە پێدانەی کەهاتووە پەیوەندی بەیاساوە نییە ئەمە هی پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

بەڕێز وەزیری پیشەسازی باسی ئەوە دەکات دەڵێ ئەو درێژە پێدانەی کەهاتووە پەیوەندی بە یاساوە نییە ئێمە دەقی ئەو درێژە پێدانەمان لەدەقی پرۆژەی وەزارەتەوە دەرهێناوە لەوانە بۆ نموونە (یرأسها موظف بدرجة عام) لەمادە (٥)ی پرۆژەی وەزارەت هاتووە (یرأس کل مدیریة عامة موظف بدرجة مدیر عام الحاصل علی الشهادة الجامعیة وهو من ذوي الخبرة والاختصاص).

٢- ئەگەر تەماشای خشتەی پاشکۆ بکەین لە پرۆژەی وەزارەتی پیشەسازی یەوە هەمان درێژە پێدانی خشتەکەیە کە لەنێوانی پرۆژەکەی ئێمەدایە کە نوێمان کردۆتەوە. هیچ لەناوەڕۆکی یاساکە نەگۆڕ دراوە تەنیا پاش وپێش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده (٤) برگە (١) وەکو هاتووە وابمێنێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

١٢- المدیریة العامة للشؤون الفنیة والانتاجیة یرأسها موظف بدرجة مدیر عام حاصل علی الشهادة الجامعیة الاولیة من ذوي الخبرة والاختصاص ترتبط بها:

أ- مدیریة التخطیط والدراسات.

ب- مدیریة شؤون المعامل.

جـ- مدیریة التنظیم والمساعدات.

د- مدیریة تنقیح وتصنیع التبغ.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

چ تێبینی هەیە لەلایەن وەزارەت ولیژنەی ووزە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. خەریکە منیش لایەنی رای وەزارەت بگرم، چونکە حەق نەبوو ئەو درێژە پێدانە لەیاسا هەبێ.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

٣- المدیریة العامة للتخطیط والرقابة المالیة: یرأسها موظف بدرجة مدیر عام حاصل علی شهادة الجامعیة الاولیة من ذوي الخبرة والاختصاص ترتبط بها:

أ- مدیریة الرقابة المالیة.

ب- مدیریة الحسابات المالیة والکلفة.

جـ- مدیریة الحاسبات الألکترونیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر بڕگەی (٣)؟ کێ لەگەڵە وەکو خۆی وەربگیرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟

بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٣- مديرية العامة للنفط والمعادن: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على الشهادة الجامعية الاولية من ذوي الخبرة في حقل الجيولوجي وترتبط بها:

أ- مدير المسح الجيوليوجي والتربات المعدنية.

ب- مديرية شؤون النفط.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا مەرجە کەبەڕێوەبەری گشتی دەبێ جیۆلۆجی بێت، بەلام بۆنەوت دەبێ پسپۆری لەنەوت هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من گرنگ نییە پسپۆری نەوت بێ یا جیۆلۆجیا یا هەردووکی بێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسادام ئەبێ جیولوجی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جیولوجی هەردووکی دەگرێتەوە، بەلام ئەگەر پسپۆری نەوت بێت لەوانەیە هەردوو لایەن نەگرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٥- المديرية العامة للطاقة الكهربائية يرأسها موظف بدرجة مدير عام يحمل الشهادة الجامعية الاولية من ذوي الخبرة من حقل الاختصاص وترتبط بها:

١- مديرية توزيع الكهرباء.

٢- مديرية السدود.

٣- مديرية توليد الطاقة الكهربائية والنقل.

٤- مديرية السدود.

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا گۆڕانکارێکی سوکمان لەو مەسەلەیەدا کردووە ئەویش لە لانی

بەڕێوەبەرایەتی بەنداوەکـانەوە (مـديرية السـدود) رایەکـمان هەبوو نازانین بەچ ڕوویەکەوە پەیوەندی بە وەزارەتی پیشـەسـازی یەوە دەبێت؟ چونکە بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنانی وزەی کـارەبا (مديرية توليد الطاقة الكهربائية) زۆربەی زۆری لەڕێگای بەنداوەکـانەوە دەبێت، ئەم پرسیارە ئاراستەی وەزیری پیشەسازی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام وایە ئەو دوو پسپۆرییە لەیەکتری جیاوازن بۆیە جیا کراوەتەوە، بەڕێوەبەرایەتی بەنداوەکان(مدیریە سدود) زیاتر پەیوەندی بەئاودان وپاراستنی بەنداوەکان و ڕادەی ئاوبڕی کۆکردنەوەی ئاوەوە هەیە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنانی وزە (مـديرية توليد الطاقة) پەیوەندی بە مۆتۆڕەکانی کارەبا و بەرهەم هێنانی وزەوە هەیە، بەڵام لێرە درێژە پێدان هەیە لە برگە (أ) ویستم ڕوونی بکەمەوە ودەبوایە بگوترێت (مـديرية الطاقة الكهربائية والنقل والتوزيع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی دابەش چییە؟.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دابەش کردن هی ناوشارەکانە گواستنەوە هی دەرەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناونیشانی مدیریە لەپەیکەری وەزارەت پێشنیار کرا بوو (المديريه العامه للكهرباء والسدود) لەبەرئەوەی بەنداو حاڵەتێکی کشتوکاڵی تیایە، لایەنێکی هێنانە بەرهەمی وزەی تیایە، بۆیە بەڕێز وەزیری پیشەسازیمان بەجێ هێشت چونکە ئەگەر ئەو بەنداوە بمێنێ دەبێ بەوەزارەتەوە ببەسترێتەوە نازانم بەنداوەکان (سدود) لاببەین چونکە لەوەزارەت بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداوەکان (المديريات العامة للسدود) هەیە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لەسەرەتادا بڕیار وابوو بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنانی وزە جیاواز بێت لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەنداوەکان، هەتا بڕیار وابوو بەنداو ببەسترێ بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە وبەرهەم هێنانی ووزە ببەسترێ بە وەزارەتی پیشەسازی یەوە، بەڵام لەپاشان بڕیارێک دەرچوو بەنداوەکانیش لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی دابێت ئەگینا سروشتی بەنداو جیاوازە لەگەڵ هێنانەکایەدا (تولیدا) بەرای من وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنانی وزە لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی دایە بەڵام ئێمە لە یاسای كشتوكاڵ دامان ناوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاودێری وبەنداوەكان (المديرية العامة للري والسدود)جۆرە دووفاقیەك (ازدواجیەك) پەیدا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینییەكم هەیە ئەگەر بكرێتە بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی بەنداوەكان ( مديرية صيانة والسدود) پاراستنی (صيانه) لایەنی پیشەسازی دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بێتو ئێمە بەتەنها بەجێی بهێڵین ئەو برگەیە لەو مادەیە لاببرێت ئەو برگەیە دەگرێتەوە كە لەوەزارەتی كشوكاڵەوە هاتووە. سەبارەت بە بەنداوەكان، چونكە لێرە برگەیەك هەیە (لايعمل بأى نص يتعارض واحكام هذا القانون) ئەو كاتە دەبێ ئێمە لەپێكهاتەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ ئەوە لابەرین ئینجا ئەگەر بكرێتە (المديرية العامة لكهرباء وصيانة السدود) ئەوكاتە ئەو گرفتانە دروست نابن، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو لەسەرەتاوە گوتم جیاوازی نێوان ئەو دووە ئەوەیە كە (توليدى طاقەى) تیایە بەڵام ئەوانی تر بەستراوەتەوە بە وەزارەتی كشتوكاڵە وە پەیوەندی بەئێمەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنانی وزە (مديرية توليد طاقة) ئەو بەشە دەگرێتەوە لەوەزارەتی پیشەسازی كە هەڵدەستێ بەدروست كردنی كارەبا یانی مۆتۆرەكانی كارەبا (مولدات) وئەوانە دەگرێتەوە كە ئەوان مەبەستیانە، بەڕای من لەوەزارەتی كشتوكاڵیشدا بەنداوەكان (سدود) بەڕێوەبەرایەتی گشتییە ئەو لەپێشدا لەوێ دەرچووە پێویست نی یە لێرە بمێنێ. سوپاس

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەیاسای وەزارەتی كشتوكاڵ باسی بەنداوەكان كراوە كە ئاودانی لەگەڵ نییە، ئێمە لەكوردستان بەنداوی ئاودێری (سدود اروائى) مان نی یە تەنیا دوو بەنداو هەیە (دووكان ودەربەندیخان) كەهی بەرهەم هێنانی وزەنە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادده (٥) و(٦) دەڵێ(مديرية الطاقة الكهربائية والنقل والتوزيع) ئەوە وابزانم هیچ كێشەی لەسەر نییە. كەواتە كێ لەگەڵ ئەوەیە برگە (٥) وەكو خۆی بمێنێتەوە؟.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

سەبارەت بە (جـ) ئەویشی لەگەڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

بەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ وەکو خۆی نامێنێتەوە، بێینەوە سەر پێشنیارەکان، ناکۆکی لەسەر (جـ) هەبوو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

لە بنەڕەتەوە ناونیشانی مدیریەتەکە (المديرية العامة للطاقة الكهربائية) خۆمان بەنداوەکانمان (سدودمـان) لابردووە بەرای ئێـمـە (مـديرية الـسـدود) زیاد نیـیـە بەو جۆرە لەگـەڵی نەبوین بەوناوەی بەنداوەکان (سدود) لە وەزارەتی کشـتـوکاڵەوە بڕیاری لەسەر دراوە ، ب- (مـديريە توزيع كهرباء) بەسە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

خۆی لەیاسایەکەدا ئاوها جێگیر کراوە (المديرية العامة للطاقة الكهربائية) ئەمە پێشنیـاری لیژنەی یاسایە، وەزارەت چ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

ئەو پێکهـاتانەی (تشكـيـلاتەکـانی) کەهەمـانە بریتی یە لە (١٣) بەڕێوەبەرایەتی بەڕای من مانەوەی برگە (١) لەشوێنی خۆیدایە پێشنیـارەکەمان هەر ئەوەیە (مـديرية الطاقة الـكـهـربائية والنقل والتوزيع)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

من یەک پێشنیـار لەسـەر لیژنەی یاسا دەکەم، ئێوە یاسایەکـتان لە پێش بوو ئێـسـتـا پێـشـنیـار دەکەن حەقە ئێوە کـاتی خۆی تێبینیـەکانتان جێگیر بکەن بلێین ئەمە ڕای ئێمەیە کەیاسایەک دەچێتە بەردەم لیژنەی قانونی، لیژنەی یاسا دایدەڕێژێ (صياغەی) دەکات ئەوپێشنیارە گفتوگۆ دەکرێ ئەگەر شتێکتان هەبێ ئەوان بەرگری لەپێشنیـاری خۆیان دەکەن ئێـسـتـا ناوتان گۆڕیوە قەیناکە (المديريە العـامە للطاقـە الكهربائيـە) پێشنیـاری لیژنەی یاسایە، وەزارەت چ تێبینی هەیە.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

باشە لەشوێنی خۆیدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینەوە سەر بەڕێوەبەرایەتیەکان (مدیریات)، پێشنیار کراوە لەلایەن لیژنەی قانونی (أ،ب،ج) سێ بەڕێوەبەرایەتی لێرە جێگیر کراوە، وەزارەت چ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێ دووەم بەرهەڵستیمان نییە کە بڵێین (مديرية الطاقة الكهربائية والنقل والتوزيع). (ثانياً مديرية السدود) لەم رووەوە دەمەوێ روونی بکەمەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ئەم بابەتە هێمای بۆ کرا، لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان وەزارەتی پیشەسازی و کشتوکاڵ دروست بوو، بۆئەوەی بزانین سدود بەکوێوە ببەسترێ دوای کۆبوونەوەی هەردوو لیژنە وئەو راپۆتەی کەبەرزیان کردبۆوە وەبریار وابوو کە بەنداو ببەسترێ بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە بەڵام بریارێکی کە (طاقەی کهربائی) بەچ وەزارەتێک بەستراوە پێویستە ئەو بەنداوانەی کە کەوزەی کارەبا بەرهەرم دێنن دەکرێ ببەسترێن بە هەمان وەزارەتەوە، بەڕای من وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ببێ بەسێ بەڕێوەبەرایەتی؟..

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ...

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستی دا (مديرية السدود) گواستراوەتەوە ئێمە ئەوەمان لابرد لەبەرئەوەی سدود بریاری لەسەر درابوو، ئەگەر (مديرية السدود) لێرە هەبێ بەڕای ئێمە لێکدادانێک دروست دەکات (تضارب) دەکات لەگەڵ بەڕێوەبەریەتی گشتی (مديرية السدود العامة) کە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە ئەگینا ئەوان دابەش کردنی ئیشیان هەبێ لە ئەنجوومەنی وەزیران اتفاقیان کردبێ بەهیکەلیش دروستی بکەن، ئێمە تەنیا لەبەر هاودژیانە، لەبەر هیچ شتێکی تر نەبوو بۆیە لامان برد چونکە لەوێ بریاری لەسەر درابوو پێشنیارەکەی ئێمە (مديريه السدود) پێویستە لێرە نەبێ چونکە (مديرية السدود) لەوەزارەتی کشتوکاڵ بریاری لەسەر دراوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا سەریان لێمان شێواند دەبێت ئەوان تۆژینەوەی (متابعەی) هەمووشتێ بکەن، نابێ شتێک لێرە هەبێ کە هاودژ بێ لەگەڵ یاساکانی پێش تر چونکە خۆیان دەڵێن (بەپێی یاسایەکی تر کار ناکرێت)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بڕگەیە خۆشیان لەهەندێ جێگای تر جەختیان لەسەر کرد ئێستا من بەش بەحاڵی خۆم نازانم (أ،ب،جـ) ئەوان لەگەڵن یان دژن، لیژنەی یاسا حەق نی یە بێتەسەر سەکۆ (منصە) وەکو لیژنەی یاسا دوو سێ رایان هەبێ، لیژنەی یاساکە بەرگری لەو پڕۆژەیە دەکات، دەبێ یەک رایان هەبێ، ئێستا دەقێکی یاسایی هەیە لەگەڵ ئەم دەقە تێک ناکاتەوە (متناقض)ە، لیژنەی قانونی بۆ پیایدا نەچوونەتەوە وجێگیریان نەکردووە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا سەری لەکەس نەشێواندووە، ئەگەر خۆمان لەخۆمان نەشێوێنین، ئەوە بەئاشکرا دەڵێین بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە لەوەزارەتی کشتوکاڵ بەناوی (المديرية العامة للري والسدود) بۆیە پێویست ناکات ئەوە هەبێ، ئەمە وەکو هەڵەی چاپ هاتوە، نازانم بۆسەر لێ شێوانە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من باهەندێ بەرگری لەلیژنەی خۆمان بکەم، بەراستی ئێمە وامان لێ هاتووە چاپەکەش بۆخۆمان بکەین لیژنەی پیشەسازی دوێنێ رای خۆیان هێناوە دوای ئەوەش بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ حەقی ئێمە نیە بەڕێوەبەرایەتیەک لابەین بەبێ رای پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە پڕۆژەی ئەوان ئەمە نەهاتووە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیار بۆ مادده (٥) کێ پێشنیاری هەیە؟..

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ماوەیەک پێش ئێستا دەنگمان دا کە ئەوبڕگەیە وەکو خۆی دەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

شوێنگرەوەیەک (بەدیلێک) هەیە؟...

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەدیلەکە ئەوەیە لە پەیڕەوی ناوخۆ چۆن لە ئەنجوومەنی وەزیران ڕێک کەوتوون لەسەر ئەوەی ئەو بەنداوانەی کەکارەبا بەرهەم دێنن بەلای کەمی پاراستنەکەی سەربە وەزارەتی پیشەسازی بێ، لێی بگەڕێن بۆئەوەی مەسەلەی بەنداوەکان لەیاسادا ناوی نەهێندرێ، چونکە ئەوان لەجێگایەکی تر لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران ئەم مەسەلەیان ساغ کردووەتەوە دوایی لێرە باسی بەنداو هاودژە (معارضه) چونکە ئەم خراوەتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من بڕگە(٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لەسەر پێشنیارەکەی ئێوەدا دەنگماندا کە بڕگە (٥) بگۆڕدرێ.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچ پێشنیارمان نییە...

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محمد زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(مديرية الري والسدود) لە کشتوکاڵ هاتووە مەبەست لانی ئاودێرییە، بەڵام پاراستنی بەنداوەکان (صیانەی سدود) حەق وایە سەر بە پیشەسازی بێت، ئەگەر ئەم بەڕێوەبەرایەتیە پەرێزایی (صیانەی) بەنداوەکان بکات چ هاودژی نییە، چونکە ئەمی تر مەبەستی ئاوە گلدراوەکانە (میاه مخزونه)یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا دوو کوێخا لەدێیەکدا نابن، دوو بەڕێوەبەر نابێ لەدووکان ودەربەندیخاندا.

بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زەینەلعابدین:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(مديرية صيانة السدود) سەربە وەزارەتی پیشەسازی بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای ئێمە بابەتەکە بەیەک شێوە چارە دەکرێ ئێستا ئێمە بڕیارمان دا (مديرية السدود) وەکو خۆی نەمێنێ، ئەوە وەزیر کە ئێستا دەسەڵاتی پێ دراوە (تخويل) کراوە پەیڕەو دابنێ، لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ دەکات هەتا ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە دابنێ لەولەهەمان کاتدا یاسا

لەكار ناخات (تعطَيل) ناكات چونكە پەیڕەو (نیزام)یاسا راناگریَ، ئیَمە بەیاسا بڕیارمان لەسەر (مدیریة الري والسدود العامة) كردووە، ئەگەر بیَتو بەگویرەی پیَڕەوی پیَكهاتەی وەزارەت بە بەشیَك یاخود بە هۆبەیەكی دابنیَین لەنیَوان بەڕیَوەبەرایەتی دابەش كردنی كارەبادا، بابەتەكە ناگۆڕیَ وەناشتوانی كار لەسەر یاساكەی وەزارەتی كشتوكالَ بكات، بەلاَم ئیَمە ئیَستا ناوی لیَ بنیَین (المديرية العامة والطاقة) وەكو بەڕیَزتان فەرمووتان دوو بەڕیَوەبەرایەتی نابیَ، بەڕیَوەبەری بەنداویَك سەربە وەزارەتی كشتوكات بیَت وبەڕیَوەبەری بەنداویَكی تر سەربە وەزارەتی پیشەسازی بیَت ولەیەك جیَگادا بن، بەرای من بەنیزام ئەمە چارەسەر دەكریَ، چونكە ئیَمە لە كۆتاییەكەیدا دەقیَكمان داوەتیَ (لوزير الصناعة استحداث مديريات واقسام وشعب ضمن مديرية) لەویَ چارەسەری بكات لەگەلَ ئەنجوومەنی وەزیراندا، سوپاس.

**بەڕیز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕیَز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئیَستا بەنداوەكانی دووكان ودەربندیخان بەستراونەتەوە بەوەزارەتی پیشەسازی یەوە، جا پیَشنیارەكەی من ئەوەیە ئەگەر بمانەویَ بیگۆڕین (جـ) بكەین بە (مديرية سدي دوكان وەدەربەندیخان)، سوپاس.

**بەڕیَز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕیَز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بۆبڕاندنەوەی ئەو مەسەلەیە من پیَشنیاری ئەوەدەكەم لە جیاتی (مديرية السدود) ببیَتە (مديرية طاقة الكهربائية) كە گوترا (كهربائيه) ئەو ئاوەی دەگۆڕیَ (تحويل )دەبیَ بۆ (كهرباء) لانی سەرپەرشتی كردنەكەی لەبارەی وزەوە لەسەر وەزارەتی پیشەسازی دەبیَ، لانە ئاودیَریەكەشی لەلایەن وەزارەتی كشتوكالَەوە دەبیَت و، مەرج نییە هەر ناوی وزەی كارەبا بیَت زۆرجار سووتەمەنی (وقود) بەكار دیَت یانی هاودژ نابیَت لەگەلَ برگە (أ)ی دەقی ماددەكە، سوپاس.

**بەڕیَز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

١- مديرية الطاقة الكهربائية.

٢- مديرية السدودو انتاج الطاقة الكهربائية..

**بەڕیز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕیَز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەو پیَشنیارەی كاك ئەیاد (مديرية الطاقة الكهربائية) بەڕیَوەبەرایەتی هیَنانە بەرهەمیش (مديريه توليديش) دەگریَتەوە. هەمان شتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا لەسەر (أ،ب) چ ناکۆکی نییە تەنیا بۆ(أ) لە ڕووی داڕشتنەوە (مديرية التوليد ونقل وتوزيع الطاقة الكهربائية).

ب- مديرية توزيع الكهرباء ئەمە هی ناو شارەکانە.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە زۆر بەجێیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(أ ـ ب) لەسەری کۆکین تەنیا ئەمێنێتەوە (جـ) کێ لەگەڵ ئەوەیە (مديرية السدود) بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ووشەی(سدود) نەمێنێ؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە ووشەی(سدود) بمێنێ؟ کەس؟، بەزۆربەی دەنگ ووشەی(سدود) لەم مادەیەدا نەما، بە زۆربەی دەنگ.

بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:

المادة (٥):

١- يشكل في ديوان الوزارة مجلس باسم (المجلس الاستشاري للوزارة برئاسة الوزير كالاتي:

أ- وكيل الوزارة: نائباً للرئيس.

ب- وكيل وزارة المالية والاقتصاد للاقليم عضواً.

جـ- وكيل وزارة الزراعة والري للاقليم عضواً.

د- المدراء العامون في الوزارة: اعضاء.

ه- ممثل اتحاد صناعات الاقليم: عضواً.

و- ممثل اتحاد نقابات عمال الاقليم: عضواً.

ز- أي خبير اختصاصي يختاره الوزير من داخل الوزارة وخارجها.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای ئێمە برگە (ز) اي خبير اختصاصي يختاره الوزير من داخل الوزارة او خارجها، ئەگەر ئەمانە ئەندامی هەمیشەیین بەژمارە دیاری بکرێن لەلایەن وەزیرەوە خۆی چەند بەچاک دەزانێ ئەوەندە دابنێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوپێشنیارە ڕەوایە (نیزام) دیاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی پێشوو کەهەن خۆیان (١١) ن، ئەمان چەندی دیکەیان دەوێ باجەنابی وەزیر دیاری بکات، بۆ چیبیە پەیرەوی ناوخۆ بێت؟ سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام وایە دیاری کردنی ئەمە بەپێی پسپۆریەکانبێت، ئەو پسپۆرو شارەزایانەی کە پێویستن لەزانکۆکانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە بریکاری وەزارەتی دارایی ئەندامە، بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ ئەندامە چ دەسەڵاتێکە بریکاری وەزیر ئەندام بێت؟ بەڵام بۆ یەکیەتی پیشەسازیەکان ویەکیەتی سەندیگاکان نوێنەریان نەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی کێ بێت؟..

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێ دەڵێ بەڕێوەبەرێکی گشتی دابنرێ؟ کێ دەڵێ لێزان (خبیر) دابنرێ؟ لێرە لەدەقەکەدا هاتووە بریکاری وەزیر بێ، لێرەدا تێک نەکردنەوە (تناقض) هەیە لەگەڵ برگەی (و) بۆ نموونە لە (اتحاد نقابات) لەجیاتی بڵێ سکرتێری گشتی بێت یان جێگری سەرۆک لە هەڵبژاردن بێت دەڵێ نوێنەرێکی بێت، ئەوە تۆزێک دەقێکی ئیلتزامییە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەدەڵێ بریکاری وەزارەت ئەو دەستەیەی لە راوێژکاری(استشاری) یە دەسەڵاتی گەورەی هەیە بۆ رەسم کردنی یاخود نەخشەکێشانی بۆ دوا رۆژی پیشەسازی لە هەرێمدا لەبەر ئەوە بریکاری وەزیر لە ئاستێکی تایبەتی یە کەدەتوانێ بەرپرسیاریەتی هەڵگرێ وهەروەها شارەزایەو دەربارەی باری ئابووری وتوانای تەواوی هەیە وەبۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیێکی وا هاوئاهەنگی بکەین کە بریارێکمان وەرگرت کەچوو بۆ وەزارەت جێ بەجێ بکرێت لەبەرئەوە بریکاری وەزیرەکانمان داناوە نەک بەڕێوەبەرێکی گشتی رایەک بدات، دوایی بچێت بۆ وەزارەت لەوێش لەدەسەڵاتی بەرزی وەزارەت رەفز بکرێتەوە مەبەستمان لەجێبەجێکردنی نەخشەکەیەکە بەرێک وپێکی ئەو کەسە ئەو دەسەڵاتەی هەبێ کە کار بکاتە سەر جێبەجێ کردنی پرۆژەکە لە وەزارەتەدا، سوپاس.

**بەرێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم دەقە لەیاسای وەزارەت بۆ پابەند بێت؟ وەزارەتەکانی تریش دەبێ پێی ملزم بن، نوێنەرێکیان هەبێت یان لێزان (خەبیرێک)، سوپاس.

**بەرێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هی ئێمە تەنیا ئەو ڕایەیە کە لەو ئاستەدا باشە، سوپاس.

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە بریکاری وەزارەت جێگری سەرۆکی لیژنەکە بێت باشترە چونکە لەوانە هەر (١١) ئەندام پسپۆڕ بن وهەریەک خۆی لەوی تر بەشارەزاتر بزانێ کەیەکێک لەوانە هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکایەتی لیژنەکە لەوانەیە ناکۆکی دروست دەبێ بەڵام کە بریکاری وەزارەت بێ لەوێ کەسیان گلەیی ناکەن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە ئەنجوومەنی راوێژکاری (مجلس استشاری) یە ڕای لیژنەی راوێژکاری (استشاری) پابەند نییە.

**بەرێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رای شێخ عبدالكريم لەو بارەیەوە کەتۆ وەزارەتێک پابەند دەکەی لە ئێستاوە پێی بڵێین ناوی چی بێ؟ کەچی ئەندامەکانی تر پابەند نینە رای بەرێز وەزیری پیشەسازی ئەوە بوو، ئەو دەسەڵاتی سیاسی هەیە وئەگەر بریارێک بدرێ وکیلی وەزیر دەتوانێ باشە ئەگەر وەزیر سەرپێچی کار بوو، لە ئێستاوە وەزیر ناچار دەکرێ کە رازی بێت لەسەر ئەوەی کە بریکارەکەی ئەندام بێت لەدەستەیەکی راوێژکاری (استشاری) رەنگە وەزیر خۆی بریکار بنێرێ، بەڵام تۆ لەپێشەوە ئەو دەسەڵاتەت لە وەزیر ستاندەوە نوێنەری وەزارەتی خۆیان تخويل بكات، سوپاس.

**بەرێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لام وایە ئەو دەقە شتێکی تازە نییە بەنیسبەت ئەو جۆرە ئیشانەوە ئەگەر بگەرێینەوە سەر ئەو دەستەی دروست دەبێ بۆ مەبەستی ئابووری یاخود مەبەستی هونەری ئەبینین پێشتر ئەو شتە دیاری دەکرێ بۆ نموونە بڵێین بۆ رێکخستنی بازرگانی دەرەوە پێشەکی دیاری دەکرێ بۆ نموونە دەڵێ: (برئاسة رئيس الوزراء وعضوية وزير المالية)، یان وەزیری پیشەسازی، ئێمەش کە لێرە دیاریمان کردووە مەبەستمان ئەوەیە ئەوکەسانەی کە نوێنەرایەتی دەکەن لێرە رێکن لەگەڵ ئەو

دەستـەیە، چونکە ئەو دەسـتـەیە رەسـمیٚ سـیـاسـەتی وەزارەتێک دەکـات مـانای ئەوەیە کـە فەرمانبەرێک بچووک بێت لەوانەیە ئەو بایەخەی نەبێ یاخود مەبەستەکەی کە دەستەکەی بۆ دامەزراوە جێبەجێ نەبێ. سوپاس.

**بەرێز حـــەســـەن حـــەمـــیـــد رەحـــیـم:**

**بەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن.**

من لەگـەڵ ئەوەم وەزیر خۆی دەسەڵاتی بدرێتێ کێ بنێرێ ئەوانی تر هیـچی بریکاری وەزیر نین ئەندامیشن لەوێ ئەمەکاری وەزیرە، سوپاس.

**بەرێز مـەلامـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن.**

لێرە ووتومـانە ئەنجـوومـەنی راوێژکاری (المجلس الاسـتـشـاري) هەر خۆی ئەنجوومـەن لەناوەکەی دیارە دەبێ خاوەن پسپۆری(خبرە) بێت کەواتە ئەوانەی کەئێمە دەیانکەینە ئەندامی ئەنجوومەنی (استشاري) مەسەلە پلەوپایە نییە کەهێز ودەسەڵات بێت بەڵکو پێویستیمان بەپسپۆریەکەی هەیە کـە پرسی پێ بکەین، لەبەر ئەوە پێـویست ناکـات ئـێمـە هیـچ کـەسێـک دابنێین لەوانەیە لەوەزارەتێک وەکیل وەزیر بنێرین لە وەزارەتێکی تر بەرێوەبەری گشتی بنێرن کە پسپۆری هەبێ لەبەر ئەوە ئێمە ناچاری دەکەین وەزارەت کێ بنێرێ. سوپاس.

**بەرێز ئیـبـراهیم سـەعـیـد مـحـەمـەد:**

**بەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن.**

وەزارەتی پیشـەسازی پەیوەندی راستـەوخۆی لەگەڵ دوو وەزارەت هەیە، ئینجـا ئەگـەر ئەمـە بۆ وەزیر بمێنێ رەنگە نوێنەرێکی لە ئاستی بەرز نەبینرێ ئەم ئەنجـوومەنە وەکـو جەنابی وەزیر گـوتی ئەنجوومەنێکی (استشاري) یە نەخشەکانی پیشەسازی هەرێم دادەرێژێ ئەبێ دۆخێکی تایبەتی هەبێ، بریکاری وەزارەی دارایی یان بریکاری وەزارەتی کـشـتـوکـاڵ زانیـاری تەواویان لەسـەر وەزارەتی خۆیان هەیە، پەیوەندی بەو ئیشـەوە دەبی کە پەیوەندی بە وەزارەتی پیشـەسازی یەوە هەیە، من دەبینم مـەوزووعی زیاد کـردنی نوێنەری کـرێکاران هەر لەبونیـادەوە زیادە دەبێ هەر تیایدا نەبێ، جا با ئەو برگەیە وەکوخۆی بمێنێ، سوپاس.

**بەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن:**

مـادە (٥) کێ لەگـەڵ ئەوەیە وەکـو خۆی بمێنێـتـەوە؟ (٣٥) دەنگ. کێ لەگـەڵ نییـە؟ (٢٤) دەنگ.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا وەکو خۆی مایەوە.

بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:

فقرة (٢): يعقد المجلس الاستشاري اجتماعاً اعتيادياً كل شهرين على الاقل وكلما دعت الحاجة ولا تعقد الابحضور رئيسه او من ينوب عنه عند غيابه ويتولى تقديم الاستشارة والامور الفنية.

أ- سياسة التصنيع للقطاعات التابعة للوزارة ووضع الخطط التفصيلية لها.
ب- السياسة المالية والاقتصادية للدوائر والمديريات العامة المرتبطة بالوزارة.
جـ- تنظيم استمارة الاموال الفائضة لدى بعض القطاعات التابعة للوزارة.
د- تنسيق العمل بين القطاعات الانتاجية وتوحيد اساليبة والقضايا المشتركة فيها واقتراح التعليمات وتقديم التوصيات.

بەڕای ئێمە بڕگە (د) (استحداث دوائر ومديريات جديدة والغاء ماهو قائم منها او دمجها)، ڕای لیژنەی قانونی ئەوانە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی وەزیرە نەک لیژنەی ڕاوێژکاری(استشاری)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی وزە چی یە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەوخاڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. پێشنیاری لیژنەی یاسا چییە بۆ (٥)؟ دەسەڵاتی وەزیر چی لێ بێت؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێز کاکەرەش ئاماژەی کرد ئێمە مادەیەکمان داناوە هەر وەکو لەوەزارەتی پێشتر لەمادەی (٧) هاتووە (للوزير استحداث او دمج مديريات او اقسام او شعب ضمن تشكيلات ومديريات العامة عند الاقتضاء.)مادة (٦): ١- تؤول جميع حقوق التشكيلات التي كانت مرتبطة سابقاً بوزارة الصناعة في مركز او التي ارتبط اليها الى الوزارة.
٢- تؤول ملكية وحقوق كافة الدوائر التي كانت تابعة للوزارات الاخرى والتي اصبحت ضمن اختصاصات الوزارة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ نالێین: مسؤول اي الوزارة ملكية وحقوق كافة الدوائر التي كانت تابعة لوزارات اخرى والتي اصبحت اختصاصاتها، ئەگەر وای لێ بکەین باشتر نییە؟

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تا ڕادەیەک گۆشەنیگای وەزیری پیشەسازی ڕاستە، بەڵام لە وەزارەتی کشتوکاڵ تەنها حقوقیان دا، گوتمان بەجارێ با باری گەنجینە گران نەکەین، چونکە جاری بوێریەکی ئاشکرامان نییە لەسەر ئەو پابەندیانە بزانین خەڵک داواکاریان چییە؟ ئەگەر هەموو بەشێوەیەکی تر چارەسەر بکرێ. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام لەوێ کاری پێ دەکرێ حەق نییە دژی یاسا ڕاوەستین.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێندەری زۆرمان هەنە کە ئێستا پابەندن بەرامبەر بەهەندێ، لە دەزگای پیشەسازیەوە لەمەرکەز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش تۆزێک ئەو پابەندیانە روون بکەرەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٩)ی پڕۆژەی وەزارەت دەخوێنمەوە (مسؤول جميع الحقوق للتشكيلات التي كانت مرتبطة سابقاً لوزارة الصناعة في المركز او التي ارتبطت بوزارة الصناعة والطاقة في اقليم كوردستان)، خۆشیان لە پڕۆژەی خۆیان باسی پابەندبوونەکانیان (التزاماتيان) نەکردووە تەنیا ئێمە دابەشمان کرد، کردمانە دوو، هەندێ فەرمانگەی تریشمان بەست بە وەزارەتەوە تاگرفت نەبێ. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێکی تر هەیە (مسؤول جميع الحقوق التشكيلات التي كانت مرتبطة سابقاً بوزارة الصناعة في المركز التابعة للسلطة المركزية). جا ئەو دوو پێشنیارە هەیە کە خوێنرانەوە، تەنها هەموار کردنێکی (تعدیلێکی) لەسەر دەکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ وەربگیرێ؟ کێ لەگەڵ نی یە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (٧):

١- للوزير استحداث او دمج مديريات او اقسام او شعب ضمن تشكيلات المديريات العامة عند الاقتضاء.

٢- يحدد بنظام مهام واختصاص تشكيلات الوزارة.

٣- للوزير تشكيل لجان دائمية او وقتية حسب الحاجة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ مادە (٧)ە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆبەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

المادة (٩): لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (١٠): على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كێ لەگەڵ ماده (١٠)یە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (١١): ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ماده (١١) كێ لەگەڵە؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. دوو برگەی ترمان ماوە، لەبەرنامەی ئەمڕۆ هەڵیگرین بۆ سبەی كۆبوونەوەمان نییە.

**بەڕێز عەبدولكەریم كاكەحەمە عەبدولكەریم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

شتێكمان لێ ئاشكرا نییە، ناوی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەكان نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دەمەوێ كورتە باسێك دەربارەی ئەو سێ شتە باس بكەم بۆتان، لەوانەیە لەلای بەڕێزتان نەبێ، یاسای(٣٥) وبڕیاری (٣٦٤) وبڕیاری(٣٦٧) یاسای(٣٥) ئەو یاسایەیە كە زەوی جوتیارەكان لەساڵی ١٩٨٩ دا بڕیار درا كە دابەش بكرێن لەسەر ئەو بنەمایە (٥٠٠) دۆنم درایە خەڵك، ئەو(مبدأ)ە لە یاسای چارەسەری كشتوكاڵدا نییە(اصلاح زراعه) نییە، چونكە یاسای (١١٧) دەڵێ دابەش كردنی زەوی دەبێ لەسەر جووتیارەكان بكرێ مبدئی دابەش وتعاقده لەبەر ئەوە ئەو قانونە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆدا ناگونجێ بچین لەو زەویانە (٥٠٠) دۆنم بەكرێ بدەین بەخەڵك دەبێ ئەو زەویانە بگەڕێتەوە بۆ جوتیارەكان وخاوەن ئەو زەویانەی كەلێیان داگیركرابوو، بڕیاری (٣٦٧) ئەوەیە كە پاش ئەوەی شەڕی كەنداو دەستی پێ كرد، ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش بڕیارێكی دەركرد دەڵێ: هەر كەسێك دەبێ (٥٠ ـ ٦٠) هەموو زەویەكەی بە بەروبوومی زستانە (گەنم وجۆ) بچێنێ ئەگەر نەیچێنێ ئەو دەستی بەسەردا دەگیرێ (مصادره دەكرێ)، ئێمە نامانەوێ ئەو بەستنەوەیە لەسەر زەوی بمێنێ، دەمانەوێ،جوتیار سەربەست بێ. بڕیاری (٣٦٤) ئەو بڕیارەیە كە لە (مجلس قیاده الثوره) دەرچووە وبەپێی ئەوبڕیارە هەر فەرمانبەرێك هەر سەربازێك دەیەوێ زەوی یەك داگیر بكات كەچۆڵە (تجاوز)ی لسەر بكا بە بێ ئەوەی بگەڕێتەوە هیچ جێگایەكی تر. بەرای من ئەمەش جیاكاریەك دروست دەكات، بۆیە دەست بەسەر زەوی داگرتن بەیاسا دەبێ ئەمەش ناگونجێ لەگەڵ بارودۆخی ئێستای كوردستان ولەلاتان ئاشكرایە وەزیری كشتوكاڵ گوتی لەبنەڕەتەوە ئەو سێ شتە راگیراوە (تجمید )بووە ، ئەگەر راگیرا (تجمید) بوو با ئێمە ڕەواییەك (شرعیەتێك) بدەینە راگرتنەكە، سوپاس.

**بەرێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەرێـز ســــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قرار :

استناداً الى فقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه وزير الزراعة والري ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / اصدار مايلي :

١- يجمد قانون رقم (٣٥) لسنة ١٩٨٩و التعليمات الصادرة بموجبه.

٢- يجمد قراری مايسمی (مجلس قيادة الثورة) رقم (٣٦٤)و(٣٦٧) لسنة ١٩٩٠ وتعليمات الصادرة بموجبهما.

٣- على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

٤- ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەرێـز ســــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

چ تێبینی یەک هەیە لەسەر ئەمە؟..

**بەرێز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەرێـز ســــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

من تەنیا تێبینیم لەسەر (مایسمی) هەیە، مجلس قیادە الشورە خۆیان ئەوەش دەنووسن بۆ پاشەرۆژە، سوپاس.

**بەرێز ســەعـدی ئـەحـــمـــەد مـــحـــەمـــەد:**

**بەرێـز ســــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

من پشتگیری پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ دەکەم، بەڵام پێم وایە هەڵەیەکی چاپ هەیە لەنامەی وەزارەتدا هاتووە دەڵێ یاسای ژمارە (٣٥) لە ١٩٨٣ بەڵام بریارەکە دەڵێ یاسای ژمارە (٣٥)ساڵی ١٩٨٣، سوپاس.

**بەرێز جـەعـفـەر شـێخ عـەلی عـەبدولعـەزیز:**

**بەرێـز ســــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

ئاماژە نەکراوە بۆ ئەوەی ئەوزەویانە بۆ کێ دەگەڕێنەوە؟ هەر دەڵێ راگیرا (تجمید) کرا، ئەدرێنە کێ؟ بە چ شێوەیەک دابەش دەکرێن بەسەر ئەوکەسانەی کەدەیان درێتێ؟ سوپاس.

**بەرێز ســەعـیـد عـەلی خـان سلێـمـانی:**

**بەرێـز ســــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

سەبارەت بەبریاری (٣٦٤) ئاگاداربن هەندێ پابەندی لەسەر دروست بووە، ئەوەی چارەسەری

ئەوانە ناکەن بەلانی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

دوو تێبینیمان هەیە:

١- لێرە پێشتر گوترا هەر بڕیارێک هەندێ باسی (شعبی کوردی) بکات کاری پێ ناکرێت (الغاء) دەکرێت لێرە ئەمە راگیراوە (تجمیدە).

٢- ئەو کەسەی کە زەویەکەی استغلال کراوە رەنگە تێکۆشەر بێت وهەژار بێت بۆ قەرەبوو لەو کەسە ناسێنرێ کە داگیری کردووە؟ ئەوە چەند ساڵە سوودی لە زەوی یەکە کردووە. سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری پێشنیارێکیان ناردووە داوای راگرتن (تجمید) دەکەن لیژنەی یاسا بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردووە پێشنیارێکی تریان نیە لەسەر ئەم بابەتە لەبەر ئەوە ئێمە تەنها رووی پێشنیارەکەی ئەوان نیشان دەدەین، ئەو زەویانە بەپێی قانونی تر دەگەرێتەوە بۆ ئەو خەڵکانە، وەزارەتی کشتوکاڵ لەسەریەتی ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکات.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

خۆی وەزارەتی کشتوکاڵ روونکردنەوەیەکی دەرکردووە دەربارەی ئەمە (یجمد العمل بقانون رقم (٣٥) لسنة ١٩٨٣ وقراري (٣٦٤ ـ ٣٦٧) لسنة ١٩٩٠ ویعاد النظر في کافة العقود المبرمة بموجبها لغرض فسخها وتعاد الاراضي المشمولة بعقود المنسوخة الی الفلاحین الموزعة علیهم تلك الاراضي والمتعاقدین وفقاً للقرارات الصادرة سنة ١٩٧٥).

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

ئەمە هی وەزارەتی کشتوکاڵە چۆنی جێبەجێ دەکات تەنها داوای کردووە کە رایبگرین (تجمیدی) بکەین کەلە دەسەڵاتی پەرلەمانە رای بگرێت (تجمیدی) بکات تەنیا پێشنیارەکەی کاک فەرەنسۆ کاک سعدی هەڵیگرێ ئەگەر چ تێبینی نەبێ لەسەر ئەو پێشنیارە مادام نیە لیژنەی یاسا ئەمە دابڕێژێتەوە.

مەسەلەی پابەندیەکان (التزامات) ئیشی وەزارەتە وەزارەتی کشتوکاڵ لەسەریەتی ئەو پابەندیانە (التزاماتە) چارەسەر بکات ئێمە گفتوگۆ لەسەر راگرتنی (تجمیدی) بڕیارەکان دەکەین، لەسەر ئەو هەموار کردنەی (تعدیلەی)کە پێشنیار کرا کێ لەگەڵ ئەوهەموارکردنەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا وەکو بڕیار کێ لەگەڵ بڕیارەکەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان

بڕیار

بەپێی حوکمی بڕگەی (١) لەمادەی (٥٦) یاسای ژمارە (٥ ـ ١) ساڵی ١٩٩٢ لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی / / ئەم بڕیارەی دا:

١- هەموو ئەو یەکەی بەڕێوەبردنانە (وەحدە ئیداریانە) لەپاش (١٩٦١/٩/١١) لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە پلەیان نزم کراوەتەوە بەرز دەکرێنەوە بۆ پلەی پێشوویان.

٢- دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکات.

٣- ئەم بڕیارە لەڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ. سوپاس

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم بڕیارە تایبەتی بۆ ئەوانە هاتووە کە پلەیان نزم کراوەتەوە تەنیا کۆیە پلەی نزم کراوەتەوە، هیچ یەکەیەکی بەڕێوەبردن (وەحدەیەکی اداری) لە کوردستان دا پلەی نزم نەکراوەتەوە، هەندێ (وحداتی اداری) تر هەیە کەنزم نەبۆتەوە، ناوەندی قەزا گوێزراوەتەوە لەجێگایەک بۆ جێگایەکی تر ئایا ئەمانە لەجێگای خۆیان دەمێننەوە؟ ئەگەر لەجێگای خۆیان بمێننەوە دەبێ بڕگەیەک زیاد بکرێ بۆ ئەم بڕیارە ئەگەر نەمێنێت بزانین لەکوێ دادەنرێت لە وەزارەتی ناوخۆ لە پارێزگاروپسپۆران پرسیار بکرێ بزانین رایان چۆنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ بڕگەی دوایی بڕیارێکمان هەیە لەئەنجوومەنی نیشتمانی دەربارەی ئەو یەکانەی وحداتەی کە لابرا بوو کاتی خۆی دووبارە بگەڕێنەوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پاش جێ بەجێکردنی بڕیاری حکومەت ئێستا زۆر گۆڕانکاری کراوە، لەوانەیە یەک ملیۆن دینار خەرج بکرێ تا ناوەندی ناوچەیەک (مەرکەزی ناحیەیەک) دروست دەبێ. پێویستە وەزارەتی ناوخۆ باش لێی بکۆڵێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەمە پەیوەندی بەجێگەوە نییە..

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێشنیار دەکەم ئەمەی بخرێتە سەر، پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕەوای گەلەکەمان لە (١١/٩/١٩٦١)ەوە، سوپاس
**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولخەکەیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بڕیارێکی زۆر گرنگ و مێژووی یەو پێویستە ئەو هەنگاوە بنرێ، لەکوردستان دەیان جێگای وا هەیە یەکێک لەوانە ڕەواندوزە کەشاری یەکێک بوو لەپاشاکانی کورد، دوژمنانی کورد لەقەزاوە کردوویانە بەناحیە، پێویستە شکۆمەندییەکانیان بۆ بگەڕێندرێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێستا وەکو مەسەلەکەی پێشوو (مایسمی) هات خەڵک دەتوانێ لەڕۆژنامەیەک چ بنووسێ، بەڵام لە بڕیارێکی پەرلەمان وەکو دەقێکی دەستووری دەمێنێ، دەڵێ شۆڕشی ڕەوای گەلەکەمان، ئەمە لە ڕۆژنامە بنووسرێ یاسایە زۆر ڕوونە دەڵێ لەمێژووی (١١/٩/١٩٦١)ەوە هەتا ئێستا گۆڕانێکی ئیداری بووە وەکو (اجراء) وەکو سزا پێویستە ئیعتوباری بۆ بگەڕێندرێتەوە، پێم وایە واز لەم شتانە بێنین، شتی بۆ زیاد نەکەین، سوپاس.
**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بۆ ئەوەی بزانین لە ١١/٩/١٩٦١ بۆچی ئەم بەڕێوەبردنانە (ئیداراتانە)کێشراوەتەوە لەسەر چ بونیادێک بووە؟ سوپاس.
**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من پێم وایە ئەو ئیداراتانەی لە (١١/٩/١٩٦١)ەوە کێشرابوونەوە وئەو کێشانەی لە ١١/٣/١٩٧٠. هاتنە پێش چارەسەر کراوە، بەڵام ئەوەی ئێستا لیژنەی یاسا دایناوە لەجێگای خۆیەتی لەوە زیاتر پێویست ناکات، سوپاس.
**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەوەی برادەران ووتیان ولە(اسباب موجبة) دەگوترێت نایەتە ناو دەقی یاسا. دووەم گواستنەوەی هەندێ ناحیەی تیادابوو بڕیارەکەی ئێمە ئەوانە ناگرێتەوە تەنیا ئەو (وحدات اداريانەی) کە پلەیان هاتووەتە خوارێ ناحیە بووە کرابوو بەگوند، قەزا کرابوو بە ناحیە ئەو شتانە دەگرێتەوە وەک خۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام لێرە ناحیەک دروست کراوە وناحیەی کۆن دەگرێتەوە مشکلە یەو،

دووای وەزارەتی ناوخۆ ئەگەر زانی دوو (ناحیە) پێویست نی یە دەسەڵاتی هێنانەکایەو لابردنی ناحیەکان هەیە (استحداث وحذف النواحي)، بەگوێرەی توانا ویاسا بکات لەبەر ئەوە بریارەکەی ئێمە بەشێوەیەکی وا هاتووە زۆر رێک وپێکە داوا لە بەرێزتان دەکەین بخرێتە دەنگدانەوە.
سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.
کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان تەواو بوو، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای وەزارەتی پیشەسازی و وزەی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی پیشەسازی و ووزەی هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری پیشەسازی و ووزەی هەرێم.

٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی پیشەسازی و وزەی هەرێم.

٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی راوێژکاری ی وەزارەت.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ:

١- پێشنیازکردنی نەخشەی سالآنەی درێژ خایەن لە بواری پیشەسازی وکارەباو دەرهێنانی نەوت وکانزا(معادن) وئەو چالاکی یانەی تر کە بەندی وەزارەتن.

٢- بە بەرهەم هێنان(استثمار)ی کانەبەرد(المقالع) وکانگا(المناجم) وبیرەکانی نەوت وسەرچاوەکانی خولقاندنی وزە( تولید الطاقە).

٣- هەوڵدان بۆ راکیشانی سەرمایە وهاندانی بەبەرهەم هێنان لە بواری پیشەسازی لە هەرێمدا.

٤- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەو سەرنجدانی ئەو لێکۆڵینەوانەی سەبارت بەو پرۆژانەی دەکەونە چوارچێوەی چالاکییەکانی وەزارەتەوە پێشکەشی دەکرێن و بڕیاردان لە بارەیانەوە لە بەر رۆشنایی سوودی ئابووی وهونەری ئەو پرۆژانەدا.

٥- دامەزراندانی پرۆژەی نوێ لە چوارچیوەی چالاکی یەکانی وەزارەتدا بەپێی پێویستی وتوانای هەرێم لە رووی ئابووری وهونەری یەوە وهەولدانی پەرەپێدان وپێشخستنی ئەو پرۆژانەی کە هەن.

٦- لێکۆڵینەوەی داخوازی یەکانی دامەزراندنی پرۆژەی تیکەڵاوو تایبەتی وبڕیار لە سەردانیان بەپێی سیاسەتی پیشەسازی هەرێم لەگەڵ دانانی پێوانە و مەرجی

تایبەتی بۆ دامەزراندنی ئەو پرۆژانە.

٧- دانانی سکێچ ونەخشە وپرۆگرامی کارکردن بۆ ئەو پرۆژانەی جێ بەجێ کردنیان لە ڕێگەی دام ودەزگا وراوێژکارانی وەزارەت خۆیەوە پێی سپێردراون:

٨- جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی لە لایەن دام ودەزگا جێبە جێکارەکانی وبەڵێندەرانەوە لە ڕێگەی داکشانی گشتی( المناقصە العامە) وبانگکردنی ڕاستەو خۆیا هەر ڕێگەیەکی ترکە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانە بەپەسندی دەزانێ پێ ی سپێردراون.

٩- وەزارەت بەسیفەتی بەڵیندەر ولە ڕێگەی دام ودەزگا جێ بە جێکارو سکێچکێشەکانی خۆیەوە(تشکیلاتها التنفیذیە والتصمیمیە) مافی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی هەر لایەکی تری ناو هەرێمی هەیە.

١٠- هاندانی کەرتی تایبەتی وتێکەڵاو وپێشکەشکردنی گشت ئاسانکارییەکی( التسهیلات) هونەری وئیداری ودارایی بۆیان کە لە توانادابێ بەمەبەستی پێشخستن وفراوان کردنی ئەم دووکەرتە.

١١- پارێزگاری کردن وپاراستنی کارگەو وەرشەکان وکەرتی نەوت وپرۆژەکانی وزەی کارەباو سەرچاوەکانی کانزاو کانە بەردەکان وگشت ئەوانەی دەکەونە ناو چوارچێوەی چالاکییەکانی وەزارەتەوە لە ڕێگەی دام ودەزگاکانی یەوە و بەهاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی تردا.

١٢- سەرپەرشتی کردنی پیشەسازی وبازرگانی تووتن بە سازکاری(التنسیق) لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا.

١٣- سەرپەرشتی کردنی سیاسەتی دارایی و ئابووریی فەرمانگەو دەزگا بەندەکانی وەزارەت وڕێکخستنی بەبەرهەم هێنانی ئەوپارە وپوولانەی زیاد لە پێویستن.

١٤- بەخووە گرتنی دەست بەسەردا گرتنی جۆرەکی (السیطرە النوعیە) وبەشداربوون و دیاریکردنی مەرجەکاندا(اعداد المواصفات) لە بواری پیشەسازی و ووزە وکانزا دا بۆ کەرتی گشتی وتێکەڵاو وتایبەتی. وەزارەت بۆی هەیە لە سیستەمی کولفەی بەرهەمە پیشەسازییەکان بکۆڵێتەوە بەپێی پێوست چاودێریی نرخیان بکاو سنووریان بۆ دابنێ.

١٥- پاریزگاریکردن لە پیشەسازی ی نیشتمانیی بەپێ ی بەرژەوەندی گشتی.

١٦- هەوڵدان بۆ هاندانی ناردنی بەرهەمی پیشەسازی بۆ دەرەوەی هەرێم لەگەڵ

ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتیدا.

١٧- وەزارەت بۆی هەیە پیشانگای پیشەسازی لە ناو هەرێم ودەرەوەیدا بکاتەوە وبەشداری لە پیشانگا پیشەسازییە نێودەوڵەتی یەکاندا بکا یا بواربە دەوڵەتان وکۆمپانیاکان بدا کە پیشانگای پیشەسازی لە ناو هەرێمدا سازبکەن.

١٨- بەڵێنکاری لەگەڵ کارمەندە بیانییە کاندا یائەو کۆمپانیا ودەزگایانەی تایبەتکارن بۆ ئیشکردن لەکارگە وفەرمانگە کانی وەزارتدا یا بۆ تەواو کردنی کاروفرمان کەپێ یان سپێردراوە.

١٩- هاندانی پیشەسازییە دەستکردو پیشەیی یەکان.

**ماددەی سێیەم:**

١- وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو وبەرپرسیاری یەکەمەلە جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەیدا وچاودێری کردنی جێبەجێ کردنی یاساو پەیرەو و ڕێنماییەکانی وهەر لەویشەوە ئەو بڕیارو فرمان وڕێنمایی یانە سەبارەت بە ئەرک ودام ودەزگاو دەسەلاتەکانی وەزارەت وگشت کاروباری ئیداری و هونەرییەکانی دەردەچن لەچوار چێوەی ئەم یاسایە ویاسا ڕەچاوکراوەکانی تردا و بۆی هەیە هەندێ لە دەسەلاتەکانی بەبریکاری وەزارەت وبەڕێوەبەرەگشتی یەکان یاسەرۆکەکانی فەرمانگە سەرەکی یەکانی وەزارەت بسپێرێ ولە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیراندا بەوسیفەتەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە.

٢- بریکاری وەزارەت ئەو ئەرکانە بەجێ دێنی کەوەزیر پێ یانی دەسپێرێ.

٣- دام ودەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت لەمانەپێک دێن:

أ- نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوە بەر سەرۆکایەتی دەکا و چەند فەرمانبەرێک یاریدەی دەدەن.

ب- نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێک بەڕێوەی دەبا وچەند فەرمانبەرێک یاریدەی دەدەن.

**ماددەی چوارەم:**

بەڕێوە بەرێتی یەکانی دیوانی وەزارەت ودام ودەزگاکانی:

١- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دیوان: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوە بەری گشتی کە باوەڕ نامەی سەرەتاییی زانکۆی هەبێ سەرۆکایەتیی دەکاو ئەمانەی پێوە دەبەسترێنەوە:

أ - بەڕێوەبەرێتی کاروباری ئیداری.
ب- بەڕێوەبەرێتی پەیوەندی یەکان.
ج - بەڕێوەبەرێتی کاروباری یاسایی.
د - بەڕێوەبەرێتی هێزی کارکەر (القوی العامله).

٢- ەڕێوەبەرێتی گشتیی کاروباری هونەری وبەرهەمهێنان:
فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی کەباوەڕ نامەی سەرەتایی ی زانکۆی هەبێ ولە کارمەندان وتایبەتکاران بێ سەرۆکایەتی ی دەکا وئەمانەی پێوە دەبەسترێنەوە:
أ - بەڕێوەبەرێتی نەخشەکێشان ولێکۆڵینەوە.
ب- بەڕێوەبەرێتی کاروباری کارگەکان.
ج - بەڕێوەبەرێتی رێکخستن ویاورمەتیدان.
د - ەڕێوەبەرێتی پوختەکردن وپیشەسازی ی تووتن.

٣- بەڕێوەبەرێتی گشتیی نەخشەکێشان وچاودێری ی دارایی:
فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی کەباوەڕ نامەی سەرەتایی ی زانکۆی هەبێ ولە کارمەندان وتایبەتکاران بێ سەرۆکایەتی دەکا وئەمانەی پێوە دەبەسترێنەوە:
أ - بەڕێوەبەرێتی چاودێری دارایی.
ب- ەڕێوەبەرێتی ژمێریاری دارایی وکولفە (الکلفە).
ج- بەڕێوەبەرێتی کۆمپیوتەر.

٤- بەڕێوەبەرێتی گشتی نەوت وکانزاکان: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی کەباوەڕ نامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ ولە کارمەندان و تایبەتکاران بێ لە جیولۆجیا دا سەرۆکایەتی دەکا وئەمانەی پێوە دەبەسترێنەوە:
أ- بەڕێوە بەرێتیی رووپێوی جیولۆجی وکانزا دۆزی (المسح الجیولوجی والتحریات المعدنیه).
ب- بەڕێوەبەرێتی کاروباری نەوت.

٥- بەڕێوەبەرێتی گشتیی وزەی کارەبا: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی کەباوەڕ نامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ ولەکارمەندان وتایبەتکاران بێ سەرۆکایەتی دەکا وئەمانەی پێوە دەبەسترینەوە.
أ - بەڕێوەبەرێتی خولقاندن وگواستنەوەی وزەی کارەبا.
ب- ەڕێوەبەرێتی دابەشکردنی کارەبا.

**ماددەی پێنجەم:**

١- لە دیوانی وەزارەتدا ئەنجوومەنێک بەناوی (ئەنجوومەنی راوێژکاری ی وەزارەت)ە وەبەسەرۆکایەتیی وەزیر بەم شێوەیە پێکدێ:

| | |
|---|---|
| أ - بریکاریی وەزارەت | جێگری سەرۆک |
| ب- بریکاری وەزارەتی دارایی وئابووری ی هەرێم | ئەندام |
| ج- بریکاری وەزارەتی کشت وکاڵ وئاودێری هەرێم | ئەندام |
| د- بەرێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت | ئەندام |
| ه- نوێنەری یەکێتی پیشەسازی یەکانی هەرێم | ئەندام |
| و- نوێنەری یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی هەرێم | ئەندام |

ز- هەرکار مەندێکی تایبەتکار کەوەزیر لەناو وەزارەت یا دەرەوەی دا هەڵیدەبژێری ئەندام

٢- ئەنجوومەن بەلایەنی کەمەوە هەردوو مانک جارێ کۆدەبێتەوە ویاهەر کاتێک کە پێوست بوو،کۆبوونەوەش بەبێ ئامادەبوونی سەرۆکەکەی یا ئەو کەسەی لەکاتی ئامادەبوونییدا جێگەی دەکرێتەوە ناکرێ، ئەنجوومەن لەم بوارانەدا راوێژپێشکەش دەکا.

أ - سیاسەتی پیشەسازیی کەرتەکانی وەزارەت ودانانی درێژەی نەخشە بۆیان.

ب- سیاسەتی دارایی وئابووریی فەرمەنگەو بەرێوەبەریەتییە گشتییەکانی وەزارەت.

ج- رێکخستنی بەبەرهەم هێنان (استثمار)ی ئەو پارەوپوولانەی لە هەندێ لەکەرتەکانی وەزارەتدا لە پێویست بەدەرن (فائضە).

د - سازکاری (تنسیق العمل) لەنێوان کەرتەکانی بەرهەم هێناندا و یەکخستنی شێوازو کێشە هاوبەشیەکان وپێشنیاز کردنی رێنمایی وپێشکەشکردنی ئامۆژگاری.

**مادده شەشەم:**

١- گشت مافەکانی ئەو دامو دەزگایانەی لەوەو بەر بەوەزارەتی پیشەسازی مەڵبەندەوە بەسترابوونەوە یاپێوەی بەسترانەوە دەبنە موڵکی وەزارەت.

٢- موڵکیەت ومافەکانی گشت ئەوفەرمانگەی لەوەبەر بە وەزارەتەکانی ترەوە بەسترابوونەوە یا کەوتبونە چوارچێوەی تایبەتکارییەکانیانەوە دەبنە موڵکی وەزارەت.

**ماددەی حەوتەم:**

١- وەزیر بۆی هەیە جوارچێوەی دامو دەزگاکانی بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان ولە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرێتی یابەش یالقی نوێ پێکبینێ یابیانخاتە پاڵ یەکتر.
٢- ئەرک و دەستەڵاتەکانی وەزارەت بەپەیرەوێک دیاری دەکرێن.
٣- وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێویست لیژنەی هەمیشەیی یا کاتی پێکبێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی نۆیەم:**

کاربە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی دەیەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکا.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٢/٢١

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٥)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٢١/٢/١٩٩٣

***کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢١/٢/١٩٩٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی (١٥)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ بەرچاو خستنی(موازەنە)ی هەرێمی کوردستان وپەسند کردنی بەپێی حوکمی برگە«٥» لەمادە/٥٦ی یاسای ژمارە«١»ی ساڵی ١٩٩٢.***

***٢ـ بەرچاوخستنی پرۆژەی بڕیاری دامەزراندنی دادگای هەمیشەیی بۆ هێزی ئاسایش وناوخۆی هەرێم.***

***٣ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو ئاگادارن ئەم کۆبوونەوەیە دوا خرا تاکو بابەتەکە تۆزێک تاووتوو بکرێت وبڕیارمان دا بوو لە سەرەتادا دانیشتنەکەمان نهێنی بێت، بۆ قسەکردن لە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان، یەکەم جارە لە مێژووی پەرلەمان وحکومەتی ئێمەدا کە بودجە بۆ ساڵێک دیاری دەکرێ وگفتوگۆی لە سەر دەکرێ هەر لەو دانیشتنەشدا داومان کرد کەبە هەستێکی پڕ لە لێپرسینەوە تەماشای ژمارە وفەسلەکان بکرێت.

ئێستاش ئەگەر هەردوو فراکسیۆن هیچ تێبینیەکیان نییە بۆ ئەوەی دەست بکەین بەکردنەوەی دەرگای گفتوگۆ کردنی بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٣.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە پرسیار لە لیژنەی دارایی ولە بەڕێز وەزیری دارایی بکرێ شتێکی تازەیان هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پرسیارێکتان هەبوو ئەیدەین بەوەزیری دارایی ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

هیچ تێبینیەکی نییە پێشەکی بابوار بەوەزیری دارایی بدەین قسەبکات.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەفید/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاسی تێبینیەکانی لیژنەی ئابووری ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەکەم سەبارەت بە بۆدجەی ساڵی ١٩٩٣ دەمەویت بەکورتی وەڵامی بدەمەوە بۆ ئەوەی مادده تەرخان بکرێت بۆ لێکۆڵینەوەی ئەندامانی ئەنجوومەن.

١- هەموو بۆدجەیەک ئامانجی سیاسی وئابووری هەیە وبەتایبەتی کە لەسەر بنەرەتێکی داهاتی چەسپاوو هەمەجۆر دامەزرابێت واتا «الایرادات المالیة والمتنوعة» بەڵام وەکو ئاشکرایە لای هەموو دوژمنانی میللەتی کوردو وێران کردنیووڵاتەکەمان وتێکدانی بنەماکانی نەتوانراوە تا ئێستا سەرچاوەی داهاتی چەسپاو دروست بکرێت واتا « المصادر الثابتة » وهەر وەکو هەموومان دەزانین تا ئێستا پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان بەدامودەزگا جۆراو جۆرەکانیەوە نزیکەی هەشت مانگە دروست بووە وبەردەوامە لەکارەکانی رۆژانەیدا وبەیەک سەرچاوەی داهات ویەک باج کە ئەویش گومرگە، ودروست بوونی حکومەتی هەرێم وبەردەوام بوونی لە کارەکانیدا خۆی لە خۆیدا ئامانجی ساڵەهای ساڵی میللەتەکەمانە وئامانجی بنەرەتی بودجەی ١٩٩٣ دامەزراندنی پەرلەمان وحکومەت وهەرێمی کوردستان کە لە خۆیدا بەرهەڵستیەکی گەورەیە بۆ دوژمنانی ناوخۆ لە بەر ئەوە کە هەموویان گەلە کۆمەکی دەکەن بۆ لەناوبردنی ئەم ئامانجە سیاسیە خۆی لە خۆیدا یاریدە دەرێکی بێ وێنەیە بۆ چاک کردنی باری ئابووری کوردستان.

٢- ئەم بودجەیە لە بارەی هەونەریەوە ئەگەر سەرنجی بدەین تەواوە، چونکە دابەش کردنی تێدایەکە لەسەر (ابواب) دانراوە بەمانای هەر وەزارەتێک یا ژمارەیەک، بۆ نموونە وادەبێ ژمارەیەک تەرخان کراوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو دوو وەزارەتەی کە فەرمانگەی سەرەکی هەیە وبودجەکەی سەر بەخۆیە ئەمەش ژمارەیەکی تایبەتی بە بەش واتا «قسم» وەزارەکەی وەردگرێت. هەموبەشەکانی وەزارەت، ئەمە پاڵپشتییەکانی (اعتماداتی) ئەو (بابە)یە دابەش کردنی ناوی برگەکان ناوی ماددەکان وجۆرەکانی وژمارەی فەسلەکانی بەپێی جۆرەکان ئەمە (٩) فەسلە وبەپێی جۆری خەرج کردنە، ئەم دابەش کردنی بودجەیە لە سەرەتاوە لە دابەش کردنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەرگیراوە کە ووڵاتەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست وەریان گرتووە وبەتایبەتی عێراقیش وەکو دەولەتێک لە ساڵی ١٩٧٦ ئەم دابەش کردنەی رەچاوکردووە. هەروەها ئێمەش ئەو دابەشکردنە ئیداریەمان بەباش زانیوە.

٣- هەروەکو دیارە لە ژمارەکانی بۆدجەکە خەرج (١/٥١٥/٦٦٥/٠٠٠) دینار بوو لە لێکۆڵینەوەی بەکەمی ئەنجوومەنی وەزیران(٩/٨٨٠٠٠) دیناری خرایە سەری.

له لێکۆڵینەوەی دووەمی ئەنجوومەنی وەزیران بە ئامادەبوونی بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی ئابووری ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە پاش لێکۆڵینەوە (١٣٢/٨٥٥/٠٠٠)سەدوسی ودووملیۆن وهەشت سەدو پەنجاو پێنج هەزار دیناری تری خرایە سەر بەنیسبەت ئەو وەزارەتانەی کە داوایان کردبوو واتا کۆی خەرج تێکڕای مەصروفاتی ئەکرێ بە ملیارێک و (٦٥٧) هەزارو(٨٠٨) دینار داهاتی حەول کراو بریتیە لە (١/٠١٣/٨١٢) ملیارێکو سیانزە هەزار ملیۆن وهەشت سەد ودوانزە هەزار دینارە.

هەروەکو لە پێشدان باسم کرد ئەم ژمارانە پێچەوانەی پێداویستیە راستەقینەکانی دامودەزگاکانی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکات بەڵام جێبەجێ کردنیان لە سەر دەستگیر کردنی وەستاوە داهات وبونی دیارە بەدەستمانەوە وهەروەها بۆ ئەوەی زاڵ بین بە سەر ئەو کەمیەدا واتا ئەو کورت هێنانەی (عجزەی) کە هەیە خەرج دیاری بکرێت (نەفەقات) کەم بکرێتەوە وچاودیریەکی مەرکەزی هەبێت ئەویش ئێستا وەزارەتی دارایی وئابووری کاری پێ دەکات بۆ نموونە کە ئێستا داهاتیان زۆر کەمە و نزیکەی دوو هەفتە دەبێت ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دا تەنها دوو بڕگە جێبەجێ بکرێ ئەویش دابین کردنی مووچە و(سولفەی موستەدیمە)، ئەو پارانە کە بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی دامودەزگاکانیەتی.

ئەتوانین کە پارەمان هەبوو خەرج کردن بۆ شتە گرنگەکان بێ، وجۆرە کردارێک دائەنرێت بۆ جۆری خەرج، بێگومان جیاوازی لە نیوان رێژەکاندا سەرف دەکرێت تەماشا ئەکەی وەزارەتێک لە ٤٠٪ بەڵام وەزارەتێکی تر لە ٨٠٪ ئەمەش بۆ جیاوازی رێژە روی دا. بەراستی وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئاماژەی بۆ کرد ئەمە یەکەم بودجەیە کەپێی ئەڵێن بودجەی(سلف الاساس) وەک باوە لە بودجەدا تۆ مەزەندە ئەکەی ئەم ژمارانە خۆی بەمەزەندەیە. چی ئەکرێت بەنیسبەت میزانیەوە بهێنین سەیری ساڵی رابردوو ئەکەی بزانی چەند (اعتمادات) دانراوە چەندیش خەرج کراوە، دەهێنی بەراووردی لەگەڵدا ئەکەی زۆربەی وەزارەتەکان تەماشا ئەکەی تامانگی ١٢ تەحەمولی خەرج کردنی پارە ئەکات بۆ ئەوەی پارەکە نەمێنێتەوە، بەڵام بەنیسبەت کوردستانەوە ئێمە ساڵی رابوردومان نەبووە کە ئەمە بودجەیەکی بنەڕەتییە، بۆ نموونە وەزارەتی پێشمەرگە تازە دروست بووە پارە نەبووە تا بزانن پارچی سەرف کراوە یا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە جا کە تەماشای ئەکەی ئەبینی نیسبەتەکەیان جیاوازیان هەیە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە هەمووی هەر لە صفرەوە دەستیان پێ کردووە تەنانەت ئەو وەزارەتانەی کە بنەمایەکیان هەبووە بۆ نموونە وەزارەتی دارایی بڵێین کاتی خۆی ئەمانەتی گشتی دارایی وئابووری بووە، بەڵام وەرە سەیری دامودەزگاکانی بکە وەختی خۆی (اساس) دزراوە هەرچی ترمۆبیلی واجهزەیە دزراوە هیچی نەماوە وتاڵان کراوە ئەبێ سەر لە نوێ دەستی پێ بکاتەوە لە بەر ئەوە ئەم کەم وکوریە ئەبینی کە لە نیسبەتەکاندا هەیە چونکە ئەگەر بودجە پتەوبێت پێویستە بڵێین بودجەیەک ئەیەوێت رۆشنبیری پێش بخات کەواتە تەرکیزی یەکەم لە سەر

لایەنی رەوشەنبیری ئەکا بەڵام بودجەکەی ئێمە لە بەر ئەوەی تازەیەو هەموو وەزارەتەکان لە سفرەوە دەستیان پێ کردووە. دەربارەی بۆدجەی ئاوو ئاوەڕۆیەکان بەرێز لیژنەی دارایی لە کاتی لێکۆڵینەوەی ئەم بۆدجەیە وکاتێ ئێمە موناقەشەمان ئەکرد ئەم فەرمانگەی ئاووئاوەڕۆکان پەیوەندی هەبوو بەوەزارەتی ناوخۆوە، بەڵام لە پاش ئەوەی کە بۆدجەکە تەواو بوو بگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی.

بودجەی فەرمانگەی رۆشنبیری دانراوە لەگەڵ بودجەی دیوانی وەزارەتی رۆشنبیری بەو شێوەی خۆیان داوایان کردووە وەزارەتی رۆشنبیری خۆی داوای کردووە کە وەزارەت دەتوانێت ئەو بودجەیە دابەش بکات بە سەر دامودەزگاکانیان لەسەر دارایی خۆیان وئەمەش کە داومانەتێ و وەزارەتی دارایی بڕیاری داوە جۆرە نەرمیەک ئەدات بەجووڵانەوەی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ئەوەی ئەوخەرجیاتە دابەش بکات بەشێوەی کەوا خۆی بەپێویستی ئەزانێت. دەربارەی (مخصصات الزوجية) بۆ فەرمانبەرانی زانکۆی سەلاحەدین بەراستی لە بیر کرابوو، هەروەها بەنیسبەت خەرجی ئاهەنگەکانی زانکۆی سەلاحەدین زیاد کراوە وەکو هەموو ئەی زانین زانکۆی سەلاحەدین تەنها زانکۆیەکی سەرەکیە کۆلیجی زۆرە لە ئاهەنگی دەرچووندا خەرجیان دەبێت و زیاتر پێویستیان دەبێت لە زانکۆکانی تر.

خەرج کردن بۆ(ایفاد) بۆ دەرەوەی هەرێم، بەدراوی گرانە (عملة صعبة)یە هەموو (ایفاد)ێک بۆ دەرەوە خرایە سەر بودجەی وەزارەتی دارایی مادام دراوە قورسەکە(العملة الصعبة) لای ئەوانە بۆ نموونە سێ رۆژ لەمەو پێش بەرێز سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لەگەڵ راگری کلیەی پزیشکی سلێمانی سەفەریان کرد پێویستیان بە دۆلار بوو خۆی دۆلاری نییە لە بەر ئەوە داوای لە وەزارەتی دارایی کرد بۆیە ئەو خەرجیە کەوتووتە سەر وەزارەتی دارایی.

کرینی کتێب وگۆڤار کەم کرایەوە لە بودجەی کتێبخانە گشتییەکان لە (٤١) هەزار دینار بووە«٢١» هەزار دینار ویستمان کەمتریشی کەینەوە چونکە شوێنی گرنگ تر هەیە بۆ ئەم پارەیە بودجەی وەزارەتی پەروەردە کەم کرایەوە (٢٢٠) ملیۆن بوو بە (١٤٥)ملیۆن دیسان لە موناقەشە لەگەڵ بەرێزانی لیژنەی دارایی ئەنجوومەن گەیشتینە راستیەک کە پێویستە زیاد بکرێت چونکە (١٠٥) ملیۆن پێویستی وەزارەتی پەروەردەیە بۆ چاپ کردنی کتێبەکان ئێمەش ئەوەمان رەچاو نەکردووە بۆچی؟ ووتمان ئەم پێداویستیەکە (١٠٥) ملیۆنە باشتر ئەوەیە وەزیری پەروەردە پەیوەندی بە رێکخراوە خێرخوازەکان بکات بەڵکو بتوانن بۆیان چاپ بکەن چونکە ئەو مەبلەغە بەراستی زۆرە ویاخود لە بازارکە دەڵێن ئابووری کراوەتەوە تەنها لەو وولاتانە نەبێت کە پێیان ئەڵێن (تعليم الجماعی) لە زۆر شوێنان کەس وکاری ئەو قوتابیانە خۆیان تەمویلی ئەوە دەکەن بەڵام بەهەر حاڵ ئەو مەبلەغە زیاد کراوە.

وەزارەتی پێشمەرگە (١٥٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە بەڵام لە پاشاندا بەرێز وەزیری پێشمەرگە هات لیستەیەکی هێنا ووتی من پێویستم هەیە بە ئامێرو بە شۆفەل بە مەکینەکان،

ووتی مەعقوول نیە لەشکرێک دروست ئەکەی تۆ شۆڤەل ومەکینەت نەبێ پێداویستت نەبێ لە بەر ئەوە من پێشکەشی ئەکەم هەر کاتێک پارە هەبوو بیکەن کە پارەش نەبوو مەی کەن لە بەر ئەوەی پێداویستییەکانی( ١٥٠ ) هەزار ملیۆنە، بەو جۆرەی خۆی پێشکەشی کرد گەیشتە« ٣/٠٠٠/٠٠٠ »ملیۆن ئەوە کە لێرە زیاد بوو کرینی ئوتومبیل کراوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ چونکە کرینی ئوتومبیلی تایبەتی بە دیوان وەزارەتەکەی بوو بۆ ئەوەی خۆی و دیوانی وەزارەتەکی حوکمی بگێرن بەلام لە لێکۆڵینەوەکەی ئەنجوومەنی وەزیران ولیژنەی ئابووریی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە (٦) ملیۆن کراوە بە (١٢) ملیۆن، بەلام دیوانی وەزارەت زیاتر مەرکەزییەتی هەبێت بتوانێت ئوتومبیل بکرێت بۆ دائیرەکانی تر.

ئەو پارەیەی کە بۆ خەرجی (ایفاد) دانرا بوو لەوەزارەتی دارایی وئابووری دەگاتە شەش ملیۆن ئەم پارەیە تایبەتە بە سەفەر وایفادی لیژنەکان ئەمەمان کەم کردبۆوە، بەلام بەراستی بەشی ناکات چونکە ئەگەر نەڵێین (٦) ملیۆن کە بیکەینە دۆلار کەم ئەکات، ئەو وەفدانەی کە سەفەر دەکەن بۆ دەرەوە بەدراوی گران «عملە صعبە» ئەبێت و وەزارەتی دارایی سەرفی دەکات بۆیە ئێمە بە باشی ئەزانین کە هەر (٦) ملیۆنە کە بمێنێتەوە.

( ٢٠ ) ملیۆن دینار داندرا بوو بۆ مووچەی خانەنشینەکان ئەوانەی لەوەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە مووچە لە حکومەت وەردەگرن « ٢٠ » ملیۆن تەرخان کرابوو ئێستا ئێمە لەوەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی پێک هاتووە تا ئێستا لەبریارەکە دایە کە ئەوانەی خانەنشین دەکرێن مانگانە ئێمە نزیکەی ملیۆنێک ئەدەین ئەو خانەنشینیانەی کە لەکوردستاندا ئێستا مووچە وەردەگرن بەنیسبەت ئەوە وەباشی دەزانین کە ئەم ٢٠ ملیۆنە زۆر نییە ولەوانەیە سیاسەتی حکومەتیش بەرەو ئەوەبچێت زۆر کەس هەیە لە (١٥) ساڵ زیاتر خزمەتی هەیە لەوانەیە بریارێک لەم ساڵدا بدرێت کە ئەمانە خانەنشین بکرێن.

ئەو لیستەیەی کە لە وەزارەتی دارایی دیاری کرابوو تایبەتە بەوشەتانەی کە پەیوەندی یان بەوەزارەتەکانەوە هەیە ئەمە هەر وەکو خشتەیەک دەستنیشان کرابوو شتی (اسواق مەرکەزی) ئەمانە کاتی خۆی (تحویل ذاتی) خۆیان هەبوو وپێویستیەکانی خۆیان دابین دەکرد بەلام ئێستا چالاکیان نیە بەلام لە هەمان کاتدا پابەندیان هەیە بەرامبەریان بۆ ئەوەی مووچەیان بدەینێ پێداویستیەکانیان بدەینێ بۆیە ئەم مووچانە لەمەرکەزەوە دابەش ئەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ وەلامی بەڕێز وەزیری دارایی پێشەکی دەزانین دوژمن کوردستانی وێران کردووە بەلام ئەوەی سەیری بودجەکە بکات هیچ بایەخێکی نەداوەتە وێران کردنی کوردستان وبۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان ئەوەی وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن پێشکەش کردووە پێویستە، هەروەها لە بارەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان و وەزارەتی پەروەدەش. دەبارەی مەسەلەی هەونەر

شتی هونەر زۆر کەمە چونکە بەس (فەسلی مواد) تا ئێستا هەمەجۆری تێدا نییە، یا ئۆتۆمبیل چ جۆرە ئۆتۆمیلێکن، بارهەڵگرن یا ئی گواستنەوەن بەڵام بەداخەوە جارێکی تر هاتووە (فصل ومواد).

لەوەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن نزیکەی (١١) ملیۆنیان داوا کردووە بۆ ئۆتۆمبیل، ئاساییە ئێمە دەزانین ئەو ئۆتۆمبیلانە بۆ (حەقلی) یە بۆ سیارەی ناو بازارە، هەروەها لە بارەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان جەنابی وەزیر فەرمووی (١،٥١٣٠٠٠) دینار ئەنجوومەنی وەزیران (٩،٢٨٨٠٠٠) دیناری زیاد کرد، پێش دوو رۆژیش جارێکی تر (١٢٢) ملیۆن جارێکی تر ئەنجوومەنی وەزیران زیادی کرد چونکە زۆر کەموکووڕی هەبووە لەوەزارەت. ئێستا زۆر کەمتر بوو وەک لەوەی لەوەزارەتدا هاتبوو. منیش ئەڵێم پێویستیەکان لە زۆر وەزارەتدا کەمترە بەڵام پێویست بوو پێش ئەوەی ئەو بودجەیە دابنرێ دەبوو گفتوگۆکردنی لەسەر بکرێت یا پێویست بوو پێشتر ئەو موناقەشەیە لە ئەنجوومەنی وزیران تەواو بوایە تا بزانین چ وەزارەتێک داوای چی کردووە ئێمە کاتێک رۆیشتین بۆ لای سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وبەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بۆمان ئاشکرا بوو کە ئەو موناقەشەیە لە ئەنجوومەنی وەزیران نەکراوە ئێستا ئەو (١٢٢) ملیۆنی زیاد کردووە، ئەو گۆرانکاریە بۆ پێش ئێستا نەکرا؟

جەنابی وەزیری دارایی دەڵێت (موازنەی) پێشووی بنەڕەتییە راستە، بەڵام زۆر گرنگ بوو چونکە بنەڕەت بوو بودجەی کوردستانی لە سەر وەستا بوو، مامۆستایان، پسپۆران لە بابەتی ژمێریاری و بەڕێوەبردن ونەخشەدانانی دارایی(محاسبەی ئیدار تخطیطی مالی) هەموویان بەشداریان تێدا کردبوو، بەڵام جەنابی وەزیری دارایی بۆ خۆی دەڵێت دوو فەرمانبەری ئازا ئەوان چاکیان کردووە، کە تەنها (٥) دەقیقە لەگەڵیان دانیشتووە، جەنابی وەزیر خۆی شارەزا نییە لەموازەنە کەچی تەرخان کردووە یا چ بڕیارێکیان داوە ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی ماوەی نەبێت دەتوانێت داوا لەجەنابی وەکیل وەزیر بکات، چونکە بریکاری وەزارەت ناتوانێت شتێک بکات ئەگەر وەزیر داوای لێ نەکات.

دەربارەی ئاهەنگەکانی زانکۆی سەلاحەدین جەنابی وەزیر ئەڵێت ئەمە زانکۆیەکی رەسمییە لە کوردستان دەبێ گرنگی زۆر بە ئاهەنگەکان بدرێت راستە منیش ئەڵێم زانکۆیەکی زۆر سەرەکییە ولە دەرەوش هەر بەو زانکۆیە سەیری خوێندنی باڵای ئێمە دەکەن، بەڵام لەبەرچی بۆ ئاهەنگەکان پارە زیاد دەکاو بۆ چاپ کردن کەمی دەکاتەوە؟ خۆی داوای (٥٢) هەزاری کردووە، ئی ئاهەنگ گێران دەکاتە (١٠٠) هەزار زیادی دەکات بەڵام خەرجی چاپ کە شتێکی زۆر گرنگە لە زانکۆ لە (٢٩٠) هەزار دینارەوە دەکاتە (١٠٠) هەزار لێرە بۆ ئاهەنگی زانکۆیەکی سەرەکی گرنگە ، بەڵام نەفەقاتی چاپ شتێکی زۆر پێویستە کەچی کەم دەکرێتەوە!.

بۆ بە (وەفد) ناردنەدەرەوە (ایفادی خارجی) (٦) ملیۆن داندراوە بۆ وەزارەتی دارایی

وئابووری لەسەر بنەمای ئەو دابەش کردنەی نەتەوە یەکگرتووەکان راستە کە عێراقیش لە سەری ئەروات ئایا لە هیچ دەولەتێک شتی وابووە؟ یان هەر وەزیرێک لەوەزارەتی خۆی (ایفادی) دەرەوی هەیە؟ تا چ وەزارەتێک چەندی پێویستە بۆی تەرخان ئەکرێت یاخود وەزارەتی دارایی ئەو بابەتە دائەنێت. زانکۆی صلاح الدین چەندی پێویستە ئەوەندەی بۆ تەرخان ئەکەین. لە بارەی وەزارەتی پێشمەرگە جەنابی ئەڵێت پێویستی بەگرێدەر شوفەڵە من پرسیاری لێ ئەکەم ئایا وەزارەتی ئەشغال ونیشەجێ کردن، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان زیاتر پێویستیان بە شۆفەڵ وگرێدەر هەیە یا وەزارەتی پێشمەرگە؟ ئەگەر وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ یا وەزارەتی شارەوانی شۆفەڵ وگرێدەری هەبێ هەر کاتێ وەزارەتی پێشمەرگە پێویستی پێ بوو بۆی دەنێرێت. لە پێشان (١٥٠) هەزاری داوایکردووە بۆ ئامێرەکان، چۆن دوایی داوای (٣٠٠) ملیۆن دیناری کردووە؟ ئایا زەربیان کردووە بە (٢٠٠٠) هەزار جار؟ واتا وەزارەتی پێشمەرگە بۆ خۆی دەزانی پێویستەکانی چەند بوو.

لە بارەی وەزارەتی ناوخۆش وەزارەتی دارایی لە ٣٨٪ی بودجەکەیانی کوشتووە بۆ ئۆتۆمیل تەنها لە دیوانی وەزارەت هێشتوویانەوە هەتا بەرێوەبەری گشتی دارایی لەگەڵ هەردوو بەرێوەبەرایەتییەکانی هاتبوون بۆ ئێرە تەنیا هەر هەموویان نەهێشتووە چونکە لە جیاتی دیوانی وەزارەت داوای (٦) ملیۆنییان کردووە فلان بەرێوەبەرایەتی پۆلیس وفریاکەوتن (١٥ر٥٠٠) ملیۆنیان داوا کردووە، فلسێکی بۆ نەهێشتوونەوە ئاسایش داوای (٢ر٦٠٠٠٠٠) دیناری کردووە فلسێکی بۆ نەهێشتوتەوە جگە لە داواکەی وەزارەت یەک فلسی بۆ نەهێشتوونەوە، کەزانیمان داواکەیان زۆر پێویستە چونکە پەیوەندی بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، بەتایبەتی ئێستا زیاتر بۆ ئێمە ئاسایش وفریاکەوتن لە هەموو شتێک پێویست ترە کردیان بە (١٠) ملیۆن ئەویش دابەش بوو، (٦) ملیۆنی بۆ فریاکەوتن وپۆلیس، راستە بەش ناکات چونکە بۆ خۆی داوای (١٥ر٥) ملیۆنی کردووە وئەو گۆرانکاریەی کە بووە هەمووی مانگێک ودوو مانگ پێش ئێستا کرابا وموناقەشەکەیان تەواو کردبا، دوای ئەوە بۆ پەرلەمان هاتبا، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە ئەو تێبینیانەی لیژنەی ئابووری بۆ هەندێ برایان ئەندامانی پەرلەمان جێگای سەر سورمان بوو، بەراستی ئەوە بەرگریەک لە پەرلەمان ئەکات چونکە وەکو دەرکەوت ئەو کۆبوونەوەیەی کە کرا لە ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادە بوونی جەنابی وەزیری دارایی شێوەیەکە، ،جگە لەو شێوەیەی کە ئێستا لیژنەی ئابووری باسی ئەکا درابوو بە ئەنجومەنی وەزیران ئەو گۆرانکاریەی کراوە پەرلەمان کردوویەتی نەک وەزارەتی دارایی، ئەو گۆرانکاریەی لە پێشنیارەکەی وەزیری دارایی کراوە ئەوە لیژنەی ئابووری یا پەرلەمان کردوویەتی بۆیە وەزیرەکان زۆر سەریان سورماوە بەم کەم بوونەوەیە پاشان دەرکەوت کە لیژنەی ئابووری زۆر شتی خستوەتە سەری یا هەندێ شتی کەم کردۆتەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بودجەیە لە ئەنجوومەنی وەزیران موناقەشە کراوە، هەموو وەزیرەکان بەشداریان تێدا کردووە نەک هەر گفتوگۆ یەکی سەر پێی بەڵکو دابەش کراوە وچەند رۆژی بۆ دانرا کە رۆژی کۆبوونەوە هەر کەس رای خۆی تێدا بدات. جا لەوانەیە یەکێک لەو بەڕێزانە بوواری نەبوو بێت بیخوێننەوە خەڵکی پەیوەندار پێویستیەکانی بە باشی بۆ روون نەکردبێتەوە ئەوە بابەتێکی ترە وانەزانرێت کە لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، بەتێرو تەسەلی بودجەکە تەسلیم کراوە بۆ ئەوەی کەوا بریاری لەسەر بدرێت وئەنجامی ئەو بریارە بۆ پاشکۆ ناردراوە، ئەنجامی دیراسەکردن لە ئەنجوومەنی وەزیران پاشکۆکەیەتی کە پێشکەش کراوە وپێش ئەوەش هەر وەزارەتە نوێنەری خۆی ناردووە وئەوجارە مەحزەری دانیشتنشیان هەیە بەڵام کەم وکووریمان زۆرە، هەر وەزارەتە پێویستی بەبینایە هەیە چەند وەزارەتمان هەیە شوێنیان نیە داوای تأسیس دەکەن ئەوە هەمووی پارەیە ئەو پارەیەش لەبەر دەستدانییە، مەبەستەکە ئەوە نەبوو کە بڵێین شێوەیەکی جیاواز پێشکەش کراوە هەر لەوەدا بوو کە تەنها لێرە گۆیمان لە ژمارە بوو کەم کراوتەوە پاساودانی ئەو کەم کردنەوەیە، لێرە باس نەکرا کە بەڕێزان هاتن باسیان کرد زیاتر بۆمان روون بۆوە، بەڵام بۆ راستی وەنەبێت زانیارێکی تازەمان پێ درا بێ بۆی هەیە زانیاریەکە گۆرابێ چونکە لە ئەنجوومەنی وەزیران زۆربەمان خەڵکی پسپۆر نین لە بابەتی وا دا، دەبێت زۆر خەریکی بین وگوێ بدەینە قسەی پسپۆر ئەوجا مەسەلەکان لەلامان روون دەبێتەوە، ئەوەندەمان زانی ووتیان ئەوەندە ملیۆنە کەم کراوەتەوە بەڵام کە روونیان کردەوە ئێمەش لەلامان باشتر روون بووەوە لەگەڵ رێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لێرە ئەبێ تۆزێک باسی بودجەی وەزارەتی ناوخۆ بکەم، لە راستیدا ئەو بودجەی وەزارەتی ناوخۆیە بەو شێوەیەنیە کە وەزارەتی دارایی دای ناوە وئەو بودجەیە کە من پەسەندم کردووە لێرەدا حسابکاری تەنها بەژمارەکردن نابینم، ژمێریاری پێش هەموو شتێ (حسابی افضلیات) بکرێت ئەبێت بەپێی پێویستەکان من قەت بەرهەڵستی ئەوەم نەبووە کە شتی بنەرەتی نەکرێت هەرگیز بەرهەڵستی ئەوەم نیبە کە بڵێت ئاهەنگ نەگێردرێت، بەڵام من بەرهەڵستی ئەوەم هەیە کە پۆلیس چەکی نەبێت، یا پۆلیسی هاتوچۆ ئۆتۆمبێلی نەبێت، ئەمانە شتی پێویستن کە بەگشتی سەیرم کردووە لەو بابەتانە کەم کراوەتەوە کە زۆر پێویستن بۆ ئەوەی سیاسەتی ئەنجوومەنی وەزیران وئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکەوتوو بێت گرنگی بە شتە پێویستیەکان زیاتر بدرێت، ئێمە پێشەکی کە ئەنجوومەنی وەزیران وئەنجوومەنی نیشتمانیی دامەزرا سەرپشکیمان (افضلیەیەتمان) دابە، پەروەردە، ناوخۆو پۆلیس وئاسایش تا وولاتەکەمان هێمن بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان هەر وەزارەتێک کە دانراوە لە بەر گرنگی ئەو دەستگایە دانراوە کە پێویستی هەرە گرنگی پێی هەیە و ئەو بودجەیەش کۆیەکەی راستە دەگەرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران وبۆ ئەوە پێشکەش کراوە بەڵام کە دابەش دەکرێت وورد دەکرێتەوە وەزارەتەکان وهەر وەزارەتێک خۆی ئەتوانێت گۆڕانکاری لە پێویسیتەکانی خۆی بکات نەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەی من دەتوانم بەرگری لێ بکەم بڵێم ئەو بودجە، بودجەی دەست پێوەگرتنە(تقشف)ە لە هەندێک رووەوە بەڵام کە دێمە سەر پێویستیەکان ووردی دەکەینەوە لە خوارەوە چ پێویستە بۆ وەزارەتەکان ئێستا مەسەلەن کاک د. رۆژ، بەڕێز وەزیری ناوخۆ لێرەیە باسی بابەتەکانی خۆی کرد ئەو باشتر دەتوانێت بەرگری لێ بکات وهەروەها هەموو وەزارەتەکانی تر ئەوجا بۆیە تکام وایە رێگا بدەن بەوەزیرەکان چونکە هیچ حەقێکی ئەوە نییە کەبەرهەڵستێکی یاسایی هەبێت کە ئەتوانی بەرگری لەبودجەی وەزارەتەکەی بکات لە ئەنجامدا ئەوە وەزارەتی هەرێمی کوردستانە نەک هی تاکە کەسێکە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە لایەنی یاسایی و دارایی هەیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر ئێمە دەست بە بەندەکانی ئەم یاسایە بکەین و گفتوگۆ بکرێت. پێشنیار دەکەم خۆتێکەڵ کردنەکە (مداخلەکە) بەو شێوەیە بێت چونکە ئەوی تر ژمارەیە ودیاری کردنی خەرجییەکانە، ئەگەر وەزیری پەیوەندار پێی باش بێت یا پەرلەمان پێی باش بێت کە وەزیرەکان (مداخلەی) خۆیان بکەن پێم باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بالەسەر چۆنیەتی گفتوگۆکردنەکە رێک بکەوین.

**بەڕێزد سەلاحەدین محەمەدحەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم رێگا بدەن بە شارەزایان کەبودجەکەیان داناوە ئەوان بەرپرسیارن، زیاتر لە مانگێکە هەموو رۆژی چەند ساعاتێک لەگەڵ بەرپرسەکانی وەزارەتەکان دانیشتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەتەکە بودجەیە، ئەو بودجەش لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری دارایی پێشکەش کراوە مەسەلەیەکی پسپۆریە بیخەینەوە دەست خۆیان باشە، من پشتگیری لە قسەکەی جەنابت دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نەقـشـبـــەندیی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دەکرێ بودجەکە دابەشی دوو حالەتی بکەین، تێبینی لە سەر بودجە بێ تێبینی لە سەر ژمارە نەبێ تێبینی گشتیمان لە سەر بودجەکە چییە؟ ئنجا شێوەی ژمارە بێتەباس کردن چونکە ژمارەی تێکڕایی (اجمالی) هەیە ئەبێ وەزارەتەکان ولیژنەی دارایی وزۆربەی برادەران نەچنە ناو لێکۆڵینەوە لە ژمارەکان بەو مەبەستەی کە شتێکی پسپۆرییە زیاتر هەندێ تێبینی گشتی لە سەر شێوەی بودجەکە هەیە ئەوە بخرێتە گفتوگۆکردنەوە تاکو لە سەر صیغەیەک رێک بکەون، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولـکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولـکەریم:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

حالەتی سێ یەم کە وەزارەت بە وەزارەت بێ، بۆ وەخت و بۆ رۆشنکردنەوەش باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ماوەیەکی باش لەلایان بووە، برادەران تێبینییان چی بووە با بڵێین لە دوایی گفتوگۆکردنی لە سەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر ئەحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

رای لیژنەی دارایی وجەنابی وەزیری داراییە با گوێمان لە شارەزایان بێ ماوەیەک ئیشیان لێ کردووە دوایی وەزارەت بە وەزارەت باسی ئەکەین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئێستا چوار را هەیە یەکەمیان فەسل بە فەسل بێت یان ژمارەی جیاواز باس بکرێ، یا وەزارەت بە وەزارەت ، یا تێبینی ئەندامان لەسەر تێکڕای بودجەکە؟ ئەوە لێزانەکان (خەبیرەکان) خۆیان هاتن با جەنابی وەزیر داوا بکات کە قسە بکەن، ئێستا هەر چواری ئەخەینە دەنگدانەوە..

ئێستا پێشنیارێک هەیە ئەڵێت ئەندامانی پەرلەمان سەرنجی گشتییان هەیە لە سەر بودجە دەمانەوێ روونی کەینەوە، مەبەست وسەرنجەکانتان چییە؟

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بودجە دیارە بە دوو خاڵ (المواد الثابتە المتطورە والمستقرە وغیر المستقرە) داهات (واردات) هیچ رێژەی سەدی تیا نییە جەنابی وەزیر ئەڵێ ناتوانن (مواد مستقر) نەبێ. کورتی هێنان (عجز) زۆر هەیە بە شێوەیەکی تر چارەسەر دەکرێ لەوانەیە رامان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاکەرەش گفتوگۆی دوو مانگە نەک دانیشتنێک، مەبەست لە سەر تێبینیە گشتییەکان و، لە سەر تێکڕای وەزارەتە پاشان وزارەت بە وزارەت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەوڵ بدەین گفتوگۆکردنەکە پەیوەندی بە خودی بودجەوە بێت، سەرچاوەو داهات بابەتێکی ترە وسەر بە خۆیە لە رووی هونەری دەرکردنی بودجە، دوایی بەکورتی باسی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کورتی هێنان واتا (عجز) شتێکی سروشتییە یەکەم جار کورتی هێنان (عجز) لە ٣٧٪ چۆن چارەسەر دەکرێت پرسیار لە جەنابی وەزیر ئەوەیە ئەو کورتی هێنانە (عجزە) بەباج سەپاندن چارە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو کاک جەمیل باسی کرد ئاهەنگەکان پارەی زۆر بۆ دانراوە ئی زانکۆی سەلاحەدین لە هەموو شوێنی زیاترە ئەو شوێنەی کە ئاهەنگی دەرچوونی (تخرجی) دەبێ پێویستە بۆی دابنرێ بوچی ئەو مەبلەغە زۆرە زیاتر بێت؟ سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەک خاڵم هەیە ئەویش ئەوەیە ئەگەر سەیری بودجەی وەزارەتی پیشەسازی و ووزە بکەین دەبینین بەشێکی زۆر کەمی لە بودجەکە وەرگرتووە نازانم هۆی چییە؟ (تەحویلی ذاتی) خۆی هەیە یا هەر ئەم ژمارەیە کە (٢) ملیۆنی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینەک وپرسیارێکم هەیە لەسەر راوبۆچوونی وەزیری دارایی ولیژنەی دارایی دوو بوچوونی جیا هەیە دوورن لە یەکتری وەکو ئەوە وایە کە هیچیان ئاگایان لەیەکتر نەبێت. چا پرسیارە کەئەوەیە لیژنەی دارایی خۆی ئەو تەعقیبانەی کردووە، یا ئەوەتا هاوکارییەک شتێکی وا بووە یا نەبووە، هەم وەزارەت هەم لیژنەی دارایی داوای هاوئاهەنگی وپێک هاتن لە سەر نزمترین رادەی شتەکان بێت ئەوکاتە لێرە گفتوگۆیان لەسەر کرا، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن حـــەمـــیـــد رەحـــیم:**
**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**
دەربارەی تەلەفۆن پێشنیار ئەكەم كە تۆزێك زیاد بكرێت هەم پارەكەشی ئەگەڕێتەوە بۆ دارایی هەم خەڵكیش زیاتر ئاگایان لێ ئەبێت، سوپاس.
**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**
**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**
بودجەی سێ چوار وەزارەتم دیوە بودجەی هەندێكیان هیچ بایەخێكی ئەوتۆی پێ نەدراوە وەكو پێویست لەوانە وەزارەتی كشتوكال وئاودێری و وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزارو وەزارەتی پیشەسازی، ئەمانە وەزارەتی بەرهەم هێنن حەقە بودجەی تایبەتیان هەبێت، سوپاس.
**بەڕێز د. فـــائق مـــحـــەمـــەد گـــوڵـبی:**
**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**
دەربارەی بۆدجەی وەزارەتی رۆشنبیری،داوا ئەكەم ئەو بۆدجەیەی دانراوە بۆ راگەیاندن ئەگەر وەزارەت پێی رازییە وهەموو پێداویستیەكانی پێ جێبەجێ ئەكرێت ئەوە خۆیان ئەزانن، ئەگەر وانیە هەوڵ بدرێت بۆدجەی راگەیاندن كەم بكرێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز كـاكـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**
**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**
یەكەم تێبینیم ئەوەیە كە من لەگەڵ برادەران نیم كە ناویان ناوە نیو ملیار لەسەر ئەو بنەمایەی كە بودجە كورتی هێناوە لە كاتێكدا من وای بۆ دەچم بودجەی ئێمە هەمووی بودجەی كورتی هێنە (عجز)ە، چونكە دراوەكانی داهات (قەنواتی ایرادات) كە جەنابی وەزیری دارایی باسی كرد لە وەزارەتەوە تەرخان كراوە نەیتوانیوە هیچ مسۆگەر بكات ئەبوایە وەزارەتی دارایی سەبارەت بەكارگەكانەوە پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ یەك هەبوویایە ونزمترین رادەی بۆ بەرهەم دیاری كرابایە، بیزانی بایە چەندە بەرهەمیان هەیە لە ٩٠٪ بگەنە مەبلغێكی راست، هەندێ وەزارەت هەیە كە وەزارەتی دارایی بۆی نەچووە وەزارەتی كشتوكاڵ، ئێستا زەوی بەكرێ دەدات، پێویستە بۆجووتیارەكان بگەرێتەوە بە پارە، بەلام ئێستا بەكرێ دەدرێ كە بەكرێ دەدرێ لەوانە تواناێكی زۆر تا بڵێی بێتەجی، چونكە زاندراوە چەند دۆنمە ومەبلەغی كرێكەیان لەلایەن بەڕێز وەزیری كشتوكاڵەوە دیاری كراوە كە كرێكەی چەندە. هەرگیز هێمای بۆ نەكراوە تەنیا نووسراوە (مواد اخری وضريبة الدخل وضريبة العقار والصحة) ئەوانەش هەمووی پابەندە بە بارودۆخێكی تایبەتی، ئێستا هەموو موعامەلەیەك راوەستاوە، ئەبێ ئەوانە حسابێكی بۆ بكرێ لە بەر ئەوە پێشنیار دەكەم وەزارەتی دارایی ئەبوایە بودجەی ئێمە دابەش بكات لە سەر ئەو ١٣٠٠٠ر١ ملیارەو بەرێژەیەكی سەدی بیهێنیتە خواری لەو فەسلانەی كە توانا هەیە تێیدا بێتە خوارێ ،وەزارەت ئاگادار بكرێت بەو رێژە سەدیەی كە لەفەسلەكان بۆمان هاتوونە خوارێ

لەدوواى روون كردنەوەكەى دەڵێ «سنعمل جاهدا لانجاز قنوات والمواد الاخرى» باشە سنعمل جاهدا چییە؟ با ئێمەش كە ئەندامی پەرلەمانین بزانین ئەو تێڕوانینەی وەزارەتی دارایی چییە؟ چۆن ئەگەر واریدات بەفرۆشتنی مەكینە وشتی وابێت ئەوە لەتوانادا نییە ئەگەر وابێ واریدات ئەوەبێ زەوی شارەوانی بفرۆشرێت لەتوانادا نییە مرۆ ماڵی خۆی هەراج بكات ناوی لێ بنێ ئەوە داهاتە بۆ لیژنەكان چونكە هەندێک مرۆی دەست ڕۆیشتوو ئەو زەویانە دەكرن ودەبێتە بازرگانی مانای وایە كە فەرمانبەرێک توانای نییە پارچە زەویەكی شارەوانی لە هیچ شوێنێک بكرێ، بەرای من ئەمە راكردنە وردكاری راكردنە لەچاودێری هیچی تر نییە ولە هەر كاتێک ئەوشتە وورد بكرێتەوە سووتەمەنی گاز دەكرێتەوە وبە بەنزین ئۆتۆمبیل ومەسرەفەكانیش دەگرێتەوە لەبەر ئەوە داوا ئەكەم لە وەزیری دارایی كە ڕێنوماییەكانی راپەراندنی بودجە داوا بكات بە هەموو وەزارەتەكان بڵێ ئەبێت هەمووتان بودجەتان وورد بكەنەوە وئاگادارمان بكەن لە ماوەی یەک مانگ ونوسخەیەكیش لەو وورد كردنەوەیە بۆ برادەرانی پەرلەمان بنێرن بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن ئاگاداری سەربەخۆیی بودجە بن، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو وەزارەت هەنە كەپێش بخرێن وهەموو پێویستیەكانیان بۆ دابین بكرێ یەكەم وەزارەتی پێشمەرگەیە دەبێ ئەو وەزارەتە رێک بخەین وپێویستیەكانی هەموو جێبەجێ بكەین بۆ ئەوەی بتوانین بەربەرەكانی دوژمنی پێ بكەین دەربارەی ئاسایش وبەڕێوەبردنەكان وەزارەتی ناوخۆ بەرای من ئەودوو وەزارەتە پێش وەزارەتەكانی تر پێویستە هەموو بودجە وپێداویسیەكانیان بۆ دابین بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە راستیدا من چەند تێبینیەكی گشتیم هەیە لە سەر بودجەكە، لەوانەیە بۆچوونێكی جیاوازم هەبێت كە بودجەچۆن بێت لە بارووذۆخی ئێستا بەشێوەیەكی گشتی وزۆر كورت ئەو تێبینیانەی كە دەربارەی كورتی هێنان (عجز) كەشتێكی سروشتییە كورتی هێنانەكەمان زۆر لەوە زیاترە كە لە سەر وەرەقەیە وەمن بۆچوونەكەشم وایە تا كورتی هێنانەكەمان (عجزەكەمان )زیاتر بێت بۆ ئێمە باشترە ئەمە لایەنێكیان لەلانی سیاسیەوە ئەبێ بودجەكەمان بەگشتی تیروتەسەل بێت. بودجە ئەبێت هەموو لایەنەكانی ژیان پر بكاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەكی باش بژین وەكو وولاتێكی نیمچە ئازاد بۆچی وانەبێت؟ بۆ ئەبێ خەڵكی دەرەوە یارمەتیمان بدەن؟ ئەم پێویستەیەی لە بودجە ئەیخوێننەوە لە شتێكی تر نایخوێنینەوە لەوە زیاتر ئەگەر بەیانی حكومەتێكی تر هاتە پێشەوە ئێمەش وەكو حكومەتێكی فیدرالی چوینە پێشی هەم دیسان لە سەر ئەو بودجەیە بۆمان تەرخان دەكەنەوە كە ئێمە خۆمان بڕیارمان لەسەر داوە ئەوكاتە ئەڵێین

ئەبێ لە پێویستیەکانمان نەترسین بیخەینە سەر کاغەز ولەکورتی دانیشمان (عجزیشمان) چەندە نەترسێن ودوو ئەوەندەی لێ بکەین بەلام لە هەمان کاتدا بۆ بارودۆخی ئێستا ئەبێ پاشەکەوتی بکەین چۆنی بکەین؟ ئەوکاتە وەکو پەرلەمان بریارێک دەرئەکەین ئەمە دەخرێتەروو ئەکرێ بەگشتی، بەلام پارەمان ئەوەندەیە. بە رای من ئەگەر بەو بودجەیەدا بچینەوە باشترە وبودجەیەکی گشتگیر (شامل) دانێین سوودی سیاسیشمان دەبێ بۆ باروو دۆخی ئابووری وولاتەکەشمان باشە لەگەڵ رێزم دا، وسوپاس.

**بەرێز بەرێوەبەری گشتی بودجە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە گفتوگۆکردنی بودجەمان کرد داوا لە هەموو وەزارەتەکان کرد پشکنینی خۆیان بکەن، ئەو وەزارەتەی دەهات وەکیل وەزیر وژمێریاریان ئامادە بوون مەبلەغەکانیان گفتوگۆی زیاد وکەمیمان لەسەر کردووە، ئەوەی کەممان کردۆتەوە لەکاتی گفتوگۆکردندا لایەنی بەرامبەر بەرهەڵست بووە ئێمەش بەپێی توانا هەوڵمان داوە کەمی بکەینەوە جونکە پارەمان نییە ئەگەر زیادمان کردووە بەراستی مەبلەغی وایە کە زیادمان کردووە «٥٠» هەزار دینارێک بەلام ئەو داوای «٣٠٠» هەزار دیناری کردووە دوای ئەوەش وەزارەتەکان تا ئێستا ئیشی خۆیان باش نازانن یەعنی لە بەر ئەوەی تازەن و فەرمانگەکان تازەن، هەموو پەیوەندیان بە بەغداوە بوو پەیوەندیان بە ئەمینداریەتی گشتی داراییەوە نەبوو لەکاتی گفتوگۆکردندا بەبیریان دەهاتەوە کەمن شتم لە بیر کردووە، دوای ئەوە مناقەشە تەواو بووە مادەیەکی هێناوە دەڵێ ئەوبڕگەیە بۆ من زیاد بکەن واتا ئێستا وەزارەتی پەروەردە لە فەسلی دووەم بەهەمووی «١٣» ملیۆن دیناری پێشکەش کردووە لە گفتوگۆکردندا کردمە «١٢» ملیۆن ونیو، بۆ وەزارەتی پێشمەرگە تا ئێستا نازانین رای پێشمەرگە چەندە، من چۆن بودجە دابنێم؟ لیژنەی دارایی لەبڕگەیەکی (قرطاسیە) وەزارەتی پێشمەرگە داوای«٥٠»ی کردووە (٥ر١) ملیۆن دینار زیادی کردووە لە سەر چ بنەماێک لە گفتوگۆکردندا قەناعەتمان کردووە وزیادمان کردووە ئەو ژمارانەی لە بودجەدا هەیە تایبەتی نین، سوپاس.

**بەرێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تر جەختی لەسەر دەکەم ئەو بودجەیە بودجەی بەردەوامییە واتا بۆ بەر دەوام بوونی دامودەزگاکانی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستانە هەر چەندە لەم بودجەیەدا هەموو بڕگەکانی تێدایە کە پێوەندی هەیە بۆ نموونە وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن بەلام ئێمە نەمانتوانیوە بۆ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە یا ئەشغال ونیشتەجێ ئەوتێ بینیانەی لەلایەن بەرێزانەوە هات کە وەبەرهێنان (استثمار) دانێن چونکە ئەوە ئەرکی وەزارەتی ئێمە نییە ئەوە

بۆچوونێکی واهەیە ئەنجـوومـەنێکی نەخـشـەدانان دابمەزرێ سـەر بەئەنجـوومـەنی وەزیران بێ ئەندامـەکانی هەندێ وەزارەت بن لەکـۆتایدا ئەمـان دەسـتنیـشـانی ئاوەدان کردنەوەو پـێشنیـاری پرۆژەکان بکەن، ئەم پرۆژانە چەندی کشتوکاڵییە چەندی پیشەسازییە چەندی خزمەتگوزارییە.
کـاک عدنان ووتی رێگا چارەی لەکـورتی دانەکـەمـان دەرنەخـسـتـووە(عـجزەکە) وەکـو برادەران باسـیـان کـرد عـجزەکـە شـتـێکی ئاسایـیـە ولایەنێکی زۆر باشە لەڕووی سـیـاسـەتەوە بۆ ئێـمـەش رێگەچارەیەکی تر پەیدا بکەین و پێـویسـتـە چ ئەندامـانی ئەنجـوومـەن چ ئەندامـانی ئەنجـوومـەنی وەزیران پێکەوە بیـری لی بکەینەوە، ئەوە تەنهـا لە سـەر وەزارەتی دارایی نیـیـە بەڵکو لەسـەر هەمـوو وەزارەتـەکـانە مناقـەشـەی لە سەر بـکەن لە کۆتاییـدا بێـتـە پەرلەمـانەوە گـفـتـوگـۆی لەسـەر بکرێ. وبڕیاری لەسەر بدرێ، ئەوجا ئێمە هەوڵی بۆ بدەین.
کـاک یونادم باسی پەیڕەوی ژمـێریاری کرد کە دوو جۆر هەیە بەڕاسـتی ئەویش لیـرەدا کاتی نـیـیـە چونکە ئێـمـە گفـتـوگۆکردنی بودجە ئەکەین ئەمە لایەنێکی یاسـایە چۆن بۆ جێبەجێ کردنی هەندی لەبڕگـەکـانی پێـویسـتی بەکـاتێکی تر هەیە کـە لەسـەری بدوێین. کـاک حـەمـیـد باسـی وەزارەتی پیـشـەسـازی کـرد ئەڵێت بۆچی ژمـارەکـان کـەمـە بەڕاسـتی ئەوەی پیـشـەسـازی خۆیان ئەو ژمـارەیان داوا کرد وهەندێ شـتیـش (تەحویلی ذاتی) خۆی هەیە بەنیـسـبـەت وەزارەتی پیـشـەسـازییـەوە بۆیە ژمـارەکـانی کـەمـە. کـاک ئیبراهیم باسـی کـرد کـە بۆچوونەکـانی وەزارەتەکـان کـەم بکرێتـەوە هەندێ بۆچوونی زۆر رێکوپێکو مـووچەی مـانگەکـە دابنێین، من خـۆشم ئەو بۆچوونـەم هەبوو گـرنگـتـرین ئەرکی ئێمە وپەرلەمان ئەوەیە کە توانیومانە مووچەی فەرمانبەران بدەین.
کـاک رزگـار ئەڵێ بـایـەخ نـەدراوە بە وەزارەتـە بەرهەم دارەکـان ، وەکـو باسـم کـردن لـە پرۆژەی وەبەرهێنان (اسـتـثـمـارات) باسـی بکرێ، بۆ وەزارەتی رۆشنبیری وەکـو دانراوە رەزامەندی لە سـەر کراوە.
کاکەرەش دەفـەرمـوێت کـارگـە پیـلانی بەرهەمی بۆ دابنرێت ئەوە ئیـشـی من نیـیـە ئەمـە وەزارەتی پیـشـەسـازی پیـلانی خۆی هەیە مافی من نیـیـە دەسـتی تێـوەردەم، هەروەهـا سـەبارەت بە وەزارەتی کشـتـوکاڵ دەسـتـکەوتەکانی رەچاوکراوە لەوەی کە (تحویل ذاتی) خـۆی هەبێت. لەبارەی گومـرگی ابراهیم خلیل وئەمانەدا دانرا کە هەموو داهاتەکانی بەناوی وەزارەتی داراییە بۆ ئەوەی بەگوێرەی پەیڕەوێـکی ژمـێـریـاری هەرچی داهاتێـک هەیە تۆمـار بکرێت بـۆ ئەوەی لەگـەنجـینـە دابنـدرێت تا تۆمار بکرێت ئەنجوومەنی وەزیوان بەگوێرەی بودجەکە خەرجی ئەکات.
د. رۆژ باسـی ئاوەدانکردنەوەی کـرد منیـش لەگـەڵ ئەوەدام بەڵام بـودجـەکـە پێـی ئەڵێن بـودجـەی تایبـەتی منیـش لەگـەڵ ئەوە دام بەزووترین کـات ئەو بـودجـەیە دابنێین بەڵام پێش بـودجـەکـە نەخشـەکەی دابنێین، چونکە هەمـوو پرۆژەیەکی کـشـتـوکاڵی وپیـشـەسـازی وخـزمـەتگوزاری پاش لێکۆڵینەوەی جودای پیـشـەسـازی دیاری ئەکرێت، ئەو کاتە دەتوانین بە دۆسـتـەکـانمان بڵێین ئەم پرۆژانەمان پێویستە پاش لیکۆڵینەوەی لە رووی زانستیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەوتێ بینیانەی کە بەڕێزان باسیان کردو بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامی دانەوە هەندێ گیروگرفت لە دانانی بودجەدا هەبوو کە باس کرا.

دێینەوە سەر ئەوەی چۆن دەست بە گفتوگۆکانمان بکەین بەراستی پێشنیارەکان کورت ئەکەینەوە، یەکێکیان فەسل بەفەسل پێشنیارێکیش هەیە وەزارەت بە وەزارەت دوایی بەش بەش باسی ئەکەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبارەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەم داواکاریانەی لەگەڵ بوو زانکۆی سەلاحەدین، سلێمانی، دهۆک پەیمانگای هونەری هەولێر و سلێمانی ودهۆک فەرمانگەکانی ئامارکردن (٨٨٠ر١٤٠ر٥٣) ملیۆن دیناریان داوا کرد بوو(٥٠.ر٥٦٠ر٤٨)ملیۆن دینار لە وەزارەتی دارایی پاش ئەوەش (٢٠٠ر٧) ملیۆن لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران بەنووسراوی رەسمی کاتی خۆی زیادمان کردووە لەگەڵ ئەو زیادەیە بەرای ئێمە بووە بە (٥٠ر٦٦ر٥٤) ملیۆن دینار، خرایە سەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران خۆیان داوای (٣٣١ر٨) هەزاریان کرد بوو لە وەزارەتی دارایی (٥٠٠ر٧٩٩ر٧) ملیۆن لای ئێمە لیژنەی ئابووری بووبە (٦٥٠٠ر٦) ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەو شێوەیە کە هاتووە ئەگەر لیژنەو تەنسیق رێک کەون لەخاڵی هاوبەشدا، مانای وایە ئەو جارەش ووتمان ئەو ژمارانەن کە نەهاتوون لە لیژنەی دارایی نەهاتوون،دێینە سەر ئەنجوومەنی وەزیران کە خاڵێکی زیادەیە لەسەر هی ئەوان لەدەرەوەی ئەوەی کە لیژنە باسی کردووە، دەنا ئەو ژمارانە نەهاتوون لە لیژنەی ئابووریدا، مانای ئەوەیە کە لیژنەی ئابووری رێک کەوتووەو ناتەبایی نییە، بۆ گفتوگۆی لەسەر بکەین؟ ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان لەدەرەوەی لیژنە چ بابەتێک باس بکات بواری ئەدرێ بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتە، جا با لیژنەی ئابووری دەست بکات بە خوێندنەوەی خاڵی ناکۆکی وئەو رێنوماییانەی کە کردوویانە، لەدەرەوەی ئەوانە کە کۆکن لە سەری.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(٥٠ر٨٦٥ر٤٨) دینار بوو کاتێ کە لە وەزارەتی داراییەوە بۆمان هاتووە، لە ئەنجوومەنی وەزیران(٩٠٠ر٧) ملیۆنیان زیاد کردووە بووەبە(٥٠ر٧٦٥ر٩٥٦) ملیۆن لای ئێمە هەندێ گۆرانمان تێدا کردووە بووبە(٥٠ر٢٢٦ر٥٤) ملیۆن دینار ئێستا گۆرانکاریەکان یەکەیەکە ئەڵێم.

١- دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران خۆیان (١٥) هەزاریان دانابوو لەوەزارەتی دارایی کردیانە

(٣٠) هەزار لیرە کردمانەوە بە (١٥) هەزار.

٢- بۆ پاراستن وبینایەکـان ئەنجـوومـەنی وەزیران داوای یەک ملیـۆنیـان لە وەزارەتی دارایی کردبوو، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

لە فەسلی (٣ و ٩) ئەو مادە پێـویستانە لای ئێمە چەسپێندراوە کەس قسەی نییە لە سەر یان؟... کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو لیژنەی ئابووری چەسپاندوویەتی؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لەفـەسلی چوارەم پارێزگـاری وچاککردنەوەی بیناکـان داوای ملیـۆنێکیـان کـردبوو لە وەزارەتی دارایی هەر ملیۆنەکیان دانابوو لیژنەی ئێمە بەراستی سەیری بنایەی ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد دیتی زۆر چاکـە وپێـویسـتی بەپاراستن وچاککردنەوە ناکـات کـردمـانە (١٥٠) هەزار بۆ دامـەزراندنی ئاو وکـارەبا (٥٠) هەزاریان داوا کـردبو لە وەزارەتی دارایی بەس« ئەوەندەیان دانابوو ئێمە دەبینین بۆ دامەزراندنی ئاووکارەبا (٥٠) هەزار زۆرە چونکە تأسیسەکە زۆر چاکە بۆیە ئێمە (١٢) هەزارمان داناوە، بۆ پاراستن وبەردەوامی هۆیەکـانی هاتوچۆ (صیانة وسائط النقل) داوای (١٥٠) هەزاریان کردبوو وەزارەتی دارایش (١٥) هەزاری داناوە ئێمە دەبینین کە ئۆتۆمبیلەکانیان زۆر چاک وتازەن لەم ساڵەدا (٥٠) هەزار بەسە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەراستی روونکردنەوەیەک سەبارەت بەو شتانە لەدارایی دەگۆترێن زیاد کراوە، ئەوە لە ئەنجامی ئەوە بووە هی یەکـەم لە باتی ژمـێـریاری وەزارەت چووە، دوای ئەوە کـە هاتوینەتەوە لەگـەڵیـان دانیـشـتووین ئەوجا جـارێکی تر چووینەوە، هەندێک شتی تریان کردبوو، دوای ئەو دانیشـتنە دەرکەوت کەمـوکوڕی هەیە لەوەزارەتی دارایی، دوای ئەوە پەزێرایی کردنی بیناکـان (صیانەی مـبـانی) بەراسـتی بۆ هەمـوو کـەسـێک دوور بەدوور وا دیارەکـە بنایەکـان باشن بەڵام زۆر پێویستیـان بە گۆڕانکاری هەیە، ئێستـا لە ئەنجوومەنی وەزیران پێویستیمان بە چەند شتێک هەیە ئەوە ئەنجوومـەنی نەخشـەدانان دادەندرێت ئەویش کە پێـویستی بە زۆر ژووری تر وجـێگا هەیە لەگـەڵ وەزارەتی پەروەردە وەزارەتی رۆشنبـیـری رێک کـەوتووین بریاریشـمـان هەیە کـە بنایەکەی لەدەرەوە چاک دەکرێتەوە، دەچنە ئەوێ، وپەروەردە دەچێتە جێگای ئەوان، وەزارەتی پەروەردە ئەو کـاتە دەگەرێتـەوە سەر ئەستۆی ئەنجوومەنی وەزیران، نەک بیکەنە حەرەم سەرای (جناحی) دەستـەی سەرۆکایەتی وەزیران، ئەو بینایە هەمـوو ئیشـوکـارەکانی بە (٢٥٠) هەزار دینار جـێبـەجێ ناکـرێ چونکە نهـۆمـێکی هەیە هەر بەتەواوی تێک چووە دەبێ لەنوێ دروست

بکرێتـەوە جـا ئەو نهـۆمـە لەوانەیە ملیـۆنێکی بۆی بۆیە چارێگە ملیـۆنێـک بۆ چاککردنەوەو بەردەوامی بینا زۆر کەمـە دوای ئەمـە دەگەڕێینەوە سەر چاککردنەوەوبەردەوامی کـارەبا ئەوە لە کـاتێکدا کە دەزانن کەلوپەلی کـارەبا چەند گرانە ئەوە لە ژێرەوەکە هۆڵێکمان دروست کردووە بۆ کـۆبوونەوە جـێی (٥٠) کورسی تێـدا دەبێـتەوە گلۆپەکانی چاک ناکرێتـەوە چونکە پارەنەمـاوە چاک کـردنەوەی هەر گلۆپەکـانی سـەرەوە(١٥) هەزار دیناری پێـدەوێ، جـا بۆیە وامـان داناوە تکامان وایە تەماشا بکرێ، ئەگەر پارەمایەوە بێگومان بۆ گەنجینەی دەگەڕێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

سـەبارەت بەچاک کـردنەوەو بەردەوامی بیناکـان ودامـەزراندنەوەی کـارەبا، کـاک د. فـوئـاد باسی کـرد، منیش هەمـان رام هەیە، هەروەها سـەبارت بە هۆیەکـانی هاتوچۆ، کـاک جـەمـیل ووتی ئۆتۆمـبـیلەکـانیـان تازەن راسـتـە لەوانەی ئی من یا د. فـوئاد تازە بێت بەڵام ئی پاسـەوان ونۆبەتدارەکـان وفـەرمـانبـەرەکـان تازە نین، نرخی بازاریش بەوشـێـوەیەیە ئەو بڕەی کـە دانراوە حیسابی ئەوە کراوە کە بتوانین بۆ ماوەی ساڵێک ئوتۆمبیلی پێ چاک بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر ئەحـمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەربارەی پەزێرایی بیناکـان (صـیـانە المبانی) بەراسـتی (٢٥٠) هەزار کـەمـە چونکە خـۆمـان دەزانین کەرستە گران وکەمە واتا ئەگەر چاک کردنەوە هەبێ ژوورێک زیاد بکرێت، سەبارەت بە رێک خستنەوەی ئاووکارەبا ئێستا کەرەستەیان گرانە ئەو دوو خاڵەی کە لەگەڵیدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

تۆزێک پێش ئێستا جەنابی سەرۆک وەزیران وتی ئەوە دەست پێوەگرتنە (تقشف)، واتا دەبێت نزمترین رادده وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من پێم باشە کە گفتوگۆی لەسەر دەکەین لێرە بابەتیانە (موضوعی) گفتـوگۆ بکەین، ئێمە داوامان نەکردووە مەکـتـەب نەبێ، بەڵام گەر بێـینە ئەنجوومـەنی وەزیران و سـەرۆک وەزیران کە هەیە، پێویستی بەوە دەبێ بەڵام ئەگەر بڕیارێک بدەین هەمـوومان چاوپۆشی لە هەموو شوێنێک بکەین ئێمە هیچ لاریمان نییە، هەر پێشـمـەرگەی جـارانین بەڵام کە بوت دانا دەبێ بۆی دابین بکەی یان هەمووی فت (حەزف) دەکەین بۆ نموونە هی هۆیەکانی گواستنەوە باشە ئەو ئۆتۆمبیلانە لەکوێ هاتوون و چۆن کڕیویانە؟

ئەو ئۆتۆمبێلانە کە زیاتر پێویستیان بە چاک کردنەوەو بەردەوامی هەیە، من ئوتومبیلی خۆم ئەوەندە پەزێرایی (صیانەی) ناوێت بەقەدەر ئەوانەی تر کە دەیانەوێ بۆیە ئێستا ئەو ئۆتۆمبێلانەی هەمانە بۆی نییە بە (٥٠) هەزار پەزێراییان(صیانەیان) تەواو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا پێشنیاری لیژنەی ئابووری ئەم سێ برگەیەیە کە تێبینیتان لەسەری هەبوو، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی ئابوورییە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟

کێ لەگەڵ ئەوە نییە؟ رەفز کرا سێ برگە هەیە ئێستا برگە بەبرگە دێینە سەریان کێ تێبینی لە سەر ئەوەی وەزارەت هەیە؟ کێ لەگەڵ پێشنیاری وەزارەتی دارایی یە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرای دەنگ وەرگیرا (النفقات التحويلية) شەش خاڵە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دەمەوێ یەک شت روون بکەمەوە لیژنەی ئابووری کە لەگەڵ وەزیر وپسپۆران دانیشتن چاوەڕوان دەکرا ئەوان بگەنە صیغەیەکی پەسەند کراوو پێشکەشی بکەن بە پەرلەمان ئەنجا ئەندامان پەرلەمان ئەگەر تێبینیان هەبێ، چونکە ئاکامی چارەکەی لێرە پەیا دەبێت نەک خستنەڕووی ژمارەکان یەکێک کەمی ئەکاتەوە وەزارەتی دارایی زیادی ئەکات، کەم کردنەوە لە سەر بنەمایێک دەبێ ئەگەر ناشی گرێتەوە ئەویش لەسەر بنەمایێکە، لە بەر ئەوە لە دەنگدانەکە هەندێ کەس نازانین لەگەڵی بێت یان نا. یەکێک ئەڵێ (٦) ملیۆن یەکێک ئەڵێ (٢) ملیۆن جا تۆ نازانی بۆچی (٦) ملیۆن بێت یا (٥) ملیۆن بێت بە بۆچوونی من وا باشتر بوو لیژنەی دارایی لەگەڵ وەزارەتی دارایی لە دانیشتن یەکێکیان ئەوی تری رازی بکردایە ئەوجا بیانهێنایەتە پەرلەمان ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان تێبنییان هەبوایە ئەوان قسەیان بکردایە. بەبۆچوونی من بابەت مبلغ نییە چەند بۆ وەزارەت دابنرێت چاودێری لە سەر خەرج چۆن دەبێت بۆ هەموو لایەکمان تا ئەو خەرجە بە شێوەیەکی باش نەبێت بەرای من تەرتیبی چاودێری باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە بودجە دەڕاستێنین (تصديق) دەکەین پەرلەمان بەرپرسیارە بەرامبەر ئەم بودجەیە، بەرپرسیارە لە جێ بەجێ کردنی لەهەموو دنیاش وایە، باشە ئەگەر مەزەندە (تخمین)ی بکەین کە دوو بۆ چوون هەیە وەک یەکن، باشە بۆ موناقەشەی بکەین؟ لێرە ئێمە دوو راپۆرتمان لە پێشە کە کورتی بکەینەوە، لیژنەی ئابووری پێشنیاریان هەیە، پێشنیاری حکومەت کە وەزارەتی دارایی نوێنەرایەتی دەکا، ئەوەی کەباسی دەکەین هی پەرلەمان نییە بەڵکو هی وەزارەتی داراییە.

کێ تێبینی هەیە قسەی لە سەر ئەکەین، وارێک کەوتووین کە بیخەینە دەنگ دانەوە ئەگەر

پێک نەیەن لە سەر پێشنیاری لیژنەی ئابووری ئەیخەینە گفتوگۆکردنەوە، ئەوکاتە پێشنیاری لیژنەی حکومەت وەک زیادی بکات کەمتری بکات، ئەگەر نەبێت پرسیار ئەکەین ئەبێ یەکێک پەسند بکرێ جا لە بەر ئەوە ئەندامێک نازانی ئارەزووی خۆیەتی بەڵام ئێمە لێرە هەموومان بەرپرسیارین لەو بودجەیە، ئەبێ بخرێتە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٦ نەفەقاتە(٢٠) (المنح المتفرقة)یە. پێشنیار لەوەزارەتەوە، یەک ملیۆن دینار بووە ئەوەی کە لەسەری ڕێک کەوتوون یەک ملیۆنە، لەلای لیژنەی دارایی بۆ بە (٢٥٠) هەزار دینار.

**بەڕێز د. خەسرۆ گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(منح مفتوحة) ئەگەر بۆمان روون بکەنەوە خراپ نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاداشت (موکافئە) یاخود جورە یارمەتیەک کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەچێت بۆ شوێنێک دەیبەخشێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منح جیاوازە لەگەڵ پاداشت (موکافئە)، پێدان (منح) وەکو بەخششێکە (تەبەروعاتە) کە ئەنجوومەنی وەزیران داوای ملیۆنەکی کردبوو وەزارەتی دارایی هەر ئەوەندەی داوا کردبوو ئێمە دەبینین لەم بارودۆخەی خۆمان چونکە پارە مان زۆر کەمە (٢٥) هەزار دینار مەبلەغێکی وانییە ئێمە دەبینین مانگی (١٣) هەزار دینار بەسە، ئەو مەبلەغە کە لە بەر دەستی سەرۆکی وەزیران وجێگرە بەڕێزەکەی دابێت مەسەلەی پاداشت (موکافئە) جیاوازە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی پێدانی هەمەجۆر (منحي متنوعة) پەیوەندی بەچەند شتێکەوە هەیە ئەوانەش کە دێن هەندێ جار داوای یارمەتییەک دەکەن یاخود دەبینی یەکێک شەهید دەبێت. ئەو منحانەش وەنەبێت هەمووی لە بەر دەستی سەرۆک وەزیران یا جێگری سەرۆک وەزیراندا بێت بەکەیفی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات هەمووی بە پێی نووسین و وەصلە ئەمە بەشتێکی پێویستی دەزانین چونکە جۆرە پەیوەندیەکە لەنێوان هاووڵاتیان ولە نیوان حکومەت، ئی واهەنە سەردانمان دەکەن کە گرفتێکیان هەیە یا تووشی تەگەرەیەک دەبن لەوانەیە ئەمسال یارمەتی (٢٠) کەسیان دابێ لەوانەی شەهید بوون لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا، چونکە قانوون زۆر

بەشێوەیەکی ڕەق تەماشای مەسەلەکان دەکات، لایەنە مرۆییەکەی کەمترە لە جاران کە هەبووە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن:**

جا ئێستا دوو پێشنیارمان هەبوو پێشنیاری لیژنەی دارایی (٦)کەسیان رایان وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە پێشنیاری لیژنەی ئابووری وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ دژە؟ بە تێکڕای پێشنیاری ئابووری وەرگیرا.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن.**

تکا دەکەم لە سەرۆکایەتی کە دەنگ دانەکەی روون تر بێت بۆ نموونە وترا کێ لەگەڵ لیژنەکەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە واتا ملیۆنەک واتا رای لیژنەکە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەمەگفتوگۆیەکی تێرو تەسەلی لە سەرکرا ئێستاش ئەڵێین ملیۆنێکە و وەزارەتی داراییش لە سەر ئەوە پێک هاتووە، ئی لیژنەی ئابووری (٢٥٠) هەزار دینارە، دەنگدانەکە وابزانم روونە.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن.**

هەر چەندە دەنگی لەسەر درا، بەڵام پێویستە بزاندرێ چەند فەرمانگە لە کوردستانی عێراقدا هەیە حیسابی ئەوە بکەن کە سەرۆکی وەزیران یا جێگرەکەی کاروباریان بەوپارەیە هەڵدەسووڕێ کە فەرمانگە پێویستی بە پێدانێک (منحەیەک) یا شتێک ئەبێت پێویستە بیدات بەو (٢٥٠) هەزارە ئەوە ناکرێت، ئەبوایە لەوێ وەزیری دارایی وەڵامی بدا بایەوە، سوپاس.

**بەڕێز یەحـــیـــا مـــحـــەمـــەد عـــەبدولکەریم:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن.**

(٨) «البرامج الخاصە احتفالات نوروز» تەنها لەوەزارەتی معنیە (١٠٠٠٠٠)دینار بووە لە وەزارەتی دارایی کراوە بە (١٠) هەزاردینار (خاصة متنوعة) (٢٥٠) هەزار دینار بووە وەزارەتی دارایی رازیی بووە لە سەر (٢٥٠ )هەزارەکە لیژنەی ئابووری کردوویەتی بە(١٠٠) هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســــــــەرۆکی ئــەنجـــــــومـــــــەن.**

بەراستی ئەوانەی کە لێرە هاتن هەمووی زاراوەنە (موصطەلەحاتە)، من پێم باشە ئەگەر مۆڵەت هەبێت کە دەووترێ بەرنامەی تایبەتی هەمەجۆر (برامج خاصە متنوعە) شی بکرێتەوە ئەوە چییە؟ ئەنجا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
دانشتنی رابووردوو خاڵ بە خاڵ باسمان کردووە وەزیری دارایی با بفەرمووێ ئەو پەڕاگەندانە (موتەفەریقە) روون بکاتەوە.
**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
«برامج خاصة متنوعة» کارێکە ئەنجام ئەدرێ بۆ جارێک وئەبڕێتەوە، بۆ نموونە کرداری سەر ژمێریمان لە پێشەو پێویستی بەو پارەیە هەیە، ئەکرێت وئەبڕێتەوە یاخود لەناوچەیەکدا نەخۆشیەک بڵاو ئەبێتەوە بۆ ئەم ناوچەیە تەرخان ئەکرێت، سوپاس.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دەربارەی ئەو ژمارانە ئەنجوومەنی وەزیران تەقدیری وەزارەتی داراییش پەسند کرا «١٠٠» هەزار دینار بۆ ئاهەنگەکان دەنووسرێ جێگای داخە کە دەڵێم ئەگەر سەرۆکایەتی وەزیران نەزانن ئەو ئاهەنگانە چین، وەزیری دارایی دەزانی ئەو ١٠٠ هەزارەمان کرد بە (١٠) هەزار، ئاهەنگەکان لەبەرنامەدا نییە ئەوەش پێویست ناکات یەکەیەکی (وەحدەیەکی) سەربەخۆی هەبێت بۆ شتێکی کاتی، سوپاس.
**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
وەکو باسکرا بەرهەڵستکارنین کە ئاهەنگەکان نەکرێن وپارەیان بۆ خەرج نەکرێ، بەڵام پرسیارێک ئەکەم کە بۆ ئەوەی جەژنی رەمەزانە حسابێک بۆ فەرمانبەران بکرێت مەرج نییە بۆ ئاهەنگ گێڕان بێ تۆ پێویستە بەکاری بێنی یانەهێنی ئەبو ئەمانە هەموو حیسابی بۆ بکرێت بەڵام ئەتوانین بڵێین بەگشتی ئێمە هیج ئاهەنگێک ناگێڕین بەڵام (خاصە متنوعە) حیسابی ئەوە ئەکەین کارەساتێک روو نەدات (١٥٠) هەزار دینار مەبلەغێکی زۆر کەمەو لە ژێر دەست دایە باشە لە سەر چ بنەمایێک ئەو (٥٠) هەزارەی لێ کەم کراوەتەوە؟ سوپاس.
**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من لە شێوەی کەم کردنەوەکە تێنەگەیشتم تا ئێستا لەسەر چەند بڕگەیەکیش دەنگمان داوە، من پەیوەندیم بەوە نییە چەند کەم کراوەتەوە وچەند زیاد کراوە هەموویان دەزانن کە بودجەی دەست پێوەگرتنە (تەقەشوفە) هەر وەزارەتە بۆ خۆیان دەزانن چەندیان پێویستە، سوپاس.
**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەو پارەی ئەم رۆژە کە بۆ فەرمانبەران تەرخان کرابێت یا بۆ ئەو کەسانەی کە ئیش ئەکەن ئەوە

قـەيناكـا ، بەڵام من تێناگـەم ئاهەنگەكـان یانی چی؟ بەو پـارەیە چی ئەكـرێت؟ لە چی خـەرج ئەكرێت؟ لە ئاهەنگەكانی نەورۆزدا؟ سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هێروخان باسی ئاهەنگەكانی نەورۆزی كرد، (٢٥٠) هەزاریان بەباش زانیوە ئێمەش پەسەندمان كردووە ئاهەنگ گێڕان بۆ هەر فەرمانگەیەک زیادمان قەبوول نەكرد، بۆ زۆربەی وەزارەتەكان بۆ ئاهەنگ گێڕان (١٠) هەزارمان داناوە ئەو ژمارانە زۆر موناقەشەمان لە سەر كردووە ژمێریاری یاسـایش بەشـدار بوون لە بەر ئەوە كـە هەر پارەیەک دادەندرێت دەزانین بۆ چیمـان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە كـە باسی ئاهەنگەكـان ئەكـرێت بە هەندێ زاراوە، باس لەوەنیـە كـەمـامـۆسـتـای زانكۆ یا ژمێریاری یاسایی بێت لەوە بكۆڵێتەوە ئایا ئاهەنگەكانی نەورۆز یاخود بەرنامەیەكی تایبەتی بۆ (احصای سكانی) دێتە گفتوگۆكردنەوە بەپێچەوانەوە ئەوانەی كە ئێستا دانیشتوون لێژانەكان (خەبیرەكان) كە گفتوگۆیان لەسەر كردووە لەگەڵ ژمێریاری وەزارەتەكاندا بەو ناوەی كە نەورۆز جەژنێكی گرنگە بەنیسبەت كوردەوە كە بەڕێوەبەری ژمێریاری ئەنجوومەنی وەزیران داوای ئەوەی كردووە لەگەڵ ئەوانەدا گفتوگۆی كردووە، جا تكام وایە هەندێ جار ڕێگا بدەن بە لێژانەكان (خەبیرەكان) كە ڕوونی بكەنەوە چونكە ئەوان ڕۆژانە لەگەڵیاندا گفتوگۆیان لەسەر كردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنەی ئابووری،خاڵی یەكەم ئاهەنگەكانی نەورۆز (١٠) هەزار دینارە كێ لەگەڵ ئەوەیە؟ كێ لەگەڵ نییە... ؟جێگیر بوو هەمەجۆر (المتنوعة) ئەوان (١٠٠) هەزاریان تەرخان كردووە وەزارەتی دارایی (١٥٠) هەزار دینار، لیژنەی ئابووری ئەڵێ (١٠٠) هەزار دینار كێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی ئابوورییە؟... كێ دژە؟ بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان محەمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زانكۆی سەلاحەدین فەسلی یەكەم دەرماڵەی هاوسەریەتی ومناڵان (جامعة صلاح الدين، الفصل الاول مخصصات الزوجية والاولاد)«٤٣٩» هەزار دینار ئەمە پێشنیاری وەزارەت خۆی بووە وەزارەتی دارایی لای بردووە، لیژنەی ئێمە وەكو خۆی دای ناوەتەوە چونكە لە بیریان چووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەرماڵەی هاوسەریەتی(مخصصات زوجية) لە زانكۆی سەلاحەدین پێشنیاریان كردووە،

وەزارەتی دارایی جێگیری نەکردووە لیژنەی ئابووری وەکو خۆی چەسپاندوویەتی کێ تێبینی هەیە؟ کێ نیەتی؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەوەی لیژنەی ئابووری جێگیر بێت؟.. کێ دژە؟... بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني رقم(٢) مخصصات وايفاد (٥٠٠ر١٥٠) هەزار دینار پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆیە دارایی لای بردووە(١٥٠) هەزاری داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوار بدەین بەوەزارەتی دارایی ئەمرۆ دوای نیوەرۆ بەیەکەوە دانیشین وبۆچوونەکانمان لێک نزیک بکەینەوە وبۆ بەیانی زوو دەستی پێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دواخستنی بە پێویست نابینم زۆر جار ژمارەکان بەرز یان نزم دەبنەوە، شتێکی ئاساییە ئەوە جاری دووەمە ئێمە دوای ئەخەین، من ئێستا لەدەستەی سەرۆکایەتیەوە هیچ پاساوێک (موبەررێک) نابینم کە ئەم دانیشتنە دوابخرێت، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم دانیشتنە دوابخرێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ لەگەڵ بەردەوام بوونی دانیشتنەکە بوون.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسلی دووەم: نفقات الطبع (٢٩٠) هەزار دینار پێشنیاری وەزارەتی خۆی بووە، (١٠٠) هەزار دینار ئی وەزارەتی دارایی یە لیژنەکەمان گۆریویەتی کردوویەتی بە (٢٥٠) هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرماڵەی بڕگەکانی (ایفاد) وەزارەت لایبردووە، لە هەموو شوێنێ دێتە پێشی باشتروایە هەموو جارێ بەسەریدا باز بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچوونەکە راستە(مرکزیە) لەدەرەوە پسوڵە (بطاقە) بەدراوی قورسە( عوملەی صەعبەیە)، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو هەموو هاوسەنگیەک وەزارەتی هەر دەوڵەتێک بەشەکانی (موازنەیەکی) خۆیان دروست دەکەن، لەبەر ئەوە من هیچ مەرکەزیەتێک نابینم ، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەر باری دەرامەتی ئێمە کە بابەتەکەمان وایە کە مەسەلەکە مەرکەزی بێ باشە، وهیچ وەزارەتێک تا ئێستا کە ایفادی هەبێت بۆ دەرەوە ئەنجوومەنی وەزیران رازی بوون نیشان دەدات، ئەنجوومەنی نیشتمانییش خۆی رەزامەندی دەردەبڕێت هیچ داراییەک نەهاتووە کە وەزیری دارایی رەتی کردبێتەوە، هەموو شتەکانی جێگیر کردووە، بەڵام دەبێ مەسەلەکانی مەرکەزی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت زانکۆی سەلاحەدین سەرۆکی زانکۆ لەگەڵ راگری کۆلێژی پزیشکی (ایفاد) کراوون بۆ خولێک بۆ دەرەوە لەسەر بنەمایێکی زۆر تەقەشوف، (٧) هەزار دۆلاریان دراوەتێ لەو حەوتە کەسێ هەزاری هی رەسمەکانی زانکۆی سەلاحەدینە کە تۆمار دەبێتەوە، ١٠٠٠ دۆلاری هی زانکۆی سلێمانیە، یەکی دوو هەزار دۆلارییان پێیە بۆ سەفەرەکەی خۆیان (٧) هەزار دۆلارەکە دەکاتە (١٧٥) هەزار دینار بۆ یەک سەفەری ئاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە راستە بەڵام گرفتەکە ئەوەیە لەلایەن زانکۆی سەلاحەدین لێرە جێگیرکراوە، بەڵام وەزارەتی دارایی لای بردوە، بەڵام ئایا ئێمە (ایفادەکان) بکەین بە مەرکەزی کەهەریەک لە جێگای خۆی پێشنیاری لیژنەی ئابووری سەپاندوویەتی؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە لە بودجەی هەر وەزارتێک شتێک بۆ خەرجی(ایفاد) دابندرێ هەر چەندە لە بنەرەتەوە (ایفاد) بە رەزامەندی سەرۆکایەتی وەزیرانەو، بەڵام ئەگەر وەزارەتێک بۆ خۆی پارەی لە بودجەدا نەبێت چۆن ئەتوانێت پێشنیاری هەبێت و خەڵکی بۆ ایفاد بنێرێ؟ دووەم ئەوەش کە پارە بەدراوی بیانییە لەهەمان کات هەر کەسێک ایفاد بکرێ دەبێ پەیوەندی بە بانک بکات ئەگەر چی هەر ایفادێک دەبێ رەزامەندی وەزارەتی دارایی وەربگرێت واتا زانکۆ ناتوانێت هیچ کەسێک ایفاد بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها پرسیارێکم هەیە ئەو (١٥٠) هەزارە لە بانکا ئەگۆڕێتەوە ئەگەر لە بانکا بێگۆڕێتەوە (٣) دۆلاری بەدیناری عێراقی پێ ئەکرن ئەگەر لە بازاری ڕەشیشدا بێت ئەمە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵی (ایفاد)وخەرجی ودەرماڵە( ایفاد والنفقات والمخصصات)ە ئێستا چارەسەری بکرێ زۆر دێتەوە پێشمان، لێرە ئێمە کاتی خۆی نەماندا، نیوە مەرکەزیە، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە لەهەموو شوێنەکان هاتووە بۆ نموونە دوو شوێن دێنمەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ (ایفاد) نووسیویانە (٢٠) هەزار سڕیویانەتەوە (٢٠) هەزار ئەکاتە (٢٠٠) دۆلار تا زاخۆ پێی ئەچن وئەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دەربارەی (ایفاد) ئێمە رامان وایە مەرکەزی بێت، ئەگەر مەرکەزی بێت سەرۆکایەتی دەتوانێت شتێکی وابکات کە بە ڕێکوپێکی بێت بۆیە ئەو مەبلەغەش دانراوە چونکە حسابمان ئەوە بووە کە مرکزیە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**هێژا سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بارەی تەرخان کردن بۆ (ایفاد) هەرگیز نەبووە، هەمیشە (ایفاد)مەرکەزی دەبێت، ڕێنومایی مەرکەزیە دەبێت چەند دۆلار حیساب بکات بەپێی ڕۆژانەی دەوڵەتی ئەوروپی چەندە، لە بارەی نرخی دۆلار ئەوەی ڕەسمی بێت بەئیش ڕەسمی بڕوات لە بارەی ایفاد نرخی دۆلار نرخێکی ڕەسمیە دیارە بۆ وڵاتانی عەرەبی ڕۆژانە بەچەند دێت پێویستە ڕێنومایییەکی مەرکەزی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئابووری رای ئەوەیە (متفرقە) پەراگەندە بێت بەسەر وەزارەتەکاندا، پێشنیارێکی تر هەیە کە ایفاد مرکزی بێت کێ لەگەڵ ئەوەیە (ایفاد) مرکزی بێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ مەرکەزی دەبێت.

**بەڕێز پەریخان محەمود عەبدولقادر:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ خەرجی چاپ (نەفقات الطبع )(٢٩٠) هەزار دینار پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆیە (١٠٠)

هەزار دینار پێشنیاری وەزارەتی دارایی یە، (٢٥٠) هەزار دینار لیژنەکەی ئێمە دای ناوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەرجی چاپ (نفقات الطبع) کەکاک د. ئەندامە لە لیژنەی دارایی خۆی لێرە نییە، ژمارە یەکەلک نایەت چونکە ئەمە پەیوەندی بەنرخەوە هەیە ئەمانە هیچی ژمارەی راستەقینە نین شتێکی تەقریبین دکتۆر خۆی لێپرسراوی چاپخانەیە (٢٩٠) هەزارەکەی پێ باش بوو، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ناو هەرێم شوێن هەیە (ایفاد)ی دەوێ، پر دەکەی قەلاچولان ئەروخێت خەلک ئەنێرم ناچار بە (ایفاد) دای بنێم، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بوار هەبێت لەکەیەوە تا ئێستا ئەو بودجەیە دوا دەکەوێ، تا لێی بکۆلدرێتەوە لیژنەی ئابووری لەگەل لیژنە تایبەتەکان بەراستی وا هەست دەکەم کە ئاگایان لێک نەبووە بەدەلیلی ئەوەی تێبینیەکانی لیژنەی دارایی زۆر جیاوازە، دووەم حەز دەکەم ئەو ژمارانەی بودجەکە شتێکی زانستیانە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە کێ لەگەل لیژنەی ئابووریە؟ کێ لەگەل نییە؟ بە تێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(١٥) احتفالات (٥٢) هەزار دینار پێشنیاری وەزارەت خۆیەتی (١٠٠) هەزار دینار وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر نیشانداوە (٥٠) هەزاریش لیژنەکەی ئێمە دایناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لە سەر ئەم خاڵە هەیە؟ کێ لەگەل ئەوەیە ئەوەی لیژنەی ئابووری ودارایی وەکو خۆی بێنێتەوە؟.. کێ دژە؟ بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«المکافئة والاوسمة» پێشنیاری وەزارەت (٢٨٠/٠٠) هەزار دینارە (١٠٠) هەزار دینار وەزارەتی دارایی رەزامەندی لە سەر کردووە لیژنەکەی ئێمەش (٥٠) هەزارمان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز هێرو ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو شێوەی میهرەجان و(أوسمە) داب ودەستوری (بەعسیە)کانە ئی حکومەتێکی شارستانی نییە، خەڵک ئاهەنگ دەگێڕن دەوڵەت ئاهەنگ ناگێڕێ، چونکە هەر حکومەتە دکتاتۆریەکان سەرفی دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنەی ئابووری (٥٠) هەزارە حکومەت ووەزارەتی دارایی کردوویەتیە (١٠٠) هەزار، کێ لەگەڵ لیژنەی ئابووریە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرماڵەی قوتابیان پێشنیاری وەزارەت خۆی (٥١٥٠٠٠) دینارە، بەڵام راسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران کە بۆ ئێمەی ناردووە(٥٠٠٠٠٠ر٥)پێنج ملیۆن ونیوە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لێرە تێنەگەیشتنێک هەیە ئەو یارمەتیدانەی قوتابی کە ئەو ساڵ دراوە «١٠٠» دینار بۆ ئەوانەی خەڵکی شارەکان نین لە زانکۆ وپەیمانگاکان دەخوێنن (٣٠) دیناریش بۆ ئەوانەی کە خەڵکی شارەکەن ئەوە شتێکی هەمیشەیی نییە لە بەر بارودۆخی ئەو ساڵ بوو، بۆیە ئەوەی کە دانراوە حیسابی ئەوە ئەکەن کە مانگی هاوین نەیاندرێتێ ئێستاش کە خراوەتە دەنگ دانەوە بەشێوەی وانەبێت کە هەموو کاتێ پابەند بێت بەدانی ئەو پارەیە وئێمە لەگەڵ (٥ر٥) ملیۆن دینارەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنە تێبینی گۆشەنیگای حکومەتی کردووە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لیژنەی ئابووری چەسپاندویەتی؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٤) (صيانة الموجودات) (٢) (صيانة المباني) «١١٦٠٠٠ر١»یەک ملیۆن وسەدو شانزدە هەزاردینار ئەمە پێشنیاری ناوەخۆیە، وەزارەتی دارایی ڕێک کەوتووە لە سەر ملیۆنێک وپانزە هەزار. لیژنەکەی ئێمە یەک ملیۆنی داناوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دەربارەی زانکۆی سەلاحەدین بینایەکانی زۆر کۆنە لەوانەیە پێویستی بەزۆر شت

هەبێت راستە نووسراوە پەزێرایی (صیانە) بەڵام بەراستی پێویستی بەهەندێ هۆڵی تریش هەیە چونکە ژمارە زیاد بووە بەهۆی ئەوەیە کومەڵێک کێشە هەیە لە بەر ئەوەی پارەکە کەمە ناتوانین هەموو شتێک بکەین بەو بەخشینانە (تبرعات)ی کە خەڵک دەیدەن، جا من پێم باشە کە لەگەڵ زانکۆ تۆزێک ئاسانکاری بکرێ تا بتوانێت لەو هاوینە خۆی ئامادە بکات بۆ خوێندنی ساڵی ئایندە ولەگەڵ رێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ویستم باسی (صیانە ومبانی) بکەم ،چونکە ئەوە زۆر زیاتری تێ دەچی لەوەی لیژنەی ئابووری دانیاوە بەنیسبەت هەمو زانکۆکانەوە گرنگە وەکو بە گشتی سەرنجمدا هەمووی هێنراوەتە خوارەوە وخاڵێکی تر هەیە حەز دەکەم ئیشارەی پێ بدەم وەزارەتی سەعنی بەرزی کردۆتەوە، وەزارەتی دارایی لە خۆیەوە بەرزی نەکردۆتەوە دوای ئەوەی زیادەی بۆچووە ئەو جا بەرزی کردۆتەوە ئەمە تەنها ناوخۆ ناگرێتەوە بەڵکو هەموو وەزارەتەکان دەگرێتەوە، سوپاس..

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/ وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی (صیانە ومبانی) زانکۆی سەلاحەدین زاندراوە حەوت کۆلیجی تیایە کۆلێجی هەندسە نەبێت کە چاکسازی زۆر ناوێت کۆلێجەکانی تر هەمووی چاکسازی زۆر دەوێت، بەرای من مەبلغەکەیان لێ کەم نەکرێتەوە ئەگەر زیاد نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ساڵی ١٩٩٢ بینایەکانی زانکۆی سەلاحەدین کە پێویستی بەچاکسازییە، لە بەر ئەوە ئێمە دەڵێین یەک ملیۆن دینار بەش ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی ئابووریە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟

پێشنیارەکەی لیژنەی ئابووری وەرنەگیرا. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پێشنیاری حکومەت جێگیر بکرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ پێشنیاری حکومەت وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جامعة السليمانية(٢) المستلزمات الخدمية (١٥) هەزار دینار بۆ ئاهەنگەکان پێشنیاری وەزارەتی خۆی (٢٠) هەزاری داناوە، وەزارەتی دارایی ئەوەی دایناوە (٢٠) هەزارە لیژنەی ئێمە کردوویەتی بە (١٠) هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاهەنگ گێڕان لەزانکۆدا وەکو شوێنی تر نییە (١٠) هەزار بەشی یەک ئاهەنگ ناکات، چونکە یەکێک لە چالاکیەکانی زانکۆ ئاهەنگ گێرانە، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت زانکۆی سلێمانی من ئاگاداری هەندێک کاریانم ئەمساڵ ئاهەنگی یەکترناسینیان نەکردووە وەکو دەست پێوەگرتنێک (تەقشفیک) وابزانم هەتا سەرۆکی زانکۆ خۆشی نەڕۆیشتوە وقوتابیەکان خۆیان پابەندن بەو شتە لە بەر ئەوە باسی دەست پێوەگرتن (تەقەشوف) دەکەن لە بەر ئەوە وابزانم (١٠) هەزار دینارەکە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەی لیژنەی داراییەکە (١٠) هەزارە کە بێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەرماڵەی قوتابیان (١٠٠) هەزار پێشنیاری وەزارەتی داراییە، ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی وەزیران «١٠٠٠٠٠ر١» یەک ملیۆن وسەد هەزارە. لیژنەکەمان ئەو ژمارەیەی دانەناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەک تێبنیم هەیە ئەو وشەی (تلامیذ)ە دروستە بۆ برادەرانی بودجە چونکە قوتابی زانکۆ (تلمیذ) حیساب دەکرێ.

**بەڕێز حسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی دەرماڵەی قوتابیان جیاوازیەکی یەکجار زۆر هەیە تەقدیرێک هاتووە (١٠٠) هەزار دینار، دوایە بۆتە «١٠٠٠٠٠ر١»دینار پێش ئێستا نیو ملیۆن بۆتە«٥» ملیۆن نازانم ئەگەر وانیە وەزارەت بۆ وای کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو زیاد بوونە حکومەت داوای کردووە زیاد بکرێ لیژنە تێبینی گۆشەنیگای حکومەتی کردووە، لەکاتی باسی (مخصصاتی تلامیذ)مان کرد بۆ زانکۆی سەلاحەدین ئەویش هەمان شتە. کێ لەگەڵ ئەوەیە پێشنیاری لیژنەی دارایی وئابووری کە پێشنیاری حکومەتیشە وەکو خۆی بێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

زانکۆی دهۆک (١٥) ئاهەنگ گـێـڕان (احـتـفـالات) پێشنیـاری وزەارەت خۆی (١٥) هەزار دینـار بووە، ئی وەزارەتی دارایی هەر (١٥) هەزارە لیـژنەکـەی ئێـمـە (١٠) هەزاری داناوە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

کێ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

مخـصـصـات تلامـیـذ (٧٥) هەزار دینار پێشنیـاری وەزارەت خۆیەتی (٧٥) هەزار وەزارەتی دارایی رەزامەندی لە سەر کردووە راسپاردەی ئەنجوومەنی وەزیران (٥٧٥) هەزارە لیژنەکەمان ئەو ژمارەی داناوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر ئەحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەو پارەیە هێـجگار زیاد کـراوە ئێـمـە لەگـەڵ ئەوەین کـە یارمـەتی قـوتابی بدرێت بە هەمـوو جۆرێـک، بەڵام پێـویسـتی بە ئامـار هەیە پێـویسـتـە ژمـارەی ئەو قـوتابییـانە بزاندرێ کـە دەشێ پارەیان بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەراستی مەسەلەی کێ پێـویسـتـیـەتی وکێ پێـویسـتی نییـە؟ هەمووی داوا دەکا وئەو کاتەی سەرمان لێ دەرنەکرد، جا بۆیە بڕیاردرا بۆ هەموو ئەوانەیە کە دەخوێنن لە زانکۆدا، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران روونی کردەوە ئەمە شتێکی کاتیە لە بارودۆخی ئێستایە کەتەرخـان کراوە ئەو مەبلەغەش کە تەرخـان کـراوە رەوانە ئەکرێ لەئامارەکان ژمارە وشتی وایان هەیە، وەلە وەزارەتی پەروەردەش(٥٠) دینار بۆ ئەو مامـۆسـتـایانەی لە ناوچە دوورەکـانن ئەمـەش هەر هەمان شتە بەشێوەیەکی کاتی واتا بەشێک نییە لەمووچە یان دەرماڵە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

کێ لەگـەڵ ئەوەیە ئەو ژمارەیەی لیـژنەی ئابووری وحکومـەت وەکـو خۆی بمێنێـتـەوە؟ کێ دژە؟ بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحــــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

المعهد الفني- اربيل (٢) المستلزمات الخدمية (١٥) واحتفالات (٢٥) هەزار پێشنیاری وەزارەت خۆیەتی (٢٥) هەزار وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی لەسەرە(١٠) هەزار لیژنەکەی ئێمە دای ناوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

ئەوەش هەر وەکو ئەوەی پێشو کەس تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ژمارەی لیژنەی ئابووری وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحــــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

(٢٨) مخصصات تلاميذ. خۆی وەزارەت پێشنیاری کردووە بە (٤٠) هەزار وەزارەتی دارایی ڕازی بووە لە سەر (٤٠) هەزارە کە ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ لیژنەکەی ئێمە (٨٤٠) هەزار بوو، ئێمەش هەر ئەو ژمارەیەمان داناوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز فــــــەرمــــــانبــــــەری دارایـی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

کە دانرا بووبڕیار دەرنەچوو بوو ئەوانەی ناوشارەکان (٣٠) دینارە ئەوەی دەرەوەی شارەکان (١٠٠)دینار بووە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم ژمارەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحــــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

«٣» المستلزمات السلعية(١٢) اجهزة واللوازم- رياضية. وەزارەت خۆی (٢٥) هەزاری داواکردووە وەزارەتی دارایی ڕازی بووە لەسەر (٢٥) هەزار لیژنەکەی ئێمە (١٠) هەزاری داناوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز/جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ئەوە هیچ لەگەڵ منطق ناگونجێ کە پێداویستییەکانی وەرزشی پێ بێ بۆ قوتابیان وتەنها (١٠) هەزار دابنێ جا نازانم کاک جەمیل ئاگای لەوە هەیە پێڵاوی وەرزشکاری بە چەندە؟ سوپاس.

**بەڕێـز جـــــــەلال جـــــوهـر عــــــەزیـز:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

من پێم وایە هەموو خەمڵاندنەکان کەم وکورتیان تێدایە، ئەوانەی لەوەزارەتەکان یان وەزارەتی داراییەوە هاتووە هەمووی کەم وکورتی هەیە، واتا گەر بێینە بازاڕوسەیری پێداویستییەکانی وەرزش بکەین زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو خەمڵاندنەی کە ئێستا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆپێکی فتبول ئێستا بە (٣٠٠) دینارە بەدلەیەکی تەواو بە (١٠٠) دینارە واتە ئەوە بای نیو تیپی یاری ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆم یاریزانی وەرزشیم، ئەو پارەیەش بۆ تیپە راستە کە مەبەست بۆ تیپە نەک بۆ هەموو قوتابیانە بۆ تیپی وەرزشی هەر لە سەر حیسابی خۆمان کڕیومانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لێرە لیژنەی دارایی وئابووری دەیکێشنەوە (سحب)ی دەکەنەوە واتا پێشنیارێکی تریان هەبێت بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگ دانەوە، لیژنەی ئابووری پێشنیارەکەی خۆیان کێشایەوە، ئێستا پێشنیازی حکومەت ئەخەینە پێش چاو کە(٢٥) هەزارە پێشنیارێک هەیە بکرێ بەدوو ئەوەندە(٥٠) هەزار، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پێشنیارە بچەسپێندرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا. هەر کرینی پێداویستییەکانی وەرزشی پەیمانگاکان بکرێ بە (٥٠) هەزار دینار کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**هێژا سەرۆکی پەرلەمان.**

هی زانکۆی سەلاحەدین (٧٠) هەزار دینارە هی زانکۆی سلێمانی (٥٠) هەزارە، زانکۆی دهۆک (١٥) هەزارە بۆ دهۆک کەمە، چونکە زانکۆی سلێمانی ودهۆک وەکویەکن لە ژمارەی کۆلیجەکان، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(صیانة المباني) پێشنیاری وەزارەت خۆی (٢٥٠) هەزارە وەزارەتی دارایی رێک کەوتووە لەسەر (٢٥٠) هەزار دینار لیژنەی ئێمە (١٠٠) هەزاری داناوە بۆ پەیمانگای هونەری هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەشێ وەکو ئەو خاڵەی پەزێرایی کردنی بیناکانی زانکۆی سەلاحەدین بۆ پەزێرایی (صیانە) هەمووی کەم کراوەتەوە بەنیسبەت پەزێراییەکانەوە (صیاناتەوە) لە راستیدا ئەو پارانە یان پێویستە بۆ ئەوەی پەزێراییان لێ بکەن وپەزێرایی بیناکان پارەی تێ ئەچێ هەمووی حیساب کراوە حەقە خۆیان چۆنیان خەملاندووە وابمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وابزانم هەموو خۆشک وبرایان لێرە بینویانە ئەو خانوانەی لێرە وەردەگیرێنەوە هەر خانووە رەنگە (١٠٠) هەزار دیناری تێ بچی ئەوجا بزانن ئەو بنایەی ئامۆژگای هونەری (معهد فنی) کە ئەو هەمووبەشانەی تێدا هەیە ئایا (١٠٠) هەزار بەشی ئەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەو خانوانە کە تەرخان دەکرێت بۆ ئەندامانی پەرلەمان وکاتی خۆی زۆر ئازار دراوون، بەڵام دەربارەی ئامۆژگاو کۆلێج ئەو شتەیان بەسەر نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو برگەیە لیژنەی دارایی وئابووری وەکو خۆی بهێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ ئەوەی لیژنەی ئابووری وەرنەگیرا. دێینەوە سەر پێشنیاری حکومەت (٢٥٠) هەزارە کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بهێنێتەوە؟ ... کێ لەگەڵ نییە...؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخـان مـحـمـود عـەبدولقـادر:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

المعهد الفني في السليمانية(٢) المستلزمات الخدمية (١٥) احتفالات. پێشنیاری وەزارەت خۆی (٢٢)هەزار دینارە وەزارەتی دارایی (٢٥) هەزار دیناری داناوە لیژنەکەی ئێمە (١٠) هەزاری داناوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بهێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخـان مـحـمـود عـەبدولقـادر:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

٢٨- مخصصات تلامیذ پێشنیاری وەزارەت خۆی ٢٠ هەزارە وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر (٢٠) هەزار دینار کردووە، بەڵام راسپاردەی ئەنجوومەنی وەزیران ولیژنەکەمان (٧٢٠) هەزار دینارە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

هیچ تێبینیەک نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بهێنێتەوە؟ کێ دژە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز پەریخـان مـحـمـود عـەبدولقـادر:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

(٣) مستلزمات السلعة ١٥ التجهیزات واللوازم الریاضیة(٩٤ صیانة الموجودات(٢) السنة المالي پێشنیاری وەزارەت خۆی (٥٠٠) هەزار دینارە هی وەزارەتی دارایی (٥٠٠) هەزاری داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی هەیە لە سەر ئەو بابەتە؟ حکومەت نیو ملیۆنی داوا کردووە لیژنە (١٠٠) هەزاری دیاری کردووە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەوەی لیژنەی ئابووری وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شەمائیل نەنو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

السيد رئيس المجلس ماعدا الرياضة ارى الارقام كانه منزل علينا، بالنسبة لنصف مليون اذا كان اعرف ليش نصف مليون لمعهد فني اكو بناية بحاجة الى ترقيم كبير احنة لنسمع رأي لجنة مالية والاقتصاد واللجنة الوزارية، وشكراً.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە (٥٠٠) هەزارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە چونکە ئامۆژگاوکۆلێژ (معاهد وكليه) پێویستی بەوەیە ساڵانە بەشی تازەی تێدا بکرێتەوە. خۆشتان ئەزانن کە کوردستان پەیوەندی لەگەڵ رژێمدا نەما ئەبێ جێگا بۆ ئەو قوتابخانە بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللاحەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر (٢٥٠) هەزار بۆ ئامۆژگای هەولێر دانرابێ بابۆ ئەوانی تریش دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو پێشنیارێک کێ لەگەڵ ئەوەیە (٢٥٠) هەزار دینار بێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ (٢٥٠) هەزار دینار پەسندکرا.

**بەریز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(المعهد الفني في دهوك(٢) المستلزمات الخدمية ٢٨- مخصصات التلاميذ) نە وەزارەت خۆی نە وەزارەتی دارایی ژمارەیان نەهێناوە لە راسپاردەی ئەنجوومەنی وەزیران (٤٠٠) هەزارمان بۆ هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە (٤٠٠) هەزار وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(٣) مستلزمات السلفة ١٢- تجهيزات واللوازم الرياضية پێشنیارەکە خۆی (٢٠٠) هەزار بووە وەزارەتی دارایی(٥٠) هەزاری داناوە لیژنەکەمان (١٠) هەزاری داناوە بەڵام لیژنەکەمان رای خۆی ئەگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە ٥٠ هەزارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٤/ (صيانة الموجودات) (صيانة المباني) پێشنیاری وەزارت خۆی (٥٠) هەزار بووە، وەزارەتی دارایی (٥٠) هەزارەکەی داناوەتەوە لیژنەی ئێمە ژمارەی دانەناوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لیژنەی ئابووری ڕەزامەندی لە سەر ئەو (٥٠) هەزارەیە، مادەم بۆ سلێمانی وهەولێر (٢٥٠) هەزارمان مان بۆ تەرخان کردن با بۆ ئەوانیش تەرخان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز شێخ عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەزێرایی کردن (صیانە) لە هەر خانوویەک بۆ یەکێکی تر جیاوازە لەوانەیە پەیمانگا هەیە زیاتر لەوەی تر پێویستی بە چاک کردنەوە هەبێت مەرج نییە هەموویان پارەکەیان وەکو یەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پەیمانگای هونەری زۆر بە گشتگیری (شامل) هاتووە وەکو لای جەنابتان ئاشکرایە پەیمانگای پزشکی وبەڕێوەبەردن وتەکنەلۆجیا دەگرێتەوە لە هەر سێ شارەکەش هەر سێکیان هەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەم درێژە پێدانە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی مەعنی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە (٢٥٠) هەزار دینار بێت؟ کێ لەگەڵ نییە...؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. دانیشتنەکە تەواو بوو.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)

دووشەممە ڕێکەوتی ٢٢/٢/١٩٩٣

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٦)

## دووشەمە ڕێكەوتی ١٩٩٣/٢/٢٢

***كاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/٢/٢٢ ئەنجوونەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی (١٦)ی خولی یەكەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردنی پرۆژەی بودجەی هەرێمی كوردستان.***
***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەبۆنەی ڕەمەزانەوە بەناوی دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجوومەن پیرۆزباییتان لێ دەكەین هیواداریین ڕەمەزانێكی خۆش و سەركەوتوو بێت ئەوانەی كە بە ڕۆژوون داوای سەبرو تحملیان بۆ دەكەین ئەوانەش كەعوزریان هەیە بەڕۆژوو، نین داوای ئەوە دەكەین كە عوزر گیرا بێ لای خوای تبارك و تعالی ئەوەی چای وشتی وا دەكا لێرە لەسەری پێویستە بۆ ڕێزگرتن لەڕەمەزان پێشوازی لەبانگەوازی وەزارەتی اوقاف لە مانگی ڕەمەزان بكات و وەكو دەستەی سەرۆكایەتی شتێكی وامان باس نەكردووە ئەمڕۆ بوو بەڕەمەزان بڕیارێكمان دەركرد كە چوارشت لەناو پەرلەمان لە ڕەمەزان دا قەدەغە بێت بەڵام عذرێک هەیە و مامۆستاكان و قانوونی یەكان بیرێكی لێ بكەنەوە، خۆمان دەستەی سەرۆكایەتی بەرهەڵستیمان نییە كە چایخانە بكرێتەوە یا نەكرێتەوە. ئینجا ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆی بودجەی هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز د.سەلاحدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

تكام وایە كەوا ڕێگا بدەی بە شارەزایانی وەزارەتی دارایی كە بەڕێزان لیژنەی دارایی لیژنەی ئابووری ژمارەكە دەخوێننەوە ئەوانەش كە (المبلغ المتفق علیه) بۆ وەزارەتی مالیە ڕوون بكەنەوە بۆچی ئەوەیان داناوە (المبلغ المتفق علیه) لە خۆیانەوە دایان نەناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من دوێنێ جەختم کرد کە لێژانەکان (خبراء )مافیان نییە لەخۆیانەوە قسە بکەن تەنها ئەگەر وەزیر داوای دەسەڵاتیان پێ بدات، دوێنێ وا ڕێک کەوتین وابزانم ناکۆکیەک هەبوو لەسەر ئەمە بۆیە ئەندامان داوای روونکردنەوەیان کرد، جەنابت وەکو وەزیری دارایی یان خەبەر بدەیە یەکێک لەیارمەتی دەرەکان کە ئەوان وەڵام بدەنەوە. ئەگەر روونکردنەوەتان ویست لەسەر (المتفق علیه) بابرادەران روونی بکەنەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچەندە وەزیری دارایی و ئابووری گووتی پلانی وەزارەت کە (ایفادی) مەرکەزی و دارایی بێ بەڵام جێی سەرنجە دەڵێم دیوانی وەزارەتی پەروەردە (٢٥) هەزار دینار بێ وەزارەتی رۆشنبیری و ئەشغال ونیشتەجێ کردن فت (حذف )کرێ، بۆ وەزارەتی ناوخۆ (٢٠) هەزار دینار، (٢٠) هەزار دینار بۆشارەوانی نییە بۆ شارەوانییەکان (٢٠٠) هەزار دینار بۆ وەزارەتی تەندروستی فت (شطب) کراوە (الدوائر الخدمیة الصحیة) (٥٠) هەزار دینار بۆ پێ گەیاندن وئاوەدانکردنەوە (٢٥٠) هەزار دینار بۆ وەزارەتی فریاکەوتن ملیۆنێک و (٥٠٠)هەزار دینار بۆ وەزارەتی ئەوقاف (٥٠٠) هەزار دینار بۆ پیشەسازی (١٠٠٠٠٠)هەزار دینار ئەشغال و خطەی وەزارەتی ئابووری هەندێکی فت (شطب) کردووە و هەندێکی دیاری کراوە وەدیوانی وەزارەتی پەروەردە (٢٥) هەزار دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕیارێک وەرگیراوە کە ئیفاد مرکزی بێت، مادام مرکزی بێت حەیف نییە لە وەزارەتێک دا هەبێت ئەوەی تر نەی بێت؟

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(وزارة التربیة- دیوان الوزارة- الفصل الثاني- الخدمیة مکافأت لغیر منتسبي الدائرة) (١٢٠) هەزار دینار و لیژنەی ئێمە (٥٠) هەزاری داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(مکافاءات و أوسمة لغیر منستبي الدائرة) لەجێگایەکی تریش ئێستا اوسمە بڕیارێک دارکە (اوسمە) فت (شطب) بکرێ پێویستە لەسەر ئەو بڕیارە بڕۆین وبە گشتی بێت پێویست ناکات دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو (اوسمە) پێویستە هەبێ بەڵام ئەگەر (مەدالیە) بێت باشترە چونکە ئەو لە پەروەردە پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕیارێک هەبوو ئەو وشەی (اوسمە) هەر نەمێنێ. ئەگەر دوایی وەزارەتی پەروەردە شتێکی

هەبێ وابزانم شتێکی گەورە نییە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕوونکردنەوەکەم لەسەر ئەوە نییە وەزارەتی پەروەردە پێشنیاری خۆی کردووە، حکومەت لەگەڵی پێک هاتووە لیژنەی دارایی و مناقشە، کە پێم وایە لەلایەن ئەو سێ لایەنەوە بێ. لیژنەی دارایی و ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان وەزیری پەروەردە خاوەنی ماڵەکەیە دەزانێ پێویستی چییە، مەسەلەیەکی حەساسە، سوپاس.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم (٥) هەزار دینار کەمە بۆ پاداشتەکان (مکافاءات) چونکە زۆر قوتابی هەنە سەرکەوتوون پێویستە سەعاتێکی بۆ بکڕێ هان بدرێ یا مامۆستا ڕێژەی سەرکەوتنی قوتابییەکانی لە (١٠٠٪)ە و (١٢٠) هەزار دینار باشە (٥) هەزار دینار کەمە، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاداشت ونیشانەکان (مکافاءات و اوسمة) بۆ هەموو وەزارەتەکان هاتووە، بەکێ دەدرێ؟ لەسەرچ بناغەیەک هاتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەموو وەزارەتێکدا پێویستە پاداشت هەبێت کە بەیەکێک دەدرێ کە (متمیز) بێت لەو کارەی خویدا. پێویستە هان بدرێ بۆ ئەوەی ببێتە چاولێکەری بۆ ئەوانی تر بەنیسبەت وەزارەتی پەروەردە کەم هاوتاکان (متمیزین) ئەوانەی کە یەکەمن، بەڕێز وەزیری پەروەردە دەچێت بۆئامۆژگای مامۆستایان ڕیز لەوانە دەنێ و پاداشتیان دەداتێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا من تێبینی ئەوەم کرد بەنیسبەت لیژنەکانی پەرلەمان لەزۆربەی خاڵەکان هاوکاری ئێمەیان کردووە، بەڵام لەم خاڵەدا ئێمەیان بێ بەش کردووە و من سوپاسیان دەکەم، خاڵی یەکەم زۆر هاوکاری ئێمەیان کردووە هەمواریان کردووە بەڵام لەم خاڵە زۆر گرنگتر و پێویستر وابزانم ئێمەیان مغدور کردووە، من نامەوێ باسی قوتابیان و مامۆستایان وخوێندن بکەم وابزانم ئەو خاڵە پێویستی بەگرنگی پێدان هەیە نەک وەکو ئەوەی کە پێک هاتنی لەسەر کراوە، بەڵکو بکرێ بە (٩٥٠) هەزارەکەی کە خۆمان دامان ناوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی وەزیری دارایی دەکەم بۆ ئاگاداری ئەمە بۆ قوتابییە سەرپشکەکان دانەندراوە بەڵکو بۆ

وەزارەتی دارایی و ئابووریە، وەختی ئەندامێک یا هەندێ لیژان (خبراء) هەندێک راوێژکار (مستشارین) لەدەرەوەی وەزارەتی پەروەردە هەندێ کاروباری چاک راوێژی یاسایی ئەنجام دەدەن کە وەزارەت کەڵکی لێ وەردەگرێ دیوانی وەزارەت تەنیا بۆ ئەوە بەکاری دەهێنێ نەک بۆ پاداشتی خوێندنی ناوەندی وسەرەتایی، لەبەرئەوە (٥٠)هەزار دینار بۆ دیوانی وەزارەت بۆ پاداشت، باشە، سوپاس.

**بەڕێز سالم/ خبیر دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاداشتی قوتابی ومودەریبن ومامۆستای قوتابخانەکانی ناوەندی وسەرەتایی داندرایە بە دەرەوەی دیوانی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی فەرمانبەری دارایی نەچۆ ناو کاکڵی بابەتەکەوە، پاداشت ودیاری بۆ فەرمانبەرانی غەیری فەرمانگە یان مدرس هەریەکە لەفەرمانگە چ خزمەتگوزاریەک بۆ ئەو دەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باوەڕ ناکەم (منتسبی الدائرە) هەموو وەزارەت بێت لێرە دیوانی وەزارەتە لەبەر ئەوە کە دیوانی وەزارەت دەگرێتەوە من دوێنێ رۆیشتم بۆ ئامادەیی کوردستان کە یەکێکە لە ئامادەیی یە نموونەی یەکان لە هەموو کوردستان و عێراق دا پێویستی بەپاداشت بوو ئێمە نەمان بوو لەبەر ئەوەی توانامان نەبوو ئایا ئەمە لەسەر چ حسابێک دەکرا وابزانم دیوانی وەزارەت پاداشتیان بداتێ (مکافائەیان) بکا بۆیە واباشە چاوێک بەمەدا بخشێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لغیر منتسبي الدائرە)، نەنووسراوە (لغیر منتسبي الوزارە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەقەکە وابزانم روونە، چونکە (لغیر منتسبی) دائیرەیە هیوادارم لیژنەی ئابووری وا یان لێک نەدابێتەوە کە (لغیر منتسبی) وەزارەت بێت لێرەش ئێمە گفتوگۆی دیوانی وەزارەت دەکەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێز د.ناسح گووتی (تقدیم الهدایا لطلبة) دیاری پێشکەش کردن شتێکی ترە حەقی شتێکە کە هەیەو دیارە، لەجیاتی خزمەتگوزاری شتێکی ئاشکرایە، لێرەدا قوتابی لەجیاتی چ خزمەتگوزاریەک ئەم پاداشتەی بدرێتێ؟ لە دیوانی وەزارەت ئەمە (لقاء خدمات) ئەو بابەتە تایبەتە بە (لقاء خدمات هیئەی استشاری) زانکۆی سەلاحەدین شتێکی پەروەردەییە و هەندێ

ژمێریار لەبری خزمەتگوزاری (لقاء خدماتی) تکریم کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو پێشنیار هەیە پێشنیارێک حکوومەت (١٢٠) هەزار دینارو پێشنیاری لیژنەی دارایی (٥٠) هەزارە ولیژنەی دارایی لەسەر پێشنیاری خۆی سوورە کەدەبێت بکرێ. کێ لەگەڵ ئەمەیە کە (٥٠) هەزار دینار وەکو خۆی بمێنێتەوە؟. کێ لەگەڵ نییە؟. بە زۆربەی دەنگ (٥٠) هەزار جێگیر کرا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٣- السلعیة. ٥- الملابس) وەزارەت پارەی بۆ دانەناوە لیژنە (٥٠) هەزار دیناری بۆ داناوە. وەزارەتی پەروەردە (٥٠) هەزار دینار، لیژنەی ئابووری (٥٠) هەزارەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ جێگای خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی وەکو وتمان بودجەی دەست پێوەگرتن (میزانیەی تقشف) لە هەندێ شتدا دەبێ دستی پێوەبگیرێ (تقشف) بکرێ جل وبەرگ هەیە بەتایبەتی ئەوجلوبەرگانەیە کە بۆ وەزارەتی پیشەسازی یا کشتوکاڵە یەکەمین خاڵ لەم بارودۆخە پێویست ناکات ئەو مەبلغە سەرف کەی یا قوتابی با بەبەرگی ئاسایی خۆی ئەو کارەی ئەنجام بدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم داواکەی ئێمە رەوا بوو لیژنەی پەرلەمان چەسپی کرد، سوپاس.

**بەڕێز بارزان مەلا خالد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویستم بزانم ئەو بەرگە چی یە بەڕێز وەزیری دارایی روونی کردەوە، لەڕاستیدا کەوەک جلوبەرگ ئەو مبلغە کەمە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ د.سلاح حەفید وەزیری دارایی ئەمە بۆ جلی قوتابیان نییە، ئەمە بۆ کارمەندانی دیوانی وەزارەیە بۆ فراشە، بۆ فەرمانبەرەکانە، ئەوانەی پاک کەرەوەنە پێویستە جل وبەرگی تایبەتیان هەبێ. من دەڵێم ئەومبلغە زیادە بۆ جلی فەراش وئەوانەی خزمەتی وەزارەتی پەروەردە دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پێشنیارەی لیژنەی ئابووری (٥٠) هەزار دینار وەکو باس کرا کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی

بمێنێتەوە.. کێ لەگەڵ نییە.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٤/ پەزێرایی (الصیانة)، ٦/پەزێرایی لێکردنی هۆیەکانی هاتوچۆ (صیانة وسائط النقل) وەزراتی دارایی پێک هاتووە لەسەر (٢٠) هەزار دینار بەڵام لیژنەی ئێمە کردوویەتی بە (٥٠) هەزار سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە ژمێریاری پەروەردەی سلێمانی لام بوو دەڵێ ئێمە ئەگەر هەموو رۆژێ ئۆتۆمبێلێک بنێرین بیبەن بۆ هاتووچۆکردنی کتێب و ئەو شتانە هەر ئۆتۆمبیلێک لە سلێمانیەوە بۆ هەر دێیەک (١٠٠٠) دیناری دەوێ ئێمە یەک ئۆتۆمیلمان هەیە چاکی دەکەینەوە بە (٥٠) هەزار دینار ئینجا ئەوە دەگونجێ لەگەڵ ئەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با پرسیار بکەین بزانین وەزارەتی دارایی ئەمە بۆ دیوانە یا بۆ هەموو وەزارەتەکەیە؟

**کاک سالم/ خبیری دارایی و ئابووری:**

ئەمە بەس بۆ دیوانی وەزارەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو پێشنیار هەیە، لیژنەی ئابووری لەسەر پێشنیاری خۆیەتی حکومەت (٢٠) هەزار دیناری تەرخان کردووە لیژنەی دارایی (٥٠) هەزار دیناری تەرخان کردووە کێ لەگەڵ ئەوەیە لیژنەی ئابووری وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٥/ الرأسمالیة/ الکتب والمجلات).وەزارەتی دارایی دوو هەزاری دانابوو لیژنەکە کردی بە (٢٠) هەزار دینار. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز یەحیا محمد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(التعلیم الثانوي ١\٢/ الخدمیة ٣/١ النفقات التمویلیة). وزارەتی ئابووری دای نەناوە، فتی (شطبی) کردووە لیژنەی ئابووری (٥٠) هەزار دیناری داناوە، سوپاس.

**کاک سالم/ خبیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گواستنەوەی فەرمانبەر لەنێوان پارێزگاکان ئەوەش خەرجی دەوێ هەروەها خەرجی گواستنەوەی کەلوپەلیش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕیارێکمان هەبوو لە ئەنجوومەن ئەو شتانە سەرف بکرێ بۆ فەرمانبەرێک کە بگوێزرێتەوە وڕێژەکەشی دیاری کراوە.

**بەڕێز د.خسرۆ گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆچی وەزارەتی دارایی داینەناوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێکی ڕەوایە لەوانەیە ئاگایان لە بڕیارەکەی ئێمەی نەبێ، بڕیارەکە تازەیە وەختی خۆی بڕیارماندا کە فەرمانبەر کە دەگوێزرێتەوە قەرەبو بکرێ، وادەزانم لیژنە ئاگادارترن و بڕیارەکەمان پێ گەیشتووە کێ لەگەڵ ئەوەیە پێشنیاری لیژنەی ئابووری وەکو خۆی بێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٢٥/ (مخصصات التلامیذ) وەزارەتی دارایی (٥٠) هەزاری داناوە ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ لیژنەی دارایی یەک ملیۆنیان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک پرسیارم هەیە لە بەڕێز وەزیری پەروەردە نازانم ناوەندییەکان بڕیاریان بۆ دەرنەچووە کە پارەیان بدرێتێ تەنیا ئەو پارە دەرماڵەیە بۆ دانیشتگاکان دانرابوو ئێستا تەرخانیان کردووە بۆ دواناوەندی میلیۆنێک دینار بۆ هەموو دواناوەندییەکان هەر کەمە ئەگەر نییە بۆی تەرخان بکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان وەک و جەنابی سەید حەسەن گووتی ئەگەر هاتوو بۆ کۆلیج بێت زۆر کەمە بەڵام ئەگەر بۆ ئامادەیی پیشەسازی یا کشتوکاڵی یا بازرگانی بێت حەز دەکەین ڕوونی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو یاریدەدان بۆ قوتابییان بەگشتی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی ئەو میلۆنە کەمە بەراستی چونکە قوتابی زۆرن لە کوردستان حەزدەکەین بۆمان ڕوون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولڕەزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمان پرسیارە چونکە لەبەشی فێرکردنی دواناوەندی باسی دەرماڵەی قوتابییان هاتووە، نازانم مەبەستیان خانەی مامۆستایان (دار معلمین) ئەوانەیە یا ئامۆژگای مامۆستایان (معاهد

معلمين)ە ئەوە روونکردنەوەی دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاک حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی وەزیری پەروەردە قسە بکات ئێمە دەمانەوێ بۆچوونی لیژنەی دارایی بۆچوونێکی تایبەتیمان هەبێ وەکو برادەران پرسیاریان کرد (معهد وجامعە) ئەوانە هەندێ حاڵەتی تایبەتی تەماشا دەکەین زۆر قوتابی هەن قوتابی ئامادەیین دەیانەوێ بێنە شوێنێکی تر بە نزیکەی دەوروبەری (٣٠٠) قوتابی ماڵیان لەو کوێستانانەیە ئەو میلۆنە سەرف کردنەکەی لەلایەن بەڕێوەبەری گشتییەوە دەبێت دەبێ معدلی قوتابیان لە نیوەی ساڵ بۆ نموونە (٣٠٠) قوتابی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو بڕیارە کەدرا یارمەتی قوتابی بدرێ دیاری بکرێ زانۆکۆیە یا ئامۆژگا یا ئامۆژگای ناوەندی بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی شتێکی بۆ دانراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو مبلغەی لیژنەی داراییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(السلعیة القرطاسیة) وەزارەتی دارایی (٨٠٠) هەزار دیناری بۆ داناوەو لیژنەی ئابووری (١ر٥٠٠) ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو پێشنیاری لیژنەی دارایی ١ر٥٠٠ کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت کتێب چاپ کردنی وەزارەتی پەروەردە، مەبلەغێکی داواکرد (١٠٥) ملیۆن دینار بڕیاری لەسەردراوە و هەندێک برادەر وائەزانن بۆ کتێب ملیونێک (١٠) ملیۆن بەش ناکات (١٠٥) ملیۆن تەرخان کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مبلغەی کە لەوەزارەتی دارایی دانراوە بۆ چاپەمەنی، تەنیا ئەو کتێبانە ناگرێتەوە کە (١٠٥) میلۆن دیناری بۆ دانراوە کە ئاخری باسی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان پێمان خۆشە سەرۆکایەتی بۆمان ئاشکرا بکات ئەو (١٠٥) ملیۆنە لە کوێ جێ دەکرێتەوە ٤/(نفقات الوقود) پێشنیاری وەزارەتی دارایی (٥٠) هەزار دینارە، لیژنەی ئابووری (٥٠٠) هەزاری داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکی روونکردنەوەمان هەیە بەرامبەر پارەو مەبەست چییە لەدراو (نقود)؟

**کاک سالم/ خەبیری دارایی و ئابووریی:**

ئەمە هەمووی بۆ زیادە خەرجییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.:**

ئەمە بۆ دیوانی وەزارەتە؟

**کاک سالم/ خەبیری دارایی و ئابووریی:**

بۆ فێرکردنی دواناوەندی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ هەموو فێرکردنی دواناوەندی بۆ تێکڕای پارێزگاکان چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە؟ کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی ئابووری و داراییە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(التعليم الابتدائي ٣٠/ السلعية:)

١- (القرطاسية و المطبوعات) پێشنیاری وەزارەتی دارایی (٥٠٠) هەزار، لیژنەی ئابووری (٢) میلۆنی تەرخان کردووە، سوپاس.

**کاک سالم/خەبیری دارایی و ئابووریی:**

١٠٠ هەزار دینار بوو کە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە پێک هاتین لەسەر (٥٠٠) هەزار بەرەزامەندی هەردوولا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی (قرطاسیە و مطبوعات) وەزارەتی پەروەردە بۆ فێرکردنی سەرەتایی بەهەزاران قوتابخانەی سەرەتایی هەیە لە کوردستانی ئێمە هەمووی پێویستی بە (قرطاسیە و مطبوعاتە) گەلێک قوتابخانە تباشیری نییە لەکاتی تاقی کردنەوەی نیوەی ساڵ کاغەز نەبوو کەتاقی کردنەوەی لەسەر بکەن کە ئەمە هەمووی لەسەر شانی وەزارەتی پەروەردەیە، لەبەئەوە بەپەسندی دەزانم وەزارەتی پەروەردە داوا بکەن وەکو مبلغێکی کەم ئەو برەپارەیە بەپەسند بزانن تاکو وەزارەتی پەروەردە کاری پیرۆزی خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو تێبینی یەک لێرە ملیۆنێک و نیودانراوە بۆ فێرکردنی دواناوەندی لەکاتێکدا بۆ سەرەتایی (٢) ملیۆن دینار مەزەندە کراوە، هیچ جۆرە ڕێژەیەک لەنێوانیاندا نییە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(صاحب الدار ادری) وەزارەتی پەروەردە بۆ فێرکردنی دواناوەندی (٥ر١) میلۆنی داوا کردووە ئێمەش پەسندمان کرد بۆ فێرکردنی سەرەتایی (٢) ملیۆن داوا کراوە ئەوەش لای ئێمە پەسەند کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام وەزارەتی دارایی دەڵێت ئێمە ڕێک کەوتبووین لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانی پەروەردەی هەر چوار پارێزگا لەسەر ئەو نیو میلۆنە..

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پارەیەی کەوا اتفاقی لەسەرکراوە مەرج نییە ئێمە پێی ڕازی بین بەڵام کە (٢) ملیۆنەو دەڵێن پارە نییە ئێمە ڕازی دەبین باوەڕ دەکەم (٢) ملیۆنەکەش بۆ قوتبیانی قوتابخانەکان کەمە، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدانوستان لەنێوان هەردوولادا ئەوجا دەگەینە پێک هاتن، بەڕێوەبەری ژمێریاری هەموو هاتوونە بۆ وەزارەت، ڕۆژێک برگە برگە گفتوگۆیان لەسەر کرد، ئێمە هەر سوورین لەسەر ئەوە کە بەدانوستان پێک هاتوون، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکا دەکەم کە سەیری ئەو خاڵانەو ئەو ژمارانەی وەزارەتی پەروەردە بکەن وبەگرنگی وەرمان گرتووە بەنسبەت پەروەردە کە زۆر گرنگە بەیەکەم هەنگاوی خۆمانی دادەنێین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە دانراوە (٢) ملیۆنە جیاوازیەکە ئەوەیە قوتابخانەی سەرەتایی تۆزێک زۆرە لە کوردستان دواناوەندی و ناوەندی ژمارەیان کەمە جیاوازیەکەی کەمە لەبەرئەوە (٢) ملیۆن باشە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە شتێکمان لەبیر چوو کەحسێبی ژمارەمان کردووە نزیکەی مانگ و نیوێک، دوومانگ پێش ئێستا بوو. سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن:**
بە پێشنیاری لیژنەی ئابووری (٢) ملیۆن دانراوە کێ لەگەڵە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکرای دەنگ وەرگیرا..

**بەڕێز یەحـــیـــا مـــحـــەمـــەد عـــەبدولکەریم:**
**بەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن.**
٢/١ (اجـور الماء مـتـفق علیـه) وەزارەتی دارایی (١٠) هەزار دیناری داناوە پێـشنیـاری لیژنەی ئابووری (٥٠) هەزارە.
**بەڕێز شـــەوکـــەت حـــاجی مـــوشـــیـــر:**
**بەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن.**
(اجور ماء) یانی چی بۆ چییە؟ ئاو جێگیرە، حەز دەکەم لەم بارەوە روونی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن.**
لەفێـرکردنی دواناوەندی کرێی ئاو نەنوسراوە، بەڵام لەهی سەرەتایی نوسـراوە، نازانم ئەوان دەبێ کرێی کارەبایان نەبێ یا وای لێ هاتووە؟ سوپاس.
**کــاک ســـالم/ خـــەبیـــری دارایی و ئابووریی:**
**بەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن.**
کرێی ئاوی خواردنەوە لەفێرکردنی دوناوەندی هەیە، سوپاس.
**بەڕێز حـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن.**
مـەبەسـتم ئەو خاڵە بوو ئەگەر بێـتـو کـرێی ئاو لەکارەبا لابدەین ئەوەی فـێـرکـردنی دواناوەندی دەمێنێتەوە چونکە کۆکین لەسەری، سوپاس.
**بەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن.**
چەند دانراوە بۆ فێرکردنی دواناوەندی، بۆ ئەم بابەتە لێرە کۆک نین لەسەری.
**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**
**بەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن.**
تێبینیـەکم هەیە ئەو شتەی لەنێوان فـەرمانگەکانە ئاشکرایە سـەرف کردنەکەی دەسـتکاری تێدا دەکرێ لەبەر ئەوە ژمارەکە چۆن بێ بەرای من گرفـتێک نییـە ئەگەر کـەمیش بێ بۆی دادەنێن وا نییە کە ئەو گفتوگۆیەی لەسەر بکرێ، سوپاس.
**بەڕێز عـەبدولکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولکەریم:**
**بەڕێــز ســـــــــەرۆکی ئــەنجـــــــــومـــــــــەن.**
پیـاو لە (مناقله) دەترسێ بۆ نموونە بایی (٢٠) هەزار دینار ئاو (٨٠)هەزاری کـەش بۆ کـورسی

و مێز. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینە سەر کرێی ئاو، پێشنیاری لیژنەی ئابووری (٥٠) هەزار دینارە کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا..

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کرێی کارەبا وەزارەتی دارایی (١٠) هەزار دینار لیژنەی ئابووری (١٠٠) هەزاری داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم تەنیا ئەوەیەکە (١٠٠) هەزار لە کوێ (١٠) هەزار لە کوێ بۆ هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکان (١٠) هەزارە حەزم دەکرد بەس روونکردنەوەیەک کرابا لە(١٠) هەزار بۆ (١٠٠) هەزار چۆن بووە؟ سوپاس.

**کاک سالم / خەبیری دارایی و ئابووریی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ خوێندنی سەرەتایی وەک دەزانن لەگوندەکان سالانی رابردوو کارەبا نەبوو ئێستا (١٠ ـ ١٥)هەزار دیناریان بەش ناکات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ پرسیاری کاک سەعدی حسابی ئەوەمان کردووە کە لە داهاتی کرێی کارەبا زیاد بکەین ئەگەر ئەو برادەر ەگوتی سالی پێشوو (١٠) هەزار بووە ئێمە هەولمانداوە کارەبا زیاد بکرێ قوتابخانەی وامان هەیە کە کارەبای بۆ بچێ ئەم ساڵ رەنگە (٣٠٠) قوتابخانە کارەبای بۆ بچێ، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر قسەی کاک سالم کام گوندمان هەبووە؟ (٤٥٠٠) گوندمان تەخت کراوە.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دیارە کاک سالم و برادەرانی وەزارەتی دارایی گوندەکانیان نەدیوە ئەو گوندانەی ماون کارەبایان هەیە ناوچەی حریر ناحیەی حریر و زیاتر لە (٤٠) دێهاتی هەموو کارەبایان هەیە ناوچەی خەلیفان و ئەوانەی کە ماون هەموو کارەبایان هەیە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنە (٢٠) هەزار دینارە کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.. **بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٤/ نفقات الوقود وەزارەتی دارایی (٥٠) هەزاری داناوە لیژنەی ئابووری (١٠٠) هەزار پێشنیار دەکات. سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی دارایی بۆیە ئەو ژمارەیەی داناوە چونکە منظمەی (USF) سووتەمەنی بەخشی بوو، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلاحاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خەرجی بۆ فێرکردنی دواناوەندی (٥٠٠) هەزار دینار بۆ سەرەتایی (١٠٠) هەزار دینار بەنسبەت (وقود و قرطاسیەو مطبوعات) وتیان قوتابخانەی ابتدائی زۆرترە لە قوتابخانەی دواناوەندی لەبەرئەوە پارەکە زۆرتر بوو پێویست بوو سووتەمەنیش وابوایە، (٥٠٠/٠٠٠) باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی وەزیری داراییم گوێ لێ بوو دەڵێ لەبەر ئەوەی کەمان داناوە، چونکە (UNSF) سووتەمەنی دابەش کردووە بەسەر قوتابخانەکاندا.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە (٥٠٠) قوتابخانەی سەرەتایی هەیە لە کوردستان، وانییە ئێمە پشت بە(USF) ببەستین بەمە وەزارەتێکی سەربەخۆ پێک دێنێ لە کوردستان (٥٠٠) هەزارەکە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرج نییە ساڵی داهاتوو (UNSF) نەوت دابین بکا بۆ قوتابخانەکان، قوبخانەی سەرەتایی گەلێک زیاترە لە هی دواناوەندی من پێم وایە (٥٠٠) هەزار کەمە لەوانەیە (١٠٠) هەزار بەشی ئۆتۆمبێل نەکات بۆ گوێزانەوەی لەبەرئەوە پێم وایە کەمە، ئەگەر زیاد بکرێ باشترە، لەگەڵ ڕێزم دا.

**بەڕێز د. ناسح غەفەور ڕەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی پەرلەمان هەموو پشتگیری داواکەی ئێمە دەکەن کە داوای (٥٠٠) هەزارمان

کردووه، من مەبەستم قوتابخانەکانە چونکە هەر سەربە پەروەردە نییە سەربە هەمووانە ئەم مبلغەی کە دانراوە بۆچی کەم کراوەتەوە، حسابی یونیسیف کراوە ئایا یونیسیف بۆ ئەمساڵ تادەگەینە (٩٤) کێ دەڵێ یارمەتیمان بۆ دێ ئەگەر ئەم مبلغە بمێنێتەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکەمان بەرهەڵستی نییە هەر ژمارەیەک خۆتان دایدەنێن دەیکێشینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێشنیاری خۆتان دەکێشنەوە پێشنیاری حکوومەت (٥٠) هەزار دینارەکە دەمێنێتەوە ئێمە گفتوگۆ لەسەر دوو (حقل) دەکەین کێ لەگەڵ پێشنیاری حکوومەت (٥٠) هەزارەکەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکرای دەنگ وەرگیرا. دێینە سەر پێشنیاری تر، دوو پێشنیار کرا کەوا نیو ملیۆن بێ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە نیو میلۆن بێت؟ بە زۆربەی دەنگ نیو میلۆن قبوڵ کرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٩/المواد واللوازم وەزارەتی دارایی (١٠٠) هەزار ولیژنەکەمان (٢٥٠) هەزار پێشنیار دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی ئابووری (المواد واللوازم) مانای چییە؟

**کاک سالم/ خەبیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کەرەستانەی رۆژانە بەکاردێن وەک تەباشیر و تەختە ئەو شتانە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک برادەری لیژنەی دارایی ووتی پاک کەرەوە (مواد لوازم) ئەمە کەل وپەلێکی بنەڕەتی نییە، دەربارەی خوێندنی سەرەتایی مادە وپێویستییەکان وەک ئی کشتوکاڵ وپزیشکی وئەزمونگەکان وزۆر شتی تر ئەوە دەگرێتەوە (المواد واللوازم يسجل في هذا الحساب جميع الموارد التي تستخدمها في تفاصيلها الادنى للوازم المختبرية للوازم الطبية ويسجل في هذا الحساب قيمة المواد التي يستخدمها الطالب واللوازم الصناعية يسجل في هذا الحساب قيمة المواد التي تشتريها حسب اختصاصها او ما شبه كما هو الحال في المدرسة والادارات. واللوازم الزراعية يسجل في هذا الحساب قيمة المواد الزراعية التي تشتريها حسب ظروف حاجتها والتي تستهلك نتيجة استعمال مباشر في ذلك البذور والاسمدة في حدائق المدارس) وپێویستی تریش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر ئەحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پشتگیری ئەوەی کاک جمیل دەکەین (مواد/ لوازم المختبر) هەیە هۆیەکانی روونکردنەوە هەنە، خەریتـە هەیە، وەرشە هەیە، بازرگانی وکارەبا وسیـرامیک ئەو مـادانە هەمـووی دەگـرێتـەوە مەسەلەی پاک کردنەوە شتێکی لاوەکییە، سوپاس.

**بەڕێز سـەعـیـد عـەلی خـان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەراستی نازانم قوتابخانە سەرەتاییەکان ئەزموونگەیان هەیە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پێشنیاری لیژنەی ئابووری کێ لەگەڵ لیژنەی ئابووریە؟.. بە تێکرای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز یەحـیـا مـحـەمـەد عـەبدولکەریم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

(٤/ صيانة الموجودات، ٣/ وسائط النقل) وەزارەتی دارایی پێنج هەزاری داناوە لیژنەکەمان کردوویەتی بە (٥٠) هەزار، سوپاس.

**بەڕێـز بـارزان خـالـد عـەزیـز:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من زۆر سـەیرم بەوەزارەتی دارایی دێ لە (٢٠٠) هەزار دیناری(٥) هەزاری دانێ وەکـو پاسکیلێک چا بکەنەوە وایە، نرخەکەی ئەمڕۆی بازاڕ دەبێ رەچاو بکرێ، پێم وایە نەک(٥٠) هەزار دینار پێویستە(١٠٠) هەزاری دانێن، سوپاس.

**بەڕێز سـەعـیـد عـەلی خـان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

هەروەک تێـبینی بەراستی تەمـاشـای زرووفی ئەمـڕۆ بکەین یەکێک ئۆتۆمبێلی خۆی چاک کردۆتەوە (٢٢) هەزاری تێچووە نازانم چۆن (٥) هەزاریان داناوە. سوپاس.

**بەڕێز سـەعـدی ئەحـمـەد مـحـەمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەم پەزێرایی لێکردنە (صيانە) بۆ کێ وبۆ کام بەڕێوەبەریەتییە، سوپاس.

**کـاک سـالـم/خـەبـیـری دارایـی:**

فێرکردنی سەرەتایی ئەوەندەی فێرکردنی دواناوەندی ئۆتۆمبێلیان نییە.

**بەڕێـز د. نـاسـح غـەفـوور رەمـەزان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

خۆی راستـە نەک فـێرکـردنی سەرەتایی دیوانی وەزارەتیش ئەو پارەی نییـە ئایا دەبێ هەر ئاوا بمێنێتەوە؟ قوتابخانەکانی ئێمە دەبێ ئۆتۆمبێلیان هەبێ پێویستە حسابی بۆ بکرێ پێویستە زیاد بکرێ ئەو (٢٠٠)ەی ئێمە پێشنیارمان کردووە زیاد بکرێ. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فێرکردنی سەرەتایی ئۆتۆمبێلیان هەیە ـ نییە ، ئەی بۆ چییە ؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبێ لە میلاک ئۆتۆمبێل هەبێ بۆ فێرکردنی سەرەتایی وبۆ سەرپەرشتیارەکانی پەروەردە ، پیاوێکی چاک ئۆتۆمبێلێک دەبەخشێ بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە سلێمانی لەو کاتە. پێویستی بە چاک کردنەوە هەیە ئەو چاک کردنەوەی ئۆتۆمبێل دەمێنێتەوە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی سەرەتایی لەبەر ئەوە پارەیەکی کەمە ، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئۆتۆمبێلەکانی فێرکردنی سەرەتایی سەربە (ادارەی محلیە) لەگەڵ ئەوەشدا ئۆتۆمبێل هەیە لەهۆبەکانی فێرکردن ئەوانە هەموو هی پەروەردەن ، هەموو پێویستیان بەچاک کردنەوە هەیە ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆی گواستنەوە لە سەرەتایی ودواناوەندیدا نییە لە بۆ قوتابیان گواستنەوە نییە ، تەنها باخچەی ساوایان نەبێ ، باخچەی ساوایان ئەوان هەیتیان هەر باخچەیەک لەشارەکان ئۆتۆمبێل تایبەتیان هەیە ، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ خوا ئۆتۆمبێل لە هەموو وەزارەت و دایرەکان نەماوە بەفێرکردنی سەرەتایشەوە هەروەکو برادەرانی دارایی باسی پاسکیلیان کرد دەمێنێتەوە مەسەلەی ئۆتۆمبێلمان نییە ئەگەر ئاوا تەرخانیان بکەین بۆچاککرنەوەی ئۆتۆمبیل دەبێ وەزارەت پارە تەرخان بکا بۆ کڕینی ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نامەوێ بەناوی ئەوانەوە قسەبکەم ، چونکە وەکو ئەوان من داوا دەکەم (٥) هەزار دینارەکە بکوژێتەوە نەک (٥٠) هەزارەکە ، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوە راستە ئێمە وەکو باسمان کرد ئەو ئۆتۆمبێلانە وەکو پێویست نەماون یان بە پێچەوانەوە ئێستا لەلایەن بەرەکانی کوردستان چەندین جار ئەو باسەکراوە لە پارێزگاکان

بەداخەوە تاکو ئێستا بەهانامانەوە نەهاتوون، سوپاس.

**کــــاک ســــالم/ خـــەبیـــری دارایی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

پەزێرایی کردنی ترۆمبێلان (صیانەی سیارات) لەگەڵ فێرکردنی دواناوەندییە، (٢٥٠) هەزاری بۆ تەرخان کراوە و هەروەها مووچەش لەسەر فێرکردنی دواناوەندییە، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

من بەدواداچونێکم هەیە لەسەر قسـەکانی وەزیری پەروەردە کەشتێک لەبونیادا نەبێ چۆن پەزێرایی لێ (صیانەی) بکەین بابیکڕین ئینجا پەزێرایی لێ (صیانەی) بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر ئەحـمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئەوەی کە فەرمووی لەبارەی سەرپەرشتیاری تایبەتمەندی (موشریفین اختصاصی) سەرەتاییە ئەوانە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان هەیە یان بەکرێ دەرماڵە وەردەگرن کە دەڕوا بۆ قەزاو ناحیەکان وپێویستی بەوە نییە ئۆتۆمبێلی خۆیانە یا بەکرێیە، سوپاس.

**بەڕیز رەجـــەب شــــەعـــبــــان تەیب:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

پشتگیری د.ناسح دەکەم چونکە دەزانم پەروەردە پێویستی بەئۆتۆمبێل هەیە پێویستی بە چاکسازی هەیە هەرچی ئۆتۆمبێلیان هەیە چاکی بکەنەوە و سوودی لێ وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

بەڵام ئەم بۆ فێرکردنی دواناوەندی وسەرەتایی بەیانێک هەبوو لەسەر (٥٠) هەزار دینار رێک کەوتین. **بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

فێرکردنی سەرەتایی لەهەر (٤) پارێزگادا پێویستی بەئۆتۆمبێل هەیە پێش ئێستا بەڕێگای (حیازە) هەبوو ئەگەر ترۆمبێل لەکڕین نەهاتبا یا لە رێگەی دیاری و پێشکەش کردنی لەدەوڵەمەندەکانەوە چ لە سلێمانی یا لە هەولێر یا دهۆک و حاڵەتی تر کە بەڕێز وەزیری پەروەردە باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

ئێستا پێشنیاری لیژنەی ئابووری (٥٠) هەزارە کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز یەحـیـا مـحـەمـەد عـەبدولکەریم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

٥/ الرأسمالية/ (الكتب والمجلات متفق عليه) لە وەزارەتی دارایی (٢٠) هەزار دیارکراوە،

پێشنیاری لیژنەی ئابووری (١٠٠) هەزارە.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی (الکتب ومجلات)ەوە لەهەر شارێک نزیکەی (٥٠-٦٠) کتێبخانەی بچووک هەیە لە هەر قوتابخانەیەک کتێبخانەی تایبەتی هەیە لە پەروەردە لیژنەیەک هەیە لیژنەی کڕینی پێ دەڵێن هەموو ساڵێک بودجەی تایبەتی هەیە بۆ ئەو قوتابخانانە دەکرێ ئەو بودجە پێویستە هەبێ و لە وەزارەت بەڕێوەبەریەکی گشتی هەیە کە سەرپەرشتی دەکا، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالد عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنسبەت پەروەردە کتێب و گۆڤار زۆر گرنگن بەتایبەتی بەنسبەتی پەروەردە یەک کە لەنۆژەن بینادەکرێتەوە چونکە بەراستی بەعس ٢٣ ساڵە ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەی قوتابخانان داناوە هەرهەمووی دژایەتی کوردە ئێستا پەروەردە پێویستی بەوەیە کە ئێستا ئەو کتێبانەی تازە دەردەچن بەتایبەتی ئەو کتێبانەی کە دەردەچن لەسەر پەروەردەی منداڵ دەردەچن زیاتر بایەخی پێ بدرێ ئەو مبلغە کە پەروەردە دایناوە (٢٠٠) هەزار دینارە دیسان دەڵێم شتێکی کەمە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەم ئەوەیە (کتێب و مجلات)هاتبوو لەسەرەوەش کتێب وتۆمارەکان (کتب و سجلات) هاتبوو ئینجا گەیشتمە قەناعەت کە ئەوە بۆ تۆمارەکانە ئەوەش بۆ گۆڤارەکانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری لیژنەی ئابووری (١٠٠) هەزارە کێ لەگەڵە؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا..

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(٣/ التربیة ریاض الاطفال، ٤/ الخدمیة، ٥/ نفقات الطبع) وەزارەتی دارایی (٥) هەزاری داناوە لیژنەی ئابووری (١٠) هەزار دینار..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خزمەتگوزاری (الخدمیە) ئەگەر روونکردنەوەیەک هەبێ با لیژنەی ئابووری کەمی بکاتەوە.

**کاک سالم/ خەبیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(خدمات) خزمەتگوزاری خەرجی (ایفاد) وسەفەرو کرێی پارێزەروشتی وها دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی ئابووری پێشنیاری (١٠) هەزاری کردووە، کێ لەگەڵە؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا..

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(التعليم المهني/ مطبعة مديرية التربية/ المكافأت الشخصية للعاملين) وەزارەتی دارایی هیچی دانەناوە، بەڵام لیژنەی ئابووری (٧) هەزاری داناوە، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا بەمەرکەزی دانەندرابوو بەڕێز وەزیر خۆی پاداشت دەدا بە هەموو کارمەندان لەبەر ئەوە مەرکەزی بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری لیژنەی ئابووری (٧) هەزارە کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا..

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(٤/ وزارة اشغال واسكان/ ديوان الوزارة ٢/ الخدمية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بودجەی وەزارەتی پەروەردە تەواو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ تێبینی هەبوو دەربارەی ئەوە ئەگەر بکرێ دووبارەی بکەینەوە لە هەندێ مەسەلەدا بەنیسبەت کتێبەوە کە پێویستە باس بکرێت هەندێ مەسەلەی ترمان هەیە کە (١٠٠) هەزارمان داناوە پێک نەهاتوین لەسەر کرێی کە گشتییە ئێمەش دەگرێتەوە بەڵام بەنیسبەت منەوە کتێب زۆر گرنگە ئەگەر باسی ئەمەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ئەنجوومەنی وەزیران رۆژی چوارشەممەی رابردوو بە ئامادەبونی لیژنەی دارایی، پەرلەمان کۆبوونەوە، بۆ جاری دووەم هەموارکردن کرا، ئەو هەموارکردنانە بە نووسراوێک لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دوێنێ نێراوە بۆ بەڕێزتان لەوێدا کۆمەڵێک هەموارکردن هەیە کەزیادی بکا دەربارەی هەندێ وەزارەتەوە مبلغەکە نزیکەی ١٣٢ ملیۆن دینارە لەنێوان (١٠٥) ملیۆن، ئەمەش هۆیەکە چی بوو؟ کاتی خۆی بەنیسبەت وەزارەتی پەروەردە پێمان وتن کە لەگەڵ رێک خراوە جیهانیەکان پێک وەرن، بەڵام دیارە ئەوە ئەنجامی نەبوو، بۆیە ئەو زیاد کردنانە کرا

هەروەها کـاتی خۆی باسی ئەو زیاد کردنانە دەکـەین چونکە وەزارەت وەکـو وەزیری داد تا پێش چەند رۆژێک هەندێ زیاد کردنی تری ناردووەو، سوپاس.

**بـەرێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

دوێنێ شتێک کەوتە دەست ئێمە دەزانین پێش چەند رۆژێک ئەندامان ناردوویانە پاشان دەدرێ بە لیژنەی ئابووری بۆ ئەو پێشنیارانە ئێستا خۆیان بۆ ئامادە کردووە ئەو بودجە رەسمیەی کە هاتووە ئێمە ناتوانین هەر پێویستی وەزارەیەک بە بیری وەزیردا بێ ئێمە زیادی بکەین.

**بـەرێـز جـــــــەلال جـــــــوهـر عـــــــەزیـز:**

**بـەرێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

من ئەو شتانەی کە پێویستە بۆ وەرزش و کەل وپەلی وەرزشی لەجلی وەرزشیەوە تێیدانییە پێم خۆش بوو ئەگەر برادەران شوێنێ بۆ بکەنەوە، سوپاس.

**بـەرێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

بابزانن هەر لەبنەرەتەوە تێیدانییە یا تەنها لەم خاڵەدا نییە؟

**بەرێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بـەرێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

من ئەم تێبینی یەم هەیە لەسەر کورتەی بودجە کە رێژەی سەدیان داناوە ئەم ١٠٠٪ە بودجەی گشتی یە کە سەیری دەکەی بۆ فێرکردنی بالا دانەنراوە، سوپاس.

**بـەرێـز جــــــەمـــــــیـل عـــــــەبدی سـنـدی:**

**بـەرێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

بەنسبەت لیژنەی دارایی و ئابووری گۆرانکاری تیا نییە لە بەرهەندێ نەمان گوت، راستە جیاوازیەکی زۆر گەورەیە ئەوەی وەزارەت داوای کردووە ئەوە وەزارەتی دارایی رازی بووە، بۆ نموونە فێرکردنی دواناوەندی وەزارەتی پەروەردە داوای ملیۆنێک دیناری کردووە، بەرێزان وەزارەتی دارایی (٥٠) هەزاری بۆ داناوە، سوپاس.

**بـەرێـز جـــــــەلال جـــــــوهـر عـــــــەزیـز:**

**بـەرێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

نازانم شتی وادیاری کراو نییە لێرە، سوپاس.

**بـەرێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

پارە بۆ وەرزش تەرخان کراوە.

**بەرێز ئەحـمـەد تاهیـر ئەحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەرێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

(المعهد الفني في اربيل/ المستلزمات الرياضية) باسمان لێ کرد و بریارمان لەسەر هەیە، واتا مەسەلەی وەرزش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باسەی کەل وپەلی وەرزشی لەبنەڕتی بودجەکەدا هاتووە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلام ژمارەکان نیشان نەدراون دوێنێ من لێرە نەبووم سوپاسی کاک نژاد دەکەم بەلام چ پسپۆڕێکی وەرزش لەگەڵ یەکێک لەو لیژنانە نەبووە بەناوی لیژنەی پسپۆر ئەگەر لیژنەی پسپۆر بێ، دەبێ وەرزشەوانیش بکاو لە بابەتی وەرزش بزانێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دێیینەوە سەر وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(وزارة الاشغال والاسکان/ دیوان الوزارة ٢/ الخدمية ٤/ النشر والاعلام)٧ هەزار دینار وەزارەتی دارایی لەسەری پێک هاتووە لیژنەی ئابووری (٢) هەزاری داناوە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمووتان دەزانن ئاوەدان کردنەوەی کوردستان هەرچی بێ پشت بەمەکینە وبلدۆزەرو قەلابەو ئەو شتانە دەبەستێ هەمووتان دەزانن چمان بەسەر هاتووە لە دووای راوو رووتی هێزی R.R چیان لەو شتانە کردووە لەگەڵ رێزو حورمەتم بۆ لیژنەی ئابووری هەم وەزارەتی دارایی پارەی کەمیان بۆ ئەم وەزارەتە تەرخان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با پێشنیاری لیژنەی ئابووری تەواو بکەین چ تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بێنێتەوە؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا..

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

١٧/المکافاءات (١٠) هەزار وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر کردووە، لیژنەی ئێمەی کردوویە بە (٦) هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەمەسەلەی پاداشت پێشتر باسمان کرد کە بۆ هاندانی کارمەندانە بۆ ئەوەی ئیشی باشی کردووە پاداشتی بدرێتێ وەزارەتی ئەشغال یەکێکە لەوانەی کە کارەکەی عملیە زۆربەی زۆری کارەکانی لەبەرچاوە، و خەڵک دەیبینێ، ئەوەی کاری باش بکا پێویستە پاداشتی بدرێتێ پێم وایە ٦ هەزار دینار هیچ نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەڕێزان وەزارەت (٦) هەزاری داناوە وەزارەتی دارایی (١٠) هەزاری داناوە پرسیارم لە وەزارەتی دارایی یە لە سەرچ بنەمایێک کردوویەتی بە (١٠) هەزار، سوپاس.
**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
وشەی پاداشت (مکافاءات) بەتەنیا هاتووە ئەگەر تەنیا بۆ کارمەندی فەرمانگە بێ بەراستی ٦ هەزار کەمە ئەگەر بۆ غەیری ئەوانیش بێ ژمارەکە معقولە، سوپاس.
**کاک سالم/ خەبیر دارایی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
١٧/ مکافاءات لغیر العاملین، سوپاس.
**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەوە تەنها بۆ دیوانی وەزارەتە شوێنی تر هەیە یەک لەوخاڵە گرنگانە (٦٥٠) هەزارە، پاداشتی هاندانی کارمەندان (٥)هەزار دینارە ئەوەی تر (٢٥٠) هەزار ماوە، سوپاس.

**کاک ڕەشید/ فەرمانبەری دارایی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ڕاستە ئێمە داوای (٦)هەزارمان مان کردبوو بەڵام لە گفتوگۆکردندا داوای (٣٠) هەزاریان کردبوو ئێمە کردمان بە (١٠) هەزار.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟. (٦) هەزار تەنها بۆ دیوانە وابزانم جەنابی وەزیر ڕوونی کردەوە، وتی بۆ پاداشتی هاندان مەبلەغێکی تر هەیە نیو میلۆن زیاترە ،کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا..
**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
سەرنجێکم هەیە بەڵام بە (١٠) خاڵە لەبودجە/ النفقات الرأسمالیة/ اشغال و اسکان سیارات و اشغال اسکان ٤- پارێزگا هەیە کرکوک دهۆک هەولێر سلێمانی هەر ئەشغال دوو قلابەی هەبێ دەبێتە (٦٠٠) هەزار دینار، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێستا دەڵێ بۆ ئۆتۆمبێل (١/٨٠/٠٠٠٠)دیناریان پێشنیار کردووە، لە وەزارەتی دارایی هیچیان بۆ دانەناوە دەمێنێتەوە لیژنەی ئابووری ڕازییە.

**کـــــاک ســـــالم/خـــــەبیــــری دارایـی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەو ماوەی دوایی وەزارەتی ئەشغال لەمیانی (١٢) ملیۆن زیاتر مەکینەی سیکرابی فرۆشتووە، یاســای ڕێنومــایی وەزارەتی دارایی لە ٧٥٪ بودجــەی وەزارەتی دارایی لە ٢٥٪ بەشی وەزارەتی ئەشغالە بەگوێرەی پێویستی خۆی ئۆتۆمبیل ومەکینەو پەزێرایی لێکردن (صیانە)، سوپاس.

**بـــەڕێـــز یـــۆنـــادم یـــوســـف کـــنـــا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ڕاستە هەرجارەی بفرۆشین (٧٥٪) بۆ ئەوان (٢٥٪) بۆ ئەمانە ویاسا هەتا ڕێنومایییەکانیش دەڵێ ئۆتۆمبێل وهەرچی لەبەردەستە دەبێ خۆی خۆی زیندوو بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لەسەر ئەو بنەمایە دانراوە کە مەکینەتان فرۆشتووە دەتوانن بەو پارەیە پێی پڕبکەنەوە.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هەروەکو خۆی باسی کرد داهات تۆمار دەکرێت بەناوی وەزارەتی دارایی ئینجا وەزارەتی مەعنی پێویستیەکانی دێنێ بۆ ئەوەی لەسەری ڕێک بکەون، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بۆچی وەزارەتی دارایی لە بودجەکەیدا پێشنیاری وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردنی تێبینی نەکردووە؟

**بـــەڕێـــز یـــۆنـــادم یـــوســـف کـــنـــا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە حەقمان نییە کەترۆمبێلان بکڕین ئەوە تەنها بۆ زیندوو کردنەوەی مەکینەکان و بۆ بەدوادا چوونی پڕۆژەکانە، سوپاس.

**بەڕێـز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڕێزان هاوسەنگی (موازنە) پلانێکی پێشەکییە بۆ نەخشەدانان یانی لە هەرێم پێویستە پێش ئەوەی بۆ ئێمە بێت وەکو هەموو وەزیرەکان دابنیشتبان و پلانیان هەبووایە هەریەکە پێویستی وەزارەتی چییە بیگوتبایە وزیر ئەشغال وەکو ئەندامێکی پەرلەمان کە لێرە پشتگیری ڕای حکومەت دەبێ بکات، سوپاس.

**بـــەڕێـــز یـــۆنـــادم یـــوســـف کـــنـــا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

٢/ الاغـذية حقلی سێیەم (مستلزمات سلعية) ئێمە پڕۆژەی وامان هەیە کە (٩٠٠) هەزار دینار (مستلزماتی سلعیە) کە کوژاندیانەوە و رامان هەیە کە لە حاجی ئۆمەران، ئەو شوێنانە

برادەرانی وەزارەتی دارایی وەکو دەرماڵەی خۆراکی پێیان بدەن، سوپاس.
**بەڕێزد.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بۆ ئەوەی کە سەیتەرەمان هەبێ بەسەر دەستکەوتەکان ودەستگاکانی خۆراکی بڕیارمان لەسەر نەدا، وتمان بۆی دەبڕێتەوە، بۆ هەریەکێک مانگی (٢٥٠) دیناری بۆ خۆراک دەدەینێ، سوپاس.
**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
لەسەر رای خۆمان بۆ (١٥) نەفەر (٤٥) هەزار دینار سەرف ناکرێ شتی وانییە لای ئێمە ئەو گفتوگۆ کردنە بواری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەم گفتوگۆکردنە لەئەنجوومەنی وەزیران یەک لابکرێتەوە کە لێژانەکان (خبرای) وەزارەت لەگەڵ وەزارەت دانیشن ئێمە تەماشای پێشنیارەکانی وەزیری دارایی دەکەین.
**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەگەر شتێک نەگەیشتە ئەنجام دەبێ پەرلەمان خۆی بڕیاری لەسەر بدات، سوپاس.
**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەو پۆچوونەی بەڕێز وەزیری ئەشغال بۆی چوو زۆر پەسندە چونکە پەیڕەوی کرێکاران پێویستە هەبێ، سوپاس.
**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
لە کاتێک کەبودجەی عێراق زۆر چاک بوو شتەخۆراکیەکانی کرێکارەکان لەسەر دەوڵەت بوو کە بودجەی عێراق تێکچوو کەوا مبلغێک پارە تەرخان کرا بۆ کرێکارو مانگانە لەهەر کەرتێکدا لیژنەیەکیان دروست دەکرد بەو پارەی خۆیان ادارەیان دروست دەکرد، سوپاس.
**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
وەک جەنابت وتت ئەمە دەبێ لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ چارە بکرێ چونکەگرینگ تەرخان کردنی پارەکەیە، سوپاس.
**یۆنادم یوسف کنا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
خاڵی تر هەیە بەر لە ئێستا قسەیان لەسەر کرد لێرەش پەزێرایی ڕێگاو پردەکانی(صیانە الطرق

والجسور)ی کوردستان (٤) هەزار (کم) قیرتاوە بێجگە لەوان (١٢٠) پردی هەیە (١٢) ملیۆن دانراوە بۆ پەزێرایی (صیانە) هەر مەترێک (٣) دیناری بەردەکەوێت ئەگەر حساب بکەی (٦) ملیۆن دانراوە پێشتر،(١٢) ملیۆن دانرا بوو. رێک خراوەکان کە نەبێ ئێمە چ بکەین ئێستا دوو پردی دیاری کراو هەیە پردی گەلاڵە کەلەتەلەزگەدایە، جا بۆیە دەڵێین لەسەر چ بنەمایەک ئەو (١٢)ملیۆنە کراوە بە (٦) ملیۆن؟ سوپاس.

**بەرێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پاش دانانی بودجە وگفتوگۆ کردن لەئەنجوومەنی وەزیران بەتایبەتی بۆ (٤) شەممەی رابردوو ئەو وەزیرە بەرێزانەی کە رازی نەبوون جارێکی تر زیادمان کردەوە بەڵام لەو زیاد کردنەوانە بەرێز وەزیری ئەشغال هیچی باس نەکردووە بۆیە لەرێنومایییەکەیدا نەهاتووە، سوپاس.

**بەرێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە دوێنێوە من متابعەی لیژنەی خۆمان دەکەم و برادەران زۆر وردن لە مەسەلەکە بەڵام من دووسێ تێبینیم هەیە لەوانەی هی وەزارەتی پەروەردە(٥٠) هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە حکومەت رای نییە، بەڵام ئەوان جارێکی تر شتێکی تریان تەرخان کردووە لە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن لەوجێیەی کە حکومەت هیچ جێی تەرخان نەکردووە قسەکەی کاک جمیل ئەوەبوو ئەو هەرگیز پشتوانی لە حکومەت نەکردووەو وەزیر پشتیوانی حکومەت و ئیشی حکومەت ناکا نازانم ئیشی چییە بۆیە ژمارەکەی وەکو خۆی هێشتەوە رای نییە لەو بابەتە، سوپاس.

**بەرێز یونادم یوسف کنا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەداخەوە شتەکە بەگرینگ وەرنەگیرا کە زۆر گرینگە دیتان کە پردی قندیل چی کرد بە ئابووری کوردستان و چەندین کێشەی تر بە گرینگی باسی نەکرا، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ناتوانین برگە بەبرگە جارێکی تر بگەرێینەوە، بودجەکە لەئەنجوومەنی وەزیران لەسەری پێک هاتوون دیسان بەو درێژییە گفتوگۆی لەسەر بکەینەوە.

**بەرێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەو بابەتە نازانم حەز دەکەم برادەرانی یاسایی وەڵام بدەنەوە ئەگەر لێرە گرفت هەیە لە بودجەی ئەشغال ونیشتەجێ کردن لە گرفتەکە دەڵێ ئێمە ناتوانین برگە برگە چارەی بکەین بەڵکو دەگەرێتەوە ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام لە رووی یاساییەوە توانا هەیە کە پاش ئەوەی ئەو قانوونە دەرچوو ئەگەر بابەتێک لە بیر کرابێ وەکو پاشکۆی لێ بکەین بەبروای من هەندێ شت هەیە تێبینی نەکراووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**
هەندێ دەرماڵەدانراوە لێرە پێی دەڵێن تایبەتی، كۆمەڵە ناوێكی هەیە یا كۆمەڵێك دانراوە لە بودجە لەوانەیە زۆر شتی ئاوا كەموكورتی هەبێ.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
پێم وایە ئەگەر شتێك لەبیر كرابێ لەلایەن وەزاراتەوە، با لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بە پاشكۆیەك لە دواڕۆژ پێشكەش بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولكەریم كاكەحەمە عەبدولكەریم:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
ئەوەی كاك شێروان فەرمووی، گرفتەكە لەبیر كردن نییە، ناكۆكی هەیە لەنێوان وەزارەت و لیژنەی ئێمەو وەزیر تایبەتمەند لە پەرلەمان دەخرێتە دەنگ دانەوە وەزیر لەدژە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆك وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
ئەو بودجەیەكە هاتووە لە ئەنجوومەنی وەزیران بە تێكڕای دەنگ بڕیاری لەسەر دراوە دوای ئەوەی كە ئەو پاشكۆیە زیاد كراوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
دەربارەی وەزارەتی ئەشغال ونیشەجێ كردن (٧) هەزار دینار، بۆ شەریكەكانی كوردستان (٤٥) هەزار دینار بۆ ئەزمونگەكان(٦) هەزار كۆی دەبێتە (٥٨) هەزار دینار ئایا بۆ ئەو كاتەی لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر كرا كە وەزیری ئەشغال خۆشی لەوێ بوو و زۆر گرینگی درا بە وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ كردن ئەوەی سەرنج رادەكێشێ ئێستا گوێم لێ بوو كە جەنابی وەزیری دارایی دەڵێ ئەو پاشكۆیەی ناردمان وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ كردنی تیانییە، دەبێ ئەوانە لە ئەنجوومەنی وەزیران چار بكرێ بۆ وەزارەتی ئەشغالی تیانییە؟ چونكە مناقەشەكرا باسمان كردو بەڵام بۆ لەپاشكۆدا نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف كنا:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
پرسیارم هەیە، ئەگەر لە ئەنجوومەنی وەزیران ڕازی نەبن لەسەر شتێك خرایە ڕوو پەرلەمان بۆی هەیە ڕای یاساناسەكان وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
حەز دەكەم ووشەی ڕازی بوون (اتفاق) ڕوون بێ لامان مەرج نییە ١٠٠٪ ڕازی بن زۆربەی

لەسەری رازی بێ بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەسەر دەکەین لەسەرەتاوە لە دەستەی سەرۆکایەتی نابێ بەو شێوەیە باس بکرێ وای لێ هات چونکە ئەگەر وای لێ بێ وردی بکەینەوە لە وەزارەت بودجە وا گفتوگۆ ناکرێ.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من تا رادەیەک پشتگیری کاک یونادم دەکەم چونکە ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو شتانەمان زۆر باسکردووە دووسێ جار ئێمە لە زۆر شت کۆک دەبووین کە لەگەڵ وەزارەتی دارایی دانیشتم زۆریان بە مقەس بریوە بێ ئەوەی رای ئێمە وەربگرن بەراستی بێ ئەوەی حسابی بۆ بکەین لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دوو جار گفتوگۆمان لەسەر کردووە زۆر شت خراوەتە روو وەزیری دارایی هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی کە دەڵێ دەست پێوەگرتن (تقشف) بۆ هەندێ شت هەیە بەڵام بۆ هەندێ شت (تقشف )ناکرێ، ناکرێ دەستی پێوە بگرین لەبەرئەوە ناکۆکی هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من عەرزی پەرلەمانم کرد کە دووجار مناقەشەکراوە دوا جار لە کۆبوونەوەکەدا ئەو هەموار کردنانەی ناردومانە لەسەری پێک هاتووین هیچ یەکێ لە وەزیرە بەڕێزەکان نەیگوتووە بەرهەڵستم، چونکە وشە دەبێ دیاری بکرێ یەک کە گوتی من بەرهەڵستارم رازی نیم لەسەر ئەوە رایەکەی چەسپ دەکەین بەڵام کەبێ دەنگ بوو یانی رازییە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو پەرلەمان ئەو رایە وەردەگرین کە گفتوگۆی لەسەرکراوە لەئەنجوومەنی وەزیران هاتووە بەرێزان لە ئەنجوومەنی وەزیران چ گرفت هەیە لەوێ چاری بکەن با بزانم هیچ پەرلەمانێک لە دنیادا وەکو ئێمە پشوودرێژ نەبووە بەرامبەر بە وەزارەتی دارایی و بەرامبەر بە بودجەی حکوومەتی کوردستان.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەنجامی وتوێژو گفتۆگۆی وەزیرەکان لەگەڵ یەکتری وابێ دەچێ (ئەزمەیەکی) وەزارەت هەبێ رێک نەکەوتن لەسەری لە جیاتی ئەوەی دراسەی ئەوە بکەین وەزارت بەدەنگ بێنین ئەگەر وەڵامەکان لەجێی خۆی نەبێ بەڵکو کارێکی تریان لەگەڵ بکەین مادام رێک ناکەون، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموومان دەزانین بودجەکە بناغەیە وبەراستی ئەو لێزانی (خبیرە) و شارەزاییە بەداخەوە لە

هەرێمی کوردستاندا نییە بەو شێوەیە ئەو گرفتەی لە ئەنجوومەنی وەزیران هەیە وابزنم لێرەش روی داوە بودجەی پەرلەمانیش(٣) جار هەموار کراوە بۆیە ئەو شتە شتێکی گشتییە، سوپاس.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ببێ بە پاشکۆ دوایی نارەزاییەکانی خۆم تۆمار دەکەم بەردەوام بن لەسەر بڕگەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(٥/ وزارة الزراعة، ديوان الوزارة، ٢/ الخدمية، ١٧/ المكافاءات لغير منتسبي الدائرة) وزارەتی دارایی پێک هاتووە لەسەر (٧٠) هەزار دینار لیژنەی ئابووری لەسەر(١٠) هەزار دینار..

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو دەزانن کەرتی کشتوکاڵ کەرتێکی گرنگە بۆ ئەوەی زیاتر بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ بتوانێ هاندان بکا بۆ ئەوەی کە چەند لقی هەیە چەند کەرتی هەیە چەند بەشی هەیە، لەبەر ئەوە ئەو بڕە دانراوە بەو شێوەیە بەشی بکات، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەو پاداشتە (مكافائەیە) تەنها بۆ دیوانی وەزاریە وەکو وەزیر بیدات بە غەیری کارمەندەکانی فەرمانگە بەرامبەر بە خزمەتگوزارییەکان و (١٠) هەزار دینار باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خەڵات بۆ غەیری کارمەندانی فەرمانگە هی پەروەردە (١٥٠-١٢٠) هەزار دینارە کردمان بە (٥٠) هەزار برادەرانی لیژنەی دارایی کردیان بە (٥٠) هەزار چەسپ بوو بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بەڵام ئەوەی لامە هەموارکردنەکە (٧٠) هەزارە کردووتانە بە (١٠) هەزار پێشنیار دەکەم (٥٠) هەزار بێ وەکو پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی پەروەدە وەزارەتێکە کاروباری فراوانە و پتر شکۆداری دەکەن و پتر پێویستی بەخزمەتگوزارییە وەزارەت زیاترە پارەی لەبەر دەست بێت بۆ پاداشت ودیاری بۆ غەیری کارمەندی دایەرە باشترە و ئەمەش بە پێ ی وەزارەت دەگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە وەزیری کشتوکاڵ لێرە نییە نوێنەری کشتوکاڵ ئەگەر بۆمان روون بکاتەوە بۆ لێرە نییە ؟ ئێمە چاکترین وەزارەتمان هەیە لەرووی گرنگیەوە ئەویش وزارەتی پەروەردە و وەزارەتی کشتوکاڵە وەکو یەکن و پێویستە گرنگی بە هەردووکیان بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی زراعە لە هیچ وەزارەتێک کەمتر نییە، چونکە وەزارەتێکی بەرهەم هێنەرە (انتاجیە) لەبەر ئەوە کوردستانیش وڵاتێکی کشتوکاڵییە دەبێ گرنگی پێ بدرێ و دەبینم وەزیر لێرە نییە، ئەگەر لێرە بوایە زیاتر وتوویژ لەسەر ئەم بابەتە دەکرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەربەست نین وەزیر لێرە بێ یان نا، خۆی دەزانێ گفتوگۆ لەسەر بودجە دەبێ، نایێ کەیفی خۆیەتی، ئەوە عایدی ئێمە نییە پابەند نین گفتوگۆی خۆمان دوا بخەین لەبەر ئەوەی وەزیر لێرە نییە، لەهەموو دنیادا لەکاتی گفتوگۆدا،وەزیرەکان ئامادەن گفتوگۆی لەسەر بکەن سەرەک وەزیران ئامادە دەبێ وەزیری دارایی وەک بەرپرسیاری راستەوخۆ بەرامبەر ئەو بودجەیە ئەو بەرگری لە رای حکومەت دەکات.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی کشتوکاڵ دەوڵەمەنترین وەزارەتە لە کادیرە وەزیفییەکان ئەوەندە کادیریان هەیە چ لەلانی کشتوکاڵی چ لەلانی قانوونی وەزارەتێکی زۆر دەوڵەمەندە بۆیە هەر لەبنەڕەتدا پێویستی بەلێژانی دەرەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێم وایە ئەو مبلغەی بۆ (میدالیات) دانراوە مەبلغێکی کەمە پێم وایە بەلای کەمی بکرێتە (٢٠) هەزار باشە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بێینە سەر پێشنیاری لیژنەی ئابووری کە(١٠) هەزارە، کێ لەگەڵە ؟ .. کێ لەگەڵ نییە ؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان محەمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(وزارة الداخلية القسم ١٠/ ديوان الوزارة ١٥/ الاحتفالات). (٢٠) هەزار وەزارەتی دارایی لەسەری پێک هاتووە لیژنەی ئابووری کردوویەتی بە (١٠) هەزار، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا لایەنی بەرامبەر (طرفی مقابل) ئەوە وەزیر ئامادە نییە لەسەر ئاهەنگەکان تێبینیم نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە؟ نییە.. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان محمود عبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١٧/ (المكافاءات لغير المنتسبين) وەزارەتی دارایی ڕێک کەوتووە لەسەر (٢٥) هەزار لیژنەی ئابووری لەسەر(١٠) هەزار، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە خاڵ خاڵ باسی دەکەن بەڵام لە ڕاستیدا من پرسیارم لە وەزیری دارایی ئەوەیە ئایا چ هەمووارکردنی خستۆتە سەر ناوەخۆ؟ پاش دووا کۆبوونەوە هیچ زیادەی خستۆتە سەر؟ سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆبوونەوەی دووەمدا هەموارکردنەکەشی تێدایە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنمان ناردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا ئەوە هەرچەندە باس کرا کە ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەی بەڕێک کەوتن کردووە، من ئەو کاتە مۆڵەتم وەرگرتبوو بەشداری ئەو ڕێک کەوتنە نەبووم سەرنجم داوە بەگشتی مەسەلە بنەڕەتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ کەم کراوەتەوە بەتایبەتی زۆر لەوانەی کە کەم کراوەتەوە وەزارەتی دارایی دەستکاری کردووە ئەمە دەبوایە ڕەچاو بکرابایە کە لەگەڵ سیاسەتی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان ناگونجێ کە بڕیارێکی دا هەموو ناحیە و قەزاکان دابمەزرێنەوە ئەوانە هەموو پارەیان دەوێ و نابێ وەزارەتی دارایی کەمیان بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە هی کۆمیتەی ئابووریش کەمە بۆ وەزارتی ناوخۆ نموونەیەک دەڵێین ئەو ڕۆژەی کە ئۆتۆمبێلەکە تەقیەوە بەڕێز جێگری وەزیری ناوخۆ هاتە سەر تەلەفزیۆن (١٠) هەزار دیناری خەڵات دانا بۆ ئەو کەسەی خەبەرێک دەهێنێ، کەواتە زۆر پێویستیان پێ دەبێ زیاد بکرێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش ئەو قسەی کاک فرەنسۆو کاک د.ڕۆژ کردیان پشتگیریان دەکەم، کە ئەو پاداشتە بۆ غەیری کارمەندانی فەرمانگە داندراوە کە تاوانی پێ کەشف دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەو پارەیە کەمە، چونکە ئێستا نرخی زۆر دابەزیوە لەگەڵ ئەوەشدا من لەگەڵ ئەوەدانیم ئەو پارەیە هەبێ، تا خەڵکی پێ هانبدەن، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالد عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی ناوخۆ دەبێ بایەخی پێ بدەین بۆ ئاشکرا کردنی تاوانباران، گەلێ جار ئۆتۆمبیلی بەمین چێندراو وشتی وادەگیرێ ئەمەش پێویستی بە خەلاتکردنی غەیری کارمەندانە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ برادەر قسەیان کرد بەبۆچوونی من ئەو ژمارە لیژنەی دارایی لێی رازی نین، لەدەوروبەری ملیۆنێک بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە ئەگەر ئەو مبلغە پارە دابنرێ بۆ پاداشتی ئەو خەڵکانەی کە خزمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ پاراستنی، شتێکی باشە بەڵام باش بەکاری بهێنن نموونەشی هەیە لە سلێمانی یەکێک تاوانێکی ئلشکرا کرد ئۆتۆمبیلێکی بەمین چێندراوی دۆزیبۆوە زانیاریشی هێنا بۆ ئاسایشی سلێمانی نەک هەرخەڵاتیان نەدایە ئۆتۆمبیلەکەشیان لێ سەند، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری قسەکانی کاک شەوکەت دەکەم پارە چەند بدرێت بۆ خزمەتی هێمنی (ئەمن) و ئاسایش هەرکەمە بەڵام بە دادپەروەری بکرێ نەک یەکێ خەڵات بکرێ وەک کاک شوکت دەڵێ ئی واش هەیە کاری باش بۆ ئاسایش ئەنجام دەدا کەچی نەک خەڵات ناکرێ بەڵکو دەشگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەر ئەوەندە باسی وەزارەتی دارایی دەکەم کە دەڵێ کەمیان کردۆتەوە بەپێک هاتنی هەردوولایەن بوو لیژنەکە ڕۆیشتووە بۆ لای وەزیر ئەگەر وەزیر ناڕەزایی هەبوو، دەبوایە بەرەسمی بینووسیبایە یا لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران بیخستبارەوو، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا ئێمە دوو گرفتمان هەنە ئەوەی کاک یونادم و بەڕێز د.ڕۆژ ، قسەی د.ڕۆژ سەرنجی منی ڕاکێشا ئەگەر ئەوانە هەموار نەکرێن ئیشوکاری وەزارەتەکان ناڕوا ڕای من وایە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە ئەوەی (٣٥٠) هەزار دینارە بووە بە(١٠) هەزار من وەک ئەندامی لیژنەکە ڕام وایە کە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستادوو پێشنیارمان لە پێشە، پێشنیاری لیژنەی ئابووری بە (١٠) هەزار دینار کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەمە قەبوڵ نەکرا.. دێینە سەر بابەتێکی تر کە حکوومەت پێشنیاری کردووە (٣٥٠) هەزار دینار بێ کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. ئەمەش قبوڵ نەکرا، پێشنیار چییە؟...

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دووبارەی پێشنیارەکە دەکەم کە (٣٥٠) هەزار بێ، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارم لەسەر مەبلەغەکە نییە ڕەنگە دەنگی بۆ بدەم بەڵام گرفتی ڕابردوو هی کاک یونادم کە (١٢)ملیۆن دیناربووە بە(٦) ملیۆن بۆ ئەوە ئێمە هی خۆمان جێگیر کرد دەمانەوێ پیابچینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من خۆم دەنگم بۆ (٣٥٠) هەزارەکەدا بە اعتبار هی دیوانی وەزارەتە هی دەزگاکان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار کراوە (٣٥٠) هەزار بچەسپێ چ تێبینی نییە؟..

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(١٠) هەزارەکە قبووڵ نەکرا چونکە کەم بوو (٣٥٠) هەزارەکەش قبوڵ نەکرا چونکە ئەویش کەم بوو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئایا ئاسایش پۆلیس، ئەوانە ئەو پاداشتەیان هەیە؟ ئەگەر تەنیا هی مەرکەزی وەزارەتە هەر ئەوەی پێشدان بەسە چونکە ئاسایش دەچێ هەواڵ و شتی وا دێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەعینوانەکەی ئاشکرایە، دەڵێ دیوانی وەزارەت.

**کاک ڕەشید/ فەرمانبەری دارایی:**

دەرماڵەی نهێنی ئاسایش هەیە، دەرماڵەی هاندان هەیە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بەڕێوەبەری گشتی دارایی بەهەڵە بۆی چووە ڕاستە دەرماڵە وپاداشتی هاندان نەک بۆ ئاسایش بۆ غەیر کارمەندانی دایەرە (٥٠٠) هەزار دینارە، بەڵام ئەو برادەرە ووتی ئەوە دەرماڵەی جیاوازە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێ شک من سەرنجم دا بۆ شتەکە باشم خوێندەوە بەڵام بۆ قسەکانی بەڕێز د.ڕۆژ کەدەڵێ خەبەرێکمان بۆ دێنی شتێکمان بۆ دێنێ ئەمە بۆ ئاسایشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا پێشنیاری (٣٥٠) هەزار کێ لەگەڵ ئەوەیە (٣٥٠) هەزار بێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(النفقات الرأسمالية، ٤/ السيارات) وەزارەتی دارایی(٦) ملیۆن دیناری داناوە لیژنەی ئابووری کردوویەتی بە (٤٠٠) هەزار ئەو (٦) ملیۆنە دابەش کراوە بەسەر ئەو دەزگایانەی سەربە وەزارەتی ناوخۆن و زیادمان کردووە لە (٦) ملیۆن بۆ (١٠) ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئوتۆمبیلەوە لە حەقیقەتدا ڕای وەزارەتی دارایی ئەوەیە کە شتەکە مەرکەزی بێت، من پاڵپشتی ئەوە دەکەم باشترە لەوەی کە بڵاوبێتەوە تأییدی ڕای وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران دەکەم لە هەمان کاتدا دەبێ سەرنجی ئەوە بدەم کە فەرمانگەکان وەختی خۆی نووسیویانە پێویستیەکانیان بە کۆمەڵ دیاری کردووە جگە لەپۆلیس نەبێت کە ڕادەیەکی باشیان داناوە لەدەوروبەری (١٥/٥٠٠/٠٠٠) ملیۆن دیناریان دانا بوو دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە هەموو قەزاو ناحیە پۆلیس تیا بێت هەر قەزاو ناحییەک حساب بکرێ کە پۆلیسی بچێتێ پارەیەکی زۆر دەکات ئەوان بە(١٥/٥٠٠/٠٠٠) ملیۆن دینار تقدیریان کردبوو ئەوەی تر هەمووی بە دوائر و ئاسایشەوە بە هەمووی نەیکردووەتە (٢٦) ملیۆن لێرە هەمووی کەم

کراوەتەوە وەزارەتی دارایی هەمووی فت (شطب) کردووە کردوویەتی بە (٦) ملیۆن ئەو مبلغە لە ڕاستیدا کەمە، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وەکو بەڕێز وەزیری ناوخۆ باسی کرد ڕاستە هەوڵی کڕینی ئۆتۆمبیل دراوە لە دیوانی وەزارەت بۆ ئەوەی مەرکەزی بێ تازاڵ بێ بەسەر دایرەکانیان بەڵام گەر لە ئەنجومەنی وەزیران (٦) ملیۆنی تر زیاد بکرایە (١٥) ملیۆن تەرخان کراوە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئێستا دوو بۆچوون هەیە بۆچوونێک مەرکەزی بێت بچوونێک وەکو هەیە دابەش کراوە.

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

هەرچەندە وەزارەتی ناوخۆ وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر بەشەکانی هەیە لە نێوان بەشەکانی بەڕێوەبردن، (الادارة المحلية/ الجنسية/ المدير العام للشركة/ مدير عام للآسايش) هەموو دابەش کراوە تاکو بەدادپەروەری بێت و لەبەر ئەوە دابەش کردن شتێکی پێویستە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە سەربە وەزارەتن چونکە هەردەم فەسل و مادده پێویستە لە هەموو بەشەکاندا هەبێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس. ڕوونکردنەوەکە لە جێگای خۆیەتی بەڕاستی دیاری کردنی بودجەی وەزارەت یا بۆ بەشەکانی وەزارەت وابزانم مانای ئەوە نییە بەڕێوەبەرێکی گشتی بەئارەزووی خۆی تصرف بکا، لە ژێر چاودێری وەزارەت دابێت لە بارودۆخێکی (تقشفي)، ئێمەش حەقە لە ئەنجومەنی وەزیران هەندێ ڕێنومایی تایبەتی بکەین بۆ تصرف کردنی..

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێستا ئۆتۆمبیل کڕین مەرکەزییە بەپێی ڕێنومایییەکانی ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دێینە سەر پێشنیاری لیژنە (٤٠٠) هەزار دینار بۆ ئۆتۆمبیل تەرخان کرابوو بۆ دیوانی وەزارەت، کێ لەگەڵە.. ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ قەبول نەکرا دێینەوە سەر ئەو پێشنیارەی حکوومەت کردوویەتی پێشنیارێکە کە مەرکەزی بێت ئێستا دابەش کراوە.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە ئەنجامی دەنگ دانەکە لیستەکە تێکدەچێ چونکە بە دڵنیاییەوە (٢٧) بڕگەی تر بۆ ئۆتۆمبێل

هەیە لەگەڵ لیژنەی دارایی تێکدەچێ دەبێ بگەڕێین بە دوای چارەسەری یا  دەنگدان بکەن و دەستکاری هەموو ژمارەکان بکەین یا پێشنیاری بەڕێز وەزیری ناوخۆ رەچاو بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کڕینی ئۆتۆمبێل مەرکەزی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کاتە بۆ هەموو وەزارات مەرکەزی بێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەختی دەڵێین وزارە دابەش ببێ بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان هەریەکە لێرە فەسل و مادده دەبێتە ئۆتۆمبیل (سیارات) لە هەموو بەشەکان پێویستە هەبێت چ ئاسایش بێت چ بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس بێت بەڕێوەبەری خۆجێیەتی ورەگەزنامە بێت پێویستە رێنمایی مەرکەزی دەربکەن بۆ سەرپەرشتی کردن، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان مەبەست لێرەدا مەرکەزێک هەبێت بەڵام لێرەدا ئەو مەرکەزیەتە، وەکو لیژنەی دارایی بەڕێز هێمای بۆ کرد، دەبێت چونکە ئەوان ناتوانن یەکێ لەو دەزگایانە داوای پارە لەدارایی بکاو بۆ خۆی ترۆمبێل بکڕێ رێنمایی هەیە ئەو رێنماییە لەژێر چاودێری وەزیری تایبەت خۆی دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گوێم لەبەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بوو کە وتی (١٢) ملیۆنمان تەرخان کردووە نازانم لیژنە پێشنیاری هەیە؟ من پێشنیار دەکەم لەبەینی (١٢) تا (١٥)ملیۆن دینار بێت، لیژنەی دارایی خۆی پارەکە دابەشی بکات بەسەر بەڕێوەبەریەکان وهۆیەکان، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دابەش کردنی ئێمە بۆ (١٠) میلۆن بۆ دیوانی وەزارەت بەڕێوەبەریەکانی خۆجێیەتی(٤٠٠) هەزار دینار بۆ ئاسایش(٢) میلۆن بۆ پۆلیسی فریاکەوتن ئەوان داوای (١٥) ملیۆن دەکەن لای ئێمە (٦) ملیۆنە بەڕێوەبەریە خۆجێیەکان (اداراتی محلی) داوای (٩٠٠) هەزار دینار

دەکەن لای ئێمە (٦٠٠) هەزار دینارە بۆ هەرچوار پارێزگا بۆ فەرمانگەکانی هاتوچۆ (٦٠٠) هەزار دینارە ئەوان داوای (٩٠٠) هەزاریان کردووە بۆ فەرمانگەکانی رەگەزنامە (٤٠٠) هەزار دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر رایەکەی کاک فرەنسۆ بەدواداچوونم هەیە برادەران بە روونی وتیان هەمان داخوازی وەزارەتی ناوخۆمان قبوڵ کردووە زیادیشمان کرد بەڵام دابەشمان کردوە ئەوەی پێشتر دەنگی لەسەردرا لە دژی (٤٠٠) هەزارەکە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوان وەکو مەرکەز (٦) ملیۆنیان داناوە لە دابەشکاری لیژنەی ئابووری دەگاتە (١٠) ملیۆن دینار ئەوەی ماوەتەوە یەک (بابی) ترۆمبێلان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی (ادارەی محلی) (٦٠٠) هەزاریان داناوە با ئەوەی دیوان پڕبکەینەوە ئەوەی لەگەڵ ئەو رایە نەبووە (٤٠٠)هەزار دیناری پێ کەم بوو با پێشنیاری تر بکا.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من شتەکەم روون کردەوە وەزارەت خۆی داوای نزیکەی (٢٦) میلۆن دیناری کردووە وەزارەتی دارایی هەمووی کردووە بە (٦) ملیۆن زۆرکەمەو سوپاسیان دەکەم کە ئەو (٦)ملیۆن دینارەیان کردووە بە (١٠) میلۆن ئینجا لێرە ناتەباییەکە ئەوەیە (٢٦) ملیۆن لە کوێ (٦) ملیۆن لەکوێ (١٠) ملیۆن لەکوێ بۆ ئەوەی کە (١٠) ملیۆنەکە ئینجا مەرکەزی دەبێت مەرکەزی نەبێت دەتوانن چارەی بکەین و هیچ گرفتی نییە ئەوا من پشتگیری پێشنیاری کاک فرەنسۆ دەکەم لە (١٢) ملیۆن تا (١٥) ملیۆن (٢٦)یش نییەو (١٠)یش نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیسان دەگەڕێینەوە سەرهەمان بابەت کە لەگەڵ وەزارەتی نیشتەجێ کردن باسمان کرد، گرفتی ئەنجوومەنی وەزیران دەبوایە ئەم مسەلانە ببڕێندرێتەوە، ئێستا دوو پێشنیارمان لە پێشە یەک لیژنە پێشنیاری کردووە لە بابی ٦/ بەشی یەک کە پەیوەندی بە دیوانی وەزارەتەوە هەیە دەڵێ (٤٠٠) هەزار دینار دانراوە بەزۆرینە دەڵێن کەمە بەرامبەری ئەوە نییە، پێشنیاری مەرکەزی دانراوە کە لەسەری رۆیشتن چەند پێشنیار دەکرێ بۆ دیوان چونکە لەبەشەکانی تری بەڕێوەبەریەتی (مبالغ) هاتووە چەسپ بووە ئەو کاتە وەزارەی ناوخۆ نارەزایی هەیە پاشان دەتوانێ لە رێگەی قانوونی بودجە لەئەنجوومەنی وەزیران باس بکرێ ئەگەر پێوستی بە زیادە بوو

ئەوا لێرە ئەنجوومەن بڕیاری لەسەر دەدا.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە دیوانی وەزارەت (٤٠٠) هەزار دینار بەسە حەق نییە زیاد بکرێ زیادە مەبستمان سەرمایەکەیە کە هەمووی زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەتا ئێستا ئەوە کراوە بە (٣) بەش بەبۆچوونی من وەزارەتی دارایی ئەندامێکی ئەنجوومەنی وەزیرانە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران پێکەوە بەرپرسیارن هەمووشمان دەزانین دەبوایە ئەو گرفتانە لەئەنجوومەنی وەزیران دەنگی لەسەر درابا، من نەم دیوە هیچ بودجەیەک وابخرێتە روو، ئێمە کە دەڵێین هاوکار (متضامن) لەوانەیە لە (١٥) وەزیر (٣) وەزیر کۆک نەبن لەگەڵ ئەوەی کە کەمینە بندەستی زۆرینەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی وەکو لە پێشەوە وتم یەکەم جارە گفتوگۆ لەسەر بودجە بکەین لێژانەکان کۆببنەوە ئەو بابەتە باس بکەن و بودجەش وابزانم بەو جۆرە نەکرا، باوەر ناکەم کەگفتوگۆ لەسەر بودجە دەکرێ تەماشای رەوتە گشتی یەکەی بکرێ بودجە گرینگە لەگەڵ بارودۆخی خۆمان بگونجێنین ووتوێژی لەسەر بکەین و هەر وەزارەتە بەپێی پێویست پارەی بۆ تەرخان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی کاک د.فوئاد، بەڵام ئێمە تازە لەسەر ئەو خشتەیە رۆیشتین معقول نییە وەزارێتێکی لێ هەڵاوێرین (استثناء) بکەین، ئێستا کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە بکرێ بە (٥٠٠)هەزار دینار؟.. بە زۆربەی دەنگ (٥٠٠)هەزار جێگیر کرا.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(٦/ النفقات التحويلية، ٧/ ضرر مبادلة العملة)، وەزارەتی مالیە (٣٠) هەزار دیناری داناوە، لیژنەی ئابووری هیچی دانەناوە.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە بەهەڵە هاتووە لە بودجەکە وەختی خۆی کەهاتووە، مەبەستی ئەوە بووە گۆڕینەوەی دراو بۆ

ئەو خێزانانە کراوە کەچوون بۆ حەج لەسعودیە لەبەرئەوە داوای ڕەفزی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الادارة المحلية ٥/ النفقات الرأسمالية ١/ السيارات) وەزارەتی دارایی هیچی دانەناوە ئێمەش لیژنەی ئابووری (٦٠٠) هەزار دینارمان داناوە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە؟ ..کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

٩/ الكتب والمجلات، وەزارەتی دارایی (٢٠) هەزار لیژنەی ئابووری (٤١) هەزاری داناوە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..، کێ لەگەڵ نییە ؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوائر ئاسایش، فصل (١) مخصصات الموظفين وەزارەتی دارایی(٩) میلۆنی داناوە، لیژنەی ئابووری (٦) ملیۆن دینار..

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم تۆزێ بۆمانی روون بکەنەوە لەسەرچ بنەمایێک (٩) ملیۆن دینار کراوە بە (٦) ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرماڵەی چەسپاو بۆ لە(٩) ملیۆن بوو بە (٦) ملیۆن؟ سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرچی (٩) ملیۆن دەرماڵە بوو بە (٦) ملیۆن؟ راستە دەرماڵەی جێگیر لە هیچ وەزارەتێک دەستمان لێ نەداوە بۆ لە ئاسایش دەستمان لێ داوە؟ زۆر لەپۆلیسەکانی تری محلی نیازیان

وابوو بچنە ئاسایش چونکە پارەی ئاسایش پارەیەکی زۆرەو دەرماڵەی هەمەجۆری بۆ دانراوە، لە ١٤/١٢/١٩٩٢ کتابێک لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچوو بوو ئەو جۆرە دەرماڵەی تیابوو لە جێگای تر جگە لە ئاسایش، کە لیژنەکەمان لێی کۆڵیەوە وگفتوگۆمان لەسەر کرد دیتمان ئەو جۆرە دەرماڵە زیادە، راستە لە بەغدا دەرماڵەی تایبەت هەیە، دەرماڵەی پلە(صنف)هەیە ئێمە لەگەڵی داین وەریگرن، بەڵام دەرماڵەی (انذار) بۆ ماوەی (٣) مانگە (٦) مانگە، دەرماڵەی (انذار) لە دهۆک هەبێ لە هەولێر نایگرێتەوە لەکەرکووک بیگرێتەوە لە سلێمانی نایگرێتەوە قضیەی انذار وەختی یە لەبەرئەوە راپۆرتێکمان دا لە١/١٢/١٩٩٢ هەموو ئەندامانی لیژنە ئیمزامان کردو ژمارەی کتابی ئێمە (٢٥)ە راستە تا ئێستا ئەوە گفتوگۆی لەسەر نەکراوە بەپێی ئەو کتابە سێ یەکی دەرماڵەیان هێنایە خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مووچە بەگشتی کەمە، دەرماڵە بەگشتی کەمن پێویست دەکا هەمووی بەرز بکرێتەوە بەڵام بەنسبەت ئاسایشەوە پێمان بکرێ پێمان نەکرێ دەبێ چارەێکی بۆ بدۆزینەوە ئاسایش پێویسترە لە خەڵکی تر ئاسایش دەبێ مووچەی تایبەتی بدرێتێ دەبێ حسابێکی تایبەتی بۆ بکرێ نابێ ئەوەی لە ئاسایش ئیش دەکات محتاج بێ ئەوەی لە ئاسایش ئیش دەکات نابێ خۆی بفرۆشێ نابێ لەوەزعێکی وابێ محتاجی ئەم و ئەو بێ ئاسایش دەبێ (٢٤) سەعات ئیش بکات، ئیشەکانی مەترسیدارە لەسەر ئەو بنەمایە حسابێکی تایبەتی بۆ ئاسایش کراوە، حسابی ئەوەش کراوە. توانامان چەندە لەبەر ئەوە ئاسایش کراوە نییە هەموو کەسێک بچێتە ئاسایش ژمارەیەکی دیاری کراو دانراوە ئاسایشی هەولێر (٢٠٠-٢٥٠) کەسە، ئاسایشی سلێمانی (٢٠٠-٢٥٠) کەسە تەواوە زیاد ناکات من حەرەسی خۆم نانێرم بۆ ئاسایش تاکو مووچەی زیاد وەربگرێ یا هەر پۆلیسێک داوای کرد بچێتە ئاسایش وەرناگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری قسەکانی د.ڕۆژ دەکەم:

یەکەم/ بەپێی ئەو کتابانەی کاک جمیل باسی کرد لەمەسەلەکەدا لیژنەی دارایی ناتوانێ بریار بدات کە دەرماڵە بۆ پۆلیس بۆ وزیفەیەکی تایبەتی بەرێگاوەیە راستە یا راست نییە پێویستە لەو بابەتە لیژنەی وەزارەتی ناوخۆ لیژنەی ئەمن و ئاسایش ئاگادار بکرێتەوە، هی دووەم کە کاک ڕۆژ باسی کرد بابەتی بودجە کە زۆر سەرف کراوە بەبۆچوونی من دەبێ چاودێریەکی توند دابنرێ، هی سێ یەم مەسەلەی ئاسایش پێم وایە ئاسایش ئەگەر بەشێوەیەکی رێکوپێک بکرێ ئەو سیفەتانەی د.ڕۆژ باسی کرد کە (٢٤) سەعات دەبێ لەئامادە باشدا بێ ئیشەکە ترسناکە قابلی کرین دەبن مووچەکە ئەوەندە بێ کەبەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

بەڕێز کاک جەمیل هێمای کرد بۆ ئەوەی وەختی خۆی لە مانگی (١٢) کە من وەکیلی بەڕێز کـاک جـوهر بووم هاتوون دراسـەیان کـردووە ئەوەیان کـەم کـردۆتەوە، وابزانم ئەوە پەیوەندی بەمـەسـەلەی بودجـەوە هەیە، ئەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەفـتـەرە کـۆنانە کـەدوو مـانگ لەوەوپێش کـراوە لە هەمـان کـاتدا بەڕێزان د.فـؤاد، د.ڕۆژ ئاگـایان لێـیـە کـۆبوونەوەیەکی سەرۆکـایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، بەئامـادە بوونی نوێنەرانی هەردوو فراکسیـۆن، کاک فرەنسۆ چووە دەرەوە، باسی دەرمالەی ئاسایش کرا، لەسەری ڕێک کەوتین، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــــــومـــــــەن:**

لیژنەی ئابووری حەقی خۆیەتی پێشنیار بکات چۆن پاساوبێنێـتەوە ئەوە خۆی لەپێش چاوتانە دێینە سەر ئەو بەندە کێ لەگەڵ ئەوەیە (٦)ملیۆن دینارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند نەکرا.. پێشنیاری لیژنەی ئابووری، پێشنیـاری حکوومەت (٩) ملیۆنە.. کێ لەگەڵە..؟! کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

٦/ فصل (٢) / ١٥ الاحتفالات وزارەتی دارایی(١٠) هەزار دیناری داناوە لیژنەی ئابووری (١٠) هەزار. سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــــــومـــــــەن:**

کێ لەگەڵە؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا..

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

٦/ فصل (٢)/ ١٥/ الاحتفالات. وزارەتی دارایی (١٠٠) هەزاری داناوە لیژنەی ئابووری (١٠) هەزار.

**بەڕێــز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــــــومـــــــەن:**

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

٥/ الرأسمالية ٤/ السيارات. وەزارەتی دارایی کردوویەتی بە مەرکەزی. لیژنەی ئابووری (٢) ملیۆن دیناری داناوە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

وابزانم ئەو (٦) ملیۆنە دابەش کراوە، بەڵام زیاد کردنەکە ئەوەندە نییە کە لە وزارەت باسی کراوە

بۆ ئەم (بابانە) کە وەزارەت پێشنیاری کردووە، جیاوازیەکە کەمە بکرێ بە (٢) ملیۆن و(٦٠٠) هەزار، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هەر مرکزی پۆلیسێک یان پۆلیسی هاتوچۆ یا ئاسایش لە جێگایەک دوو ئۆتۆمبیلی هەبێت هەر نەبوونەکەی باشترە قەزاو ناحیەکان زۆر پێویستیان بە ئۆتۆمبیل هەیە با مەبلغێک تەرخان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی ئابووری یە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ قبووڵ نەکرا، دێینە سەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ کە دەڵێ (٢/٦٠٠/٠٠٠) دینار کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ (٢/٦٠٠/٠٠٠) هەزار جێگیر کرا بۆ ئاسایش و بۆ ئۆتومبێل...

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوائر المرور ٥/ الرأسمالية ٤/ السيارات وەزارەتی دارایی هیچی دانەناوە لیژنەی ئابووری (٦٠٠) هەزاری داناوە. سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوە زۆر کەمە لە جیاتی (٩٠٠) هەزار دینار بکرێتە (٢) ملیۆن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پاڵپشتی کاک فەرەنسۆ دەکەم (٩٠٠) هەزار بایی ٣-٤ ئوتومبیل دەکا، مروری هەموو کوردستان بە (٣-٤)ئۆتۆمبیل دابین نابێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بارودۆخەی کە ئێستا پێی دا دەڕۆین دووشتی زۆر گرنگ هەیە، یەک مووچەو خواردنی ئەو خەڵکە دووەم پاراستنیانە، پاراستنەکەی هێزی پێشمەرگە لە (فایدە) هەتا (کفری) دەبێ توانا

وگوڕی بدەینێ وهێزی ئاسایش لەناوخۆ پتەوکەین، هاتوچۆش هەموو پارێزگای ئاسایش دەکات با زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوە دەست پێوەگرتنە (تقشف)ە و پارەش بۆ ترۆمبێلان کەمە ئاگادار بین نەدرێ بە (BMW) یامارسیدس واتا ئۆتۆمبیلی وەک بەرازیلی وپیکاب بکرن باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی ئابوورییە (٦٠٠) هەزار دینارەکە وەکو خۆی بهێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ قبول کرا.. پێشنیاری وەزارەتی دارایی نییە کاک فرەنسۆ (٢) ملیۆنی پێشنیار کردووە..

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دەبێ حسابی ئەوە بکەین هاتوچۆ تەنیا هەر ئوتومبێل نییە ماتۆرسکیلیشی دەوێ بۆیە (٢) ملیۆن رەنگە کەم بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری (٢) میلۆن کێ لەگەڵە؟ .. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ (٢) ملیۆن جێگیر بوو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوائر الشرطة/ الرأسمالية ١/ الاثاث پێشنیاری وەزارەتی دارایی (١) ملیۆن دینارە لیژنەی ئابووری (٣) ملیۆن پێشنیار دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٤/ السیارات وەزارەتی دارایی فتی (شطب)ی کردووە لیژنەی ئابووری (٦) ملیۆن دینار پێشنیار دەکا، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەوەش کەمە ئەگەر بکرێتە (٨) ملیۆن باشە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە لە پێشەوە باسمان کرد کە ئەو بابەتانە دابەش کراون کاک فرەنسۆ پێشنیاری ئەوەی کرد لەنێوان ١٢-١٥ملیۆن بێت کە ئێستا باسی (٨) ملیۆن دینار دەکا لە دوو جێی تر زیاد لە پێشنیاری خۆی دەکات پێم وایە (٦) ملیۆن باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دەربارەی پۆلیس حسابی ئەوە بکەن (٤) پارێزگامان هەیە ئەو هەموو قەزارو ناحیەمان هەیە ئەوانە پێویستیمان پێی هەیە (٦)ملیۆن دینار بەبۆچوونی من کەمەو بکرێ بە(٨)ملیۆن دینار بەسە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵ ئەوەیە پێشنیاری لیژنەی ئابووری وەکو خۆ بمێنێتەوە (٦) ملیۆن دینار؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ قبوول نەکرا.. پێشنیاری (٨) ملیۆن دینار هەیە. کێ لەگەڵە ..؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ قەبووڵ کرا..

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دوائر الجنسیة ٥/ الرأسمالیة ٤/ السیارات وەزارەتی ئابووری فتی (شطبی) کردووە لیژنەی ئابووری (٤٠٠) هەزار دینار پێشنیار دەکا، سوپاس.
**بەڕێزد.سەلاحەدین محەمەدحەسەن وەزیری دارایی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پرسیارەکەم ئەوەیە پۆلیس وئاسایش کاریان زۆرە، بەلام بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە (جنسیە) بۆ ئۆتۆمبیلی بۆ بکڕین ئیشی چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من نموونەیەکی بچوکی بۆ دێنم بەڕێوەبەری ڕەگەزنامە (مدیری جنسیە)ی دهۆک ناچارە لە دهۆک بچێتە زاخۆ ئیش بکات، بەڕێوەبەری جنسیەی سلێمانی ناچارە بچێتە پێنجوین ناچارە بچێتە هەڵەبجە ناتوانێ بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە (جنسیە) لەوێ دابنێ، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵە (٤٠٠) هەزار دینار وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز یەحـــیــا مـــحـــمـــەد عـــەبدولکەریم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دفاع مدني ٢/ الخدمية ١٥/ الاحتفالات وەزارەتی ئابووری (١٥) هەزاری پێشنیار کردووە لیژنەی ئابووری (٥) هەزار، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ چەسپ بوو..

**بەڕێز یەحـــیــا مـــحـــمـــەد عـــەبدولکەریم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وقزارة البلديات والسياحة ٤/ الماء والمجاري ١٤/ الصيانة صيانة التأسيسات المائية وەزارەتی ئابووری (٢) ملیۆنی پێشنیار کردووە لیژنەی ئابووری (٣) ملیۆن دینار پێشنیار دەکات. سوپاس.

**بەڕێز کـافـیـە سلێـمـان/ وەزیری شـارەوانی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەنسبەت ئاو ئاوەڕۆکان لە کاتێکدا کە گفتوگۆکردنی بودجە کراوە هێشتا ساغ نەبووەتەوە سەربە چ وەزارەتێکە بەڵام وابزانم لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە خاوەنی هەبوو ئەو کاتە هەموو شتێک تەواو بوو لەوانەیە هەندێ گۆڕانکاری تیا بەدی بکرێ لە کاتی خۆی دا نەمان کردبێ بەڵام هیوادارم ئەوە لەسەر ئێمە نەبێ ئێستا بۆ نموونە (٣٥) میلۆن و(١٠٨) هەزار دینار بۆ ئاو و ئاوەڕۆکانی هەر (٤) پارێزگاکە پێشنیار کراوە ئاو وابزانم وەکو هەوا وایە باسی ئەوە دەکەین دەبێ هەر هەبێ ئەو پارە زۆر کەمە ئەویش لەچی کەم کراوەتەوە لەدوو فەسل فەسلی خەرجییەکان سەرمایە لەگەڵ پەرزێرایی لێکردن (صیانە)کە ملیۆنێک دیناری بۆ زیاد کراوە ئەوە شتێکی باشیان کردووە بەڵام هەندێ شتی تر هەیە ئەگەر بکرایە باش بوو لە صیانە (٣/٦٠٠/...) هەزار بووە بە (٢) ملیۆن دینار بۆمان کراوە بە(٣) ملیۆن باشە ئەگەر ببوایە بە (٣/٦٠٠/٠٠٠) باشتر بوو بۆ پەرزێرایی مەکینەو کەل وپەل کە میلۆنێک و(٥٥٠) هەزاریان داناوە بوو بەیەک ملیۆن لەوەزارەتی دارایی بەڵام هەر ئاوو ئاوەڕۆکان کە ئێمە پێشناری (١) ملیۆن دەکەین ئیشی ئەوانە وابزانم هەندێ فەصل و مادده هەیە حسابیان بۆ نەکراوە کە لەلای ئێمە ئەو (اجهزەو مکائن) زیاتر پەیوەندیان بە بەغداوە هەبوو پشت بەخۆمان ببەستین، سوپاس.

**بەڕێز ســـەعـــدی ئەحــــمـــەد مـــحـــمـــەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

کەم دانراوە بکرێ بە (٣/٦٠٠/...) دینار باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش مانگێک بیرخەرەوەیەک دراوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە پرۆژەی ئاوی دهۆک تێک چووە ئێستگەکەی خۆی خلیسکاوە ئەو مبلغە کەمە پشتگیری رای حکومەت دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالد عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆڕەکانی ئاوی هەولێر تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی ئێجگار زۆر بووە تەنانەت ماتۆڕەکان تێک چوون پێم وایە ئەو (.../٣/٦٠٠) دینارە کەمە بۆ ٣ پارێزگاکە ٤ ملیۆن دینار باشە، سوپاس.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی ناوخۆ (١٥) ملیۆنی بۆ پەزێرایی (صیانە) دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی ئابوورییەکە (٣) ملیۆن دینار وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ قەبوڵ نەکرا..

پێشنیاری وەزیری شارەوانییەکان (٠٠٠/٣/٦٠٠) دینارە کێ لەگەڵ نییە؟ کێ لەگەڵە؟.. پەسند نەکرا.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەم شێوەیە نەبێ بە لەسەریەک زیاد کردن بێ، وەزیری شارەوانی خۆی بڵێ بخرێتە دەنگدانەوە..

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی دهۆک و هەولێر کرا حسابی قەزاکانیش ناکەن کە تێک چوون هەموو پێویستیان بە تأسیسی ئاو هەیە لەبەر ئەوە کەمە لە (٤ر٥ تا ٥) ملیۆن دینار باشە، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری (٥) ملیۆن دینار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پێشنیار دەکەین لە (٥) ملیۆن زیاتر بۆ ئەگەر پێویست نەبێ خەرجی ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری (٥) ملیۆن بۆ پزیرایی (صیانە) و ڕێکخستنەوەی ئاو کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ (٥) ملیۆن قەبووڵ کرا.

برایان سەعات ٥ر٩ کۆبوونەوەی ئاییندەیە...

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەن** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(١٧)

## سێ شه‌مه ڕێكه‌وتی ٢٣/٢/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٢/٢٣

***کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ڕۆژی ١٩٩٣/٢/٢٣، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا. دانیشتنی ژمارە«١٧»ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٩٣.***
***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەین. بەردەوام دەبین لەسەر وتوویژ کردن لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق»ی ساڵی١٩٩٣، ئەگەر لیژنەی ئابووری کەرەم بکات، ئێستا دێینە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیریی.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن هیچ گۆڕانکاریەکمان تێدا نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری گواستنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێگای شانازییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوجا نەئەبوو گەر بەڕێزتان شتێکتان هەیە بیخوێننەوە وپێشکەشی بکەن؟ ئێمە ئەمڕۆ تەنیا گفتوگۆ لەسەر ئەو دوو خشتەیە (جەدوەلە )دەکەین ، مانای وایە ئەوەی کە حکومەت ناردبێتی لیژنەی ئابووری ڕەزامەندی لەسەر کردووە،یاخود ڕەخنەی لەسەر ئەو پێشنیارە نییە، ئەمێنێتەوە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان شتێکیان لەسەر ئەو بودجەیە هەبێت بادەری بڕن، ئەگەر نەش بێت،

ئێمە ئەچین بۆ حەقلی«٩» ، ئەگەر حکوومەت چ گرفتێکی هەیە و پاشان وەکو پێشنیار پێشکەشی بکات ئەوە شتێکی ترە، بەڵام بۆ ئەمڕۆ گفتوگۆی ئەو بودجەیە دەکەین کە بۆمان هاتووە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچ گۆڕینێکیان نەکردووە، لەبەر ئەوەی ماوەی گفتوگۆ نییە، ئەگەر ماوە هەبێت ئێمە دەتوانین رای خۆمان نیشان بدەین، بەڵام شتێک لەبەردەستی ئێمەدا نەبێت چۆن قسەی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەوە دوو رۆژە لەسەر هەمان بابەت گفتوگۆ دەکەین. کاک فرەنسۆ دوو رۆژە گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوێنێ ئێمە مەسەلەکەمان بەوە بڕیەوە وپرسیارەکەی کە لە لیژنەی قانوونیمان کرد هەر کێشەیەک هەیە یا هەر خاڵێک ونا تەواوی یەک هەیە کەلە بیرکرابێت، وەکو پاشکۆ دەتوانن پێشکەش بە وەزارەتی دارایی بکەن، ئەگەر نا ئەوە پەیوەندیی بەوەوە هەیە. من رازیم لەسەر قسەکەی کاک فەرەنسۆ، چونکە لەبەر دەستمان نەبێت ناتوانین وتووێژی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی بودجەی ١٩٩٣شتێکی گەلەک مەزنە و وەزارەتی داراییش نەیتوانیوە وەکو «١٠٥» یان «١١٠» نوسخە بۆ هەموو ئەندامان چاپی بکات، بەڵام ئەو کورتەیەی ئێمە نووسیمان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن کۆی«٨٠» ملیون و٤٤٥هەزار دینارە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێ گومان لایەنی تایبەتمەند لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کەدانراوە تەماشای ئەو بودجەیەی لیژنەی دارایی دەکا، بۆیە ئێمە تائێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین ئەو جێیە کە رای تێدانییە ورۆیشتووە وهیچ لاری بوونێکی لەسەر نییە، پێویستە ئیعتوباری پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک دکتۆر، ئەمە دوو رۆژە رۆیشتووین، بەڵام تەگەرە ئەوەیە کە برادەران لەسەرەتاوە رایان وابوو کەلیژنەی پسپۆر دەبێ قسەبکەن، جائێستاکە لیژنەی پسپۆر قسە ئەکات دەڵێت چمان لەبەر دەست نییە، ئەگەر چتان لەبەر دەست نی یە ئەو «١٠٥»ئەندامە ئەو (مەلزەمە)

گەورەیە ئێمە لە توانامانـدا نییـە چاپی بکەین وەزارەتی دارایی وئابووری یا هەر وەزارەتێکی ترە ئەوانیش باوەڕناکەم بەو درێژییـە بیـان توانایە بیـان کـردایە دوو ڕۆژە بەم چەشنە گـفـتـوگـۆی لەسەر دەکەین وبا بەردەوام بین لەسەر ئەو گفتوگۆکردنە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئـاد مەعسـوم/سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

بیدەن بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی، سوپاس.

**بەڕێز پەریخـــان مـــحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

گەیشتینە «٩»یەمین وەزارەتی ڕۆشنبیریی.

٢-الخدمیة: النشـاط الریاضي والکشـفي. وەزارەتـی دارایـی(١٠٠٠٠٠) هەزار دینـاری بـۆ داناوە لـەسـەر راسـپـاردەی ئەنجـوومـەنی وەزیران لـیـژنەکـەمـان کـردی بە (٢٥٠) هەزار دینار، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

بەراسـپـاردەی حکـوومـەت بکرێت بە«٢٥٠»هەزار دینارولیـژنەش پشـتـگـیـریی لەو راسـپـاردەیە کردووە. ئەگەر چ تێبینی یەک لەسەر ئەم خاڵە هەیە، وەزیری دارایی وئابووری بۆی هەیە روون کردنەوەیەکی هەبێت لەسەر ئەم بابەتە بابفەرمووێت پێشکەشی بکات.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

لەدووا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران کەزیاد کراو گـفـتـوگـۆی لەسەر کرا، لەوێ مبلغەکە بووە «٣٠٠،٠٠٠» سێ سەد هەزار دینار، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

ئێمە گفتوگۆی ئەوە ناکەین، ئێمە گفتوگۆی ئەم راپۆرتە دەکەین کەپێشکەشتان کردووە، وئێمە ئاگامان لێ نییە.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

ئاخر ئەوەی کە پێشکەشتان کرد جەنابت ناردووتە بۆ لیژنەکە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

نەخـێـر نا نەم ناردووە بۆ لیـژنە بەڵکو ناردوومـە بۆ ئەنجـوومـەنی وەزیران، چونکە لەڕێگەیەکی ئوسولی ناردرابوو بۆ ئێمە، لەبەر ئەوە ئێمە گفتوگۆی ئەوە ناکەین، گفتوگۆی ئەوە دەکەین کە

ئێستاکە لەبەر دەستمان دایە.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت وەزارەتی رۆشنبیریی یەوە حەز دەکەم ئەو خاڵە روون بکەمەوە، داوای (١٨)ملیۆن و٧٢٦ هەزار دیناری کردووە، وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر (٨) ملیۆن و(٩٤٦)هەزار دینار کردبوو، واتا نزیکەی ٥٢ ٪ی داشکاندووە و، لەئەنجوومەنی وەزیران کراوە بە (٩٢٧٦٥٠٠)دینار واتا لێرە دەرکەوت کە بەراستی زۆر تواناکەیان کەم دەبێت وناتوانێت ئیشەکانیش بەرێوە بەرێت. جا ئێمە دەیخەینە بەردەمی ئێوەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەری خان، تۆ باسی کام برگە دەکەی؟

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تێکڕایی باسی وەرزش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بۆ گورج وگۆڵی وەرزشی دانراوە لەوەزارەتی رۆشنبیریی زۆر زۆر کەمە بەلایەنی کەمەوە بکرێت بە «١»ملیۆن دینار، یەک ملیۆنەکەش کەمە، بەڵام بەمەزەندەی من بابکرێت بە«١»ملیۆن ونیو، چونکە بەپێی زانیاری من تائێستا لەوانەیە تەنیا(٢٦) مۆڵەت پێدانی یانەی وەرزشی یان داوە، واتا بۆ هەر یانەیەک بەلای کەمی«٢٠»هەزار «٢٥»هەزار دینار وتائێستا (٥٠) هەزاریش بۆ یانەی وەرزشی کەمە. لەبەر ئەوە بەلای من بابکرێت بە«١» ملیۆن دینار هەرچەندە کەمیشە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی کاک فرەنسۆ بەشێکە لەقسەکانی من، رازیم کەپارە زیاد بکەن نەک«١»ملیۆن دینار بەڵکو زیاتریش، چونکە جموجۆڵی وەرزشی بۆ هەموو کوردستان بریتی یە لەیارمەتی یانەکان، هەروەها هاندان وریزلێنانی وەرزشەوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە گفتوگۆی ئەم برگەیە دەکەین ئەوە بابەتێکی ترە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بەڕێز دەزانم، بابەتەکە ئەوە نییە، پەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیران خەریکی ئەوەن ئێمە

باسی بابەتێک دەکەین کەئیشەکان بڕوات، وەکو یەک دەزگای هاوکاریی یەکن کەیارمەتی یەک دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئێستا گفتوگۆی بڕگەیەک دەکەین یەک. و دووەمیش ئەگەر پێشنیار هەیە، جەنابیشت دەزانی دوو ڕێگا هەیە، یان دەبێت حکوومەت بیکات یان ئەبێت کوتلەیەک لەپەرلەمان بیکات.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەندامی پەرلەمانم پێشنیاری خۆم دەبێت لەناو پەرلەمان بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە گفتوگۆی یەک بڕگە دەکەین.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر هەر بڕگەیەک، من بەلانی کەمەوە ڕازیم لەسەر پێشنیارەکەی کاک فەرەنسۆ، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جەوهەر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەرزش بوارێکی زۆر زیندووی هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو بڕەی کە بۆی دانراوە کەمە وبکرێت بە (١) ملیۆن ونیو ڕەنگە زۆر باش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام من قەرار وەرناگرم، ئێوە قەرار وەر دەگرن، دەتان توانی ئەو بابەتە ئیشارە بکەن وباسی کەن.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم تەنیا ئەوەیە کە لەدوا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران هی وەزارەتی ڕۆشنبیریی زۆر زیاد کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو گوتمان گفتوگۆی ئەوە دەکەین کە لیژنە پێشنیاری کردووە لەسەر ڕاسپاردەی حکوومەتی هەرێم (٢٥٠)هەزار دینارە، وەزارەتی دارایی«١٠٠»هەزار دیناری پێشنیار کردووە وحکوومەت (٢٥٠) هەزاری ڕاسپاردووە ولیژنەی ئابووری و دارایی پەرلەمان (٢٥٠)هەزار دیناری پەسەندکردووە. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە(٢٥٠) هەزار دینار بێت بۆ (چالاکی وەرزشی ودیدەوانی)؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند نەکرا ڕای لیژنە، پێشنیارێک هەیە کە بکرێت بەملیۆنێک.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

من رەخنەیەکم هەیە نازانم ئاراستەی کێی بکەم، بۆ هەر وەزیرێک نوسخەیەکی لەوە پێ دراوە بۆ فراکسیۆنەکانیش هەر فراکسیۆنێک نوسخەیەکی پێ ئەدرێت بۆ ئەوەی لەبەرچاومان بێت و، بزانین چۆن ئەوە کراوە، ئەوەیەک. دووەمیشیان: پێشنیارەکەی هی یەک ملیۆن دینار ئەوە ئی من بوو، لەگەڵ ئەو پێشنیارانەم کەچەند بۆی زیاد بکرێ. من پشتگیریی ئەو پێشنیارە دەکەم کەببێ بە«٢»ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

شتێکی دیاریکراو نییە، زیادی بکە وبیکە بە«١٠»ملیۆن دینار بیکەن بە«٥٠»ملیۆن.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

بەڵێ من ئێستاکە لەگەڵ ملیۆن ونیوەکەم.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

ئاخر تکاتان لێ دەکەم راتان مەگۆڕن کە پێشنیارێک دەکرێ، ئەوە لە وەزیری داراییەوە زیادمان کردووە ومەزەندەیان کردوە بە«٢٥٠»هەزار دینار وجەنابیشت بە ملیۆن ونیوێک.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

«٢» ملیۆنەکەش کەمە، مەسەلە ئەوە نییە، حەزدەکەی بیکە بە ١٠ملیۆن. بزانم ئەوە لەکوێ پڕ دەکەنەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز ســـەعـــدی ئەحـــمـــەد مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە لەپێشەوە گومان ئەو پارەیە رەنگە هەمووی نەبێت، بەڵام شتێک کەتایبەت بێت ناتوانی لێی تێپەڕ بکرێت، ئەوە دەبێتە یاسا وبابەتی وەرزش دوو لایەنی گرنگی هەیە گرنگی یەکەیشی ئەوەیە: یەکەم: خەڵک ئەمڕۆ بێ ئیشن، لەجیاتی ئەوەی بڕوا دزی بکات یان لەکۆڵانان بسووڕێتەوە، باسەرقاڵی وەرزش بێت وەکو یاریزان باشترە لەوەی کە بەشتی کەوە خەریک بێت ئەگەر بزووتنەوەیەکی وەرزش دروست کەی خەڵکێکی زۆر سەرقاڵ دەبن وهەروەها شتێکی شارەستانییشە ولە هەموو دنیادا دەکرێ ودەتوانین سوودیشی لێ وەرگرین. مەسەلەی دووەم من پێم وایە لەو بودجەیە وهەتا لە راسپاردەی حکومەتیش ئەوانەی کە ئەو راسپاردەیان کردبێ هەمومان دەزانین کە(٢٥٠) هەزار دینار بۆ سەرتاسەری کوردستان ناکاتە حەقی پاک کردنەوەی گۆڕەپانەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری جەنابت چەند بوو؟

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ملیۆن ونیوەکە رازیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیار هەیە کە بکرێت بەملیۆن ونیوێک کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێت بە ملیۆن ونیوێک؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ملیۆن ونیوێک بڕیار درا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«المکائن والاجهزة والآلات» وەزارەتی دارایی (٢٠٠) هەزار دیناری بۆ داناوە، لەسەر راسپاردەی حکومەتی هەرێم واتە ئەنجوومەنی وەزیران، لیژنەکەمان کردی بە(٤٠٠) هەزار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٤٠٠) هەزار پێشنیاری لیژنەی ئابووری ودارایی یە حکومەت ٢٠٠هەزاری بۆ داناوە وداوا دەکرێ بکرێت بە(٤٠٠)هەزار. لیژنەی دارایی ئەو ڕایەی داوە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم«مکائن واجهزە والات» چی یە؟ بەبۆچوونی من هەردووکی (٤٠٠) هەزار زۆر زۆر کەمە، بەشی گواستنەوە ناکات لەبەر هەندێ من پێشنیار دەکەم زیاد بکرێت بەلانی کەمەوە بکرێت بە (٤) ملیۆن دینار لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لام سەیرە ئەوەندەی حکومەتی کوردستان گرنگی داوە بە ئۆتۆمبیلان، ئەوەندە گرنگی بە وەزارەتی رۆشنبیریی نەداوە. بۆ نموونە: وەزارەتی رۆشنبیریی دەبوایە دەزگایەکی تەلەفزیۆنی هەبێت، ئەگەر ناوچەیش بێت هەر بەنسبەت پایتەخت بێت. یان رادیۆ یەکی هەبێت، هەربیریان لەوە نەکردۆتەوە ولەبەرنامەکەشیان دانییە، جا ئەوەی کە (اجهزە )مەبەست لەوە بێ کە اجهزەی تەلەفزیۆن بگرێتەوە یان رادیۆ بگرێتەوە، پێم وایە(٥٠٠) هەزار دینار هیچ نییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر بەتەمای هەندێ بن، بەلانی کەمەوە (٥) ملیۆن دینار بنووسن، بۆئەوەی چی دیکە نەبێتە پاشکۆی حزبەکان، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەوەی کە دانراوە لەبارەی «الآلات والأدوات والأجهزة» وە، هەروەها ناوەندی کارگەی مافوور، ئەو پارەیە زۆر کەمە. من پێشنیار دەکەم لەدەوروبەری «١» ملیۆن دینار بێ، سوپاس.
**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
هەست دەکەم برادەران زۆر دووردەکەونەوە لە بابەتەکە، چونکە تەنیا نووسراوە مافووری دەستکرد، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
تکایە ئێستاکە بەس برگەی (الآلات)ە.
**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
مەکینە وئامێری مافووری دەستکرد بووە ونووسراوە مرکز السجاد الیدوی، واتا بۆ یەک جێگایە و بۆ یەک کارگەیە.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
کاکەڕەش «٥» لەژێر رأس مالیە« المکائن والاجهزە والالات» ئینجا (مرکز السجاد الیدوی) دێت و (٢٠٠٠٠)ی بۆ دانراوە.
**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
وام زانی هەر مەکینەکانی مافووری دەستییە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
راست دەکەن تۆزێک تێکەڵە.
**بەڕێز مەلا محەمود فەندی دیرشەوی:**
**بەناوی خودێی مەزن،**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەڕاستی لەسەر ئەو برگەیە ولەسەر غەیری ئەوەش من پێشنیارێکی کورتم هەیە، بەڕێزان سەرۆکی هەردوو ئەنجوومەنی پەرلەمان و وەزیران ئەمڕۆ رۆژی دەست پێوەگرتنە (تەقەشوفە) باشتی (کەمالی) نەبێ وگرنگی بەشتی پێویست بدرێ، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی ببوورە، ئەگەر تێبینیەک هەبێت لەسەر ئەو تێبینییانە؟ بەڕێز کاک د.فوئاد.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

لەسەرەتای دانیشتنەکانی گفتوگۆکردنی بودجە عەرزمان کردن کەئەوە بودجەی دەست پێوەگرتنە (تەقەشوفە)، لەسەر ئەو بناغەیە بودجەکە دانراوە ودوای ئەوە لەئەنجامی مناقەشەی بەڕێزان لیژنەی دارایی دەرکەوت کەزیادیشەو، دەبێت زیاتر دەستی پێوە بگیرێ (تەقەشوف) بکرێت ورێژەیەکمان هێناوەتە خوار، بەڵام الحمد لله تائێستا هەروا زیاد دەکات ودەروات وئێمە خوشحاڵین بەوە، چونکە هێشتا هی پێشمەرگایەتی ماوە بە(٢) ملیار، باوەڕناکەم رزگارمان بێت لەو بودجەیە کەئەگەر بێتو بۆئەو(٢)ملیارە «نیو» ملیارمان دەست کەوێت مەمنوونین بە نیوەکە ئەوە یەک. دووەم بەنیسبەت وەزارەتی رۆشنبیرییە کەبەراستی کەمە، و چارێگە ملیۆنێک دۆلار لەتۆمارەکانی رۆشنبیریی دا هەیە، ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیریی وەختی خۆی کە ناردوویانەتە لەندەن بۆ ئەوەی شتی پێ بکرێت بۆمەرکەزی ئەو مافوری دەستکردە، دوای تۆژینەوە دەرکەوت پارەکە (تحویل) نەکراوە و خوراوە لێرە دا چۆن نازانرێت ئایا لە وەزارەتی بەغدا خوراوە پارەکە لەوێوە لادراوە، یاخود خەریکی ئەوەین تەعقیب بکرێت بۆ بەو (٢٥٠) هەزار دۆلارە ئێستگە وتەلەفزیۆنی حزبەکان هەموویان یارمەتی لەحکوومەت وەردەگرن بۆ راگەیاندنی خۆیان بەو پارەیە وبەڕێوەی دەبەن، بەڵام رۆژی سەعاتێکیان پێ زۆرە بۆ بەرنامەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەر رۆژە بەهانەیەکیان بۆ دەدۆزنەوە ئێستا واخەریکین ئێستگەیەک بکرین داوای (٦٠) هەزار دۆلار دەکەن، ئێستگەیەکی بەوەجە بەڵام دوای (٣) مانگ دێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

هەندێ جار باسی دەزگاو مەکینەو ئامێریش دەکەین، وەک بەدواداچوونەوەیەک بۆ قسەی جەنابی سەرۆک وەزیران، زۆر مەکینەو ئامێریش لەو باوەڕەدام هاتنە ژوورەوەی ئاسانە، بەڵام کرینی ئەوەندە ئاسان نییە. کەباسی بابەتێک دەکەین، دەبێت ئەندامانی پەرلەمان بەسۆزەوە سەیری شت نەکەن، بەحەز وئارەزووش نییە. ئێوە بەرپرسیارن بەرامبەر بەمیللەت، لەوێ وەزیرێک بە حوکمی پێویستی بەحوکمی گوشاری رووداوەکان ناچار بێت داوای ژمارەی گەورە بکات، حەق نی یە ئێمە حکومەتی خۆشمان بەژمارەی وەهمی گەورە بار گران بکەین بەرامبەر میللەتیش هێزی بەرگری کردنمان نەبێت. من پرسیاری هەموو ئەندامێکی پەرلەمان دەکەم کەئەوە دەڵێن یەک ملیۆنە و دووملیۆنە یا«١٠» ملیۆنە یاوەکو ملیارێک (١٠) ملیارە بودجەی حکومەتی کوردستان ئێمە دەیراستێنین، ئێمە بەرپرسین بەرامبەر ئەوەی چۆن تۆژینەوە لەگەڵ حکومەتی خۆمان بکەین. بەرامبەر ئەو بابەتە چی بەخەڵکەکە بڵێین پێمان ناڵێن بۆچی ئێوە بودجەیەکی وەهمیتان راستاندووە؟ بەرپرسیارین لە قسەکانی خۆمان ولەو دەنگ دانەی کە دەیدەین.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەراستی خـاڵێک هەیە حەز دەکـەم ڕوونی بکەمەوە، وەکو لیـژنەی دارایی، ئێـمـە ئەو ژمارانەی لەبەر دەمتان دایە، هەر هەمووشی گلەیی دەکات وەدەڵێن: بۆچی کەمیان کردۆتەوە؟ قەزیەی کەم کردنەوەی ئێمە بۆ ئەو مەسەلەیە ئەوە بوو کەهەڵاوسانەکەیان (تضخم) زۆر زۆر بەکێشە دانابوو، دەزگاکـانیـان زۆر بەگـرفت دانابوو، پێشـنیـار دەکەم کـە دەست بگرن بەهەمـوو شتێکەوە، هەموو ژمارەیەک داشکێنن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئێستا پێشنیاری لیژنەی ئابووری لەسەر ڕاسپاردەی حکوومەت بۆ «مكائن والأجهزة والآلات» (٤٠٠) هەزار دینارە، ڕاسـپـاردەی وەزارەتی دارایی(٢٠٠) هەزارو ڕاسـپـاردەی حکومـەت ولیـژنەی ئابووری (٤٠٠) هەزارە، واتە: دووقات کـراوە. ئێسـتـا کێ لەگـەڵ ئەوەیە وەکو خـۆی بمێنێتەوە واتە«٤٠٠»هەزار دینار بێ؟...کێ لەگەڵ نیە؟..بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

[الخدمية: مركز السجاد اليدوي ٢-الخدمات: مخصصات الايفاد] بۆ ئەمـانە وەزارەتی دارایی «٢٠»هەزار دیناری داناوە، بەڵام وابزانم ئەو مـەسـەلەیە بوو بەمـەرکـەزی لەوەزارەتی دارایی و ئابووری، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

وەزارەتی دارایی لەسەر ئەم بابەتە ڕوونکردنەوەیەکمان بۆ بکات.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوە بوو کەبڕیارەکە هەمووی ببێتە مەرکەزی، ئەوە هیچی تێدا نەبووە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

هیچ ناکۆکیمان لەسەر ئەم بابەتە نییە.

**بەڕێز جـــــــەمـــــــیـل عـــــــەبـدی سـنـدی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێش بڕیاری ئێمە وەزارەتی دارایی (٢٠) هەزار دینـاری بۆ کارگەی مافووری (کۆیە) داناوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

مادەم وایە، ئەم بڕگەیە کە بوو بەمەرکەزی ئێمە دەرباز دەبین لێی وهیچ جێگای گفتوگۆ نییەو، بڕیارێکی پێشوومان هەیە کەئەم بڕگەیە هەڵوەشایەوە.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

[وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية وديوان الوزارة ٢-الخدمية ٤-زيادة النفقات للنشر والاعلام] وەزارەتی دارایی وئابووری (٧٠٠٠٠) ی بۆ داناوە، ئەنجوومەنی وەزیران کردوویەتی بە «٤٠٠٠٠٠» دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم بەندە «٤٠٠٠٠٠» دینار؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟...کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

[الصحة. الخدمية .الطبع] وەزارەتی دارایی وئابووری (٥) ملیۆنی بۆ داناوە ولای ئێمە کراوەتە (٤) ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەرئەم بەندە؟ تکایە، جەنابی وەزیری دارایی وئابووری روون کردنەوەیەک بکات.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خەرجی چاپی وەزارەتی تەندروستی، «٥» ملیۆنە ئەمەش کەمە، چونکە زۆر استمارەیان هەیە، وەکو هینی عیادە، وەکو (تەبەلە)ی نەخۆش وزۆر شتی تر کە باسیان کرد، رۆژانە لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندروستی بەیەکەوە هەوڵ ئەدەین کەبۆیان چاپ بکەین بەنرخێکی هەرزان لەچاپخانەکانی حکوومەتی دا، وەک چاپخانەی زانکۆ، و پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جا ئێستا ئەو برادەرانەی کەناوی خۆیان نووسی بوو بۆ قسەکردن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روون کردنەوەکەی بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری بەس بوو، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس روون کردنەوەکەی تەواوە.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روون کرنەوەکەی بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری تەواوە، چونکە ئیشوکاری نەخۆشخانە هەمووی

لەسەر کاغەز وەستاوە، نووسین وتەبەلە وئەزموونگە وداخیل کردن و، ئەوانە هەمووی پێویستیان بە کاغەزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جارێ با ئەم خاڵە تەواو بکەین. چ تێبینیەک نییە لەسەر ئەم بابەتە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو بەر لەئێستاسەرۆکی وەزیران خۆی گۆتی ئەم کارە غەمی وەزارەتی دارایی وئابووریەو (١٦٨) ملیۆن دینارە، ئێستا پاش گۆڕان بووەتە «١٦٦» ملیۆن دینار و«٢»ملیۆن هاتۆتە خوارێ. وەلە ١٤ ٪ی ڕێژەی بودجەی هەرێمی کوردستانە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری لیژنەی ئابووری «٤» ملیۆنە هی وەزارەتی دارایی وئابووری «٥» ملیۆنە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پێشنیاری دارایی وئابووری وەکو خۆی بێنێتەوە؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الوقود«٧» ملیۆن دیناری بۆ دانراوە لەلایەن وەزارەتی دارایی وئابووری یەوە. لیژنەکە کردوویەتی بە«٦»ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ سووتەمەنی چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم خاڵە؟ پرسیارێک هەیە بۆ لیژنەی دارایی وئابووری ودەڵێ بۆ لە «٧» ملیۆن دینارەوە کراوە بە«٦» ملیۆن؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان وەکی جەنابت دەزانیت کە نرخی سووتەمەنی کوردستان هاتیتە خوارێ، ئێمە بۆ ئەوەندە مەزەندەمان کرد «٢٠» ملیۆن دینار بەسە بۆ سووتەمەنی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەردەوام وەزیری تەندروستی باسی ئەم کارە دەکات بەتایبەتی هی سووتەمەنی و سووتەمەنیش نرخێکی چەسپاوی نییە، ڕۆژێ هەرزانە وڕۆژێ گرانە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی تەندروستی یەک لەو وەزارەتانەیە کە یارمەتی دەدرێت لەدەرەوە، وئەگەر ڕێکخراوی

خێر خواز داوای یارمەتی دانیان کرد ئێمە بەگوێرەی ئەو بودجەی هەمانە، داوا دەکەین، بۆ نموونە: گوتیان سووتەمەنی دەدەین بۆ هەموو نەخۆشخانەکان نابێت زیاتر لە بودجەکەمان داوا بکەین، ئەوجا ئەمن وای بە پەسەند دەزانم «٧» ملیۆن بێت چاترە وئەگەر یارمەتی بۆ هات لەدەرەوە ماقووڵ نی یە لەوەزارەتی خۆشمان بۆی صرف بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سید حەسەن قسەکەی کرد، پێم وایە بەڕێز وەزیری تەندروستی هەڵە ناکات، چونکە (کۆمۆنیست) لە ژمارە و شتی وا زیرەکن و (٧) ملیۆنەکە باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم ژمارەیە کە لیژنەی ئابووری ودارایی دایناوە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پارەی وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن بێتە خوار گرفت نییە، بەلام باهی وەزارەتی تەندروستی نەیەتەخوار، چونکە پێویسترە و سوپاس

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس بۆ ئێمە (٣/٥) ملیۆن ونیو تەرخان کرابوو، ئێمە دێینە خوارێ بۆ (١.٥) یەک ملیۆن و نیو، دەبێ ئەوەش بڵێین کە«٧٠٠»پارچە مەکینەشمان هەیە دەبێت لە کوردستان ئیش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم ژمارەیەی لیژنەی ئابووری ودارایی پێشنیاری کردووە «٦» ملیۆن بێت بۆ سووتەمەنی و خەستەخانە، هەر بۆ وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ بەزۆربەی دەنگ قبووڵ کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بێینە سەر خاڵی وەزارەتی ئەوقاف، ئێمە دوو وەزارەتی دیکەمان هەیە ئەوانیش وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتین، لیژنە چ گۆرانکاریی یەکیان تێدا نەکردووە ومن پشتگیری قسەی کاک فەرەنسۆ دەکەم کەدەبوایە سەرۆکی هەر فراکسیۆنێک نوسخەیەکی چاپ کراوی لەپرۆژەی بودجەکە لە لابوایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا دوو نووسخەیان ناردبوو چاپی بکەین، وەزارەتی دارایی هەر ئەوەندەی ناردبوو بۆ

ئێمە، ئێمەش نوسخەیەکمان دایە لیژنەی ئابووری ونوسخەیەک لای خۆمان ماوەتەوە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(١٣- وزارة الأوقاف: أوقاف أربيل السلعية «٥»الملابس) لە ئەنجوومەنی وەزیران (٢٠) هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە، لیژنەکەیش لەسەری رازی بووە وبڕیاری لەسەر داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٢٠) هەزار تەرخان کراوە بۆ جل وبەرگ بابزانم وەزارەتی دارایی وئابووری چ روون کردنەوەیەکیان لەسەر ئەوە هەیە؟

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێ تێبینی لەسەر ئەم بابەتە هەیە؟

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەزارەتی ئەوقاف ئەو رۆژەش عەرزم کردن، ئەو شتانەی کە ئێمە پێشکەشمان کردبوون لەلیژنەکە دانیشتبون کەمیان کردبۆوە، دوای ئەوەش لە ئەنجوومەنی وەزیران من دوو جار باسم کردووە کە ئەوشتانەی کراون هەر لەبنچینەدا کەمن . بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بە داخەوە دەڵێم بەشێوەیەکی ناحسابی مامڵەتی لەگەڵ دا کراوە. مەسرەفی جل وبەرگ ودروینی زۆر گران بووە ومەسرەفی ئەو هەموو قوتابی یەی قوتابخانەی ئاینیشی دێتە سەر بۆیە ئەو پارەیەی بۆ وەزارەتی ئەوقاف تەرخان کراوە زۆر کەمە، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە کە ئێمە دەبێ لەئاستی بەرپرسیاریدا قسەبکەین. بەڕای من زۆر وشەی بەڕێز وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی لەجێی خۆی دانیە. کەدەڵێ وەزارەتی دارایی وئابووری لەدەربڕینی وشەی حسابات ورد نییە واتە وەزارەتی دارایی تەقدیرەکانی ورد نین، وەکو ووتمان ئەوە ژمارەی بەمەزەندەیە (تەخمینیە) تقدیر لەبەینی دوو کەس دا دەبێ ئەو ژمارەیە سێ هەم ژمارەیەکی تر بدات، چوارەم ژمارەیەکی تر بدات، چونکە (تەقدیر وتەخمینە)، ئەوە یەک، دووەمین بەنیسبەت وەزارەتی ئەوقافەوە، کەلیژنەکەیان هاتووە بۆ وەزارەتی دارایی باسی جل وبەرگی نەکردووە وباسی جل وبەرگی دینی نەکردووە، لە کێ باسی کراوە؟ لە ئەنجوومەنی وەزیران دا باسی کراوە. حەز دەکەم ئەمە لەلاتان روون بێ وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە پێشنیاری حکوومەتدا هیچ نییە، هەروەها لەهی ئەنجوومەنی وەزیران و داراییش، لەسەر ئەو بنەمایەی کە وەزارەت هیچ پێشنیارێکی نەکردووە هیچی دانەناوە لەپێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەکە (٢٥)هەزار دیناری تەرخان کردووە وئەوەی یەکەم ودووەمیش وئەوەی کە جەنابی وەزیری داراییش ئەفەرمووێ راستە، ئەمە بەمەزەندەیە (تەخمینە)یە وبەرزیی ونزمی تێدا دەبێ.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە وەزارەتی ئەوقافەوە ئەوەی جەنابی وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ئیشارەتی پێدا تەواوەو، ئێستا زۆر بزاڤی ئیسلامی هەن پاڵپشتی ئەوشتانە دەکەن، حەق وایە ئێمە تواناێکی وابخەینە بەردەستی وەزارەتی ئەوقاف، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ئاوەدانکاری (تەعمیر)ی مزگەوتەکان و یان جل وبەرگەکانی قوتابیانی ئایینی پێ دابین بکرێت نەوەکو ئەو بزاڤانە ئەم کارەبکەن با لەئەرکەکانی حکومەت بێ، سوپاس.

**بەڕێز محسن سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستی دا ئەم بابەتە پێشتریش باس کراوە، ئەو قسانەی کە بەڕێز وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی کردی، بەشێکە لەو شتانەی کە ئێمە دەمانەوێت بیکەن وجەختی لەسەر دەکەینەوە، یەکەم بەنیسبەت ئەو جل وبەرگانەی کەدیاری کراوە، ئەوە شتێکی حیسابی یە، من تەنیا خاڵێکی دەخەمە بەرچاوی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەڕێزەوە، لەبابەتی جل وبەرگەوە، ئەگەر هەر چاکەت وپانتۆڵ لەبەر بکات کۆمەڵێ تر جبەیەکیش لەسەری لەبەر ئەکات و وابزانم بە(٥٠٠) دیناریش دەری ناهێنێ، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوە دەکەین کەجێگیر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا من لەگەڵ ئەو قسانەدام کە ماموّستا شێخ محسن وکاک بارزان کردیان لەوەش زیاتر دەبێ ئاگادار بین کە مەترسییەک رووی لەئێمە کردووە پێویستە لەئێستاوە حسابێکی بۆ بکەین وبەربەستی بکەین بۆیە دەبێ زۆر گرنگی بە ئەوقاف بدەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فەندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستی دا ئەگەر ئێمە تەماشای واقعی خۆمان ومیللەتی کورد بکەین و بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دراوسێکانمان هەڵبسەنگێنین وئەوە روون بکەینەوە کە دوژمنانمان بەناوی ئیسلامەتی ولەبەرگی ئیسلامەتی دا لەدژی ئێمە تێدەکۆشن. بۆیە ئێمە پتر گرنگی بدەین بەئایین وبە مزگەوت، سوپاس.

**بەڕێز شەوكەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە میللەتێكی موسڵمانین موسڵمانیش پێم وایە هەر بەقسە نییە بەكردار دەبێ، وئەمەش یاساێكە و بەرنامەیەكە ودای ئەنێین بۆ حكومەتەكەمان ئێمە لەم وتووێژەمان دا كەلەپەرلەمان گرنگی بە موسڵمانیەتەكەمان نەدەین، ئەی لەكوێ گرنگی پێ ئەدەین؟ پێویستە ئێمە گرنگی بەزانا ئایینیەكانمان بدەین، بەمزگەوتەكانمان بدەین بەقوتابخانە دینیەكانمان بدەین، ئەوكاتە ئێمە دەتوانین بیسەلمێنین كە ئێمە موسڵمانی تەواوین، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

گلەیی یەكەی من لەسەر ژمارەكان نییە گلەیەكەم تەنها ئەوەیە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی كەركوك لێرەدا ناوی نەهاتووە، ئایا مەبلەغی بۆ تەرخان كراوە؟ چونكە بودجەكەم لەبەر دەم دا نییە، یاخود حیسابێ بۆ نەكراوە تێكەڵە لەگەڵ سلێمانی، ئەگەر لێكیش درابێ لەگەڵ سلێمانی پارەكە زۆر كەمە، هیوادارم حیسابێك بۆ ئەوقافی كەركوك بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم بۆ ئەوقاف زیاد بكرێت، لەگەڵ پێشنیارەكەی مامۆستا مەلا محەمەدم بەڵام پرسیارێكیشم هەیە، من چاوەڕوانی ئەوەم دەكرد كە خەڵكانی تر ئەو پرسیارە بكات، ئایا چی تر لەهیچ بابێكی تر بۆ پەرستگاكانی تر دەست نیشان كراوە؟ كەنیسەكان بۆ شوێنی پەرستنی ئیزدی یەكان لەچ شوێنێك هیچی بۆ دیاری كراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتیوانی لە پێشنیارەكەی فوزیە خان دەكەم وهەروەها ئەوەی كاك فەرەنسۆ ئەویش لایەنێكە دەبوایە برادەرانی دینەكانی تر ئەومەسەلەیە رەچاو بخەن بەڵام من پرسیارێكم هەیە، مامۆستا محەمەد بابزانێ بۆ وەزارەتی ئەوقاف بەرهەڵستكار نیم هەرچی سەرف بكرێت و پشتیوانی دەكەم وپرسیارەكەی من ئەوەیە ئایا خەڵك لەبەر ئەوەیەكە ئەمرۆ شەرمان پێ دەفرۆشێ بۆیە گرنگی بدەین بەمزگەوت ومەلایان. ئێمە هەموو دەم دەمانەوێ گرنگی بەئایین بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نازانم مناقەشەكە وای لێ هات ببێتە مناقەشەیەك لەبەینی من وەزیری ئەوقاف كە لەبارەی ئەوەی كەمن بەر پرسیاری وەزارەتی داراییم وكەمم كردۆتەوە من جارێ پێشەكی ئێستا بەرۆژووم ولە بنەماڵەی كاك ئەحمەدی شێخ وشێخ مەحموودم ومن خۆم بەتایبەتی بەرپرسیارم سەرپەشتیكردنی

مـزگـەوتی گـەورەی سلێـمـانی، بەڕێز وەزیری ئەوقـاف ئاگـادارە. وەزارەتی ئـەوقـاف داوای جل وبەرگی مەلایانی نەکردبوو کەچی ئەنجوومەنی وەزیران خسـتیانە سەری بۆ زانیاری بەڕێزیشتان لەسـاڵی١٩٩٢خـەرجی وەزارەتی ئەوقـاف (٧) ملیـۆن بووە، بۆ ١٩٩٣کـرا بە(١١) ملیـۆن دینار، واتە زیاد کراوە نەک کەم کراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من ئەگەر قسـەکـەم هیچ بۆنی بێ ئوسوولی لێ هاتبێت بەرامبەر بە دکـتـۆر داوای لێ بوردن دەکـەم. ودوای ئەوەش مـەسـەلەی پێ بەخشین (تبـرع )کـە باسی کرد. لەراستی دا ئێـسـتـا مزگەوتەکان زۆر ترینیان لەسەر پێ بەخشین (تبرع) دەژین، ئەگەر هاوکاری موسڵمانان و خێر خوازان نەبێت بێگومـان مـزگـەوتەکـان هەمـووی دەکـەون، بەڵام ئەوە مـانای وانیـە هەر پشت بە پێبەخشین ببەسترێ، باگرنگی بەمزگەوت و وقوتابخانە ئایینی یەکانمان بدەین، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

مەسەلەی بڕگەکە مامۆستا.

**بەڕێز مـەلامحەمـەد عـەبدولقادر/وەزیری ئەوقـاف:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەوەی کەرکووک باسی کرا، خوشکە فەوزیە باسی کرد، ئێمە بەتەمـاین بۆ ئەوقافی کەرکووکیش هەموو پێویستی یەک بەپێی توانا دابین بکەین و سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

مامۆستا دێینەوە سەر بڕگەی جل وبەرگ واتە زۆر بەدرێژی دەچینە ناو کێشەی جل وبەرگەوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف، ئەو درێژە پێدانەش پێویستە کەروون بێت. جا ئێستا پێشەکی ئەمە بابەتی جلە ولەبابەت جلیش دوو پێشنیـار هەیە، پێشـەکی بزانین رای بەڕێزی چیە. لیـژنەی ئابووری ودارایی پێشنیـاری (٢٠) هەزاری کـردووە بۆ جل و بۆ قوتابخـانەکانی وەزارەتی ئـەوقاف. کێ لەگەڵ ئەو ژمارەیە؟

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

تۆزێک روون کـردنەوەی دەوێ چونکە (٦٠)هەزارە نەک (٢٠٠) هەزار، (٣) سـوخـتـەخـانەی سلێمانی وهەولێر ودهۆک، هەریەکەی (٢٠) هەزار دیناری بۆ دانراوە، سوپاس.

**بـەڕێـز جـەمـیـل عـەبـدی سـنـدی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

هەولێر (٢٠)هەزارە، سلێمانی (٢٠) هەزارە ودهۆک (١٥) هەزار دینارە پارەی تەرخان کراو بۆ سلێـمـانی دیار بێت بۆ کـەرکـووکـیش دیارە یەعنی (٤) ملیـۆن و (٧٣٢) هەزار، بۆ

دهۆک(٢)ملیـــۆن و(١٨٧) هەزار دینار دانراوە، یەعنی وەکـو پێـــشـــوو. هەتا هەنوکـە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی کەرکوک دروست نەکراوە لەبەر هەندێ لەگەڵ بودجەی سلێمانی دانراوە و بەراسـتی گلەیی بەڕێز وەزیری ئەوقـاف لەجـێی خـۆیەتی چونکە ٤٨ ٪ی بودجەکـە هاتیـتـە خوارێ، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

برگـەکـە دەڵێت«٥٥» هەزار دینار بۆ قـوتابخـانە دینیـەکـانی سـەر بەئەوقـاف لە«٣» پارێزگـای سلێمانی ودهۆک وهەولێر بۆ سێ پارێزگا «٥٥» هەزار دینارە، پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران کە «٥٥» هەزار دینار بێت، کێ لەگەڵ ئەو ژمارەیە؟...کێ لەگەڵ نیە؟ بەزۆربەی دەنگ ئەم دەقە قـبـوول نەکـرا... لەبەر ئەوە هیـچ پێـشـنیـارێـکی ترنی یە، بابزانین وەک بیـسـتم وەزیری ئـەوقـاف (٣٠٥) هەزار دیناری پێشنیاری کردووە، (١٠٠) فەقێیان هەیە، فەرموو کێ تێبینی هەیە؟ تکایە لەسەر ئەم بەندە کێ دەیەوێت قسە بکات.

**بەڕێـز فـــــەوزیە عـــــیــــــزەدین ڕەشـــــیــــــد:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

هەروەکو من لەپێشـەوە باسم کرد، مەبەستم ئەوە نییە لەسەر هەموو بودجەکەمان گفتوگۆ بکەم، لەوەزارەتەکانی پێشوو باسی شارەکان نەکرابوو، هەر بە گشـتییە، بۆ نموونە پەروەردە بەگشـتی باس کرابوو، تەنیا لەوەزارەتی ئەوقاف ناوی شارەکانی هاتبوون. منیش بەپێویستم زانی مادەم ناوی شار هاتووە شارێ کەرکوکیش لەمەو دوا بەرەسمی بودجەی خۆی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لەوانەیە لیـژنەکە لەبیری چووە، ئەوقـافی کـەرکـوکی تێ نەکردووە. هەر لیـژنەکە نەگـەیشـتبـوونە ئەوەی ئەوقـافی کـەرکووکی بخـەنە ناو ئەو کاتە هێـشـتا پارێزگـای کـەرکـوک دانەمـەزرا بوو، یا خۆیان داوایان نەکردبوو، سوپاس.

**بەڕێـز فـــــەوزیە عـــــیــــــزەدین ڕەشـــــیــــــد:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ڕەنگە لەبابەتەکەش دەرچم، بەڵام ئەوە گلەییـەکـە بۆ ئەنجـوومـەنی وەزیران و، هەردوو حـیـزبەکـە دەبوایە دامودەزگای کەرکووک لەبیر نەکەن و لەوێوە دەست پێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەراستی بەنیسبەت کەرکوک، ئەو پارێزگایە کە دانراوە، پارێزگایێکی سیاسی یە، چونکە لەحەقیقەت کەرکوک خۆی کەرکوکە، بەڵام بەداخەوە زرووفەکە وای لێ هاتووە کە (٤) قەزا لەسلێـمـانی دابراوە کـە لەوانەیە ڕۆژێک لەڕۆژان نەکـەوێتـە سـەر کـەرکـووک بەڵکو زۆر جـار

پێشنیازی ئەوە کراوە کەئەوانە ناویان لێ بنرێت پارێزگای گەرمیان وزۆر جار باسی کراوە، بەڵام کە پارێزگاکە دانرا وابزانم ئەوە مانا سیاسیەکەیە چونکە ئێستا بۆ پارێزگاکە خۆی بینایەمان نییە، دەربەندیخان دانراوە بۆ مەرکەزی پارێزگاکە، دەربەندیخان سەربەکەرکووک نییە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم(٥٠٠٠٠٠) دینار بۆ ئەو جل وبەرگانە و مەرکەزیش بێت، واتا پارێزگاکان لابرێت بۆ ئەوەی وەزیری ئەوقاف بەگوێرەی وەزعی خۆی ئەگەر قوتابخانەی تازەشی کردەوە بتوانێ لێی سەرف کات، مەسەلەکە مەرکەزی بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

جا باپپرسین تاکو بزانین چەند قوتابییان هەیە مامۆستا؟

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا لەدەوروبەری (٤٥٠) قوتابیمان ئامادەنە لە(٧) قوتابخانە، بەڵام هەر وەکو عەرزم کردن بەلانی کەم لەساڵی ئایندە(٢) لەکەرکووک یەکێکی تر لەسلێمانی دەکرێنەوە وئەوانیشی دەچنە سەر، تەقدیری ئێمە لە (٥٠٠) هەتا (٥٥٠) قوتابیمان دەبێت وبەتەقدیری پەرلەمان (٥٠٠) هەزار دیناری دەوێ وچەند مانگێک پێش ئێستا پێشکەش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ پێشنیارێک نییە لەسەر ئەو نیو ملیۆنە؟

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەوەی کە کاتی خۆی زۆر تاکیدم لێ کردەوە هەر مەسەلەی جل وبەرگ نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با برگەی جل وبەرگ ببڕێنینەوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئێستاکە کەرکووکی تێدانییە؟ هەر ئەوەندە مەدرەسەیەمان هەیە، بەڕای من لە«١٠٠»هەزار دینار بەولاوە بە زیادی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محسن سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە (٥٠٠) هەزار بەشی جل وبەرگ ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەم جل وبەرگە پێشنیارێک هەیە لەلایەن کاکەڕەش وبرادەرانەوە ودەڵێن نیو ملیۆن دینار بێ.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو مەبلەغە تەنیا بۆ جل وبەرگ بێت و، کە (٥١٠)فەقێمان هەیە، وپێشنیاری من ئەوەیە کە(٣٠٠) هەزار دینار بێت چونکە (٣٠٠) هەزار بەسە ئەگەر هەر بۆ جل وبەرگ بێت، ئەگەر بۆ پێویستییەکانی دیکەش بێت ئەوا نیوملیۆنەکە پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر پێویستە لەم کاتە زۆر گرنگی بەقوتابی ئاینی بدرێت کە ئەوقاف دیاری کردووە، ئەو پێشنیارەی کاکەڕەش کردی من پشتگیری دەکەم، چونکە ئەمە زۆر نییە، پێویستە نیسبەتێکی باشیان بۆ دابنرێت ولەلانی ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتیش پێویستە گرنگی پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پارەیە تەنیا بۆ جل و بەرگە.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەقدیری پێشنیارەکەی وەزیری ئەوقافیش دەکەم، زۆر پێویستە خزمەتی ئەم فەقێیانە بکرێت لەم کاتەدا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ووتەکانی بەڕێز وەزیری ئەوقاف کە دەڵێت بە(٥٠٠) فەقێ مەزەندە دەکرێت کە هەر یەکە (٧٠٠) دیناری پێ دەوێ مانای وایە (٣٥٠) هەزار دینار بەسە، نازانم زیادەکەیان بۆ حساب بکەین، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەممەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلێکدانەوەی من هەر وەکو عەرزم کردن، شتی ئەمڕۆ هەمووی لەتەسەور بەدەرە، ئێمە بەلانی کەمەوە لە دەوروبەری(٣٥٠) هەزار دینارمان پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە رادەی ناوەندییە وەکو ئەڵێین ئەو بابەتە بابخەینە دەنگدانەوە چونکە وابزانم زۆر باس کرا وئێستا بەینی(٣٠٠ ـ ٥٠٠)(٤٠٠) رادەی ناوەندە وەکو مامۆستا پێشنیازی کردووە (٤٠٠)

هەزار دینار بۆ جل وبەرگی قوتابی یە ئاینیەکانی هەر چوار پارێزگا دابنرێ، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە (٤٠٠) هەزار دینار بێت؟...کێ لەگەڵ نییە؟...بەزۆربەی دەنگ قبوڵ کرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وزارة المالية والاقتصاد، ٢-الخدمية ٣-الايفاد.

**بەڕێز فرەنسۆ توما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵامی من نەدرایەوە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ناوی وەزارەتەکە، وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی یە، بەڵام لە شوێنێکی تردا بەرنامەی هەمەڕەنگ هەیەکە مەبلەغێکی بۆ دانراوە، دەکرێت لەوێ بۆی ترخان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتەی کەباس کرا بەنیسبەت ملیۆن ونیوەکە، کەوەزارەتی ئەوقاف کردوویە بە پرۆژەیەک بۆ پەزێرایی (صیانە)ی مزگەوتەکان، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا ئەوە جێگای باس نییە؟ داوا دەکەم ئەگەر تەواومان کرد دێینەوە سەری، ئەوەی لێرە نەهاتبێت ئێمە باسی ناکەین.

**بەڕێز مەلامحسن سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەیناکا لەپرۆژەکە هەیە ولەلای خۆتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر نییەو، نەهاتووە ولەم پرۆژەیەدانییە ئەگەر مۆڵەتم بدەی ئێمە تەنها باسی ئەو ڕاپۆرتە دەکەین کە لەپێشمانە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دانەنراوە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جائەگەر چ پێشنیارێک هەیە پاشان لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف بالێی بکۆڵدرێتەوە. ئێستا دێینەوە سەر وەزارەتی دارایی وئابووری.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٢ـ الایفاد وەزارەتی دارایی (٦) ملیۆنی دانابوو، بەڵام لیژنەکەمان کردی بە«٢»ملیۆن دینار کەگوایە مەرکەزی نیە، بەڵام کە مەرکزی یە وپەرلەمان بڕیاری داوە مەرکەزی بێت، ئێمەش هەر«٦»ملیۆنەکە پێشنیار دەکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ (ایفاد) رای لیژنە و وەزارەتی دارایی یە کەحکومەت «٦» ملیۆنی بۆ( ئیفاد) تەرخان کردووە، ئەگەر چ تێبینی یەک نیە لەسەر ئەم خاڵە؟ ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بێنێتەوە؟... کێ لەگەڵ نیە؟... بەتێکرای دەنگ قەبووڵ کرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الصیانة: صیانة المباني« ٢٥٠ » هەزار دیناری پێشنیازکردبوو، واتە وەزارەتی دارایی و لیژنەکەمان پێشنیاری (١٥٠) هەزاری کردبوو.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو مەبلەغەی کە دانرابوو جیای کەنەوە، چونکە لەم بەینە گۆڕان بوو، کە ئەو خانووانە بەپێی بڕیارێک هەمووی درایەوە بە وەزارەتی دارایی وئابووری وبڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش هەیە کەپەزێرایی (صیانەی) ئەو بینایانە ئەو لایەنە دەیکات کەسوودی لێ وەردەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیوادارم بەوپارەیە ئەو کارە بکەین و لەراستی ئەمەش پێویستی بەهەموار کردنە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەراستی دا ئەو.(١٥٠)هەزارەمان بۆ دیوانی وەزارەت داناوە، وجەنابی وەزیری دارایی (٢٥٠) هەزاری داناوە وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با کاک دکتۆر سەلاحەدین بۆمان روون بکاتەوە.

**بەڕێز سالم /خەبیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بودجەی ئەنجوومەنی وەزیران، بۆ ئەم بابەتە «١»ملیۆنی داناوە پاش گفتوگۆ کردن «٢٥٠»هەزار دینار تەرخان کرا، وتەرخان کردن لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆخانوو دانەنراوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی دارایی دەڵێ ئەگەر وەختی خۆی ئەو خانوانە بۆ ئێمە تحویل کرابان پەزێرایی (صیانە) دەکەوتە سەر ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ڕاستی دا بینایەکان پارەیەکی زۆری دەوێت وپێشنیارەکەی وەزیری دارایی وئابووری لەجێگای خۆیەتی وئەو مەبلەغانەی کە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دانراوەو، بۆ شوێنەکانی تر دانراوە، بەشی ئەوە ناکات وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من پێم وانییە ئەو خانوانە بەو پارەیەی کە وەزیری دارایی داینا‌ون چاک سازی بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە بڕگەیەکی تازەیە وپێشنیازەکەش تازەیە ولە بەڕێز وەزیری دارایی یەوە هاتووە، من پێشنیاز دەکەم ئەوەی ئێرە وەکو بۆ دیوانی وەزارەتی دارایی دانراوە گفتوگۆی لەسەر بکەین یان دەنگی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو وەزیری تایبەت لەبیناسازیم، ویستم بەدواداچوونێک بکەم لەسەر مەبلەغێک کە دوێنێ لەئەنجوومەنی وەزیران باس کرا پەیوەندی بەبیناکاریەوە هەیە. دوو دەمەوێ وەک کورتەیەک بۆتان باس بکەم، ماڵی خۆم کە(٣) مانگە نەم توانیوە بچمە ناوی تائێستا هەڵکۆڵینی تێدا بەردەوامە، تەنیا یەک ماڵ کەهیچ عەیبی تیا نەبوو، کەکابرا لێی دەرچوو، هەرهەموو کارەبا وئاوو ئەو شتانەی لێ دەرکردو وبردی ودوای پشکنینی دەرکەوت بۆچاک کردنەوەی «٢٠٤» هەزار دیناری دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێمە بێینەوە سەر بابەتی ئەو مەبلەغەی کە تەرخان کراوە بۆ دیوانی وەزارەت، بۆ خانووەکان،

ئێمە برگەیەکی تر لێرەدا زیاد بکەین، بۆ ئەوەی لەیەک جیای کەینەوە، ئەوەی کە پەیوەندیی بە لیـژنەی دارایی و ئابووری یەوە هەیە (١٥٠) هەزار دینارە واتا ئەمـە دەنێـردرێ بۆ دیوانی وەزارەت ئەمە داوای وەزارەتی دارایی (٢٥٠) هەزارە. ئێـستـا کێ لەگـەڵ پێشنیـازی لیـژنەی دارایی وئابووری یە؟...کێ لەگـەڵ نیـە؟...بەزۆربەی دەنگ ڕای لیـژنەی ئابووری قـەبووڵ کـرا. ئێستا بێینەوە سەر پێشنیارەکەی کاک دکتۆر صلاح(٣) ملیۆن دینار بۆ ئەم بابەتە پێشنیـار دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**
بەڵێ وەکو ووتم: ئەمە نزمترین ڕادەیە بەدەست پێوەگرتنەوە (تەقەشوفەوە) دانراوە، سوپاس.
**بەڕێز عـەبدولـکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولکەریم:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**
نابێت لەسەر ئەوە گفتوگۆ بکەین و ئەم بابەتە ئەوەیە کە لەبیر چووە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**
بەس یەک گـرفت هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئێستـاکە خانووەکان لەژێر چاکسازی دان، کە ئیش دەکەن داوای پارە دەکەن، وەزارەتی داراییش گەر پارەی تەرخان کراوی نەبێت نایکات.
**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**
(٣) ملیۆن بەچاکترین حاڵەت ئەگەر (٣٠) خانووی پێ چاک بکرێتەوە ئەو خانووانە زۆر تێک نەچوونە، جابۆیە هەروا بەگۆترە دانانرێت، پێویستە ئەندازیارەکان بچن بی پشکنن بزانن چەندی دەوێ، بەڵام بۆئەوەی کـە ئەوئیـشـانەی دەستی پێ کـراوە بەڕێوە بچێ، دەکرێ بوار بدرێ(٣) ملیۆنەکە تەرخان بکرێت تا دەست بەکارەکە بکرێ، سوپاس.
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**
منیش وای بۆ دەچووم کەپێشنیـارێکی وا بکەین، بۆ ئەم بابەتە برگەیەک لێرە زیاد بکرێت، ئەو پێشنیـارەی جەنابی وەزیری دارایی کە«٣» ملیـۆنە وەربگیرێ، پاشان کەپشکنین کرا لیـژنەیەک بەگشـتی چەندی پێویست بوو لەنێـوان پاشکۆدا زیادی بکا و پێشنیـاری وەزیری دارایی(٣) ملیۆنە کێ لەگەڵە؟...کێ لەگەڵ نیە؟ بەزۆربەی دەنگ ئەو بێشنیازە قەبووڵ کرا.

**بەڕێز یەحـیـــا مـــحـــەمـــەد عـــەبدولـکەریم:**
دوائر الایرادات للدولة/ الخدمية (١٥) الاحتفالات. وەزارەتی دارایی•(٣٥) هـەزار دینـاری

پێشنیار کردبوو، ولیژنەکەمان پێشنیاری (٥) هەزار دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەو شێوەیە (٥) هەزار کەمە، کێ تێبینی لەسەر ئەم خاڵە هەیە؟

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ئاهەنگەکان دەکرێت و ئەم مەبلەغە زۆر کەمە و وەزارەتی داراییش دام و دەزگای زۆرە هەر لەباجی خانووبەرەو بازاڕەکانی وگومرگ ولە هەموو پارێزگاکانیشدا هەیەتی، زۆر شتێکی کەمە بۆ هەندێ لەو ئاهەنگانە ئەگەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بڕگەکە ئەوە ناهێنێ مرۆڤ قسەی لەسەر بکات، بەڵام کەسەیر دەکات هی وەزارەتەکانی تر هیچی لە(١٠) هەزار ولە(١٥) هەزار کەمتر نییە، وەزارەتی داراییش وەزارەتێکی گەورەیە، واتا ئەو شتانە مرۆ زۆر بەدووری تەماشای دەکات، لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە لە«١٥»هەزار کەمتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی تری نییە؟ ئەگەر لیژنەی ئابووری تێبینیەکیان هەیە بابفەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو مەبلەغە پارەیە تەنیا بۆ وەزارەت نییە بۆ هەموویەتی وەک هەندێک زەنیان بۆ دیوانی وەزارە چوو، «١٠» هەزار دینار هەیە، ئەوە بەس بۆ فەرمانگەکانی دەستکەوتەکانە (ایرادات) هەتا لە بۆ داراییش ئەو ئاهەنگانە بەس بۆفەرمانگەکانی دەستکەوتەکانە لەبەر هەندێ مەبلەغی (٥) هەزار دینار زۆر کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ئەمە تەنیا بۆ فەرمانگەی دەستکەوتەکانە، واتە بۆ دیوانی وەزارەتە، ئایا چەند فەرمانگەی دەستکەوتەکانمان هەیە؟

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چوار فەرمانگەی دەستکەوتەکانمان هەیە.

**بەڕێز سالم /خەبیر دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٣٠) فەرمانگەی گومرگ وزیاتریشمان هەیە ئیبراهیم خەلیل خۆی بەتەنیا شارێکە چەند فەرمانگەی باجی خانووبەرەشمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر لیژنەی ئابووری چ تێبینیەکی نەبێت.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی ئابووری بڕیاری دا بەرزی کاتەوە بیکات بە «١٠» هەزار دینار وەکو وەزارەتەکانی دیکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لیژنەی ئابووری ڕای خۆی هەموار کردووە ودوای ئەوەی کەگفتوگۆی لەسەر کرا ڕای جەنابی وەزیر و لیژانەکان (خەبیرەکان) پێشنیارەکەیان (١٠) هەزارە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە«١٠»هەزار بێت؟...کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ (١٠) هەزار قەبووڵ کرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

«مكافأة لغير المنتسبين»«٣٠٠» هەزار دینار وەزارەتی دارایی پێشنیاری کردبوو، لیژنەی ئابووری «١٥٠» هەزار دینار پێشنیار دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

«مكافأة لغير المنتسبين أو لغير منتسبي وزارة المالية» پێشنیاری لیژنەی ئابووری ئەوە بوو ئایا ئەو(١٥٠) هەزارە بۆ هەموو وەزارەتە یان تەنیا بۆ ایراداتە.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو «٣٠٠» هەزار دینارەی کە دامان ناوە، لەوانەیە کەمیش بێت، بەڵام هەر ئەوەندە لەتوانادا بوو، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەمە بۆ وەزارەتی دارایی وئابووری زیادە. چونکە گومرگ بۆ ئەوشتانەی دەگیرێت شتێکیان لەبەشی گومرگ پێ دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕاییەی من لەگەڵ گومرگ دا نییە، من وەکو وەزارەتی دارایی وئابووری قسە دەکەم یەعنی حەز دەکەم بایەخی لەوەزارەتەکانی تر زیاتر پێ بدرێ، چونکە وەزارەتی دارایی و ئابووری بابەتی ئابووری ونەخشەکێشانە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ زانینی وەزارەتی دارایی وئابووری، دەستەی نەخشەکێشانی داناوە ئەمە یەک، دووەم وەزارەتی دارایی (٢٠) ملیۆن دیناری بۆ هێشتووتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا سەرەڕای ئەم ژمارانە«٢٠» ملیۆنی تری یەدەگ لە ژێر دەستی وەزارەتی دارایی وئابووری دا هەیە؟

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرمانبەری گومرگ وپۆلیسی گومرگ شتێک بەقاچاغ دەگرن، بەلام هەر خۆی لەمیلاک دا خەفیەی (موخبر) هەیە جگە لەوەش بۆ نموونە یەکێک کە دێت خەبەرێکی دەداتێ بۆ مەسەلەیەکی قاچاغ یان باج، کە بۆ نموونە فلانە کەس ئەوەندەیان پارە و سامانی هەیە وتۆماری نەکردووە، خەفیە (موخبر) ئەم هەواڵانە دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا تێ بینی یەکان تەواو بوون، بابێینەوە سەر بنەڕەتی ژمارەکە (١٥٠)هەزار دینار مەزەندە (تەخمین) کراوە لەلایەن لیژنەی دارایی وئابووری یەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کەوەکو خۆی بمێنێتەوە؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.لیژنەی ئابووری باکەرەم کا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(١٥)وەزارەتی پێشمەرگە (٥)نفقات الرأس مالیە(٤) السیارات. ڕاوێژکارەکانی وەزارەتی دارایی ئەوە هەڵەیەکە ڕووی داوە لەنێوان ئۆتۆمبیلان ولەبەینی مەکینەو جیهازەکان. کەواتە لەبارەی ئۆتۆمبیلان تکایە تێبینی ئەو دوو خاڵە بکەن وبڵێین وەزارەتی دارایی (٣)ملیۆنی بۆ داناوە، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو هەمووومان دەزانین کێشەی یەکخستنی پێشمەرگە، کێشەیەکە دەمێکە خەریکی یەک خستنی پێشمەرگەین و کارێکی زۆ پیرۆزو گرنگە کەوا جێ بەجێ بوو، وکاتێک کە بودجەکە دانرابوو، بەڕاستی هەندێ شت لەبیر چووبوو، وئێستاش لەچاپ دا خەرجی سەرمایە (نفقات الرأسمالیة)هی هەردووکی (السیارات والمکائن والأجهزە) پێچەوانە کراوەتەوە السیارات(١)ملیۆن دینار لەوەزارەتی دارایی یەوە، بەلام ئەو (٢٢)ملیۆنە دینارەی دیکە هی مەکینەو دەزگا وترومبیلانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئۆتۆمبیلان پێشنیاری لیژنەی ئابووری (١)ملیۆن دینارە.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلێ ئەگەر ڕێگەم بدەی لەجیاتی ئۆتۆمبیل ئەو برگەیە هی مەکینەو دەزگاو ئامێرانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاکە دکتۆر ئۆتۆمبیلەکان (السیارات) نووسراوە، پێشنیاری وەزارەتی مەعنی یەک ملیۆنە. ئێوە چ پێشنیارێکتان کردووە بۆ ئۆتۆمبیلان؟

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەهەڵە هاتووە لەپاش و پێشەکەیا لەو ژمارەیە، مەکینە ودەستگاکان وئامێرەکان(المکائن والأجهزة والآلات)وەزارەت پێشنیاری ملیۆنێکی کردووە لەدوایی دا کراوە بە (٢) ملیۆن. سوپاس

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(السیارات)پێشنیاری هەمووی دەخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(السیارات) بیخوێنەوە (١٥٠)هەزار دینارە.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(١٥٠)هەزارە، وەزارەتی دارایی (٣٠٠)ملیۆن دیناری داناوە، لیژنەکەی ئێمە کردوویەتی بە(١٠) ملیۆن دینار.

**بەڕێز جـــەمـــیل عـــەبدی عـــبـــدی:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

بۆ ئۆتۆمبیلان لیژنەی ئێمە (١٠)ملیۆن دیناری داناوە.

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

(السیارات) پێشنیاری وەزارەتی دارایی (٣٠٠) ملیۆن دینارە، لیژنەی ئابووری پێشنیاری (١٠) ملیـۆن دیناری کـردووە، چ تێ بینی یەک هەیە لەسـەر ئەم خـاڵە؟ ڕاسـتی یەکـەی بەم شێـوەیە (السـیـارات)(١٥٠) هەزا دینارر حەقلی یەکەم (٣٠٠) ملیۆن دینار حەقلی دووەم (١٠) ملیۆن دینار حەقلی سێ یەم.

**بەڕێز لیـوا کـەمـال مـوفـتی/وەزیری پێشـمـەرگـە:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

با ئەو خاڵە دیاری بکەین، ئینجا دێینەوە سەر ئەوبابەتە، سوپاس

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

ئێستا تەنیا هی ترومبێلانە.

**بەڕێز لیـوا کـەمـال مـوفـتی/وەزیری پێشـمـەرگـە:**

**بـەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

ئێمە دوو جۆر ئۆتۆمبیلمان هەنە، لەوەی کە نووسی بوی ئۆتۆمبیلەکان ئەوان لە(حەقلی معدات وئالات)دا دایان نابوو، ئەوە هەڵەی چاپە، پێشـەکـیـەک هەبوو کـەباسی بکەم بەڵام دوای دەخەم، ئەوە بۆ ئەوەی کە بەوردی وەڵامی خاڵەکان بدەمەوە ئێمە سورین بەرامبەر بەوەی کەوا سوپایەکی ڕێک وپێک دروست بکەین، ئێمە لێمان کۆڵیەوە، نزمترین ڕادەمان دانا، ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە پێویستمانن بەم جۆرەی خوارەوەن:

١-تۆپمان هەیە، تۆپەکان نەوعی گەورەیە، پێویستی بە(٣٠)ساحیبە هەیە هەر ساحیبەیەکی بە(٣٠٠)هەزار دینارە، دەکاتە (٩) ملیۆن، (٧٠)تۆپ لەکەلارو کفری یەوە هێناومانە و دابەشمان کردووە بەسەر سەرانسەری کوردستاندا. لەدوایی دا گەر ماوەم بدەن بەدرێژی باسی دەکەم. ئەو تۆپانە هەر تۆپێک ئەوانەی کە پسپۆرن لەئیشەکە دەڵێن پێویستی بەیەک ئۆتۆمبیلی (٣)تەنی و(٤)تەنی هەیە. لەگەڵ ئەوەشا پێویستی بەئۆتۆمبیلێکی تر هەیە چوارچێوەکەی بۆ هەڵگرێ کەوابوو ئێمە پێویستمان بە(١٣٢)ئۆتۆمبیلە، خۆم ئاگام لەوەزارەتی دارایی یەو دەزانم پارەی نییە، ئەمە ژمارەنە من ئیمانم بەژماران نییە باوەڕم بەواقیعەکە هەیە. بەڵام ناچارین کەبیلێین بۆ ئەوەی کەلاتان ڕوون بێت جگەلەوە ئێمە دەبابەشکێنمان هەیە و هەروەها پێتان دەڵێم بەشانازی یەوە لەڕاپەڕینی کەلارو کفری برێکی

زۆرمـان چنگ کەوت، دەست بەجێ من خۆم چووم ئەوانەم کۆکردەوە لەشێوەی بەتاریبیات دا دابەشمـان کـردووە بەسـەر (١٢) تەوەری بنەڕەتی تەوەری (١) خـانەقین، دەربەندی خـان و، جەلەولاو کەلارو دەربەندی خان وچەمچەماڵ، سلێمانی، کۆیە، مەخمور. ئەو دەبابەشکێنانە پێویستیان بەئۆتۆمبیل هەیە. بۆ تۆپی گەورە کە ئێمە (٣) راکێشەری گەورەمان هەیە ئەو راکێشەرانەش لەکارکەوتوویان تێ دایە. لەجێ ی خۆی کراوە بە(١٧٠) هەزار بە(٢٠٠) هەزار دینار ئێستا بەنیو ملیـۆن دینارە. من رادە نزمـەکەی (٣٠٠) هەزار دینارم داناوە، کەوابوو بۆ (م.د) ئێمە پێ ی دەڵێین دەبابەشکێن (١٣٢) ئۆتۆمبیلیی تری پێویستە، ئەگەر رێژەی هەمـووی ئۆتۆمـبـیلێکی جـێبی ناوەنجی بە(٥٠) هەزار دیناری بوێت کـەواتە(٦٦) ملیۆنی دەوێ.

بۆ فرۆکەشکێن پێویستـیمان بەوە هەیە کە هەر ناوچەیە بەلانی کەمەوە دوو ئۆتۆمبێلی هەبێ، یەکێکیان دۆشکە هەڵگر بێت ویەکێکیشیان فیشەکی بۆ هەڵگرێ. ئێمە نزمترین رادە (٢٠) لیـوامـان هەیە کـەچەند لیـوایەکمـان لێ دەرکـردووە ئەم (٢٠) لیـوایە پـێویستـی بەو جـێبە بچکۆلانانە هەیە کە لەبازار هەنە بۆیە ئێمە (٣٠٢) ملیۆن دینارمان داناوە پارەیەکی زۆر نییە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەوە گرفتی ئێمە نییە، غەمی هەردوو حزبە سەرەکییەکەیە. ئێستا ئێمە دێینەوە سەر مەسەلەی ئۆتۆمبیلان.

**بەڕێز لیـوا کـەمـال مـوفـتی/وەزیـری پێشـمـەرگـە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئینجا ئێمە کەهاتین لەبەشی ئۆتۆمبیلەکە بەو جۆرە بوو، ئەمە ژمارەکەیەتی(٣٠٢) ملیۆن دینار هی جیهازەکانە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەمە دوایی دێینەوە سەری، جارێ لەسەر ئەمە رادەوەستین.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من حەزدەکەم وەکو ئەندامێکی لیژنەی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی کە برادەران و خوشکان ئاگادارییان هەبێت وهەمووش دەزانن ئەم وەزارەتە وەزارەتێکی تازەیە هەرهەموو وەزارەتەکانی حکوومەتی کوردستان، بڵێین بودنیادێکیان هەبوو جگە لەم وەزارەتەو وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوە دروست کـردنی ئەم وەزارەتە هەروا ئاسـان نی یە، پێـویسـتـی بە ئیش هەیە پێـویسـتـی

بەیارمەتی ماددی و مەعنەوی هەیە، جگە لەوە هیچ لایەنێک یارمەتی ئەم وەزارەتە نادات، هەر وەزارەتەکـان بەشی خـۆیان لەدەرەوە یـان لەلایەن ڕێکخـراوەکـانەوە یارمـەتی دەدرێن و هەم ئەو وەزارەتە لەوانەیە هەوڵبـدرێت شـتـەکـانیـشی لێ بسـەندرێت چونکە پاراستنی کـوردسـتـانی لەسەرەپاراستنی ئەم حکومەتەی خۆمانی لەسەر شانە، بۆیە زۆر پێویستی بەبەهێز کردن هەیە، کـە لێرەدا دادەنیـشین و حکوومـەت دروست دەکـەین لەسـەر حـسابی ئەو پێشمـەرگـانەیە کـەوا لەسەنگەرەکان دانیشتوون، وپارێزگاری لەکوردستان دەکەن بۆیە پێویستە بەچاکی بنیات بنرێ و پارەی بۆ تەرخان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت برگەی ئۆتۆمبێلان، بڕیاری سیاسی هەیە کە(٣٠)هەزار (پ.م) لەم قۆناغە ڕێک بخرێت، وەزارەتی (پ.م) پێکهاتەو (تشکیلات) و وەحدەکانی خۆی دامەزراندووە ئەوە جێی دەوێت، لێـهـاتویی و بزێوی دەوێت تابتـوانێ بەرگـری لەکـوردسـتـان بکات، بەگـوێرەی ئەو درێژەپێدانەی ئەوەی ئەمن ئاگام لێ یە (٢٢٨٨) ئۆتۆمبیلی دەوێت کە بتوانێ کەل وپەلی خۆی بەکار بێنێ بۆ پارێزگاریی لەکوردستان بۆ ئەمەش دەبێ پارەی بۆ تەرخان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی پێشمەرگە وەزارەتێکە تازە دروست دەبێت، ئەرکێکی زۆر گەورەی لەسەرشانە ئەویش بەرگری کردنە لەکوردستان ،وەزارەتی پێشمەرگە پێویستیان بە بزووتنەوەی زۆر زۆرە ئەو ژمارەی کە ئێستا کاک ئازاد میران باسی کرد ئەوەندە ئۆتۆمبیلە پەیدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ئەم پێکهاتە تازەیەی یەک بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. بۆ بارەگای ناوچە، لیوا، فەوج، نزیکەی (٧٠) بارەگایان دەوێت، (٧٠)بارەگای دەوێت هەر بارەگای (٢) ئۆتۆمبێلی بۆ بکرێت، ئۆتۆمبـیلەک بۆ بار، یەکێک بۆ گـواسـتـنەوەی (پ.م) نزیکەی (١٤)ترومبێلمـان دەوێت، ئەگـەر وابێت، دەبێ مەبلەغێکی گونجـاویان بۆ دابنرێت، بەکـەمـترین توانا ئیـشـەکـانی خـۆیانی پێ ڕاهی بکەن وداواکـاری ئەکـەم لەوەزارەتی کـاروباری پێـشـمـەرگـە هیـوادارم حسابێکیان لەبودجەکەی خۆیانا بۆ شەهیدان و پەککەوتەی پێشمەرگە کردبێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کەدەڵێین حکوومەتی کوردستان حکوومەت بەسوپاوە حکوومەتە. و حکوومەتی بێ سوپا لەدنیـادا نەبووە. من ناڵێم کە لەهەموو وەزارەتەکان گرنگترە، بەڵام ئەوەبوو کەدوێنێ باسمان کرد

کەچۆن وەزارەتی ناوخۆ گرنگە، خۆی ئەو دوو وەزارەتە لەهەموویان گرنگترن، کە گرینگی زیادیان پێ بدەین بۆ چەسپاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستاین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیان دوایی دێینە سەری.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە تەماشای لیستی ژمارەکان دەکەین هی راسپاردەی کۆمیتەی ئابووری سەیر دەکەین ١٩٪ لە بودجەی ئەمساڵ تەرخان کراوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە (٢٢٨) ملیۆن دینارە، کە گەورەترین ژمارەیە لەو لیستەیە ، من دەمەوێ نەختێک باسی ئەم بابەتە بکەم. گوندێک لەبادینان هەبوو، گوندێکی گەورە بوو، لەوێ لەسالآنی (٥٠)کان عەشیرەتە کوردەکان هەمووی هەژار بوون، ئەو گوندە، بەتایبەتی پیاوەکانیان هەموو دەچوون تفەنگیان دەکڕی ومناڵەکانیان بەبرسیەتی دەمانەوە، من هەستم دەکرد کەوا بودجەی ئەمساڵ دەبێتە بودجەی پشتگیری بۆ کەلوپەلی خۆراکی (موادی غذائی) وپێویستی یەکانی ترکەهاولاتیان پێویستیان پێ یە. کە تەماشا دەکەین پارووی نان لەدەمی هاولاتیان دەردەهێنرێ و دەکرێتە کەل وپەلی سەربازی. بەڕای من پێویستە چۆن گرنگی بەلایەنی سەربازیی وپارێزگاری نیشتمانی دەدرێ ئاواش گرنگی بەژیان وگوزەرانی هاوولاتییانیش بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو گفتوگۆیەی کە ئێستا دەکرێت، گفتوگۆی وەزارەتی پێشمەرگەیە، کە ئەو سوپایە بەهەموو میللەتی کورد وحکومەت و پەرلەمانی کوردستان چاویان لێیەتی بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان. من لەگەڵ ڕای کاک ئیبراهیم نیم، دەبێ ئێمە پشت ببەستین بەهێزی تایبەتی خۆمان بۆ پارێزگاریی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری(پ.م) گووتی ئەڤە تەنیا ژمارەنە، من دبێژم نەخێر تەنیا ژمارە نینە، وەختێ کە دەی راستێنین (تصدیقی) دەکەینە سەر، واتا ئێمە پابەندین ودەمانەوێ ئەمە بکرێت، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێوە پێشنیارتان چییە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من هەموو وەزارەتەکان گرنگن، وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن و وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێکردن و وەزارەتی پێشمەرگە، ئەوانە هەموو گرنگن بەڵام ناتوانین لەماوەی یەک ساڵ هەموو پێویستی یەکانی وەزارەتی (پ.م) دابین بکەین، بەڵام بەپێی توانا هەوڵ بدرێ پێشمەرگە ببێتە سوپاییێکی رێک وپێک، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گفتوگۆ لەسەر یەک شت دەکەم، کەباسی رێژە دەکەین، ئەڵێین نسبەتی وەزارەتی فلان ٢٠٪ە، رێژەی فلانە وەزارەت لە ١٠٪یە ئەمە شتێکی زۆر ئاسایی یە کە تۆ لە وولاتێکا هەردەم سەیری بودجەکە ئەکەی ئەڵێ ی پەروەردە لەهەمووی زیاتر دانراوە، مانای وایە گرنگی بەپەروەردە دراوە، لەوولاتێکی دیکەدا دەڵێی بەرگری زۆری بۆ دانراوە کەواتە ئەم وولاتە وولاتێکی عەسکەرتارییە، وولاتێکی دیکتاتۆرییە. لەبەرئەوە بەڕای من ئەو رێژەیە باشە، دەربارەی بودجەی حکومەتێکی وەکو کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە با لە بابەتەکە دەرنەچین.

**بەڕێز لیوا کەمال مفتی/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو من عەرزم کردن، بەڕێزان نامەوێت بچم بۆ گرفتێکی لاوەکی، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی و ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری میللەتن، پێویستیان بەهەندێ پێش بینی هەیە، چونکە ئەمە یەکەم جارە ئەم گرفتە گرنگە بەم جۆرە باس دەکرێت، جامن وەکو لێزانێک (خەبیرێک) بێمە مەیدانی وتووێژ یا هەندێک قسەی ورد هەیە بیان کەم. من هیچ گرفتم لەگەڵ بودجەکەدا نییە، کاکە ئەفەرموێ و ئەڵێت بودجەی ئێمە و دەوڵەتان و ئەم شتانە، بەکورتی گوێتان لەقسەی ئەم برادەرە بوو، من ئەوەندە لەو قسەیەی کە ئەو باسی دەکات، بڕیارێکی سیاسی یەو بڕیاری سیاسی لەهەموو دەوڵەتێک دا لەهەموو حکومەتێکی ناوچەکەدا، (٣) جۆرە ئەنجومەن هەیە، ئەنجوومەنی بەرگری باڵا بریتییە لەمەلیک و سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری وە وەزیری دەرەوە و وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی، ئەوان قەرار ئەدەن لەجۆری پرچەک کردن وبڕی چەک لیستەیەکی تر هەیە پێ ی دەڵێن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان (قیادەی مسلحە)، پێداویستی یەکانی سوپا چی یە ئامادەی دەکەن وبڕیاری

لەسەر دەدەن وئینجا دەچێتە پەرلەمان بۆ بڕیار لەسەر دانی چونکە مەسەلەکە مەسەلەیەکی سیاسی یە وکەمن گوتوومە ئەمە ژمارەنە، مەبەستم ئەوەیە مەرج نیە ئەو پارەیە بێتە دەست وهەر دەبێ لەسوپا وپێویستی یەکانی سەرف بکرێ وبەڵکو بەپێی توانا ئەم نەخشە وپلانەمان پیادە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمن نامەوێ لەبڕگەی سەرەکی دەربچم. وەک بڕگەی ترۆمبێلان (سیارات)، بڕگەی ئۆتۆمبێلەکان بە خۆی لەبنەڕەتا مەسەلەکەیە دەبێت (پ.م) ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی هەبێت تابتوانێت بەرگری لەکوردستان بکات، ئەوە لانی یەکەم، کەبووە شەڕ دەبێ سوپا توانای بزووتنەوەی هەبێ دەنا هیچی پێ ناکرێت لەو چۆڵ وچیایانەدا، بەنسبەت (پ.م) ئەگەر ئۆتۆمبێلی هەبێ توانای مانۆڕی دەبێت ئەگەر (پ.م) توانای مناوەرەی نەبێت هیچی پێ ناکرێت ئەوجا ئەوەی تر بۆ برادەرانی پەرلەمان دانێن کەچەند پارە تەرخان دەکەن کە(٢٢٨٨) ئۆتۆمبیلی تایبەتی بەلانی کەوە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم بابەتی (سیارات) بەدوورودرێژی باس کرا و، ئێستاش بابگەڕێینەوە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکەمان.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەم مەسەلەیە تۆزێک حەساسە، چونکە هەمووی تائێستا وەزارەتی پێشمەرگە پەیکەرەکەیشی دروست نەبووە. نەک هەمووی کرابێتەوە یەک. ئەو بودجەی کە دادەنرێت لەسەر بنچینەی ئەو بودجەیە دەبێ ئیتر ئەوەکانی دیکەش کارەکانیان دادەمەزرێت و تا ئێستا مووچەشیان بۆ دەرنەچووە بزانین مووچەیان چەندە؟ بەڕاستی وەزارەتی (پ.م)دەبوایە ئەو جێگایە ئۆتۆمیلی دەوێت بۆی داندرابا، بەڵام بەداخەوە لێرە باسی ئەوە دەکەین وئۆتۆمبێل وەرگرێتەوە کەس ئۆتۆمبێل ناداتەوە وئوتومبێل نادرێتەوە بۆ؟ چونکە قەرارێکی بەرزتر هەیە وئۆتۆمبێلەکان نادرێتەوە دەنا ئەگەر حزبەکان بڕیار بدەن کە ئۆتۆمبێلەکان هەموو تەسلیم بکەنەوە ئۆتۆمبێلیشمان زۆر دەبێت. فەرمانگەکانیش بەشی خۆیانیان هەیە، ئینجا ئایا لیوایەک (پ.م) لەشوێنێک دا دەبێت و، بێ ئۆتۆمبێل بێت، ئەوە لەوانەیە مووچەی (پ.م) نەبێت بەڵام وەک بودجە دەبێ تەرخان کراو دابنرێ وبەپێی سەرپشکی سەرف بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێک لەقسەکانی من دکتۆر فؤاد کردی. من داوای ئەوەم دەکرد کەنەختێک دوابخرێ جارێ، هێشتا گفتوگۆی لەسەر نەکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر بەتێرو تەسەلی بەرێکوپێکی وتوویژی لەسەر بکرێ بەجۆرێکی وا نەشیش بسووتێ و نەکەباب، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مۆڵەتم بدەن دەتوانین ئەم بڕگەیە هەڵگرین، چونکە ئێمە سبەی هەرگفتوگۆمان هەیە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە مەسەلەکە بەرەو ئەوە ئەچێت. شتەکە تارادەیەک دوابخرێت بە بۆچوونی منیش ئەوە دروست وتەواوە. بەڵام راستییەک هەیە، حەز دەکەم روونی کەمەوە ئەمە لێرە سۆز (عواطف) نییە، ئەوە نییە مرۆ پێشمەرگەی خۆش نەوێت وسوپا پێویستە یان نا. من خۆم پێشمەرگەم، پێش هەموو شتێک پێشمەرگەی کوردستان. لەپێش راپەرین وکۆرەوەکەوە زاندراوە چەندن ئەوانەی کە (پ.م)ی کۆنن ئەمە ئەزانن. ئەوانە هەموو مافێکیان بەسەر ئێمەوە هەیە، بەڵام ئەو ژمارەیە (٣٥) هەزار نی یە. خەباتی پێشمەرگایەتی لەکوردستان دا زۆر روون وئاشکرایە، ئێمەیان گەیاندۆتە ئەم رۆژە، بەس بەخەباتی (پ.م) نەک بەخەباتی سوپاییکی هاوچەرخ، سوپاییکی هاوچەرخیش لەماوەی ساڵێک دا دروست ناکرێت، لەماوەی ساڵێک دا گەر هەموو بودجەی کوردستانیشی تێدا سەرف کەی، سبەینێ ناتوانێت بەرامبەر بەسوپای عێراق بووەستێ ئەوە کاک لواء کمال خۆی لەهەموو کەس باشتر ئەزانێت لێرە ئەبێت ئێمە ئەم بابەتە زۆر بەوردی و زۆر بەنەرمی لێک دەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە مۆڵەت بدەن، ئێمە وتوویژی ئەم بابەتە والێ دەکەین زۆر درێژ بێتەوە، ئەوە دوا بڕگەیە لەم راپۆرتەی کەهەمانە. سبەینێش یاسای بودجە دەبێ براستێندرێ (تصدیق) بکرێت، ئەو پێشنیارەی جەنابی سەرەک وەزیران پشتیگیری کراوە لەلایەن هەردوو فراکسیۆنەوە لەلایەن جێگری سەرۆک وەزیرانەوە، وئێمە ئەم پێشنیارە لەدەستەی سەرۆکایەتی قبوڵ دەکەین، بەمەرجێک هەر ئەمرۆ لیژنەی (پ.م) ولیژنەی ئابووری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆو لەگەڵ وەزیری(پ.م) ئەگەرئامادە بێت، هەتاکو بەیانی سەعات (١٠) بواریان هەیە لەسەر ئەم ژمارانە جووڵەیەکیان پێ بکەن، دیسان دووسێ خاڵی سەرەکی هەنە نەبە (٣٠٠) ملیۆن کاروباری ترومبێلان تەواو ئەبێت، نەئێمەش توانامان هەیە ساحیبیان بکرین، بۆ ئەمەش

توانامان هەیە بڕۆین وچەک و تەقەمەنی وکەرستە بکڕین، باهەموو ئەندامێکی پەرلەمان ئەم راستییە بزانن و ئەو پێشمەرگانەی کەلایەنە سیاسییەکان دەست نیشانیان دەکەن وابزانم پێشتر جێگیر کراوە، بەچەکی خۆیان بێن و، تۆپی قورس وشمەکی تریان لەگەڵ دابێت، بەپێی توانا وەزارەتی پێشمەرگە رێک بخەین وپێداویستی یەکانی بۆ دابین بکەین. وئێستاش داوا دەکەین کە ئەم برادەرانەی لیژنەکان هەر ئەمڕۆ هەتاکو سبەی سەعات (١٠) دانیشن وئەم بابەتە تەواو بکەن، تاکو یاسای بودجە براستێنین (تەصدیق)ی بکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٨)

## چوارشەمە رێكەوتی ١٩٩٣/٢/٢٤

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٨)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٢/٢٤

***كـاتژمـێـر «١٠»ی سـەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٢/٢٤ ئەنجـوومـەنی نیـشـتـمـانیی كـوردسـتـان بەسـەرۆكـایەتی بەڕێز جوهر نامق سـالم سـەرۆكی ئەنجـوومـەن و، بە ئامـادەبوونی جێگری سـەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحـمـەد عـەزیز ئاغـاو، سكرتێـری ئەنجـوومـەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشـتنی ژمارە (١٨)ی خولی ئاسایی یەكەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەسـتەی سەرۆكایەتییـەوە ڕادەی یاسایی دانیشـتنەكە جەسـپێنراو، ئەوجا بەڕێز سـەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خـوای بەخشندەو میهـرەبان و، بەناوی گەلی كوردسـتـانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***گفتوگۆكردن لەسەر بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان.***

**بەڕێـز سـەرۆكی ئەنجـوومـەن:**

ئەمـڕۆش بەردەوام ئەبین لەسـەر باسكردنی بودجـەی حكومـەتی هەرێمی كـوردسـتـان لەساڵی ١٩٩٣، گەیشـتـە وەزارەتی پێشـمـەرگە بریار وابوو لەگەڵ لیژنەكـان گـفـتـوگۆی لەسـەر بكەین، وپاشان گفـتـوگـۆیان كردووە لەسـەر ئەو ژمـارانەی كـە دانرا بوو بۆ وەزارەتی پێشـمـەرگـە، ئەگـەر پێشنیاریان هەبێت ئێستا ئەیخەینە پێش چاوتان.

**بەڕێز یەحـیـا مـحـمـەد عـەبدولكەریم:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئەنجـوومـەن.**

((٥) نفقات الرأسمالية، (٤) السيارات المتفق عليه) وەزارەتی دارایی پێشـوو ٣٠٠ ملیـۆن بووە، لیژنەی ئابووری (١٠) ملیـۆنی پێشنیـار كردبوو، وە لە كۆبوونەوەی دوێنێ لیژنەی هاوبەش پێشنیاری (٣٠) ملیۆنی كرد، سوپاس.

**بەڕێز د.قـاسم مـحـمەد قـاسم:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئەنجـوومـەن.**

گرفت لەوەدا نییـە كە بارودۆخی ئێمە بارودۆخێكی زۆر ئاسـتـەنگە پێویست بەهاوكاری هەموو لایەكین، بەرای من ئەگـەر پارەیەک پەیدا دەبێت با نـانی پێ بكڕێت باشـتـرە لەوەی چەكی پێ بكڕین، هەمـوو كۆكن لەسەر ئەوەی كە بودجەكە كورتی هێنە (عجز)ە، لەكورتی هێنان (عجز) دوو را هەیە، حكومـەت دەڵێت بەڵكو زیاد بێت، رەئی دووەم دەڵێت راوێژ (ئیـسـتـشـارە) بە رای پسـپـۆڕەكـان ئەوەیە ئەگـەر داوای قـەرزێكی زۆر بكـەین ئەویش دەبێـتـە لەكـورتی دان (عـجـز)،

ئێمه مووچەی پێشمەرگە دابین بکەین، منیش لەگەڵ پێشنیارەکانی پێشووی لیژنەی داراییم، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شتێک بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دەکەنە (قاعدە) لە وەزارەتێکی تر نەمان کردۆتە قاعدە یەکەم کەس باسی ئەوەی نەکردووە کە چەند ملیۆن ئێستا بڕیاری لەسەر بدرێ ودەست بەجێ ئێستاش پێیان بدرێ، ئەو بودجەی کە دادەنرێت بەپێی سەرپشکی، ئێمە دابەشی دەکەین، من حەز دەکەم لەوەزارەتی پێشمەرگە ئەو کەسانە قسە بکەن کە پسپۆڕن لە ڕووی دارایی و لەڕووی سەربازییەوە سوپاس،

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی سەبارەت بە وەزارەتی پێشمەرگە چی لێ بکەین؟ یاخود ئەوەتانێ بلێین هەر کەسێ بۆ حزبەکەی خۆی، بگەڕێنەوە مانای ئەوەیە بەڕێوەبردنەکانمان سەرکەوتوو نابێت دەبێت یەک بخرێت یەک خستن لەسەر چ بناغەیەک دەکرێت لەسەر ئەوە قسە بکەین کە دوو حزبە گەورەکە پێک هاتن دوای چەندین دانیشتن بە ئامادە بوونی شارەزایان کەژمارە کە بکرێت بە (٣٠) هەزار ئەگەر مەبەستان لەپێشمەرگەی کۆن بێت ڕاستە (٣٠) هەزار پێشمەرگەی کۆن لە کوردستان دا نی یە، پێشمەرگەی کۆن ژمارەیان زۆر کەمە ناتوانن بەتەنیا کۆنترۆڵی وەزعەکە بکەن دەبێت پەرە بەژمارەکەی بدەین، منیش لەو باوەڕەدام بەو مەرجانەی بۆیان دانراوە (٣٠) هەزار کەس لەوانەیە یەک دوو مانگ دەوام بکەن چونکە هیچ لەحزبەکان واز لەپێشمەرگەی خۆی ناهێنێت ئەگەرهاتە سەر ئەوەی یەک نەخرێت، سوپاس

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوێنێ لەسەر بڕیاری جەنابتان هەر دوولیژنەی دارایی وپێشمەرگە دانیشتن وە بە ڕای ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە ئەو (٣٠) ملیۆنەی کەدانراوە زۆر کەمە، بەڵام ئێمە حاڵەتی ئەمڕۆی کوردستانمان لەبەر چاو گرتووە، چوار سەرکردایەتی هەیە دەتوانن بچن لێیان بپرسن بزانن ئیدارەی ئەم لەشکرە بەچی ئەکرێت هەر سەرکردایەتێک (١٥) فەوجی هەیە، هەر فەوجێک چەند سریەیەکی هەیە، بێجگە لەسیریەو وزۆر جۆری ترو بەشی تر، بەلای کەم ئەم سریانە یەکی ئۆتۆمبێلێکی بەرناکەوێت و دەست پێوەگرتن (تقشف) لەکاری پێشمەرگەدا نابێت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆر لەوەو پێش باسمان کرد کەدەبێت هێزەکانمان یەک بخەین بۆ ئەوەی فرە چەکداری نەبێت ئەویش بەتێکەڵاوی هێزەکان ئەکرێت کە پێویستی بە پارەیە، ئێمە لیژنەی پێشمەرگەین هەموو لایەنە سلبی و ئیجابیەکانمان لێک داوەتەوە، ئەگەر واتێ بگەن ئەو ترومبێلانە بۆ لێپرسراوەکانە هیچیان بۆ ئەوان نییە، بریتییە لەو گەلابە وعەرەبانە وئەو سەیارانەی کەتۆپی پێ رائەکێشرێت، ئەوانەی کە تەقەمەنی ئەگوازێتەوە وئەوانەی کە ئاو ئەهێنن، یەک بەرپرس ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوونی وەزارەتی پێشمەرگە پێویستە وەکو هەر وەزارەتێکی تر بەلام وەزارەتی پێشمەرگە تازە دائەمەزرێ بەپێی توانا ئێمە تائێستا قەرارێکی وامان نەدیوە نەشمان ویستووەکە ئەو (٣٠) هەزار پێشمەرگەیە پێشمەرگەی کۆن بن، ئەڵێن لەشکرێ دروست ئەکرێ لە (٣٠) هەزار پێشمەرگە پێشنیارەکە وابوو کە ئەگەر حزبەکانی تریش بێت زیاد ئەکرێت لەبەر ئەوەی ئەوخەرجیەی کە ئەکرێت بۆ (٣٠) هەزار پێشمەرگە ئەکرێت، ئەوترومبێلانەی کە بۆ ئەوان ئەکردرێت دوێنێ باسێکی زۆری لەسەر کرا من خۆم ئەوپارەیەم پێ کەم بوو سەرەرای ئەوەی ئەزانم کە بودجەکەمان کورتی هێناوە، بەلام ئەو پێویستییە ئەبێتن هەر هەبێت، ئەگەر پێویستەکانیان دابین نەکرێت بێگومان هەر حزبە پێشمەرگەی خۆی ئەوێتەوە، ئەوانیش ئەچنەوە، لەبەرئەوە من ئەڵێم ئەو (٣٠) ملیۆنە زۆر کەمە وە هیچی بۆ ترومبێلی بەرپرسان نییە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەی کورد دوو تاقی کردنەوەی تاڵمان هەیە بەنسبەت ژمارەی پێشمەرگە، یەکەمیان دەربارەی فەوجەکان لەسنووری ساڵی ١٩٧٠ کەچەندین فوج دروست کرا ئەو پارەو توانایەی کەدرا بەو فوجانە زۆری بەرپرسەکان خواردیان، پێشمەرگە پاشتر هیچیان دەوامیان نەدەکرد، دووەم لەجاشایەتی دەیان فەوج هەبوو بەلام پێشمەرگە نەبوون، من پرسیارێک لەوەزیری پێشمەرگە دەکەم، ئایا زامینی ئەوەمان دەداتێ ئەو (٣٠) هەزار پێشمەرگەیە پابەند دەبن بەهەموو رێنومایییەک وهیچ کامیان توشی بەرەڵلایی نابن؟ ئەگەر وایە دەتوانن بەرێوەیان ببەن دەنا پێم زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی تازە هاتە پێشەوە یەکەمیان ئێمە لیژنەی دارایی لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە بە ئامادە

بوونی وەزیری دارایی و وەزیری پێشمەرگە ئەو ژمارەی پێشوو بەو دانیشتنەی دوێنێ کێشراوەتەوە، خاڵی دووەمیان بەرای ئێمە ئەوە لەکلێشەکەی وەزارەتی پێشمەرگە هاتووە ئەکاتە شەش یەکی ئەو (ئالیاتە)ی کە ئەکرێ، ئێمە حەوت یەکمان بۆ حساب کردون، ئەو ترومبێلانەش تەنها ترۆمبیلی سەربازین، سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حەز دەکەم بەدواداچوونێک بکەم لەو وەزعەی ئابووری کوردستان کە نە لەسایەی فیدراڵی یەو نەلەسایەی پەرلەمانە و نەلەسایەی حکومەتی کوردستانە ئێستا خەڵکی کوردستان لەرووی ئابووری یەوە زۆر وەزعیان باشترە لەوخەڵکانەی تر کەئەمرۆ لە ژێر دەستی عێراقن و، ئێمە هەم لەرووی ئابووری یەوە وەزعمان باشترە سەرەرای ئەوە کەمیللەتەکەمان ئازادی هەیە و لەکۆبوونەوەیەک لەدانیشتگا لەگەڵ بەرپرسی زانکۆ وراگرەکانی کۆلیج باسی ئەوەیان کرد کە مووچەی کۆلیجەکان زیاد بکەن چونکە لەبەغدا مووچەیان زیاد کراوە.

**بەرێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران وائەزانن ئۆتۆمبێل بۆ خۆمانە، من وەکو شەخسی خۆم هیچ ترۆمبێلمان بۆخۆمان نەکریوە، ئەم بابەتەی کە دوێنێ بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن داوای لێ کردین، ترومبێلی تایبەتی، ئۆتۆمبیلی سواربوون نییە پێشمەرگە بەهەر جۆرێک بێت ئێمە هەمانە، وەزارەتەکە دروست بووە چەکی هەیە هاتووە بەرامبەر دەبابە وەستاوە بۆئەوەی بابەتەکە کۆتایی پێ بێنم یا ئەبێ بۆیان سەرف بکەین ئەو پارەیە یا کە سەرفی ناکەن ئێوە پەرلەمان یەک تراکتۆر بابێنن، تراکتۆر چۆن تۆپی نەمساوی رائەکێشێ یا ترۆمبێلێکی ایڤا چۆن رای ئەکێشێ بەیەک هاون دوو إیڤای ئەوێت ئێوە بیر لەوە بکەنەوە ئەمانەوێت یان نا ئەگەر نامانەوێت منیش نامەوێت چونکە من تازە ناتوانم بەو ئەرکە هەستم، ژمارە بەلامانەوە گرنگ نی یە لەمانگی هەشتەوە داوای بودجەی تایبەتی ئەکرێت بۆ وەزارەت. وەزارەتی پێشمەرگە ئەوەندەیە باقیەکەی اتفاق ئەکرێت لە لیژنەی پەرلەماندا، خاڵێکی تر خاڵێکی تری وامان بەرچاو کەوتووە حکومەتەکە یەک فلسی نییە، بەڵام یەک خاڵ هەیە ئێستا ئەوەتا هەر ١٦ یان لە وەزارەتن بەمنیان ووت ئەوە کاک کمال کەتۆ داوای کارکەناری (استقالە) بکەی ئەوە حزبەکە وپەرلەمان بریاری داوە ئەوەی داوای بکەی ئەوە بۆمان تأمین کردی، ئێستا ئەوان حازرە با دابینی ژیانەکەیان بۆ بکەین، خاڵێکی تر کاک قادر ئەڵێت پێشمەرگە تا ئێستا لەگەڵ حزبەکاندا بووە پێمان ووتوون واناببێت مەردودەکەی بۆحزبەکە بووە قسەکەی جوانە بەڵام پێشمەرگە لەگەڵ حکومەتن لەبەرئەوە ئەو پێداویست ورأیانەی کە بریار دراوە لەیەکی یەکەوە بیدەین بەوکەسانەی کە ئامادەن، ئەوەی کاک بارزان ئەڵێت راستە، ئەوەی (٧٠ ـ ٧٤) ئێمە قبوڵمان کرد، تارق عەزیز لە ١٩٧٣/١/١ لەجەریدەدا نووسیوەیەتی (حرس حدود) مقابلە بە حرس حدودی خۆیان ئەو رەخنەیەی لێ گرتن، ئەبێت وەک دوێنێ

برادەران ووتیان با ئوتۆمبیلەکە بە قۆناغ بێت، من شتێکی ترم بۆ پێشنیار کردن کەبا بەنهێنی بێت تایبەت بە پەرلەمان بێت، برِەکە دائەنێین کە هەندێ پێویستی پێ دابین بکەین لێرە ژمارەکە گرنگ نییە کەپارە نەبوو هیچ خەرج ناکرێت، سوپاس

**بەرێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

تەعقیبێک لەسەر برِیاری سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کاتی خۆی برِیارێک هەبوو کە زۆر راست بوو، بەڵام توانای جێ بە جێ کردنمان نەبووە ئەوە شتێکی ترە بەنسبەت ئۆتۆمبێل ومەکینەکان زۆر پشتگیری برادەران ئەکەین، من پێشنیارێک ئەکەم لەلای خۆمان گەلێ جۆر ترۆمبێل وقەلابە ومەکینەمان هەیە ئەوەی کەبە ٤٠ ـ ٥٠ ملیۆن دەکرێت بە ٤ ـ ٥ ملیۆن چاک دەکرێتەوە ئەو مەکینانەی هەمانە ئێمە دابەشمان کرد لەنێوان خۆماندا لەبەشی ئێمە وئاوەدان کردنەوە و شارەوانی هەندێکی تەرخان بکرێت بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، سوپاس.

**بەرێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

پێداویستەکانی پێشمەرگە هیچ کاتێک کەمتر نییە لەپێداویستی ئەوانی تر واتا پێداویستیەکی راستەقینەی بۆدانراوە بەرای من ئەوە لەوانەیە عجزە کە زیاد بکات بۆ نموونە وەزارەتی پەروەردە کاتی خۆی ووتمان رێک کەوون بە رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان پاش ئەوە ووتیان قەرزیان کردووە بە (١٥٠) ملیۆن ئایا ئەتوانرێت دابین بکرێت؟ کەواتە ئەم پێویستانە نزمترین رادەی دەست پێوەگرتنە بۆ پێشمەرگە ئەتوانێ تنفیذ ی بکەین نەء، بەڵام هەروەکو بەڵگەیەکە بەدەستمانەوە لەئاییندەدا، حکومەتی ئاییندەی دیموکراتی عێراق هات بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگەیەک کەپێی ئەڵێن (فەیلەقی) کورد لەوێدا سەربە سوپای عراقی دەبێت بەم شێوەیە عجزە کە زیاد دەکات کەس قەرزمان ناداتێ کەسێ هاوکاریمان لەگەڵ نەکات نەک بۆ ئەم لایەنە هەتا ئێمە دەمانەوێت حساب ئاسایی بکەینەوە ئەڵێن ئێوە دەوڵەت نین لەبەر ئەوە رەفزی ئەکەن، هیچ بانقێک قەرزمان ناداتێ تەنها یارمەتیمان ئەدەن، بۆئەوەی کەبەیانی وەزیری پێشمەرگە لەگەڵ هاوپەیمانانماندا دانیشتن بڵێ ئەوە پێداویستەکانی پێشمەرگەی بەرە سەرف بکرێت بەدوو برگە یەکەمیانْ پێی بڵێین (الرواتب) دووەمیان (اخری) لەبودجەدا بەشێوەیەکی (شکلی) بێنێتەوە، سوپاس.

**بەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

مەسەلەی فەیلەقی کورد وحکومەتی دیموکراتی عێراقی لام وابێ ئەوان وەلامەکەیان لەگیرفاندایە، دوای ئەوەش مەسەلەی (مدفع) کرین، ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستانین بە

لەشکر سەربە حکومەتی مرکزیە توانای ئێمە نەبۆ تۆپ کرینە نەبۆ رۆکێت وفرۆکە کرینە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەوەی زیاتر دیراسەتی ئەمە بکرێت ئەمڕۆ دەنگ دان لەسەر بودجەی کاروباری پێشمەرگە نەکرێت دوابخرێت بۆ هەفتەی ئاینده، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەمەسەلەی وەزارەتی پێشمەرگە گفتوگۆیەکەمان بەرەو خراپی برد تا هاتینە سەر ئەوەی بڵێین وەزارەتی پێشمەرگە پێویست ناکات بەڵام وەزارەتێکی هەیە لەسەر ئەو بنەڕەتەیە بەرەزامەندی هەردوو لاش پەرلەمان وحکومەت دروستی دەکەن. پشتیوانی لەپێشنیارەکەی کاک فەرەنسۆ هەریری ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێوە دوێنێ لیژنەتان داناوە ئەوانیش گەیشتنە پێک هاتن هەقە رێز بۆ رای لیژنەکان دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ برادەرانی لیژنە ئێرە پەرلەمانی کوردستانە هەر فکرەیەک هەر پێشنیارێک چ لەئەندامانی پەرلەمان یا لە وەزیرەکانەوە چ لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەبێت لێرە شایانی گفتوگۆکردنە، چونکە ئازادین چۆن گفتوگۆی لەسەر بکەین وچ بڕیارێکیش بدەین، هەر پێشنیارێک دێت لێرە گفتوگۆی لەسەر ئەکرێت وە زۆر بە پەسەندی ئەکات وهەمووشمان مەبەستمان ئەوەیە کەباشتر بێتە دەستمان.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ شت با روون بێت کە دووکتلەی گەورە هەیە نوێنەرایەتی دوو حزبەکە دەکەن و حزبەکان نوێنەری خۆیان هەڵبژارد پێشرەوی حزب نە لێرە و نە لەهیچ وولاتێک پشت گوێ ناخرێت لەبەر ئەوە ئەو خوشک وبرایانەی لێرەن لەبەر سەنگ وکەسایەتی خۆیان لێرەن بەڵام هەموویان بەلیستی مەکتەبی سیاسیەکانەوە هاتوون. جا با بەخراپی نەزانین کەهەندێ شت هەیە لێرە ناگەینە ئەنجام با بەخراپی نەزانین کەبگەڕێنەوە بۆ مەکتەبی سیاسیەکان ومەسەلەی پێشمەرگە کەهاتە پێش وازانرا حسابی کتلەیە کەواتە لەوێ مەکتەب سیاسیەکان با بەیەکەوە دانیشن و چارەی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئەوان باسی ئەکەن تێ ی ئەگەم بەڵام بەداخەوە ئێمە (١٠) ملیۆنی ترۆمبێلانمان لابرد ئەبوایە بەدەنگ دان هەمووی پوچەڵ بکرایە، وە من دڵنیام هەرشتێک دەنگ دانی لەسەر ئەکەین کەلەبەر دەمماندایە، بەڵام ئەبێ زیاتر هەست بەلێپرسینەوە بکەین وکارەکە دوا نەخەین، پێشنیارێکم هەیە بەگسرنگی ئەزانم داوا لەهەموو پەرلەمان وئەندامان ئەکەین وە داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان ولەسەرۆکی وەزیران و وەزیری دارایی و وەزارەتی پێشمەرگە ئەکەم بەرپرسیاریەتیەکی گەورەیان لەپێشەو وەزارەتی پێشمەرگە کە (٨) مانگە دامەزراوە وهەندێ شتی تەواو بووە وەدوومانگە هێزی پێشمەرگەمان کۆکردۆتەوە. من پێشنیار دەکەم کەمووچەی مانگێکیان دابین بکرێت بۆئەوەی ئەم گورە کەم نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر چاک ئاگاداری سیاسەتی حزبی خۆمم ودەسەلاتیشم هەیە کەئێستا بڕیاری لەسەر بدەین، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی گشتی وقسەیەکی بەڕێز کاک کەمال وەزیری کاروباری پێشمەرگە کەوای نیشاندا ئەگەر نەکرێت لەوانەیە نەتوانێت ئیش وکارەکانی ئەنجام بدا، لەبەر ئەوە سەرکردایەتی حزبەکان کە بڕیارێکی لەسەر بدەن وەمن ووتم دەنگ دان لەسەر بودجەی کاروباری پێشمەرگە نەکرێت ودوا بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە دوا بخرێت بۆ یەک شەممە ومەسەلە کە دانراوە بۆ مووچە چونکە نەک کۆبوونەوەکە دوا بکەوێت وپێشمەرگە داوای یارمەتی دەکەن، بەپێی توانا ئێمە هەوڵ دەدەین دابینی مووچەیان بۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت یارمەتیەوە حکومەت تا توانای هەبێت مووچەی ناوەستێ بەڵام چونکە پێشمەرگە تا ئێستا بڕیاری پێ وەرنەگیراوە لەوانەیە بە خێرایی شتێکیان بۆ دابین بکەین وە مەرج نیە لێرە بڕیاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی یاسای ئوسولی ژمێریاری (قانونی اصولی محاسبات) ئەگەر هاتوو بودجە پەسەند نەبوو بۆ وەزیری دارایی هەیە ١-١٢ی جێ بەجێ بکات، لێرەدا کەئەڵێن (أذا حلت السنة المالية راجعة

من قانون اصول المحاسبات) (ولم تكن ميزانياتها قد صدقت فيتولي وزير المالية اصدار الأمر بالعمل باعتماد ميزانية منصرمة على اساس الصرف شهريا بنسبة ١-١٢ من اعتمادات منقمة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جارێ تۆ بودجەت نەبووە بۆ ساڵی رابردوو بودجەی سێ مانگت هەبووە دوایە لێرە بڕیارێکی نەدا کە تاکۆتایی ساڵ پارە خەرج بکەن دوای ئەوە ئێوە داواتان نەکردووە ئەو بڕگەیەی کە جەنابت خوێندیەوە ناگونجێت لەگەڵ ئەو قانونەی کە ئێمە هەمانە. ئێستا ئەم دانیشتنە دوا ئەخەین بۆ یەک شەممە سەعات (١٠) کۆدەبینەوە، دوو گرفتی ترمان هەیە ئەمێنێتەوە وەزارەتی پیشەسازی و ووزەو داد.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی داد دەستکاریمان نەکردووە بەلام (الصناعة والطاقة والمستلزمات الخدمية ونفقات الأيفاد) هەموو فت (شطب) ئەکرێت چونکە مەرکەزین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەم بۆ لیژنەی ئابووریە ئێمە دەقی یاساکە جێگیر ئەکەین ،کۆی هەمووی ئەبێت کەگۆڕاوە ئەگەر ردی بکەنەوە وئامادەی بکەین بۆ ئەوەی ئەویش ببێت، تائیشەکەمان دوا نەکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە دەقی بڕیارەکەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

القرار:

استناداً الى احكام الفقرة (١) من احكام مادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق في جلسته المنعقدة بتاريخ اصدار مايلي:

١- تشكيل محكمة بأسم محكمة تعليمية من الأمن الداخلي لأقليم كوردستان العراق ويكون

مقرها في اربيل.

٢- تكون مهام اختصاصات وتشكيل المحكمة المذكورة وفق القوانين المرعية.

٣- تكون قرارات المحكمة خاضعة للتميز لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان العراق.

٤- على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

٥- يجب تنفيذ هذا القرار من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی پێشنیاری ئەوە ئەکەم کەبکرێ بەقانون چونکە خۆی زیاتر سەربە یاسایە وەک لەوەی بڕیاری پێ دەربچێ وەکو تێبینیەکی گشتی بەباشی ئەزانم زیاتر پەنابەرینە بەر یاسا زیاتریش هیچ لەیاسا ناگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان لایەنێک لەرایەکەی کاک حسێن کە دەڵێ زۆرتر (قوانین وقراری) دەربێنێ وەکو بڕیاری رووتن، بەڵام تا ئێستا ئێمە بڕیارمان دەرکردووە و هێزی یاساشی هەبووە وەبەپێی یاسای پەیرەو کراو، چونکە یاسای عێراقی ئێمە رامان نەگرتووە (تەجمیدمان) نەکردووە کە ئەو هێزەی داوەتە ئەو قانونە چونکە جیاوازی لەناوەڕۆک دا نییە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو تێبینیەی کاک حسێن هێمای بۆ کرد لێرە جێ بە جێ نابێت چونکە لێرەدا یاسایێک هەیە یاسای هێزی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ئێستا ئێمە ئیشی پێ دەکەین. ئەگەر قانونێک دابنێین دەکاتە هەموارکردنی ئەو یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئێمە دەستوورمان هەبوایە پەرلەمان قانونی دەردەکرد ئەو کاتە دەبوو خەڵک ئازاد بوایە ئەو یاسایە دەستووری یە یا دەستووری نیە ئەو کاتە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دەردەکرد بزانین ئەو یاسای ئەنجوومەنی وەزیران یاساییە یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕیارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نی یە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا. پێداچوونەوەیەکمان هەیە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە جەنابی جێگری ئەنجوومەنی وەزیران لێرەیە کەتەماشای مەحزەرەکانی ئەنجوومەنی وەزیران ئەکەین هیچ هێمایەک نییە بۆ ئەو بڕیارانەی کە ئەینێرن بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەوەی بخرێتە پرۆتۆکۆلەکانی ئەنجوومەنی

وەزیران، حقە لەمەحزەری دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیراندا ئەو بڕیارانە جێگیر بکرێت وبنووسرێ ئەوجا بنێردرێت بۆ ئێمە.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومــــــــەن.**

وا ڕێک کەوتبوون کە بۆ فراکسیۆنەکان مەحزەرێکی ئەنجوومەنی وەزیران بێت، سوپاس

**بەڕێز حـــســـێن عـــارف عـــەبدولرەحـــمـــان:**

**بەڕێـزجـــێـگری ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من تێبینیەکم هەیە بەراستی دەربارەی بڵاوکردنەوەی قانونەکانی خۆمانە، ئەوەی من سەرنجم داوە ئەو قانونانە ناگەنە شوێنی خۆیان بەتایبەتی دادگا وفەرمانگەی یاسایی وئەو شوێنانەی کەمەبەستە، ئەبێت بگاتە دەستی ئەو کەسەی کە جێبەجێی ئەکات لەبەر ئەوە من پێشنیار ئەکەم کەمەسەلەی دابەش کردنی ڕۆژنامە بایەخێکی زیاتری پێ بدرێت ئەوەی ساڵی ١٩٩٣ بکرێ بەکۆمەڵێک وکۆبکرێتەوە، سوپاس

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــوومــــــــەن:**

جا ئێمە کە چووینە سەرەوە بۆئەم بابەتە گفتوگۆیەک ئەکەین هەردوو فراکسیۆن وجەنابت وکاک فازڵیش بێت بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین پێک بێین لەسەر صیغەیەک، چونکە ئێمەش گلەیمان هەیە لە چاپ، شتی ئێمە زۆر دوا ئەکەوێت، ئەو ڕۆژە ناچاربووین نووسراوێکیان کرد بۆ چاپخانە هێمایان بەوەکرد، چونکە دواخستنی یاساکان لەوانەیە لە بەرژەوەندیان نەبێ، هیوادارم بتوانین لەماوەی ئایندە خۆمان لەو بابەتە ڕزگار بکەین، هەتا ئەو کاتە پێویستە چاپخانەی سەلاحەدین ئاگاداری لەیاساکان بێت و سەرپشکی پێ بدەن.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **ئەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)

**یەک شەممە رێكەوتی ١٩٩٣/٢/٢٨**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٩)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٢/٢٨

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٢/٢٨ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەنی و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا. دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- پاڵاوتنی بەڕێز عوسمان دزەیی بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە لەجێی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز کاک تارق.***

***٢- گفتوگۆکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان.***

***٣- بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانی (قانون ادارة بلديات).***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەناو ئەو پرۆگرامە کاک عوسمان لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە تەرشیح کراوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان لەجێی کاک طارق با کەرەم بکات بۆ ئەوەی مەراسیمی سوێند خواردن ئەنجام بدرێ پاشان دەست بکەین بەموناقشە کردنی. خاڵی دوایی بودجەی کوردستانی عێراق پاشانیش یاسای ئابووری موازەنە، ئەوجا دێینە سەرخاڵی دووەم و بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەکان.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان من قسەکەم تەنیا داوایەکە لە بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری کێشەی (یەک دیناری) ئەگەر هەوڵ بدات ملیۆنێک دینار بێتە ناو بازار یەک دینارەکان بکێشنەوە بۆ لای خۆیان گەورەترین گرفتی خەڵک چارەسەر دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کۆمەڵێک شکایەت لەو ناوچانەوە هاتوون کە خانووەکانیان ڕمێنراوە کاتی خۆی سولفەی عەقاریان وەرگرتووە. ئێستا لەمووچەکانیان دەگێڕنەوە. بێ ئەوەی سوود لە خانووەکە وەربگرن وا

باشه چارەیەکی ئەمە بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو پێشنیار هەنە پاشان ئەگەر هاتینە سەر هەردوو پێشنیار با جەنابی وەزیری دارایی پەیوەندی بەوەوە هەیە وسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لێرەیە قسەیەکی لەسەر بکەین خراپ نییەو ئەگەر کاک عوسمان ئامادەیە با کەرەم بکات سوێند بخوات. بەڕێز کاک عوسمان دزەیی هاتە سەر سەکۆ (میەنەصصه)و سوێندی خوارد بۆ ئەندامێتی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی وئەندامانی پەرلەمان بەخێر هاتنی کاک عثمان دزەیی دەکەین بۆ ئەندامێتی پەرلەمان و هیوادارین لە ڕێگەی پەرلەمانەوە خزمەتی میللەت بکات و جارێکی تریش بەخێربێت. وابزانم ئێمە وەختی خۆی بڕیارێکمان هەبو کە موناقەشە کردنی بۆدجەی کوردستان لە دانیشتنێکی داخراودا دەبێ و داوا دەکەین برایانی ڕاگەیاندن هۆڵەکەمان جێ بهێلن، با لیژنەی ئابووری کەرەم بکەن.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی پێشمەرگە «النفقات الرأسمالية٤/السيارات» ٢٠ ملیۆن دینار پێشنیار کراوە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو پێشنیاری لیژنەی ئابووری؟..کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆربەی دەنگ وەرگیراوە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٦/المكائن والاجهزة والالات ١٠ مليون دینار پێشنیار کراوە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێبینی نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٢/الخدمية ١٥/الاحتفالات ١٠٠٠ هەزار پێشنیار کراوە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە؟. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەندکرا..

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٣٠/السلعية ١/القرطاسية والمطبوعات (١) یەک ملیۆن و(٥٠) هەزار دینار پێشنیار کراوە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسنەندکرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٤/الوقود(١٥) ملیۆن دینار پێشنیار کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٤/صيانة الموجودات ٢/صيانة المباني(١٠) ملیۆن دینار پێشنیار کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٦/صيانة وسائط النقل (٥) ملیۆن دینار پێشنیار کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. دەمێنێتەوە هاوسەنگ کردنی (موازنە)ی کۆمیتەی یاسا با کەرەم بکەن.. سوپاسی هەوڵەکانی لیژنەی ئابووری دەکەین بۆ ئەو بەرهەمە. کۆی گشتی لیژنەی ئابووری دایناوە تەنها پێشمەرگە؟

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەریاسایەکە پێویستە پشوویەک وەربگرین بە سەعاتێک تەواو دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دێینە سەر یاسا کە ئەمە دەبێ وابێ قانونی بۆدجەی هەرێمی کوردستان عێراق لەبۆ ساڵی ١٩٩٣ ئەگەر ئامادەن لیژنەی یاسا کەرەم بکەن..

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلاحەیدەری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

(قرار)

استنادا الى احكام الفقرة (٥) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير المالية والاقتصاد ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ٢٨/٢/١٩٩٣، اصدار القانون الاتي:

**قانون رقم (٥) لسنة ١٩٩٣**

قانون موازنة اقليم كوردستان العراق لسنة ١٩٩٣ المادة (١) يرصد لنفقات المجلس الوطني لكردستان العراق والوزارات وادارات اقليم كوردستان العراق لسنة ١٩٩٣ مبالغ مجموعها (١/٢٣٤/٨٦٩/٤٠٠٠) ديناراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی یەکەم ئەمێنێتەوە تا لیژنە ژمارەکە تەواو دەکەن.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة ٢/تخمن الايرادات بمبالغ مجموعها (١١٣٨١٢٠٠٠) ديناراً.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(٨١٢ر١٣٠ر١) ایرادات دەکات واتا مەزەندە کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە چەسپ بکەین وەک تەخمین دروستە ئەو تەخمینە..

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر وەکو هەندێ جار باسم کردوە ئەمە مەزەندەی دەستکەوتەکانی (تەخمینی ایراداتی) گومرگە ودەستکەوتەکانی ئەوکارگانەش پێویستە بدرێت و هەروەها دەستکەوتەکانی باج ورەسمەکان ئەوانەی خەملێندراوە وەکو ژمارە، لەوختێکیدا گومرگ بەباشی کار بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی هەر لەسەرەتای گفتوگۆکردنی بودجە باسی ئەوە کراوە بەنیسبەت وارداتەوە کەهەمووی مەزەندەیە (تەخمینە). تەخمینەکەش لەسەر ئەوەیە کە (٦٠٠) ملیۆن دەستکەوتە ئەو مەزەندەیەمان (تەخمینەمان) کردووە هی گومرگ زۆر دابەزیوە لەوانەیە دوای ئەوە زۆر هەوراز بچێ، لەوانەیە دووبارە دابەزێ، بەشێوەیەکی واکە (٦) ملیۆن دینار هەمووی دەستکەوتە ئەبێ سەرچاوەکانی ئێمە وەکو لە راپۆرتەکەی وەزارەت نوسراوە، یانی هیچ سەلماندنێکی تیا نییە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روون کردنەوەی جەنابی سەرۆکی وەزیران ئێمە لە لیژنەی دارایی زیاتر بابەتی دەستکەوتەکان وەختی کوشتووین لە گفتوگۆکان بۆیە برادەرانی پەرلەمان رەخنە لە لیژنەی دارایی دەگرن ئێمە رایەکی چەسپاومان هەبووە ئەو ملیاردە لەسێ شتەوە دێ یەک گومرگ دووشتی سەرەکی کاری لێ دەکا کە موعەدەلەکەی (٦٠٠) ملیۆن دینار دانراوە لە سالێکدا بۆ دەستکەوتی کارگەکان کەکاتی خۆی (٤٥٠) ملیۆن دینار بووە رەنگە ئەمە کورتی هێنانی (عجزی) هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆمان بەمەزەندەی (تەخمینی) حکومەتەوە بەستووە، چونکە گفتوگۆ لەسەر ئەو بنەڕەتە کراوە بۆیە چەسپ بکرێ و حکومەت ئەو تەخمینەی خۆی کردووە، باشە مادە(٢) (١٣٫٨١٢٫١) ملیۆن دینارە.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەدەقی گفتوگۆکردن لەسەر بودجە دەکەین و باسی ژمارەی وەهمی دەکەین، ژمارەی چەسپاومان نییە خۆی لە بەندەکانی بودجە دەڵێ بودجەی بەمەزندە (میزانیەی تەخمینی) هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەی دووەمە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ قەبوول کرا. **بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

تتولى وزارة المالية والأقتصاد لاقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە پێشنیارم هەیە کە زیادیەک بکرێ ئەویش بەم شێوەیە(تتولى وزارة المالية والاقتصاد في اقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات بموجب النسب المئوية المثبتة لكل وزارة للايرادات المالية المتاحة)، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەرەتایی گفتوگۆکردنی ئەو بودجەدا باسی ئەوە دەکەین کەوا ژمارەکان دەنووسین پاشان باسی ئەوە دەکەین لەکاتێک ئەگەر ئیمکانیات نەبو ئەوا هەر وەزارەتێک بەپێ ی ئەو رێژە سەدییە پارە سەرف بکات، سوپاس.

**بەڕێزد.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ڕێژە بەستنەوەی داراییەو ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیارە لەجێ بەجێکردنی بودجە هەموکاتێک لە ئەنجوومەنی وەزیران سەرپشکی پێ دەدرێ ئەگەر هاتوو دەستکەوت کەم بوو، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پێشنیاری کاک ابراهیم لەجێی خۆیەتی هیچ گرفتێک بۆ دارایی یا ئەنجوومەنی وەزیران نایەتە پێش ئەبێ (حەسری) وەزارەتەکان بکرێ کە چەند لەسەدا بۆیان دابنرێ ئەگەر هاتوو وەزارەتێک پێویستی هەبێ دەتوانن لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو داوایە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بەڕێژەی سەدی دابنرێ ڕەنگە شتێکی ئاشکرا نەبێ لێرەدا هەر وەزارەتێک ئوسولی هەیە مەسەلە بڕیارەکە دەدرێ بەنسبەت ئەو فەسلانە کام فەسڵ جێ بەجێ دەکرێت ئێمەسەرپشکی (ئەولەوییەت) بە مووچەی فەرمانبەران دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێژە نابێ هەبێت تەنها لەباری ئاساییدا وەکو بژاقی سەربازیی و بەرگری کردن لەخاکی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەگەر ڕێژەی سەدی بێت مانای هەموو وەزارەتێک بەزۆری دەبێ ئەو ڕێژەیە وەرگرێ وەزارەتی پەروەردە بودجەکەی زۆربەی زۆری مووچەکانە وەکو کاک د.فوئاد فەرمووی بە ڕێژەی سەدی (٣٠) ملیۆن دینارمان هەیە لەو (٣٠) ملیۆنە دەبێ هەموو مووچەی وەربگرن چونکە ڕێژەی سەدی پەرلەمان (١٩) ملیۆنە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێز د.فوئاد فەرمووی ئەگەر ڕێژە سەدیەکان دابنێن و سەرپشکی (ئەولەویاتی) سەرف بچەسپێنین «وتکون اولویات الصرف للرواتب»ئەگەر ڕێژە سەدیەکە چەسپ بکرێ بەرای من پارەکە باش ناکات، بەڵام دەبێ دەستەواژەکە چەسپ بکرێ (اعطاء اولویات الصرف للرواتب)ی دەبێ لەگەڵ بێ ئەگینا بەتەنیا للرواتب ئەودەستەواژەیە چەسپ بکەین هەروا(مع اعطاء اولویات الصرف للرواتب)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە سەرپشکی (اولویات )نەدراوە بەمووچە دەبێ بڕیارێک دەربکرێ ومووچەکان پێش خرێن.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەو یاسایەدا بونیاد دادەنرێ بۆ ئیش پێ کردن وجێ بەجێ کردنی بودجەکە ئەوەی تر حکومەت خۆی و ئەنجوومەنی وەزیران ئەوشتانە جێ بەجێ دەکەن چونکە ئەو بەرپرسیارە بەنسبەت جێبەجێ کردنی ئەو بودجەیە ئەو داڕشتنەیەی کە ئێستا هاتووە داڕشتنێکی باشەو داڕشتنەکە گشتییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک لەسەر مادەی (٣) کەرستەیەک زیاد بکرێ «بموجب النسب المئوية» ئەو پێشنیارە وەکو خۆی بێنێتەوە ( بموجب النسب المئوية المثبتة لكل الوزارة اعطاء اولويات الصرف للرواتب) ئەو پێشنیارە وەکو خۆی بێنێتەوە لەمادەی (٣) ئەو پێشنیارە کرا.. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە ؟

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەمان دیاری کرد دەبێتە دەقێکی یاسایی سبەی هەربارێکی نائاسایی وهاتەپێش ناچار دەبین بەو بارە نائاساییەی کە هاتۆتە پێش کاربکەین چونکە ئەوکات دەبێ سەرپشکی (ئەولەوییەت) بدەینە مووچەکە وبەنسبە ئێمە دابەشی بکەین بەسەر وەزارەت دا وتێکڕایی فەسڵەکان، بەڵام ئەگەر سبەینێ بارێک هاتە پێش پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی هەبوو، پەیوەندی بەهێمن وئاسایشی وولاتەوە هەبوو ئێمە پابەند دەبین بەم یاسایە ناتوانین ئیشەکانی بۆ جێ بەجێ بکەین، تکایە سەرنج بدەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوەی وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران فەرمووی پەشێوی(إرباك) پەیدا ئەبێ لەجێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەنجوومەنی وەزیران داوا لە بەڕێزی دەکەم چ پێشنیاری هەیە چۆنی پێ باشە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین شتێکی وانەکرێ کەوای بۆ بچێ بۆ ئەوەیە کە گرفت دروست بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەم ئەوەیە دەقەکە وەکو خۆی بێنێتەوە ئەوە دابنرێ بۆ تەقدیری ئەنجوومەنی وەزیران وبێگومان هەر بڕیارێک کە ئەنجوومەنی وەزیران دەیدا دێتەوە ئێرە وئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەوکات دەتوانی رایەکی تری هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەقسەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گەیشتمە ئەوەی کە پێشنیارەکەی دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

٦/مادە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە.. کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٤) کردوومانە بە٢ بەش (أ، ب) چونکە پێش ئێستا برگەیەکمان دەنگ لەسەر داوە ئەویش (لرئیس المجلس الوطني اجراء المناقلة ضمن الميزانية خاصة بالمجلس الوطني) ئەوەمان کردووە بە برگە کەواتە مادە چوار بەس برگەیەک دەمێنێ بۆ ئاگاداریتان ئەوە رای لیژنەی یاسایی ولیژنەی داراییە لەوەزارەتی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: يخويل وزير المالية والاقتصاد صلاحية المناقلة بين الاعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولايجوز النقل منه.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو لەپێشیدا باسی مووچەمان کرد ئەو زیادکردنەی دەوێ« وتكون اولوية الصرف للرواتب دائما يخول وزير المالية والاقتصاد صلاحية الاعتمادات الثابتة باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولايجوز النقل منه وتكون أولوية الصرف للرواتب دائما ».

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پێشنیاری کاک جەمیلم هەیە، بەڵام زیاد کردنم هەیە لەسەر برگەیەکی تر لەو مادەیە بەو شێوەیە بێ « تعطى اولوية الصرف ضمن الميزانية العامة للرواتب ويؤخذ بنظر الاعتبار تأمين الاحتياطي لها ولمدة شهرين بصورة دائمية » سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم زیاد کردنە نەبە بەستنەوەیێکی (تەقەیودێکی) دەزانم چونکە خۆی ئەنجوومەنی وەزیران بەرپرسیارە لەبودجەکە ئەگەر هاتوو بارێکی پێویست وچاوەڕوان نەکراو و (طارئ) هەبوو لەو مانگەدا پارەکە بەشی مووچە نەکات نەیدا بەمووچە بیدا بەوشتە پێویستە کە وەکو باسیان کرد بەرگری لەخاکی کوردستان بکرێ، ئەمە بەستنەوەیەکە (تەقیدێکە)، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باری کوردستان هەروەکو بودجەکە بێ ئۆقرەیە (قلق)ە باری سیاسیش بێ ئۆقرەیە وانییە بارێکی سیاسی چەسپاومان هەبێ خوانەخواستە سبەی ڕەوشێک هاتە پێش وەک پەلاماردانی ڕژێم بۆ سەر ناوچەیەک ئەوکات ئێمە خەریک دەبین مووچە دەدەین یاخود هەوڵی ئەوە دەدەین، بەرگری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەشێک لەقسەکانم کاک د.فوئاد کردی چونکە ئەو بابەتە برگەی (٣) باسمان کرد مەسەلەی مووچە گفتوگۆی لەسەر کرا باوای لێ نەیەت کەهەندێ حەزبان لێیە مووچە دابین بکا هەندێکیش حەزبان لێ نییە مووچە دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برگە زیادکردن هیچ بەستنەوە (تەقید) نییەو سەرپشکی (أولویەت) بۆ سەرف کردنی مووچەیە، لەبەر ئەوە دەڵێم زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر قسەکەی پێشووم دام وا ئەزانم بەڵێ ڕاستە لەجیهاندا وایە، بەڵام ئێمە لەدونیا جیاین چونکە ئێستا پاش ڕاستاندن (موصادەقە) بۆ سێ دەقیقە قسەم هەیە نیشانی ئەدەم کەچۆن لەوانەیە نەتوانین مووچەش بدەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبۆچوونی من ئەگەر هەوڵی ئەوە بدەین ئەوەی کۆمیتەی یاسا دایناوە جارێ بڕیاری لەسەر بدەین وەبۆمان هەیە وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی دوای مانگێک بتوانین پرۆژەیەک پێشکەش بکەین ئەگەر ویستمان هەندێ ئاڵوگۆڕی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی کە کراوە کەکاک جەمیل کردی بەشی زیادکاری ئەگەر بڕواتان هێنا بەوگفتوگۆیانە کەکران.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کوردستان حکومەتی یاسایە لەبەر ئەوە شتەکە لەجێی خۆیەتی کە ئەم زیادییە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ بۆچوونەکەی بەڕێز کاک جەمیل، بەڵام ئەگەر مانای ئەو دەقە نەبێ یاسا دەبێ نەبێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەگـەر ئەودەقـە «وتكون اولـوية الصـرف للرواتب دائمـا» پێشنیـاری کاک جمـیل پشـتگیری لەلایەن کاک بەختیار بخەینە کۆتایی بڕگە (أ) لەمادەی (٤) «وتكون اولوية الصرف للرواتب دائمـا» ئەم پێشنیارە زیاد بکەینە سەر ئەو مادەیە«کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە.. بەزۆربەی دەنگ قبوڵ نەکرا«مادام وایە مادەکە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە پێویست ناکات دەنگی لەسەر بدەین وبە زۆربەی دەنگ ماده چوار (أ) وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵڵا حـەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەنیسبەت بڕگە (ب) تەنها دەیخوێنمەوە (لرئيس المجلس الوطني اجراء المناقلة ضمن ميزانية خـاصـة) بـە مـاده (٥) (لوزير المالية والاقتصاد اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الموازنة لاغراض توفير امكانات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها من الوزارة والحاقها بوزارة اخرى).

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لیژنەی دارایی راپۆرتی خۆی دایە لیژنەی یاسا (يخول مجلس الوزراء صلاحية الأعتمادات في ابواب الموازنة توفير امكانيات الصرف للادارات التي تقرر ارتباطها من وزارة الى وزارة اخرى) چونکە کـردنەوەی پەیوەندی (فـك ارتباط) بەئەنجـومـەنی وەزیرانە نەک بەوەزارەتی دارایی سوپاس.

**بەڕێز حـــســـن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بێ گومان پاساو بۆ هەموو (موناقەلەیەک) دەبێ ئەمە هەر لەناو«فك ارتباط»ەکە هەیە«ارتباط دائرە» لەوەزارەت بۆ وەزارەت خۆی ئەوە پاساوە راستەقینەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

مادەکە زۆر ئاساییە، چونکە فەرمانگە شتێکی (موتقەنە)، مەبەستی وەزیری دارایی لێرە تەنیا گواستنەوەی پارەکەیە، بەڕای من شتێکی سروشتییە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

رای ئێمە وەکو لیژنەی ئابووری ئەمەیە «يخول مجلس الوزراء صلاحية المناقلة»، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

موناقەلە شتێکی ئاساییە کە کرانەوەی پەیوەستییە «فك ارتباطه» لەوەزارەتێکەوە ئەخرێتە وەزارەتێکی ترەوە وەکو کاکە رەش باسی کرد ئاوو ئاوەڕۆکان «ماء ومجاري»لە وەزارەتی ناوخۆوە

رۆیشت هاته سەر شارەوانییەکان شتێکی زۆر سروشتییە کە ئەنجوومەنی وەزیران بەراورد بکا لەنێوان ئەو دووکارە لەیاسای عێراقیدا خۆشی واهاتووە، سوپاس.

**بەرێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاکەرەش ئاماژەی بۆ دەقەکە کرد هەر خۆی دەقەکە بریارێکی ترە، بەڵام ئەوە بۆتە بریارێکی پاشکۆ لەبۆ بریاری یەکەم لەبەر ئەوە بریارێکی داراییە لەبنەرەتدا ئەنجوومەنی وەزیران بریاری پێ داوە بەپێ ی پسپۆرایەتی وەزارەتی دارایی جێ بەجێی دەکات هەر بۆیە لە عێراق کە زۆر مەرکزیەتێکی بێ تام هەیە مادە (٥) (لوزير المالية اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الموازنة لأغراض توفير امكانات الصرف للأدارات التي يتقرر فك ارتباطها من الوزارة والحاقها بوزارة اخرى) ئەوە شتێکی رۆتینییە، سوپاس.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوای ئەوەی بودجەی عێراق کورتی هێنا (عجز) تەنانەت دەسەڵاتی وەزیری داراییش سەندرایەوە ودرا بە دیوانی وەزارەت، سوپاس.

**بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وائەزانم زیادە قسەمان لێکرد، چونکە لیژنەی دارایی کۆک بوون، لەگەڵ ئێمە دانیشتبوون و ئەوەی نێوانمان ئەوەیە کە د.سەلاح خوێندیەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری لیژنەی ئابووری.. کێ لەگەڵ ئەو زیاد کردنەیە کە لیژنەی ئابووری و دارایی پێشنیاری کردووە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ قبوڵ کرا. کێ لەگەڵە ماددە (٥)ە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ قبول کرا.

**بەرێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة /٦:

(يخول وزير المالية والاقتصاد زيادة الاعتمادات الأجمالية المصدقة لموازنة سنة ١٩٩٣ بنسبة لاتزيد عن (١٪) أجمالي الأعتمادات المصدقة للموازنة للاغراض التالية):

١- اعتماد المبالغ اللازمة لموازنات الادارات المستحدثة خلال ١٩٩٣.

٢-اضافة اعتمادات جديدة يقررها مجلس الوزراء في موازنات الوزارات والادارات للحالات الطارئة:-

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادة (٦)کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة ٧/ (تتولى وزارة المالية والاقتصاد اعداد ومصادقة ملاكات جميع الوزارات والادارات لاقليم كوردستان العراق لسنة ١٩٩٣وعلى ضوء كلف الرواتب المرصدة في موازنة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیراوە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: (لوزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون).

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بودجەی وەزارەتەکان بەپێی فەسڵەکان هاتووە من پێشنیار دەکەم لەهەموو وەزارەتەکان بۆ ئەوەی بودجەیەکی رێکوپێک بێ (مفرداتی) بودجە بەپێی چەشنەکان دابەش بکرێن و ئەگەر بفەرموون پێشنیارم هەیە بخوێنمەوە(المادة المقترحة على الوزارات كافة توزيع مفردات الميزانية على انواعها في مدة لاتتجاوز شهرا واحدا من تأريخ تصديق هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی کە ئێمە نەمان کرد لەبەر ئەوە توانای هونەری نەبوو بەنسبەت وەزارەتەکان کۆمەڵێک فەرمانبەرانی دەوێ توانای بەڕێوەبەردنی دەوێ، چ لەوەزارەتی دارایی چ بەنسبەت ئەوانەوە بۆیە وتمان زۆر وەزارەت کە لەوانەیە وەزیرەکە ئەزانێ دایرەکە لەکوێیە بەڕێوەبەرەکە کێیە فەرمانبەرەکانی لەکوێن بەراستی تا ئێستا رەوشێکی وا هەیە بۆیە ئێمە نەمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام وەزارەتێک مەعقول نییە بتوانێ لەماوەی مانگێک (٤٠) ملیۆن دینار لەسەر ئەو چەشنە شتانە تۆمار بکات.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە هەمەجۆر(انواع) ناگەم ئەگەر وابێ بڵێین وەزارەتی پەروەردە (١٤٩) ملیۆن دینار درێژەکەی (تفصیلەکەی) بۆ چییە؟ شی کراوەتەوە حەز دەکەم خاوەنی پێشنیارەکە، شی بکاتەوە تا بتوانم قسەی لەسەر بکەم، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئەندامێکی پەرلەمان قسە دەکەم نەک وەکو لیژنەی یاسا، (انواع) بۆ نموونە لەفەسڵێک لە

فەسڵەکان نووسراوە (الوقود) واتا بەنزین واتە گاز لەو دەوروبەرەی کە بەکاری دێنی ئینجا ئەگەر هەریەکە پارەکەی بۆتەرخان کرا بابڵێین (١٥٠) هەزار دینار بۆ ئەشغال دانراوە بۆ سووتەمەنی بابنوسێ (٥٠) هەزار دینار بۆ بەنزین (٥٠) هەزار بۆ گاز ومکائن ئەوەی تر بۆ شتی تر کرداری چاودێری زۆر ئاسانتر دەبێ لەسەر سەرف ئەگەر (١٥٠) هەزار دینار لەتوانادابێ ئەوە (١٥٠) هەزارەکە هەمووی سەرف بکا بێ ئەوەی نە ئەنجوومەنی وەزیران و نە وەزارەتی دارایی بتوانن حیسابی لەگەڵدا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو حسابانە هەموویان مەزەندەن (تەخمین)

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان پرسیارم ئەوە بوو کە سووتەمەنی (وقود) مانای چییە؟ وام دەزانی کە دەڵێن سووتەمەنی (وقود) گرفتی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەدەست نیشانکردنی چەشن، منیش پێم باشە ئێستا بەرەو هاوینە بەنزین واسەرف بکرێ وەختی زستانی دادێ هیچ نەماوە بۆ نەوتی سپی وای لێ دێ دەبێتە گرفت بۆ وەزیران کە پاشەکەوتی تیا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیاری ئەمە دەکەین بەمادە (٨) ئەگەر تێبینی نەبێ؟

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بوار هەبێ لەگەڵ وەزارەتی دارایی «مبدأ القرار»بکرێ پێکەوە دارشتنەکە (صیاغە) بکەن چۆنیەتی دابەش کردنی سەر ئەوان بکرێ ئەمەیە رای لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە رازین لەسەر (مەبدەئە)کە با لیژنە صیاغەی بکەن بەمەرجێک دەستکاری بنەڕەتی بیرۆکەکە (فیکر)ەکە نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بزانین وەزارەتی دارایی لە لانی ئەم تێبینی یەی هەیە رایان چییە؟ ئەویش ئەوەیە «علی مجلس الوزراء توزیع کافة مفردات المیزانیة علی انواعها خلال مدة لاتتجاوز شهرا واحدا من تأریخ تصدیق هذا القانون»لانی هونەری ئەگەر هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پێشنیارەکە قبول کرا.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەوە بووە بەمادە (٨) بۆ مادە (٩) «اصدار التعليمات اللازمة» پێشنیاری تر هەیە «على وزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لاتتجاوز شهرا واحدا من تأريخ تصديق هذا القانون». سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پێشنیارێک ببێ بەمادەیەکی تر ببێ بەمادە (٩).

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم هەر خۆی دەسەڵاتی سەرفی وەزیرەکان دیاری کراوە یاسا سنووردارە، دەمێنێتەوە ئەو (ابواب فصول ثابتە)ی کەهەیە پەیوەندی بەوەزیرەوە هەیە ئەو ئەندامانەی کە وەزیر سەرفی تێدا هەیە وابزانم بۆیە شتێکی زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادام تێبینی نییە روونکردنەوەکەی کاک د.فوئاد بەسە، یا پێشنیارەکە وەکو خۆی بمێنێنەوە. مادام وای ئەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ «على وزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لاتتجاوز شهرا واحدا من تأريخ تصديق هذا القانون».

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«على وزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف»چونکە لەبنەڕەتتدا یەک گرتووە بەیاساکەی ئەگەر ئەوەی پرسیاری کردووە دەیەوێ تەقییدی هەندێ لەدەسەڵاتەکانی بگرێتەوە (تەقیید)ی بکا، تەنها رەزامەندی وەزیری دارایی ئەوە توانا هەیە بکرێتە ناو فەسڵەوە چونکە دەسەڵاتی وەزارەت بەگوێرەی ئەوەی دانراوە بە رەزامەندی بەڕێوەبەری دارایی بۆی نییە کە پێشنیار داخل بکرێ ئەو (٥)ە وەزیر دەسەڵات دەردەچوێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر ئەو بنەمایە کە بودجە کورتی هێناوە (عجز)ی هەیە لەباری دەست پێوەگرتندا (تقشف) چار نییە دەبێ دیاری کردن ودەست قوچاندن هەبێ (لابد من التحديد والتقييد).

**بەڕێز مەلا محەمود فەندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو سەرۆکی وەزیران وتی وەزارەتی دارایی گرنگیەکەی لەسەرووی هەموو وەزارەتەکانەوەیە

دەبێ دەسەڵات بە ئەنجوومەنی وەزیران بدرێ. سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تـۆمـــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەگەڵ پێشنیاری مامۆستا دام ئەگەرد. نەبەز رازی بێ لەجیاتی وەزارەتی دارایی ئەو رێنومایییە دەربکا، ئەنجوومەنی وەزیران هەندێ رێنومایی دەربکا، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

رێنومایی دارایی لەپسپۆری وەزارەتی دارایی خۆیەتی، چونکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بابەتەکە ئەو رێنومایییانەی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانییی دێ ئەگەر تێبینی لەسەر هەبێ دەکرێ رێنومایی تری بۆ دەربچێ، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عــەبدولرەزاق عــەبدولحــەکــیم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەو پێشنیارەی کاک فرەنسۆ (علی مجلس الوزراء) پێشکەش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بێگومان تاکە بەرپرس لەدارایی کوردستان وەزیری داراییە ئەمە دەسەڵاتەکەی دابەش دەکەین دەیدەینە ئەنجوومەنی وەزیران دەچێتە شوێنێکی تر وەزیری دارایی پسپۆری خۆیەتی ئێمەش لەیاسا دەڵێین وەزیری دارایی رێنومایی دەردەکا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە وابزانم تێ ئاخینینی ئەو مادەیە شتێکی زیادە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەرای من ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران بچێتە ناو ئەم بابەتەوە بڵێین «لمجلس الوزراء اصدار التعليمات اللازمة» نەک لە ماوەی (مدة شهر لتحديد صلاحية الصرف) لەوانەیە بەیانی ئەنجوومەنی وزەیران بڵێ پێویستە سەرف رابوەستێ، چونکە توانا لاوازە، سوپاس

**بەڕێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من پشتگیری ئەوە دەکەم کە پێویستە رێنومایی دەربچێ لەبەر ئەوەی راستە بەیاسا شێوەی سەرف دیاری کراوە هەموو وەزارەت حەقی ئەوەیان هەیە، دیاریشە کە ئێستا لەدەزگا و فەرمانگەکانی کوردستان رێنومایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەراستی من بەزیادی ئەزانم چونکە رێنومایی دارایی وەزارەتی دارایی پێویستە بەیاسا دەری بکا، وەزیرەکان و وەزارەت و وەحدەکانی بەڕێوەبردن هەموو دەسەڵاتیان دەست نیشان کراوە،

بەڵێ لایەنی سەرف دیاری کراوە لەیاسا وەکو وەزارەتی دارایی ڕێنومایی بۆ دەردێ بەگوێرەی پەیوەندیەکان پێویستە کاری پێ بکات. سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەمەسەلەی دیاری کردنی دەسەلاتدا وەکو بەڕێز وەزیری دارایی و لیژنەی یاسا دەڵێن کەدەسەلاتی سەرف دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.نەبەز عەبدولرەزاق عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوورم لەسەر پێشنیارەکەم «لمجلس الوزراء وباقتراح من وزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف». سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بودجەکە راستێندرا (تصديق)کرا کۆمەڵێک فەسلی تێدایە ئەو فەسلانە هەر یەکەیان بریتییە لەزاراوەیەک ئەو زاراوەتە مانای تایبەتی خۆی هەیە هەندێ لەوشتانە راستە نەوتراون ئەوە لەدەسەلاتی وەزیر یا لەدەسەلاتی کێ یە؟ و سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمواری پێشنیارەکەی د.نەبەزم کرد وام زانی واباشترە کە ئەنجوومەنی وەزیران بەوکارە هەڵستێ ئێستا مادام خۆیان رازین با وەکو خۆی بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

«على وزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف»باشترە بۆ وردکاری (تدقيق) کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ ئەوپێشنیارەی کە لە سەر مادە (٩)کرا..کێ لەگەڵ نییە.. بە زۆربەی دەنگ قبول کرا. ئەوە بوو بەمادە (٩) مادە (٨) بوو بەمادە (١٠).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة (١٠) «لوزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ قبول کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة (١١) ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وينفذ ابتداءً من ١٩٩٣/١/١.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ قبول کرا دێینە سەر مادە (١) لیژنەی

ئابووری ژمارەیەکمان بۆ ناردوون ئەڵێن «مجموع مبالغ لاقليم كوردستان نفقات يرصد لنفقات الوزارات والادارات لاقليم كوردستان العراق لسنة ١٩٩٣ مبالغ مجموعها ١/٢٣٤/٨٦٩/٤٠٠ مليار دينار».

**بەڕێز جەميل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێکڕاییە هی هەرێمە یا پەرلەمان؟ سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە (١)/يرصد لنفقات المجلس الوطنى لكردستان العراق والوزارات وادارات اقليم كوردستان العراق لسنه ١٩٩٣ مبالغ مجموعها ١/٢٣٤/٨٦٩/٤٠٠مليار دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشتر نییە هەردووکیان بکەین بەیەک هەردووکی بگرێتەوە (يرصد لميزانية اقليم كوردستان العراق).

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە تەنیا (باب)ەکانی خەرجییە لەبودجەدا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای چارێگە سەعاتێک پشوو دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەڵەو لەسەر چوون بۆ هەردوو لادەگەڕێتەوە (الغلط والسهو مرجوع للطرفين).

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة (١) يرصد لنفقات المجلس الوطني والوزارات والادارات لاقليم كوردستان العراق لسنة ١٩٩٣.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. بەمە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٣تەواو بوو لەدانانی ، لەگفتوگۆ لەسەر کردنی لەڕاستاندنی (تصديق) کردنی سوپاسی هەموو لایەک دەکەین سوپاسی ئێوەش دەکەین بۆ ئەو گفتوگۆیە گەرمە.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر پێ خۆش حاڵم کەوا بودجەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان راستاندرا

(موصادەقەی) لەسەر كرا بەشێوەیەكی دیموكراتی وەكو ئاشكرایە بودجە لەبنەڕەتدا بریتییە لە(وەسیقەیەكی تەقدیر وتەخمینی) سەرف كردن ودەستكەوتەكان نییە هەروەكو بۆمان دەردەكەوێ لەوماوەكەمەدا لەبەینی لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نیشتمانی ووەزارەتی دارایی وەزارەتەكان بۆ نموونە ئەم ژمارانە بەچەند ڕۆژێك ئەكرا كەم بكرایەوە هەر بۆ نموونە بۆ مەسەلەی وەزارەتی تەندروستی ژمارەیەك كەوەزیر ووتی (٥ملیۆن دینار) چاپەمەنیەكان هاتنە ئەنجوومەن بوو بە (٦ملیۆن) لە لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بوو بە(٤ملیۆن)ئەمە كەلیژنە دایناوە گفتوگۆی لەسەر كراوە عەجزی تیایە بەڵگەیەكی مێژوویی مەبەستمان بیركردنەوەیە لەدوا ڕۆژدا لەگەڵ حكومەتی دیموكراتی ئایندەدا بەڵگەیەكە بەدەستمانەوە بۆ دەولەتان كە یارمەتیمان بدەن لە هەموو ڕوویەكەوە پێویستە كۆنترۆڵ لەسەر خەرجی واتە مەصروفات دابنرێ ئەویش بەوەستاندنی كەل وپەلی تایبەتی دەبێ جگە لە مووچە كە پێویستە بۆ فصلی یەك بریتییە لە (٥٤٠) ملیۆن دینار ئەم هەڵسوكەوتەش كە ئەكرێ ڕێگایەكی زانراوە كە دەستكەوتمان زیاد بوو زیادی ئەكەین ئەگەر كەم بووكەمی دەكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بودجەكە كە ڕاستێندرا ئەوە سەركەوتنێكی گەورەبوو كە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەدەستی هێنا، ڕاپورتەكەمان كەموكورتی تێدابوو ئەویش لەبەر ئەوەی كە هیچ شتێكی پێشینەمان لەبەردەستا نەبوو پشتی پێ ببەستین. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بێگومان ئێمە نوێنەری ئەو خەڵكەین پەرلەمانێكین گفتوگۆ دەكەین لەكاتی گفتوگۆشدا تێك نەگەیشتن (اشتباە) دەبێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە بگەینە ئەنجامێكی باش، ئێستاش گەیشتینە پەسند كردنی بودجەی هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پێشنیاری من كاك فەرەنسۆ باسی كرد تەواو بوو، نازانم بابەتی وەزیری شارەوانی چی بەسەرهات ئەو دوو خاڵە تەواو بكەین تاوەزیری شارەوانی دەگات، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ڕاستە ئەم كارە ئاڵۆزێكی خستۆتە ناو بازارەوە گرفتێك بوو، پێش هەفتەیەك كۆبوونەوەی بەڕێوەبەری بانقەكان بوو لەوێوە بڕیار درا كە پێشنیاری (٦) ملیۆن دینار كرا بۆ كرینەوەی ئەوتاك دینارە كانزاییە (معدنی)یانە بۆ هەرێم وگوترا دەستكەوتی ئاووكارەبا مسۆگەرە، سوپاس.

**بەڕێز كەمال شاكر/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من هەندێ كەس لەسلێمانی دەبینم لەبابەت ئەو پارەیەی كاك فەرەنسۆ باسی كرد ئەڵێن گوایە

نسبەتێک لەو پارەیەی گومرگ وەری بگرێ ولیژنەیەک دابنێن لە (١٠٠٠) دینار پێنج دینار بەتاک دیناری وەرنەگیرێ ئەو پارە لە گومرگەوە دەچێتەوە بانقەکان لێرەدا فەرمانبەر لەسەر ئالوگۆرکردنی بەردەوام دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دیارە وەزیرێک کەپارە وەردەگرێ نسبەتێک لەو پارەیە دابنێ بەدیناری تاک، یا بە دیناری ئاسن ئەویش هەر دەچێتەوە گەنجینەی بانقەکان و دابەش دەکرێ بەسەر کارمەندەکاندا.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خەڵکێکی زۆر کاتی خۆی سلفەی وەرگرتووە لەبانکی عقاری بەتایبەتی لەناوچەی قەڵادزە وئەو شارانەی وێران کرابوون پاش ماوەیەک کە خانووەکانیان دروست کردووە رژێم خانوەکانیانی لێ وێران کردن ئەوان راگوێزران بۆ شارەکانی تر، کاتی مووچە وەردەگرن ئەو قەرزەی (قسطه)ی کە بانکی عقاری دەیکەوێ لەمووچەکانیان دەبرێ پێویستە چارێکیان بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەگوێرەی ئەو خانوانەی کەوا ئەو سولفە ئەدرێت بەهاوولاتیان بۆ دروست کردنی خانووە، وەزارەتی دارایی بانقی عەقاری ناتوانێ لەو کەسانە خۆش بێت ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە بڕیارێک بۆ وەزارەتی دارایی لە ئەنجوومەنی وەزیران وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ئەم بابەتە وەزارەتی دارایی خۆی تاووتوێکی بکات و هەر کاتێک ئامادە بوو لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو پێشکەشی بکا ئەگەر پێویستی بەبڕیارێکی ئەنجوومەن بوو تا بڕیاری پێ دەرپچێ.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني الكوردستان

قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ماعرضه وزير البلديات والسياحة ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / اصدار القانون الآتي:

**قانون رقم ( )ل سنة ١٩٩٣ قانون البلديات لاقليم كوردستان العراق/الفصل الاول(التعابير والمهام)**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير والمصطلحات التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:-

١- الاقليم: اقليم كوردستان العراق

٢- الوزير: وزير البلديات والسياحة في الاقليم

٣- المجلس: المجلس البلدي
٤- المؤسسة البلدية: بلديات اقليم كوردستان العراق كافة
٥- البلدية: مؤسسة محلية لها شخصية معنوية مهمتها تقديم الخدمات العامة المنصوص عليها في هذا القانون او أي قانون آخر للمواطنين ضمن حدود البلدية المعينة.
٦- رئيس البلدية: رئيس دائرة البلدية
٧- واردات البلدية: ما يدخل في خزينة البلدية من المبالغ التي تخول جبايتها وفقاً لاحكام القانون وريع مشاريعها وايرادات اموالها المنقولة وغير المنقولة.
٨- المرافق العامة: كالمستشفيات والمستوصفات ومراكز الشرطة والمدارس والمكتبات العامة واقسام البلدية ومشاريعها وغيرها.
٩- الشارع: الشوارع والطرق العامة الرئيسية والفرعية والطرق الخاصة و الأرصفة والساحات والميادين ضمن حدود البلديات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماده (١) شتێكی لەسەر نییە، كێ لەگەڵە؟... كێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تتولى مؤسسة البلدية تقديم الخدمات العامة في منطقة معينة ومحددة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماده (٢)كێ لەگەڵە؟.. كێ لەگەڵ نییە.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: للبلدية باعتبارها شخصية معنوية أن:-
١- تتمتع بحقوقها بموجب احكام القوانين النافذة.
٢- تستوفي الضرائب والرسوم والأجور وفقاً لأحكام القوانين النافذة.
٣- تمارس الصلاحيات التي تمكنها من القيام بالخدمات والوظائف حسب احكام هذا القانون والقوانين الاخرى النافذة.
٤- تبرم العقود على اختلاف انواعها بمقتضي احكام هذا القانون.
٥- لها حق الخصومة في جميع الدعاوي التي تقيمها او التي تقام عليها.
٦- تتمتع بذمة مالية مستقلة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(تستوفي-تمارس) بۆ واتان كردووە..

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا کە دەڵێ (تستوفی) مانای ئەوەیە مادەکە هەمووی هاتووە ئەو پڕۆژەی لەوەزارەت هاتووە دەنگی لەسەر دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە رەش نووسە کامەی براستێنین (تصدیق) بکەین وەکو شتێک بێنێتەوە وەکو بەڵگەنامەیەک؟ دوو بەڵگەنامە هەنەکە کەدەنگیان لەسەر بدەین لەسەرکامیان ئەمە بەم شێوەیە ناڕوا ئەوەی وەزارەتی شارەوانی دەکەینە ئەسلی برگە بەبرگە.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە پڕۆژەی حکومەتە یا پڕۆژەی لیژنەیە نازانین سەربە کامیانە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەن دووبارە چاپی بکەینەوە، چونکە گەروانەبێ باش وەرناگیرێ و ئەگەر پێشنیار نییە دوای دەخەین تا بەشێوەیەکی رێک وپێک لەچاپ دەدرێتەوە. سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |